برای خۆشەویست کاک سالەنەلۆسی، بەکاروانێک سڵاو،جارێکی دیکە پڕبەدڵ دەست خۆشیت لێدەکەم بۆ ئەو هەموو ماندونەناسی و تێکۆشانی بێ وچانت لە ڕێگای خزمەت بە پەرەپێدانی زوانی شیرنی کوردی، هەرواسوپاست لێدەکەم بۆقبوولی ئەو هەموو زەحمەتانەی کە سەبارەت بەکتیبەکانی من بۆ جێکردنەوە لە سەرسایتی پیشمەرگەکان کێشاوتانە،کە بە ڕاستی فەخری پێوە دەکەم،ئەوە بەشی یەکەمی کتیبی (لەگەڵ ئەم ئابڕوچوونە چ عافوو چاوپۆشینەک)م لە(227)لاپەڕە بەژمارە14بۆناردی کە لە سەرسایتی پیشمەرگەکانی دانێی، کتێبەکانی دیکەشت بۆ دەنێرم، هەر بژی براتان حامیدڕەشیدی زەرزا. ڕێکەوت 200/3/10ی زایینی شاری سیدنی ئوستەڕالیا.

...

کاک حامید دەستەکانت خۆش بێت و سایتی پێشمەرگەکان لە خزمەت زمانی شیرینی کوردی و خەڵکی بە شەرەفی کوردستان دایە. هیوادارم بەڕێزت هەر بە شادی بژیت و ئامادەین هەموو کتێبەکانت لە سایتەکەمان دا جێ بکەینەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی سایتەکەمان کەڵکیان لێ وەرگرن.
ساڵە نەلۆسی
10-03-2008

After Such Knowledge. .......... 2
What Forgiven .......... 2
(جلدیەک .......... 2
ناوی کتێب: لەگەڵ ئەم ئابڕوچوونە چ عافوو چاوپۆشینەک .......... 2
نووسەر: جاناتان ڕنداڵ .......... 2
وەرگێڕی فارسی: ابراهیم یونسی .......... 2
وەرگێڕی کوردی: حامیدڕەشیدی زەرزا .......... 2
شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی کوردستان .......... 2
تیراژ: .......... 2
چاپ .......... 2
مافی لەچاپ دانەوەی پارێزراوە بۆ وەرگێڕی کوردی .......... 2
وەسیەتت کردوە؟ .......... 4
بەم ئابڕوتکاوەییە! چ عافووکردن ولێبوردنێیک؟ .......... 13
هەڵخەڵەتاوان .......... 34
مردو بۆ بەهەشت ڕۆیی .......... 64
ئەو ئاڵتونانەی کە بەگۆرئاسن گۆڕدران! .......... 121
کیسنجەر: ئیشی پڕوپاگەندە لەنیو هۆزێکی چیانشین) .......... 164

After Such Knowledge.

What Forgiven

(جلدیەک)

ناوی کتێب: لەگەڵ ئەم ئابڕوچوونە چ عافوو چاوپۆشینەک

نووسەر: جاناتان ڕنداڵ

وەرگێڕی فارسی: ابراهیم یونسی

وەرگێڕی کوردی: حامیدڕەشیدی زەرزا

شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی کوردستان

تیراژ:

چاپ

مافی لەچاپ دانەوەی پارێزراوە بۆ وەرگێڕی کوردی

## یادنامەی وەرگێڕی کوردی

هەرکات کە هۆکاری کوێلەتی و ڕەزاڵەت و چارەڕەشی و هەتڵەو هەڵوەدایی و تەرەو تەوەلایی و بازرە و ڕاونان و کوشت و کۆشتارو جینوسایدو زیندان و دوورخراوەیی و ئیعدامی بەکۆمەڵی نەتەوەی کوردو کوت کوت و لەت لەت و پارچە پارچەبوون و وێران و خاپوور بوونی کوردستان و لکانی بە دەوڵەتانی زاڵم ومرۆڤ کوژ و بێ بەزە و فاشیست و خودانەناس ولاسارو پێچەقین و کەللەڕەق و بێ کەرامەت و سەرەڕۆ، بە درێژایی دەیان سەدە لە بەستینی هزرو شیکردنەوە، وەبەر هەتەری زەرەبینی بیلبیلەی چاو دەدەین، و دەنەوێ سەری هەودای ئاڵۆزو بە گرێووگۆڵی لە نێو ماشەری بە گزەو فیڵ و تەڵەکەو بێ بەختی و پیلان لە خمدراوی ناو تیانی ڕەنگاو ڕەنگ بدۆزینەوەو ڕابکێشین، بەر لە هەمووشت دەستی نگریسی ئاخۆران و پاخۆرانی دەرەکی و لە پێش هەمووان‌دا دەوڵەتی بریتانیا دەبینین! بەڵێ هەر ئەو ئورپاییانەی کە بە دەنگۆ بڵێسەو قەرەمەشغەڵی شەوەزنگی ڕێگای ئەنگۆست لە چاوو، چاوساغی ڕێنوینی شارێگای ڕزگاریخوازی مللەتانی سەر لە بن نیری یەخسیری دونیای سیوەم دەنگینن، و بانگەوازی بەرابەری و مەساوات و یەکسانی چین وتویژ و نەتەوکانی ژێردەست و چەوساوە و ژێرچەپۆک لە شەیپوورو بالابانی

دێموکراسی دەفشقێنن، و گۆیا داکۆکی لە مافی لێقوماوو بێتەمالآن لە ناو کۆلەکەی گەروباریکی بلالی حەبەشی دەتوورێنن، بە بۆنی نەوت ئەوها ئاوەزو شعوری مرۆڤایەتیان لەدەست داوە کەهەست بە تام و خوێی شێوازی ئینسانی ناکەن! کوت کوتکردنی کوردستان و لکانی بە چوار دەوڵەت، شوێنەواری ئەم ڕێووشوێنەی بە ئیستلاح بەشەر دۆستانەیە!! هەنۆکەش لەو مامەلە و سودایە پاشگەزنین، هەرجارێ قەڵەم بە سەر سنوورێکدا دەکێشن، پیلانی پاردەو پەرژینێک دادەبەزێنن و خەریتەیەک هەڵداوەسن و یەکی لێدەکەنەوە ویکێ بزمارکوت دەکەن، پێکەوەش لەدەستەوادان!.بەڵام کوردو کرمانجی زلهێزەکان داکۆکی لە خاوەن ماڵ و ساحێب نەوت و گازو بەرهەم دەکەن، نەک لە بەشەریت و چەوساوە وو داخورپاوو لێقەوماوو ڕاونراوو خاپۆرکراوو بەزیندی لە قەبرنراوو بەردە بارو سەنگەسار! ئەوان بە دوایی بەرژەوەندی و قازنجی خۆیاندا هەڵدەسوڕین و عەوداڵن، ئەوان بەدوای مامەلەی خۆیانداحەجمینیان لێ هەڵگیراوە لە مامەسووڕە دان، نەک بلێیی بۆ سەرکوتکردنی خوێنڕێژو زاڵم و پانخوازو دەمارگرژو بەرهەڵستکارانی مافی مرۆڤ هاتوونە ئولکە!!، لە قامووسی واندا بەزەیی و سیلە چاوی زگ پێ سوتاویی و پەلەقاژە بۆ نەجاتی شرت و گۆم و بێ سەروشوێن و ئاوبردوو خنگاو لە سیداردراو ماناو مفهومی نییە!! ئەوان فرمێسک بۆ لە دەست چونی کاتی بەفیڕۆ هەڵدەڕێژن، نەک بۆ تۆقاوو ئاگرتێبەردراوو تەفرو توناکراوو تەرم شەمزاندراوان! مامۆستاهیمن گوتەنی: چەرخی کارگەیان بگرێ، فەوتانی بەشەریت و سێڵاو لێمشت وتۆفان و سیخوارو سەهۆڵبندان و بەستەڵەک و بێبەش کردنی خەڵکان و مللەتان لە مافی چارەنووس لە بەرژەوەندی ئەواندا جێی بۆ ناکرێتەوە بەکوردی جگە لە نەوت دڵی وان ڕاناتڵەکێنێت!!

---

دەجائێمەش بە ناشکوری ناڵێم ئەوهێندە هۆگر بەنۆکەرین کە ئەگەر هەموو مافەکەمان پێشکیش کەن دەست لەومیراتە هەڵناگرین و دیسان هەر غولام و ئاڵقەبەگۆش و ورکەخۆری پاشخانەی داگیرکەرانین،لە بن پێچکی کورسیلەی دەسەلاتی وان بەلارەمل خۆمان بەخوازۆک دەزانین! ئەوە لە سەدەی بیست ویەکەم بیلامانی پەرژینی بەگوڵ، کیری فیلمان شکاند داواکەمان بوو بە فیدراڵ! ئەویش لەحاڵێکدا بۆ یەکەمین جار لە دریژایی مێژوو زلهێزیک بۆ بەرژەوەندی خۆی کارەکەی بەداکۆکی لە ئێمە دوایی پێهات. بەڵام ئیمە ئامانجمان نەپێکا، وتەی ناو زاری ئەم زلهێزمان نەقۆزتەوە،دیسان کاری وەرگێرکەیی ئەم وئەو پاکانە بۆ نەیارو دوژمنانمان دەست پێکردوە بوینەوە بەرهەڵبێنەی بەریوانچی ئەم وئەو،بوینەوە گەسکەقوڵەی گڵاوی ئێران وتورکیە! نازانم بۆ زوانی مافی سەربەخۆیی گۆڵە بووەو گاڵەی لێدراوە، مامۆستاپەشێوگوتەنی : دەبێ یەکێک پەیدانەبێت زوانیکی دیکە بخاتە ناوئەوزارە! شێوازی نۆکەری لەگەڵ خاوەن ماڵی لە تەرازوێکدابۆ هەڵسەنگان نابێت! ئێمەحەراج کراوین،سەرکردەکانمان جگە لە کۆشک وتالارو کەبکەبەو دەبدەبەو کورسی دەسەڵات و گیرفان ئاخنین چیدیکەیان ناوێ بەداخەوە خوێنی شەهیدان هەرئەوند هەواهەوسی کەسینی ئەوان و دەست ودەیارەو باندەکانیان پێکبینن وچیدی!!دەجا هەتا خۆمان لەو کۆت و زنجیرە ڕەزگار نەکەین تف لە نۆکەری نەکەین و قامچی ئابڕوو کەڕامەت لە پۆتینی چالاکی میرخاسی هەڵنەکێشین و بە بڕشت و دەمارنەبین و خۆمان بەخانەخوێ و خاوەن ماڵ نەزانین، لەگەڵ دەرەکی و زلهێزەکان قولنامەو پیماننامەی ڕاستەوخۆ لە مەڕ بەرهەمی خۆمان گرێنەدین

و واژو نەکەین، یانی هەتا ئاوەزیان و بلوغ نەبین بە شێوە سەغیری لەبن دالْدەی ئەوئەم سەرپەرشت، بە خودموختاری و ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی کڕنۆش بۆ داگیرکەران بەرین و سەرمان بچەمێنین، دەرەکی داکۆکیمان لێناکەن! چونکە قازانج و بەرژەوەندی بۆ وان تیدانییە! بێگومان ئاکامی ئەمجورە حکومەت و دەم دەزگایانەی ناوچەیی لە دونیای سیوەم کە کەس بە ڕبەی دێموکراسی ناپێوێ ئاکامەکەی بەرفرەوانکردنی بەستێنی ئاڵۆزی ئەو پارچە کوردستانە و بە شانە زەرگەتە کردن بۆ داگیرکەرانی نگریس و ڕاکێشانی دەستی وان بۆ ناو هەناوی بەشەکانی دیکەو پاریزگاردی لە سنوروتخووبی دەستکرد و پێکانی ئامانجی گڵاوی ئەوان و کویر کردنەوەی خەباتی بەشە کوردستانەکانی دیکەو لە ئانجامدا چاندنی تۆی تەفرقەو چەند بەرەکی و دوژمنداری و هەڵبڕینەوەی قیلەو قاجی لایانەکانی تۆکمەو یەکیەتی و لێکترازابوون و کورد بە کورد بەکوژدانە...!!ڕیکەوت 2008/3/10ی زایینی حامیدڕەشیدی زەرزا.ئوستەڕالیاسیدنی.

پاژی 1

**وەسیەتت کردوە؟**

بۆکەسانێک کەلە ناوکۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لە دایک بوونە،هیچ شتیک وڕووژاوتر لە چرکەیەک بەرلە هەنگاو هەڵینان بۆ سەفەر لە وڵاتێکی پڕ لە ئاژاوە نییە!
گرترودبل،سارا و ئاوەدانی(1907)

فکری نووسینی کتێبیک سەبارەت بە کوردەکانی کوردستان لە پاش نێوڕۆیەکی هەتاوی مانگی ئەوتی 1986 لە پلاژێکی تەقریبەن بەتاڵ لە جەماوەری (ساوث بیچ) لە لێواری (مارتا وینیارد) لە زەینمدا گۆڕا. هەتا لەم چرکەش،دەنگی خۆم دێتە گوێچکە کە لە ماوەیەکی کەم، کە لیوانەکانی پلاستیکم لە مەی سپی پڕدەکرد، بە خیزانم کە لەم بارەوە لە شک وگۆمان و دوودڵیدا بوو دەگوت:(ئەم کارە دەکەم:سەرنجم بۆ قولینچکەکی لە بیرکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەڵەکە دەکەم،بە شێوەی سەدەی نۆزدەهەم سێ مانگی وڵاتێکی کە وجودی نییە لە ژێر پێمدا تیک وەردەپێچم) ئەم گەڵاڵەیە خەیال پەروەریەکی وچان و پشوودان بوو. دەبوایە زانیبوامە. ڕاستیەکەی، ئاگاداریەکی ئیکجار کەمم سەبارەت بە کوردەکان هەبوو-کەم بوون ئەو ڕۆژئاوایانەی کە ئاگاداریەکی دورست و ڕێک و پێکیان لەم خەڵکە هەبووبێت. ئەزموونی دەستی هەوەڵم بە ڕەواڵەت هێندە خۆش نەبوو، بەڵام لە جەرەیانی ڕووداوێک کە لە بێروت قەوما،ورد بینی منیان وڕووژاو کردبوو: لەو چاخاندا لە بێروت هاواڵدەری (واشنگتون پۆست)بووم. لە ڕۆژەکانی سەرەتایی شەڕی ناوەخۆی لبنان لە 1975 تفەنگچیانی کورد کەسانێک کە خۆیان مائۆئیست دەناساند بە زەبری چەک ئەمنیان لە ئاپاڕتمان ناوچەی کارم دەرکێشا بوو.

بیرو بۆچوونێکی تایبەتی ناحەزو گۆماناوەیان سەبارەت بەمن نەبوو: لەو دەروپشتیدا هەنگاویان بۆ دەستدرێژی و پەلامارهەڵینابوو،و ئەمن ئاڕووشە بووم. ئەو هەی هەمبوو بەتالان چوو،ئەمن ئیدی دەستم لە هەموو شت هەڵگرت. چەند مانگ دوایی شایەتی دەرکردنی ئەم کوردانەو فەلەستینیەکان و شێعەکانی لبنانی لە لایان چریکەکانی مەسیحی ماوەرانی بووم کە بۆ جێگای مەقەڕی فەرماندەری خۆیان ئەم خەڵکەی بە زۆری چەک لە ماڵەکانی گچکەی خۆیان، هەڵکەوتوو لە ناوچەی هەژارنشین و دوورکەوتووی شار،دەرپەڕاندن. لە ئاکام لە سەردەرانەی هێرشی ئیسڕائیل بە لبنان لە 1982 کوردەکانی دیکەی کە لە خزمەت ئاغاکانی نەناسراو دابوون، ماڵی ئەو دۆستانەی کە پەنایان دابوون وەبەرخومپارەدا- ئەمە کاتێک بوو کە ئەمن خەرێکی نوسینی کتێبێک سەبارەت بە ئاڵۆزی و پشیوی لبنان بووم.
ئەوهەی کە بە ناوی ئاگاداریەکی قوڵتر لە بابەت کوردەکان، زار بەزار دەگەڕا دەتوانی لە چەند ڕستەی بێ بایەخ کورت کەینەوە: سەدەیەک پێش ئۆڕوپایەکان کوردستانیان بە شوێنیکی هەڵدێرو مەترسیدار دەزانی،جێگایەکی ڕۆژئاوای وەحشی ئامریکا(هەروەک کە کارل می، ئاڵمانی نووسەری چێڕۆکەکانی خیالاوی پڕ ڕووداو هەتا حێکایەتی زۆری لە مەڕ لەوەڕگەکانی گالەوەڕین و سووریپێستان و شتانەکی دیکە نووسی کەبۆخۆی (کوردستانی وەحشی ناولێدەبرد) یەکێک لە کەسایەتیەکانی نووسەری ترولوپ لە ڕۆمانێک بەناوی (ئاخۆ دەتوانی ئەوی ببخشی)بە زبانێک لە کوردستان قسە دەکات کە دەڵێی لە ئاخری دنیا هەڵکەوتووە، و لە خۆی وەحشی ترنییە. لە شەڕی دونیاگری ئەوەڵ چاردە ئەسلی(وودرو ویلسن) سەرکۆماری ئایالاتی یەکگرتوویی ئامریکا وادەی وڵاتێکی سەربەخۆیی بەکوردەکان دا،کە قەراربوو لە سەر زەمینەکانی ئەمپەڕاتووری هەڵوەشاوەی عوسمانی پێکبێت. سنووری ئەم وڵاتە بە وردی دیاری نەکرابوو دواییەکان مستەفا کەماڵ کە لە ژێرکاولەکانی عوسمانی سەری هینادەر،سەرەتا کوردەکانی دژی دوژمنانی دەرەکی خۆی دنەدا، پاشان ئارەزو ئاماڵ تاسەی نەتەوەیی ئەوانی تێک وەرپێچاو لە ناوبرد. بریتانیا کە لەلای کۆمەڵگای نیونەتەوەیی سەرپەرشتی وڵاتی تازە پێکهیناوی ئێراقی پێ ئەسپاردرابوو حەزو مەیلی لە ڕاست وەرگەڕانی ئارەزوەکانی نەتەوەیی کورد نەبوو. ئەو بڕیارگر بە وەدەست هێنانی ئەوسەر زەمینانە بوو کە کوردەکان بە ئی خۆیان دەزانین و ئەم خەڵکەی بەزەبری چەک مەجبوور بە یەکیەتی خوێناوی لە گەڵ وڵاتێک کرد کە بۆخۆی دورستی کردبوو، و لە ژێردەسەڵاتی کەمایەتی عەڕەبی سوننە مەزەب بوو.
لەو سەردەم بەم لاوە دەوڵەتەکانی جۆراوجۆری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ تێک شکاندنی شۆڕشەکانی پەیتا پەیتای کوردەکان بە یارمەتی وەرگرتن لە هزرو لێکدانەوەی ئۆڕوپایەکان لە(وڵاتی پێشکەوتوو کەڵەکەبوو)بە وەخت، دژی کوردەکان دەستیان لە دەستی یەکترنا،لە ترسی ئەمە کە مەبادا هاووڵاتی کورد سەرکێش و چەلاخ و ناملکەچیان لە دوو لای سنوورەکانی سیاسی رووکەشی، خۆیان ڕیک بخەن... چونکە کوردەکان چوارمین گروپی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕەنگە گەورەترین دۆڕاوانی ئولکەی سیاسی ئەون. کەسێک حاشا لەمە ناکات کە ئەم نەتەوەیە گەورەترین گروپی قەومی جێهانن، کە وڵاتی

خۆیان نییە. ترسی حوکمڕانانی دەرەکی لە ئەم خەڵکە بە ڕادەیەک بووە و هەیە کە لە ماوەی دەساڵ سەرئەژمێریەکی باوەڕوپێکراو قابلی متمانە نەکراوە، و ژمارەی جەماوەری ئەم مللەتە، تەنیا دەکرێ بە یارمەتی فکروگومان و بەگۆترەکاری وەرگیرێ. بەوێچوونی زۆر ژمارەی ئەم نەتەوەیە 25میلیون کەسە. بە لێکۆڵینەوە تۆژینەوە پسیارکردن و لێگەڕان لە دەرەکی ڕوخسارەکی جوان نیشان نادرێ.

کوردەکان کەلە ڕاستیدا لە وڵاتی خۆیان بیانین و لەم سەدە تەنیا دەتوانن لە سامانێک کە دنیای عەڕەب بۆ ناسیۆنالیستە فەلەستینیەکان بەخت دەکات بە چاوی سەیرو سەرسوڕمان لێی بڕوانن، لە ڕاستیدا زارۆکی هەژارو بێ پەناو پەسیوو لێقەوماوی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاستن. ئەم مللەتە کەلە نەوتی خۆیان بێ بەش بوونە و لە وڵاتێک لە ڕادەی برسییەتی ڕادەگیرین،لە پارچەیەکی دیکە جل و بەرگی نەتەوەیی خۆیان لێ یاساخ دەکرێ ناتوانن بپۆشن و لە پارچەیەکی دیکە لە قسەکردن بەزمانی دایکی خۆیان یاساخ و مەمنووع بوونە و لە بنچینەترین حقووقی ئینسانی بێ بەش و مەحڕومن و لە زەمن و شوێنی دەجیا جێاو جۆراوجۆر لە ژێر زوڵم و زۆری گەلێک توندوتیژ بوونە...لەگەڵ ئەم هەمووە لە خۆڕاگری کەللە ڕەقەیەکی بێ وێنەی(ئاغاکانی خۆیان) یانی داگیرکەرانیان تووشی سەرەگێژە کردوە و لە بەرامبەر ویستی توانەوە لە فەرهەنگەکانی ئەو دەوڵەتانە بەربەرەکانیان کردوە،یەکەمین بۆمباردومانی ئاسمانی لە دنیای سیوەم، کەلک وەرگرتن لە گازەکانی ژەهراوی، وێرانی و خاپوورکردنی بە ئەنقەستی گوندەکانیان لە ئێڕاق و دوورخراوەیان بۆ ناوچەو دەڤەرەکانی وڵات لە تورکیە، تاقەت هێناوە، خۆیان لە بەرئەم هەموو زەبرو زەنگە ڕاگرتووە کوژرانی ڕێبەرانیان لە ئێران بەچاوی خۆیان دێوە. هێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی بریتانیا لە ژانوییەی 1919 کوردەکانی ئێڕاقی بۆمباردومان کرد : ئەمە یەکەمین کەلک وەرگرتن لە هێزەکانی ئاسمانی لە سەرکوتکردنی شۆڕشەکانە: بەبیرو بۆچوون و ئاقیدەی ئینگلیزیەکان بۆمباردومانی ئاسمانی هەرزانتر لە کەلک وەرگرتن لە هێزەکانی هەرد بوو. دواییەکان هەرلەوساڵی- یانی لە سیومین شەڕی بریتانیا لەگەڵ ئەفغانستان-هێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی کە بنکەکەی لە هندوستان بوو شارەکانی ئەفغانستانی بۆمباردومان کرد، و ئەمیراللەخانی وادار کرد کە حازربە سولح و ئاشتی بێت. وینستون چرچیل،وەکوو وەزیری موستعمەرات لە 1921 بەرپسیاری پاراستن و ئارامی و قانوونی لە دەڤەرەکان ژێر سەرپەرستی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(خاوەرمیانە)ی بەفەرمی بەهێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی ئەسپارد. یەکێک لە ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسمانی بریتانیا کەلە ئیراق خزمەتی دەکرد(ئاتوهریس)بوو کەلە شەڕی دنیاگری دووەم بە هۆکاری بێ ڕوحم و بێ بەزەییەک کە لە بۆمباردومانی ئامانجەکانی خەڵکی ئاسایی ئاڵمان کرد بووی بە(هریس بۆمبی) ناسراوبوو-وەک عەلی حەسەن مەجید، کە بەهۆی شیمایی هەڵەبجە بە(عەلی شیمیایی)ناوبانگی دەرکرد-(وەرگێڕ).
کوردەکانی دانیشتووی بەغداو دێمشق و تاران، گیانی کوردی هەروا زیندو ڕادەگرن، و بە پێچەوانەی کارتێکەری (وەک یەک)ی ئەم ناوەندییانە، جەماوەری وی هەروا دەپارێزن. نەسلێک پێش یەکێک لە هاڤاڵ و هاوکاری ڕۆژنامە نووسم کە فڕانسەوی بوو لە هەستی(کوردایەتی)وەرگێڕێکی گەنج کە کە لە جەنگەی

شەڕ لە کوردستانی ئیراق بینی بووی تووشی سەرسوڕمان بوو: ئەم لاوە لە بەغدا پەروەردەکرابوو، و زبانی کوردی باش نەدەزانی. بەڵام بە پێچەوانەی ڕەنگ و ڕووی زاهیر،پێی لە سەرئەمە دادەگرت کە کوردە،و لە شیکردنەوەی ئەم مەسەلە گوتی:(لەم بابەتەوکارێکم لە دەست نایە.-بەدەست خۆم نییە)ئەمن بۆخۆم لە هێزی ئەم ناسیونالیسمەی کە لەلاوانی کوردی تورکیە دەبینم سەرم سوڕماوە: ئەم گەنجانە زوانی تورکی وەکوو وان قسە پێدەکەن و دەنووسن، بەلام حازرن بۆ کوردستانێک کە زبانەکەی بە باشی نازانن خۆیان بەخت کەن و بمرن. هەموو کوردەکان هەتا لە دوورترین خاڵی دنیا وەک ئوستڕالیا، ئەوهان.
ئەم قسە مەعرۆفە کە مێژوو فەتح کەرەکان دەینووسن،یانی دووژمنانی کورد. کوردەکان بە بەرەکەتی بوونی چیاکان و شاخاویەکان و دووری لە ناوەندیەکانی  دەسەڵاتی ئەمپەڕاتووریەکانی تاران و قوستەنتەنیە هەرجارناجار، پەیوەندی هەبووە بە لاوازی و قودرەتی ئاغاکانیان،تامی ئازادیان چێژتووە.
بەرلە شەڕی دنیاگری ئەوڵ لەگەڵ لە بەریەک هەڵوەشانی ئەمپەڕاتووری عوسمانی، کە زۆرایەتی کوردەکان لە چوارچیوەی وی دەژیان، هزرو و فکرو خەیاڵاتەکان لە (ناسیونالیسم-ی نوێ)ی کوردەکان و عەرەبەکان وەخەبەرهێنا، بەڵام حەزلێکردنی بە ئیشتیاو تامەزرۆی کوردەکان بە ئازادی لە تەنگ و چەلەمەی حکومەتەکانی بیانی، هیچ کات لەگەڵ ئامادەگی وتوانایی و بنیەو فیترەتی سیاسی کە بتوانێ لە بڕیار بە جیاکردنەوەی ئەوان بەربەرەکانی بکات  هاوهەنگاو نەبووە. بەد بەختی وکوێرەوەری وزوڵمێک کە ئەم میللەتە تەنیا لەم سەدەدا لە ڕۆژهەڵاتی نیوڕاست خۆی لەبەرگرتووە و تاقەتی لەبەر هێناوە لەگەڵ هیچ دەردو کوێرەوەری و فەتارەیەک لە هیچ قولنچکی دنیا بۆ هەڵسەنگان نابێت.
ئەم(نوێگەڕایی) کە سەدەمەو فەتارەت زەبری لە کوردەکان وەشاند بە ئالیکاری و داپۆشینی بەرچاوی هەموو قودرەتەکانی دەرەکی- لە جینارەکان بگرە بێپسانەوە هەتا ئیسرائیل و ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا- هاوگام بووە. دەست تێوەردانی دەرەکی هیچ چاخ بە خۆڕایی نەبووە. کوردستان لە خوشبختی- بەگومانی هێندێک، لەبەد شانسی- خاوەنی گەورەترین سەرچاوەی ئاو، و نەوت لەم ناوچەی وێشکارو، و بێ ئاوی دونیایە.
ڕابردووی شۆڕشەکانی بەزنجیرەو سزاکانی لێک نەپساوەی کوردستان لە ماوەی سەدەی ڕابردوش لەدونیا هاوتای نییە. مخابن لە بەدبەختی خەڵکی کورد یەکەکیش نەبوونی سازمان و ڕێبەرێکی لێهاتوو و کارامەیە. لە سەردەمی هلیکۆپتەر و چەکەکانی دژی شۆڕش، لە سەر زوانی کوردەکانە کە دەڵێن( کوردەکان جیا لە چیاکان چ دۆستیان نییە)ئەگەرنا هەموو، زۆرتر ئیحتوباری ڕابردوی لەدەست داوە، چونکە ئیدی هەتا چیاکانیش ئەو داکۆکییە پێشکیش ناکەن کە ڕۆژگارێک کوردستانی بە ناوی (سەرزەمینی نەبەزو مەغرورو سەر بەرزو، ملکەچ نەبووان) بەدونیا نیشان دەدا.
بۆ من خەرجی گەیشتن بۆ کوردستان- چ کوردستانی ئێڕان چ کوردستانی ئێڕاق- مەسەلە و موشکل و تەنگەژەی هەوەڵیە بوو. لە ڕابردوو کوردستان  لە ئاخری ئیدی سەفەرێکی دوورو درێژی بە ماشین یان لە خەراپترینی، سەفەرێکی چەند ڕۆژەی بە پشتی هێستر بوو. بەڵام لە جەنگەی شەڕێکی شەش ساڵە،هیچ کام لەم دوو وڵاتە حازری بەخیرهاتنی هەنگاوی دەرەکیان نەبوو. لە ڕابردوو بۆ دەست وێڕاگەین بە

کوردستان بە ناقانوونی،لە ڕێگای تێپەڕین لە سنووری تورکیە بوو- بەڵام ئێستا ئەم کارەش بوزی نەدەخوارد. شۆرشێک کەلە ساڵی 1984 لە ناو کوردەکانی تورکیە دەستی پێکردبوو ئانکاڕای هێنابوو سەر ئەم بڕیارە هێزەکانی بۆ پاڵەپشتی سنوورەکانی گرێدراوی لە گەڵ ئێراق بنێرێ،و ئەم مەسەلە ئاوابوون و پەڕینەوەی لە تخووب چەتوون و مەترسیدار دەکرد. ئاوابوون لە کەوشەنی سوورییەش لەمە چەتوونتر بوو: لەم لاوە پێویستی پەڕینەوەی بەشەوگار لە دەجلە لەسەر(کەڵەک)هایەک بوو کە لە پێستەڕۆنی فوودراو، یان (تیوب)لاستیکەکانی باتێکراوی ماشین ئامادە کرا بوون. ئەم کارە بۆ دووری ڕووبەرووبون لەگەڵ کێشکچیانی ئیراقی و تێل دڕو کە بە چەکداری پارێزگاردیان لێدەکرا پێویست بوو-و سەفەرێکی ئەوها دەبوایە بەر لە گزنگدانی ڕۆژ، بەدوایی گەیبوایە. ئەمن ئەوکات تەمەنم 53 ساڵ بوو،و دوایی 30ساڵ کە بە ناوی هاواڵدەری شەڕ، تێکۆشانم هەبوو،ئیدی بنیەکی ئەوهام نەبوو کە بخوازم لە سەرئەم شک و گومان وێچوونانەی بەخت، کەم.

و بەڵام ئێران- لە دوایی ئەوسەردانانەی کە لە جەرەیانی ڕوخانی (شاە) و سەرەتای حکوومەتی ئیسلامی لەم وڵاتە کردبووم،تەقریبەن ناوم لە لیستی ڕەشی حکوومەت دابوو. ئەگەربەخت یاربوایە وێزایەکی سێ ڕۆژم وەرگرتبوایە- ئەو کات ڕەدیف کردنی شۆڵ ئەوها بوو- تازە بەهۆی شەڕ لەگەڵ ئێراق بەهیچ هاواڵدەرەکی ئیجازەیان نەدەدا بۆ کوردستان دەرباز بێت.

لە گەڵ ئەم هەموو ئەم جەرەیانە ئەوها زینی منی بەخۆیەوە خەریک کردبوو کە بەر لە وەڕێکەوتن لە(مارتاوینیارد) بۆ لای بنکەکەم لە پاریس، جووتە کەوشێکی ئیتالیایی تایبەت بەچیا هەڵگەڕان و کەڵ و پەلی ئۆردۆئیم کڕێ. هێندێک جار(هەڵپەساردنی بێ باوەڕی و نامتمانە) بە ڕادەیەک پشووی شانس، پێویستی شۆڵی هاواڵدەرە-و ئەم شانسە خێرا ڕووی تیکردم. یان ئەمن ئەوهام بەفکرداهات. هەر کە گەیمە پاریس،بیروڕای باشی عەبدوڵرحمان قاسملو،ڕێبەری لێهاتوو لە ڕاستیدا ئازادیخوازی خەڵکی کوردم بۆلای خۆم ڕاکێشا-ئەو لەم نێوەدا لە یەکێک لە سەفەرەکانی خۆی بە پاریس داتێدەپەڕی: لە ئینقلابی ئیسلامی بەم لاوە-یانی تەقریبەن دەساڵ پێش-یەکترمان دەناسی: لە تاران بە تایبەت لە کوردستانی ئێران پێکەوە دۆستایەتیمان پەیداکرد: ئەو لەم سەردانە بە ئەرکی خۆی دەزانی کە بە تایبەت بە پیچەوانەی کۆماری ئیسلامی ئایەتوولڵا خومەینی کە خواردنەوەی شەڕابی یاساخ کردبوو،لە مێوانانی بە ویسکی پەزیرایی بکات. قەرارماندانا لە یەکێک لە قاوەخانەکانی ڕەخ چەپی (سن)چاومان پێک بکەوێت. کاتێک لە جێ ژوان حازربووم نوێنەرکەی لە پاریس داوای لێبوردنی کرد و ئەمنی بۆ ناو (پەژو)کۆنەکەی ڕێنوێنی کرد،خانوەکەی دەورلێدا و ئەمنی لە (کلوزری دلیلا) دابەزاند. لە وێ قاسملووچاوەڕوانی منی دەکرد. ئەمن لەو کاتیدا ئەم کارەم بە کارێکی نمایشی لێکداوە، بەڵام لە دواییەکان بەرلە وەی کە ئەم دووە لە 1989 لە ڕووی کەمتەرخەمی ئەم هەنگاوی هوشیاری وەلانین و بە دەستی چڵکاوخۆرانی ئێران بکوژرین،ئەم هەڵکڕاندنەم لە ولای دانابوو.

قاسملوو گوتی کە حەول دەدات دەوڵەتی ئێراق ئیقناع بکات بەمە کە ناوم لەلیستی ڕەش کە سەردەمێک بوو دەویدابوو ڕەش کەنەوە و بەمن نەک ویزا بەڵکوو نامەی(تێپەڕین) بدەن،کە بەڵگەیەکی کەم گرینگتر

بوو و بەمنی ئەم ئیمکانەدەدا لە جیاتی ئەوەی لە بەغدا بمێنمەوە بۆ سنووری ئێران و ئێراق بڕۆم – ئەمەش لە کارە سەیروسەمەرەکان(کلاسیک)ی ژیانی خەڵکی کوردبوو کە دەوڵەتی ئێراق(لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئێران)یەکگرتووی وی،یانی قاسملوو بوو. لە سەرئەمە لە وێ(یانی لەناوچەکانی سنوور)قاسملوو ئەمنی بە پێشمەرگەکانی جەلال تاڵەبانی تەسلیم بکات. تاڵەبانی لە گەڵ وی –نەک بەغدا پەیوەندی باش و جوانی هەبوو. قەرار بوو ئەوانیش لە کاتی پێویست ئەمن بە گروپێکی دیکە لە کوردەکانی ئیراق،یانی بە مرۆکانی پارتی دێموکڕاتی بارزانی بسپێرن. دوو دڵی قاسملوو لەم بەستینە بەهۆی ناراحەتی لە بارزانیەکان بوو، کە لە مەڕ ئیراق لایانی ئێرانیان گرتبوو و دژی کوردەکانی ئیران(حیزبی دەێمکرات)شەڕیان کردبوو. پەیوەندی نیوان تاڵەبانی و بارزانی-ش بە زەحمەت باشتر لەمە بوو.
بە ڕوانین لە ئەم لەمپەرو ڕێگریە دەرچوونم لە کوردستان مەسەلەیەکی دژواربوو،چونکە چاخێک کە ئێراقیەکان ئاگاداربوان کە لەو بازنەی کە قاسملوو دەری بڕیوە، وەدەرکەوتوومە ئیدی گەڕانەوەم باسی لەسەرنەدەکرا. قاسملوو ڕوونی کردبووە کە دەبێ بناخەی سەفەرەکەم لە سەر ئەمە کەڵەکە بکەم کە دەست و پێی ئیستخباڕاتی ئێڕاق و ئێران شوین پێم هەڵدەگرن و هەموو جۆلانەوە کارو بچوکترین بزوتنەوە و هەڵسوڕانم لە ژێرچاوەدێری دەگرن.

ئەگەر ئەوکات دەمزانی کە ئەم لێکدانەوەو هەڵکڕاندنە هەتا چ ڕادەیەک وردو دورستە بە وێچوونی زۆر ئەم کارم وەدوادەدا: دەست و پەیوەندی ئێڕاق، شوێنی دەرەکیەکانیان بە کارگێران گوزارشت دەکرد و پارەیەکی باشیشیان بۆ سەری وان دیاری دەکرد.
خولاسە ڕۆژی دواتر بۆ نوسینگەی قاسملو لە پاریس چووم ،و(فورمە)کانی پێویستم بۆ خۆم و یەکێک لە دۆستانی وێنەکێشم پڕکردەوە، وێنەکانمان هاوپێچ کردن. گوتیان ئەم فورمانە لە ئیختیاری کارگێرانی ئێڕاقی دەنین،و ئەوانن کە بڕیاردەگرن کە ئاخۆ بایەخی ئەوەی هەیە کە ڕووی خۆش نێشان بدەن یان نا.
چەند ڕۆژ بە شەمەندەفەری شەوانە بۆ برلن چووم و لە وێ لە کونفڕاسێک کە لە لایان خوێنکاران لایانگرانی بارزانی لە هوتێڵێکی گچکە بەناوی( کروتسبرگ)هەڵکەوتوو لە نزیک دیوار،پێکهاتبوو بەشداریم کرد. جگەلە دیپلۆماتەکانی لیبیایی کە لە برلنی ڕۆژهەڵات هاتبوون، ئەمن تەنیا کەسێکی ناکوردی ئەم جەماوەرە بووم. تەنیا ژمارەیەکی زۆرکەم لە بەشدارانی کە ژمارەیان چەندین دەکەس دەبوو لە ژێرچل سال یان دەنواند. گەلێک لەوان پیرو قەڵەو بوون، мووی سەریان وەری بوو.
دوو ڕۆژ مامەوە بۆ قسەکانی تێکۆشەرانی بارزانی گوێچکەم هەڵخست، کە ئازانتی وشییان دەکردەوە بۆ چی بوونی نەوت و ئاو، و(ژئوپولتیک)ی ناوچە مەسەلەی ڕەکێش کردنی داکۆکی زلهێزەکانی ڕۆژئاوای یان ناوچەیی لە مافی خەڵکی کورد پێ لێخشاندوەو لە بین بردووە، ئیدی چ بگات بەخۆدموختاری یان سەربەخۆیی. بیروبۆچوون و ئاقیدە ئەوها بوو کە تەنیا یەکیەتی شووڕەویە کە لەوانەیە ئالیکاری کوردان بکات- تازە ئەم لێروانینەش ڕوونی نەدەنواند. لە ئاکامدا بۆ بەرزبونەوەی ورەی خۆیان بە زاوو زۆی کوردانیان ئاماژەدەکرد (ئەمە هەرئەوشت بوو کە فەلەستینیەکانیش جاروبار کە لە هێندێک بابەت لە

ڕوو بەڕوو بوون بەلەمپەر، بوخچەیان دەکردەوە)بەم هیوایە کەهەرجۆرە شک وگومانێ ئەم ئینقلابکەرانی کۆنەکار سەبارەت بە ڕۆژئاوایەکان- بەتایبەت ئامریکایەکان- لە بین بەرم بەهەرکەس کەحازردەبوو گوێچکە لە قسەکانم بگرێ دەمگوت: دەمەوێ کتێبێک سەبارەت بە کوردستان بنووسم. چونکە کوردەکان هەمێشە بە ئەدەب قەولی یارمەتیان داوە- هەڵبەتە ئەگەر بۆخۆم بەم توانیبوایە خۆم بگەێنمە کوردستان.

بۆ پاریس گەڕامەوە، ولە (ئینستۆی کورد) بە متالاو تۆژینەوە فەتاندن لەبارەی کوردستان خەریک بووم...و دەیان حەوتوو لە پاریس لەنوسینگەی قاسملوو خەبەر نەبوو. لە ئاکامدا کاتێک بەدوای داچووم گوتیان کە (فۆڕمەکیان) پێ نەگەیووە. سەریان سوڕمابوو کە بۆکوێ چوومە، بەڵام ئەوەندە زەحمەتیان بە خۆیان نەدابوو کە تەلەفونێکی بکەن. لە سەرنیەت پاکیم پێم داگرت...ئەمە سەرەتای ئاشنابوونم بە دەزگای کوردان بوو.

باسکردن و موجادەلە کەلکی نەبوو. (فۆڕمەکانم) سەرلەنوێ پڕکردنەوە و تەحویلم دان. مانگەکی دیکەش تێپەڕی، لە سەرەتای نوامبەر کاتێک(چرای سەوز)یان هەڵکرت! دۆستانی کورد منیان لە هەنگاوهەڵینان بۆ ئەم سەفەرە دڵساردکرد.

زستانی کوردستانی بەروبوو درێژە،زوربەش گەلێک سەخڵەت دەبێ،و ئەمن حەزم نەدەکرد بەمە کە لەشاخاوەیەکاندا لەگەمارۆی بەفردابم و هەتا بەهاری داهاتوو ڕاوەستم. بەخۆش بینی لەم فکرەدابووم کە(ئیجازەی ڕویین)دیسان لە ئێراق دەگاتێ- کە هەڵبەتە ئەم هیواداریە دورست دەرنەچوو.

لە واشنگتۆن دورست بەرلە کریسمس،ویلیام ایگلتن،موفەتیشی مەزنی وەزارەتی دەرەوەم دۆزیەوە. گەلێک لە کوردەکان بە بۆنەی نووسینی مێژووی کۆماری مەهاباد خۆیان بە دەینداری وی دەزانن. تەنیا بیروبۆچوونی ئەمە بوو:(وەسیەتت کردوە؟) ئەمن لەم قسەیە دڵم ئێشا،چونکە دەمزانی کەلە داهاتوەکی پێش بینی کراو بۆ خۆگەیاندن بە کوردستان لە چ کردەوەیەکی ڕووم وەرناگێڕم.

هەروەک مەعلووم بوو تەنیا کارێک کە دەبوایە کردبوام ئەمە بوو کە دانیشم و چاوەڕوان بکەم. سەیروسەرسوڕمانی ژیانی هاواڵدەرەکی-ش ئەوهان کە لە 1991 کاتێک ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە دوایی حەوت مانگ داگیرکردنی کەوەیت لە لایان ئیڕاق ڕێبەری هێزەکانی یەکگرتووی دژی سەدامی بۆ دەرپەڕاندنی لە کەوەیت وەسۆکر گرت،پێم ئەسپاردرا دەنگ و باسی پەیوەندار بە کوردستان گوزارشت بکەم! دەتگووت دوعام قەبووڵ ببوو: کوردستان بەو هەموو نیشانەی تاڵ و شیرینی بۆ من بیچم و ڕوخسارەکی دڵ ڕەکێش هەرماوە،هەرچەند زۆر نا ئاشنای،بەخۆوەگرت.

چەندین ساڵ بەپیی پیادە زنجیرەکێوەکانی زاگروس-م هەڵوێزاوە بە بێ چ پاسپۆرت یان ویزا،یان هەتا بەبێ هیچ پاڕێزگاردو چەکدار لەسنوور ئاوابوومە دەیان کەرت پەڕیوەتمەوە-ئەویش لە ناوچەیەک کە

چەند ڕۆژ پێش لە یەکێک لەو هاتووچۆیانە هەر لەو نزیکان سێ هاوڵدەری ئینگلیزیان بە تەماعی پارە، کوشت بوون.

لەگەڵ بێ پەنای ماندوو مردوو سەرگەردان و لانەوازی کورد کە مەجبوور بوون منالەکان و باپیرو بابەگەورەو دایە گەورەیان لە قەراخ ڕێگاکان بە خاک بسپێرن،تۆماری ڕیگاکانم بە پێادە تیک وەرپێچاوە- خەڵکەکە لە ترسی ئەمە کە بەنەزانین وەسەرمین بپەڕن و شل و کویرو نەقوستان بن دەترسان،و بۆ بەخاک ئەسپاردنی خۆشەویستانیان بە دوای شوێنیکی ئەمین دەگەران لە ڕێگاکان دوور دەکەوتنەوە. بە سواری هێلیکۆپتەرلە بڵیندایی 12000پایی بەسەر شاخاویەکانی هەڵەمووت و چەخت و هەڵدێر وهەورازو نشیوو پیچ وگەوەی سنووری ئێڕاق خول و سوڕم داوە و بە هاسانی پانەگۆڕایەکان و زەویەکانی کشت وکاڵ و گەڵی دۆڵ ودەرەو بەستنی خیزەڵان و ئاوی وەک چۆڕی شیری دەجلەیی کە بەخوارەپێچە بە ناو گەلێک لە دەشتەکان بۆلای دیاربەکر- پایتەختی نافەرمی کوردستان- ڕیی داگربوو دەڕۆیی چاولێکەر بوومە، بازەکان و هۆبرەکان و هەڵۆکانم بینیوە کە لە بڵێندایەکی زۆر لە بەرزایی دارەکانی بلوت و تەپۆڵکی کیوەکانی ڕووتن لە فڕین دابوون، بە چاوەڕوانی چرکەیەکی ڕەخساو هەتا بۆسەرنێچیرەکانیان تەقڵە ببەستن و لووربنە خوار.

دۆستانی کوردم بە هۆی پاراستنی گیانی من واداریان دەکردم بەمە کە بۆ سەفەرلە ڕێگاکانی شۆسەی کوردستان چکدارێکی ڕەگەڵ خۆم بخەم و تەنیا بە ڕۆژ بەم ڕیگایانەدا هاتوو چۆ بکەم،و بەشەوگار لەڕێگا نەکەوم، کۆخەو هەڵامەتم گرتووە،خڵتی سینگم بەتۆزاوی تێکەڵ بەخۆڵەپۆت بەتاڵ کردوە،لەگەرمای 120 دەرەجە وەک کەباب سوتاوم، لەلای ئەوکوردانەی کە هێندە هەژارو بەلەنگاز بوونە کە لە چەند مایلی لە گەورەترین چاڵاوەکانی نەوتی دونیا،لەتە ئاسفالتیان بۆ گەرم کردنەوە دەسووتاندن لەسەرما سەهوڵم بەستووە، لەگەڵ سەرۆک عەشایەری کوردی ئێران و ئێراق چایی و، ویسکیم خواردۆتەوە، بۆ قسەی تێکۆشەرانی کوردی حقوقی بەشەر کە لە ژێر هەڕەشەی بەردەوامی مەرگ لە تورکیە تێکۆشانیان هەبوو، گوێچکەم هەلێخستووە، و لە هەمووشوێنک لە گەڵ کوردەکان لەهەر دەستەو چین وتوێژ لە سیاسەت گفتووگۆم هەبووە دواوم. لە ئێڕاق لەگەڵ ئەو گوندەییانە ڕوو بەروو بوومە کە بەکەرەسەی دە سەیر کە کۆنینەی بۆ سەردەمی عەتیق و دەورانی بەرلە مێژوو دەگەڕاوە دڕکیان دەدروونەوە. لەگەڵ وەرزێرانی خاوەن تڕاکتۆر لە بایی گەنم قسەم دەخوێیێ وەرداوە،لەگەڵ خەڵکی شارنشین چینی مام ناوەندی کە بۆ زیندومانەوەی خۆیان مەجبور بە فرۆشتنی زەیڕوو جەواهێرات و زێوو کەرەسەی ماشین و ڕادیوو تەلەفزیون دەرگاو پەنجەرەو کەل و پەلێ ماڵ و نوین و ڕایەخ و خانوبەرەی خۆیان بوونە،هاودەردیان بوومە و دڵم بەکۆچک وەداوە.

لە بیستنی قسەو چێڕۆکەکانی واقعی پەیوەندار بە چارەڕەشی ژیانی کوردەکان فرمێسکم ڕشتووە: چێڕۆکەکانی زۆر بە ئێشتر لە دەرسەکانی عیبرەتی کە ڕێبەرانی وڵات بەم خەڵکانەیان داوە--داستانی خاپووربوونی هەزاران گوندی بچکۆڵانەی کورد کە سەردەمیک جەوهەری لەشی کوردستان بوون. لە

میوانخانەکانی گچکەی یەکێک لە شارەکانی کوردستانی تورکیە سبینان بە دەنگی تەقە کەلە سەت مێتری وەبن گوێ دەکەوت لەخەو ڕاپەڕیوم، پاشان چاولێکەری حەول وتەقەلای کارگێرانی ئیستخباڕات، چاوەروان ڕاوەستاوم کەبە زانین و توندوتیژی هێزەکانی موستەعمەراتی هەمووڕاستەکیان دەپشکنیەوە و وەلامدەری چ کارگێڕیکی نەبوون. بە سەرکەوانە بەفرەکانی زستانان لە کوێرەڕێگاکانی قاچاغ ڕۆ،رۆیوم هەتا بەحەزو ئیشتیا کە لە ژێر توویی ڕستەکان و،وشەکانی مارکسیستی خاوو کاڵ و نەکوڵیویی لاوانی کوردی تورکیە وەشاردرابۆوە گوێدێربم. ئەمانە گەنجانێک بوون کە حازربوون هەزار لەپێناوی پێکهێنانی ولاتێکی سەربەخۆ بمرن. و لە ئێراق وئێران بە تێگەینی ئامانجی دە بەرتەسکتر،یانی خودموختاری، فیدڕالیسم، لە چوارچیوەی سنوورەکانی مەوجود،کە کوردەکانی ئێران و ئێراق لە پاش تێکشکانی ئاماڵ و تاسەو خەونەکانی دوورو دریژ و تاقەت هێنانی دەیەکان زۆر، لە ڕەنج وکوێرەوەری و، وێرانی وکاولبوون قەبووڵ کردوە،پیگەیووم.

لەگەڵ زوربەی کوردەکان لە هوتیلە وهوستیلی ولاتانی ڕۆژئاوا، لە خیوەتەکان،لە حاشارگایەکانی مووەقەت دورست کراو لە لک و پۆپ وگەلاو چرپی و چلۆکی دارەکان، و لە ماوەی سەفەرەکانی درێژ لە کەل و پەلی کۆنە ماشینی لێک بلاو بووو داغان، باس گفتووگۆم هەبووە. لە جەرەیانی ئەم باس و وتوویژانە ئەمن بۆخۆم، ڕەنگە بەهۆی تەمەن بەسەلا چوویی و لە نیو کەوتوویی،جگە لە ئەدەب و ئیحتڕام و خۆشەویستی ڕووبەڕوو نەبوومە. ئەمن ئیکجار لە سەبرو تەحەمل وخۆڕاگری بوغزوغەرەز قووت دانەوە، لەم خەڵکە سەرسوڕماوم، بەتایبەت کاتێک ئەوسەحنەیی لە 1992 وەبیردێنمەوە کە لە جەرەیانی وی بەفرێکی قورس باری کە بە بڵیندای وی ڕووبەڕووبوم: دوو ئوتووبوس تەژی لە کورد کە لە شوێنیک بە پێچەوان هاتن لە باریکە ڕیگایەک کە بە،بەفرماڵی ناوچە، ماڵی بووی، تووشی یەک بوون. ئەمن دەلەندەوێر دابووم. هێچ کام لە دوو ئۆتووبوسە بە ئەوی دیکەی ڕێگا دەدا و نە بۆ پاشەوە، دەکشاوە. جێگا بەڕادەیەکی تەواو بەرتەسک بوو، بۆ ڕەت بوونی هێچ کام لەم دوو ئۆتووبووس نەدەبوو. چەند دەقیقە تێپەڕ بوو. لە ناکاو مەسافرەکان لەناوبەفر وەدەرکەوتن و بەشەق و مست لەگیانی یەک بەربوون: بەبیری سوکایەتی پێکردنی ڕابردوو کەوتبوون، یان وایان خۆدەنواند کە وەبیری ئەو کەوتوونە، لە دامرکانی شەق و مست نیشانەیەک نەبوو، و هەموو وەکوو هەرکوردێکی بەعێزت نەفس چەکدار بە کلاشینکۆف بوون. ئەمن بۆ ڕوو بەڕوو بوون بە ترسێک کەلە خوێنرێژیکی زوو قەوماو کەلەخۆمدا هەست پێدەکرد. بێڵێک کە لە ماشینەکەدا بوو هەڵم گرت و ئەوڕادەیە ڕێگام ماشت و خاوین کردوەو کە ماشینی خۆمان و یەکێک لە ئوتووبوسەکان تێیوەبچێ و بتوانێ لێی تێپەڕێ. بەدەنگێکی بەرز بەکوردەکانم گوت: کە بەتاڵوکەمە. ئەوان هەتا تاکە وشەیەک لە قسەکانم تێنەگەین. بێ گومان لە بەرچاوی وان ئەمن مرۆڤێکی شیت بووم،هەتا ئەو ڕادە کە لە ناکاو دەستیان لەشەرهەڵگرت،هێورهیور بۆلای ئۆتوبوسەکانیان باداوەو سواربوون. ئەرکی ڕێنوێنی ئەمن کیشام، ئۆتوبوسم بۆ شوێنێک کە بەفرم لێ ماشت بوو ڕینوینی کرد،ئەوی دیکەش لە ڕۆین بەردەوام بوو.

ئەم ڕووداوەم بۆیە پێخۆشە کە یەکەمین کەڕەت کە بوو دەرەکییەک لە جیاتی ئەمە کە گرێپوچکەکە پووچەڵتربکات، گرێییەکەی کردەوە-تەنگ و چەڵەمەیەکی کوردی،بەڵام گچکەو بێ بایەخ. ئەم ڕووداوە هەروانیشان دەدات کە بۆچ ئەمن بوونی (Chromosome) نەقلام،لە Genetics کوردەکان هەست پێدەکەم.کە هۆکاری ئەم شتەی دەبێت کە سوورپێستی بەزەوق و قسەخۆش ڕەنگە ئەوی بە کۆنەکتێب ونوکتەبێژ(Fissiparous)ناودێرکەن.بڕیاربەلەت بوون؟

پاژی 2،

**بەم ئابڕوتکاوەییە! چ عافووکردن ولێبوردنێیک؟**

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم عوسمانیەکان بەگوێرەی ڕێووشوێنێکی لەمێژینە هەموو عەشایەری (هەمەوەند)یان لە سەرزەمێنێک کە ئێراقی ئەمڕۆی پێدەگوترێ بە تاوانی سەرەڕۆیی وچەلاخی وڕێگرێ هەوسار دامالاوی بۆ (لیبی) دوورخستەوە(تەبعید)کردن. ئەم عەشیرەو (تایفەو هۆز،تیرە)ماوەی حەوت ساڵ،بەقوونەشەڕ هەموو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست(خاورمیانە)گەڕا و بۆ وڵات وزێدی لە دایک بووی خۆی گەڕاوەو، بەدفڕی خۆی دەست پێکردەوە. شتێک لەم ورەی هەمەوەندی لە گیانی هەموو کوردێک داهەیە، لانی کەم کاتێک لاقی دژکردەوە لە بەرامبەر ڕوو وەگێڕان دێتە کایە کە لە لایان دەست و پەیوەندی دەرەکی بەسەری داسپاوە. لەگەڵ ئەم هەمووە شتێک کە شوێن تێکەر لە خاوەن نەزرێکی دەرەکی دەبێت، ئەو ناسۆرانەی تازە سەرهەڵداوە لەم فەتەڕاتی چەند پات بووەیە، کە وەکوو میراتی ماوە، بە سەرئەم خەڵکە، سەپاندراوە. شێعرێکی قەدیمی دەڵێت: پشکەبەش و چارەنووسی کوردەکان (هەزاران ئاخ و ئۆف و ،هەزاران فرمێسک، و هەزاران شۆڕش، و هەزاران ئومێدە.)

لە چاوپێکەوتنی ئەوەڵ،بەربەرەکانی و خۆڕاگری و بەغیرەتی کوردەکان لە حەقیقەت دا ئیکجار لە بێنەرکارتێکەر دەبێت بەلام گەلێک جار لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەوی دوورو درێژی ڕووداو لە خەتەکانی پساوو کوت کوتکراو پەردە وەلادەبات کە مرۆڤ لە بەسەرداچوونەوە، دەبینێ کە شۆڕشی کوردەکان هەر لە سەرتاو بنیاتدا ڕوو بەڕووبوونیان بەتێشکان کردووە. نەتەوەخوازانی کورد،چ لە وڵاتێک یان هەموو وڵاتەکانی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لە سەرناکەوتن و پیرۆزی سەرسوڕمانی خۆیان دەنوێنن. کوردەکان کە هیچ کات مللەتێکی (یەکگرتوو) نەبوونە،دایم و دەرهەم تووشی ناکۆکی دەقوڵ بوونە و لە حەزکردن لە خەیانەت لە ڕێزی خۆیان سەدەمەیان دێوە. ئەم خەڵکە کە لە گەڵ حکوومەتەکانی چەکدارو بێ بەزەو زاڵم ڕوو بەڕوو بوونە نێشانەیەکی ئەوها کەلە هەڵەکانی ڕابردوو دەرسی عیبرەتیان وەرگرتبێ دەری نابرن و نابیندرێ. جگەلە وەی کەلە سەر بایەخی ئینسانی دایم لە زێدە بوون کە لە بەرامبەری

شۆڕشەکان،بە تایبەت لە ئێراق و تورکیە،داویانە و دەیدەن ئاخ هەلکێشن و حەسرەت بخۆن،کارێکی دیکەیان نەکردوە: ئەم دوو وڵاتە کۆمەڵگای دێهاتی کۆنیان سەرپاک خاشەبڕکردوە.

لە کۆمەڵگای کوردیش وەکوو هەر کۆمەڵگایەکی پەرِوپۆ ناهاویژتوو بەرفرەوان نەبۆوە، ناشیگەریەکانی سیاسی ئاوێنەی باڵانوێنی کارتێکەری زوڵم و سەرکوتی بەردەوامی مللی یە. کوردەکان ڕێبەری دەجۆراوجۆریان بەخۆوە بینیوە،بەڵام هیچ کام لەم ڕێبەرانە نەیانتوانیوە(ناسیونالیسم)ی ئەم خەڵکە بە سەربەخۆیی یان بەخۆدموختاریەکی پایەداربگۆڕن-و ئەمە لە حاڵێکدایە کەهەتا دوورگەی گچکە فەخر بەمە دەکەن کە ئەندامی سازمانی ناو نەتەوەیین. نەتەوەخوازانی کورد، دەیان کەرەت و دەیان جار لە گەڵ حکوومەتەکانی دەرەکی هاوکاریان کردوە،و ئەم حکوومەتانە بە کەماڵی خۆشحاڵی لەوان وەکوو مۆرەهایەک دژی وڵاتانی هاوسایە،یان هەتا لە خۆدی خەڵکی کورد، کەلکیان وەرگرتووە.

ئاغاکانیان ودەسەڵاتدارانی بیانی(بیگانە)کوردستان لە درێژایی مێژوو دایم ودەرهەم لە سیاسەتی(بێ زوان کردن)ئەم خەڵکە بەدواداچوونە: یانی خاشەبڕکردنی هەرشتێک کە حیکایەت لە چین وتویژی هەڵبژێراو بکات کە بتوانێت (ڕێبەرێک)ی یەکدانە بە خەڵکی کورد پێشکیش کات.

ئەم(دەسەڵاتدارانە)رۆشبیرو پەروەردەو لێهاتووی کوردیان بۆلای خۆیان ڕاکیشاوە،بۆ زیندانیان بەرێ کردوون،بۆ دوورخراوەیان(تەبعید)ناردوون، وکوشتوویانن-و بەمجۆرە خەڵکی کوردیان لە بوونی ڕێبەرانی پسپۆرو زاناو بلێمەت و سیاسەتمەدارو بەئەزموون مەحرِوم و بێ بەش کردوە. لەم سەدەدا،مەگین بە هەڵکەوت و دەگمەن،ڕیبەرانی کورد هەموویان بێ کیفایەت فکرکورت و خەڕافاتی بوونە،و لەم دنیایە کە چارەنووسی مللەتان لە دەرەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دیاری دەکرێ، بۆ ڕوو بە ڕوو بوون لەگەڵ دونیا و ڕێورەسمی دونیای دەرەکی هیچ جۆرە ڕاهێنان و فیرکردن و ژێهاتوویان نەبووە. سەردەمێک ڕێبەری بزوتنەوەی کورد ڕێبەرێکی سوننەتی بووە،هەر وەک لەئێراق بوو، جارلە داوینی چینێکی بێ ڕیشەکراو هەرزە، سەری هەڵداوە. هەروەک لە تورکیەی ئەمڕۆ دەیبینین.

لەم دوایانەدا کوردەکانی ئێران و ئیراق وتورکیە هەموو هاوکات لە حاڵی شۆڕش دابوون،بەڵام بەبێ هاوکاری وهاو هەنگاوی لەگەڵ یەکتر. چاخێک کە لە وڵاتێک گروپێک بە دەرس وەرگرتن لە هەڵەکانی ڕابردوو و باییەکی قورسی کە لە بەرامبەریان دراوە،لایانی وشیاری ڕەچاودەکەن،دەبینی کە ئەوانی لە تەنیشتی دانیشتوون بەرەو زێدەخوازی داژۆن و زۆرایەتی داواکانیان بەگۆڕی وەردەکەن، بەم شیوازە لە سەردەستی وەشیاران بەرزدەکرینەوە. هەتا ئەوانەی کەلە ماوەی دەیەکان بەرەو وشیاری و مشوەڕەت وتەکبیر بایاندابۆوە، بە مەبەستی وەدست هێنانی سەرکەوتن و پیرۆزی لە کێشمەکیشم و ناکۆکی و بەرزەفڕیەکانی کەسینی بەکاربردنی وشیاریان لەولادانا. لە 1991 لە دوایی تێپەڕینی حەوت

دەیە،ئەوکوردانەی کە وەکوو نوێنەری ڕاستەقینەو پارێزگاری لە قازانجی خەڵک،بۆ پاڕلەمانی تورکیە ڕیگایان برێ،بەڵام ئەوچالاکی و لێزانین و پسپۆریەیان تێدانەبوو کە بتوانن لە(تەنیایی) و دەست بەسەرو زیندانی بە دەستی حکوومەتێک کە لەئیختیاری دەسەڵاتی هیزەکانی چەکداری تورکیە دایە،خۆیان بپارێزن. کال و نەکولیوویی و بێ ئەزموونی ئەم نوێنەرانە،بەنەزانین بە بەردەوامی ئەو ڕووبەڕوو بونەوەوکێشمەکیشم یارمەتی کرد، کەلە کوردستانی تورکیە لە جەرەیان دابوو، و ئەمانە هیواداربوون کە بەوی کۆتایی پێبێنن.

بە سەرنجدان بە نەبوونی وڵاتێکی کوردی،وڕابردوی شۆڕشەکانی ناسەرکەوتوو کە بەبەردەوام تێشکاندراون،کاتێک زۆرینەی کوردەکان هێشتا لە ناوچەیەکی جوغرافیایی بەرفرەوان و بەربڵاو دانیشتوون کە وەکوو کۆمەڵگایەکی قەومی شیاوی ناسینە،بۆخۆی جێگای سەرسوڕمانە. وشەی(شیاوی ناسین)ئاتاجی بە بەرفرەوانی ماناو لێکدانەوەو تۆژینەوەیەکی تیرو تەسەل هەیە،بەڵام خولاسە کوردەکان بەیەقین دەزانن کە کین.

کۆمەڵگای کوردی هەرچەند کۆمەڵگایەکە شیاوی چەندین زبان و ڕەچەڵەو مەزهەب،لەگەڵ ئەم هەمووە خەڵکەکەی لە ئەزموونی تاسەو ئارەزوەی مێژوویی هاوبەش وخاون پشکن. سەرەتا، لە هەموان گرینگتر،ئەم قسە بەم مانایەیە،کە کوردەکان دەزانن کە عەرەب نین،تورک نین،فارس نین. کوردکان بە هەموو بەراوەژو لێکدانەوە گۆڕینک کە حکوومەتەکان بەکاری دینن هەتا بوونی(کوردستان)حاشالێبکەن و لە ناوی بەرن،بە یەقین دەزانن کەکوردستان کوێیە.

تورکیەی نوێ زێدەترلە حەفتاساڵە کە بەدوای سیاسەتی توانەوەی پێناس و فەرهەنگی و سیاسی کوردستاندا دەچێت. لە مارسی 1924 هێندیک کەمترلە ساڵێک دوایی پیکهێنانی جەمهووری لە تورکیەیی مستەفاکەماڵ، فەرهەنگ و زبانی کوردی و هەتا ناوەکانی کوردی لە سەر شوێنەکانیان یاساخ کرد. لە تورکیەی نوێ،سیاسەتی توانەوە هەتا بە ڕادەی (حوکمی ئاقیدەیی)چاکتری پەیداکرد: و ئەمە بەم مانایە بوو کە هەرکوردێک لە دەرەوەی بەستینی (کوردستان) دەبوایە ئامانجی سیاسەتی(تورک کردنی) وڵات قەبووڵ بکات. و ئیدی کورد یان لانی کەمی شیاوی هەست و ئیحساساتی مللی کورد نەبێت. ئێران و ئێڕاق هیچ کات لە بوونی کوردیان حاشانەکردوە،بەڵام بە زانین و ئاگاداری تێکۆشاون کە ژمارەی جەماوەری کوردان کەمترلە وی کە هەیە، نیشاندەن.

هەتا ئێڕاق کە هەرجنایەتێکی سەبارەت بەکوردەکان کردبێت، بە هەرحاڵ خودموختاری کوردستانی قەبووڵ کردوە-لە ناساندنی (ناوچەی باشوور)کە بەوی خودموختاری داوە لە دەکارکردنی وشەی(کورد)دووری دەکات. چەندین دەیە تورکیە لاقی دادەگرت لە سەر ئەمە کە کوردەکان(تورکی

کێوین)،کەلە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات-(نەک کوردستان)-دەژین. ئەمجۆرە گەمەی زوانی بەشێک لە بیرچوونەوەیە کەحکوومەت، خۆی تەڵقین و فیردەکات.بەم شێوەیە هەرچەند لە سەدەی سێزدەهەمی میلادی وشەی (کوردستان)ئیستلاحی جوغرافیایی ناساندراوەو جێکەوتوو بوو،ئەمرو تەنیا لە (ئێرانە) کە ئەم دۆخ و هەڵکەوتە لە وجودی یەکیک لە پارێزگایەکانی وی، ژیانی خۆی بەردەوام دەکات-و ئەم پارێزگایە تەنیا بەشێک لە کوردستانی ولات دەباوەش دەگرێ. لە ئێراق بریتی لە ناوچەیەکە، کە دەئامێزگرتووی هەرئەو ناوچە خودموختارییەی، بێ کلک و گوێیە.

بۆ هەرکەس جیا دیوانسالاران.دەڤەری کوردستان بریتی لە ناوچەیەکە نزیکەی دوو سەت هەزار میلی چوارقولینچک یانی نزیک بە بەرفرەوانی وڵاتی فرانسە و یان سەرجەم پارێزگایەکانی کالیفرنیا و پنسیلوانیا. ئاو هەوای وی،لە دەڤەرەکانی شاخاوی و دەشتەکانی دوو چۆمان(بين النهرين)مام ناوەندییە و لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیە ساردە: ناوچەکانی شاخاوی زۆرجارهەتا پێنج مانگی سال بەفری تێدایە، لە زوربەی کوردستان، بەپێچەوانەی مەڵبەندەکانی وشک و بێ ئاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (خاوەرمیانە) ئاوەکی زۆرو زەوەندی هەیە،ئەو ناوچەیە ڕۆژگارێک داپۆشراو لە لێرواریکی چڕوپڕبووە. ئێستا کوردستان بێ دارو درختە،و ئەم بێ داروبارییە نیشاندەری سەدەمەیەک کەلە زەمانی شەڕ و لەکاتی ئاشتی وە بەستێنی سروشتی کەوتووە: ڕزیو بوونی خۆڵ لە وێکەوتنی ناپاڵمەکان، و ماددەی شێمیایی گەڵاڕێزان،و ڵەوەڕی لە ڕادەبەدەر. جگە لە قیتەکەکانی داپۆشراو لە بەفری کوردستانی تورکیە، کوردەکان داواکاری دوو ناوچەنە کە پاپۆڕی نووح لە وێ هاتووتەخوار:یەکیان کیوی جودی هەڵکەوتوو لە باشووری ناوچەی سنووری بێ پسانەوەی تورکیە لەگەڵ ئێراق و ئەویدی بەرزترین قیتەکی (چیایی ئاگری)بە بەرزایی 16946پا لە ڕاستایی دەریا، کەبە کەوشەنەکانی تورکیەو ئەرمەنستان، وەنووساوە.

خەریتەکانی ئاسایی، کوردەکان لە ناوچەیەک بە بیچم-ی سێ کوچکە یان سێ قولینچکەکی ناقس و سەرنەگووم نیشان دەدا کە قەراخەکانی وی لە سنووری تورکیە و ئازرەبایجان بۆ لای باشووری ڕۆژئاوای ئیران درێژ دەبێتەوە،و لە درێژایی زنجیرە کێوی زاگروس بەرەو پێش دەچێ هەتا بە ئاڵقەی تەقریبەن بەرانبەری مەداری بەغدا دەگات. لە ئێراق ئەم خەتە،لە کەوانەکی بەرفرەوان لە درێژایی سنوورەکانی ئێران وتورکیە دیتەپێش و هەتا ئاخری قولینچکی باشووری ڕۆژهەڵاتی سووریە درێژ دەبێتەوە، و لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە لە کەڵەکەی زۆر چەخت بەرجەستە دەبێ و شکڵ دەگرێ کە هێورهیور لە لێواری باکوور و ڕۆژ ئاوای وێ باریک دەبێتەوە،ولە درێژایی کەوشەنی ئێران لەگەڵ ئەرمەنستان هەتا ڕۆژ ئاوایی فرات ڕێگای خۆی بەردەوام دەکات. گەڵێک کەندال وئاودڕی گەورە لەشوێنی دانیشتووی کوردان ،بە تایبەت لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران،یانی خوراسان و لە درێژایی سنوور لەگەڵ تورکمەنستانیش بوونیان هەیە،هەروا لە بلوجستان،نزیک پاکستان، لە باکوور،لە دەشت وڕاستایەکانی ئاناتۆلی تورکیە،چ

لە ڕۆژئاوا و چ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئانکارا، هەروالە سوریە،لە باشووری حەڵەب و باکووری چیایی عەفرین- هەڵکەوتوو لە نزیک سنوور لە گەڵ تورکیە-وبە فاسیلەی چەند میل لە دریایی مەدیتڕانە.

لە تورکیە جگە لەمە،جەماوەرێکی گچکەو تاق ولۆق وتڕابەڕای کورد لە سەر کەوانەیەکی ناهەموار و نا پێکەوە،ودورست لە باشووری ئەم کەنداڵ و ئاودڕە، بەربڵاون. گروپەکانی دیکەی کورد دەتوانی لە ئەرمەنستان و گورجستان،بە تایبەت لە ئازەربایجانی شوورەوی، هەروا شوێنەکانی دیکەی ئیتحادی شوورەوی پێشوو بدۆزیەوە. هۆکاری ئەم تڕاوبەڕا و لێک بڵاوبوونە مەترسی شێتانەی ئیستالین لە خەیانەتی ئەم خەڵکە بە وڵات بوو. لە ئێران-یش لە لێواری دەریای خزر لەم جەماوەرەگچکەیەی کورد وەبەرچاو دەکەون. شارەکانی گەورەی ڕۆژئاوای تورکیە-شارەکانی وەک ئانکارا،ئادانە،ئانتالیە، ئاستانبۆڵ و ئەزمیر- تەژی لە جەماوەری کوردن. گەلێک لەم خەڵکە ئەم تازە واریدانەنە،کەهێزەکانی ئیستخباڕاتی تورکیە ئەوانی لە گوندەکانیان ڕاوناون. ئەم عەمەلیاتە لە چاخی دەست پێکردنی شۆرشی کوردەکان لە 1984 ناوچەکانی بەرفرەوانی لە کوردستانی تورکیە لە جەماوەری بەتاڵ و چۆل کردوە. لە دێمشق، پایتەختی سوورییە،ناوچەیەکی کوردنشین هەیە، هەڵکەوتوو لە سەر تەپۆڵکەکان کە دەیان سەدەیە لە ناوەندی شار دەڕوانێ. تاران،تەورێز، و ناوەندیەکانی نەوتی باکووری ئێران جەماوەرێکی زۆری لەخەڵکی کورد دەخۆیاندا جێکردۆتەوە-هەروا بەغدا. لە ئاڵمان و سوئد و، وڵاتانی دیکەی ئۆڕوپا ئاپورەیەکی گەورە لەکوردان لیی دەژین.

ئەمجۆرە ناوەندیانەی جەماوەری، دەبوایە کاری سەرئەژمێری لەکوردەکانی هاسان کردبوایە،بەڵام لە گەڵ ئەم هەمووە سەرئەژمێری جێگای متمانە لە هیچ شوین وجوودی نییە. نەتەوەخوازانی کورد سروشتیە سەبارەت بە سەرئەژمێری جەماوەری خۆیان زێدەڕۆیی و مبالغە دەکەن،ئەو هێندە کە نەسلەکانی پێشتریان لە خەریتەیەک کە لە ساڵی 1945 بە ناونەتەوەیی نیشاندا داواکاری هاوپێچی خاکی کوردستان لە دەریای مەدیتڕانە هەتا کەنداوی فارس بوو. کوردەکان وڵاتێ خۆیان نەبووە، بۆخۆشیان کەرەسەی پێویستیان بۆ ئەنجام دانی سەرژمێری نییە. حکوومەتەکانی دیکە کە سەردەمێک وردبینیان ئەمە بوو کە لە کوردەکان و کەمایەتیەکانی دیکەی قەومی دانیشتووی وڵاتەکانیان سەرئەژمێری بکەن، وردە وردە ئەوهایان بە مەسڵەحەت زانی کە ئیدی سەرئەژمێریەکی لەم بارەوە بڵاونەکەنەوە،یان ئاگاداریەکی خوارەپێچەو بەپێچەوانە لەم بەستێنەدا نیشان بدەن. بەمجۆرە ژمارەی زۆری کوردەکان وەشارنەوەو حاشالێبکەن. ئەم زێدەبوون و زاوزۆی جەماوەر، زوربەی تەنیا تۆڵەیەکە، کە ئەم خەڵکە لە ئاغا (داگیرکەرە) کانیان دەکەنەوە. بە گرینگ نەزانیی جەماوەری کوردەکان لە بەرامبەردا سەبەب بووە،کە دەوڵەتەکان ئەوان لە پشکەبەشی مساوی سەرانەی بەرهەمی نەوت و بەرفرەوانی ئابووری بێ

بەش بکات،چونکە بەبێ جیابوونەوەی  سەرئەژمێری بەپێی بەشەکانی قەومی دەوڵەتەکانی داگیرکەر دەتوانن سیاسەتی فەرمی پڕوپاگەندەی توانەوە بەتەپڵ و زوڕنا بڵاوکەنەوە. لە ئێراق سەدام حوسین دەیان جار لە هەنگاو هەڵێنان بۆ سەرئەژمێری قسەی خۆی خواردەوەو پاشگەزبوو،چونکە نەیدەویست بەرهەمی نەوت بە ئەندازەی سەرانەی جەماوەری وڵات بەش بکات،لە حاڵێکدا کە زۆرتری ئەم نەوتە هی خودی کوردەکان بوو. حاشاکردنی لە پێناسی کوردی لەلایان تورکیە بەسەرنجدان بەمە بەشایەتیەکی دایم لە سەرئەمەیە کە  زێدەبوونی زاووزۆی کوردەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زێدەتر لە زاوزۆی ئەوانیترە، ڕەنگە بۆ خۆی زێدەتر لە فریوو خواردنێکی شێتانە نەبێت. لە ساڵی 1989 سەرئەژمێری فەرمی نیشانی دەدا کە مام ناوەندی ناخالسی زێدە بوونی زاووزۆ لە کوردستان 2/75 و لە ماباقی تورکیە 1/49 لەسەت بووە-یانی لە جەماوەری لە خوارەوەی 15 ساڵ بەڕێزو نزیک 50و25 لە سەت.

لە نەبوونی ژمارە و سەرئەژمێری،کارشناسانی ڕۆژئاوا بەکۆی دەنگ جەماوەری کوردەکان بە 25 میلیون ورەنگە هێندیک زێدەتر بەرئاورد دەکەن. کوردەکان ئێستا-لە دوای عارەب و ئێرانی و تورکەکان- چوارمین کۆمەڵگای قەومی گەورەی ڕۆژهەلاتی(خاوەرمیانە) ناوەڕاست پێکدێنن،ئەگەربێتوو ڕەوەی زێدەبوونی جەماوەر گوڕانکاری بە سەردانەێت، بە وێچوونی زۆر لە ماوەی پەنجاساڵی داهاتوو، لەناوچە هەروا لە ناوەخۆی تورکیە لە مەڕ سەرئەژمێری، جەماوەری تورکەکانی لە پشت سەری خۆی بەجێ دێڵیت-بەلێ،ئەوهایە هێزەی بەرهەم هێنەری کوردەکان،لە دوایی لە پشت سەر بەجێ هێشتنی سەدەیەک بەم پاماڵ و ،وێرانی و خاپورکراوەیە دا.

کەمێک زێدەتر لە نیوە لە جەماوەری کوردستان لە تورکیە دەژین. ناوەندیەکانی کورد لەم وڵاتە، هەردەم زۆرتر ڕووی لە ڕۆژئاوای وڵات دەکات. کۆچکردنی کوردەکان لە کوردستان هۆی وەدیهێنانی جەماوەرێکی بەرچاو لەکوردەکان لە شارەکانی ڕۆژئاوای تورکیە بووە کەلە سەردەمی حکوومتی بیزانس-کە ئەوانی دەرکرد- ڕابردووی نەبوو. ئەگەر-بەمجۆرەی بەگشتی ئاقیدە لە سەرئەمەیە-کوردەکان زێدەترلە 20 لە سەتی جەماوەری شێست میلیونی تورکیەی پێکدێنن، لەم حالە دا ئێستا نزیک بە 13 میلیون کورد لە تورکیە دەژین. و نیوەی ئەم ژمارەیەش لە ئێران دانیشتوون،کە دە لە سەتی جەماوەری پێکدێنین. لە ئێراق 4/2 میلیون یان ژمارەیەکی لەم ڕادەیە دانیشتوون، یانی 23 لە سەتی جەماوەری وڵات 18 میلیونی ئێراق-کەلەمەڕ دەرسەتی جەماوەر زۆرترین ژمارە لە چواروڵاتی کوردنشینی ناوچە پێکدێنن. ئەم نیسبەتە لە سەرەوەی جەماوەر،جێا لە شاخاوی بوونی ناوچە،و دەست تێوەردانی دەرەکی،و ناکۆکی نێوان کەمایەتی عەرەبەکانی سوننە مەزەب و زۆرایەتی عارەبی شێعە مەزەب لەم وڵاتەی کە بە جۆرێکی رووکەش وەدیهاتوو، بە شیکردنەوەی ئەم مەسەلە یارمەتی دەکات کە بۆ چ و لە بەرچی و چ دەلیل لەم وڵاتە شۆرشەکانی کوردی لە چەند پاتکردنەوە بەردەوامی زێدەتر لە وڵاتانی دیکە بەرهەم وەرگر بوونە.

ژمارەی کوردەکانی سوریەی دەگاتە یەک ملیون کەس، یانی نزیکەی 9لە سەتی سەرجەمی جەماوەری وڵات یانی 13میلیون سوورییەیی. جەماوەری ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە سەریەک نزیکەی 300000کەس دەگات. نزیکەی 700000کورد لە ئۆڕوپای رۆژئاوا دەژین،تەنیا جەماوەری کوردەکانی دانیشتووی ئاڵمان خۆی لە400000کەس دەدات.

لە ڕاستیدا کوردەکان 15لە سەتی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدێنن، کە دەتوانێ کە سەردەمێکی درێژخاین لەمەڕ جەماوەری(دمووگرافیک) کەرەسەی سەرکەوتن بەدەستی وان بدات. تەنیا لە نێوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم بوو کە جەماوەری کوردەکان بە شیوەی زێدەبووی ساڵەکانی بەرلە ساڵەکانە ئەفسانەیی نزیک بوو-یانی ساڵەکانی بەر لە وێرانیەکانی سەرهەڵداو لە شەڕەکانی پەیتاپەیتا، تاعوون، و سەفەری(واسکودگاما)-دەریا نەوەردی پرتەغالێ 1469-1524-بەدوری دەماغەی امیدنیک لە 1497. ئەم سەفەرە ڕێگای هاتووچۆی دەریایی نیوان ئۆڕوپا و خاوەری دوور-بەشێک لە ئاسیایی شەرقی بریتی لە چین،ژاپون،کورە،ئەندۆنێزی،فیلیپین-کردەوە. وبەگرینگایەتی ڕێگای هەردی ناسراو بەڕێگای ئاوریشم کە بەکوردستاندا تێدەپەڕێ کۆتایی هێنا. ئەم مەسەلە لەگەڵ مسیبەت و فەتاری دیکە بەڕاگرتنی سیاسی و ئابووری ناوچەیی کە ڕۆژگارێک بە باشی بەبەرهەم دەهات و لە مەڕ ئابووری لە ئاسایش و ئاسودەیی دابوو یارمەتی کرد. هەنۆکە کە پێشەسازان لە ڕێگای کەلک وەرگرتن لە رێگاکانی هەردی برەوی نەبوو ئیدی ئاتاجی بەدورستکردنی ڕێگاو دەزگای ئیداری پیویست بۆ پێڕاگەین بەئەوان و لەڕاستیدا بوونی بنکەکانی دەوڵەتی بۆ ڕاگرتن و پارێزگاری ئەم دەزگایە نەبوو. لەئاکامدا شەڕەکانی نەپساوە،کۆمەڵگای نشتەجێ و یەکجێ نشینی کوردستان کە لە دەوروپشتی کشت و کال و کەشاوەرزی ڕێکخرابوو لە بەریەک هەڵتەکا، و چادرنێشینی و خیلاتی جێگای وی گرت. جێگای دوو دڵی نییە کە کوردەکان لەم حاڵەدا بە باشی وەخۆهاتبوونەوە. کوردەکان لە سەدەی نۆزدەهەم بە ڕادەیەک پاشکەوتوو بوون کە پەیوەندی لەگەڵ ئەمپەڕاتووری لە حالی پەرەپێدانی ڕووسیە،بۆ وان لە جێگای دەست وێڕاگەین بەکۆمەڵگایەکی ئیکجار نوێی و پێشکەوتوو بوو،لە حاڵێکدا کە ڕووسیە بۆخۆی لە هەڵسەنگان لەگەڵ وڵاتانی ئۆڕوپایی ڕۆژئاوا وڵاتێکی پاشکەوتوو بوو.

کوردستان تووشی دوورە پەرێزیەکی(شاخاوەی)ببوو (لاتەریک بوون) وڕایەڵی پەیوەندی لە گەل دەوروپشتی هەڵبڕی. ئەم لاتەرکیەو گۆشەگیریە هەتا لە بەریەک هەڵوەشانی ئەمپەڕاتووری عوسمانی لە کۆتایی شەڕی دنیاگری ئەوەڵ بەردەوام بوو. کوردەکان نەک تەنیا باشترین هەلێان کەلە درێژایی مێژوو بۆ دەست وەراگەین بە سەربەخۆیی کە بەوان پیشنیارکرابوو لە دەست دا بەڵکوو بە بۆنەی بەشداری کردن لە کوشت وکوشتاری زێدەتر لە یەک میلیون ئەرمەنی لە 1915 وەبەرسەرکۆنەی دنیاش کەوتن،لە حاڵێکدا کە بە قەولی سەرچاوەکانی کورد بۆخۆیان تەنیا لە شەڕەکانی ناوەخۆی عوسمانی /400000کەسیان کوشتە دابوو- ڕۆژئاوا بەکردەوە ئەم جەرەیانەی نەدیتووگرت و چاوپۆشی لێکرد. لە جەرەیانی شەڕی عوسمانی لەگەڵ ڕوسییە-لە ڕۆژهەڵاتی تورکیە-تورکەکان بۆخۆیان /700000کوردیان لەماوەی فرتێنەی

شەڕو بەڕیوەبردنی سیاسەتی زەوی سوتاو دوورخستنەوە.(لەم گروپە نیوەی مردن)زۆری دیکەش لە ئێران،کە بەناو بێ لایان بوون وهەروا لە پارێزگاکانی پێشووی عوسمانی کە هەنۆکە وڵاتی ئێراق پێکدینن بەهۆی برسیەتی و قاتی سەرهەڵداو لە شەڕ، مردن. چاخێک لە 1918 ئاشتی بۆ ناوچە گەڕاوە (کوردستان ئیدی وڵاتێک بوو کە ژێربنای تێکچوو وێرانەو کۆمەڵگایەکەی سەرجەم لە بەریەک هەڵوەشاوەبوو، توویی دەرس خوین و ڕووناکبیرو پەروەردەکراوی هەتڵەو هەڵوەدا ببوو ئەوهەی کە مابۆوە لە ژێردەسەڵاتی کاملی سەرۆکانی عەشایەرو شێخەکان بوو).

ئێران و ئیراق،بەتایبەت تورکیە- یانی ئەم ولاتانەی کەڵەکە بوو، کەلە سەر بناخەی ئەندازەو هەڵسەنگاندنی ئۆڕوپایی داڕێژڕابوون-سیاسەتی کەمتەرخەمی ئەمپەڕا توریە کانی پێشوویان لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی چەند نەتەوەیی (میللەیەتی) بە قازانجی ناسیونالیسم-ی تەنگ نەزەر لە قەراخ دانا. کوردەکان لە بەرامبەر ئەم حکوومەتانە کە بەردەوام حەولیان دەدا، دڵ هۆگری بە بەزبان و جل وبەرگ و فەرهەنگی نەتەوەیی تێک وەربپێچن شوێن بزرکەن، هەتا کاتێک کە هەزارمیل یان زۆرتر لە ڕێشە و لە داواکاریەکانی شاخاوی و لە بنچینەو ماکەی خەیاڵ با بردووی خۆیان دووربوون، نیشان داکە هەروا کورد ماون.

ئەم خەڵکە کەلە ڕۆژهەلات لە بلوجستان و تورکمەنستان و لە ڕۆژئاوا هەتا (تەنەکە ئاوێ) ئاستانبوڵ و شارەکانی ئاڵمان و سوئد بڵاوو هەڵوەدان،لە سەر ئەوهەمووە کوژراوەی کەلە جەرەیانی دوورخراوەی، یان کۆچکردنەکانی ئابووری وێیان کەوتووە،ماوەی دەیان سەدە کەمترین شک و دوو دڵی سەبارەت بە پێناسی خۆیان ڕێگا نەداوە. وڵاتانی ناوچە بە ئیدۆلۆژیەکانی جۆراوجۆر-لەئیستالین بگرە هەتا سەدام حوسین لە ئێراق، و هەتا تورکیەی ئەمڕۆ،هەتا سووریەی بەعسی ساڵەکانی دەیەی 1960 و ئێران ساڵەکانی1925-1941-ئەم خەڵکەی لە زێدی خۆی هەڵقەند و ئەوانی لە گروپی دەگچکە لە ئاوایەکانی دووردەست بڵاوکردنەوە، بەم هیوایە کە کاتێک لە چیاو شاخاوەیەکان و مەزراو دەشتەکانیان وە دوورکەون ئیدی کورد، یان بەلانی کەم نەتەوەخواز نابن. بەڵام ئەم هەودا ڕاچاندن و پیلانەش چ سەرکەوتنێکی بە دەست نەهێنا.

کوردەکان بە پێچەوانەی خەڵکی(هێرشکەرتر)کە پێیانخۆشە شکۆو عەزەمەتی خەیاڵی ڕابردوویان لە پەسەندکردنی داهاتووەکی باشتر بۆ ناوگەمە بێنن،زۆر ئالودە بە تێکۆشانی زینی نین. فەرهەنگی ئەوان لە هەڵسەنگان لەگەڵ فەرهەنگی خەڵکی دیکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست،فەرهەنگێک نییە کە ڕیشەی لە ناوەڕۆکدا هەبێت-وەکوو جۆلەکان لە(سەردەمی کۆن و لەمێژینە)ئاشۆریان و مەسیحیان لە (سەردەمی نوێ) یان ئەرمەنیەکان لە پێشینەی هەنگڕاوی کلیسایی-و بەپێچەوانەی جینارەکانی موسڵمانیان شتیکیان نییە کە شیاوی هەڵسەنگان لەگەڵ قورئان بۆ عارەب بێت.

و ئەم کەڵەکەی فەرهەنگی و ئیداری ئێرانیەکان و تورکەکانیان نییە،کە بتوانن لە هەستی کەسیتی مێژوویان داکۆکی بکەن. بەڵام وەکوو زوربەی لە پاشماوەکانی مێژوو،دەبێ ڕابردوویان لە بەردەوامی مەفهووم و مانایەک بگونجێنن کەلە یەک دوو قولینچک لە بەرچاوی فەتح کەران بەدوورماوەتەوە. ڕۆشنبیر ودەرس خوێنەکانی کورد، لە دەست وپێی فەرهەنگێک کە ئیدی دۆزیوەتیانەوە، بۆ درێژکردنەوەی مێژووی کورد بۆ زەمەنی دووردەست کەلک وەردەگرن. یەکێک لە توژەرەکان بە حەسرەت و مخابن دەلێ: (نوێکردنەوەی مێژووی کورد شۆڵێکی چەتوون ودژوارە،ئەم مەسەلە زۆرجار پێویستی لێکۆڵینەو تۆژینەوە لەناو ناوەڕۆک و دەرەوە لەسەرچاوەکانی ناوەڕۆکی جۆڕاوجۆرە کە نە بۆکوردەکان و نە سەبارەت بە وان نوسیویانن.)

هەتا وەختەکیش کە سەرینچاوەی ئیلهام کوردین،دیسان پەیامی پەیوەندی دائیم بەتاڵ لە تارمایی وبۆڵیل نییە. گەلێک لە فەرهەنگەکان بۆ شی کردەنەوەو ئازانتی داخوازیەکانی خۆیان چێرۆک وئەفسانەیان هەیە، کوردەکان بەلانی کەم دوو چێرۆکیان لەم بارەوە هەیە. بەپیی گێرانەوی یەکێک لەم ئەفسانانە ئەم خەڵکە ڕەچەڵەیان لە کوڕان وکچانێکن کە لە چەنگی زەوتکەری تاج وتەختی شاهانشایی ئێران کە زاڵمێکە بەناوی زوحاک، گیانیان بەسەلامەت ڕەزگارکردوە. ئەو مارانەی کەلەسەردوو شانی ئەم خوینخۆڕە ڕوا بوون دەبوایە بەمێشکی سەری لاوان تێر ببوان. وەزێرێکی زاناو بەمشور هاتە سەرئەم بڕیارە کە ڕەچەڵەیان لەو بەخت ڕەشیە نەجات بدات،مێشگی گۆلکی جێنشینی میشکی لاوان کرد، و ئەو دەستە لە کوڕان و کچان کە بەمجۆرە لە کوشتین دربازیان بوو بە دزی و نهێنی بۆ چیایی بەرێ کرد-ە کوردەکان لەم کووڕان وکچانە بەوجودهاتن- چێرۆکێکی دیکە لاقی سولیمان پێغەمبەر بۆ ناو مەسەلە ڕادەکێشێ،کە لە سەردنیای سەرۆی سروشتی،کە دانیشتوانی ئەجنە(جندۆکە) بوونە،فەرمانی دەدا. ئەو بەئەجنانی فەرماندا بۆئۆڕوپا(بفڕن) و/500کیژی جوان بۆ بارەگای سولیمان بێنن. ئەجنە کاتێک گەڕانەوە کە سولیمان پێغەمبەر مردبوو، دەجا بۆخۆیان دەستیان لەگەڵ کچەکان تێکەڵ کرد. منالانی ئەم ئەجنە وکیژانی ئۆڕوپایی، کوردکان بوون.

کوردەکان لە پەیوەندی ئەم دوو چێرۆکە تەوفیرو پەریشانی و دڵ ئێشی تایبەت دەرنابڕن، هەرئەوا بە لە پەیوەندی رەچەڵەی جۆراوجۆریش کە بە کوردستاندا تێپەڕیون یان لە وێ نشتەجێ بوونە و لە وەدیهێنانی (دەست مایەیی ژیان و بەرێچوونیان) لە ناوچە بەشداریان هەبووە پەریشانی دەرنەبابڕن. شایەتی(فیزیکی) یانی-جسمانی بەدەنی ماددی-سەبارەت بەمە کە قەومەکی زۆر بۆ کوردستانیان کۆچ کردوە یان بەویدا تیپەڕیون. کوردەکانی وردیلەو رەنگ ڕوو گەنمی(لەمەڕ هەیکەلێ بەرچاو)لەخەڵکی باکووری ئۆڕوپا و وڵاتانی لێواری ڕۆژهەلاتی مەدیتڕانە و عاڕەب و فارسەکان لێک ناکرینەوە. کەمایەتیەکی بەرچاو لەکوردەکانی بەژن بڵیند و موو زەرد کە چاویان ئاسمانی یان خۆڵەمێشی یە،لە

سەر نەواریک کە لەگۆلی ورمێ(ئۆرمیە)لە ڕۆژئاوای ئێران و باشووری ئیراق هەتا سنووری سوورییە نشتەجێن، بی شک و دوو دڵی بنەچەکەو تۆرەمەی عەشایەری باشوورن، کەلە سەدەکانی ڕابردوو لە ئۆڕوپا بۆ ئەم ناوچەیە هاتوون. لەگەڵ ئەم هەمووە نیو سەدە پێش (ویلیام لین وسترمان)بە ڕووتێکردنی بەمە کە کوردەکان لە 2400ساڵ بەرلە زایین خێڵاتی و شوانکارە بوونە،گوتی: کە(کوردەکان زۆرتر دەتوانن داواکاری پاک و بێگەردی ڕەچەڵەیی بن-یانی بێگەردی قەومی،و بەردەوامی ئاڵگۆی مێژوویی بۆ سەردەمێک بەرلە ئەوەی کە هەریەک لە قەومەکان مەوجود لە ئۆڕوپا داواکاری وی بن.)
دەستەیەکی دیکە لە فرەزان و زانا یۆخ، سەربەرزی پێشەنگی لە کشت وکاڵ بە کوردە چیا نشینەکان دەدەن(لە 12000ساڵ بەرلە زایین). ئەمانە بوون کە بزن و مەڕو بەرازی دەستەمۆو چاندنی گیایان وەکوو گەنم وجۆ چاودار نیسک وجۆی دووسەر،نیسکیان ئاسایی کرد. دەستەیەک پێیانوایەکە یەکەمین کەڕەت لە هەزارەی حەوتم بەر لە زایین توانەوەی میس لە دەورو پشتی دیاربەکر (کوردستانی تورکیە) سەریگرتووە، کەرەسەی برنزی لە سەرەتای هەزارەی چوارەمی بەرلە زایین هەر لەو شوین زاهیر بووە. بە پێچەوانەی ئەو بەدەست هێنانانەی شیاوی سوپاس و پێزانین، ناوەندی پێشکەوتوویی ڕووی لە باکووریانی دەشتەکانی دووچۆمان(بین النهرین) بوو. لەم دەشتانەی ڕاستایی زەوی پێویستی بە هەبوونی بنکەو دامەزراوەیی کەرەسەی دەزگایەکی حکوومەتی بەسەروبەر وڕیک وپێک بۆ مانەوە بوو: یانی باج وپێتاک، ئەڕتەشێکی زۆرو پۆشتە بەچەک،دەم ودزگای بەڕیوەبردن، ونوسین... کەبۆ سەربەخۆیی لەشاخاوەیەکان ئاتاج بە وجوودیان نەبوو.

کەلێک هێرشکەر بەکوردستاندا تێپەر بوون. کۆچ وچۆجباری خێلاتیانی هند وئۆڕوپایی لە 1200-900 بەرلە زایین کوردستان و ئاسیایی باکووری ڕۆژئاوای بەوێرانی و ئاڵۆزی ئاژاو پشیوی ڕەکێش کرد. یەکێک لەم مۆملانە(مزاحیم)کی ئەخشارشی گەورە بوو، کەلە 612ی بەرلەزایین (نەینەوای)داگیرکرد وبە ژیانی ئەمپەڕاتووری ئاشۆڕ و 1500ساڵ دەسەلاتی چیانشینی دوو چۆمان دوایی هێنا. ئەو سەدەم کوردەکان بە دلێرووپیاوەتی بەغیرەتی وئازایی، بە تایبەت لە شەرەکانی چریکی، دەنگین بوون. لەماوەی سەدەکان و زەمانەکان، گەلێک لەکوردان لەگروپی دەزۆر لە ئەڕتەشی بیانی(بیگانە)-بێجگەلە ئەڕتەشی خۆیان-خزمەتیان کردوە. یەک لەوام لە هەنگەکانی تایبەتی ئەڕتەشی سوور،کە لەماوەی شەڕی دنیاگری دووەم شاری میسنگی لە دەسەلاتی ئەڕتەشی نازیەکان(ئاڵمانیە) ئازادکرد.
ناوبانگی کوردەکان وەکوو شەڕکەرانی بەهەیبەت و نەترس و بەغیرەت و بەخۆف،هەبوو. گزنفوون لە شوێنەواری خۆی بەناوی(ئاناباسیس،کە دەویدا بە هونەرنواندنی کوردەکان ئامازە دەکات کە خۆیان بە(کاردوخۆی) ناو دەبن، ئەبەدی کرد. ئەم شوینەوارە پاشەکشەی دەهەزار کرێگرتەی یونانییە، بۆ دەریایی ڕەش لە ساڵی 401 بەرلە زایین. ئەم گروپەی لە خزمەت، داواکاری تانج و تەختی ئێران بوون. گزنفوون دەنووسی:

(یۆنانیەکان شەوێکی خۆشیان بە خواردەمەنیەکی زۆر تێپەڕکرد. قسەو ئاخافتن سەبارەت بە ئەوشەڕانە بوو کە کردبوویان،چونکە بەناو ولأتی کاردووخۆییاندا تێپەڕیبوون و لە سەرجەمی ماوا دا شەڕیانکردبوو. و تەلەفیاتێکی کەلە کاردو خۆیی یان وێکەوتبوو لەشای ئێران و سەردارانی، تیسافرنس، وێیان نەکەتبوو.).
هێندێک دوایی وی،مێژوو نووسێکی دیکە بەناوی(دیودوروس)بەم ئاکامە گەیی کە زۆری دیکە لە خەڵکان لە ماوەی سەدەکان و زەمانەکان دەمیان بەمەدا هێناوە. ئەو دەنووسی: (کوردەکان لە قەلأی شاخاویەکانی خۆیان بۆ ئەڕتەشە کان و ئەمپەڕاتووریەکانی بیانی تەنگەژەو گیروگرفتی گرینگیان پێکهێناوە. دەبوایە بە زۆرەملی یان بە گرێدانی قوڵنامەوپەیمان ئەوانت لە وەدیهێنانی موشکیلە لە دەشتەکان گیراباوە.) بەڵام ئەم شۆڵە هەروەک وەسترمان دەنووسێ:(بەسەرنجدان بەمە کە زۆریان حەز لە تفەنگ هاویژتن بۆ هەر ئامانجیکی جولأوە تایبەت بەئینسان-هەبوو ئاسان نەبوو-ئە ئیلاقەو حەزلێکردنە ئارەزووەکە کە لەسەردەمی گزنفوون هەتا هەنۆکە هێندەلەکەمی نەداوە) ئەو هەروا دەنووسێ:(کوردەکان لە بەرانبەر وەرگرتنی باج و پێتاک و سەربازگرتنی حووکمڕانان بە مەبەستی نیزامی جواب جەنگیان دەکرد.

تێبینی:2-سەرهەنگ سیابند،کە کوڕی باربەریکی کورد بوو و بە بۆنەی ڕێزلێ گرتن لە قارەمانیەکانی کە لە بەرگری لە مسکۆ و شەڕی مینسک دەری بڕی، بۆ بە قاڕەمانی یەکیەتی سۆڤیت. لەکوردەکانی بەناوبانگی دیکەی سوپای سوور یەکەکیش فریق پۆڵاد بگف بوو کە بەدەستی سپی پێستان کوژرا.

چارەنووسی کوردەکان زوربەی پەیوەندی بە سەرکەوتنێک هەبوو کە لە بەرپەرچ دانەوەی هێزەکانی هێرشکەر بەدەستیان دەهێنا- و ئەم هێرشانە بە ڕیز لە سەردەمی شلمانسری سیوەم وسارگن دووەم لە سەدەکانی نۆهەم هەشتم بەرلە زایین دەستی پێکرد. ئەم دووە هێزەکانی سزادانیان بۆ کوردستان ناردن. ئەو چاخانەی کە بارودۆخ لەبارو بەدڵ بوو کوردەکان لە هەموو شوینێک بوون-لە قەراخ و لێواری مەدیتڕانە هەتا نزیکەی کەنداوی فارس. لەو زەمانانەی کە کوردەکان، جار سەدەکانی ئیسلامی بەکوردیان دەزانن-یانی لە سەدەی دەهەم هەتا دوازدەهەمی زاییینی- بەستێن و پانەگۆڕای سیاسی ئەوان، یان ئەوەی کوردەکان لە وی، بەرگریان دەکرد،لە ئاسیای ناوەندی هەتا هەلالی خەتیب و لیبی و یەمنی دەبەرەخۆ دەگرت، و بە بەرەکەتی ڕاهێنانی نیزامی و کۆچکردنەکانی خۆی بە بەرگری ودیفاع لە دڵی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست لە بەرانبەر هێرشەکان، بەتایبەت خاچ پەرەستەکان، ئالیکاری کرد. کوردەکان لە بەننایی و ئەستێرەناسی و مێژوو و حیساب و فەلسەفەو مۆسیقیش درەوشانەوە. بەناوباگترو دەنگینترین کوڕی کورد،سەلاحەدین، لە شاری تکریت هەڵکەوتوو لەلێواری دجلە چاوی بە دنیا هەڵێنا(لە دایک بوو)(کە جێگای لە دایک بوونی سەدام حوسین بوو). بنەماڵەی گەورەماڵەی وی لە خزمەت کردنی سەرۆکانی ناکورد بوو. مێژوو نووسان لەم بارەوە کە سەلاحەدین لە دەرجەی ئەوەڵ یان هەتا هەرخۆی بەکورد زانی بێت شک و گومانیان هەیە و دوو دڵن،و ئاقیدەیان وایە هیچ کات پێی لە کوردستان دانەنا.

خزمەتی کرێگرتەیی و نۆکەری لە دەرەوەی کوردستان شوغڵ و پێشەی چینەکەی بوو،هەرچەنە هێندێک مێژوو نووس ئاقیدەیان وایە کە ئەو زۆرتر خۆی بە سەربازی دیفاع کردن لە ئیسلام دەزانی هەتا کورد!
سەلاحەدین و باوکی و مامی-شی هەموویان لە ئەسل لە خزمەت حوکمڕانانی تورک و سوورییە دا بوون، و زوربەی لەشکرەکەشی تورک بوون. بنەماڵەی ئەیووبی کە سەلاحەدین بەناوی باوکی (ئیییوب)دایمەزراند بە دوو سەدە حکوومەتی شێعەکانی فاتمی لە میسر کۆتایی پێهێنا، و خەلیفەی سوننەی بەغدای بۆ سەرخەلافەت گەڕاندەوە. سەلاحەدین خاچ پەرستانی لە ساڵی 1187 لە شەڕی حتین تیکشکاند، و ساڵی داوی وی ئۆرشەلیمی لە ئەوان وەرگرتەوە، و ڕێچارد شیردڵی شکاند. سەلاحەدین کە بە هۆی کردەوەی ئینسانی کەلە هەڵس وکەوت و ڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ مەسیحیانی تێشکاو و خەراپخوازانی جولەکە نیشانی دا بە(ئەمیرێکی جوامیر)دەنگین بوو، لە 1174- هەتا 1193 سەلتەنەتی کرد و سەرزەمینی حکوومەتی ئەیووبیانی بەرفرەوان کرد. ئەم حکوومەتە هەتا کۆتایی سەدەی پازدەهەمی زایینی هەروا بە بەردەوامی ماوە. خانەدانەکانی دیکەی کورد لە قەفقازو کوردستانی باکوور و ناوەندی حکوومەتیان کرد.لەسەرەتای سەدەی سێزدەهەم تورکەکانی چادرنشین وردە وردە بۆ سەر ئاسیایی ڕۆژئاوا هجوومیان برد. هجووم کەرانی مغوول سەدەمەیەکی ئەوهایان لە کشت وکاڵ وکەشاوەرزی کوردستاندا کە سەدەیەک دوایی کوردستان تەنیا بە دابین کردنی یەک دەهەم بەرهەم بەرلە هێرش سەرکەوتوو بوو. کوڕی تەیمووری لەنگ لە 1393 دیاربەکرو ماردین و ناوەندیەکانی دیکەی کوردی کە هەنۆکە بەشێک لە وڵاتی تورکیەن تاڵان کرد. بەدوای شۆڕشێک لە لایان کوردەکان، تەیمورلەنگ بۆخۆی لە 1401 شارەکانی ئەربیل(هەولێر) و مووسڵ و جەزیرەی تاڵان کرد. کەمترلە سەدەیەک لە پاش وی،شەڕەکانی نیوان ئەمپەڕاتووری عوسمانی و ئێران، لە دوایی شەڕی چاڵدڕان لە 1514، زوربەی خاکی کوردستانی خاپوورکرد( لە شەڕی چالدڕان عوسمانیەکان شای سەفەویان لە نزیک گۆلی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی تورکیە شکەست پێدا) شەڕو وێرانیەکی بەرفرەوان، سەرهەڵداو لە وی، بۆ سەدەیەک لەکوردەستان بەردەوام بوو، و لەم ماوەیەدا عوسمانیەکان بە بەردەوامی ئێرانیان هەرچەند زۆرتر بۆلای ڕۆژهەڵات ئاژۆت، هەتا لە ئاکامدا لە سەر شوورەی سنوور ڕێککەوتن-کەبە ماوەی نزیک بەسێسەدساڵ بەقوەتی خۆی ماوە. هەر دوو ئەمپەڕاتووری بەمەش کە کوردستانیان بە شەڕگەی خۆیان گۆڕیوە بەسیان نەکرد، و بۆ بێ بەشکردنی یەکدی لە قەوای نیزامی سیاسەتی (زەمین سوتاویان) گرتەبەر، و دەستیان بە دوورخرانەوەی کوردەکان کرد.
دوورخراوەیی(تبعید) لە سەردەمی دوورو درێژ،یەکێک لە شێوەکانی جێگرتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. فاتحی چالدڕان،سولتان سەلیم-ی سەفاک عەشایەرو تیرەو هۆزی کوردی بۆ ئاناتۆلی ناوەندی و باشوور،بە تایبەت بۆ ناوچەکانی باکووری ئانکاڕا دوورخستەوە-تبعیدکرد-.زوربەی پاشماوەکانی ئەم دوورخراوانە ئەمڕۆکە هەروا لەم ناوچانە دەژین. داوینی دوورخراوەیی بۆ ئەفغانستان کشاندرا. بەڵام ئەم کارە لە بەرامبەر هەنگاو هەڵێنانی سەفەویان نموودێکی ئەوهای نەبوو: سەفەویەکان سەدان هەزارکوردیان-و هەروا ژمارەیەک ئازەری و ئەرمەنی و تورکمەن- بە زۆرەمل بۆ ناو ئەمپەڕاتووری سەفەوی کۆچاندن. لە

ساڵەکانی 1534- 1535 سەفەویەکان کە لە بەر لە شکرەکانی عوسمانی ڕایاندەکردو هەڵدەهاتن،بە فکرکردنەوە و بە دواداچوون لە ڕێوەڕەوێشێکی دیاریکراو،گەلێک لە شارەکان وگوندەکانی کوردیان وێران کردن، کشت و کاڵیان ئاگر تێبەردا،کارێزو وکانی و کانیاو بیرەکانیان کوێر کردنەوە، دەم و دەزگای ئاوداشتنیان کاول و خەراپ کردن.

هێندێک پاش، هەرلەم سەدە، شاعەباسی ئەوەڵ پڕتاوی بەم جەرەیانەدا. ئەوکوردانەی کە لە زێدی خۆیان هەڵقندرابوون و هەتلە ببوون بۆ ڕۆژهەلاتی ناردن: سەرەتا بۆ ئەولای سنوور بۆ ئازەربایجان،پاشان بۆ خوراسان،لە بەرامبەر تورکمانەکان کە هێشتا لە وێ ماوەتنەوە-یانی هەزارمیل دوور لە شوێنی لە دایک بوونیان. بەمجۆرە سەفەویەکان عەشایەری چەلاخ و یاغی و ملکەچ نە کەری کوردیان لە کەوشەنەکانی ڕۆژهەلاتی خۆیان هەڵقەندن و سەیر ئەمە بوو ئەوانیان بۆ پارێزگاری و پاراستن لە شوێنەکانی ئاڵۆزی دیکەی ولات دانان. عەشایەری دیکەی کوردیان بۆ ناوچەکانی دوورتر بەرێکردن: بە هندوکش لە ئەفغنستان و بلوجستانی ئەمڕۆ.

دەسەلاتی خێلاتی(چادرنشینان)لە سەرکۆمەڵگای یەکجێ نشینانی کورد، ئاڵگۆی زوانی لە ناوکوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هێنا. زبانی کوردی پەیوەندار بە لکەکانی ئاریایی زبانەکانی هندو ئۆڕوپاییە،و لە زوانی فارسی زۆر نزیکە. بە وتەی پسۆرانی زوانناس، ئەم نزیکی یە، وەکوو نزیکی زبانی دانمارکی لەگەڵ زبانی ئاڵمانیە، کوردەکانی سەرەتایی بە زبانێک بەناوی (پاڵەوانی) دەئاخافتن کە لە زنجیرە چیاکانی زاگروس،کە دڵ و ناوەندی کوردستان بوو و ئێستا بەشێک لە تخووبی ئێران و ئێڕاقە،زبانێکی بە دەسەلاتداری ناوچەبوو. بە درێژایی سەدەکان، کۆچکردنی بۆ باشووری ڕۆژئاوا،ئەو جێگایەی کە ئەمڕۆکە(هەنۆکە)کوردستانی تورکیەیی پێدەگوترێ، بەستێنی ئەم زوانەی بەرفرەوان کرد.

بەلام بە لە بەریەک هەڵوەشانی کۆمەڵگای یەکجێ نشینی کورد لە درێژایی سنوورەکانی ئێران و عوسمانی و ناوچەکانی ئەولای لە سەدەی شازدەهەم، زبانی پالەوانی ڕۆژ بەڕۆژ زۆرو زۆرتر لەکەمیداو لە جەرەیان وەدەرکەوت، و جێگای وی کوردی کرمانجی گرتێەوە، کە زوانی کوردانی خێلاتی (چادرنشین) بوو کە لە چیاکانی حەکاری هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ سەریان هەڵدابوو. کرمانجی و پاڵەوانی هەردوو، دوو لهجە گەورەو تایبەت بە خۆیان هەیە. زبانی پەڵەوانی ئێستا کە بەرامبەری یەک کاریان پێدەکرا. نزیکەی ملیون ونیوێک کورد بەوبیچمەی کە گۆرانی پێ دەگوترێ و جێگای وی بەجۆرێکی زۆر کوردستانی باکووری ئێرانە، قسەی پێدەکەن. و شێوەی دیکەی (زازا)یە لە کوردستانی تورکیە،زۆرینە لە تۆنجلی و بینگۆل و سیوەرک ودەورووپشتی وێ پیی دەدوێن. جگە لەمە لەو ناوچانەی لە دەورووپشتی مەلاتیە و ئادیامان و مەڕعەش-یش بەم زوانە قسە دەکەن. عەلەویەکانی تورک وکورد و هەتا ژمارەیەک لە کوردەکانی سوننە مەزەب-یش بەم زوانە داخۆن، عەلەویوکان گروپێکی مەزەبین شیاوی دەست و پێی ئیسلامی و بەرلەئیسلامن. زبانی گۆرانی لە مەڕ مێژوویی زبانی ئەدەب و کۆمەڵگای خاوینی سەرجەمی کوردستان بووە.

کرمانجیش بە لکی دە باشووری و باکووری دابەش بووە. لکی باکووری وی،سورانی پێ دەگوترێ کە زۆرینەی کوردەکانی ئێران و ئێڕاق قسەی پێدەکەن. لکی باشووری،یانی بادینانی زبانی کوردەکانی ئێڕاق و ئێران و زۆرینەی کوردەکانی کوردستانی تورکیەیە. تەخمینی لێدەدرێتەوە کە سێ چوارمی کوردەکان هەنۆکە بەو زوانی قسە دەکەن. خەڵکانێک کە بە زوانەکانی کرمانجی و پاڵەوانی قسەدەکەن بەلانی زۆرەوە نزیکەی نێوە لە قسەکانی یەکتری حاڵی دەبن. پسپۆران پەیوەندی ئەم دوو زبانەیان بە پەیوەندی زبانەکانی فرانسەو ئیتالیایی شوباندووە.

تەنیا بەشێک لە نوسینەکانی بەرلە سەدەی هەفدەهەم لە فەتارات ومسیبەتی سەدەکان و زەمانەکان پاراستراون. کرمانجی لە سەدەکانی شازدەو هەفدەهەم ئەو ڕادەیە جێگای خۆی گرتبوو کەلە سێ حەماسەی نویی کوردی دەکارکراوە. (شەرفنامە) نووسینی شەرفەدینی بتلیسی)بە یەکەمین مێژووی سەرانسەری کوردستان دەزانن. نووسەری کتێب لە(تووک ونزاو دوعایەک) سکاڵا دەکات کە پێغەمبەری ئیسلام دەرحەقی کوردانی کردوە،کە هیچ کات یەکگرتوو نەبن،لەم ترسەوە مەبادا شەڕکەرەکانیان جەماوەری دنیا بخەنە ژێرحوکم وفرمانی خۆیان. بایی ئەم تەفرەقەو لێک بڵاوبوونە لە شوێنەواری (ئەحمەدی خانی)بە ناوی(مەم وزین)یش مەوزوعی ئەسلی چیرۆکەکەیە،مەم وزین جۆرێک(رومیوو ژولیت)ی کوردیە، کە لە تاسەو ئارەزووی خەڵکی کورد دەدوێ. (دمدم)حەماسەیەکی خۆڕاگری یانی(ماساداگونە)ی حەسەن خانی لەپ زێڕین)ە لەبەرامبە رشاعەباس گوتوویەتی: حەسەن خان لە سەرۆکەکانی مەزنی عەشێرەی برادۆستە کە هەنۆکە دانیشتووی باشووری ئێراقە.

لەم سەدەیە، سۆرانی لە نەبوونی لەهجەیەکی مەزنی دیکە بە جێگۆڕینی قسەکەری فەرهەنگی خەڵکی کورد گۆڕاوە. قسوورەکانی ئێڕاق لە بەستێنەکانی جۆراوجۆر هەرچ شتێک بێت،ڕاستی ئەمەیە کەئەم وڵاتەش چ لە سەردەمی سەرپەرشتی بریتانیا و چ لە سەردەمی حکوومەتی عارەب بەهەرحال-هەرچەند بەدڵ نیگەرانی-ئازادی فەرهەنگی بەکوردان داوە، و بەغدا ئەگەرچی بە وەردی چاپەمەنیەکانی کوردی سانسوردەکات و دەپشکنیتەوە لەگەڵ ئەم هەمووە خولاسە کەلک وەرگرتن لە زبانی کوردی لە ڕۆژنامەکاندا و هەروا لە گۆڤارەکان و کتێب و ڕادێو وتەلەفزیونی تەحەمل کرد. و هەروا لە پەروەردەو فیرکردن-لەسەرتایی بگرە هەتا زانستگا. لە ئاکامدا زێدەتر لە هەشتا لە سەتی  کتیبەکانی کوردی بڵاوبۆوە لەم سەدە بە زبانی سۆرانییە. ئەمە لە هێچ کام لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕابردووی نییە. بۆ نموونە لە تورکیە هەتا ساڵی 1991 کە سەرکۆمار تورگوت ئۆزل یاسایی گۆڕی، ماوەی نزیک بە حەفتاساڵ لە پێکهێنانی جەمهووری بەم لاوە تەنیا بڵاوکراوەی کوردی بڵاوکراوەیەک بوون کە لە ئۆڕوپا چاپ دەکران و بە دزی و بە قاچاعی وارد دەبوون.

لەم بابەتەدا تاوانی زۆرتری مەسەلە ڕووی لە دەوڵەتەکانی ئۆڕوپایی دەکات. لە ژوئیەی 1923 ئاتاتورک بۆ بەدەست هێنانی بیروڕای دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی ئاستانبۆڵ،لە ماددەی

38ی پەیمانی لۆزان، دەستەبەر بووکە (هیچ جۆرە لەمپەرو بەرتەسکی و گیرەوبەهانەیەکی بۆ کەلک وەرگرتن لە هیچ کام لە زبانەکانی نەتەوەیی تورکیە چ لە رابیتەی تایبەتی، پێشەسازی،مەزەبی، چاپەمەنیەکان یان بڵاوکراوەکان وهەروا لە کۆبۆنەوە وگشتی بەکارنەهێنێت.)بەڵام شەڕ رەگی حەیاتی زلهێزەکانی رۆژئاوای گرتبوو،وبریتانیا بەتایبەت پێیخۆش نەبوو پارەو دیپلۆماتیکی زۆتر لە بەرانبەر لەگەڵ ئاتاتورک لە سالێک پێش لەوی یۆنانیەکانی داکۆکی لێکەری تێکشکاندبوو خەرج بکات. جگە لەمە لندەن حەزی لەمە دەکردکە داکۆکی ئاتاتورکی دژی یەکیەتی شوورەوی بەدەست بێنێت، و بڕیارگربوو لەسەرئەمە کە سەبارەت بە دیاری کردنی سنووری تورکیە لەگەڵ ئێراقی ژێرسەرپەرستی کە دەبوایە چالاوەکانی نەوتی پاراسیبوایە ئاشتی بکات. ئاتاتورک کە بەباشی بێ ئیشتیایی رۆژئاوای لە بەرامبەر خۆی چێژتبوو لە ئۆکتۆبری ئەوسالێدا جەمهووری راگەیاند، و دوایی چەند مانگ خەلافەتی عوسمانی بێ بایەخ راگەیاند و سەرجەمی قوتابخانەکان و بنکەکان و چاپەمەنیەکانی کوردی لەگەڵ تریقەتەکانی بەهێزی تەسەوف و دەروێش و ناوەندیەکانی دینی یاساخ و مەمنووع کرد... خولاسە،ئەمەش لە مافی فەرهەنگی خەڵکی کوردی تورکییە.

لە سووریيە لە دەورانی سەرپەرشتی فرانسەویەکان بڵاوکراوەی کوردی رەواج و برەوی پێدەدرا،بەلام کاتێک سوریيەلە 1946 سەربەخۆبوو ئەم بەڵاوکراوانەش یاساخ بوون. حوکمڕانانی ئێران لەرەزاشا- لە نیوان دوو شەڕ-بگرە هەتا رێبەرانی ئایینی کۆماری ئیسلامی کەلک وەرگرتن لە زبانی کوردیان لە پەروەردەوفێرکردن یاساخ کردوە- هەڵبەتە لەگەڵ دوو جیاوازی بەرچاو و تەمەن کورت: لە کۆماری مەهاباد لە 1946 و چوارساڵی ئەوڵی دوایی ئینقلابی ئایەتووڵلا رووح ڵلا خومەینی لە 1979 . لەیەکیەتی شوورەوی لە کۆمارەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان کە ژمارەی زۆرینەی کوردان دانیشتووی وێن، لە زبانی کوردی لە پەروەردەوفێرکردن کەلک وەردەگێرا، بەڵام ئەم مەسەلە یارماتیەکی بۆ جەماوەری گچکەترنەبوو کەلە سەردەرانەی شەڕی دنیاگری دووەم بە فەرمانی ئیستالین بە سەرکۆمارەکانی دیکە ئاسیای ناوەندی دابەش و تەقسیم کرابوون.

ئەگەربۆ هەڵبژاردنی زبانێکی نموونەی پەسەندکراو یان هەمووڵایان،بەهۆی فیرکردن،ئەم تەوفیرو جیاوازیانەی زبانی رێگریەکی تەواو نەبێت،دیسان مەسەلەی چەند شێوە نووسینەکە، کوردەکان لەیەکدی هەلداوێرێ. گۆرانەکان لە ئێران شێوە نووسینی فارسیان دەکاردەکرد،سۆرانی لەئێران و ئێراق لە شێوە نووسینی فارسی و عارەبی کەلک وەردەگرێ-و بادینانی لە ئێراق بەم شێوەیە. بەڵام کوردەکانی تورکیەی دانیشتوو، و نشتەجێی دەرەوەی وڵات شێوە خەتی لاتینی لەکاردەکەن کە ئەمیرکامران بەدرخان لە ماوەی دەورانی سەرپەرشتی لە سووریيە دورستی کرد. کتێبەکان رۆژنامەکان وگۆڤارەکانی کە بەچەشنێکی

نهێنی و قاچاغ دەگەێنرێنە تورکیە بەم شێوە خەتەی لاتینی نووسراون. کوردەکانی یەکیەتی شورەوی ڕابردوو لە شیوەی خەتی سیریلیک کەلک وەوردەگرن.

هەموو ئەم دەستەوپەستەیە،جگەلە گۆشەگیری و تەنیایی سەرزەمینەکانی شاخاویی چەخت وتەلان وهەڵەمووت هۆکاری نائومێدی نەتەوەیی خوازییە کە ئاقیدەو بۆچوونیان یەکیەتی خەڵکی کوردی لە بەکارهێنانی ئەلفبای و شێوە خەتێک کەبۆ سەرجەم کوردەکان هۆی لێکترحالیبوون و لێک تیگەیشتن بێت باشتردەکرا دابین بکرێ. ئەم خەڵکە بەوهەموو فەتات وناراحتی دەبینن کە عەرەبەکان لەگەڵ ئەمە کە عارەب وڵاتانی جۆراوجۆر زوانی یەکدی تێدەگەن سەردەمێکە کەزبانی عارەبی هەڵسەنگان ونموونەی خۆی بەسەرهەموواندا داسپاندوە. پشتیوانەی ئەم مەسەلە سروشتیەکە سەنگایی وەزن و ئیحتووباری قورئانە. سەروسامندانی زبانی ئاتاتورک لە دەیەکانی 1920و 1930 ئەلفبای تورکی بە لاتینی گوڕاند و لە زۆر وشە و لەفزی عارەبی و فارسی لێ هەلپەرتاوت. ئەدبیاتی کۆنی ئێران ئێستاش هەروا وەکوو کەرەسەیەکی یەکگرتوو و بەهێزلە قەوارەی نووسینی فارسی دا خۆی دەنوێنێت.

هەتا لە مەسەلەی مەزەبی-ش کوردەکان لەگەڵ یەک ناکۆکیان هەیە. نزیکەی 75لە سەتی ئەم خەڵکە سوننە مەزەب وکرمانجی زوانن،بەڵام کەمایەتیەکی بەرچاوش هەن کە نزیکەی یەک هەتا یەک ملیون و نیون، ئەم خەڵکە لە لێواری باکووری کوردستانی ئێران، دەوروپشتی هەمەدان وکرمانشا، و لە ئاو دڕوکەندالەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران،یانی خۆراسان دانیشتوو نشتەجێن. سروشتیە هەڵەمووتی کوردستان وەکوو چیایی لبنان لە کۆنەوە حاشارگەی کەمایەتیەکانی دینی بووە کەلایانگرو جامینخوازانیان لە ترسی ئازارو ئەشکەنجە و ئەزیەتی حاکمانی دینی بەدەسەڵات وایان بەباش زانیوە کە مەزەبی خۆیان نەدرکێنن و ئاشکرانەکەن،لەبن ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی ناەڕاست شتێکی ئەوها وجوودی نییە : ئەم کارە بە (تەقیە) ناودێربووە، بەم مانایە گروپەکانی وەکوو(دروز)یەکان عەلەویەکان کەلەلایان دوو مەزەبی بەهێزی سوننە و شێعە گومانی دژی شەرعیان لێدەکرێ بە ڕەواڵەت ڕێچکە بەستووی مەزەبی جەعفەری بە دەسەڵاتی ناوچەن و بەنهێنی سەریان لە پێناوی مەزەبی خۆیاندایە. خەڵک کە بە گۆڕانکاری زوربەی لە نەکاوی دەسەڵاتی سیاسی عادەتیان گرتووە فێربوونە کە بەکات و هەڵ مەرج دین و ئائینیان بگۆڕن یان بە دەستەوداوین بەرێگا چارەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ بکەن و ڕەنگی پێویستی ناوچە بە خۆیانەوە بگرن. لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوو کۆمەڵێکی زۆر لە کوردەکانی بە جوولەکەو مەسیح و ئیسلام وەرگەڕاون (زۆرینەی جولەکەکانی کوردستان کە زۆرایەتیەن لەئێراق دەژیان هێندێک دوایی دامەزرانی وڵاتی ئیسرائیل لە 1948 وڵاتی خۆیان بەجێهێشت، ئەوانەی کە مابوونەوە چەندسەت کەسێک زێدەتر نەبوون لە نێوەڕاستی ساڵەکانی دەیەی 1990 لەوڵات ڕوین. مەسیحیەکانیش وردە وردە بۆ ئۆڕوپایی ڕۆژئاو کۆچ دەکن).

لەمبن نێوەدا زۆرایەتیەکی گەورە لە کوردەکانی نامووسڵمان لایانگرانی دینی گەلێک قەدیم پێکدێنن کە زوربەیان بە ئائین پەرستی(فرشتەکان) ناسراوە. ئەم ئائینە کە ئاقیدەی بە ڕزگاری جەماوەرێکە کەلە ئیسلام گەلێک کۆنترە، هێشتا لە بوونی سێ گروپی دیاریکراو لە یەکدی جیاواز، کە لە زێدەتر ڕیگایەکی هاوبەشی دیاریکراویان پێکەوە نییە-لە کوردستان ژیانی خۆیان بەردەوام دەکەن: عەلەویەکانی ئەهلی حەق و یەزیدیەکان. ژمارەی لایانگرانی ڕوو لە کەم بوونەوەیە،بازێک لە پسپۆران عەمر ژمارەی ئەوان بە یەک چوارەم-هەتا یەک سیوەم-ی سەرجەمی جەماوەری کوردستان بەرئاورد دەکەن، هەرچەند ئەم ئەرزیابیەش وەکوو شتەکانی دیکەی پەیوەند بەکوردستان ئیمکانی هەیە پەیوەنرابێت و زۆرکرابێت. ئەم سێ گروپە بەگشتی لە ئاقیدەو بۆچوونێکی بنەڕەتی هاوبەش، کەلە بازێک بابەت لە کتێبی پیرۆزیاندا نووسراوە، و لە بابەتەکانی دیکە سینگ بەسینگ هاتووە: وئەو ئاقیدەی بە ڕووناکی حەوت کەون لە پشت سەری یەکە، کە کائیناتی لە بەرامبەرهێزێکی حەوت جورەی هەلاوەسراوو تاریکی مادده، پارێزگاری دەکات. عاڵەمی ئافەریدە لە سەر ڕادەیی خولڵقکردنی(مرواریەک)یان (تۆی دنیا)ئاشکرا دەبێت،کە سەردەمێک گیان یان جەوهەری ئازاد دەویدابوو. بۆ نموونە (مەسحەف)کتێبی دینی یەزیدیەکان، دەڵێت:(لە سەرتا خوداوەند مرواریەکی سپی لە باشترین جەوهەری وجودی خۆی وەدیهێنا،دوایی تەیرەکی بەوجوودهێنا بە ناوی (ئەنفار)پاشان ئەو مرواریەی لە سەرپشتی تەیریکە جێ بۆکردەوە و(بۆخۆی)چل هەزارساڵی دەویدا ماوە.)ئەم ئائینە ئاقیدەی بەدەرچوون ڕووح لە لەشێک بۆ لەشەکی دیکە هەیە، لە ڕێگای موجەسم کردنی دووپاتی خوداوەند،کە وەدیهێنەرو ودانێنەری لەشەکانی گەورو گچکەیە. لایانگرانی ئەم ئائینە ئاقیدەو بپچوونیان ئاوایە کە لە پێکهێنانی دنیای ماددی خیروشەڕ بەڕادەیەک گرینگن.

هەموو ئەم گروپانە لە پشت سەریەک کەوتوونە بەرئازارو ئەزیەت و عەزابی پیاوانی ئائینی سوننەو شێعە-سەبەبی کردەوەی ئەم عەزاب و ئازارە،زوربە خۆدی هاوڕەچەڵەکانی کوردیان بوونە. ئەزیەت کەرەکان لایانگرانی ئەم مەزەبانیان بە سەرجەم کردەوەی ناشەڕعی لە نوێخوازی لە دیندا هەتا گۆڕینەوەی ژنەکانیان لە جەژنەکان لە پەنا تاریکی تۆمەتبارکردوون. ئەم ئائینە بە سانایی ڕێنوێنی پێشوایانی دینەکانی دیکە قەبووڵ دەکات،و بەتایبەت بۆ گەورەپیاوان و ماقولانی جوولەکە و مەسیحییەت و ئیسلام و زەردەشت ڕێزو ئیحتڕام دادەنێت: بۆ ڕێزدارانی بەرلە ئیسلام وەرگیراولە ئائینی(شمنی)-ش کە هجووم کەران لەگەڵ خۆیان لە ئاسیای باشوور هێناوە ڕێزوحەڕمەت لێدەنێت. ئەم ڕێککەوتن وتەوافقە) زوربەی ئاسایی و بەدڵ پاکی نەبوە،لە ڕاستیدا زێدەپاروەک بووە کە بە مەبەستی فریودانی ڕەخنەکەرانی دینی و پاراستنی دۆخ و هەڵکەوت و مەوقعیەتی خۆی و شوێن تێکەری دەواندا بە وانی دەدرا.

بۆ نموونە عەلەویەکان کە لە سەدەکانی پازدەهەم هەتا هەفدەهەم زۆرترین شوێن تێکەریان هەبوە، مەزەبی شێعەیان لە ئێران بەتوندی خستەژێر کارتێکەری خۆیان،و بە پێچەوانە بازێک لە مێژوو نووسان

هەتا ئەم مەزەبەیان یەکجاری دەخۆیاندا تواندەوە. هەتا یەزیدیەکان کە هەنۆکە بچووکترین گروپ لەم دەستەنە لە سەردەمی سەلاحەدین کۆمەڵگایەکی تەژی لە ئاسایش وڕاحەتیان هەبوو، کە گۆڕەپانی دەسەڵاتیان لەو چیایانی کە دەڕوانێتە ئانتالیە و مەدیتڕانە درێژ دەبۆوە. لە سەدەی سێزدەهەم شوێن تێکەریان ئەوهێندەبوو کە ناوچەکانی بەرفرەوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ مەسیحی نشین و چ موسڵمان نشین-لە مەدیتڕانە بگرە هەتا تورکیەیی ناوەندی، و کەرکووک لە ئێراق، و گۆلی ورمێ لە ئێران چوونەتە سەردینی ئەوان. بە وتەی (شەرفنامە)لەکۆتایی سەدەی پانزدەهەم لە سی بەرەی تایفەیی یان قەبیلەیی کورد،حەوت بەرە بەتەواوی یەزیدی بوونە.

عوسمانیەکان وەکوو فەرمانڕەواکانی دینی و دنیایی دنیای سوننە مەزەب، ئەم گروپەیان جار بە هۆکار و دەلیلی ئەمنیەتی و ئاسایش و جار بە بۆنەی تازەکاری لە دیندا، ئەزیەت کردوون. سەرەتا هەموو عەلەویەکانیش ئەو زوڵمەیان لێکراوە لە عەزاب دابوونە،ئەمە سەردەمێک بوو کە سوڵتان سەلیمی خوینڕێژ لە دوایی شەڕی چالدڕان ئەو بەشە لە خاکی ئێڕان کە لە ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلی هەڵکەوتبوو بەخاکی عوسمانی هاوپێچ کرد. ئەوچل هەزار عەلەوی بە تاوانی بە سبووت نەگەیشتووی(ئێران دۆستی) کوشت. چوارسەد ساڵ دوایی کۆماری نامەزەبی کەماڵ ئاتاتورک لە ساڵەکانی 1937-1938ئەم شێوەیەی بەسەرکوتی (پێشگیرانە) و دوورخرانەوە بۆ زوربەی عەلەویەکان بەردەوام کرد،و بەمجۆرە بوغزو غەرەزی نەسلەکانی داهاتووی عەلەویانی بەرفرەوان کرد. چاکتری مەزەبی عەلەوی لەمە دایە کە بەو ڕادە کە لایانگرانی کوردی هەیە لایانگرانی تورکیشی هەیە-ئەگەرژمارەی تورکەکان زێدەترنەبن. ئەم خەڵکە زۆرینەی لە دەوروپشتی تونجلی و ملاتیە(هەڵکەوتوو لە ئاناتۆلی ناوەندی) نشتەجێن. بازێک لە خاوەن نەزەران ژمارەی جەماوەری عەلەویانیان بە /20لە سەتی سەرجەم جەماوەری(کوردستان) بەرئاورد دەکەن.

یەزیدیەکان کە زۆرتر لە هەموان عەزاب و ئازار کراون، بە هەڵە ئەوان بە(شەیتان پەرەست) ناودەبن،لاینگری دینەکن،لێکدراوەو هەڵشیلاوە، بریتی لە زەڕدەشتی،ئنویەی ئێرانی،یەهوودی، و مەسیحی، ئیسلام. ئەم خەڵکە لە ئاو دڕو کەندالەکانی جیاوازو جیاکراو لەیەکتر،بەتایبەت لەباکووری تورکیە و نزیکی سنووری لەگەڵ سووریيە و ئێراق، و لە ناوچەکانی(جەزیرە) و عەفری، هەڵکەوتوو لە باشووری سووریيە، و لە باشووری ڕۆژئاوی ئێراق،یانی لە دەوروپشتی جبل سنجار و باشووری مووسڵ دانیشتوون. بەپێی بەڵگەی لە بەردەست دا، دەوڵەتی عوسمانی بۆ وادارکردنی ئەم خەڵکە بۆ سەردینی ئیسلام لە مابینی سەدەکانی هەفدەهەم هەتا بیستەم نزیکەی بیست کەڕەت بۆ ناوچەی جێ دانیشتنی ئەم خەڵکە لەشکرکێشی کردوە،ئەم لەشکرکێشیانە دایم و دەرهەم لەگەڵ کوشت و کوشتارو تالان و بڕوو دەست درێژی بۆ سەرژن و کیژی ئەوان بووە هەتا لێیان زەوت کردون. ئەم لەشکرکێشیانە لە سەریەک گەلێک لە

خەڵکەی بۆلای باشوور و قەفقازی ڕووسیە هەڵوەداو پەڕیوەکرد. لەم سەدەدا گەلێک لە ئەوان بۆ ئۆروپا،بە تایبەت ئاڵمانیە، کۆچیان کرد. ئەم خەڵکە بە حوکمی ئاقیدەی مەزەبی لەبەرکردنی جل و بەرگی شین،و هێنانە سەرزوانی لەفزی (شین)لەترسی ئەمە کە(شەیتان)ی بێنێتەوەبیر،و هەروا خواردنی کاهو بە حەرام دەزانی. لە ئێراق کە ژمارەیان زێدەتر لە60000/کەس نییە بەڕادە لەگەڵ جەماوەری خۆیان لە حکوومەتی سەدام حوسین گەلێک سەدەمەیان وەکەوتووە.

تێبینی: یەزیدی دینی بنەڕەتی کوردەکان بووە. یەزیدەکان خاوەنی دینی ڕەسەنی کوردین،کە نەچوونە ژێرنیری کویلەتی عارەبی دەشتەکی و دینی بەزۆرەملیان قەبووڵ نەکردوە. و ژمارەی ئەوان هەنۆکە لە کوردستانی فیدراڵی باشووری ئیراق ئیکجارزۆرە ، هەنۆکە کە کوردستان ئازدابووە لە پاوانی عارەبان هاتۆتەدەر ئازادن. دیارە هەمووکوردێکی ڕۆشنبیریش ئەم مەسەلە دازانی پێویست بە شیکردنەوە ناکات.(وەرگێڕی کوردی)

ئەهلی حەق کە زورتر بەئەهلی باتین(باتینیە) ناسراون لە دوو لای سنوورەکانی ئێران و ئێراق نشتەجێن. کە کاتێک باش لێبرِوانین دەزانین ودەبینین کە ئەم حالات و چلۆنایەتی تایبەتی لەسەریەک سەرجەم خسوسیات و تایبەتمەندیەکانی زۆرینەی خووخەدەی کۆمەڵگای چیاکانن. لە پەیوەندی لەگەڵ کوردەکان بەرەوالەت بۆخۆیان یەکتری هاو وزن و هاوسەنگ دەکەن: لە شوێنێک بە بەرزبوونەوەی ورەی نەتەوەیی و نەتەوەخوازی ئالیکاری و یارمەتی دەکەن و لە شوێنێکی دیکە مەسەلەی چاوەدێری و بەهێزکردنی دەسەلاتی حکوومەت. کێ بەرکێ و کێشمەکێشمەکانی تیرەیی و عەشایەری و قەبیلەیی چەندین جارو دەیان کەرەت بزوتنەوەکانی نەتەوەیی کوردیان لە هێز بەتاڵ وخاڵی کردوە، و کاری ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم خەڵکە بە بەربەرەکانی لە بەرامبەرئەواندا ڕاست بۆنەتەوە سانایی کردوە. کاری ناکۆکی و دوژمنی و کوردەکان پێکەوە تەنیا نوسخەی ڕۆژهەلاتی دوو بنەماڵەی-هت فیلد و مک کوی نییە-کەلە وی بە بوغزو غەرەزو دوژمنایەتی لۆچێک خەڵکی هەژارو بەلەنگازی دیهاتی لێک بدرێتەوە.

دەژمندارییەکانی عەشیرەیی ئەو هێندە بەهیز بوو کە بڕیاری عەشیرەیی بە لکان بە بزوتنەوەی نەتەوەیی زورجار سەبەبی دەبوو کە عەشیرەیەکی دیکە خۆی لە مەسەلەکە لاتەریک بکات یان هەتا پارەو چەک لە حکوومەت وەربگرێ ولە ڕەخ هێزەکانی حکوومەت لەگەڵ بزوتنەوە بەرنگاربێت. هەتا تیرەکانی ناو عەشیرەیەک پێکەوە ئامبازو ئامبەلۆزی یەک بوونە. مەلامستەفا بارزانی کە لەم سەدە،هەتا لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێراق،بۆ ڕاکێشانی هەست و ئیحساساتی خەڵکی کورد سەرکەوتوویی وەدەست هێنا،زور جار لەگەڵ ژمارەیەک هێزەکانی عشایەری لایانگری حکوومەت دەرگیربوو کەلە مەڕ ڕادەی سەرئەژمێری لەگەڵ ئەوکۆمەڵەی کە لە ڕەخ وی دەجەنگین بەرانبەریان دەکرد.

خەیانەت لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕابردوو‌کی زۆر دوور و درێژی هەیە. لە حەماسەی بابلی بە ناوی(گیل گمش)کەلە چوار هەزار ساڵ لە تەمەنی وی تێپەڕ دەبێت،(انکیدو) کە مرۆڤێکە ئاسایی لە ناوچەی زاگرۆس،لە تەڵەی ئەوینی یەکێک لە دانیشتوانی شۆخ وشەنگی عیبادتگای ئیشقی دەشتەکان گرفتاردەبێت،و بەم جۆرە بە جانەوەرانی نادەستەمۆی چیا کە دۆستی وین خەیانەت دەکات. چیرۆکەکی وەکوو چارەنووسی فەرهادی دەگێڕێتەوە کە پەیکەر تراشێکی کوردە،کە دڵ بە  ئێشقی شیرن خیزانی خوسرەوی دووەم، پاڵشای ئێران لە سەدەی حەوتەمی بەر لە زایین دەدۆڕێنێت. شێرن ئەو وادار دەکات کە چیای شوێنی لە دایک بوونی وێران بکات بەڵام هەروەک شێوەی خەڵکی دەشت نشێنە بە وی خەیانەت دەکرێ،فەرهاد لە لەپی ناهومێدی، خۆی لە چیایەک کە خەریکی وێرانکردنی بوو، هەڵداشت.

تێبینی: مەرجەکە ئەمە بوو کە فەرهاد کۆشکی تێدا سازکات،فەرهاد خەریکی کاری خۆی بوو و بەشێکی زۆری لە کوشک لە بەرداتراشی بەڵام کە بەدرۆ جەربەری مەرگی شیرینیان پێدا بەوکولێنگەی کەبەردی پێ دەتاشی لەسەری خۆیدا وخۆی کوشت. (شوێنەکەش چیایی بێستوون بوو.)بیستوون راعشق کندو شهرتش فەرهاد بوو.(وەرگێڕی کوردی)

بەڵام مێژووی کورد تەژی لە غەدرو خەیانەتی کورد بە کوردیشە، (قارەمانەکان) چیرۆکەکانی ئەم خەیانەتانە،گەلێک جارسەرۆکی بێسیوادی عەشایەر بوون،کە لە بەرامبەر دەرس خوێنەکان و رۆشنبیران و پەروەردە  کراوانی شاری ڕادەوەستان. هەروا ناکس وعەیەلۆرو نەزانان لە هەر دوو گروپ،کە حازر بوون بە بۆنەی قازانج و مەبەستی زۆ تێپەڕ بە سازی حکوومەتەکان وەسەما بکەون. لەم سەدە سەرۆکانی عەشایەری دانیشتووی چیا کە توانایی کۆکردنەوەو فەرماندەری هێزەکانی ڕیک وپێک بوون بە کارتێکردن لە حەزو مەیل بە تاڵان و دابین کردنی مەبەستەکانی بەرتەسک نەزەرانەی ناوچەیی لە بەرامبەر هەلبژێردراوان و لێهاتوانی شاری کەلە ئارەزو تاسەکانی مللی نەتەوەیی پارێزگاری و داکۆکیان دەکرد بەڵام هێزێکی بەبارهێنانیان نەبوو،سەفیان ڕاچاند.
ئەم کێشمەکیشمانەو ڕوو بەڕوو بوونانە ئاوینەی باڵا نوێنی تۆفانێکە کە لە کۆنەوە نێوان چیا نشینەکانی جەنگاوەرو یەکجێ نشینان و(پێشکەوتوویی) دەشتەکان وجوودی هەیە. بە هاتنی ئەم سەدەیە تەژی لە مسیبەت بۆ(کوردەکان)کێشمەکێشمەکانی کە کوردەکانیان لە بەرامبەر دەوڵەت، بەتایبەت لە بەرانبەریەک، ڕادەوەستاند،گوڕی بەست. گۆشەنشینی و نەزانی، دەستەبەندی و دنەدانی حکوومەت و سەرکوتیەکانی چاوەروان نەکراو بەخت ڕەشی و نییەت ناحەزی،وخەیانەتی ئاشکرا...بەڵێ،هەموویان لەم ئولکەیە خۆیان نواند. کۆچکردن و دوورخراوەیی سیاسی هاتە کایە، پەڕوپۆ نەهاویشتن و پاشکەوتوویی...هەموو ئەمانە پەیوەندیەکانی سوننە تیان سست کرد. کاتێک کوردەکان بە پەروردەو پێشکەوتوویی وشارستانیەتی ئاشنا بوون،عەشیرەگەری لە سەراوژیری لە ناوچوون کەوت،هەتا دوایی کە لە دەیەکانی 1980و1990 دەوڵەتەکانی تورکیەو ئێراق بە کەلک وەرگرتن لە خاوەن ملکانی ڕوو بە

لەناوچوو بێ ئیحتووبار لە پۆشتەیی جاشەکانی کورد بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ نەتەوەخوازان، عەشیرەگەری و تایفەگەریان بەجۆرێکی ڕووکێش گیانی تازە پێ بخشین.
موجیزەی ساڵی 1991 ئەوچاخ کە عەشایەری سوننەتی دەوڵەتخوازی کورد،وەکوو سورچی یەکان و برادۆستەکان، شانس وبەختی خۆیان لە بەختی برایانی نەتەوەخواز گرێدا،شتێک جگە لە جیابوونەوەی مۆیە قاعیدە نەبوو لە ڕابردوو کۆمەڵێک لەکۆڕو ئەنجوومەنەکانی زانستگایی ڕەسم و عادەت ئەوها بوو کە بارزانیەکان و(پارتی دێموکڕاتی کوردستان)یان بە ناوی خەڵکیکی جەنگاوەر و فئوداڵ و حیزبی ئیکجاردێهاتی شی کەنەوە و جەلال تاڵەبانی و یەکیەتی نیشتمانی ئەوی بە سیفەتی شارستانیەتی و پێشکەوتوو ئاشتی خواز ستایش بکەن. عەمەلیاتی بەربڵاو بەرفرەوانی سەدام حوسین لە خاپوورو وێرانی جەماوەری سوننەتی کە زۆر لەم تەفاوەت و تەوفیرانەی لە ئیحتووبارو قووەت بێخستووە. ئەم دوو گروپی مەزن و نەتەوەخواز-یانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان-کە گەورەترین گروپەکانی نەتەوەخوازوی ئێراق -ن،لەماوەی شەڕەی ساڵی 1991 لە گەڵ یەکتر ئالیکارایان کرد، و لە بەهاری دوایی وی بە کەلک وەرگرتن لە چەتری هەوایی یەکگرتەوەکان دەنگدانێکی لە ڕاستیدا ئازاد-هەرچەند لە هێندێک بابەت کەم وکوڕتێدا-بەرپاکرد. چونکە ئاکامی دەنگدان زۆر لە یەکتر نزیک بوو ئەم دوو سازمانە،یانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی هاتنە سەر ئەم بڕیارە کە دەسەڵات لە نێوەڕاست دابەشکەن و هەریمەکەیان پێکەو هەڵسووڕینن. لە ژوئیەی 1992 مجلیس و دەوڵەتی ناوچەیی لە دەڤەری خۆدموختاری پێشوو دامەزراندرا. (وڵاتێکی ژیرج◌ُڵی) هەنۆکە واقعیەت ژیانی دەکرد،هەرچەند کوردەکان بۆ پێشگیری لە عەیب لێگرتنی بیانیەکان لەم بابەتە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان پێکهیناوە،هەروا بەیداخی ئێراقیان هەڵدەدا و هێزەکانی پۆلیس یان جل و بەرگ و ئنیفۆڕمی فەرمی وڵاتی ئیڕاق بوو.

بەڵام لە سەرەتای ساڵی 1994 ئەمە نەک عەشایەر بەڵکوو پێشمەرگەکانی دوو گروپی نەتەوەخواز یانی پارتی دێموکڕات و یەکیەتی نێشتمانی بوون کە کێشمەکیشمەکانیان بەردەوام دەکرد-و ئەم جەرەیانە ئاکامێکی ئیکجارتەژی لە داخ و حەسرەت و مخابن هیناگۆڕ. لە سەریەک هەموو دەیانزانی کە سێ کەرەسەی جێا بووە لەیەک کارتێکەر لەم کێشمەکێشم بریتی لە جوغڕافیایی و زبانی و کۆمەڵایەتین. یەکیەتی نێشتمانی شارەکانی هەولێر(ئەربیل)و سولیمانیەی لەناوچەکانی سۆرانی زبان هەڵکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی زابی گەورە لە ژێرحوکم دابوو،لە حاڵێکدا کە پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە سەر ناوچەکانی کرمانجی زبان هەڵکەوتوو لە بەشەکانی سنووری تورکیە و ئێڕاق حوکمی دەکرد-یانی دەڤەرەکانی باشوورو ڕۆژئاوای زاب،کە زورینەی دێهاتی بوون.
سیاسەتی(یەکگرتووەکان)بەم تۆفانانەی ئالیکاری کرد. بەرپسیارانی(دەوڵەتی ناوچەیی) بەرهەم و دەرئامەدەکیان نەبووکە بتوانن موخارجی دەم و دەزگاکانی خۆیان دابین کەن و مووچەی کارگیڕانیان هەریمەکەیان بدەن. جگەلەمە، ڕێگری سازمانی نیودەوڵەتی لە سەرئێڕاق، وگەمارۆی ئابووری بوو کە

سەدام حوسین لە سەرباشووری بەڕیوەبردبوو. لەسەرئەم دەستەو پەستەیە دەبێ ترسی ڕۆژئاواش لە یارمەتی بە ئابووری ناوچەی خودموختارزیادکەین. هەرچەند ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا دەستەبەری کردبوو کە سەدام حوسینی لە سەردەسەڵات وەلابەرێ و بڕوخێنێ و بەم مەبەستە موخارجی(کۆنگرەی مللی ئیراق)ی کە بنکەکەی لەکوردستان بوو دابین دەکرد بەڵام هیچ کام لە زلهێزەکانی بیانی قازانجی لەمەدا نەدەبینی کە بە دەربڕینی وجودی کوردەکان زۆرتری کوردەکان ئالیکاری و یارمەتی بکات. بەڵام کوردەکان دەیانزانی کەلە بابەت ئەم جەرەیانەی کە خەڵکی ئاسایی و ناهومیدی کورد بە(خۆکوژی) ناولێدەبن جگە لەخۆیان-کوردەکان-کەسێک شیاوی سەرکۆنەکردن نییە.

لەسەرتای 1995 دەزگای ئیستخباڕاتی ناوەندی ئامریکا(سیا)یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی ئیڕاقی پشت ئەستورو دلگەرم کرد بەمە لە داکۆکی دوو گروپی مەزنی کورد یانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی نێشتمانی بۆ بەشداری لە عەمەلیاتی نیزامی دژی سوپای ئێڕاق لەکورکووک و مووسڵ بەدەست بێنن.
مەبەست و مراد لەم کارە یارمەتی بە سەرکەوتنی پڵانێکی لە پێشدا داڕێژراو لە ناخی ئەڕتەشی ئێڕاق، دژی سەدام حوسین بوو. ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە چرکەی کۆتایی بە دۆزینەوەی چەند پەیامی ئێران کە حیکایەتی لەمە دەکرد کە ئامریکا ئامادەیە دەستدرێژی هێزەکانی ئێرانی لە دەڤەرەکانی باتلاقی باکووری ئێڕاق چاوپۆشی لێبکات یانی نادیتووبگرێ،لەم جەرەیانە پاشگەزبۆوە. پەلاماری کۆنگرەی مللی ئێراق بەردەوام بوو، دوو لەشکر لە هێزەکانی سەدامی تێکشکاند،بەڵام حیزبی بارزانی لە خۆی بیانی کرد، و سەرکەوتوو بە ڕووخانی ڕژیمی سەدام نەبوو. ئەم ناسەرکەوتنە لە چارەنووس و داهاتووی ناسیونالیسم-ی کورد هەنگاوێکی ئیکجار پڕمەترسی بوو. ساڵێک دوای وی، بارزانی دژی تاڵەبانی لە سەدام حوسین داوای یارمەتی کرد،کە بوو بەهۆکاری ئاڵۆزی پریشانی سیاسەتمەدارانی ئامریکایی و لە ناو دۆستان دەرەکی خەڵکی کورد، هۆی سەیرو و سەرسوڕمان بوو.

پاژی 3،

**هەڵخەڵەتاوان**

سبینەی ڕۆژی جەژنی پاک،ساڵی 1991بوو. کاروانی گچکەی ئێمە-هاواڵدەران-لە یەکێک لە گەوەو پێچەکانی بەرتەسک و تەنگەبەرەی ڕێگایەک کە لە شارۆچکەی زۆزانی سەلاحەدین دەهاتەخوار لە تەڕافیێکێکی قورس و سوپەر بەسوپەر گیری کردبوو: سەلاحەدین ناوەندی فەرماندەری هێزەکانی کورد بوو، کە ئێمە دەمانەویست لە وێڕا خۆمان بە شوێنیکی ئەمین بگەیێنین، کە نەماندەزانی هەتا چ ڕادە ئەمین دەبێت. لە پێش دەمی خۆمان سەدان ماشینی کەسینی، ئۆتووبوس،کامیون،تاکسی و تریلی تەژی لە مرۆڤ مارپێچ ڕاوەستابوون. لە سەرانسەری درێژایی گەڵی ژێر پێی ئێمە، لەسەرباریکە ڕێگایەک کە بۆلای ئێمە دەهات کامێونەکان و ئۆتومبیلەکان تێک سڕمابوون. هیچ کام لەم دوو سەف بە ویدیکەی ڕێگا نەدەدا. تەنگەژەی ئەسلی و سەرەتایی ئێمە ڕێبەندان نەبوو: دورست ئەودیوی دیکەی سەلاحەدین، دوور لە هەتری چاو،هلیکۆپتەرەکانی تۆپداری ئێڕاقی خەریکی عەمەلیات بوون. لە دەنگەکانیان بەدی دەکرا کە ستوونێکی ئۆتمبیلەکانیان کە یەک دوو ساعەت درنگترلە هەولێر(ئەربیل) هەڵاتبوون وەبەر ڕەهێلەی تۆپ و مووشەک داوە. چ کات هەولێن هلیکۆپتەر لە بەرزایی لێواری تەپۆڵک وەدەردەکەوێ و نۆبە بەئێمە دەگات؟

و ئێستا لە دوای ساڵها متالاو توژینەوە لەم لالەولای لاپەڕەکانی کتیبەکان بۆ دەست وێراگەین بە دۆزو کەڵەکێک کە بتوانێ ئەمن بگەێنێتە کوردستان، لە گیرکەوتبووم و بە ناهومێدی حەولم دەداو تەقەلام دەکرد بەجۆرێک لەم ولاتە دەرچم-هەڵبەتە لەگەڵ ئەو هاوکارانەی کە ڕەگەڵ من کەوتبوون. لەنەکاو بە لایانەکانی جۆراوجۆرو شێتانەی ئەم لاساریەم فکرکردەوە. خۆم لەحاڵیکدا بینی کە چەند ساڵ بەر،بەو پێلاوانەی ئیتالیایی ئاسایی ڕێگاکانی سەهوڵبەندانی (وژ)م وەک تۆمار تێک وەردەپێچا،سەرنووسەرو ڕۆژنامەوانەکانم لە واشنگتۆن وەگیان هێنابوون، ئەوندە لەگرینگی کوردستان ئاخافتبووم-ئەو هێندەم گوت و گوت کە ڕیگاچارەیان لێبڕاو ولە ڕێبەرانی کورد کە تەنگ و چەڵەمەی گرینگتریان هەبوو داواکرد کە ئەمن بۆ کوردستان بەڕێ بکەن، بگەیننە ئەوێ. و هەنۆکە تێدەگەیشتم کە بەجۆرێک ڕاستیەکانی پڕمەترسی و ترسەنۆکی کوردستانم بە هێند هەڵنەگرتووە.

ئەگەر ئێوەش وەکوو کوردەکان ئەو ڕادەیە چارەڕەش بن کە بتانەوێ وڵاتێکی خۆتان هەبێت،ئەو کات جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر شۆڕش و شەڕو فەتەرات و لە بەریەک هەڵوەشانی حکوومەت بەم گەورەییە، هەر بەوبخشیشە ببینن، کە کاتێک بە دادی لوهستانیەکان گەیشت: سەرزەمینی لهستان-یش لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم هەتا کۆتایی شەڕی دنیا گری ئەوەڵ، سێ ئەمپەڕاتووری داگیریان کردبوو. جینارەکانی بە تەماع، بە پێچەوانەی شۆرشەکانی پەیتاپەیتاو یەک بەدوای یەک، ناوی لهستانیان لە سەرخەریتەی جوغڕافیا ستڕیبۆوە. کوردەکان هەربەمجۆرە، ئازادی و بەڕیوەبردنی کاروباری خۆیان لەدەست دا و هیچ کات بە فەرمی لە بوونی وڵاتی خۆیان کەلک وەنەگرت. هەتا ئەو جێگایە کەتوانیان و بۆیان لوا بە ئەمیرنشینەکانی کە ئەمپەڕاتووریەکانی ئێران و عوسمانی تەحەمولیان دەکردن چسپین،و جار هەتا کاتێک کە هێزی سزادان لە پایتەختەکان بگاتێ و بەچۆک دابین ناوچەکانی بەرفەروانیان لەکوردستان لە ژێر بەیداخی ئەمیریک یەکگرتوو دەکرد، بەڵام مێژووی(ناسیونالیسم)ی نوێ و هیواداری

بە وەدیهێنانی وڵاتی کورد تەنیا بۆ سەردەمی لە بەریەک هەڵوەشانی ئەم ئەمپەڕاتووریانە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. شەڕی دنیاگری ئەوەڵ کوردەکانی لە ژێرنیری کویلەتی ئەمپەڕاتووری عوسمانی ڕزگارو ئازاد کرد و بەوان وادەی سەربەخۆیی دا،هەتا پاشان ئەوانیان بە ئەمانی تەوژم و زەختی دەوڵەتانی (مللی و ناوەندخواز) دووبارە دانا، کە بە هیچ جۆرە هاسانکاری و مداراکردن ئاشنا نەبوون. کوردستان کە وڵاتێکی گاڵەدراوە،و بۆ دەریا ڕێگای نییە و لەگەڵ ئەو هەموو سەرینچاوەی نەوت و ئاو،ئێکجار پاشکەوتوو ماوەتەوە، بەم ڕادەیە کە هەر بە هۆی وجوودی کوردان زیندوە،و بە تێکۆشانی ئەوان لە سەرپێی خۆی ڕاستاوە.

چونکە کوردەکانی خەڵکێکی گیان سەختن،یانی بەحەزم و ئیرادە ورە بەرزن و دۆڕاوی پایەدارن،یانی قەت نابەزن: بە بۆنەی دڵگەرمی و قسەخۆشی و بەغیرت و جوامێرو دڵرەکێشی خۆیان،کە بە توندوتیژیەکی پێش بینی نەکراو ئاویتەیە،خەڵکێکن، بەمحیبەت، ئەونیزامیانەی کە لە تۆرەمەی بیانی وەکوو گزنفوون لە سەدەی چوارمی بەرلە زایین، و فیلد مارشاڵ ئایندەپرۆس،هلموت فن مولتکە لەساڵەکانی دەیەی 1830 باسیان لەوان کردوون. مولتکەی لاو، تیگەیی کە کوردەکان و عەڕەبەکان هەر دوو(حەزلەرێگری دەکەن)لە حالێکدا لەم جەرەیانە حەزلێکردنی عەڕبەکان زورترکارتێکەر لە دزی و حەزلێکردنی کوردەکان دنە لە ڕووحیەی جەنگاوەریە.

---

1-هلموت یوهانس لودویگ فن مەلتکە،1848-1916،سەرداری ئاڵمانی.

3. Martin Woolacott 2. Don Mc Cullin
5. Julie Flint 4. Guardian
7. Marc Kravetz 6. Observer
9. Charles Glass 8. Liberation
11. Geraldine Brooks 10. Gwyne Roberts
13. Yves harte 12. Wall street journal
15. Bordeaux 14. Sud – Quest
17. Daily Telegraph 16. Scott Peterson

18 Andre Malraux نویسەندە ودەوڵەتمرد فڕانسەوی 1901-؟

بەڵام هەتا بڵیمەتێکی پروسی دەتوانێ مسەلەکەی بەنادورست وەربگرێ: سەدە و نێوەک دوایی گرووپێ ئێمە شایەتی سزایەک بوو کە بەدەستی عاڕەب،لە لێژنەیەکی ئەڕتەشێکی تێک تەپیو بەڵام(مەرگ هێنەر)سەدام حوسین،لە سەرئەم خەڵکەی بەڕیوەچوو. گرووپی ئێمە بریتی لە دوازدەکەس هاواڵدەر،بەخت ڕەشی تێشکان و لە بەریەک بڵاو بوونی بەدیتن و بینین لێکدەکردەوە: ویتنام نەسلێک پێش یەکەمین شەڕ

بوو کە ئەمن لەگەڵ دان مک کالێن، و ێنەکێش و مارتین وولات،هاواڵدەری گاردین بینی بووم-و ئەم دووە لێرش بوون. جولی فلینت،لە ئابزرور،مارک کراوتس لە لیباسیون، چالزگلاس وگروپێ(بی بی سی). و هەموو وەک من لە پاشماوەی شەڕەکانی گچکەی کۆتایی پێ نەهاتووی ساڵەکانی 1970و 1980 ی لیبنان بوون. گوین رابرتس،لەدوو دەیە بەر بۆ ڕۆیتر بۆ ئامادەکردنی فیلمەکانی بەڵگەداری تەفزیونی خەریک بوو. و هەنۆکەش بەم شۆڵە سەرگەرم بوو. نوێنەرانی نسلی لاو بریتی بوون لە: جرالدین بروکس، لەوال استریت جرنل،ئایوزهارتە،لە سوداودست،بوردو واسکات پیترس لەدیلی تیلگراف.
هەروەک بە دەنگی هلیکۆپتەرکانی تۆپدارگوێچکەمان ڕادەداشت لەئاخرین وەحشەت شیکردنەوەیەک کە ئاندرەمالرو لە ترس و هەراسێک بەوەخت دەکات کە لە 1940 تانگەکەی لە قولکێک کەوتووە و تۆپەکانی ئاڵمانی سێرەیان لێگرتووە،لە مێشکم وحافیزەی لاوازم سەری هەڵدا. لەنزیک ئێمە مرۆڤێک کە زارۆکێکی لە هاویژرانی مووشکی هلیکۆپتەر سوتابوو، دەلاواندەوە. چوار پێشمەرگەی کورد بەخەریتەیەکی لوولدراو کەلە ئەرتەشی ئیراق بە غەنیمەت گرتبوو ولەبن هەنگڵیان نابوو لە پێشە ئێمەدا بە هەلینگدان غاریاندەدا: ئەم چوارکەسە لە حاڵێ هەڵاتن دابوون،و زێدە لە یەک ملیون کورد بەدوای واندا. شۆرشی کورد جارێکی دیکەش لە بەریەک بڵاو دەبوو- و بە لەز. ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا،جارێکی دیکەکوردەکانی لە تەنگەژە بەرەڵلا کردبوو.
ئەمن لە ئادینەی ممبارک(گوودفرایدای،بەرلە جەژنی پاک)-29ی مارس- لە شاری سلیمانیە هەروا کەبە ڕوخسارێکی خەواڵوو گوێچکەم لە دەنگ وباسی ساعات 5ی پاش نێورۆی (بی بی سی)گرتبوو،شوێنی سەرهەڵدانەی کارەساتێکی بێ گەڕانەوەم وەرگرت:بی بی سی تەنیا کەرەسەی پەیوەندیم لەگەڵ دنیای دەرەکی بوو. وێژەری ڕادێو ئاخافتنی قسەکەری وەزارەتی دەرەکی ئامریکای دەگێراوە،ئەم ڕاستییەی دەسەلماند کە سوپای ئێراق شەوی ڕابردوو شاری کەرکووک، ناوەندی نەوتی وڵاتی لە باشوور،سەرلە نوێ دەست بەسەرداگرت. بەم ئاکامە گەیشتم کە واشنگتۆن دەپێشدا بە یارمەتی وێنەکانی ئاسمانی لە مەسەلە ئاگاداربووە: زۆرتری ئەم وینانە بەوێچوونی زۆر فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئامریکا هەلێان گرتبۆوە. داوای ڕوک وروون و بێ بولێلی سەرکۆمار بووش لە پازدەهەمی فۆرییە لە مەڕ ئەمە کە (نیزامیانی ئیراق، و خەڵکی ئێراق، کاروبارەکانیان بۆخۆیان لەدەست بگرن) لەمەدا کورت ببوو کە ئامریکا دەست لە سەردەست دابنێت و تەنیا بە(ئامادەکردنی بەڵگە) لە پەیوەندی ئەم بێ جۆلانەوە بەس بکات.
ناردڕاوی ڕادیویی پەیوەندار بە سازمانی ئیتلاعاتی ناوەندی(سیا) کە بنکەکەی لە عەرەبستان بوو هەروا هەتا ڕۆژی سیوەمی مارس-یانی سێ ڕۆژ لە دوایی ئاگربڕێک کە بە عەمەلیاتی(تۆفانی سەرا)ی یەکگرتوەکانی دوایی هێنا- لە خەڵکی ئێراقی داوا دەکردکە ڕژیمی سەدام حوسین، بروخێن.
وای لەو بێ بەندو باری ئەم ڕادیویەی نهێنی چ ڕادە وەبیرهێنەری قسەکانی بووش بوو! لەساڵی 1956 ئەمن لە ئۆڕوپا سەرباز بووم،ئەوکات واشنگتۆن تۆمەتبار بەمە بوو کە لە ڕادیویی(دەنگی ئازادی ئۆڕوپا)کە خەرجی وی(سیا)دابینی دەکرد، بە بڵاوکردنەوەی بابەتی هەڵنەسەنگاو فکرلێنەکردوو، ،شۆڕشی مەجارستانی ورووژاو کردوە،و کاتێک شۆڕش بە وەسیلەی تانگەکانی شووڕەوی تێک شکاندرا بێ

کارو بێ عارله قەراخێک ڕاوەستاوە. ئەمە دەرسێک نەبوو کە هیچ ئامریکایەکی تۆرەمەی من لە بیری بردبێت. بەڵام ئەمجار ئەم دەڵگەرمی و دنەو پاڵەپشت لە لایان ئیزگایەکی ڕادیوویی لە جەنگەی شەڕی سارد نەبوو بەڵکوو لەلایان سەرکۆماری ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا و بەقەولی پڕوپاگەندەچییان وی، لەلایان تەنیا ئەبەر قودڕەت و بەدەسەڵاتی دونیا بوو.
ئێسکی نیوبرین،ئەمەکە دەسەڵاتی کوردەکان لە سەرناوچەیەکی کە ئازادیان کردبوو،ئیکجارلەرزۆک و نامتمانە بوو. ئێمە نیشانەکانی ئەم حاڵەمان هەرلەڕۆژانی سەرەتای چوونمان لەحەوتووەک بەر بینی بوو. هەتا لەماوەی ئەو دەڕۆژەی کە کوردەکان کەرکووک یان لەبەردەست دابوو-ولەماوەی حەفتاساڵ،ئەمە یەکەمین جاربوو کە دەستیان بەسەرئەم شارەدا دادەگرت-هەمووی وی نا،هەتا خەتی بەرگری کە پایەکای گرینگی هەرد و ئاسمانی(خالید کوری وەلید)ی داکۆکی وپارێزگاری دەکرد،دەست بەسەردا نەگرتبوو. شەوی چوارشەمۆ،گلاس و گروپی بی بی سی ئەو ومک کالێن، کاتێک کەلە کەرکووک بۆ هەلێر(ئەربیل) گەڕانەوە،لە رەخ شۆسە شایەتی دەگیری و تەقەولێکدان بوون. ڕۆژێک دوایی وی،تانگەکانی ئێڕاقی لەسەر(ئاڵتوون کوپری)کەشارەکە (ئاچەری)لە ڕەخ زابی گچکە هەڵکەوتوو لە نیوەی ڕێگای نێوان ئەم دوو شار،سەقامگیربوون. لەهەر بابەتەوە کەلێت دەروانی کەرکووک هەنوکە،بەکەلک وەرگرتن لە شۆسەیەکی یەکجار باشی ناوچە، سەعاتێک زێدەتر نیوانی لەگەڵ سلیمانیە نەبوو،وئێڕاقیەکان هەرکات کە ویستبوایان کەرەسەی تێکشکانی بەرگری کوردەکانیان لە ئیختییاردابوو. تەنیا مانگێک دوایی ئەمە کە هێزەکانی یەکگرتووی دژی سەدام بە ڕێبەری ئامریکا لە 28ی فوریيە لە شەڕێکی هەردی سەت ساعاتە بە داگیرکردنی حەوت مانگەی کەوەیت دوایانهێنا،پاشماوەی ئەرتەشی کزولاواز کراوەی سەدام کە ئەو چەند ڕۆژپێشتر،دەسەڵاتی حکوومەتی لەسەرناوچەکانی شێعەنشینی باکوور گەڕاندبۆوە، هەنوکە ئامادەی تێک وەرپێچان و تیکشکانی شۆرشی کوردستان بوو.

لە هوتێل سەلامی سلیمانیە لە نێو،نوێناندا لەسەر بارودۆخی ناهەمواری کوردەکان- و خۆمان- دەفکر ڕاچووم. تووشی زگچوونی خوین ببووم کە ساڵها بوو ڕابردووی نەبوو. حەوسەلەی ئەمە کە بەدوای هاوکارانم بۆ شاربچم نەمبوو-کە بۆ ئامادەکردنی خەبەر بۆ ناوشار چووبوون. مەترسیم بە ڕوونی هەست پێدەکرد. هەرئەو سێ ڕۆژ پێشتر شوین پێی (سێ) وێنەکێشی لاوی بە زەوق،کە لەگەڵ ئێمە لە سووریيە هاتبوون و بزرمان کردبوون، ئیکجار نیگەرانی چارەنووسیان بووین. بە پێچەوانەی پاڕانەوەو خواهیشی ئێمە پێداگربوون لە کەرکووک بمێننەوە. کاتێک(وولاکوت) بۆ میوانخانەگەڕاوە، دەنگ وباسی کەرکووکم بەوی دا. گوتی:( باش،دەی ئەمەش چونەکەمان بۆ بەغدا، لەگەڵ یەکەمین زرەپۆشەکانی کورد!؟) هاقاڵەکانمان ئاگادارکردن، دوایی بەلەز بە سواری ماشین بەرەو باشوور بۆ سەلاحەدین ڕۆیشتین، کەلە سلیمانیە را سێ ساعات ڕێگایە. تارێک و ڕوونی بەیانی بوو،لەقەراخ سلیمانیە هێندێک خۆمان گنخاند و لەگەڵ پەنابەرانی ترس ڕێنیشتووی ماندوو مردوو کە حەفتا میل ڕێگای نیوان سلیمانیەو کەرکووک، پیادە هاتبوون وتووێژمان کرد. (گوتیان:هلیکۆپتەرەکانی تۆپدار سەرەتا لە کەرکووک بە(بۆمبەکانی) فسفری سپی

هیرشیان کردونەتە سەر و پاشان لە جادە ئەوانیان وەبەر ڕەهێڵەی موشک و ڕەشاش داوە. هەرچەند دنیاری ئێراقیمان پێ بوو بە وانمان دا،خەڵکێکی لێقوماوو لانەوازو هەڵوەداو بێ ماڵ و حاڵ بوون ئاتاجیان بە پارە هەبوو.

دەبوایە بە هەر دەردە سەرێک بوایە لە ئێراق بۆی دەرچووبایین و چێرۆکی ئەم خەڵکەی کە ئەوها بێکەس و بێدەرکرابوون بەرهەڵلا ببوون،گێڕاباوە،و گیانمان لەو مەعرەکە دەربازکردبوایە.

هەر ئەوچاخ شکەستی شۆڕش ئیمکانی هەبوو. بەڵام لەبەریەک هەڵوەشان ئەبەو لەزو تاڵووکە شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. و ئێمە هەمووومان دەمانزانی کە پێدانان لەخاکی ئێڕاق کارێکی پڕمەترسییە. ڕەش بینی ئێمە ڕەش بێنی وەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردو لە شوغلێک بوو کە زورتر پێویستی بە شک ودوو دڵی هەیە،هەتا فکرلێکردنەوەو خەیاڵبافی. پاشماوەی گروپەکەمان جەم وجۆرکرد. پێشتر ئێمە ئەوهێندە شەڕمان دیبوو کە زۆرشت لە حیسابکردن جێ بۆ بکێنەوە: شانس نەبوون،درۆ، ڕووداوی تاڵ و پێش بینی نەکراو، وەدرنگ کەوتن بەهۆی بێ موبالاتی و کەمتەرخەمی، هەواو بانی ناخۆش، نەخۆشی لە نەکاو، قاقەزبازی و فورمەلیتەی لە خۆڕا، پاشەکشەی لە نەکاو، خوو خدەی سروشتی کارگێرانی فەرمی، ئازانتی و شیکردنەوەو لێکدانەوی نادورست و بێجێی نیزامی،ڕاسپاردەی ناحەزو زوربەی تێکەڵ بە نیەتی ناحەز، ڕێنونیەکانی جاهل،دوژمنی،لێخوری دە ناچالاک، ماشینی نامڕەتەب، بە تایبەت ئۆتومبیلەکانی بێ تورمزو نامتمانە،کەمبوونی بنزین، تەگەری کۆن و شەقارشەقاربوو توویبی دڕاو پنچ و پینەکراو، ویسکی بێ تام.

کاتێک دوو تەلەیفون ماهوارەیی ئێمە،کە قەراربوو بەپێچەوانەی وێرانی ناوەندیەکانی موخابڕاتی ئێڕاق بەدەستی یەککگرتووەکان،پەیوەنەی وڕابیتەی ئێمە لەگەڵ دنیای دەرەکی دابین دەکەن،هەرلە سەرەتاوە لەکارکەوتن، هێندە هەستمان بەناراحەتی نەکرد. تەنگەژەی زۆرمان نیشانەکانی دایم ودەرهەم لە زێدەبوونی بەرەو بولێڵ چوونی بارودۆخ لە سەر هەرد بوو: پڕتاوگرتنی لەبەریەک هەڵوشان و تەفروو تونا بوون و خۆڕاگری شیعەکان لە باکووری ئێراق،کەڵەکەی نیزامی لە باکووری کەرکووک،لاتەریکی و دەست کێشانەوەی پۆل ولکەکانی نیزامی (بارمەتیدەری نیزامی)کە بەشۆڕش لکابوون،پاشان سەرلە نوێ هەڵگەڕانەوە،ڕوویان لە حکوومەتی بەغداکرد،بەرەوپیشچوونی مەجاهیدخەڵق کە بە چەک وچۆڵی قورس پۆشتەبوون. (مجاهدینی خەلق،هیزەکانی دژکاری کۆماری ئیسلامی ئیران بوون کە هەنۆکە لە بەرانبەر دابین کردنی بنکەکانیان و کەرەسە لەلایان ئێڕاق، فەرمانەکانی بەغدایان کوێرکوێرانە بەرێوەدەبرد) و سەردانێک لە ئیستگای گەورەو پێشکەوتووی ڕێگای ئاسنی کەرکووک، هەڵکەوتوو لە بەشی پێشەوەی خەتەکانی شەڕگە، بەگشتی ئەونیشانەی کە حیکایەتیان لەمەترسی دەکرد پەسەند دەکرد: کوچەکان و شەقامەکان چۆڵ و هۆل و بەتاڵ لە زارۆک و ڕێوباران،نەبوونی هاتووچۆی ماشین، کپ وبێدنگی کە تەقەکانی بەربڵاوی باشتر وەبن گویچکە دەخست، وهاویژتنی هەرچەند جارەی خۆمپارەهاوێژەکان.

تەواوی سەرانسەری حەوتوو لەم بارەوە کە ئەگەر بزوتنەوەی کوردەکان بە تێشکان دوایی بێت چلۆن و بەچ لەزو تالووکەیەک لە شار وەدەرکەوین پێخۆری گفتووگۆمان بوو. ئێراق لە باشترین حالات و چاخ وکات لە رەفتاری ناحەز لەگەڵ ئەو دەرەکیانەی کە بێ ویزا واردی ولات دەبوون دەنگین بوو، و ئێمە ویزامان نەبوو. گەرانەوە بۆ سوورییە لە رێگایەک کە هاتبووین،لە کردن هاتووی دەنواند. لە چوون بۆ کەرکووک و هەولێر(ئەربیل) سێ رۆژی باران، لە قورو چلپاو مابووینەوە،لە رێگاکانی پرلە خوارە پێچە و کوێرەرێگای دە گوندەکانی سەرسەوز قورگرتوو تێپەرییبووین،کە (دلتای مکونگ)ی ویتنامی وەبیر دەخستمەوە. هەتا لە حالێکدا کە وایدەنواند کە کوردەکان خەریکن دەسەلاتی خۆیان بەسەر ناوچە قایم و موحکەم کەن، دەسەلاتیان بەسەر رێگای دە شۆسەدا نەبوو. چوون بۆ باشورو تێپەرین لە بەشی رۆژئاوا، بۆلای سنووری تورکیە لە رێگای بە ناوبانگی بارزان،لە بەرچاو لەکردن هاتووی دەنواند،بەلام ئەوجۆرەی کە دەیانگوت: ئەم رێگا رۆژهەلاتە-رۆژ ئاوایە کە ماوەیەک بوو بەهۆی کەمتەرخەمی لەبیرکرا بوو جگە بۆ ئۆتمبێلەکانی دوو دیفرانسیل، بۆ پێدارۆین نەدەبوو، و ئێمە وەسیلەیەکی ئەوهامان نەبوو.

تەنیا پەرینەوەی فەرمی لەم سنوورەی شاخاوی دووسەت وشەش میلی لەگەڵ تورکیە، پردێک لە سەر چەمی خابور بوو،لە قولینچکی باشووری رۆئاوا، نزیک زاخۆ-یانی نزیک ئەوشوێنەی کە کاتی هاتن لە سوورییە بە(کەلەکی لاستیکی) لە دەجلەی لێمشتاوی پەرینەوەو لە(پێش خابور)لاقمان لەخاکی ئێراق نابوو. هەتا ئەوکاتیش لە سێرەی خومپارە هاوێژانی ئێراقی دابوین. لە سەرەتای مارس ئێراقیەکان لەکاتی پاشەکشە پردەکەیان تەقاندبۆوە، تورکەکان لە رووی هەرکەس کە ویستبوایە واردی خەکی تورکیە بێت، تەقەیان لێدەکرد. لە سەر قاقەز ئێران باشترین رێگا بوو: و لە هەمووان نزیکتر بوو بە چەند ساعات لێخورین لە سەرجادەی شۆسە ئامادەی بەرهەم بوو،و هەموو رۆژێ فرینی نەود دەقیقەیی فرۆکەخانەی سنووری، بە تاران دەلکاند. بەلام هیچ کام ویزای ئێرانی مان نەبوو، دوژمنداری ئێران لەگەڵ رۆژئاوایەکان،بە رادەیەک بوو کە خۆفمان دەکرد لە کەوشەن لە گیری یەکێک لە پاسدارانی خوێن تالی ئینقلاب بکەوین و بمانگێرنەوە.

لە راستیدا لە تەلە کەوتبووین،و ئەمن هەستم پێدەکرد کە لەم مەسەلەدا تاوانباربۆ خۆمم. ئەمن بەر لەمە کە هەوەلین گوللە بۆ ئازادی لە کەوەیت لە شازدهەمی ژانویە بهاوێژرێ،کوردەکان،بەتایبەت مەسعودبارزانی،رێبەری پارتی دێموکراتی کوردستان،کە لەمێژینەترین حیزبی نەتەوەیی کوردستانە،بەدوای دابووم. لەمە گرینگتر،ئەو هەنۆکە یەکێک لە سەرۆکانی هاوبەشی(بەرەی کوردستان)بوو کە لە هەشت حیزب پیکهاتبوو: بە پێکهێنانی ئەم بەرەیە، کوردەکان لە ئاکامدا بەسەر بوغزو دوژمنداری وغەرز وکێشمەکێشم و ناکۆکیەکانی ناوەخۆ کە بزوتنەوەی کوردی لە هیزو توانایی خستبوو، زاڵ ببوون. لە سەرتای فۆرییە بەخت یاری کردبوو ،و توانیبووم ویزای ئیرانی نوێ کەمەوە،بەلام ماوەی ئیحتوباری ئەم ویزایە هەر ئەمەندە بوو کە ئەمن لە تاران بە مەقەرری بارزانی لە سنووری ئێران و ئێراق لە نزیک ورمێ(ئۆرمیە) بگەیێنێت.

سەفەرکردن بە فڕۆکە سروشتیە ئەم کاری سانابیتر ڕادەپەڕاند. بەڵام مرۆیێ دەبارزانی نەیانتوانیبوو بیتاقەی فرۆکە وەربگرن. دوو لێخوڕی لاوی کورد لەگەڵ دیلمانجێکی جێگا متمانەی بارزانی-سیامەند بەننا-بە ماشێنیکی پەیکانی مونتاژی ئێران پەیدابوو-ئەویش دوایی نێوە ڕۆژێک وەدرەنگی کەوتن. لەم حاڵەدا کە ماوەی ویزاکەم کۆتایی پێدەهات دەمەویست لەم کارە پەژیوان بمەوە-حاڵم باش نەبوو. لەسەردانەکانی پێشووم لە ئێران لە بیرم مابوو کە سەفەرکردن بە پەیکان جگە لەناو شارەکان چ ڕادەیەک دەتوانی دەرد هێنەر بێت. تەنیا کاتێک ئاگاداری ئەم مەسەلە بووم کەلە ڕێگاکانی شاخاوی لەسەرسەهۆڵ هەڵدەخلیسەکام: شازدە ساعات لێخوڕین بێ پسانەوەو نێوەدان لە سەر ڕێگاکانی مەترسیدار،سێ ساعات خەو سێ کات ژمێر وتوویژ لەگەڵ بارزانی و شازدەساعات گەڕانەوە بۆ تاران.

بە بەرەکەتی کاسیتەکانی سیروان پەروەر،بەتایبەت شێعرێکی خەماوی کە بە بۆنەی کوشت وکوشتاری هەزاران مرۆڤی ئاسایی هۆندرابۆوە: کە سەدام حوسین لە مارسی 1998 لە شاری هەڵەبجە بەگازی شیمیایی خنکاند بوون، خۆمان وەخەبەرڕاگرت. ئەمە یەکەمین جار لە مێژوو بوو کە حکوومەتێک بۆ کوشتنی هاووڵاتیانی نانیزامی خۆی لە گازی کۆمەڵ کوژی شیمیایی بەڕادەیەکی ئەوها بەرفرەوان کەلک وەردەگرت. (ئیڕاق پێشتر لە زنجیرە عەمەلیاتێک لە گازەکانی شێمایی دژی کوردەکانی کەلک وەرگرتبوو وکۆمەڵگای دنیا بە زانین وتێگەین-و بەتەواویی خۆی لێبواردبوو یان دەخەو کردبوو.) ئەمن و بەننا، لەکورسی پشتەوە ئەوها سەرمان پێکەوە نابوو کە هاوپێچ ببووین و لە باسێکی دوورو درێژداگیرمان خواردبوو،کەلە ڕاستیدا دەرسێک بوو بە بایەخ هەرچەند چەقەوگوڕەو مجادەلە ساز، سەبارەت بە ناسیونالیسمی کورد. دڵتەنگی و بێزاری سەرهەڵداو لەم سەفەرە دوورو درێژەو ڕێبندانەکانی پشت سەری یەک وەدەری دەخست کە لە کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوان ڕوو بەروو دەبووین. کوردەکان لەداخی کارگێرانی ئیستخباڕاتی ئێران گەمەیان دەکرد،کە مابوونەوە: لە لایەک ناخاوینی نیەتیان سەبارەت بە ئامریکایی بوونی من، ولەلایەکی دیکە ویزاکەم، سوپاپاسداران دابووی کە بەدەسەڵاتداری وڵات بوو.

وتوویژ لەگەڵ بارزانی کەلە حاشارگایەکی دژی بۆمب لە چیاکانی دارماڵ لە بەفر دەستی پێکرا، وتووێژێکی بەتەواو ماناوە. مەبەست وی لەم وتوویژە گرینگی پەیامێک بە تورکەکان و لە بین هەڵگرتنی نیگەرانی ئەوان، لەم بابەتە بوو کە کوردەکانی ئێراق دەیانەوێ لە جیاتی خۆدمووختاری لە ناوەخۆی ئێراقی ئازاد،وڵاتێکی سەربەخۆ پێکبێنن. بارزانی گوتی: لەم هەل و مەرجەدا کە دنیا بۆ پاراستنی سنوورەکانی کەوەیت هەنگاوی لە شەڕناوە، کوردەکان تێگەیشتوون کە هێچ کەس حەز بە کوردستانی سەربەخۆ لە ئیڕاق ناکات ...یان ئێران و بەتایبەت تورکیە وەدی بێت. ئەمە پەیامێک بوو کە بارزانی و ڕیبەرانی دیکەی کوردی ئێڕاق بەردەوام بە مەبەستی ئیقناع کردنی کارگێڕانی بەرپسیار و گومان لێکراوی وڵاتانی ئێران و سوورییە و تورکیە چەند پاتیان دەکرد،لە وی کەلکیان وەرنەدەگرت، و ئایالاتی

یەكگرتووی ئامریكا بەردەوام بە سازو سەمتوور پێویستی تەواویەتی خاكی ئێراقی ڕادەگەیاند. بارزانی گوتی كە كوردەكان مافی خۆیانە كە وڵاتی خۆیان هەبێت، بەڵام بە كەرەسەی سیاسی بەم ئامانجە بگات،نەک بە خەباتی چەكدارانە، و ئەم كارە بەڕوو تێكردن بە(سیاسەتەكانی)ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوانیە سەت ساڵ بكێشێت.

چەند ساڵیک بوو بارزانیم نەدیبوو،لاقەكانی گچكەو كوریشك وگنجەكانی ڕوخساریم لەبیركردبوو، هەرچەند سكالاكانی لە زوڵمێكی زۆر كە بە بۆچوونی وی خەڵكەكەی لە بێ ئیحساسی ئایالاتی یەكگرتووی ئامریكا تایبەت و كۆمەڵگای دونیا ودەسەلاتدارانی ناوچە بەگشتی وێیان كەوتبوو لەبیرم بوو. وێنەیەک لەباوكی،ژەنەڕاڵ بارزانی وەفات كردو، كە بۆماوەی نیوسەدە هەیكەلی ڕێبەرێكی مللی نەتەوەخواز ئەمڕۆی كورد بوو،لە سەردیوار لە ئێمەی دەڕوانی. ڕۆخساری هەڵۆیانەی بارزانی وەفات كردو وەبیر مەسعودی دەهێناوە كە چلۆن ئامریكایەكان، بە تایبەت هنری كیسینجەر،لە 1975 كوردەكانی كۆم لەسەرنا وهەڵخەڵەتاند بەوانەی باوەڕاند كە واشنگتۆن یارمەتی ئێران دەستەبەر دەكات،و پاشان كاتێک محەمەد ڕەزا پەهلەوی،ئەوانی بە ئێراق فرۆشت، دەستی لە سەردەست داناو قەرەقەپی لەخۆی بڕی و ئەوانی ڕەزیل كرد.

مەسعودبارزانی گوتی: دەوڵەتی ڕێگان-یش باشتر لە ئەوان نەبوو. ئەو بە سەركەوتنی ئێراق لە پووچەل كردنی گەمارۆدانی سیاسی كە بە زۆرینەی نزیک بەكۆ دەنگەكان بە مەبەستی تەمێ كردنی ئێراق لە بابەت كەلک وەرگرتن لە گازەكانی شیمیایی لە 1988 دژی كوردەكان،دیاریكردبوو و هەروا یارمەتی ڕێگان بە ئێراق لە وەرگرتنی وامەكان بە مەرجی هاسان و تكنۆلۆژی نیزامی،ئاماژەكرد وبۆ منی ڕوون كردەوە كەلەحالێكدا كە نزیكەی چوارهەزار گوندی كورد خاپووربووە و سەدان هەزار كورد لە شارۆچكەكانی بەئیستلاح (پیرۆزی)پەستاوتراون،و هەموو خەڵكی كورد تووشی ترس ولەرز لەمەڕ هێرش و عەمەلیاتی شیمیایین،ئەوهیچ مەبەستی ئەمەی نییە كە لە ماوەی شەڕ بەبۆنەی ئازادكردنی كەوەیت شەڕگەی دووەهەم دژی سەدام بكاتەوە.

خولاسە،لەوكاتەی كە ئێراق لە 2-ی ئەوتی 1990 بۆ كەوەیت هێرشی كرد،سەركۆمار بووش،كەمترین حەزلێكردنی بە ڕاوێژكردن لەگەڵ كوردەكان چ بە جیا وچ وەكوو لۆچێک لەكۆی (بەرەی دژی سەدام) نیشان نەدابوو-ئیدی چ بگات بە هاوهەنگاوی لەگەڵ ئەوان. چەند ڕۆژێک دوایی (هێرش) جەلال تاڵەبانی، بەرپرسی هاوبەشی دیكەی(بەرەی كوردستان) ورێبەری حیزبی ڕەقیبی بارزانی، ئەبەم بیروبۆچوون و ئاقیدەیە كە سەدام لە ئاكامدا لە پەڕی شادەی مەرگی خۆی ئیمزاكردوە،و ئێستا لەكۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە كوردەكان بە ڕووەكی خۆش پێشوازی دەكرێ،بە تاڵووكە بۆ واشنگتۆن ڕۆیی. بەڵام ورزاڕەتی دەرەوەی ئایالاتی یەكگرتووی ئامریكا ڕووی خۆشی بە وی نیشان نەدا. لە بەرئەمە بۆ دەبێ كوردەكان خۆیان بە قەزاو قەدەر بسپێرن؟ بارزانی بە چەند پات كردنەوە ئەوشتانەی كە تاڵەبانی دوو حەوتووپێش، لەو

زستانیدا، لە دێمشق گوتبووی ئەمن گویم لێببوو،گوتی: (سەدام لاوزە،بەڵام ئێمە لەوی لاوازترین،)کوردەکان مەسەلەکەیان بۆ دەروازەی ئیخلاق دەگەڕاندەوە و پەیماننیان دەبەست مادام کە سەدام حوسین لەگەڵ دوژمنانی دەرەکی، لە لێژنەی گشتی کۆمەڵگای دونیا،دەگیردایە ئەوان هەنگاوەکی دژی وی هەڵنائێنن.

ئەم هەڵکڕاندنە بە هەڵسەنگان ئاقلانەی نەدەنواند. ڕێبەرانی بەرەی (کوردستان) تێگەیبوون کە ڕێبەرانی یەککگرتووی(دژ بە سەدام)ناتوانن و نابێت لەکوردەکانی ئێڕاق بخوازن کە خۆ لە گۆمێکی قوڵتر باوین. مەگین ئەمە بە فەرمی چەند دەستەبەرێک لەم ڕێگایە بدەن. ڕێبەرانی کورد دەیانزانی خەڵکەکەی ئیقناع بە هەنگاو هەلینان بکەن. ئەوهەی لەم ڕێبەری سەددەمە وێکەوتوو مابۆوە هەنۆکە لە مەترسی دابوو. ڕۆژگاری پەیوەندی ئیستخباڕاتی لە بن پەردە بەسەرچووندا بوو،کۆتایی پێهاتبوو، وەدیهێنانی پەیوەندیەکانی سیاسی لە زلهێزەکانی دەرەکی-ئیدی چاوپۆشی لە دانی دەستەبەر-خەیاڵێکی پڕمەترسی زێدە نەبوو. کوردەکان ئەم ڕاستی بینینەیان بە بایی ئیکجار گران وەدەست هێنابوو: دەیەیەک دوایی هەرس هێنانی شۆرشی مەلامستەفا، کورەکەی مەسعودبارزانی شانس و بەختی خۆی بە شانس و بەختی مەلاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران گرێدابوو، و ئەمانە لە ماوەی شەڕی ئێران و ئێڕاق لە ساڵەکانی 1980-1988یش لە وانیان کەلک وەرگرتبوو و هەروافریویشیان دابوون. تۆڵەی ئیراق لە ڕاستیدا حدودو سنووری نەبوو.

کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی دژی خەڵکی کورد لەڕاستیدا شێوەی ڕوو بەروو بوونی سەدام حوسین لەگەڵ ئەم خەڵکە بوو کە ئەو ئەوانی بە خەیانەت و تێکدەری تۆمەتبار دەکرد. ئەم چەکانەی شیمیایی سەرەتا لە ساڵی 1987 پاشان لە 1988 لە هەڵەبجەی دەکارکرد، و چەند دوایی وی لە زنجیرەیەک عەمەلیات(لێگەڕان) و وەدواکەفتن و لەناوبردن بەناوی (ئەنفال) لەوانە کەلکی وەرگرت. ئەم عەمەلیاتە شتێک نییە لە زەین و حافزەی خەلک مەحوو ڕەش بێتەوە. بێ بانگشتنی بووش بۆ شۆرش،چ ژمارەیەک لە کوردەکان بۆ بانگێشتن بە سەرلەنوێی شەڕ وەڵامی ئەرتییان دەداوە؟ وەکوو وەیە کە حافزەی خەڵکی کورد ئاتاجی بە وەبیرهێنانەوەبێت، لە پاییزی ساڵی 1990 عیزەت برایم جێگری سەرکۆماری ئێڕاق بۆ سلیمانیە چوو بوو، هەتا بەخەڵک ڕابگەیێنن(ئەگەر هەڵەبجەتان لەبیرچۆتەوە، پێم خۆشە وەبیرتان بێنمەوە کە ئێمە ئامادەین ئەم کارە دووپات کەینەوە.)

وتوویژم لە گەڵ مەسعوود بارزانی کۆتایی پێهات. هەستام بڕۆم،بەڵام فراوین حازر بوو، داوایان لێکردم کە بمینمەوە. شێوە ئاخافتن گۆڕا. کاتی خواردنی (پڵاو جووجە)شێوەی قسە کردن تەوفیری کرد. ئەو بەڕاشکاوی گوتی: کە بە پێچەوانەی ڕەواڵەت بەو ڕادەیە بێ لایان نییە، کە هەتا کۆتایی لاتەریک بمێنێتەوە:(ئەم وادەیەی کە بە ئاشکرا داومانە کە لە هەراو هورایی کەوەیت لە پشتەو خەنجەرلە ئێراق نەدین، شتێکی تاکتیکی یە.) ئەمە ئاوینەی باڵا نوێنی ترس و، وشیاری ڕێبەری سەبارەت بە تۆڵە ئەستاندنەوە لەلایان سەدام بوو، بەڵام لە بەرامبەر بە بەغدا متمانەی دڵنیایی دابوو، هەر بەمجۆرەی کە

ژمارەیەک لە هێزەکان و کەرەسەی شەڕی لە کوردستان وەدەرخستبوو بۆ کەوەیت بردبوو. مەسعوود بارزانی بێ ئەمە کە ئەمن شتێکم لێ پرسیارکردبێ گوتی:هەتا ئەوجێگایە کە ئیمکانی هەیە خەبەرەکان کە دەست و پێیەکانی سەبارەت بە زەرەرو زیان و سەدەمە سەرهەڵداو لە بۆمبادومانەکان و یان مەسەلەکانی تاکتیکی وەدەست دینن لە ئیختییاری یەکگرتووەکان دادەنێت. زوربەی ئەم ئیتلاعاتە پەیوەندی بەکوردستان هەبوو،بەڵام بەشێک لەم ئیتلاعاتە کوردەکان وەدەستیان دەهێنا کە لە هێزەکانی سوپای ئێراق لە کەوەیت خزمەتیان دەکرد: لە گەڵ ئەم کوردانە وەکوو گۆشتی دەمی تۆپ هەڵس وکەوت و ڕەفتار دەکرا: ئەوانیان لە حەساسترین خاڵی شەڕکە سەقامگیر دەکردن.

لە تەواوی ماوەی ئەم وتووێژەی کەڵەکەی پێکهاتوو لە قاقەزی گچکەی قەتکراو لە سەرهەرد،زەین و فکری منی بەخۆیەوە خەریک کرد بوو. لە ئاکامدا پرسیم کە ئەمانە چین. گوتی: کە بەڵێ،ئەمانە نامەهایەکن لە دەسەڵاتداران و کارگێڕانی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی،ئەفسەرانی ئەرتەش و جاشەکان(ئەو کوردەنەی کە لە هێزەکانی (یارمەتیدەر)خزمەتیان دەکرد و کرێگرتەی حکوومەت بوون کە بۆ پەستی بەم ناوەیان گاس دەکردن) ئەم قاقەزانە نیشانیان دەدا کە جاشەکان بەلانی کەم ئیلاقەمەند  بە مەنە کە پێشی زەرەری زۆرتر بگرن: نیگەران بوون لەم بابەتەکە سەدام بدۆڕێنێ و ئەوان بە دەستی پێشمەرگەکان بسپێری و بەرەڵڵا کات. مەسعود بارزانی گوتی کە هەموو ئەم نامانە دەربڕینی یەکیەتی لەگەڵ پێشمەرگەکانە، نووسەرەکانیان قەول دەدەن کە لەچرکەی ڕەخساو لە هاوکاری دەست ناگیڕنەوە و تەخسیری نەکەن. بە ڕەواڵەت دیاریدەدا کە  ئەم قسەدەربڕینانە- ئەگەرنا ئیقناع کەر-لانی کەم بەکارێکی ئاسایی دەزانن. گوتی کە ئەمە هەنگاوێکی  وشیاریارانەیە کە لەکاری دەکەن و پلانێکە کە بۆ وشیاری و ئاگا لە خۆبوون و پێشگیری لەکەمتەرخەمی  لەکاتی ڕۆخانی سەدام  لە سەری بەردەوام دەبن و بەدوایدا دەچن.

لە ڕاستیدا ئەم قاقەزانە ئاکام و بەرهەمی چەند مانگ حەول و تەقەلای وردو نهێنی بوو. لە چاخی هێرشی ئێراق بۆ سەرکەوەیت،کادیرەکانی نهێنی و راهاتووی کوردەکان، بە مەبەستی دەستەمۆکردن و هێنانە سەر ڕێی کارگێڕان،لە شارەکان شوین تێکەربوون. تیکۆشانێکی بەردەوام و چەتوون و پڕمەترسی ئەم کادێرانە لە پاییزو زستان بوو کە پێشەکی بۆ گۆڕانی ڕەوشتی جاشەکان و پشت کردن لە حکوومەتی ناوەندی، و دەست بەسەرداگرتنی بێ ماندوبوون و تەقلای بنکە و مۆڵگەکانی قایم و مەحکەمی سوپای ئێراق و داگیرکردنی شارو شارۆچکەکان پێکهێنا، ئەویش بە دابین کردن و سەرکەوتنێکی تەواو و ئیکجار سانایی کە هەتا بارزانی و  پلان داڕێژەرانی   ستادەکەی نوقم لە سەر سوڕمان کرد.  بە سەرنجدان بە گڕگرتنی بەرفرەوانی ئاگرێک کە کاتێک هەلگیرسا بە لەز بڵاوبۆوە، رادەو ئەندازەی قازانج و منفەعەتی ئەم تیکۆشانانەی نهێنی ناکرێ بە دورستی دیاربکرین. بانگێشتنی یەکیەتی نێشتمانی کوردستانی تاڵەبانیش، بە(ئاشتی نەتەوەیی) کە بە جاشەکان شتێکی زێدە لە عافووەکی سادەو ئاسایی پیشکیش دەکرد، هەنگاویەکی  چالاک و زیرک و، وشیارانە بوو  کە بێ شک و گومان بەم مەسەلە یارمەتی زۆرکرد.

لەم بزوتنەوە کە لە شارۆچکەی ڕانیە هەڵکەوتوو لە نزیک سنووری ئێران دەستی پێکردو دەروازەکەی بوو،کوردەکان بە لانی کەمی شەڕ و تەلەفیات لە ماوەیەکی زێدەترلە دەرۆژ زۆرینەی کوردستانیان دەست بە سەرداگرت و ئازادکرد-گەلێک زۆرتر لە هەرکات لە ڕابردوو. و ئەمە جاشەکان بوون کە بە دەست بەسەرداگرتنی دەستەوجێ کارەکانیان دەست پێکرد. جاشەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستان لەکارەکانیان بەردوام بوون-لە حاڵێکدا کە هێزی پێشمەرگە بە سەرنج بە ئیحتمالی کش و هەوا لەم وەرزە،10هەتا 15ی مارسیان بۆ بزوتنەوە دیاری کردبوو. بێجگە لە هێندێک جیاوازی بەرچاو،هەتا لە شارەکان جەرەیان سانابیتر لە ئەوەی فکری بۆ دەچوو بەرەوپێش چوو. سلیمانیە، کە پایتەختی فەرهەنگی کوردستانە،لە بزوتنەوەیەک، دەم و دەست خۆت بەدەستەوەدا،هەرچەندە دوو ڕۆژی کێشا هەتا خەڵک و هێزەکانی پێشمەرگە هێزەکانی مەجاهدی خەلقیان کە بە هەموو توانایی خۆیان بەهۆی گیان بەخت کردن لە ڕێگای ڕژیم دەجەنگین،تەفرو تونابکەن. ئەوجار خەلک زۆر بەسەبرو حەوسەلە نزیکەی /400کەس لە ئەفسەرانی ئیتلاعاتی و دەست و پیی پۆلیسی نهێنی کە لە قەرارگای سازمانی ناوەندی ئەمنیەت پەنایان گرتبوو، کوشتن. بەهەرحاڵ، هەرلە سەرەتای مارس سەدان پۆلیسی نهێنی و دەست ودەیارەی بەعس کە نەیانتوانیبوو خۆیان دەربازکەن لە تەڵە کەوتبوون،بە دیل گیرابوون و بەدەستی خەڵکێک کەلە ئەوان هەتکی شەرەف و حورمەت کرابوو کوژران. بێ شک وگومان سلیمانیە تەنیا شارێک بوو کە دەویدا کوردەکان ئەشکەنجە دەرەکانی خۆیان بێ فۆرمەلیتەی قانوون، ئیعدام کردن. لە هەولێر،دهۆک-یش کردەوەی تۆڵە ئەستاندنەوەی خەڵکی ئەوها ڕویدا.

سەردان لە قەرارگای پۆلیسی نهێنی سلیمانیە بە شیکردنەوە ئەم مەسەلە کە بۆچ کوردەکان عەدالەتیان بە دەست گرت،یارمەتی کرد. ناوهۆدەکانی ترسەنۆکی ئەم مۆڵگەیە کە بە نەخشەیەکی دێوهەیکەل و پاریزگارد، ڕازاندرابۆوە، وەکوو یادگاریەک لە فیتنەو فەساد مابۆوە: ئەم مۆڵگەیە هۆدە گچکەکانی بێ پەنجەرە ڕووناکایی بوون، شوێنەواری ئەو خوێنە ویشک بووەو پرژاوە لە سەربەدەنەی دەرگاو دیوارکانی وەبەرچاو دەکەت،و شەمدانەکانی ئاسن،و چەنگاڵەکانی قەساوی بۆ مرۆڤ هەڵاوەسین تێدابوو، وکابینەکانی فلزی،ئەمرازە کەرەسەی دیکەی ئەشکەنجەکردن- و خانوبەرەیەکی تایبەتی کە دەگوترێ دەویدا بەکیژانی کورد دەست دەرێژی دەکرا. لاباجەکانی لە هەردی هۆدەکان جێ بۆکرابۆوە، کە بە سلۆلەکانی ژێرزەمینی دەلکان: ئەو خەڵکانەی کە ئەم مۆڵگەیانەیان دەست بە سەرداگرتبوو، سەدان منداڵ و ژن و پیاوی ڕووت و قوتیان تێدا بینی بوو کە خنکاندرابوون، هەروا ژمارەیەک لەزیندانیانی دیکە لەحاڵی بێهۆشی و لەسەرمردن بوون،هێندێک لەم بەندیکراوانە لە دەیەک پێش لەم بەندیەدا مابوونەوە.

تێبینی:1-قاقەزێک لەو شایەدانەی کە بەدووچاوی خۆیان لە سلیمانە دیبوویان دەڵێ:جەماوەر لە هەشتی مارسی 1991 لە سلیمانیە قوربانیەکانیان بە تۆڵەی (ئەوەی لە هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکە قەومابوو،لەت و پەت کردن. هاواری قوربانیەکان لە ئاسمان ئاوازەی دەداوە،بەڵام جەماوەر ڕوحم ومێهرەبانیان سەبارەت بەمخەڵکەی لاڕێ نیشان نەدەدا)/700کارگێری ئیستخباڕات و ئەندامی بەعس لە

هێرشێکی دواییین بۆ سەر مۆڵگەی  ناوەندی سازمانی ئەمنیەت کوژران. ئەوانەی کەلە شەڕ گیانیان دەرباز کردبوو لە بەرچاو بەدەستی خەڵکێک کەبۆ کوشتینیان لە چەقوو مشاردەستی، کەلکیان وەردەگرت کوژران،لەحاڵێکدا کە دەگریان و هاواریان دەکرد.)

بارزانی دوایی وەبیر دێنێتەوە:(خەریک بووین نەخشەمان دەکێشا کە چلۆن هەولێر، بگرینەوە)کە کەسێک گوتی:(بەڵام هەولێر خۆی بەدەستەوەدا). ڕووداوێکی ئەوها لەبەرنامەی نیزامی کوردەکان دانەبوو. تەنیا لەکەرکووک بوو کە پێشمەرگەکانی جەنگین،بەڕاستی شەڕیان کرد،ئەم ناوندی نەوتییە، کە ساڵها چەقەو گوڕەو ناکۆکی لە سەربوو لە 20ی مارس بە بایی سێ هەزار کوژراو دەستی بە سەرداگرا. جێگای سەرسوڕمان نەبوو ئەگەرلە جەنگەی ئەم شەڕە(پێچەوانە)یە هەتا مسعودبارزانیش کە بۆخۆی مرۆڤێکی بە سەبرو تەحەموولە،خۆی پێ ڕانەگیرێ و تووشی  ئیحساسات ببێت کەلەشاری کۆی سنجاق لە بەرامبەر خەلکێکی خۆشحاڵ بلێت:(چرکەیەک لەم ڕۆژە  هەموو سەروت و سامانی دنیا دەهێنێت) چەند ڕۆژدوایش لە لەپێ ئەم هەست و ئیحساسە دا بوو کە بە ئێمەی گوت:(ئاکامی حەفتاساڵ خەبات...هەنۆکە لەبەردەست دایە. ئەمە گەورەترین سەربەرزی منە،هەر ئەو شتەی کە لە  تەواوی ماوەی تەمەنم چاوەڕوانم دەکرد).

فراوینێک کە لە فۆرییە لەم بنکەیەی شاخاوی خواردبووم هەلێکی کە  دەمەویست بۆ ڕەخساندبووم و لە ئیختیاری دانابووم. کاتێک شەڕی هەردی دەستی پێکرد لە وی(بارزانی)پسیارم کرد ئاخۆ یارمەتیم دەدەی کە بۆ کوردستان بێم و دەنگ و باسی پەیوەند بەکوردستان گوزارشت بکەم؟ دەمزانی کە کوردەکانی ئێراق،بەتایبەت پارتی دێموکراتی کوردستان،لە یارمەتی دان بە هاواڵدەران و داکۆکی لە ئەوان،زوربەی بە بایی لە دەستدانی گیانی مرۆڤەکانیان دەنگینن. لەگەڵ ئەم هەمووە لەحاڵێکدا کە هێشتا نێوەڕاستی زستان بوو ئەم هاوەکارییەی کە ئەمن داوام دەکرد شتێکی گچکە نەبوو. مەسعوودبارزانی ئێکجار بە ڕووخۆشی وەڵامی منی داوە. بەڵام چ کات نەمپرسی بۆ، فکرم دەکەم ئەمە سوپاسێک بوو سەبارەت بەم سەفەرە چەتوونەی کە بە بۆنەی سەردانی لە بەرەخۆم هاسان کردبوو. کوردەکان هەرعەیب و ئیرادەکیان هەبیت،ئەوهەی کە ئەمن تێگەیوم و هەڵمکراندوە، خەڵکانێکن خوێن گەرم، و سەبارەت بەوکەسانە کەئامادەنە، بە خاترو بۆنەی  ئەوان و لەگەڵ ئەوان قەبووڵی مەترسی بکەن،ئیحساسێکی سەیریان هەیە.

بەمجۆرە چاخێک شەڕێک کە لە 24ی فۆریە دەستی پێکرد ئەمن لە وڵاتی تورکیە بە فڕۆکە بۆ شاری (وان)چووم: لە وێ یەکێک لە مرۆڤانی بارزانی بۆ سەردانی من هات. بارزانی بە ڕەواڵەت لە هەموو شوێن دەست و پێی هەبوو-هەرواپۆلیسی تورکیە. لە وێ لە هوتێلێکی هەرزان بایی نشتەجێ بووین،و سبەی زوو لە ناو بەفرو باوو بڕ، بە ئۆتووبووس بۆ باکوور ڕۆیشتم. پۆلیس پەیتاپەیتا پاسپۆرتی من و وەرقەی موسافیرانی چاو پێدادەخشاند. ئەمە کارێکی ئاسایی ڕۆژانە بوو. ئێمە هەنۆکە لە ناوچەیەکی حەساس نزیک بە سنووری ئێران وئێراق بوین کە پارتی جیاوازیخوازی کرێکارانی کوردی تورکیە(کە زۆرتر بەناوی

پ.ک.ک. ناسراوه)بنکەکانی ڕاهێنان و فیرکردن و ئەفرادی پشتیوانی لەو ناوچەیە هەبوو. ئەمن تەنیا مەسافری دەرکی ئۆتووبووس بووم و دڵە ڕاوکەم لەم بارەوە نەبوو کە هەرئێستا ڕامانگرن، پسیارم لی بکەن و بمگێڕنەوە یان لە وی خەرابتر.

تەنیا هیوام ئەمە بوو کە دایم و دەرهەم هەنگاوێک لە پۆلیس لە پێشتربم: پۆلیس کە هەمێشە لەو هاواڵدەرانەی کە بۆ کوردستانی تورکیە سەفەریان دەکرد زەنین بوو. لە نێوەڕاستی زستان کەلە توریست و بازرگانی دەرەکی سەروسۆراخ نییە،ئەمن هیچ جۆرە چەتری داکۆکیم لەم بارەوە نەبوو. سێ ساعات دوایی گەیشتینە یوکسەکوا،یانی: (گەوەڕ). کەشارۆچکەیەکە، خەماوی و مرۆڤ دڵی تێده دەگیرا، و لەو بارەوە کە ناوەندی قاچاغە ناوبانگی هەیە. لێرش دەست و پەیوەندی بارزانی منیان بۆ میوانخانەیەکی گچە برد و چێشتیان بۆ کریم،دوایی دەرگایان لە سەرقفڵ کردم وگوتیان: بەهەسێوە، هەتا دەگەڕێنەوە. قەرار بوو شەو وەڕێ بکەوین و لەڕێگای شاخاوی بۆ کوردستانی ئێڕاق بچین. لێم یەقین بوو کە پۆلیس ئەمنی ناسیوە،و لە درەنگ گەڕانەوەی بارزانیەکان ناڕاحەت بووم. پاش نێوەرۆ درەنگانێک بە خەبەری دەناخۆش گەڕانەوە: گوتیان: لە بەرزایەکانی زاگروس حەوت پا بەفر باریوە، لە بەر ئەمە سەفەرەکەمان بۆ ناکرێ. هەستم پێکرد ئەگەر چاوەنواڕی ئۆتووبووسەکی دیکەبکەم لەگەڵ پۆلیس تەنگەژەم بۆ دێتەپێش،دەجا تاکسیم گرت و دەست و جێ لە شار وەدەرکەوتم. کارێکی ناباشم کردبوو. لە ڕێگا گەڕامەوە بۆ وان،پۆلیس هەر نێو ساعەت جاریک ماشینی ڕادەگرت و پسیاری دەکرد ئاخۆ ئەمن(هەرئەو) هاواڵدەری تایمزنیم؟ ئەمن چونکە بە مانای فەنی وشە ئەوەی ئەو دەیەویست نەبووم وڵامم نەدەداوە، وئیجازەی ڕوینیان دەدام. دوایەکان بارزانی وادەی دا ئەم جەرەیانە لە پەیوەندی لەگەڵ من وهاوکارانی هەڵبژاردراوم قەرەبۆ بکاتەوە. ئەو بەوادەکانی وەفاکرد کە ئێمە یەکەمین هاواڵدەرانی ڕۆژئاوابین کە لە سووریيە ڕا واردی کوردستانی ئێڕاق دەبین. ئەو بەقەولەکەی وەفاکرد بوو، بەڵام هەنۆکە شۆڕش لە دەوروپشتمان تێک تەپی و لەبەریەک بڵاو بوو ئەمە جیگای دلخۆشیەکی هێندەنەبوو. هەتا ئەو چرکە کە خەبەری بی.بی.سی.م لەسولیمانیە گوێ لیبوو،سەفەرەکەمان بۆ کوردستان بێ شەباهەت بەم شتانە بوو کە هەتا ئەو کات بینی بوومان: ئاویتەیەک لە مەترسی،ڕزگاری و نەجاتی مەسیحایی، و هەستم بە خۆشحاڵی دەکرد ئەو شتانەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست توانایی بە نیشاندانی هەبێ بینی بووم. نەسلێک پێش کە ژنانی سعووديان بە فڕۆکە بۆ ڕۆژئاوا دەڕۆشتن بینی بووم کە بە چادرو عەبایەکی ڕەش و درێژ بۆ دەستشویی فڕۆکە دەچوون و بە مینی ژۆپ وبلۆز لەشی ڕووت دەهاتنەدەر،بینی بووم،بەڵام ئەم جەرەیانە لە هەڵسەنگان لە گەڵ زەوق و خۆشحاڵی ،عومەرسیندی لە گەڕانەوەبۆ نێشتمان شتێک نەبوو(عومەرسیندی لە کارگێڕانی یەکێک لە ڕەستووڕانەکانی گچکەی نزیک واشنگتۆن بوو) کاتێک فلان شاڵواری بۆری لەبەردادەکەنی و کەڕاواتی ئاوریشمی لە سوکر دەکردەوە و ژاکەتی داکەند و لە جێی وان کورتەک و پانۆڵی کوردی لەبەرکرد و پێچی لەسەردەنا و پشبێندی بەست کە لەکاتی لاوی و لە چاخی هەڵاتن لە کوردستان لە جەرەیانی هەرس هێنانی 1975ی شۆڕش، لەماڵی دانابوو،خۆشحالی وزەوقی بە ڕادەیەک بوو کە ئێمەش لەکاتی ڕۆین لە سووریيە و واردبوون بۆناو خاکی ئێڕاق لە حالێکدا لە

سەرکەڵەکی پڕاوپڕو لێواولێو لە بارو موسافیر لەسەر جەرەیانی ئاوی بەگوڕی دەجلە دەچوینەپێش مەترسی خۆمپارەهاوێژانی ئێراقمان لە بیرکرد. وەسیلەی ڕێوینی کەڵەک دوو کۆڵەکەی تایبەت عەلامەت گوزاری جادەبوو،کە لەجێاتی لۆتکە لەوان کەلک وەردەگیرا.

بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ کوردستان چ شت سەیرترو دڵ ڕاکێشتر لەمە کە بەیانی ئەو ڕۆژەی واردبوون بە زاخۆ،لە ماڵی یەکێک لە سەرۆک یان رئیس عەشیرە بە دەنگی دەهۆڵ و زڕنا و ئەم سەرودانە کە لەوبیانیە زووە دێتە بن گوێچکەو لەخەو هەڵدستی؟- ئەم تەپڵ وتوزەلەو، قەدردانی وڕێزگرتن لە سالی نوێی کوردەکانەو شتێکی سوننەتیە،بەرلە ئیسلام بە نێشانی تازە بوونەوەی بەهارو هومید.

هەوێنی مانەوەو هەرمانی کورد بەکردەوە لە وجوودی خانەخوێو کوڕەکانی دەبینی. (ئاغا)-یانی خانەخوێ- پێاویک بوو دێوهەیکەل،کە بە بێ مبالاتیەکی زۆرگوتی: کە خاوەنی 121 گوندە. ئەو یەکێک لەکوڕەکانی بۆ خزمەتی ئەڕتەش ناردبوو،یەکەکی (جاش) بوو سیومی (پیشمەرگە)بوو. هەرسێ خانەبوون: لە هۆدەی مەزن وفەڕشکراو کە لە ماڵی ماقولی کوردیش شوێنی فراوین خواردنە،وهەم هۆدەی لێدانیشتن و هەروا میوانخانە.

حزووری کوڕەکانی بە ئازانتی و شیکردەوەی ئەم بابەتەی ئالیکاری کرد، کە بۆچ لە زاخۆ، سەدان کوردهەموو چەکدار، لانی کەمی کلاشینکۆف ودەمانچە، بەشێوەیەکی مەست وکەیف خۆش لە دەوروپشتی قوتابخانەیەکی مام ناوەندی کە بنکەی فەرماندەری پێشمەرگەکان لەهاتووچۆ و خول وسوڕ دابوون و کاتێک ئێمە گەینە وێ بە بەزم و شایی لە ئێمەیان پێشوازی کرد: زۆرینەی ئەم خەڵکە (جاش)بوون کە بە بزوتنەوە لکابوون،و بەم کردەوە شانسی سەرکەوتنی بزوتنەوەیان بەهێزکردبوو،کە ئەگەر ئەوها نەبوایە شانسی سەرکەوتن گەلێک لاواز دەبوو. ئەمەی لێرە لەگرەو دابوو گەورەترو گرینگتر لە(ئینتفازیە) بوو،کە وشەیەکە عەرەبی بەمانای(لەرزاندن) وکوردەکان بۆ لێکدانەوەی بزوتنەوی خۆیان لە عەربیان بە قەرز وەرگرتبوو. لەڕاستیدا یەکێک لە فۆڕمەلیتەی)گرینگی سیاسەت ( ئاوێ قوڕاوکە پاشان ماسی لێبگرە) کە سەدان ساڵ بوو کەرەسەی حکوومەتی کوحکمڕانان بوو لە بەریەک هەڵوەشابوو. کوردەکان و مێژوونووسان، هەر دوو لەکۆنەوە هەوینی لەناوچوونی خەلکی کوردیان لە ناکۆکی ونێوانناخوشی و لە بەر یەک ترازابوونی ناخی خۆدی ئەوان دەزانی، بێجگەلە حەزکردن بە یەکیەتی لەگەڵ دوژمنانی دەرەکی کە وەکوو خۆکوژیە.

هەرکوردێک دەتوانێ ودەشێت ئەم پارچە شێعرە لە حەماسەی مەم وزینی ئەحمەدی خانی کەلە سەدەی هەفدەهەم هۆندویتەوە بگێڕیتەوە،کە دەویدا شاعیر لە بابەت تەفرەقە سکاڵا دەکات:

ئەم کوردانە بە شمشێرەکان سەربەرزییان ئافەریدەکردوە.

بۆچ حوکمڕانی و فەرمانڕوایی دونیا لە ئەوان دریغ کراوە،ملکەچی هی دیکەن؟

تورکەکان و ئێرانیەکان لە گەماورۆی چوار دیواری کوردەکان دان

بەڵام هەرکەڕەت عارەبەکان یان تورکەکان هەنگاو بۆکردەوە هەڵدێنن،ئەم کوردانن کە لە خۆین دەگەوزن.

بەردەوام لێک بڵاو لەتەفرەقە دان،دایم و دەرهەم ناسازگارو ناکۆکن، بۆیەکترسەرنەوی ناکەن.

هەرکات یەکگرتووبین،تورک و عارەب و ئێرانی ملکەچی ئێمە دەبن.

لە سەریەک سەرکەوتنی حکوومەتەکانی هاوسایە لە بە چۆک داهێنانی شۆڕشەکانی کورد لەمە دابوو کە بە بەرەکەتی دابین کردنی پارەو چەک و داکۆکی سیاسی عەشایەر، لە بەرانبەریەکیان هەڵدەکێشان. لەکوردستانی ئیراق ئەم دوژمنداریانە  بە ڕادەیەک قوڵ و ڕێشەدار بووکە هەتا دوایی کیژ پێکتر دانەکانی تایفەیی و عەشایەری کەبە مەبەستی (بەرخوین)و دواییهێنان بەوان سەری دەگرت هەروا بەردەوام دەمانەوە. بۆ نموونە دایکی مەسعوود بارزانی کە خانمێکی ئیکجارموحتەرەم و زێبارییە،یانی لە عەشایەریکە کە ئەندامەکانی دیکەی وی، بل لە چەند کەسێک هەروا بەبڕیارگری لەگەڵ بارزانی دەژمنایەتیان هەبوو و دەیان بۆغزاندو دوژمنداریان دەکرد و لە گیان بەختکەرانی  سەدام حوسین بوون، و بەرلەویش لەگەڵ دەم ودەزگای سەڵتەنەتی و هیزەکانی بریتانیا، کە لە لای کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی سەرپەرشتی ئیڕاق وەسوکربوو هاوکاریان دەکرد،و بەرلەوانیش لە خزمەتی دەم و دەزگای عوسمانی دابوون،(یانی همیشەجاش بوون)

بارزانی ئەندامانی دیکەی (بەرەی کوردستان) ئەو دەیندارییەی کە بەجاشەکان  هەبوو، درک دەکرد و نیاز بەمە کە ئەوان بە ئیخلاق ڕابگرن تێدەگەین. هەرلەو ڕۆژێ کە هێرشی بەرانبەری ئێڕاق بۆ دووبارە وەرگرتنەوەی کەرکووک دەست پێکرد، بارزانی کۆبوونەوەیەکی یەک ڕۆژەی لە باشترین هوتێل لە شارۆچکەی زۆزانی شەقڵاوە ڕێکخست: شتێک بوو وەکوو سیمنارێک بۆ بیروڕای وەخەبەرهێنانی ویژدانەکان- و سەرۆکانی عەشایەری بۆ بەشداری لەم کۆبوونەوەیەدا بانگێشتن کرد: سورچێەکان،برادۆستەکان، هەرکێەکان،  و عەشایەری دیکەی یەکگرتووی پێشووی بەغدا،گروپ گروپ یەک بەدوای یەک وارد بوون و بە باوەشی هاوەڵا پێشوازیان لێکرا،لە هەڵەکانی ڕابردوویان چاوپۆشی کرا، و لە کردەوەچاکەکانیان ڕیز لێگرا، و هیواداری کرا کەلە بەرگری لە کەرکووک لەگەڵ بزوتنەوە هاوکاری بکەن. قەراردرا لەمەو دوایی لە جێاتی وشەی جاش بە(چەکداری ئینقلابیان) ناولێبەرن. عەمەرسورچی وادەی دا شەش هەزار تفەنگچییەکەی بۆ دیفاع لە کەرکووک بنێرێ: مرۆڤەکانم دەنیرم و کوڕەکەم بە سەرپەرستی لەگەڵیان.)
پسیارم کرد چلۆن توانیویەتی وەرچەرخانێکی ئەوها گرینگ بکات،چەند پێشتر مرۆکانی ئەو، یەکگرتووی بەوەفای سەدام حوسین بوون،وەکوو چاوو گوێچکەی سوپای ئێڕاق خزمەتیان دەکرد،پێشمەرگەکانیان

دەگرتن و لە ناو دەبردن؟ ئەو لە وەلأم بابەتێکی ئالۆزو شڵەزاوی سەبارەت بەشەڕی سارد هێنا بەرباس. بەڕەواڵەت ئەم خاڵە تێنەگەیبوو کە(یەکگرتوەکان) کە کەوەیت یان ئازادکرد  بوو، تەنیا بەم هۆیە لەکردنهاتوو ڕەخسابووکە یەکیەتی شووڕەوی شەڕی ساردی لە ڕاستیدا دۆڕاندبوو،و هەنۆکە بە ڕادەیەک بە داکۆکی ڕۆژئاوای ئاتاجی هەبوو کە یەکیەتەکەی، ئێڕاقی بەرەڵڵا کردبوو. پەرسڤێک کەدای حیکایەتی لە بێ خەبەری و نائاگاداریەکی قوڵ دەکرد کە ئالودە بە گەلێک لەکوردەکانی دێهاتی،بریتی لە جاش و پێشمەرگەیە،کە بەڕادەیەک لە چیا دا ماوەنەوە کە ئیدی لە خەم و فکری ئەمە دانین کە لەگەڵ ڕووداو گۆڕانکاریوکانی  دونیای دەرەکی هاوهەنگاوبن. سوورچی بەڕەواڵەت بێ باوەری و نامتمانەیی منی هەست پێکرد،بۆ ناو باسەکی دیکە چوو. وگوتی:(دەزانم چ قودڕەتێک لە پشت سەری کوردەکانە: ڕۆژئاوایە نەک ڕۆژهەلأت. و ئیدی ئەو هەڵەی پێشوو دووپات ناکەینەوە.) چاخێک بینی کە شیکردنەوەکەی هێشتا ڕوون وتەواو نییە،لە حاڵێکدا کەلەگەڵ پارێزگاردە کەسینیەکەی، کە هەیکەل و بێچم و قەوارەیەکی ناقۆڵاو سەیری هەبوو لە جەلەسە وەدەرکەوت،و بە دەنگێکی بەرز پێامەکەی هێناسەرزوان:(ئێمە بە یارمەتی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا نیازن هەیە.)چەند دەقیقەبەرلە وی، مەسعوودبارزانی پەیامەکی دووپات کردەبۆوە و لە هەموو ئۆپۆزسیونی ئێڕاقی داواکردبوو بێنە کوردستان،  و دەوڵەتی ئامریکای بە بۆنەی ئەمەکە هەلیکۆپتەرەکانی تۆپداری ئێڕاقی ناکەوینن بەتوندی ئیدانەو مەحکووم کردبوو.

لە سەرانسەری کوردستان هەست و هزرەکانی وەک یەک هێندێکجار دژی ئەمە لە ئاگایی ڕیبەران و خەڵکی ئاسایی قژ قژ دەکولّی. یەکێک لە شاعێرانی دهۆک لە شێعرێکی دا پەیمان دەبەستی کە بلانگوی(سەرکۆمار بووش ماچ بکات) هەر  چەند ئەم شێعرە ناسکە لە وەرگێراندا تام و چێژی خۆی لە دەست دەدا بەلأم هەست و سۆزی شاعرانەی بەباشی دەکاتە ئاوینەی بالأنوێن. نوسەرێکی ڕۆشنبیر لە خەڵکی سلیمانیە دەیگوت: پەیوەندی و دۆستایەتی و محیبەتێکی هاوبەش لە نێوان ئامریکایەکان و کوردەکان (پەیوەندێکە)  کە (پەیمانی گریدان) ی لە ئاسمانەکان ئەنجامدراوە. چونکە ئێمە نەوتمان هەیە و دێموکراسیمان دەوێ،و ئێوە ئەمریکایەکان دێموکراسیتان هەیە و نەوت تان دەوێ.)لە شەقامەکانی سلیمانیە وێنەی ڕێبەرانی نەتەوەی کە سەردەمێک بوو لێڕاونینیان یاساخ بوو لە ناو هەگبەی ئاوێنەکاندا بۆ چاولێکردن دانرابوون و سەرنجی خەڵکێکی زۆریان بۆ لای خۆ ڕەکێش کرد بوو.  جێگای سەربەرزی بە ژەنەڕاڵ بارزانی وەفات کردو،بابی مەسعود  بارزانی تایبەت کرا بوو. لە یەکێک لە سینەماکانی هەولێر(ئەربیل) بینەرانی  عەلاقەمەند، ڕۆژانە شەش کەڕەت فیلمی ویدۆئی کە فیلم بەرداری ئاماتۆڕ لە هێرشی شیمیایی ئێڕاق لە هەڵەبجەی هەڵگرتبۆوە تەماشا دەکرد. لەم زەمانەدا فیلم خەبەر لە شایەتی(یاساخ)ی سەرکوتی دەوڵەتی شتێک و بینینی شتێکی دیکە.  بەڵگەی چاوپێکەوتنی ئەم فیتنەو فەسادە نەگۆتراو لە هەڵسەنگان و ئەندازەگرتن  شتێکی خەیالی و مەوهووم نەبوو، چ بگا بە ئەمە کە بگوترێ لەگێرانەوەو، وەردانەوەی چەند پاتکراوە بە مبالیغەو وزۆرگوتن ئالودە بووە. ئەم دڵ مەشغوڵیە، کە ڕێگای ڕووتێکردن و سەرنجدانی چاکردنەوەی شوێنەواری زوڵم و زۆری ڕابردوو بوو، هەنۆکە ترس بۆ

مانەوە لە جەرەیانێک کە لەماوەی ویدا خەرابترین لە بەریەک بڵاوبوون لە دەورانی تێشکانەکانی مێژوویی کوردەکان دەگورا، لە نموود خست. شتێک کە لە سەر ئەم پەریشانیەی زێدە دەکرد ئەم وشیاری و، وەخەبەری بوو کە لەم سێ حەوتووهی ئازادیدا چەقەرەی کردبوو. ئیدی لەو هاوارانەی(حاجی بووش)کە بە وێ کە لە هاواڵدەران پێشوازی دەکرد خەبەرێک نەبوو. ئەم پەریشانی و ئیلاقەیە کە کوردەکان سەبارەت بە بووش نیشانیان دەداجێگای سەرسوڕمانی هاواڵدەران بوو. بووش لەم خەڵکەی داواکردبوو بەڵای سەدام لە سەری خۆیان بکەنەوە، و دوایی دابین کردنی سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانی کارێکی نەکردبوو. هەنۆکە کوردەکان بە رق و تووڕەیی، دەرەکیەکانی سست و بێ خووخدەو ئیخلاقیان تۆمەتبار بەمە دەکردکە دیسان ئەوانیان بە ئامانی هەواهەوس و تۆڵە وەرگرتنەوەکانی بەغدا ئەسپاردوون. هەنۆکە لە نەکاو هەموو دەیانزانی قسەکانی هەڵنەسەنگاوی پازدەی فۆرییە بووش،کە ئەوانی بۆ شۆرش دنەدەدا وشە بە وشە دووپات بکەنەوە،دەکردن. گروپی ئای.بی.سی.کە تێکۆشا بوو لە دوایی خۆ بە دەستەوەدانی کەرکووک بەم شارە نزیکی بکەن ڕوو داوی ناخۆش بەڵام شیاوی تێگەینی دەگێڕاوە کە لە نیوان ئەوان و جەنگاوەرانی کوردی ڕوویدابوو کەهەتا ئەم چەند ڕۆژ پێش لەگەڵ ئەوان دۆست بوون.

هەتا ئەگەر کوردەکان بۆخۆیان بە ئێمەیان نەگوتبوایە-و یەکێک لە دڵخۆش کەرترین تایبەتمەندیەکانیان ئەمە بوو کە شتێکیان لەمە نەدەشاردەوە-چی پێویستی نەبوو کە خۆدی(کلاوزویس)ئینسانێک بێ کە هەتا تێبگەن کە چریکەکان جەنگاوەری دە شەڕکەرن، هەڵبەتە تەنیاکاتێک کەلەگەڵ حەریفی ورە دۆڕاو ڕوو بە ڕوو بن. پێشمەرگەکان چەکی پێشکەوتەی دژی تانگیان نەبوو. تانگەکانی کە لە سوپا زەوت کردبوو چەک و تەقەمەنیان نەبوو،و کەس نەیدەزانی کە ئێڕاقیەکان چەک و تەقەمەنیەکان لەکوێ تاقەت کردون. تۆپچیەکانی ئێڕاقی لە جەرەیانی پاشەکشە، دەرزیلەی تۆپەکانیان دەرهێنابوون کوردەکان ناچاربوون لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەفرادی زریی هەرلەو نارنجۆک هاوێژانەی قەدیمیان کە هەیانبوو کەلک وەرگرن. چەند مووشەک هاوێژی سام 7 ساختی شووڕەویشیان هەبوو، بەڵام نە شتێک کە بۆ هەڵسەنگان لە گەڵ مووشەک هاوێژانی ئەستینگری لە تەرازوبنرێ، کە ئامریکایەکان بە ئەفغانستانیان دابوو کە فڕۆکە شەڕکەرکان و هێلیکۆپتەرەکانی شووڕەویان پێ دەپێکا.

هێزەکانی پیادەشیان لە دەکارکردن وبەکارهێنانی ئەو کەرەسەی قورس و شیاوی کەلک وەرگرتن، کە لە ئەرتەشی ئێڕاقیان زەوت گردبوون ئاشنا نەبوون. ئەم مەسەلە ئاکامی سیاسەتێکی لەمێژینەی ئێڕاق لەم ڕاستایە بوو، کە کوردەکان لە ئاشنایی بە چەکەکانی فەنی ئەرتەش دوورەپەرێز ڕابگرێ. گۆیا یەکێک لە فەرماندەران پێشنیاری کردبوو کەلە کادرێرەکانی نیزامی کە بە کوردەکان لکابوون بۆ ئاشنا کردن جەنگاوەران بەم چەکانەی زەوت گرتوو کەلک وەربگرن. بەڵام ئەم مەسەلە لە چاکتری دەست و جێ نەبوو. کوردەکان ئەزموونی فەرماندەری و کۆنترۆڵیان نەبوو . بە دەم پێداهێنانی خۆیان پێشمەرگەکان لە شەڕەکانی شاخاوی پسپۆریان هەبوو و ڕاهێنانی پێویستیان بۆ شەڕەی ناو شەقامەکان نەبوو-کە

ئەگەرهەیانبوایە ڕەنگە توانیبوایان شارەکانی ڕاستایی کە دەیانجار بۆ تێکۆشانی بەرفرەوان دەستیان بەسەردادەگرتبوو ڕابگرن.
بەڵام لاوازی بنەڕەتی سوپای پێشمەرگە لە جێی دیکە بوو: کوردەکان بە پێچەوانەی وشیاریەک کە لە سەرەتا لە بەرچاویان گرتبوو،هێزەکانی نەیاریان بە هێند نەگرتبوو-بەڵکوو زۆر کەمترلە وەی کە هەبوو. لەشکرەکانی ورە بەردراوو زراوچووی سۆپای ئێراق،هەتا لک وپەلەکانی هەڵبژێردراوی گاردی کۆماری، هەرلە سەرەتای شەڕ و هەڵگەڕانەوەی (جاشەکان)لە سەدام، لە بەریەک ترازابوون. کوردەکان داواکاربوون کە پەنجاهەزار دیلیان گرتووە کە زوربەی لە وان سەربازبوون کە چەکەکانیان دانابوون و بە پێشمەرگان لکابوون. کوردەکان هێندێک لە ئەفسەرو سەربازەکانیان ڕاگرتن،و وەک بەرێ زۆرینەی نزیک بەکۆی ئەوانیان لە جیاتی ئەمەڕابگرن چێشتیان بدنێ و بەخێویان بکەن ئازادکردن. بەڵام کاتێک کە ئەم سەرخۆشییەی سەرهەڵداو لە پیرۆزی و سەرکەوتن دوایی پێهات دیاریدا نانیزامیان یانی خەڵکی ئاسایی کە لە کەرکووک هەڵاتوون لە بابەت هێزەکانی پشتیوانی کە بۆلای باشوور بەرەوپێش دەهاتن لە فەرماندەکانی هاووڵاتی خۆتان زۆر ئاگاتر و سروشتیە نیگەرانترن. چوار ڕۆژپێش لە خۆ بەدەستەوەدانی کەرکووک کارگێڕانی نانیزامی بەرئاوردیان دەکرد کە نزیکەی بیست هەزارکەس لە کەرتەکانی سوپای ئێراق،بریتی لە گاردی کۆماری، لەڕێدان هەتا بەو چواردە هەزارکەسە بلکێن، کە لەو بەشانەی لە بنکەی خالیدی بنی وەلید مابوونەوە.

هەرئەوشەوی لەناوەندی فەرماندەری کورد،لە سەلاحەدین، نەوشیرەوان مستەفا ئەمین، جێگری فەرماندەری هێزەکانی کورد،ئەم بەراوەردە نانیزامیانەی بێ ئیحتوبار وئیکجارزێدەڕۆیی ولە سەربناخەی ڕەش بینی لێکداوە. ئەو پێداگربوو لە سەرئەمە کە هەتا ئەگەرکەرکووک-یش لەدەست بدەن هێزەکانی پێشمەرگ دەتوانن لە سەنگەرەکانی داوینی تەپکەکانی باشووری شار-ڕووبەڕووی ڕێی هەولێر-پێشی تانگەکانی ئێراقی بگرن. (ئەو پاشان لە لەندەن بە منی گوت:(لە ڕاستیدا ئەمن فکرم نەدەکرد کە سەدام حوسین بتوانێت هێزێکی نزیک بە سوپایەک بۆ کەرکووک بنێرێ.) ئامریکایەکان گوتبوویان کە هێزەکانی چەکداری ئێراقیان تێک شکاندووە. کوردەکان لە ڕێگایی نوێنەرەکانی خۆیان هەتا ئەو جێگایە کە توانیبوویان لەم بارەوە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیان کردبوو. نەوشیروان وەبیری دەهێناوەکە (ئێرانیەکان، سووریەکان، سعودیەکان، فرانسەویەکان،و ئیگلیزیەکان-هەموو-دەیانگوت: کە یەکگرتووەکان 42لەشکری ئێراقیان یەک لەوانە گاردی کۆماری و هێزەکانی ئاسمانی ئێراق بەتەواویی لەناوبردووە.)شەبەکەی جاسووسانی کورد لە ناخی هێزەکانی ئێراق-یش لەناوچوونی ئەرتەشی ئێراقیان زۆر دوور لە ڕاستی تەخمین لێدابۆوەو ئەرزیابی کردبوو.

ڕاستیەکە ئەمەیە کە سەدام حوسین هەموو هێزەکانی کە لە پایەگای قودرەتی لەکوەیت بوون واردی گۆڕەپانی شەڕ نەکردبوو-یانی سازمانەکانی جۆراوجۆری پۆلیسی نهێنی و گاردی کۆماری. سێ ڕۆژبەرلە

داگیرکردنەوەی کەرکووک لەلایان سوپای ئێراق، دەسەڵاتدارانی نیزامی ئامریکا دەمی پێداهێنا کە(ئەوژمارەتانگ و زریێپوشانەی ئێراقی کەلە شەرگەیان ڕزگارکردبوو زۆر زێدەتر لەوانەیە کەلە گوزارشتەکانی سەرەتایی هاتبوو...)ژەنەراڵ اج.نورمن شوارتسکف،فەرماندەری ئامریکایی هێزەکانی یەکگرتوو دوو ڕۆژ دوای وی گوتی: ئەگەرشەڕەکە 24ساعەتی دیکەی خایاند بوایە دەمانتوانی سەدەمەی قورسترلەوان بدەین.) هەڵبەتە ئەمە کە حەزو مەیلی ئامریکا بە لەبین چوونی سوپای ئێراق ئاوێنەی باڵانوێنی شێوەی فکرولێکدانەوەی ئامریکا بووبێت، جێگای باس و گفتووگۆیە. شێوەی بەرخوردو کەمتەرخەمی دەزگای دەوڵەتی ئامریکا لەمانگی مارس،هەتا بەم فەڕزیاتەش کە ئانقەستێک لەکاردا نەبووە، دیسان پێ داگرتنی ئاقیدەوبۆچوونی کەسانێکە کەلەم مەسەلە ئەوها ئاکام وەردەگرن کە واشنگتۆن-کە سەدام حوسینی لە هۆکاری گرینگی ئارامی لە ناوچەبینی-بۆ سیاسەتی بەرلە 1990 گەڕاوەتەوە.

دورست هەرئەو کات کە مەسعودبارزانی پێش بینی کردبوو سەدام حوسین لاواز بوو بەڵام کوردەکان لاوازتر بوون. هەتا شۆڕشی شێعەکان کە لەدوای ئاگربڕێکی یەک لایانەی یەکگرتووەکان لە 28ی فۆریە لەباکووری ئێراق هەڵگیرسا،بەقازانجی سەدام حوسین بوو: نیزامیانی ئێراق کەلە زێدەڕۆییەکانی تیپی(بەدر)ترسیان ڕێنیشتبوو لەبەسرە بە داکۆکی لە سەدام حەسین ڕاپەڕین(تیپی بەدر پێکهاتوو لە دیلەکانی ئێڕاقی بوو کەلە ماوەی شەڕی ئێران وئیراق بۆ سەردەمێکی دووردرێژ لەئێران مابوونەوە ولەماوەی مانەوەیان لەئێران بەئیسلامی توندڕەو وەرچەرخابوون ودوایی لە سنوور بۆ ناوئێڕاق ناردرابوون.)بیچم وهەیکەلی هێرشبەرانی تیپی بەدر،کە پۆستێرەکانی خومەینی یان ڕادەوەشاند، ئەفسەرانی ئێڕاقیان کە زوربەی خەڵکەکە شێعە مەزەب بوون لەگەڵ خۆی هێناوە. هیچ کات هەموو شیعەکانی ئیڕاق لە باوەڕهەبوون بە ئیسلامی ئینقلابی هاو ئائینی خۆیان لە ئێران هاوبەش نەبوونە. هەر لە سەرەتای 1980 ئەم خەڵکە لە شەڕ دژی ئێران لە ڕێگای سەدام حوسین هەزارانی کەسیان تەلەفیات دا. هەنۆکە زوربە لەو ئێراقیانەی کە هیچ چاخ بەشێک لەلێژنەی حاکمەی کەمایەتی سوننە مەزەبی ئیڕاق نەبوون،هەرچەند بە زۆری،لە ترسی بزوتنەوەی شێعەکان و ڕوانێنی فرتێنەیەک کە ئەم بزوتنەوە وادەی دەدا لە سەدامیان داکۆکی دەکرد. لە نێوەڕاستی مارس ئیدی دەست وباڵی سەدامی حوسین کراوەبوو کە ڕوو لەکوردەکان بکات. پاشماوەی هێزەکانی چەکداری ئێراق زۆرتر کوردستانیان لە ماوەی کەمتر لە ئەوەی خەرجی ئازادکردنی کرد سەرلەنوێ داگیرکرد.

کوردەکانی ئێراق تێشکان- و کۆچکردنی-خۆیان بەتەواوی بە بڕیاری حیساب کراوەی ئامریکا لە نەپێکانی هلیکۆپتەرەکانی تۆپداری ئێراق بەڵگە دیننەوە(پێنج ساڵ دوایی جۆرج بووش لە ئەوەی بۆخۆی(ڕەخنە گیری لە دوای ڕووداوکە)ی ناوبرد، لە وتوویژی تەلەفزیونی گوتی: بۆ لاوازی سەدام حوسین(هاوپەیمانە یەکگرتووەکان دەیانتوانی کاریکی زۆرتربکات)ئەو ئەنگوست ڕاداشت و دەمی پێداهێنا کە ئایالاتی

یەکگرتووی ئامریکا دەبوایە بەرتەسکایەتێکی زورتری لە مەڕ فڕینی هێلیکۆپترەکانی ئێڕاقی هێنابوایە کایە)ئەم شێوە لێکدانەوە فکرکردنەوەی کوردەکان ڕەنگە سەرهەڵداو لە کەمتەرخەمی بێت،بەڵام خولاسە هەرچی بوو وەک(ئاقید و باوەڕهەبوون)بە حەبی لێهات. خۆدی ژەنەڕاڵ شوارتسکف گوتی: کەلە جەرەیانی وتوویژی سەرەتایی ئاگربڕ(فریوی)ئیڕاقیەکانی خواردوە، کە بەوانی ئیجازەیەکی سنووورداری هێلیکۆپتەرەکان داوە-ئەویش هێلۆکۆپتەرەکانی ناپۆشتە بەچەک، و تەنیا بەمەبەستی دابین کردنی پەیوەندی. کوردەکان پسیاریان دەکرد بۆچی کاتێک فەرماندەری هێزەکانی یەکگرتوو بینی کە فریوی خواردوە نەیەویست ئەم فریوخواردنە قەرەبۆ کاتەوە و هێلیکۆپتەرەتۆپدارەکانی ئێڕاقی کە خەڵکی ئاسایی و پێشمەرگەکانی کوردی بێ تەوفیر بۆ دانان وەبەر ڕەهێڵەی تۆپ و ڕەشاش دەدا، تەقەلێنەدەکرد و سەرنخون نەدەکرد؟ ئەگەر ئەم مەسەلە ئەوها بوو بێت کە خۆدی ئەم کەسینانە دەڵین، سروشتیە کە دواڕۆژی ئەم فریوخواردن یان-ئەگەرهەڵەبێت-بەلەز ئاگاداریان ببوون: بەڵام ئێمە هاواڵدەران کەلە دنیای دەرەوە جیا ببووینەوە لە مەڕ ئەو تێکۆشانانەی کە لە واشنگتۆن و پایتەختەکانی دیکەی یەکگرتووەکان لە جەرەیاندابوو تەنیا دەمانتوانی دەستەوداوین بەشک وگومان بین- و پەیامەکانمان بە قاسد بۆ ئێران بنێرین بەم هیوایە کە بۆ شوینی دیاریکراو موخابرەبکرێن.

ئەمەی بە بیروڕای ئێمە ڕوون وبەتاڵ لە بوڵیڵی دەنواند ئەمە بوو کە ژەنەڕاڵ تسکف یان هەرکەسێکی دیکە لە واشنگتۆن کە نێگەرانی باردۆخی کوردەکان بوو بێشک دەیزانی کە هێلێکۆپتەر خەرابترین هۆکاری ترس و وەحشەتن،و دەتوانن تەلەفیاتی قورس بە خەڵکی ئاسایی نانیزامی واردبکەن، وشارەکان چۆل بکەن،وخەڵکەکەی بتۆقینن. هێلیکۆپتەرەکان کە کارتێکەرترین چەکەکانی زێدی چریکین لە ناو دێوشناسی(دمونولوژی) کوردەکان جێگایەکی تایبەتیان هەبوو. چونکە ئەم هێلێکۆپتەرەیانەیان بەدەیانجار لەماوەی شەڕلەگەڵ ئێران و دوایی وی لە ڕەخ فڕۆکەکان و موشەک هاوێژەکانی چەند لوولەیی لە عەمەلیاتی شیمیایی دژی کوردەکان کەلک لێوەرگرتبوون. لە گوێسریواندنی ئامریکا بە فڕۆکەکانی ئێڕاقی،کە: (هەرفڕۆکەیەک کە هەڵفڕێ سەرنخون دەکرێ.) بۆ سترینەوەی ئەم خەیاڵە هیچ بەس نەبوو. شوارتسکف و ژەنەڕاڵەکانی دیکەی هاوپەیمان بەردەوام نیگەرانی کەلک وەرگرتنی ئێڕاق لە گازەکانی شێمیایی دژی هێزەکانی خۆیان بوون،کە پۆشتە بە کەرەسەی تایبەت و ماسکی زێدی گاز بوون. کاتێک ناوی کوردەکان هاتەناو، فەرامۆشیەکی سەیر بەرۆکی گرتن. نەخشەدارێژەرانی نیزامی و نانیزامی هاوپەیمان،زۆر بەسانایی وێنەکانی ترسەنۆکی خەڵکانێک کە لە هەڵەبجە وەبەرهێرشی شیمێایی کەوتبوون و مردبوون و هەروا چاپەمەنیەکانی دەباوەشگرتووی ئاخافتنی ئەو شێست وپێنج هەزارکوردەی کەلە هێرشی شێمیایی ئێڕاق لە ئەوتی 1988 هەڵاتبوون و بۆ تورکیە پەنایان بردبوو بە نەبینین و نە بیستن گرتبوو. لەو سەردەمی وە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەرجۆرە تێکۆشانێکی بە مەبەستی پێشگیری لە ڕژانی خوێنی کوردەکان یان لێپرسینەو لەسەدام حوسین بە تێشکان ڕوو بەڕوو کردبوو(هەرچەند ئەم مەسەلە پێشگیری لەمە نەکردکە بووش لە جەرەیانی خەباتی ئیتخاباتی ساڵی 1988 وێنەی قوربانیەکانی هەڵەبجەی لە بەرچاوی دەنگدەرەکان ڕاوەشێنێ) ئەم نا جوڵانەوەی ئۆڕوپا

هەڵبەتە بەرلەمە بوو کە بووش لە 1990 بە بۆنەی نەوتی کەوەیت، و بڕیاری لەسەر ئەمە کەکارێکی سەبارەت بەسەدام حەسین بکات(خەتی لەسەر ڕەڵمەکانی سارا،کێشا)

لە هەرد،لە کوردستان،ئێمە لە مەڕ عەمەلیاتی هێلیکۆپتەرەکان هیچ ئاتاجیمان بە (ئیقناع) نەبوو. ئێمە لە گەڵ مێژووی جەرەیان ئاشنابووین. هەتا ئەگەر ئاشاناش نەبواین هەر لە ڕۆژی هەوەڵ کە لاقمان لە کوردستان نا،کوردەکانمان دیبوون کە بەردەوام ترس و شڵەژانی خۆیان چەندپات دەکردوە، کوردەکانمان بینی بوو کە لە دهۆک بە ڕەشاشە قورسەکان و نارنجەک هاوێژەکانی موشەکی، تەقەیان لە هێلێکۆپتەریک کردبوو،داوایی گوییبس بوین کە چەند ساعەت بەرلە گەیشتنمان هێلیکۆپتەرەکەیان بەرداوەتەوە. هەروا چوار هێلیکۆپتەرمان بینی بوو کە لە کەرکووک بۆسەر هێزەکانی کوردیان هێرش دەکرد. بەر لە هێرشی بەرانبەرو بەرتەقای ئێراقیەکان نۆشیرەوان و ڕیبەرانی نیزامی دیکەی کورد لە توانایی هێلیکۆپتەرەکان لە تۆقاندنی خەڵک بۆ ئێمە قسەیان کردبوو-بەڵام هەروایپێداگربوون لە سەرئەمە کە پێشمەرگەکان دەتوانن خۆڕاگری و پایەداری بکەن و پایەداریش دەکەن.
کوردەکان هەتا ئاخرین چرکە بەرلە کۆچکردنێک کە لەم دنیایی نوێ بە لەز بەرفرەوان دەبێتەوە، وایاندەنواند کە باشترین هەلی ڕەخساوی دنیایان وەدەست هێناوە. بەلانی کەم دەیانەویست کارتێکەریەکی ئەوها لە بینەر وەدیبینن. کوردستان لە دوایین کات ژمێرەکانی خۆیدا بەرلە لەبەریەک ترازان هەڵوەشان، هێشتا بە وێنەیەکی سەیرو سەمەرە لە بێتاوانی و سەفایێکی قوڵ نوقم بوو-یان ڕەنگە ئەوکوردانەی کە ئێمە لە گەڵ ئەوان ئاخافتنمان هەبوو بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانی  کە لە بەرانبەر یەکەمین ڕۆژئاوایەکان کەلە دوایی ساڵها ئازادانە لەگەڵ ئەوان ڕووبەڕوو بوونە بێچم و هەیکەلێکی مەتین بەخۆوە بگرن...بەڵی ئەوهانە دەردو کول و چەرمەسەریەکان سەرهەڵداو لە ڕزگاریەکی لە نەکاو، لە وشیارکاریەکانی ژیان لە یەکێک وڵاتانی پۆلیسی.

هەرلە کاتی لاقمان لە شاری زاخۆ،نا-ڕووبەڕوو بوونی کوردەکان، لە هەر چین و تویژ،لەگەڵ ئێمە وەکوو هەڵس وکەوت لەگەڵ کەسانێک بوو کە لە یەکێک لە ئەستێرەکان هاتبنەخوار، ڕوو بەڕوو بوون یان لەگەڵ هونەرمەندان وئەکتەرانی سینەما،یان قارەمانەکانی وەرزشی. (دەتوانی بۆ هەرکوێ کە دلتان دەخوازێ بڕۆن،لە هەرکەسی چێتان پێویستە پرسیاربکەن-) ئەم پاڵ پشتی قسە سەرمەستانەیە لە حاڵێک دابووکە(پرستوریکای)کوردیان ناودەبرد.

ئێمە لە 28ی مارس،یانی لە ئادینەی ممبارکی بەرلە جەژنی پاک(قیام) گەیبووینە سلیمانیە،پێنج شەش کەسێک لە ئێمە لەگەڵ ئەندازیارو بازرگانانی ڕاهێنراوی ڕۆژئاوا چێشتی شەومان خواردبوو،کە گوێچکەیان بە قسە نیگەرانیەکانی ئێمە سەبارەت بە لە بەریەک بڵاو بوون و ترازانی بزوتنەوە

نەدەلەقی. لە بەرامبەرئاخرین قوتی ئابجویان لە بازێرکۆکردەوەو،جەژنێکیان وەڕیخست،خێزان وکیژەکانی خۆیان وادارکردن کە جل وبەرگی خۆیان لەبەرکەن وخشڵ وزێڕو زەنبەر بە خۆوەبکەن. بەشەرمەوە داوامانکرد ئەوان لەم نیگەرانیەی خۆمان لە(جگنات)ی ئێراق کەبۆلای باشووردێتەپێش و ئێمە لەکورکووک خەبەرەکەی گوێبیس ببوین هاوبەش کەین. پسیارمان لێکردن ئاخۆ کوردەکان کارێکی ئاقلانەیان کردووە کە بە داکۆکی لە شاخاوەیەکانیان بەس نەکرد و بە دەست بەسەرداگرتنی شارەکانی هەڵکەوتوو لە دەشتایی –شارەکانی وەکوو دهۆک وهەولێرو کەرکووک و سلیمانیە-هەنگاو هەڵێنا؟.

تیبینی:Jagannath-1:لەخودایانی هیندو،(بت جگنات)کە زوربە یان بە گاریەیی قورس دەبردن ودەلێن گیان بەختکەرانی ئەو خودا،خۆیان لە ژێرتەگەری گاریە، لەت وپەت دەکرد.

خانەخوێیەکەمان دەیزانی کە سەدام تەقریبەن کاری تێکشکانی شۆڕشی شێعەکانی لە باکووری دوایی پێهێناوە،بەلام بەرەواڵەت ئەم مەسەلە زەنگی مەترسی بۆوان وەدەنگ نەخستبوو. ئەمانە ئەوهێندە دەرگیری وخەریکی دابین کردنی ئاوو کارەبای شارەکان و وەڕیخستنی ئابووری بوون کە کاتیان بۆ دەربڕینی نیگەرانی نەبوو. هەڵبەتە یەکێک لە حازران گوتی:(ئەگەرکەرکووک خۆی بەدەستەوەبدا کوشتاری بەکۆمەڵی لێ دەکەوێتەوە.) بەلام شێوەی قسەکەی ئەم ئیمکان وبەشکەمەی وەک بەشکەمێکی رووت وتەنیا و بێ ئاماربوو لەکۆڵەخۆ دەکردەوە.نا، ئەم کوردانەی چینی مام ناوەندی بە ڕادەیەک دڵەڕاوکەی کاری خۆیان بوون و بە ڕادەیەک دڵنیابوون کە تێکۆشانێان لە ڕاگرتنی نهێنی وشاراوەیی نەخش ورۆڵی کۆمەلایەتی گرینگ کە هەیانبوو بەکارنەدەهێنا. هەنگاوی دە وشیاری بەرچاویشیان هەڵنەدەهێنا. بۆچ هەڵبینن؟ شێوە هەڵس وکەوتنیان ئەوهای دەنواند...خولاسە سەرکەوتوو ببوون،زەوتکردن و داگیرکردنی ولاتەکەیان لەلایان ئێراقیەکانی لێ بێزاربوو کۆتایی پێهاتبوو. دەیانگوت دەبوایە ڕێزو سەفی تەنگ و دەبابەکانی بێ زنجیروو نەفەربەرەکانی بی دەرگاو داغان و کامیونەکانی لەکارکەوتوو بنکەو مۆڵگەکانی بەعس و قەرارگاکانی ئاگرتێبەردراوی پۆلیس تان بدیبوایە.

ئێمە ئەم شتانەمان دیبوون. ئەم دژو قەلایچە بەبەرد هەڵچنراوانەی کە سەدام حوسین دورستی کردبوو، و هەنۆکە بەهۆی دووکەڵی ئاگرڕەش گەڵگەڕابوون، لەهەتەری سێرەی چاومان دوور نەببوو. ئەم قایمە و دژو قەلایچانە نێوەنێوە لە مابەینی جادەو شۆسەکان سازدرابوون،لە مابەین سەنگەرەکانی بەرگری سیمان و بتوون ئارمەی گچکەتربوون کە لە مابەینی میلێک کەمتر،یان زێدەترلە دژەکان قەراریان گرتبوو. هەرچەند نەخشەی دژەکان ڕووسی بوو،بەلام قەلای کەونارا و قەلایچەکانی داگیرکەرانی بە مێشک وزەین زیندو دەکردنەوە کە لە ئەلجەزایەر یان ویتنام بینی بووم. بێجگە لەوانە کەڵەکە و تەپۆڵکەی بە کۆمەڵی ئێکجارهەبوون کە بە شیوازێک لە سەربناخەی ڕەوشت و قاعیدە لەگەڵ خۆل ڕاست کرابوونەوە: ئەم تەپک و گردو تەپۆڵەکانە ڕوژگارێک گوندو باخ و ڕەزی ترێ بوون-ئەمە مردنێک بوو کە سەدام حوسین

لە 1975 بەم لاوە بەزانین و ئاگاداری لە سەر ناوچەکانی بەرفرەوان لە کوردستان بەڕێوەی بردبوو. کوردەکان بیرەوەی ئەم ڕەزاڵەت و سوکایەتی پێکردنانەی ڕابردوویان بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆ، لە خۆیان دووردەکرد. لەم سەرهەتا ئەوسەری کوردستان وێنەکانی قەدو نیو قەدی سەدام حوسینی کە لە قاپ و چوارچێوەی دارو زێواوی گیرابوو لە هەموو ئاست وەبەرچاو دەکەوت کە وەبەرگوللەی کلاشیکۆڤ درابوون: گوللەکان یەک بە دوای یەکدا خەتی هەیکەلی سەدامیان مەحووکردبۆوە-بەمجۆرە وەئاشپەزیک دەچوو. ئەم وێنانە هەموو جۆرە بوون: لە جل و بەرگی نیزامی و نیشان و میداڵەکانی فەرماندەری گشتی، لێژنەی بازرگانی و بانکداری سوننە مەزەب و پێکەنین لە سەرلێو، لە ناو پاپۆڕی چەم،بەکلاوی پاناما و جل و بەرگی سپی دیکە، و بەتایبەت لە هەموان سوکایەتی پێکردن لە جل و بەرگی کوردی،پێچ لەسەر و پشتبیند لە پشت.
سەیرئەمە کە خانەخوێیەکانمان لێیان یەقین بوو کە لەمە بەدوا ئیدی حقووقی بەشەر لەبەرچاو دەگرێ و دێموکراسی بەرقەرار دەبێت. لە فەرمانی عافوەی بالفعل کە ڕێبەرانیان دابوویان، بۆ دەستەو دەیارەی بەغدای ئەم هەلەڕەخساندبوو بە ئازادی لە نیویاندا مەیدانداری بکەن،وبەخۆیان سەربەرزبن وئیفتیخاربکەن. ئەم خەڵکە سزایکی کە سەدام لەکاتی داگیرکردنی سەرلەنوێی شار، بێشک لەبارەی واندا بەڕێوەی دەبرد لە بەرچاویان نەدەگرت.

کوردەکان هەربەمجورەی کە هەزاران سەربازی ئێراقیان ئازادکرد بەمجۆرەش ڕایانگەیاند کە هەرکەس کە بە ئاشکرا دژی ئەوان نەبێت لەگەڵ ئەوانە. ئەم(هەلاوەسینی بێ باوەری)زۆرتر بە سەرنجدان بەو سزایانەی پڕمەترسی کە بەغدا ماوەی دەیەکانی دورودرێژ لە سەرکوردان بەڕیوەی بردبوو سەبەبی سەرسوڕمان بوو. ئەم جەرەیانە هۆکاری بێ خەیاڵی بوو یان نەبوو بە هەرحاڵ لەکاتی دەست بەسەرداگرتنی سەرلە نویی کەرکووک خانەخوێیەکەمان و خەڵکی ئاسایی کوردی لەنەکاو مەجبوور لە تیگەینی هەڵەی حیسابکراوی لە چەند حەوتوو ئازادی کرد،و بە ورووژاوی کۆچکردنی بەکۆمەڵ یارمەتی کرد. ئەمە وەخەبەرهاتنێکی ترسەنۆک بوو ، هیچ کەسی لە قەڵم نەخست،و خۆف و نەبوونی یەکیەتی لە کۆمەڵگای کوردی کە ساڵهابوو حکوومەتی بەعسی دڵگەرم و بەهێزو پایەدارکردبوو دووپات کردوە.

فەرماندەرەکانی ڕدە سەروی هێزەکانی پێشمەرگە ڕەنگە بەم هۆیە کە هەموو بنەماڵەکانی خۆیان و کادێرەکانیان لە دەرەوەی ئێراق بوون پەیوەندییە بنەماڵەکانیان، دەستی کەم گرتبوو: چاخێک کۆچکردن دەستی پێکرد هیچ کوردێک-بریتی لە پێشمەرگە یان جاش یان خەلکی ئاسایی -حازرنەبوو کە مەترسی قەبووڵ کات و بنەماڵەو خزم وکەس وکاری بە ئەمانی تۆڵەلێکردنەوەی سەدام حوسین بسپێرێ. کوردەکانی چینی مام ناوەندی تووشی مەترسی و خۆف بوون، ئەمانە بە درەنگەوە حاڵی ببوون کە کارگێرانی بەعس هەرجۆرە فورسەت و هەڵی ڕەخساویان هەبووە هەتا ئامووشۆیان بە دووروریژی لە ڕاپۆرتەکانی دەست و پەیوەندی بەغدا،کە لەم کارەدا پسپۆرن،ببینی وبتۆژنەوە. یەکێک لەوانەی کە

هەڵدەهاتن جاشەکان بوون کە لە سەدام حوسین هەڵگەڕابوونەوە و بەختی خۆیان لە بەختی نەتەوەخوازان گرێدابوو. تفەنگچییان و بنەماڵەی سەرۆکانی عەشایەریش لە ترسی لێپڕوانین سزادانی عێبرەت گرتووی کەسانێک کە بەرە دەگۆڕن،هەڵاتوون. هیچ کوردێک ئاتاجی بە وەبیرهێنانەوەی ئەم مانایە نەبوو کە وشەی(خائین)-وشەی جێگا و ئیلاقەو حەزلێکردنی سەدام حوسین-نەک تەنیا بریتی لە پێشمەرگەکان بەڵکوو بریتی لە هەمووکوردەکانە. ڕیزی پێشمەرگەکانیش کە بەژمارە کەمتر لە وانیدیکە بوون و بەڵام فکری لێدکرا کە تەکۆزیەکی قایمتریان هەیە لێک پرش وبڵاو بوو: ئەم گروپەش ئەرکی ئەسلی خۆیان لەمە دا دەبینی کە بنەماڵەکانیان بۆ شوێنەکانی ئەمین لە تورکیە یان ئیران ڕاگوێزن. فەرماندەرانی چریکی کە کاتێک لە سەر دەهەزارکەس فەرماندربوون ،دوایی دەیانگوت: خۆشبەخت بوون ئەگەرتوانیبوایان لە سەرچەند کەس لە پارێزگاردەکانیان حیساب بکەن. هەتا کەماتیەکی گچکە لە مەسیحیەکانیش بە پێچەوانەی ڕابیتەی زۆروکەم، لەگەڵ ئەوان هەڵاتن. ئەم خەڵکە هەتا ڕادەیەک لە ترسی ئەمە کە سەدام بە هۆی ئەمە کە لە جەرەیانی شۆڕش دەستیان لە سەردەست داناوە و تەماشاچی بوونە بۆ دەربڕینی هاوپەیوەندی لەگەڵ کوردەکان، و یان لە ترسی ئەمە ئەگەر بمیننەوە کوردەکان ئەوان تۆمەتبار بە لایانگری لە بەغدا دەکەن، ئەوهایان کرد.
ترس وخۆف لە هێلێکۆپتەرەکان و گازی شیمیایی بە ئەندازەیەک لە لەش وگیانی کوردەکانی ڕەیشەی داکوتا بوو کە سەدام حوسین ئەمجار ئاتاجی بە کەلک وەرگرتن لە چەکی شێمیایی نەبینی. لە ڕاستیدا لە ترسی تۆڵە ئەستاندنەوەی هێزەکانی (هاوپەیمان) غێرەتی هەنگاو هەڵێنانی بەم کارە دەخۆیدا نەدیت-بەڵام کوردەکان بە هیچ جۆر لەم بابەتە متمانەیان نەبوو. هێزەکانی چەکداری ئێراقی دەیانزانی چ بکەن،هەر وەک چەند حەوتوو دوایی نزارحەمدون باڵوێزی ئێراق لە واشنگتۆن ئەم جەرەیانەی بەخۆدی من گوت: ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی نانیزامی تاکتێکەکی بەهەڵسەنگان و بەفکرکردنەوە بوو. و مەبەست لە وی گەڕانەوەی دەسەڵات بە سانایی و بەلەز سەدام حوسین لە سەرباشووری ئێراق بوو-چ باشتر کە ئەم جۆرە تاکتیکانە بتوانن دەسەڵاتی ئەوی لە سەرکوردستان چۆل و هۆل و بەتاڵ لە خەڵک دابین بکەن، کە ئامانجی لەمێژینەی سەدام بوو. بە یاساخ بوونی کەلک وەرگرتن لە فڕۆکە لەلای (هاوپەیمانان)ئێراقیەکان بەدورستی بە پاڵەپشت و بە خۆفێک کە هێلیکۆپتەرەکان لە ناوخەڵکیاندا بڵاو کردبۆوە بەکەلک وەرگرتن لە ئەوان ڕوویان تێکرد.
چاخێک کوردەکان کەرکووک یان لە دەست دا یەکەمین شەپۆلی پەنابەران گەیشتنە هەولێرو سلیمانیەو زاخۆ. و کۆچکردن دەستی پێکرد کە هیچ کەس لە واشنگتۆن و لەندەن و پاریس پێش بینی نەکرد بوو،ئیدی چ بگات بەستادی ژەنەڕاڵ شوارتسکف. ئەم مەسەلە جێگای سەرسوڕمان نەبوو- بەڵام شتێکی ڕاتڵەکاندەر بوو. شایەدیەکانی عەمر حیکایەتی لەمە دەکرد کە دەوڵەتی بووش، چ بەرلە دەست بەسەرداگرتنی کەوەیت و چ لە جەرەیانی وی، و چ دواییەکان بڕیاری ڕاستەوخۆی گرتبوو کە خۆی لەگەڵ مەسەلەی پڕلەتەنگ وچەڵەمە و گرێپوچکەی کۆمەڵگای ئێراق تووشی گیرە نەکات. بەم هۆیەبوو کەلەپەیوەند لەگەل گروپەکانی موخالیفی ئێراق،چ شیعە یان سوننە یان کورد،لە ئەنجامی هەرکارێکی کە بتوانن بە شۆڵی

ناولێبەرن ملکەچ نەبوو. لە مێژووی ناکۆکی بەشەری بە دەگمەن قودرەتێکی ئەوها گەورە بیندراوە کە ئەم هەموو یەکگرتووە پێک بگەینێت ولە یەکتری خڕکاتەوە و کەرەسەکەی کۆکاتەوە ولە سەرئەمە سەبارەت بە ناسینی سروشتی و ناوەرۆکی کۆمەڵگای دوژمن و مێژوو خۆیناویەکەی ئەم هەمووە کەمتەرخەم بێت.

لە سەرکۆماربووش بگرە هەتا ڕێزەکانی خوارو هیچ کەس لە دەوڵەت ئەم ڕاستییەی نەشاردەوە کە چاکتری ژمارەیەکی دەم و دەزگا لەدوایی ئازادبوونی کەوەیت ئەمە بوو کە سەرکەوتن ڕابگەێنێ و خەڵکەکە بۆ زێدو نشتیمان بگەڕێنیتەوە. کاتێک کە بۆش بە جۆرێکی لەنەکاو شەڕی کۆتایی پێهێنا،ژەنەراڵ کالین .پاوڵ،بەرپرسی ستادو سوپاسالاری هاوبەشی هێزەکانی ئامریکا هاتەسەرئەم بڕیارە کە پێشگیری لەمە بکات کە هێزەکانی ئامریکا بە هەر شێوەیەک یان بەهەر جۆرێک لە مەسەلەی ئێراق دەرگیربن. ئەو ڕووداوانەی کە لەبەغدا یان لەشوێنەکانی دیکە دەقەومان بەحالی خۆی هێشتەوە هەتا بۆخۆیان جەرەیان و ڕیگای(سروشتی) خۆیان هەڵوێژێن، هەرچەند دەوڵەتی بووش بە ئیشارە تێیگەیاند بوو کە(دەستەڵاتداریکی) سوننەی دیکە، لە سەدام حوسین بەباشتردەزانێت: یانی لەکاتیکدا کە سەدام حوسین بەبێ دەست تێوەردانی هاوپەیمانان لەکارلابراو، واشنگتۆن وای پێ باشە ژەنەڕاڵەکی دیکە بێتەسەرکار. هەرلە سەرەتای ئاگربڕ،بوونی ئامریکا لە کەنداوی فارس بە مەسەلەیەک لە سیاسەتی ناوەخۆی ئامریکا گوڕدرا. بووش هەتا لەو پەرێ خۆشەویستی و مەحبووبیەتی خۆی، بە ممبارکی ئازادی کەوەیت،تێگەیی کە بوڵێلی باردۆخ و وەزعی ئابووری،شانسی هەڵبژاردنی سەرلەنویی لە دەنگدانی 1992 پەیوەندی بەمەیە کە بەهەر شێوەیەک لە هەڵسوران لە مەسلەکانی ئێراق دووری بکرێت بڕیارێکی ڕیک وپێک و لەجێی خۆی بوو،چونکە پێچەوانەکەی لەوانە بوو جەرەیانی ویتنام و ڕەزیلی هێزەکانی چەکداری ئامریکا لەدەیەی 1960 و تەنگ وچەڵەی ساڵەکانی دەیەی 1970ی بێروت دووپات ببێتەوە.
دەوڵەتی بووش کە ئەم مەسەلانەی سیاسی و نیزامی دەست و پێی گریدابوو بۆ ڕوو بەڕوو بوون لەگەڵ کۆچکردنێکی ئەوها لە کوردستانی ئێراق هیچ جۆرە ئامادەیەکی نەبوو. لەئاکامدا بووش بە دەستی خۆی سەرکەوتنە بەناوبانگەکەی لە کەوەیت پێ لکەدارکرد. ئەتۆ وەرە گەمەی ڕۆژگاربببینە کەلەگەڵ بەم کردەوە دەوڵەتی خۆیی و دەوڵەتی دوایی خۆی بۆ زەمانێکی دیاری نەکراو تووشی تەنگەژەیەک کرد کە بۆخۆی تێکۆشابوو لێیان دووری بکات،لە حاڵێکدا کە هەتا لێکۆڵینەوەی سەرسەری لە ڕووداوەکان،لە شەوی دەست پێکردنی دوژمنداری، لەوانەبووکە دەزگای دەوڵەتی خۆی، لەم کێشمەکیشم و تەنگ وچەڵەمانە ڕزگارکردبوایە و هەڵەی(بڕیار بە نەبوونی هەرجۆرە سیاسەتێک) لە ئێراقێکی دوایی شەڕ ئاشکرادەکرد.

نیشانەو قەرێنەی ئاشکرا لەم بابەتە لە سێرەی هەتەرو لەبەر چاوبوو. بۆنموونە لە دوایین ڕۆژەکانی بەرلە دەست پێکردنی شەر لە ژانوییەی 1991 سەدان هەزارکەس لە کوردەکانی تورکیە لە ماڵەکانی

خۆیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە هەڵاتبوون و لانەوازببوون. بنەماڵەکانی تۆقیندراوە لە گزنگی بەیانی هەتا سەرەتای نێوەشەو لە ئیستگاکانی ئۆتووبوسی دیاربەکر، کە چەند کاتژمێر زێدە لەگەڵ سنووری ئێراق نێوانی نیە،کۆ دەبوونەوە. شەریکەکانی ئۆتووبووس لێخوڕین، ئۆتوبوسەکانیان زۆرو زۆرتر لەکاردەکردن، بەڵام لە سەرئەم هەمووەش وەڵامدەری داواکاری خەڵک بۆ ڕۆئیشتن بۆ ئانکارا و ئەزمیر و ئەستانبۆڵ وشارەکانی دیکەی ڕۆژئاوای تورکیە کە جەماوەرێکی بەرفرەوان لەکوردەکان لەوێ دانیشتوو نەبوون. ئەمن دەرنگانێکی شەو لە ئیستگای ئۆتووبووس چاولێکەری وەزعی خەڵکانی لێقەوما بووم کە ژن و مناڵاکانیان بۆ شوێنەکانی دیکە دەناردن-بۆ هەرجێ،مادام کە لە دەرەوەی کوردستان بوو،کە فکری لێدەکراوە لەسێرەی مەترسی دانییە. هەتا بەو جوڵانەوەی نائاقڵانەو ناعادلانەی کە لە ناوچە ڕوویدەدا ئەم پەریشانیە بۆ خۆی وەکوو جورە شێتێەک بوو.
لەم نێوەدا دەوڵەتی تورکیەش هێزەکانی زریی و تۆپخانە وهەزاران سەربازی کە ئاساییە لە بەرانبەر یەکیەتی شووڕەوی لە نزیک ئێراق ڕادەگرت بۆ ئەم ناوچەیە هێنابوو، هەرچەندکە ئانکارا و هەم ئیراق قەرێنەی حیکایەت لەمە بکەن کە حەزناکەن بەرەیەکی دیکە لەو دەڤەرە بکەنەوە،دەریان بڕیبوو. بەڵام ئەم مەسەلە بەهەرحاڵ کوردەکانی تورکیەیی بە تایبەت ئەوانەی لە نزیک سنوور ژیانیان تێپەردەکرد ئیقناع نەکردبوو. تەنیا خەڵکانێکی ئیکجار هەژارو بەڵەنگاز بوون کە لە شارۆچکەکانی سنوور مابوونەوە. چونکە هێچ کوردێک دەرسی ساڵی 1988ی لەبیرنەکردبوو. وشەی(هەڵەبجە) هەنۆکە تەنیا ناوی شارۆچکەیەکی کوردستانی ئێڕاق، هەڵکەوتوو لە نزیک سنووری ئێران نەبوو. ئەم وشەی ناسراوە(جەوهەری ڕەچەڵەکوژی)بوو کە هەمووگەلی کوردی دەگرتەوەو هەرەشەی لەهەمموو کوردیک دەکرد،چونکە ئەمە ناوچەیەک بوو لە دەویدا ڕژیمی ئێڕاق بە گازی کۆمەڵ کوژ هێرشی کردنەسەرو کارەساتی خۆڵقاند.
کوردەکانی تورکیە لە ئاخرین ڕۆژەکانی بەرلە شەڕی کەوەیت بە ڕادەیەک ترسیان ڕێنیشتبووکە دەرمانفرۆشەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە دەیانگوت کە خەڵک بۆ کڕینی ئاتروپین سەرودستیان دەشکاند: ئاترۆپین پادزەهرێکە بۆ گازی دەست وجی مروکوژی، بەناوی سارین. لە هیچ شوین ماسکی زێدی گاز بە ڕادەیەکی تەواو بۆ بڵاوکردنەوە لە بەردەست نەبوو. کوردەکانی تورکیە لە جیاتی ماسک، شەمەدانی نایلۆنیان دەکڕی (یانی: پارچەی نازسک)لە ڕاستیدا یەکەمین قوربانیانی شەڕی کەوەیت دایکەکی کورد و مناڵاکانی بوون، کە بەرلەمە یەکەمین بۆمبی هاوپەیمانان بەسەر هێزەکانی ئێڕاقی دا بەربدرێتەوە بەهۆی کەلک وەرگرتن زێدە لە ڕادە لە شەمەدی نایلۆنی خەفە ببوون و خنکابوون). دیپلۆماتەکانی ڕۆژئاوا لە ئانکارا ئەم پەریشانیەیان بە کارتێکەری نووسینەکانی چاپەمەنی تورکیە،کە لە بێ بەرپسیارەتی دەنگینن، بەڵگە دیناوە. ئەم خەڵکە لە حاڵیبوون و تێگەینی ڕادەو میزانی وەحشەت وترسی کوردەکان لە چەکەکانی شیمیایی، هەتا لە تورکیە -ئیدی چ بگات بەئێراق- عاجز بوون.

هیچ شتێک پیش بینی نەکراوترو پڕمەترسی تر لە چرکەیەک نییە کە خەڵک خۆیان لە حاڵ و ئەحواڵێکدا دەدۆزنەوە کە دەبینن خەیانەتیان پێکراوە. لە نەکاو نیشانەکانی نەحس سەریان هەڵدا. خەڵک سەرەتا بەم وەزعە پێدەکەنین، پاشان چاخێک مەسەلەکە وەڕاست گەڕا بە تووڕەبوون نارحەتیەکانیان قوت دایەوە. هەینەیەک بەرلە جەژنی پاک کاتێک لەگەڵ (وولاکوت)بۆ سەلاحەدین گەڕاینەوە، گروپی(ئای.بی.سی.)گوتیان کە دوو ڕۆژ پێشتر کە ویستبوویان لە ڕۆژئاواوە لەکەرکووک نزیک ببنەوە، بە چەتوونی توانیویانە خۆیان لە دەست پێشمەرگەکانی توڕەو ڕق ئەستووروگەف و هەڕەشە لێکەر ڕزگار بکەن. دوایی 48 کاتژمێر، لە ئێراق،لە حاڵێکدا فشارمان بۆ مێشکمان دەهێنا،کە ڕیگایەک بۆ هەلاتن لە دەست کوردەکانی توڕەو تۆسن هێزەکانی تۆڵەوەرگری ئێراقی پەیداکەین،بەفیلم-ی (کندگرد)ی لە ئاگاداری دوژمنداریەکان گۆڕدرا. مابەینی هەولێر لە سەلاحەدین، ئەگەر ئۆتومبێلت توند لێخوریبوایە،ڕیگای نیو ساعەت پترنەبوو. هاڤاڵەکانمان لە وێ مابوونەوە،و شار تووشی ترس و دڵهورە ببوو،و بە ماشین پێشمەرگەکان و پارێزگاردەکانمان ڕزگارکرد. ئەو تاکسییەی کە بۆ حەوت ڕۆژی هەینی ئیجارن کردبوو بە دوایاندا چووبوو زۆر بە سانایی ون بوو. گروپی ئای.بی.سی. زورترین ڕۆژی شەممۆمان لە سەلاحەدین لە حەولدان بۆ دۆزینەوەی وەسیلەو بینینی ئەم لێخوڕو ئەو لێخوڕ بەدوایی گەیاند –هیوادار بووین بتوانین سبەی جەژنی پاک، لە دەڤەر وەدەرکەوین. ژمارەیەک لە هاواڵدەران زووتر لەمە فلنگ یان گاڵەدابوو. لێخوڕەکانی ئای.بی.سی. لە ئاخرین چرکە لە ڕۆین سەرپێچیان کرد،گوتیان ئوتومبێلەکانی خۆیان بۆ بەتاڵکردنی بنەماڵەکانیان پێویستە، و تەنیا حوکم و شوێن تێکەری کەسینی مەسعود بارزانی بوو کە ئەوانی لەم بڕیارە پەژیوان کرد: بارزانی لە زەخیرەی خۆی بێنزینی سەفەرەکەی ئێمەی دابین کرد. لەم نێوەدا قاقەزی هاتووچۆشی بەئێمەدا. خواحافزی لێکردین-بەتایبەت تەنیا،کە ئاخرین قسەکانی داوا لەکوردەکان بوو کە(لەکوردستان بمێننەوە وەکوو ئەرمەنیەکان لانەوازو ئاوارە نەبن)- کە بە بۆچوونی ئەو خەڵکێکی ڕاونراو لە سەرزەمینی خۆیان بوون.

لەو ڕێبەندانی کەلە پاش جیا بوونەوە لە وی دەویداگیرمان خوارد مەعلووم بووکە چ کەسێک گوێ لەقسەکانی ناگرێ.

ئەمن کە هێشتا بەهۆی کارتێکەری نیشانەی پەیدابوو لەزەگچوونی خوێنی هیزوپێزم نەبوو بەلادادەهاتم ولاپەم دەبرا لەوتوبیل هاتمەدەر و بەدیواری کورتی پەرژینی ڕێگا پاڵم داوە. هێلیکۆپەرەکانی تۆپدار لەو لای چیا خەریکی کارەکانیان بوون،و ئەمن هەستم پێدەکرد لێرە ئەمین تر لەناو ماشینم. بۆ ئەوەی ترسم بشکێنم خۆم خەرێکی خوێندنەوەی نوسراوەکانم کرد،وپیرستێک لە وشە و دەستەواژەی کوردیم دۆزینەوە،کەبەرلەهاتنم بۆ کوردستان لە دەفتەرچەی ڕێنوێنی ڕوونووسم کردبوو. کاتم نەبوو کە زێدەلەمە فکرلەم وشانەبکەمەوە. بێجگە لە وشەکانی وەک نان،و ئاو،شتەکانی دیکەی لەمجۆرە لۆغاتم سەرنج نەدابوونێ. بۆfriend نووسیبوو(-دۆست-You are our friend(-دۆستی مەی) تەقەم لێمەکە) . ئەمەم بەحروفی گەورە نوسیبوو،دەورم خەت لێکێشابوو. ئەمەی بەم خەتە قرژاڵیە نووسیبوم لەجیاتی – هاوکاری-یارمەتیم-نوسیبوو. بەم وشەیەداچوومەوە. بەخۆم گوت دورست نییە. بەڵام لەسەرئەمەش

مانایەکانیان لێک نزیک بوون،زۆرنزیک لە -ئالیکاری)ژاپوونی بەمانای (زگ دڕین)بەوەخت یاداشتم کرد ئاگاداری بە مەزە بوونی جەرەیان نەببووم و پێکەنیم هەستی ئارام بوونەوەیەکی زۆرترم کرد.
کاتێک-لە باردۆخێکدانەبووم کە بزانم چ چاخ- پێنچ شەش(پێشمەرگە) سەروکەلەیان پەیدابوو دەستیانکرد بە فەرماندان بە لێخوڕەکان(شۆفیرەکان)ی سەرکیش و چەلاخ..و لە نەکاو وەڕیکەوتین-هەربەم سادەو سانایی یە. بە لەز و تالووکە و بەپەلە بۆ ڕێگای هامیلتن بەرەوپێش چووین: هامیلتن لە سەریەک جادەیەکە نیزامی کە ئینگلیزیەکان لە دەیەکانی 1920 و 1930بۆ هێورو ئارامکردنەوەی عەشایەر سازیانکردبوون،و لە هەولێر(ئەربیل) یەکسەرە هەتا سنووری ئێران بەردەوامە. بارزانی لە مانگی فوریە لە(ڕایان)بە منی گوت:(نازانم کە ئاخۆ ئەم هەلە بۆکوردەکان باشترین هەلە یان نا،بەلاّم دەزانم کە ئەمە ئاخرین وەسیەتی ئێمە نییە. هەرئەو چەند مانگ پێش چ کەس دەیتوانی ئەو وەزعەی پێشبینی بکات؟)لە سەر ئەم قسەی بارزانی فکرم کردەوە. بە سەرنجدان بە مێژووی کورد ئەم هەل و مەرج و بارو دۆخە ناهەموارە زۆر چاوەڕوان نەکراو نەبوو. لەگەڵ ئەم هەمووە (ڕیگایەکی زۆرمان بڕیبوو (لانک)بێشکەکانی زۆرو زۆرترمان بینی کە لە سەرپشتی ماشینەکان شەتەک درابوون. دوایی لە ماشینێکی نەوت کێشی(لەیلان) تێپەڕین کە پشتی هەموو لە خۆڵ و قوڕدابوو بە تپل ئەم پەیامە خەباتخوازەی بەئینگلیزی لە سەر نووسەرابوو: (کەس نەڵێت کوردە مردووە،هەرزیندوە)ڕێنووسەکە نادورست بوو بەلاّم ناوەڕۆکی مانایەکی هەتا ڕادەیەک ڕەوان و ئاشکرا بوو.
لە ماوەی کەمتر لە نیو کاتژمێر گەیشتینە دیانا: نووسینی مەسعوود بارزانی موجزەی کرد،و عەبدولمەهینی کە بۆخۆی لە کەس وکاری مەسعود و بەرپرسی دەزگای حیزبی ئەوێ بوو، وەحەول و تەقەلا خست. ئێمە هێشتا ناهومید بووین کە بۆ تورکیە یان بۆ ئێران بچین... کە بە ماشین ڕێگای ساعاتێک بوو. یەکێک لە ئەندامانی گروپی ئای.بی.سی.داواکاربوو کە سمێڵی ئێرانیان لە سنوور چەور بووە، بەلاّم زۆر بەقسەی وی و دەزگای ئیداری ئیرانیەکانمان متمانە نەبوو. بڕیارەکە عەبدولمەهین بۆ ئێمەی گرت: گوتی ڕێگا چارەکتان نییە،چونکە ئێرانیەکان ئەمڕۆ سنووریان گاڵەدا. ماشینەکانی کرایگرتە و لێخوڕەکان بۆ ڕزگاری بنەماڵەکانیان بۆ سەلاحەدین گەڕانەوە. عەبدولمەهین وانیتێکی بە ئێمە دا،کەل و پەل و شڕو شالاّتمان لە وانیت بارکرد و بۆ کانیەڕەش کە خالێک بوو لە باشووری ناوچە و لە سەرنەخشە لە ڕەخ کەوشەنی تورکیە،وەڕیکەوتین. هەواوبان تاریک ببوو کە گەینە دەشتەکی سەوزی کاکی بەکاکی،کە دەبوایە شەو لە وێ مابایندوە. وانیت ڕۆیی. ڕۆناکایی هەرئەمەندە بوو کەلەگەڵ قاچاغچیەکانی دەڤەر سەبارەت بە کرێی چەند ئەسب قسە لە خوێی وەردین و شتێکی بخۆین و کیسە خەوەکانمان بکەینەوە.

لەناکاو جرالدین بروکس،لە والی استریت جرنال،گوتی: کە دەترسێ و لێشی یەقینە کە ئەمشەو هەمووما ن لە خەودا دەکوژن. ئێمە ئەوهێندە ماندووهیلاک بووین کە گویچکە مان بەم قسانە نەلەقی،ئەویش لەلایان وی: ئەم کیژەتورکە بەغێرەت وجەسوورترین ئەندامی گروپ بوو، و بۆ ئەمە دژکردەوەی بنەماڵەکانی کورد لە بەرانبەرگولەبارانی توندی تۆپخانەی ئەرتەشی ئێراق گوزارشت بکات بەشەو

لەکەرکووک مابۆوە. لە ڕاستیدا شانسمان هێنا. ڕووداوێک نەقەوما. ئەو ڕێگا شاخاوەیەکەی کە بۆ تورکیە دەرۆیشت یەکێک لە شوێنەکانی دەگمەن بوو کە مینی لێ نەچیندرابوو. باران نەدەباری، هەرچەند لەلای سەرەوە بەهۆی خوناوی زۆرو ئاونگ لە سەرمان و پشک هەڵدەهاتین.
هەویەشەو بوو. مانگی چواردە لە ئاسمان دەدرەوشاوە. شەو چەندجار وەخەبەر هاتین و هەر جارێ زنجیرەیەکی بە ڕێچکە لە پەنابەرانمان بینی کە کوێرە ڕێگایەکی تەژی لە هەورازونشیووی شاخاوی کە بە ڕێگایەک لە بەرزایی هەشت هەزارپێ،دەلکاو بۆناو خاکی تورکیە دەرۆیی وەبەرەخۆ دابوو. بەرلەگزنگی بەیانی لە نووکی قولەی کێو ڕەوەیەک لە شانزدە بەرازی نادەستەمۆ، ڕاوەستابوون و سەیری ئەم خەڵکانەیان دەکرد. بی.بی.سی. گوزارشتی کرد کە هەولیرو و دهۆک و زاخۆ، بەدست هیزەکانی میری داگیرکران. ئەم دەنگ و باسە دورستی بڕیاری ئێمەی بە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە کە هاتبووین نیشاندا. بە پیچەوانەی وادە لە چەمەدانەکانمان خەبەرێک نەبوو. کەل و پەلەکانمان کۆکردنەوە، بەم بۆچوونە کە مەجبورین کەل و پەلی قورس بەرەڵلا بکەن. بۆ لێواری جۆگە چووم و دەست وچاوم شووشت و ڕدینم تراشی،و بۆ هەوەڵین کەڕەت لە ماوەی حەوتوو هەستم بە نەخۆشی و نەساخی و لەش گرانی نەکرد،هەرچەند پێنج کیلۆ کزببووم و داڵگۆشت و هەستم بە بێ هێزی دەکرد.

لە ئاکامدا سێ هەسپ و ولاغێک بە دوو دەمڕوقی مێرمنداڵی چواردە پازدەساڵە گەینێ-شتوومەکمان تیک وەرپێچاو بارکردو وەڕیکەوتین. لەسەرهەوراز لەم باریکەڕیگاکە خێرا پڕلەکەوش و چەمەدان وشڕەوبڕەی دیکەمان کرد کە پەنابەران فڕییاندابوون، جرالدکیسەخەوی منی هەڵگرتبوو. جارناجارێک بۆ پشوودان و نەفەس تازەکردنەوە وڕوانین لە دەرودەشتی تەژی لەگوڵی دەبەهاری وترۆپی دەپڕ لە بەفرگرتوو نزیک و گوێچکە هەڵخستن لە ڕەخنەی ڕوک و بێ باوەڕانەی پەنابەران لە جۆڕج بۆش،و کارەکانی، ڕادەوەستاین. دەمانپرسی:(بۆچ کاری سەدامتان یەک لانەکرد؟ بووش دۆستی سەدامە؟) ئەمانە بلیمەتانی کۆمەڵگای کورد بوون،یەکێک لەوکەسانەبوون کە تیگەیبوون شکەستیان خواردووە ودەبێ هەڵێن-کارگێرانی تەقاو بوون کە جل و بەرگی و جلیقەی ئابڕومەندانەیان لە بەردا بوو، ئەندازیاربوون،و دایکانێک کە منالّی ساوایان لە باوش دابوو.
ئەمە یەکەمین جار لە ژیانی کارەکەم نەبوو کە هەستم بە ناڕاحەتی دەکرد لەم بارەوەکە ئامریکایم. بەڵام چ کاتێک راست بوونی ئەم رەخنەیەم هەتا ئەم ڕادەیە هەست پێ نەکردبوو. پێنج کاتژمێر دوایی گەیمە کۆڵەکەیەکی چیمن تۆ، کە نیشانگەی کەوشەن بوو. 45دەقیقەدوایی لە مۆڵگەیەکی نیزامی تورک لەیسلووا بوین، و لە بن وێنەی لە هەموو شوینی مستەفاکەماڵ بناخەدانەری تورکیەی نوێ و سەرکوتکەری خەڵکی کورد خۆمان گەرم دەکردەوە. سیتوانێکی گەنج کە ئینگلیزی دەزانی و لە جەرگەی گروپەکەمان کە بریتی لە هاواڵدەرانی چاپەمەنیەکان و تەلەفزیونەکانی ئینگلیستان و فڕانسەو ئامریکابوو تووشی سەرسوڕمان بوو، بە بێ سیم ناوەندی فەرماندەریەکەی ئاگادارکرد. پاش بەینێک چەند هێلیکۆپتەر لە

جوری هۆیی، هی ڕۆژگاری(ویتنام)لە گەڵ بەرپرسی ژاندەرمەری و فەرماندەری نیزامی ناوچە لە سەرهەرد نیشت.

ژەنەڕاڵی ئەرتەشی بە بیچم و روخسارێکی سارد ئێمەی لە سەرهەتا پێ کە لەناو تۆزو خۆل و قوڕدابوین ڕوانی،و لوتفی فەرمووی: (ئەمن دەتوانم ئێوە بە تاوانی سنوور پەڕاندن گوللەباران کەم، دەشیم بۆ ئەولای سنوورتان داگیرم، و دەتوانم ئیجازەی ئاوا بوون لە تخووبتان پێبدەم)پاشان پڕ بە ورگی هەڵمساوی پێکەنی، و ئیجازەی پەڕینەوە لەکەوشن پێداین. ئەو جار هێلیکۆپتەری دووەمی ویست، کە دکتۆرێک و دوو پەرەستار، و چەند نردوەنان. ئەمە یارمەتی پزشکی و نان و پێخۆر بۆ چەند سەت پەنابەر بوو لە36ساعەتی ڕابردوو گەیبوونە مۆڵگەی ژاندارم، و ئەم 36کاتژمێرەیان بێ نان و بێ جێخەوتن لەبەرباران مابوونەوە. لانی کەم بوونی ئێمە هۆکاربوو کە نیزامیەکانی توڕەوتۆسن و بەشک وگومان و نێوچاوان تاڵی تورک بەم پەنابەرانە شتێک وەکوو ئینسان بجۆڵینەوە. تورکەکان نەیاندەزانی کە ئەم پەنابەرانە پیشەنگی نزیک بە دوو ملیون کوردە کە لە ترس و خۆفی تۆڵە ئەستاندنەوەی سەدام حوسین هەڵا توونەو ڕایانکردوە.

پاژی 4،

**مردو بۆ بەهەشت ڕۆیی**

ئێمە کوردەکان زۆر باش دەناسین... هەمووساڵی هاوینان لەگەڵ ئەوان دەرگیر دەبین. فریا ئەستارک،گەڕیدە نامە نووس و کارگێرێکی وڵات لە سەفەری سوارە(1958)بۆ دەجلە.

(بێجگە لە کێوەکان چ دۆستمان نین) ئەمە مەسەلەیەکی کەونارای کوردییە. بەڵام لە ئاوریلی 1991 هەرئەم چیایانە هەزاران کوردیان کوشتن،و کوردەکان لە تەنگانەترین چرکەکانی ژیانی خۆیان تێگەین کە دۆستی خالس و گیان بەخت کەرو شوێن تێکەریان لە واشنگتۆن و لەندەن و پاریس و شوێنەکانی دیکە هەیە. سەرکۆماری تورکیە،خێزانی سەرکۆماری فڕانسە،یەکێک لە وەزیرانی لێژنەی دەوڵەتی فڕانسە،یەکێک لە دەستیارانی شوێن تێکەری سەنا لە واشنگۆن، یەکێک لە ئەندامانی ئێرلەندی مجلیسی ئەعیانی ئینگلیستان و دیپلۆماتەکانی خاوەن پلەوپایەی ئینگلیزی و فڕانسەوی و دێپلۆماتەمانی دیکە کە مقامی حەساسیان هەبوو، و هەروا هاواڵدەرانی شوێن تێکەر...بەڵێ،ئەمانە هەموویان،هەریەک لە جێگای

خۆی لە لایانگری لە کوردەکانی ئێراق تێکۆشەر بوون. لەگەڵ ئەم هەمووە کوردەکان لە ڕزگاری خۆیان، دەرەجەی هەوەڵ دەیندداری تەلەفزیون بوون-بەڵێ، ئەم دەستگیرەیەی دوور لە عاتیفەو ئیحساس خیرا هزرو فکری گشتی خەڵکی فڕانسەو بریتانیای ڕەکێش بەئارمانێک کرد کە دەپێشدا ئەوها بە بەرفرەوانی نەناسراوبوو،و هەروا ئاپوورەی دەوڵەتەکانی لەندەن و پاریسی وادار بە حەول و تەقەلاکرد.

دیپلۆماتەکانی ئوروپایی لەم شەپۆلە ئیحساسەی کە تەلەفزیون وروژاوی کردبوو، و بەقەولی یەکێک لە هاوکارانی ڕەشبینی ئامریکایی بۆ یەکەمین جار ئوروپایەکانی هێنا سەرئەم بڕیارە کە کارێکی ئینسانی و بەشەردۆستانە ئەنجام بدەن حەیران وسەرگەردان مانەوە. یەکێک لە ئەندامانی سەرگەردانی نوسینگەی فرانسوامیتڕان،کە لەگەڵ مێژوو ئاشنابوو پی سەیربوو لەم بارەوە کە خەڵک لە جیاتی ئەم ئارمانە،لە ئامانجێک لایانگری دەکەن،بەسەرسوڕمانەوە دەیپرسی(بۆ چ ئەم خەڵکە ئەو هێندە بۆ کوردەکان وەکوڵ هاتوون کە نە جوولەکەن و نە مەسیحی،هەتا لە شەڕی هەوەڵی دنیاگر لەکوشتاری مەسیحیەکانی ئەرمەنیش دەستیان هەبوو؟) لە سەرئەمەش بە پێچەوانەی زەختی حکوومەتەکانی ئینگلیزو فرانسە کە داواکاری کردەوە بوون،و لەگەڵ ئەمە کە کەسینی دەنگین لە باڵی دژایەتی دەوڵەت-یانی دێموکراتەکان-هەرچرکە پتر ڕەخنەیان دەگرت،دەوڵەتی بووش لەگەڵ ئەم هەموو پڕوپاگەندەی تەلەفزیونی بۆ ماوەی زێدەتر لە دوو حەوتوو ئەم لا ئەو لای کرد.

لە نەکاو کوردەکان لە بنەبانی سەرسوڕمان،خۆیان لە بارودۆخێکدا دۆزیەوە کە دەتگوت ئەوە بۆ نومایش بۆ سەرشاشەی تەلەفزیون دورست کراون: ئەم مەسەلە دەیندداری ئەم عەمرەبوو کەشیاوی چلۆنایەتێک بوون کە لەلایەک ئەوانی بەباشی نیشاندەدا و لەلایەکەی دیکە جوانی تاوانی لە بینەرانی ڕۆژئاوا وروژاو دەکرد کەلە دوای ئەم هەموو دەربڕینی شایەلەخانە لە مەڕ دەرپەڕاندنی ئێراق لە کەوەیت، مسیبەتێکی ئەوهای بۆ ئەوان هێنابوو کایە. ئەم مسیبەتە-لە بنەبانی پەرێشانی دەزگاکانی سیاسی ڕۆژئاوا-مێژووی دوو جۆرە کەڵەکبازی ڕۆژئاوای لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد کەبەدرێژایی زێدەترلە حەوت دەیە لە بەرچاو دووری کردبوو بۆ ناوەندی لێڕوانینی گشتی هێناوە. گەلێک لە ینگلیزیەکان سەبارت بەکوردەکان هەستیان بە تاوانباری دەکرد کەیەکێک لەدێپلۆماتەکان ئەوی (گرێی تاوانی مێژوویی)ناولێدەبرد. ئەم گرێیە ڕیشیەیەکی قوڵی هەیە و ڕابردووی وی بەو وادادەکانی وەفاپێنەکراو دەگەڕێتەوە کە لەکۆتایی شەڕی دنیاگری ئەوەڵ بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی بەم خەڵکە درا،دوایی خودموختاری لەناو چوارچیوەی ئێراق لە ژێرچاوەدێری وسەرپەرشتی،ئەوکات کە ئیلاقەی بریتانیا زۆرتر بۆ هێشتنەوەو ڕاگرتنی چالاوەکانی نەوتی کەرکووک لەبۆ خۆی بووهەتا دابین کردنی ئامال وئارەزوەکانی مللەتی کورد. لەفرانسە نەسلێک لە دەوڵەتەکانی ڕاست وچەپ لە داخوازی قازانج و بەرهەم وەرگرتن لە دووەمین سەرینچاوەی نەوتی خاوی دنیا،وبۆ پاراستنی شوێن پێیەک کە فرانسە لەم چالاوانەی نەوتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەیبوو،ڕیایی و دوو ڕوویی سەدام حوسین یان گوتبوو.

تەواوی خەڵک هەنۆکە دورستی ئەم سیاسەت و ئیخلاقەی بوونی ئەویان، کە جیا لەکموونیستەکان هەموو هەڵبژێردراوەی سیاسەتی فرانسەیان بە بڵیندگۆی ڕیایی ودوو زبانی پڕوپاگەندە چیانی بەغدا گوڕیبوون،بردبوونە ژێرپرسیار. بەرهەمی ئەم جەرەیانە پێنج میلیارد دۆلار سوڕەت حیسابێکی نەدراو لەبابەت فروشتنی چەک وچۆل بوو(کە بازێک لەوان دژی ئەم کوردانە دەکارکران).

و بەڵام تایبەت- لە دنیایەک کە ڕوخساری وی بەردەوام لە گۆڕانکاری دابوو، کوردەکان لە دوایی دەیان دەیە بینینی سەروسیمای پەنابەرانی ئافریقایی و ئاسیایی شتێکی تازەو دلڕکێش بوون. بینەرانی تەلەفزیون کە لەمێژ بوو عادەتیان بە بینینی کوێرەوەی لە ناوچەکانی گەرمێنی دەوروپشتی دنیاکردبوو هەنۆکە کوردەکانیان دەبینی کە لە شاخاوەیەکاندا لەبەر شڵیوە وشک هەڵگەڕابوون،لە ناو بەفرو قوڕو کەسافەت دا حەولیان دەد،بەدوای قولێک دەستەچیلە کە پێی ئاگر هەڵکەن گیانیان لە مەترسی تەقینەوەی مین دەنا،و لە سەریارمەتیەکانی ژیان کە لە کامیونەکان بۆیان فڕیدەدرا پێکەو بە چەنگەپرچە بەشەڕ دەهاتن. و لێدان و تێهڵدان لە نیزامیان-و لەم بابەتە تایبەتیە نیزامیەکانی تورکیە- کارێکی ئاسایی بوو،هەر وەک خەبات بۆ زیندو مانەوەو تێکۆشان وتەقەلا بۆ وەدەست هێنانی خوارەمەنیش کارێکی سروشتی بوو. پیاوەکان وکوو زوربەی مرۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێچیان لە سەردەنا،ڕەنگی گەشی جل وبەرگی خیزانیان بۆ زەوقی ماندوی بێنەرانی ڕۆژئاوا سەرگەرمی بوو.
ئاڵن پیزی،هاواڵدەری سی.بی.ئێس. هۆکاری بڵاوکردنەوەی دەنگ وباس و وێنەی تەلەفزیونی پەیوەند بە کوردستان بۆ ماوای بێست ویەک ڕۆژ بەردەوام لە تەلەفزیون بەمجۆروکورت دەکردەوە:(مناڵەکان جندین،مرۆڤەکان تورەومەغرورن،وژنی بێ ڕووسەری و خۆش قیافە.)وشتێک کە هۆکاری سەرسوڕمان دنیای دەرەکی بوو ئەمە بوو کە بازێک لەکوردەکان زەردو چاوشین بوون. لەو جێگایە کە خەڵکی چینی مام ناوەندیش هەڵاتبوون، بەڕادەیەکی تەواو لە ناویاندا هەبوون کەسانێک لە بە روونی و بە کورتی، لەو لەهجانەی کە زۆر مەقبووڵی تەلەفزیونە مەسەلەو تەنەگەژەکانیان شی کەنەوەو ئازانتی بکەن. بەقەولی پیزی،پەیام ئیکجار سادە و ڕوناک بوو :(کوردەکان فیدای سیاسەتی ئامریکابوون کە خوازیاری ڕاپەڕین خەلک ببوو، وبۆ وەڕاست گەرانی ئەم داوایە ئەو قاقەزانەی بێ ئیمزا کە بەعەرەبی نوسرابوون لەدەستیاندا بوو کە فڕۆکەکانی ئامریکایی بەریاندابۆوە،و دەواندا لە سەربازانیان داواکرابوو ڕیزو سەفی سۆپای بەجێ بێلن.

تێبینی:2-ئەریک رولو باڵویزی فرانسە لە تورکیە وەبیری دەهێناوە کەلە ئاوریل برنارکوشنە وەزیری کابینە لە(کاروباری بەشەردۆستانە)ی بۆ سنووربرد هەتا لەگەڵ نزیکەی /400پەنابەر قسەبکات و ئەوان دڵگەرم بکات کە وردە وردە بۆ ئێڕاق بگەڕینەوە. پەنابەرەکان یەک بەدوای یەکدا،وەکوو بەڵگەی خەیانەتی هاوپەیمانان بەم قاقەزانەیان ئاماژەکردن کە فڕۆکەکانی ئامریکایی بەریاندابوونەوە. بەمجۆرەی کە رولودەڵێت: ناوەرۆکی قسەکان بەم شێوازەبوو:( زۆرسوپاس سەبارەت بەم

قسەچەوروشیرنانەتان،بەڵام لە دوای ئەمە کە سەدامتان چەکدارکرد و دواییەکان بەمەتان گوت: کەدژی وی راپەڕن و پاشان ئیمەتان بەرەڵلاکرد، ئیدی بە رۆژئاوایەکانمان متمانە نییە. ئێوە لە ماوەی ئەم دوو حەوتووەی کە بۆمبی بەسەر ئێمە دا بەرداوە و قەتڵی عامی دەکردین،ئەنگۆستی داکۆکیتان بۆ ئێمە رانەوەشاند. رەفتارو کردەوەی جەماوەری داکۆکی کەرلە حەیوانات لەگەڵ سەگەکانی بەرەڵلا باشتر لەو رەفتارەیە کە ئێوە لەگەڵ ئێمەتان هەبوو. بەدایە فرانسە پەنابەریەتی سیاسی بەدن.)کاتێک کوشنەگوتی کە(ئەم قسانە دورستن بە سەدامماں یارمەتی کرد ...)رولو بە وی گوت: وس(ئەتۆ دەتوانی /.../5.پەنابەری قەبووڵ کەی!)

کوردەکان دوایی تێپەڕبوونی چەندین هەزارە،وەکوو بیچمی میللەتێکی نایەکگرتوو و بێ دەوڵەت،لەنەکاو بە(پازدە دەقیقە)ناوبانگیانکرد کە (ئەندی وارهول)بۆچوونی ئەمە بوو کە لە رۆژگاری تەلەفزیونی هەمووکەسێک دەتوانی وە دەستی بێنێت. دۆستانی دەرەکیان کەلە هەموو شوێنێک بڵاو ببوونەوە ئاخرین حەول و تەقەلایان لەکارکرد کە ئەم چارێگە ساعاتە بمێنێتەوە، وەلەو بۆ رەتکردنی قسە رەشبینەکانی وەک ئەو باڵوێزەی دنیای سیوەم لە بەغدا،کە پێش بینی دەکرد ئیلاقەو محیبەتی رۆژئاوا سەبارەت بەکوردان مانەوەترلە هەوسی(هولاهوپ)ی دەورانی لاوەتی وی، وێوەتر نابێت.

لە فرانسە دانیل میتران،خێزانی سەرکۆمار و داکۆکی کەری پڕئاوازەی کوردەکان و کەمایەتیەکانی پامالّی زولّم وزۆری،بۆ رەکێش کردنی سەرنجی خێزانی بە مسیبەت ئەم خەڵکە ئاتاجی بە وادارکردن نەبوو. ئەو (لەگەڵ نزان کەندالْ) کەیەکیک لە فیزیکدانانی شوێن تێکەری کوردە،دۆست بووە، و ئەوی لە دامەزراندنی (ئەنیستیتۆی کورد )لە 1983 لەپاریس یاری کردبوو. (کەندالْ لە کوردەکانی تورکیە بوو کە بۆ فرانسەکۆچی کردبوو).کاتێک لەکۆتایی مارسی 1991 هێرشی بەرتەقای ئیراقیەکان پرتاوی گرت،دانیل میتران بەکارشناسەکانی ناوەخۆو دەرەکی زەنگ لێدا. لەیەکەمین حەوتووی پرمەترسی ئاوریل،کە جەرەیانی کۆچکردن لەو پەڕی توندوتیژی خۆی دابوو،مێردەکەی وادارکرد کە فیلمەکانی پەیوەندار بە کوردەکانی هەزار لە شاخاوەیەکان ببینن.

ئەو بە بەکەلک وەرگرتن لە ئەزموونەی دەورانی گەنجینی خۆی لە فرانسە لە بن دەستی نازیەکان،خەڵکی ئاسایی و نیزامیانی کۆشکی ئەلیزەی سەبارەت بە ئیمکانی گەیاندنی یارمەتی لە رێگای ئاسمان بەکوردەکان ماندوکرد-لەگەڵ ئەم ئاکامە کە گوتیان عەمەلی نییە. سەرکۆمارفرانسوامیتران ئەو هێندە مسیبەتی کوردەکان کاری تێکرد کە بەتالّووکە لە سکرتیری سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکانی داواکرد لەم بارەوە هەنگاو هەڵێنن،بەم زەنگە مەترسییە کە پێچەوانەکەی پاریس بۆخۆی دەست بەکاردەبیت. سێلاوی پەیامەکانی تەلەفوونی موافیق، بەباڵوێزخانە و کۆنسۆلگەریەکانی فرانسە لە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لوزەوی بەست،و دەوڵەتی بووشی کە هەروا بریارگر،بە دەست لە سەردەست دانانبوو،تووشی ناڕاحەتی کرد.

پەیوەندی قووڵ و بەردەوامی مادام میتڕان لە گەڵ کوردەکان نموونە و میسالێک لە(عادەتی) لەمێژینە بوو کە ڕابردووەکەی بۆ دەورانی سەلتەنەتی دەگەڕاوە،و لە بەرئەمە نزیکانی تاج و تەخت جار دڵڕەکێشی(ئامانجی)دوورو درێژ و چەتوون دەبوون. ئەوکەسەی کە ئەوی لەکوردەکان نزیک کردبوو (برناردورن) بوو،کە دیپلۆماتێک بوو کە لەنەکاو بۆ خزمەت بەکوردەکان لە پۆستی خۆی وازهێنا،بە ئەوە ئاگاداریەکی ئەوهای سەبارەت بە کوردەکان هەبووبێت. لە 1964 لە دوای ناکوکێەکی کورت لەگەڵ بەرپرسی دایمی، ئەربەک دۆکاربونل،سکرتیری گشتی وەزارەتی دەرەوە،لە کاروباری وەزارەتی دەرەوەی وازهێنا. کاربونل بە وی دەستووردابوو لە سەرکردەوەکانی بریتانیا کە فرۆشتنی فڕۆکەکانی جێت هاویر-هانتری بە دەوڵەتی ئێراقی بە فرانسە خەبەردابوو قۆل لە سەربکێشێت. (دوررن) هاتەسەرئەم بۆچوونە کە ئاگاداریەک سەبارەت بە مللەتێک کە ڕابردوی حزمەتی سیاسی خۆی بە لایانگری لە وان لەدەست دابوو بەدەست بێنێت. لە 1968 خەریکی متالایی زوانی کوردی بوو،و هاتە سەرئەم بۆچوونە کە کەسینی ببینی کەلە کوردستانی ئێراق چ روودەداو چ دەقەومێ و چ دەگەزەرێ. لەم سەردەمی دا (دورن)لەنوسینگەی وەزیری توژینەوکانی عیلمی کاری دەکرد: وەزیر وچانی بەویدا،وادەی پیدالەگەڕانەوە کارەکەی ویداتەوە(ئەگەرنەکوژرا). لە ماوەی شەش مانگ کەلە گەڵ مەلامستەفابارزانی دابوو هێندە نەمابوو کە بکوژرێت. ئەمە سەردەمێک بووکە بارزانی بۆ وەدەست هێنانی خودموختاری دیسان لەگەڵ ئەرتەشی ئیڕاق لەشەڕدابوو. لە 1971 دورن، ئیجازەی وەرگرت بۆ خزمەتی وەزارەت بگەڕێتەوە،لە پۆستی باڵوێزی لە هائیتی ئافریقای باکووری، بەزیل، ژاپن وسپس بریتانیا خزمەتی کرد و لە ڕۆژەکانی ئالۆزی ئاریلی 1991 ئەوکات کە بریتانیا و فرانسە لە نمایشەکی دەگەمەن هاوهەنگاوی سەردەمی ئاشتی بۆ ڕزگارونەجاتی کوردەکان و وادارکردنی ئامریکا بە قەبوولی بەرپسیارەتیەکانی خۆی، دەستیان لەدەستی یەکترناو لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیزکاریکرد.

لە ناو دۆستەکانی دەرەکی لە کوردستان یەکەمین کەسێک کە لاقی لەمەیدان دانا، پیترگالبریت بوو کەلە ئەندامانی ئیکجارتیکۆشەری کۆمیتەی دەرەوەی سنای ئامریکا بوو: ئەو لەکاتی لە بەریەک هەڵتەکان و پڕش و بڵاوبوونی بزوتنەوەی کوردەکان لە دهۆک لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بوو، گالبریت کە لایانگران و بەرگری لێکەرانی ماندو نەناسی کوردەکان بوو لە چاخێکدا کە جەرەیانی لەناوچوونی ژیانی گوندەیەکانی کوردستانی بە دەستی سەدام حوسین، لە ماوەی سەردانێکی فەرمی خۆی لە باشووری ئیراق لە 1987 بەسنا گوزارشت کردبوو، دڕکێک بوو لە چاوی سەدام حوسین و دەوڵەتەکانی ڕێگان و بووش هەڵچەقی بوو. ئەم یەک شەممۆی جەژنی پاک ئەو یەکێک لەوکەسانە بوو کە بەرلەگرێدان وگاڵەدانی ڕێگای نەجات بە دستی ئیراق، لە ژێرخۆمپارەهاوێژانی ئێراقی لە دەجلە پەڕیبۆوەو بۆ سوورییە گەڕابۆوە. گالبریث کاتێک کە خۆی گەیاندە دێمشق بۆ باڵوێزی ئامریکا لە ئانکارا تەلەفوونی کرد و سەبارەت بە سیڵاوی ئەو پەنابەرانەی کە بۆ لای سنووری سەراوژێرببوون ئاگاداری داوگوتی: کە

هاوالْدەرانی ئامریکایی  ئەوان هاوهەنگاو دەکەن. هەرئەم  تەلەفوونە بوو کە بالْۆێزی بە هەنگاوهەلْینانی سەرەتایی بۆ بەربەرەکانی لەگەلْ ئالْۆزی وروووژاوکرد.

فیلمی ویدۆیی کە گالبریث لە پەنابەرانی لە جەنگەی هەلاّتن هەلْگرتبۆوە یەکێک لەو فیلمانە بوون کە تەلەفزیونی ئامریکا نیشانی دا وبەرفرەوانی ئەم کۆچەریەی بەلێشاو بە ئاگاداری خەلْکی دونیا ڕاگەیاند. گالبریث کاتێک بۆ واشنگۆن گەڕاوە،دەیانجارو دەیانجار هاتەلە سەرشاشەی تە لەفزیون لەکوردەکانی دیفاع کرد. ئەو بە هاوهەنگاوکردنی خەباتێکی بەرفرەوان کە دەولْەت حەزلێنەبووی بووشی مەجبور بە هەنگاوهەلْینان ویارمەتی زۆرکرد،و بەلەونێکی ماندونەناس بە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا کە حەزی لەم کارە نەدەکرد فشارهێنا کە نوێنەرانی خەلْکی کورد بۆ وتوویژ قەبوولْ بکات. ولەکەسانی دیکەی کەلە چلۆنیایەتی هەلْس وکەوتی دەولْەت لەگەلْ کوردەکان توڕەبوون دوو کەس لە هاوالْدەران و ڕۆژنامە نووسانی وەرگری خەلاّتی پۆلیستر بوون: جیم هۆگلاند لە واشنگتۆن پۆست و ویلیام سافایر لە نێویورک تایمز کە هەر دوو سەردەمێکی دورودرێژ بوو لە ئارمانەکانی خەلْکی کورد، داکۆکی وپشتیوانی دەکردبوو.
لە سیومی ئاوریل فرانسوا میتران، برنارکوشنە،وەزیری پێشوی کابینەی کە مرۆێکی ئیکجار تێکۆشەر بوو بۆ هەنگاوەکانی  بەشەردۆستانە بۆ ئانکاڕا نارد. ئەو لە وێ لەگەلْ تورکەکان لەسەر ئامادەکردنی چوارچیوەی مافێک بۆ بڕیارنامەی شوورای سازمانی نیونەتەوەیی (شوورای سازمان ملل متحد) بە هۆی لایانگری وداهۆکی لە کوردەکانی ناوخۆی ئێراق، خەریکی کاربوو. کوشنە،لە سەرتای دەیەی حەفتا لە ئەندامانی بناخەدانەری سازمانی نا دەولْەتی یارمەتیدەری پزشکی ناودێر بە  (دوکتۆرانی سنوورنەناس) بوو. ئەم بنکەیە دوایەکان لکەکی لێ سەرهەلْدا بە ناوی (دوکتۆرانی دنیا)کە شۆلْەکەی ئەنجامدانی خزمەتی نائاسایی دوکتوری لە دنیای سیوەمە. کۆشنە لە وەدیهێنانی بنکەی ناوبراویش زورکارتێکەر بوو. کوشنە بوونی دەگمەن وکیمیا بوو،سیاسەتمەدارێک بوو کە لەگەلْ مەسەلەکانی کورد ئیکجار ئاشنا بوو،و بەسانایی و بەئاقیدەوە لە سەرشاشەی تەلەفزیون زاهیردەبوو. سازمانی(دوکتۆرانی دونیا) لە مێژسالْ بوو گروپێکی لە دوکتۆران بۆ خزمەت بە  کوردەکانی ئیران، لە سنووری ئێران و ئێراق، ڕاگرتبوو. کۆشنە کەلە کەم وکوڕی حقووقی بەشەر لە سەرانسەری دنیا مەترسی ڕێنێشتبووە سەردەمێک بووکە خوازیاری دەست تێوەردانی کۆمەلْگای دنیا لە بابەت مەسەلەکانی بەشەردۆستانەو خیرخوازانەو ئینسانی بوو،کە لەمەڕ مێژوویی لە وی بە تەداخول لە کاروباری ناوەخۆ ولاّتان لێکدەدراوە. ئەو لەم مسیبەت و کوێرەوەریەی کە ڕووبە ڕووی کوردان ببۆوە لە ئاکامدا ئەم هەلەی بۆ ڕەخسا کە بە  حەزلێکردنی تئوری خۆی جلْی کردەوە لە بەرکات.

بە لێڕوانین وسەرنجدان بە ئەزموونی ڕابردوو،بۆچوونی بەهێز لەسەرئەمە کۆببۆوەکە تورکیە پێشنیارەکی ئەوهای کە ڕێکاکەرەوەی دەست تێوەردانی دەرەکییە،بێ فکرلێکردنەوە ڕەت بکات. تورکەکانی

ناسیونالیست و لەجۆش و خرۆش دەست تێوەردانی بێ ڕێزانەی زلهێزانی دەرەکی،بەتایبەت لێژنەکانی مەزەبی لە بەرگری لە کەمایەتیەکانی مەسیحی لە ماوەی دەورانی هەڵوەشانی هیور هێوری ئەمپەڕاتووری عوسمانی هیچ کات لەبیر نەبربوو و بە ئۆروپایەکانیان نەبەخشی بوو،حەول وتەقەلای بریتانیاو فرانسەو یۆنانیشی لە کۆتایی شەڕی یەکەمی دونیاگر،کە دەیانەویست ناوەندی ئاناتۆلی لە بەشەکانی دیکەی وڵات جیابکەنەوە لەبیرنەکردبوو. بێجگەلەوانە،ئەم وڵاتەی ئیکجار (کەڵەکە)ی کە کەماڵ ئەتاتورک لە سەرکاولەکانی عوسمانی ڕابردوو هەڵچنیبوو هەتا بوونی کوردەکانی خۆی حاشا دەکرد،کە گەورەترین کەمایەتی هەروڵاتێکی پێکدینن،وجەماوەرەکەیان بە بیست لە سەتی سەرجەم جەماوەری وڵات بەرئاورد دەکەن. لەم دوایانەدا دەوڵەت هەستی دەکرد کە دەرەکیەکان سەبارەت بە هەڵس وکەوت و ڕەفتاری تورکیە بەهەزاران کوردی کەلە عەمەلیاتی شیمیاوی مانگی ئەوتی 1988 ی سەدام حوسین هەڵاتوون واردی خاکی تورکیە بوونە بە هۆکاری ئینساندۆستی قەبووڵ کرابوون،زەم وخەراپگۆیەکی زۆریان کردوە.

بەڵام فرانسەویەکان دەیانزانی کە شتێکی کە سەرکۆمار ئۆزەل بەهیچ جۆر خوازیاری نییە ئەمەیە کە نیو ملیون کورد بەتورکیە وەربن-کەبۆخۆی شتێکە کە بە قەولی یەکێک لە ناردراوەکانی ڕۆژئاوا(بۆدەوڵەتی تورکیە لەجێگای خۆکوژی) بوو. ئەوکات ئۆزەل لەئایالاتی یەکگرتووی ئامریکابوو، ولە کۆتایی ئەو وچانی نامبارەکی جەژنی پاک بۆتورکیە گەڕاوە. ئەو دەست وجێ شووڕای ئاسایشی مللی تورکیەیی کە بەهێزترین ئۆرگانی وڵاتە و لە ژێردەسەڵاتی نیزامیانە بانگیشتن بە دانیشتن کرد. هاتنی پەنابەران تەنیا دەیتوانی لەسەرئاڵۆزی و پشیوی مەسەلەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە زێدەبکات،کەلە 1984 بەم لاوە 12/0000/،کەس لەهێزەمانی ئاسایش وئەرتەشی لەشەڕی ناوەخۆ کە چرکەبەچرکە خوێناویتردەبوو لەگەڵ جودایخوازانی کورد درگیرکرد بوو. هەنۆکە چاپەمەنیەکان لە تورکیە قسەی ناحەزیان دەکرد،چونکە هێزەکانی نیزامی وی بەڕاشکاوی لە هاتنی پەنابەرانیان بۆ ناو تورکیە پێشگیری دەکرد و لە بازیک کات هەتا ئەوانی مەجبووربەگەڕانەوە بە قیتەک وترۆپەکانی پڕلەبەفروکرپێوە، دەکرد. پێکهاتنێک کە کوشنە لەگەڵ تورکەکانی هێناکایە، شتێکی لێکەوتەوە کە دوایەکان دیپلۆماتێکی فرانسەوی ئەوی(بە قسەیەکی سێحراوی)ناولێبرد،

بە پێچەوانەی تورکەکان کردنەوەی ئەم گرێیەی پوچەڵ بوو.تورکیە ئەندامی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبوو و بۆ پشتیوانی لەم گەلاڵەیە بەداکۆکی یەکێک لە ئەندامانی هەمیشەیی شوڕا ئاتاجی هەبوو. فڕانسە کە ئەوکات خەریکی ئامادەکردنی پێش نویسی بڕیارنامەی خۆی بوو بەدڵنیاییەوە ئامادەی ئەم ئەرک و خزمەتەبوو. ئەم ڕیککەوتنە بۆ ئازانتی کردەوەی تورکیە لەپێشگیری لە هاتنی پەنابەران و ئاوابونیان لە سنوور،داکۆکیەکی لە ناردنی هیز بە مەبەستی دابین متمانەدان بە گەڕاونەوەیان بۆ سەرماڵ وحالی خۆیان -چ سەدام حوسین بیهەوێ وچ نەیەوێ-وەکوو(هەڕەشەلە سولح وئاشتی دنیا)لە ئەساسنامەی نەتەوەیەکگرتوەکان بڵگەدێناوە. دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەم کارەیان (Refoulement)ناڵێدەبرد، کە وشەیەکە فەنی بۆ گەڕانەوەی پەنابەران. لەم نێوەدا تورکیە

کاتێک ئیمزای کنوانسیونی نیونەتەوەیی لەدوای شەڕی دووهەم،کە پەنابەری سیاسی بە پەنابەران دەبەخشی،بە دیاریکراوی پەنابەرانی پەیوەنداربە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی وباکوری ڕۆژهەڵاتی لەمە جیاکردبۆوە(هەڵبەتە ئەمە پێشگیری لەم نەکردبوو کە تورکیە لەدوایی ئینقلابی ئیسلامی لە ئێران و ڕوخانی بنەمەڵەی پەهلەوی لە 1979 نزیک بەیەک ملیون ئێرانی قەبووڵ بکات. بێجگە لە 1988 ژمارەیەک زۆر لە کوردەکانی ئێراقی قەبووڵ کردبوو،کەلەو دەستەیە هێشتا زێدەترلە بیست وهەشت هەزارکەس لە وڵاتی مابوونەوە ولەهەڵ ومەرجێکی ئیکجار ساخڵەم لە ئۆردوگاکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە دەژیان. لەساڵی 1991 زۆرینەی نزیک بە کۆی ئەم پەنابەرانە بۆ ئێراق گەڕابوونەوە.)

هەنۆکە بەبەرەکەتی سەردانی کوشنە،فرانسەوتورکیە پیش نووسی بڕیارنامەی ئینقلابیان پێکەوە بەشووڕای ئەمنییەت پێشنیارکرد کە شووڕا لە بە سەرسوڕمانیەوە گەلێک لە دیپلۆماتەکانی پێشەیی وی لەپێنجەمی ئاوریل پەسەندکرد( ئەم دیپلۆ ماتانە چاوەڕوانیان دەکرد کەیەکیەتی سۆڤیت یان چین، یان هەردوو، ئەوی ڤیتۆبکەن). لەدوایی تێپەڕینی حەوت دەیە بۆ یەکەمین جار لە بەڵگەیەکی نیودەوڵەتی،یانی بڕیارنامەی ژمارە 688 ی شوڕای ئەمنییەت نەتەوەیەکگرتوەکان لە کوردەکانیان بەدیاری کراوی وبەناوی (کورد)باس لیوەکرد.ئەم مەسەلە هەر بۆخۆی بەحالێکی ئۆتماتیکی زێدەپاروەک بایەخداریک بوو،کە تورکیە بە داسپاندن قەبووڵی کرد. لەڕاستیدا ڕیگایەکی دیکە بەدرەلەمە نەبوو.ئەمە بوو دەوڵەتی بووش. لەم کارە ناخۆشحاڵ بوو، چونکە گەلاڵەیەکی ئەوها تووش کردنی هیزەکان لە باشووری ئێراق بوو، کە چاکتری دەرجەیەکی سیاسەتی دەوڵەتەکەی کەگەڕانەوەی هەچی زووتری هێزەکانی لەکەنداوی فارس بۆ نشتیمان بوو وەک بڵقی سەرئاو دەپۆچاندەوە.

بەڵام جۆرج بووش پێیخۆش بوو (تورگوت ئۆزەل)ی لەم جەرەیانەی کەلە گێژاوە کەوتبوو و سەرسام مابۆوە ئالیکاری بکات. لە یەکەمین ڕۆژەکانی ئالۆز لە دوای هێرشی ئێراق بۆ کەوەیت،ئۆزەل بە گاڵەدانی شالوولەی نەوتی ئێراق کە بەتورکیە دا تێدەپەڕی لە دەسەریەک کردنەوەی هاوپەیمانانی دژی سەدام بۆ بە لایانگرێکی گرینگ بۆ ئامریکا. بل لەوانە مەسەلەی هەراهوریای(تەکوزی دنیا)ش بەبەرەکەتی فیلمەکانی تەلەفزیونی کە سەرکوتی بزوتنەوەی شکەست خواردووی شێعە و کوردەکانی نیشاندەدا،لە هەڵمەدووک بوو. بە قەولی یەکێک لە جامینخوازانی بەگوڕ(مافی دەست تێوەردانی) شووڕای ئەمنییەت بە پەسەندی بڕیارنامەی 688 بۆ ناردنی یارمەتیەکانی بەشەردۆستانە بۆ کوردەکان وهاووڵاتیانی دیکەی ئێراق،بێ سەرنجدان بە ڕێککەوتن یان دژایەتی دەوڵەتی پەیوەندار،بەیەقین ئەم خاڵەی دەستەبەرنەکرد کە دەوڵەتەکان لەمە بەدوا لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیان خەراپ نەجوڵێنەوە یان بەلانی کەم دەست لەکوشتاریان نەوەشێنن،بەڵام لەگەڵ ئەم هەمووە ئیدی هیچ وڵاتێک مافی حاکمییەتەی نییە کە بە هاسانی بتوانێت ڕێگری لە ناردنی یارمەتیەکانی بەشەردۆستانە لە دەرەوە بیت،)

کوردەکانی ئێڕاق دۆستێکی لەمێژینە و شوێن تێکەری دیکەشیان لە ئانکارا هەبوو: ئەم کەسینە(ئەریک ڕولو)باڵویزی فرانسە لە تورکیە بوو، ئەو بەرلە وەسوکرگرتنی ئەرکی دێپلۆماتی بۆ ماوەی چەندین دەیە، یەکێک لە پسپۆرانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی ڕۆژنامەی شوێن تێکەری لۆمۆند بوو. ڕولو،لە ماوەی ئەومانگانەی کە شەڕ دەستی پێکرد،(مورتن ئای ئابراموویتس) باڵوێزی مەزنی ئامریکای بە پسپۆری و زیرەکی و چرکەکانی سیاسەتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ،بەتایبەت سروشت و چلۆنایەتی کۆمەڵگای ئێراق، کە ئەو بەڵگەی بۆ دەهیناوە، گرێپوچکەترو ئاڵۆزو جۆراوجۆرترلە مەیە، کەدەوڵەتی بووش فکری لێدەکاتەوە،ئاشناکرد. ئەم ناسیاویە دەرسێکی گرینگ بوو وڕۆڵێکی بڕیارگری لە مەسەلە بەڕیوە برد.

ئابراموویتس پێشتر هیچ کات لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست خزمەتی نەکردبوو،بەلاّم لە کاروباری پەیوەندار بە پەنابەران پێاوێکی خیبڕەو بەئەزموون بوو. لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی حەفتا، ئەو چاخ کە باڵوێزی ئامریکا لە تایلەند بوو،لە بەرانبەر لێمشتی پەنابەرانی وێتنامی کە بە(لۆتکەنشین) دەنگین بوون ئیکجار سەرکەوتوو بوو و لەم مەسەلە سەبرو تەحمولی ئیخلاقی بەشێوازێکی کارتێکەر بە چابوکی وکارزانی سیاسی و ئیداری ئاویتەی یەکترکرد.
دەوڵەتی تورکیە، بەشێوەیەکی ئاسایی، لە بوونی دێپلۆماتەکانی دەرەکی لە دەڤەرەکانی کارتێکەری وڵات بەتایبەت لە ناوچەکانی سنوور،ناراحەت بوو. بەلاّم ئابراموویتس بە بیانووی نیگەرانی لە بابەت سەلامەتی دەستەیەک لە هاواڵدەرانی ئامریکایی کەلە ئێراق هەلاتبوون و هەنۆکە بۆ وەدەست هێنانی دەنگ وباسی دەستی ئەوەل لەوەزعی پەنابەران لە تخووبی توکیە کۆببوونەوە لەگەڵیان هاوهەنگاوبوون، ژمارەیەکی زۆر لە کارگێڕانی بالویزخانە لە ناوچە بلاّو بوون.
ئەو لە عەینی حالدا بۆ وڕووژاوکردنی دەوڵەتی خەواڵووی بووش پەیتاپەیتا لە گەڵ واشنگتۆن لە پەیوەندی دابوو: تیلگڕاف بەدوای تێلگڕافدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی دەنارد ولەگەڵ چەند بنکەو دەم و دەزگای بەرفرەوان لە دۆستانی دەوڵەمەندو ساماندارلە ناو دەوڵەت و لەدەرەوەی وی بە تەلەفوون پەیوەندی دەگرت،هەتا پەیامەکانی بۆ کەسینی بووش بۆ کۆشکی سپی دەنارد. ئەو بەو ئەزموونەی کە لە جەرەیانی پەنابەرانی (لۆتکەنشین)هەیبوو ئاقیدەو بۆچوونی ئەوهابوو کە سەرکەوتن پەیوەندی بەمە دەبێت کە ئەم خەڵکەی هەر چ خێراتر بە تێکۆشان دڵگەرم و وادربکات. دەیگوت:(لە بارودۆخێکی ئەوهادا شێوەی شۆڵ ئەمەیە کە خەرابترین بارودۆخ بە واقعی وەرگرین وخەراپترین هەڵ ومەرج پێ لەسەرداگرین.) برنت سکوکرافت،ڕاویژکەری سەرکۆمار لە شووڕای ئاسایشی مللی لەجەرەیانی کارەکانی باڵوێز لە مەسەلەی پەنابەرانی(لۆتکەنشین) بوو ولێی یەقین بوو کە مسیبەتێک کە لە ڕێگا دایە بۆ تورکیەو ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا (ئیکجار مجد) دەبێت - ئەم قسەیەی دێپلۆماتێکی ئامریکایی ئاگادارلە جەرەیاناتی پەیوەندی وموکالیمە بوو.

ئابراموویتس لەئانکارا هەروا لەجەرەیانەکە بەردەوام بوو و سەرکۆمار ئۆزەلیش بە تەلەفوون لەگەڵ بووش لەپەیوەندی دابوو.
باڵوێز لە سەرئەمە موافیقەتی دەربڕی کە کەل وپەلی ئاسایش و دانەوێڵە لەڕیگای ئاسمانی بۆیان فرێدرێتەخوار،وهێزەکانی ئاسمانی ئامریکا لە 7ی ئاوریل دەستیان بەم کارەکرد. بریتانیا وفرانسە خێرا بەدواداچوون،و ئەم جەرەیانە کاتێک سەریگرت کە تورکیە بەکەلک وەرگرتنی فڕۆکەکان لە فڕۆکەخانەی (ئەنجیرلەک) هەڵکەوتوو لە ئادانە ڕەزامەندی دەربڕی. هێزەکانی ئاسمانی ئامریکا گەورەترین ناوەگانی کەل و پەڵ گوێزتنەوەی دونیایان لە ئەنجیرلەک دەنگدا،بەلاّم بە پێچەوانەی ئەم تێکۆشانە،کارگێرانی خاوەن پلەوپایەی نیزامی لە واشنگتۆن ئەم مەسەلەیان کە لەمێژ بووفکری بۆ دەچووجگە لە کارتێکەریەکی بەرتەسک نییە،لە کۆڵەخۆیان کردەوە: پێیان وابوو کە مەوزوع ئەمەیە کە چەند دەنکە گەنم بۆ ڕەوەیەک کۆتر بەگۆڕێ وەرکەی. ئێسکی ناوبرینی ئەمەکە هێندیک لە بەستەکانی بەردراوە لە شوێنی خۆیان لایاندا و بەسەرسەری پەنابەراندا بەربوونەوە و ئەوانیان کوشتن.دەستەیەکیش کە بۆ دەست وێراگەین بە ماددەی فرێدراو حەولیان دەدا بۆنە هۆکاری تەقینەوەی هێندیک مین کەلە لێواری سنوورچاند بوویانن، وکوژران. بەلاّم ئەم عەمەلیاتە فیلمی لێ هەڵدەگیراوە و دلڕکێشی دەنواند،و بەلانی کەم نیشانی دەدا کە هاوپەیمانانیش کارێکی دەکەن. و بووش پێویستی بەمە بووکە لە تەلەفزیون خۆی نیشان بدات و خەڵک ببیین کە لە دوایی کەمەتەر خەمیەکانی سەرەتایی هەنۆکە وەجۆڵە کەوتووە و دەستی لە عەمەلیاتێکی یەکچەلی داوە.
چاکەی ئابراموویتس ئەمە بوو کە وەزیری دەرەوە،جیمزا.بیکر(سیوەم)ی ئیقناع کرد بەمە کەلە جوکورجە-یەکێک لە ئۆردوگاکانی شاخاوی پەنابەران لە سنوور- سەردان بکات. لە چاخی سەردان.لە حەفدەی ئاوریل، چاپەمەنیەکان گرینگایەتیەکیان بەم(بیکر)ی کە چەکمەی کابۆئی لە بەر کردبوو،نەدا،کە چاریگە ساعاتێک لە دوای ئەمە کە بەهێلیکوپتەر بۆ ناو ئەو دەهەزارخەڵکە لێقەوماوە هات،ئۆردوگای بەجێهێشت. ئەو هەنۆکە لە خێری ئەم وێنەیی کەلە وی بگرن دەستی شووشت،هەرچەند بەمە دەنگین بوو کە بەخۆ قوت کردنەوە لە پێش چاپەمەنیەکانی گشتی و خۆنواندن گەلێک گرینگایەتی دەدا. لەگەڵ ئەم هەموو ئەگەر لایانی سیاسەتی کەسایەتی وکەسیتی وجودی بیکر، لەپەیوەندی لەگەڵ ئەم ئاڵۆزیە لە سەرەتا هێندێک شک وگومانی وەدیهێنابوو،هەنۆکە (جورکورجە)ی لەحالێکدا بەجێدەهیشت کە ئەمەی بینی بووی ئیکجار کارتێکەر وخەمناک بوو. (ئەمە وێدەچێت باشترین دوازدە چرکەیەک بووبێت کە خەرجی کاروباری نەجات بوو)-ئەم کۆکردنەوەیە(جمع بندی) ئاویتە بە خۆشحاڵی دڵی ئابراموتیس بوو.
بیکر،هەنۆکە تێگەیی کە چارەسەری ئەم کیشەو ئاڵۆزیە ئاتاج بە هەنگاوێکی بنەڕەتی نەتەوە یەکگرتووەکانە،ئەمە کوردەکانی بۆ هەوەڵین کەرەت لە مێژووی تازە لە دەستووری کاری زلهێزەکان دنیا جێ بۆکردوە. کاتێک بیکر گەڕاوە، بە فڕۆکەی کەسینی خۆی لە سەر ڕێگا بۆ ئیسرائیل لەگەڵ بووش و وەزیری بەرگری،ڕیچارد چنی،و سکرتیری نەتەوە یەکگرتووەکان،خاویە پرزکوئلار، پەیوەندی گرت. خولاسە سەرکۆمار بووش هیورهێور مەجبوور بوو لە لاتەریکی و پاشگەزبوونی سەرڕەقانەی و بەتاڵ لە هەست و

عاتیفەو مێهرەبانی خۆی پەیوەند لەگەڵ کوردەکان کە بۆ خۆی بە هۆکاری ئاڵۆزیە کەی ئالیکاری کردبوو دەست بکیشێتەوە،چونکە ئەگەرکەسێک کە هەبوو جێگای باوەڕومتمانەی بێت ئەوکەس جگەلە بیکر نەبوو.

هاوپەیمانانی بووش کەهەرکات زۆرتر تورە دەبوون لە بارودۆخێک دانەبوون کە سەبربکەن. سەرۆک وەزیرانی ئینگلیستان،جان میجر، لەهەشتەمی ئاوریل لە لوگزامبورگ پشتیوانی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگای ئۆرووپای لەکەلک وەرگرتن لە هێزەکانی هاوپەیمان لە دابین کردنی(ناوچەکانی ئەمین)لە دەشتەکانی باشووری ئێراق کە پەنابەرانی بەگەڕانەوە دەڵگەرم بکات،وەرگرت. سەرجەمی خەڵکی ئینگلیستان لە وەی لە بە سەرکوردەکان هاتبوو ناراحەت و تووڕەبوون،و جێگری پێشووی وی –مارگارت تاچر-زوانی سەرکۆنەی کردبۆوە. میجربڕیاری ئەمە بوو کە ئەمە وەڕاست بەگەڕێنێ کەلەکەس دەستوورو ڕێنوێنی وەرناگرێ- و مەسەلەی هەنگاو هەڵینان سەبارەت بەکوردەکان بە کارێکی ئیکجارگرینگی سیاسی ڕەنگ وڕووی گۆڕا. ئەو ئاتاجی بەمەهەبوو نیشان بدا کە توانایی کارێکی ئەوهای هەیە،و ئەمە ئەکەمین ئاڵۆزی سیاسی گرینگ بوو کەلە کاتی لاق نان لەماڵی ژمارە 10داونینگ ئیسترینت لە چوارمانگ بەرێ لەگەڵ وی ڕوو بەروو ببوو.
هەتا فڕانسەویەکان کەلە ساڵەکانی پێشوو ئەوەندە کە ڕەقیبی ئینگلیزەکان بوو یەکگرتوو، و هاوکاری وی نەبوون،کارتێکەری ئەم مەسەلە قەراریان گرت. دێپلۆماتەکانی فڕانسەوی بۆ وەڕاست گەڕانی نیەک پاکی خۆیان لەم هاوکاریەی نێوان دوو لای کاناڵ لە داخوازی خۆیان لە سەرئەم مانایە کە ئەوان بوون کە سەرتا(هزری ناوچەی ئەمین)یان هێناگۆڕ و دانا و لە سەر ئیلاقە و مەیل نائاسایی میجر لە گرتنی بڕیارێکی ئەوها گرینگ بی بیروڕاگۆڕینەوەی لە پێشدا لەگەڵ واشنگتۆن پەسەندکرد. بۆ دەوڵەتی فرانسە-ش کە چوارمانگ بوو لە پشت سەری ئامریکایەکان دەڕۆیی و ڕێبەری ئامریکای قەبووڵ کردبوو، و ئەم مەسەلە دڵی گەورەپیاوانی نەتەوەخوازی فرانسە گران دەهات،جوڵانەو ڕەفتاری بەجێ لەگەڵ کوردەکان بە سترینەوەی شوێنی ئەم هەڵکڕانە ئالیکاری دەکرد. ئەم جەرەیانە بە باشکردنی ڕوخساری فرانسە وەکوو ئامادەکاری گەورەی ڕۆژئاوا لە دابین کردنی چەک بۆ سەدام حوسین-ش یارمەتی کرد، هەرچەند بە سترینەوەی تەواوی وی سەرکەوتوو نەبوو.
فڕانسەو بریتانیا و دەوڵەتەکانی دیکەی ئۆرووپایی لەگەڵ ئەوهەموو ئیلاقە کە بەیارمەتی بەکوردانیان هەبوو بۆخۆیان توانایی ئەم کارەیان نەبوو-بۆخۆیان بەتەنیایی نەیاندەتوانی ئەمە ئەنجامبدەن. هەر لە سەرەتا تێگەیین کە تەنیا عەمەلیاتیکی نیزامی دەتوانێ لەگەڵ جەرەیانێکی ئەوها بەرفرەوان لە پەنابەران لە وڵاتێکی ئەوها هەڵمووت وتووره بەبەرەکانی بکات، وتەنیا یائالاتی یەکگرتوویی ئامریاکەیە کە دەتوانێ کاروباری لوژێستیکی یانی- پەیوەندار بە جێگادانیشتن و کەرەسەی ئاسایش – سەروبەرکات و بەڕیوەبەرێ. جگەلەمە بڕیارنامەی 688 فکرلێکردنەوەی ناوچەیەکی ئەمین بەخودی خۆی شیاوی ماناو مفهومێکی تایبەتی نەبوو. دەوڵەتەکانی فڕانسەو ئینگلیز وەکوو یەکەمین هەنگاوی بەکردەوە بۆ دنەو دڵگەرمی پەنەبارەکان بۆ گەڕانەوە بۆ سەرماڵ وحاڵی خۆیان واشنگتۆنیان ئیقناع کرد بەمە کە

تێکۆشانی هێزەکانی ئاسمانی ئیراق لەباشوورئێراق مەداری 36 دەرەجە- بەڕەواڵەت بە مەبەستی دابین کردنی فڕینی فڕۆکەکانی بارگوێزتنەوی هرکولسی 130-سی،کەلەیارمەتی گەیاندن و فڕیدانی کەل وپەل و دانەویڵە جێگا ئیحتیاج کەلکیان لێ وەردەگیرا- بەیاساخ ڕاگەینێ.

بەستەکانی کە فڕۆکاکانی 130-سی توریانهەڵدەدا لەڕاستیدا یارمەتێکی هێندە بەپەنابەرانی کورد نەبوو. کوردەکانی تورکیە بۆخۆیان لە ماوەی ڕۆژەکاندا یارمەتی پتریان لە خاچی سوری تورکیە و بنکەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان یان ئەو ئازوقەیەیی کە بە فڕۆکە فریدەدراخوار،بەپەنابەران کرد. لەگەڵ ئەم هەمووە فڕۆکەکانی هرلوکس ئەرکی بنەڕەتییان ئەنجام دا: ئەم فڕۆکەکانە، فڕۆکەکانی شەڕکەر و هیلیکۆپترەکانی تۆپدار وتەیارەکانی ئیسکۆرت هاوهەنگاو دەکرد،کە لە ئەنجیرلیک سەقامگیربوون.

کەلک وەردەگیرا کە )وەدابۆئاگادارکردنی هێزەکانی ئێڕاقی لە فڕۆکەکانی پشتیوانی 1– دەنگێکی(زریکاندن) تایبەتیان وەکوو وەبیر هینراوەیەک بوو: خەبەریک بوو دوور لە هەڵە،کە کاتیک هێزەکانی هاوپەیمان واردی باشووری ئیڕاق دەبوون فڕۆکەکانی (ناخۆیی) لە ناوچە بڕوات. و ئەمە بەمەبەستی هاندان و دڵگەرم کردنی پەنابەران بە هاتنەخوار لە شاخاویەکان بوو. بۆ متمانە و دڵنیایی کوردەکان وبەمەبەستی ئاگاداری بەئێڕاقیەکان کە کۆچ و کۆچبارێکی دیکە بۆ لای سنوورەکانی تورکیە و ئێران وەڕێنەخەن،مانگەکان و پاشان سالها لەم جۆرە فڕینانە کەلک وەرگیرا.

کەلک وەرگرتن لەم پێگانە کەهەرشەش مانگ وپاشان هەرسێ مانگ جاریک نوێدەکراوە(و حکوومەتی تورکیە بە سەرگرانی لەگەڵ ئەم مەسەلە ڕەزامەندی دەردەبڕی)تەنیا پێکهێنەرە هۆکاری ڕیگرێەک بوو کە جڵەوی وەسەو دوو دڵی بەغدای لە داگیرکردنی سەرلە نوێی دەڤەرەکانی بەرفرەوان لە باشوور دەگرت، کە ئێستا لە ژێر ڕیوەبەری دەوڵەتی بەکردەوەی کوردستان بوو. خەتێک کە بە دڵخواە کێشڕابوو مەداری 36 دەرەجەی ڕادەیەک دیاری کردبوو کە زێدەتر لە 60لە سەتی جەماوەری کوردستانی بێ پشتیوان دەهێشتەوە-بەتایبەت زوربەی لە1/4میلیون کەسی کە بۆ ئێران هەڵاتبوون. بەڵام جەغزە زورتری ناوچەی کە شوینی دانیشتن 400هەتا500 هەزار پەنابەریک بوو کە بۆ تورکیە هەڵاتبوون لە باوەش دەگرت. (ئەم خەتە هەروا ناوچەکانی نەوتی کەرکووکی دەبەرخۆ نەدەگرت،( ئەم مەسەلە بەمەبەستی کەمکردنی ترسی جینارەکانی ئێراق بوو کە فکر نەکەنەوە هاوپەیمانانی هاوبیر و موافیق لەگەڵ پێکهێنانی وڵاتی کورد، لە باشوور ئێڕاقن.

هاوپەیمانانی یەکگرتوو هێشتا دەبوایە هزری بە زاراوە(دالانەکانی بەشەر دۆستانە)ی بە سامان و پڕپێزدەکرد؛یانی ڕیگای دەئیستیگاکانی هەردی،پۆشتە بە دانەویڵەی خواردەمەنی، ئاو، بنزین و کەل و پەلی دوکتۆری،کە پەنابەرانی دڵگەرم بەهاتنەخوار لە چیا و، واردبوون بە ئۆردووگاکان بکات کەلە دەشت هەڵکەوتبوون و هەوایەکی دڵرفینیان هەبوو،و ئەمین بوون. گەلاڵەی ئەم ڕێڕەوانە کە بە وردی لەگەڵ لکی نەتەوەیەکگرتوەکان لێکۆینەوە،بۆخۆی تەنگەژەو تەنگ وچەڵەمەیەک بوو کە دەبوایە ئالیکاری و هاوکاری و یارمەتی نێودەوڵەتی بۆ بەڕیوەبردنی ئەوان ڕاکێشابوایە، مەسەلەی تۆمەتی دەست تێوەردان ناوەخۆ لە کاروباری ناوەخۆی ئیراقی لە بەین دەبرد. دەوڵەتی بووش بەڕادەیەک بڕیارگر،بە

وەدەرخستنی هێزەکانی ئامریکایی لەم جەرەیانە بوو، کە پێداگربوو، لە سەرئەمە، کە سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان کە حەزی لەم کارە نەدەکرد واردی هەرجۆرە عەمەلیاتی ئینساندۆستانە بکات، کە لە ئێراق بە دەوایدا بوون،و هێشتا هەروا بەربەرەکانی دەکرد. هەتا گەرمی پەیوەندی نێوان ئینگلیستان و ئامریکا،کە بە دەهۆڵ وزوڕنا ڕادەگەیاندرا،و هاوکاری دۆستانەی بریتانیا لە جەرەیانی ئازادکردنی کەوەیت،لە سەرەتا قازانجی لێ نەکەوتەوە. ئەندامانی پاڕلەمان و چاپەمەنیەکان و خەڵکی ئاسایی بریتانیا لە سەرەتای ئاوریل ڕۆژ بەڕۆژ زێدەتر،تووڕەبوون و ناڕاحەتی خۆیان دەردەبڕین. یەکێک لە ئەندامانی خاوەن پلەی وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز دواییەکان گوتی: (حەوتووی دەپڕمەترسی بوون،لە واشنگتۆن کەسێک لە پشت تەلەفون نەبوو،ئەگەر ڕێنوێنشی کردبوایە دیسان کەسێک نەبوو کە وەڵام بە تەلەفون بداتەوە.)

لە ناو کوردەکان ماندوبوونێکی زۆر و بێ سەرپەرشتی- ئیدی بەانوایی –ئیدی بگزەرین لە نەبوونی خواردەمەنی و ئاوی خاوین وپاکژو-هۆکاری بڵاوبوونەوەی زگچوون و سکچوونی خوێن و نەخۆشیەکانی دیکەی لە یەکگرتنەوە، ڕادەو ئەندازەی مردن بە پەلە بەرز بۆوە، هەر چەند هیچ کات بەو ڕادەیە نەگەیی کە دەسەڵاتدارانی ئامریکایی و قسەکەری سازمانی نەتەوەیەکگرتووەکان لەکۆتایی ئاوریل لە ئێران بەراوردیان کرد. ئەم دوو سەرچاوە ژمارەی مردنیان لە ناو پەنابەران بۆ ئێران /1000هەتا/2000کەس لە ڕۆژ بەراورد کردن. زورێنەی مردووەکان منالآنی لە ژێر تەمەنی پێنج ساڵە و پیرەمێڕ بوون. دەسەڵاتدارانی پاک و خاوێنی ئامریکا تەخمینیان لێدا کە 6700کوردی ئێراقی لە ماوەی سێ حەوتوو کۆچکردن لە سنووری تورکیە مردونە-کە 6200 کەس زیدەلە ژمارەی ئەومردنانەیە کەلە با شووری ئیراق ئاسایی لە قەڵەم دەدرا. گزیری پایەبەرزی نەتەوەیە کگرتووەکان،لەکاروباری پەنابەران ژمارەی ئەوکەسانەی کە لە جەرەیانی پەنابەری لە ئیران لە ناو چوو بوون بە 12600کەس بەراورد کرد. خودا دەزانی چ ژمارەیەک لە ناو ئیراق یان لە ڕێگاکان و کوێرەڕێگاکانی شاخاوی کە بە سنوور دەلکا لە ناو چوون. بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە بەردەکانی ئاسایی کە شوێنی لە قەبەرنانی کە سینیەکانی دیاری دەکرد، و هەروا قەبرەکانی دیکە لە هەموو شوین وەبەرچاودەکەون.

ئەم تەلەفیاتە بە هۆی مردن سەرئەنجام دەوڵەتی بووش و کارگێڕانی نیزامی و نانیزامی ئەوی ئاگاداری مەسەلەکرد(ڕەخنەگرانی نەرم نەبووی گروپی هاوپەیمان و ڕەخنەگرانی ناوەخۆ، سەرکۆماربووش یان بە وشەی (گولی ئیخلاقی) و هەرامەیەکی سست و بێ ئیخلاق ناولێبرد). لە شانزدەهەمی ئاوریل،یانی دوو حەوتوو لە دوایی دەست بە کۆچکردن،بووش دەست وجێ : گۆڕانکاری بەسەرهزروفکری داهات، کەمترلە نیو کاتژمێر بەرلە وی دیویدماک،لە وەزارەتی دەرەوە،بە لێژنەی ناردراوەی(ئۆپۆزیسون)ی ئیراق گوتبوو کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا (هەتا دۆلاڕیک و سەربازێک)ی بۆ ڕزگاری کوردەکان نادات. هەنۆکە بووش هیزەکانی ئامریکایی لە ئەوەی (عەمەلیات بۆ ئاسایش)ناو لێدەنرا دەرگیردەکرد! ئەم عەمەلیاتە سەربازانی بریتانیا و فرانسە و هولەند و ئیسپانیا دەبەرەخۆ دەگرت-کە لە سەریەک 21700 کەس دەبوون. ماوەی دەڕۆژ لە دوای سەقامگیربوونی یەکەمین گروپی ئەم واحدانە،کوردەکان وردە وردە بۆ سەر

ماڵ وحالێ خۆیان گەڕانەوە. ئەم خەڵکە لەگەڕانەوەدا لە زۆربابەت ئەوئۆردوگایانەی کە سەربازانی هاوپەیمانان لە دەرەوەی شاری زاخۆ بۆیان سازدابوون دەوردەدا. زوربەی سەرکەوتنی ئەم گەلاڵەیە دەینداری گروپەکانی ئامریکایی(هێزەکانی تایبەتی) بوو کەبە پۆشتە بەهەموو کەل وپەل وئامرازی پەیوەندیگرتن و لەش ساخی کامڵ بۆ شاخاوەیەکان ناردرابوون. ئەم هێزە بەپەڵەو تاڵووکەو چالاکیەکی تەواو پەنابەرانی بە پێی شاروشارۆچکە و دیهات سازماندابوو،ودەڤەرەکانی لێ نیشتنی هیلیکۆپتەرەکانی گەورەی کە بە لێهاتوویەکی ماهیرانە خواردەمەنی و چادروخیوەت و پەتوویان دەگەیاندە ناوچە،دیاری کرد، بێ ئەمە کە چ مەترسی مردن کە ئاساییە لە فرێدان وتورهەڵدانی کەل و پەل پێشی پێنەگیردرا بۆیان بێتەپێش.
ئەم چاپکی و تاڵووکەیە لە دابین کردنی سەرکەوتنی عەمەلیات، کەمتەرخەمی و گنخاندنی پێشووی کە بە ئەنقەستی دەنواند ڕۆناکترو ئاشکراکرد. (ماقولانی) کۆشکی سپی هەروایپێداگربوون لەسەرئەمە کە(سیستەمی نوێی دنیای)بووش هەروا لە جێی خۆیەتی و کەماسیەکی تێنەکەوتووە. لەگەڵ ئەم هەمووە سەرکۆماربووش بڕیارگرتنی لەمە گرینگەتیەکی بەڕادەیەک وەدواخستبوو کە کاتێک ئەوی ڕاگەیاند خەڵک ئەویان وەکوو کارێکی بەنابەدڵ بەحیساب هێنا. بووش بەم گنخاندنە خۆی لە بەرسێرەی ڕەخنەگرتن بۆ ئامانج دانا،ئەویان سەرکۆنەدەکرد لەم بابەتەوە کە(هیچ کات چ هەلەکی بۆ کەمتەرخەمی لە دەست نادات، بە بردنەوەیەکی کەم بەس دەکات لە سەرقومارهەڵدەستیتەوە هەربەو کەمەی کە بردۆیەتیەوە بۆماڵ دەگەڕیتەوە.)
بۆ کەسانێک کەلە دەرەوەی کوڕی دەڕوونی دەم و دەزگای دەوڵەت بوون ئەم گەنخاندنی بووش لە گۆڕانی سیاسەت،ئەویش لەبەرامبەرئەم هەموو کورێوەریوو بەدبەختییەیی کە 24ساعاتە لە تەلەفزیون نیشان دەدرا،مەسەلەیەکی ئیکجار دوورلە تێگەیشتن بوو. هۆکاری ئەم مەسەلە ئاڵۆز وپێچراوەبوو بە هۆکارو پێکهێنەرێکی زۆری پەیوەندیدار بوو: بناخەی سیاسەتی ئامریکا، برینەکانی تەشنەبوو و گۆشتەزیون نەهێناوی پنتاگۆن لە شەڕەکانی ڕابردوو، ڕوو بەڕوو بوونی سیاسەتی ناوەخۆ لەگەڵ سیاسەتی دەرەکی،و زنجیرەی سازمانێکی سەیرو سەمەرەی دەوڵەتی بووش لە بەشی سیاسەتی دەرەوە. بەڵام ئەم هۆکارانە ڕیگایەکی هاوبەشیان هەبوو: سەرپێچی ونەکردنی بەردەوام لەسەرو کارهەبوون بو ئۆپۆزیسیونی ناوەخۆی ئێراق،و بەتایبەت گرنیگترین بەشی وی یانی نەتەوەخوازانی کورد. ئۆپۆزیسیون هەرلاوازیەکی کە هەبوو- لاوازی زوری هەبوو-ئیلاقە مەندبوو بەمەکە(بەرەی) یاری بکات. ئەم ئۆپۆزیسیونە بریتی بوو لە ڕێبەرانیک بە ئەزموونی گروپەکانی چریکی،ئەندامانی سوننە مەزەب و ناڕازی حیزبی بەعس و مەلاکانی شێعە، و سیاسەتمەداران. هەرئینسانێکی ئاقڵ فکردەکات پەیوەندی و ئاشنایی لەگەڵ ئەم دەستە جۆراوجورە باشتر لە هیچە،و هەرجۆرە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکەکەی بە ئەزموونترلە کاوێژی تیئوڕییەکانە.
سەرپێچی کردنی دەزگای دەوڵەت لە وتوویژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیونی ئێراق و بۆخچە کردنەوە لە مەسەلەی سیاسی چ بەرلەشەڕ و چ لە ماوەی شەڕی کەوەیت و چ حەوت حەوتووی دوایی وی نیشاندەری باڵی

بەرفرەوان لە مەترسی شک و گومانن. بەرنامە دارێژانی ئامریکا بەڵگەیان دەهێناوە کە کەسانێک ئۆپۆزیسیون پێکدێنن کە لەمێژە لەگەڵ ناوچە، پەیوەندیان نییە وبە ڕادەیەک لە مەیدانی سەیاسەتی ئێراق دورەپەرێز بوونە کە ڕەوانگایەکی سیاسی سودمەندیان نییە،ئیدی چ بگا بەئەمەکە بتوانن یارمەتی بەم عەمەلیاتەبکەن. پنتاگۆن بەهیچ کام لەگروپەکانی ئۆپۆزیسیون متمانەی نەبوو،وخۆفی دەکرد کە هەر ئاگاداریەک کەلەگەڵ ئۆپۆزیسیون بێنێتەگۆڕ لەئاکامدا لە بەغدا سەروەدەرخات. نخشەکێشانی نیزامی کاتێک جەرەیان بە کارو، شوێن دانانە سەری ناخی جەماوەری بیانی وابەستە دەبێت، ئاساییە کەمتەرخەمی نیشان دەدەن.
نە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا ونە شەریکی (بەرە) وی هیچ کام مرۆڤ یان سەرینچاوەی تورِی سیخوری نیزامی یان نانیزامی گرینگیان لە ناوخۆی وڵاتی دەرگا بەستراوی سەدام حوسین نەبوو. ئەم مەسەلە هۆکاری مشەوەشی خەیاڵی واشنگتۆن نبوو، کە مەسەلەکەی ئاوەژوو دەکرد ودەیگوت کە لەو جێگایە کە بەشێکی گەورەی شەڕبۆ ئازادی کەویت لەڕیگایی ئاسمانی بەڕیوەچووە،دەجا لەبەرئەمە نیازبەوەرگرتنی ئاگاداری ئیستخبارات لە چلۆنایەتی کۆمەڵگای ئێراق و مێژووی ئاڵۆزو توندوتیژی ئەو نەبوو،کەهەڵبەتە ئەگەر مەسەلەی شەڕی هەردی وداگیرکردنی زەمین بوایە بێ گومان ئەم مەسەلە پێویست وزەرووری دەبوو. شەڕی ئاسمانی بەمانای شەڕیکی (پاکژ)لەگەڵ کەمینەی تەلەفیات، لانی کەم بۆ هێزەکانی (بەرە) بوو

ئەم قسەی سەرزبان و کەون و لە بایەخ کەوتوو، بریتی لەم ڕاستیە کە سەربازەکان بەخەیالێ شەڕی پێشوو بۆ ئۆلگەی شەڕی تازە دەڕۆن و مەجبوور هێزەکانی نەیار زێدەترلە ڕاستی بەراورد دەکەن،لە بابەت پنتاگۆن-یش ڕاست دەدەرکەت. ژەنەڕاڵ کالین پاوڵ کە تێشکانی هێزەکانی چەکداری ئامریکایی لە ویتنام و بێروت هۆکاری مشەوەشی دڵ بوو، بۆ دەست وێڕاگەین بە ئامانجە بێ بایەخانە، خوازیاری زۆرینەی هێزونیزامی و کەڵ وپەلی شەڕ بوو- و ئەم هیزو شتوومەکی وەرگرت. کەوەیت ئازدبوو، بێ ئەمە کە هیچ کام لە دوو دەستمان بە بەستەراوی بمێنیتەوە. و لە شەڕی کورە بەم لاوە زنجیرێک دەست و پیی پنتاگۆن ببەستیت. دەگوترا کە هێزەکانی چەکداری ئیراقی دەبێت لە توانایی ئەتۆمی و بیولۆژیکی و کیمیاوی بێبەش کات- هەڵبەتە پڕوپاگەندەی (هاوپەیمانان)بۆ شکردنەوەی ئەم لەشکرکێشیە بەڕێبەری ئامریکا، هێزەکانی پۆشتەی ئیراقی بە درۆ،وەکوو (چوارمین ئەرتەشی گەورەی دنیا)ئازانتی دەکرد.
چاخێک شەڕ هەڵایسا،پاوەڵ سەبارەت بە ئەرتەشی ئیراق گوتی: (سەرتا ئەوان لێکترداەبڕین پارچەپارچەدەکەین ،و پاشان لەناویان دەبەین.)بەڵام بە هۆکار و دەڵیلی سیاسی تاڵوکەی ئامریکا لە کۆتایی هێنان بە دوژمنداری ئەو هێندەبوو کە پاوەل لە فرمۆڵی(شەڕی پاکژی چەند کاتژمێری)بووش داکۆکی کرد،و ئەو(لەناوچوونەی)کە وادەی دابوو جلی کردەوەی لە بەرنەکرد. ئەو ئاڵقەییەی کە لە باکوور لە دەوری گەردنی هێزەکانی ئێراق هاڵا بوو هیچ کات جەمسەرەکی گاو نەکراوە. هێزەکانی سەدام حوسین تەنیا بە ڕادەیەکی کەم تێوەگلابوون، هیزەکانی گرینگی نیزامی پۆلیسی نهێنی کە بوونیان بۆ دابین

کردنی دەسەڵاتی ڕژیم لە سەرخەڵکی حەیاتی بوو، بە ئەنقەست سەربەمۆر مابوونەوە،و بەم ڕادەیەش بە هێزبوون کە ئێران لە تەنگانە قەراردەن،بەڵام نەک بەو ڕادە کە هەڕەشە بۆ دۆستانی عارەب لە کەنداو بن. بوونی تاکتیکی هێزەکانی یەکگرتوو لە ئێراق بەرتەسک بوو،کاتێک کە کەوەیت ئازاد بوو پاوەڵ دەیەویست هێزەکانی ئامریکایی هەر چ خیراتر لەکەنداو بباتە دەرـ ئەمە ئەرکێک بوو کە ئەگەر بێتوو کارو کارتێکەری ناوخۆی کۆمەڵگای ئێراق و ئۆپۆزیسیونی ئیراقی – لە بەرچاو دوورکردبوایە زۆرساناییتربوو.

دەوڵەتی بووش لە سەردەمی داگیرکردنی کەوەیت بەم لاوە بۆ خۆدەربازکردنی لە ژێرباری ئەم مەسەلە کە چون و بەچ جۆرێک دەبێت لەگەڵ ئۆپۆزیسیون ڕوو بەڕوو بێت لاڕێ ڕۆیی: بەرپسیارەتی ئەم مەسەلە، لە سەرشانی برتیانیا دانرا، کە سەردەمێک ئاغای وڵاتی ژێردەستی ئێراق بوو، وای فکربۆدەچوو کە بەلانی کەم دەیەوێ بەکاروباری ئیراق ڕابگات. دەسەڵاتدارانی فەرمی واشنگتۆن زۆربەڕاحەتی خۆیان قانع کرد بەمەکە ئینگلیزیەکان بۆ ئەمشۆڵە پۆشتەترن، چونکە بەهەرحاڵ دەستەوپەستەی ئۆپۆزیسیون لە ئێراق کۆبوونەتەوە. دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی کە پەیوەندی زێدەتریان لەگەڵ ئۆپۆزیسیون لە لەندەن هەبوو بۆ چوون و ئاقیدەیان وا نەبوو کە دەولەتی بووش ئیلاقەیەکی ئەوهێندەی بە خەبەری سیاسی هەبووبێت کە ئەوان لە بەردەستی دادەنین. لە هەڵ و مەرج و بارودوخێکی ئەوها نەخشەداڕێژانی واشنگتۆن لەم بارەوە کە دەیانگوت لە بزوتنەوەی کوردەکان و سەرکەوتنی بەرفرەوان و سەرەتایی و لە بەریەک هەڵوەشانی ئاخری و کۆچکردن و هەتڵەوهەڵوەدایی کوردەکان و ئەرمەنیەکان بێ خەبەربوونە،ڕاستیان دەگوت. بەڵام نەزانین و جەهالەت نیعمەت و بەرەکەت نییە. پەنابەرانی هەژارو بێکەس وبێدەرکە بەردەکانی زووری لێواری ڕیگاکان قەبری مردوەکانیان دیاری دەکەن. بۆخۆی بەڵگەو شایەتی ئەم داواکاریەیە.

فەساد ئیداری پێش بینی دەکرا. بەرنامەی ئامریکا ئاویتەیەک بوو لە ساویلکەیی و (ڕێلپۆلیتیک) وتاکتیکی زۆرتر و ئیستراتژی کەمتر-(فەنی شەڕ زانین بەلەشکرێکی کەم)کە ئەگەر لێکدانەوەکانی پێشبینی کراو، و فەرزیاتەکانی سەیروسەمەرە، وەڕاست گەرابانە شتێکی ناپەیوەندار نەدەبوو. بەسەرچواندا نەچوونەوە سیفەتێکی سەیرە،کاتێک کەسین بیهەوێ ئەوهەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست –ئەم دەڤەرەی کە لە مەڕ گۆڕانکاری لەنەکاو دەنگینە،کە لێرە ئاسایی حیساب دەکرێ-تێبگات، ئیدی چاوپۆشی لەمە کە لەگەڵ ئەوی سەروکارهەبێت بخوازێ تێداهەڵسوڕێ. هیچ کەس نابێت ئەو ڕووداوی پێ سەیرببیت کە لە دووەمی ئەوت هەتا کۆتایی مانگی مارس و لە دوای وی قەوما: دوەمی ئەوت ڕۆژێک بوو کە سەدام حوسین بۆ سەرکەوەیت، دەستدریژی کرد و مانگی مارسی زەمانیکە کە شوڕشی شێعەکانی و کوردەکانی تیکشکاند.

لەگەڵ ئەم هەمووە سیاسەتی ئامریکا هەروا(بە بیروبۆچوونێک) و سەقامگیرو سابت و لە سەرپێ ماوە و بە دووبارە درەوشانەوەیە کە شک وگومانێک لەم شەڕە لەوانەیە لە سەر ڕژیمی سەدام حوسینی هەبێت، بێ سەرنجدان ماوە. چەند ماوەیەک لە پش ئەوەی کە یەکەمین گوللە تەقاندرا ئەم شێوە ڕووبەڕوو بوونە بو شیوازێکی بێفکرانە سادەی دەنواند. بۆ نموونە،ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا و بریتانیا نیتەت و

مەبەستی خۆیان بەمەکە بەناوی بەشێک لە شەڕ،هێزەکانیان واردی خاکی ئێراق دەکەن لە کەسیان نەشاردەوە: ڕوانین کە نەخشەنیشانی دەدا کە مانووڕێکی ئەوها لە تاکتیکی سادەی نیزامی زیدەترنییە، وئاقلی ساخ وسەلیم دەیگوت کە هەتا ئەگەر ئەم هێزەی سێ هەزارنەفەری ئامریکا بۆ بەغداهیرش نەکات،بەوێچوونێکی زۆربوونی ئالۆزیەکی پیشبینی نەکراو لە ولات هەلدەستێنێ،لەوانیە لەسەر کۆمەڵگای ئیراق بێ کارتێکەرنەبێت.
ڕاست بەرلەکریسمەسی 1990 لە ماوەی سەردانێکی کورت کەلە واشنگتۆنم هەبوو لە دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێک لە پسپۆران کە لە بەڕیوەبردنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ورزارەتی دەرەکی لە بڕیارگرتندا بەشداری هەبوو هەستم کە لە ڕووداویکی شووم وبێ فەڕ خەبەری دەدا، قوەتی گرت. بەلام ئەو کات ڕوون و لە بەرچاوبوو کە دەوڵەت ساف و سادە دەیەوێ ڕەزیلیەک بەسەرسەدام حوسین دا بسپێنێت، و هیواداربوو کە بە ئارەزوی خۆی لە کوەویت وەدەرنەکەوێت. لە دوایی چەند قسەو ئاخافتنی پێشەکی لە پسپۆری ئاماژە پێکراوم پرسی دەوڵەت دەیەوێ ئێڕاق لە دوایی شەڕ چ جۆرە ئێڕاقێک بێت؟
بەداخەوە بەتەنیا نەبوویم: یەکی دیکە لە بەرپسیاران لە وتووێژەکان یادداشتی هەڵدەگرتەوە،ئاخافتن لە حزوری وی لە ناوەرۆک خالی بوو. بێدەنگیەکی تەقریبەن دوورو درێژ لەدوای ئەوپەسیارەی کەکردبووم گەیی. دەمەویست پرسیارەکم دووپات کەمەوە،دەترسام پرسیارەکەم ڕوون نەبێت. پاشان ئەو کەسایەتیەیی کەبۆ بینینی هاتبووم، بێ ئەمە کە شتێک بڵێت بەشیوەی خۆی وەلام داوە: زور بەکاوەخۆ گرییی چاوەکانی لەلای دیواری عیمارەتی پێشووی ئیدارەی بەڕیوەبەری کرد،کە لە ڕەخ کۆشکی سپی بوو و بەرەبانیەکەی بڵیندی هەبوو-ئەوەندە. بەمجۆرە ئەم سەرە گێژە تەنیا تایبەتی دەورانی شەڕ نەبوو، بەڵکوو دوایی شەڕیشی دەگرتەوە.
هەتا نزیکە ساڵێک پێش شەڕێش دەسەلاتدارانی ئامریکایی لە حالاتی بەرگری دابوون:ڕیچارد هاس، بەرپەسیاری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە شووڕای ئەمنیەت مللی کەبەپێچەوانەی ئەمە کە ئەزموونی عیلمی لە ئەکتەرانی ئەسلی جەرەیان بوو،جیالە دووپاتکردنی ئاخافتنێکی بوروکراتیکی کۆنە و بێ بایەخ شتێکی دیکەی لەجانتایی دانەبوو بۆ دەوڵەت گۆڕانی سیاسەت کارێکی سانایی نەبوو)لەدسامبەری 1991 کاتێک هاس حازربە چاوپێکەوتن لەگەڵ من لەوخانووبەرەیدابوو،نەک لەم شیوە ڕووبەڕوو بوونە هەستی بە پەژیوانی نەدەکرد بەڵکووهەستی بەمە غروریش دەکرد. دەیگوت کە دەوڵەتی بووش مافی خۆی بووە کەلەیارمەتی وەرگرتن لە پەنابەران کورد بێ موبالاتی نیشان داوە: دەوڵەت کە مەجبوور بوو بۆ پێشگیری لەناو بردن وکوشتنی کوردەکان بەهۆی برسیایەتی سەرەتا مەوادی خواردەمەنی بە فڕۆکە فێریبدا و دوایی بۆ دەڵگەرمیان بۆ گەڕانەوە سەرماڵ و حالیان ناوچەی دەئەمینی بۆ پیکهێنان،لە سەرانسەری ئەم ماوایەدا لە(گەوزان) لە پیسایی مەترسی هەبوو-کە مەبەستی هەڵبەتە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لەولای ئامانجەکانی بەرتەسکی شەڕ بوو.
گەلالە داڕێژەرانی دیکەی (بەرە)چ لە واشنگتۆن وچ لە پەیتەختەکانی دیکەی ڕۆژئاوا بریارگربوون لە سەرئەمە کە ئەوهەی بۆ خۆیان(نواری غەزە)یان ناولێدەبرد دووری بکەن-و ئەمە هەڵبەتە زاراوەیەکە

دیپلۆماتیک بۆ نوقم بوون لە زنەی تەنگەژەی پۆچەڵ. هاس گوتی:(زورینە بیروبۆچونی خەیاڵیان سەبارەت بەکورەدکان هەبوو، و زۆریان پێخۆش بوو کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکای تووشی مەسەلەکە بکەن.)ئەو لە تاوانبارکردنی گیان لە دەست داوەکان تەنیا نەبوو. یەکێک لە پشت میز دانیشتوانی بەسەلاچووی وەزارەتی دەرەوە، زۆر ڕاحەت بانگیشتنی پازەدەهەمی فۆرییەیی سەرکۆمار بووشی بە شورش و ئەو قاقەزانەی کە فڕۆکەکان فڕیاندابووخوار و لەخەڵکیان داوادەکرد کە دژی سەدام حەسین ڕاپەڕن لەبەرچاو دووردەکرد، و دەیگوت:( کوردەکان دەپێشدا لە مەڕ ڕاپەڕینیان لەگەڵ ئێمە ڕاویژیان نەکردوە- تەنیا لە دوای جەرەیان بوو کە داوایان کرد بانگێشتنی بووش بووە کە شۆڕشی هەڵایساندوەو خەڵکی وەقل خستووەو ورووژاو کردوە.)

فیبی مار،پسپۆری علوومی سیاسی و یاریدەری مامۆستا و ئەندامی گەورەی دەزگای ئیداری زانستگای بەرگری مللی،کە ڕاسپاردەکانی وی بە کاری سیاسەتی داری دەوڵەت یارمەتی کرد- گوتی: کە ئەم بەرنامە پەیدا بوو لە خۆف لەم بابەتە بووە کە هیزەکانی ئامریکایی لە سێرەی توورەبوونی خەڵک قەراریان گرت کە ئەوانیان دەبوغزاندن-بەتایبەت لە ناوەندی دانیشتوانی عارەبی سوننە مەزەب. بەڵگەی ئەم خانمە(هەرچەند دەستەیەکی زۆر دەویداهابەشن)بۆ کەسێک کە لایانگروجامینخوازی ڕێگای چارەی نیزامی بوو بەڵگەیەکی سەیربوو،چونکە لە جبەخانەی کەسانێک بەدەستەوا وەرگیرابوو کە دژی شەڕ بۆ ئازادی کەوەیت بوون. ئەم دەستە لەم خەڵکە بیروبۆچوون و ئاقیدەیان وابوو کە تەنیا ڕێگریەکانی ئابووری بۆ سەدام هێنانەوە سەرئاقڵ بەسە،و هەنگاو هەڵینان بۆ شەڕ زنجیرەیەک دژکردەوەی زیدی ڕۆژئاوای لێدەکەوێتەوە کە ڕژیمەکانی ناتوندڕەوی سەرانسەری عارەبی دنیا لەگەڵ هەڕەشە ڕوو بەڕوو دەکات. کەلک وەرگرتن لە زۆرەملی بۆ گەین بە بەغدا، یان ناوەندی کەمایەتیەکانی خەڵکی سوننە مەزەبی حوکمڕان لە سەرئێراق،تەنیا خۆڕاگری ڕژیمی لێ توند دەکات. و ئەگەر بەشەوەکی کاری ڕژیمی تەواوکات، ئەوچاخ ئەو ڕێژیمەی کە جێگری ڕژیمی سەدام دەبێت مۆری ئامریکاکایی دەخوا، و ئەمە لاتەریکی ئامریکا لە جەرەیان ناهەموارتر دەکات ولاقی واشنگۆتن بۆ ناو تەنگەژە دەکێشێت. (مار)ئەم مەتەڵەبەی لێ زێدەکرد کە بەتایبەت لاقی ئەم بڕیارە لەناو دابوو کە(ئێمە خوازیاری کوردستانی سەربەخۆ نەبووین) نە (مار) و نەهیچ کەس ئیدی لە دەوڵەتی بووش ڕوی لەم کارەی بەردەوام و پەیتاپەیتای کوردەکان نەکرد، کە دەیانگوت ئامانجی ئەوان سەربەخۆیی نییە: کوردەکان چ بەرلە شەڕ و چ دوایی وی ئەم بابەتەیان دەیان جار چەند پات و لاق لەسەرداگرتبوو. بە ڕەواڵەتی عەمەر مانای ئەم قسەی (مار) ئەمە بوو کە کوردەکان خەلکانێکن درۆزن یان نالێهاتوو وناگرینگ- یان هەردوو.

چاخێک شۆڕی ئێراق هەڵایسا وئێڕاقیەکان لەگەڵ بەرە هەستیان دەربڕێ و ئیشتیای خۆیان بە ڕەزگاری لە نیری حکوومەتی سەدام حوسین دەربڕی،دەوڵەتی ئامریکاناحازرو ناخۆشحاڵ بوو، ونەدیدەویست ڕەیاڵکەی پەیوەندی لەگەڵ ئەوان هەبێت. لە بەدشانسی جامینخوازانی بووش زنجیرەیەک شایەتیان لە پەسەندکردنی دنەدان ئەم خەڵکە بۆ ڕاپەڕین لە گۆڕێبوو: یەکەمین بانگێشتنی بووش و ئەو قاقەزانەی کە فڕییاندابوون،کە نیزامیانی بە دەست بەردان لە سەفی ئەڕتەش بانگەواز دەکرد. پاشان ئیستگای ڕادیویی

که دەرکەوتەکەی(سیا) دەیدا و لە عەرەبستانی سعوودی بەرنامەکەی بەڵاو دەکردەوە. بە سەرنجدان بە شێوەی هەڵس و کەوتی دەوڵەتی ئامریکا لەگەڵ کوردەکان لە دەیەی 1970، ئەوکات کە هێنری کسینجەر لە سەرکاربوو،و میراتی وی خەیانەت بوو(چێرۆکێک کە لەپاژی شەشی ئەم کتێبە سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە سەری و چاوەکی پێدادەخشێنینەوە) گوتنی ئەمە کە کوردەکان بەزەڕانە خەریک بوون سەیاسەتمەدارانی زیرەکی واشنگتۆن فریوو بدەن بخاپێنن،تەنیا دەتوانێت نیشانەی نەزانی جەهل و بێ خەبەری و نیەتی ناپاکی و رووگەی ئیحساسی تاوانی لەمێژینە بێت. تەنیا هەست بەتاوانێک کە ڕێگایەکی بە نەخۆشی دەلکێت، قسەکانی بەردەوام و پەیتاپەیتای دەوڵەتەکانی- بووش بگرە هەتا ئەوانیتر-لە سەرئەم بناخەیە کە ئایالاتی یەککگرتووی ئامریکا لە چ کەسێکی ڕێگا هەتڵە نەکردوە ئازانتی بکات.

ترس و خۆف لە نوقم بوون لە زلگاو(مەوزوعەکی) دیکە بوو،کە لە کە زورتر لە مانگەکانی مارس و ئاوریل لە کۆشکی سپی بوخچەی دەکراوە، و ئەم ترسە حیکایەتی لە ترسێکی تاڵ دەکرد کە داڕیژەرانی سیاسەتی ئامریکا لە ویتنام و بێروت فیریی ببوون. مەترسی سیاسی دەستپیکردنی شەڕ، بێ وەدەست هێنانی داکۆکی بە ڕاستی خەڵک، بە حوکمی یازدەهەمی (ئەحکامی دینی)پنتاگۆن گۆڕابوو. هەروا کۆشکی سپی لە تاقەت هێنانی تەلەفیات دەترسا،هەنگاوهەڵینان بۆ ڕزگاری کوردەکان وەکوو گیان لە مەترسی نانی هیزەکانی هاوپەیمانان بوو. بەڵام لێکدانەوەو هەڵکراندنی بووش نادورست دەرچوو،هەروەک هەڵسەنگانی دەنگەکان نیشانیاندا: هەرچەند ئەو لەیارمەتی بە ئەوان خۆی دەکێشاوە دوایێ و سەری لادەدا،شەپۆلی ئیحساسات لە پشتیوانی و داکۆکی کردن لە ئەوان زێدەترو زۆرتر دەبوو. خەڵکی ئامریکا لێکدانەوەو هەڵکراندنی ئیخلاقی ڕوونتریان هەبوو،تێگەیبوون کە ئێراقیەکان بێ تاوان گیانیان بەم هۆکارە لە دەست دەدەن کە سەیاسەتمەدارانی واشنگتۆن بە هەڵە فکردەکەنەوە کە ئامریکایەکان بەهیچ جۆر گیان بە مەترسی شەڕێکی زۆرتر نادەن.
خۆفی تایبەتی (مار)لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ(غەرەزی خەڵک) ئاشکراکەری بیروبۆچوونێکە سەبارەت بە سیاسەتی دژ بە ئەجنەبی (شەڕلەگەڵ بێگانە) ناسیونالیسم-ی عرەب و بەتیگرایی، و حیزبی بەعسی سوسیالیستی ئێراق بەتایبەت. رووی زەینی (مار)لە دەیەیەک،سێرەهەڵگربوو کەلە ماوەی ویدا بەدوای ڕۆخانی دەم و دەزگای سەلتەنەت لە 1958 کودتاکانی یەک بەدوای یەکدا لە بەغدا، و دەوڵەتەکانی یەک بەدوای یەکدا دەهاتنەسەرحوکم و دەڕۆیشتن. ئەو هیچ کات ئەم فکرو بەرژەوەندییەی بەسانایی ڕێگا پێ نەدەدا کە ئیراقیەکان لە ئالیکاری دەرەکی بۆ کۆتایی هێنان بە حەفدەساڵ حکوومەتی بەعس کە دیاریکراوەی شەڕەکانی پرلە کارەساتی دەرەکی و سەرکوتی توندی ناوخۆیی پێشوازی دەکەن، وا دەهاتەبەرچاو کە سیلەی سیرەچاوەکی بە لوتف لە سەرپروپاگەندەی بەعسیەکانی هەبوو، کە داواکاربوون ئیراق بە وڵاتێکی (پێشکەوتوو) و پاڵپشت بە خۆیان و جیایی لە دین بگۆڕن.
تێبینی:1-سیاسەتمەدارانی ئایالاتی یەککگرتووی ئامریکا لەکوژرانی 243 تەفەنگداری ئامریکا لە بێروت بە دەست تێرۆریستەکانی شێعەی پشتیوانی لێکەری ئێران بەتوندی تەکانیان خواردبوو. بەڵام ئەم

جەرەیانە ڕاستەوخۆ سەرهەڵداو لە نەبوونی(لێکدانەوەی) تفەنگداران بوو،ئەمە بوو کە ئەوانی سەرەتا لە سیاسەتەکانی لبنان و پاشان لەسیاسەتەکانی ناوچە دەرگیرکرد. لە ماوەی هێرشی ئیسرائیل بەلبنان لە ساڵێک بەرلەوی، ئەم تفەنگدارانە- و هەروا هێزەکانی هاوپەیمانان- بۆ چاوەدێری لە سەر بەتاڵکردنی سازمانی ئازدیکەری فەلەستین لە بێروت، بۆ لبنان ناردرابوون. بۆ بەڕیوەبردنی ئەم عەمرە تفەنگدارەکانیش بیروتیان بەجێ هێشت. لە دوای ئەمەی کە ئیسرائیل قەولی خۆی، سەبارەت بە داگیرنەکردنی ڕۆژئاوای بێروت، پێشێل کرد و هاوپەیمانانی خۆی یانی چریکەکانی مەسیحی لبنانی بۆ کوشتاری فەلەستینیەکان ئۆردوگاکانی سبراو شتیلا ورووژاو کرد،تفەنگدارەکانی بۆ لبنان گەڕاندنەوە. بەپێچەوانە، مسیبەتی پەنابەرانی کورد ڕاستەوخۆ ئاکامی عەمەلیاتی نیزامی بوو کە بەدەستی ڕیبەری ئامریکا سەری گرت، و خەڵکی ئامریکا تەوفیری نێوان ئەم دوو عەمەلیاتیان بەباشی پاک و پیس لێکردەوە.

2-ئاماژەیە بەئەحکامی عشرە(دەفرمان.

3-بەپێی بیرورا هەڵسەنگانی بنکەی گالوپ کە ئاکامی وی لە ژمارەی ڕێکەوت 11ی ئاوریلی 1991 ئەینترنشنل هرالدتەیبیون بڵاوبۆوە 59 لەسەت لە کەسانێک کە لێیان پرسیارکرابوو ئاقیدەیان وابوو کە هاوپەیمانان دەبوایە هەتا ڕوخانی ڕژیمی سەدام حوسین لە شەڕ بەردەوام ببوان، 57 لەسەت موافیقی لە ناوبردنی هێلکۆپتەرەکانی تۆپداری ئیراقی بوون.

ئەگەرئێراقیەکان بۆخۆیان بە شێوەیەک حکوومەتی بەعسیان ڕوخاندبوایە-لەم بارەوە سروشتیە دەبوایە لە گەڵ ئاڵۆزی و ئاژاوەو نائارامیەکان پێویست بە وەدەست گرتنی دەسەڵاتی دوورودرێژ بەعسە، بەربەرەکانی بکرابوایە- ئەم خاتوونە لەم فکری دەست ناتێوەردان لە نوێکردنەوەی بناخەی دامەزراندنی فکری کۆمەڵگای ئێراق تەنیا نەبوو. دەسەڵاتدارانی وەزارەتی دەرەکی لە (بەربەرکانی ئینقلابی) لە بەرامبەر بوونی هێزەکانی هاوپەیمان لە ئێراق هەستیان بە ترس و دلهورە دەکرد. لەگەڵ ئەمە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسیونالیسمی عەرەبی سوننە مەزەب و(مەسەلەی)ناوەندی وی کە یەکیەتی عارەب بێت،و لە دوای سەرکەوتنی ئیسرائیل لە شەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی 1967 لە سەراوژێری گلۆربوون کەوت، هەر چەند ئەمە ناسیونالیسمە هێشتا شوین تێکەرێەکی بەرچاوی لە سەر سیاسەتمەداران ڕۆژئاوا بەڕیوەدەبرد،کە بە هۆی سەرهەڵدانی ئیسلامی دەمارگرژ و ئەو دژواریانەی کە لە برەوبوونی بنکەکانی دیموکراتێکی هاوپەیوەندی دەکرد،ئیکجار تەکانیان خواربوو. لە دەیەکانی 1970 و1980 لە نەزەرعارەبی دەمارگرژ، شتێک زێدەترلە ناسیونالیسمی کورد بایەخەکانی ئەوانی هەڕەشە لێ نەدەکرد، چونکە ئەم دەمارگرژانە، ئەم خەڵکەی ناعەرەبیان کە جێگایەکیان لە بن ئاسمان دەویست و لە لایان ئێران و ئیسرائیل و لە ئاکامدا ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا پشتیوانی دەکران بە چاوی نوێنەری صهیونیستی و ئەمپرالیستی دەبینی کەلە بیروبۆچوانی واندا جێی بوکرابۆوە. لە دەیەی 1980 خوازیاری و هۆگری کوردەکانی ئێراق بە بنکەکانی دیموکراتیک بە شێوەی ڕۆژئاوا ئەوها بوو کە تێکۆشانەکانی

بەردەوامی ئایەتەڵڵا خومەینی بۆ وەدەست هێنان ورەکێش کردنی ئەوان بۆ ئیسلامی دەمارگرژ نموونەی ئیران، نەزۆک کرد، و ئەمە تەنیا بەم هۆکارە نەبوو کە سوننە مەزەب بوون و لەگەڵ شێعەگەری ئایەتوڵڵا دەژایەتیان دەکرد.
شتێک کە بە جۆرێک لە ناوەندی سەرنجی دوور دەکردەوە زوڵم و زۆری بێ عەداڵەتیەکانی حکوومەتی سەرەرۆی سەدام حوسین بوو کە هەتا ڕادەیەکی زۆر لە سەربنچینە و پاڵپشتی (کەمایەتی)خودی لە ناو کەمایەتی عارەبی سوننە مەزەب بوو کە لێژنەی حوکمڕانیان پێکدێنان. بەتێپەڕ بوونی ساڵەکان هەرکات زۆرتر، ئەمە نەک کۆمەڵگای عەڕەبی سوننە مەزەبی ئێراق،کە بیست لە سەتی گشتی جەماوەری ئێڕاق پێکدێنا،بەڵکوو بنەماڵەی بەرفرەوانی خودی سەدام لە شاری لێ لەدایەک بووی،تەکریت بوو، کە لە سەر وڵات حوکمڕانی دەکرد.

ئەوهابوون دەستەو دەیارەی سیاسی و نیزامی سیاسەتی ئامریکا،کە سەردەمێک پێشتر لە دەست پێکردنی شەڕ لە نێوەڕاستی ژانویەیی 1991 لە ناوچەکانی خۆیان دامەزرابوون. ئەگەر گەڵالەداڕێژانی واشنگتۆن زەمانێک لە ئێڕاقی دوای شەڕ فکریان کردبێتەوە،ئەم هزرە دایم و دەرهەم لە جەستەی کودتایەکی نیزامی یان بە دەستەواژەیەکی دیکە دەسەڵاتی (سوننەمەزەبێکی بە قودڕەتی دیکە) و بە و یچوونی زۆر لە بنەماڵەی بەرفرەوانی خۆدی سەدام حوسین بووە. حەزلێنەکردنی سروشتی لە دەکارکردنی فکرو وەگەرخستن بە وی لە پەیوەند لەگەڵ نویکردنەوە و هەڵپێچانەوە سازدانەوەی ئێڕاق لەدوای شەڕ بە هۆکاری ناپەندی وەزاڕەتی دەرەکی و بەتایبەت پسپۆرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وی،لە دانیشتنەکانی بەرنامەداڕشتن بەرچاوتربوو،چونکە ئەم پسپۆرانە بوون کە خەتیان بە بەرنامە داڕێژراوەکان دەدا.
یەکێک لە تەنگ و چەڵەمەی دڵڕفێن و سەرنج ڕاکێشی وەزاڕەتی دەرەوە بێ مەیلی تایبەتی بیکر،وەزیری دەرەوە، بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. ئەو کە لەبەر یەکیەتی سەرلەنوێی ئاڵمان و جان کندی کمونیسم لە ئۆڕوپای ڕۆژهەڵات و یەکیەتی شووڕەوی و وتوویژی پەیوندار بە کەم کردنەوەی چەکەکانی ئەتۆمی مەشغووڵ بوو، هەتا 12ی ئەوتی 1990 ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە حاڵی خۆی هێشتبۆوە،و لە دوایی ویش لە ماوەی چەند حەوتووی سەرەتای مەسەلە،لە لێوارماوە. کەم حەوسەلە بوونی لە ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی چەلاخی ئیسڕائیل-ئیسحاق شامیر-بە شیکردنەوەو بێ مەیلەکەی لەناوچە یارمەتی دەکات،بەڵام خولاسە بیکر،ئەم مامەلەیە چییەیی ژمارە یەک،لە مەسەلەی سیاسی دەرەکی هەتا ئەو ڕادە پێخۆش بوو کە ببینی لە واشنگتۆن چ ئاوازاەیەکی دەداتەوە و چ کارتێکەری لە سەردۆستی لە مێژینەی جۆرج بووش بەجێ دێڵێت. یەکێک لە یاریدەرانی مەزنی دەیگوت:(ئەگەرهەتا کۆتایی هەزارە سەبارەت بە دواڕۆژی دوورودرێژی یەکیەتی ئاڵمان یان لە بەریەک هەڵوەشانی یەکیەتی سوڤیت لەگەڵ بیکر ئاخافتبای و قسەت لە خوێی وەردابوایە ، ئیلاقەو ئیحساسێکت لەچاوەکانی نەدەبینی، بەڵام ئەگەرلەگەڵ ئەوی هەڵس وکەوت و ئامووشۆی زۆرترت بوایە دەستەواژەیەکی ئەوهات لەکار نەدەکرد) ئەو وەزاڕەتی دەرەوەی بەجۆرێک ڕیکخستەوە کە شیکەرەوەی بیروبۆچوونی ئەو بێت. ئەو هەرلە سەرەتا

زۆرترهیوا و پاڵپشتی لەسەرگروپی کچکەی هەڵبژیراوەی خۆی بوو، و بە نووسینگەی پسپۆراتی وەزارەتی دەرەوەی ئیلاقەیەکی ئەوهای نەبوو.
لە دەوڵەتێکی دیکە (نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەلاتی نزیک و باکووری ئاسیا)لە ناوەندی جەرەیاناتی بڕیارگرتن پەیوەند بە ڕابیتەی پێچراوەی نێوان کوردان و شێعەکان و تویی حاکمی سوننە مەزەبی ئێراق جێگای دەبوو. لە سەردەمی بەرپرسایەتی بیکر، ئەم نوسینگەیە نە دەگمەن گەمەی پێکرا. کاتێک ئێراق بۆ سەرکەوەیت هیرشی کرد دژکردەوەی ئاویتە بە تووڕەبوون بوو: هەستی کرد کە (نووسینگە) بە خەتای خۆی ئەوی لە وەزەتێکی ناهەموار داهێشتۆتەوە، لە وەزیەت ئاگادارنەبووە، هۆکاری کارئاسانی دۆڕاندوە. کاسەوگۆزەی خەتایەکەی بەسەر ئیپریل گلاسپی،باڵوێزی ئامریکا لەئێراقدا شکاند: و ئەم عەمرە بە ڕەزامەندی جمیزبیکر،و ستادی وی، وجان اچ کلی بەرپرسی دایمی خانم گلاسپی بوو کە جێگری وەزارەتی دەرەوەش بوو. هەموویان تاوانەکانیان سەبارەت بە تێشکانی سیاسی کە ڕیشەی لە مەسەلەکە دابوو کە بەرلە واردبوونی وی بۆ بەغدا لە نێوەڕاستی 1989 قەومابوو لە ملی ئەویان بارکرد. هەموو ئەندامانی (نووسینگە) لە بەرچاوی کۆڕی تایبەتی بیکر، ئەگەرتاوانبارنەکران، لانی کەم لە چوارچیوەی شک وگومان قەراریان گرت. هەربەمجۆرەی کە یەکێک لە یارمەیدەرانی مەزن گوتی: (کاتێک مەسەلەی کارزانین و پسپۆری سەبارەت بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئێراق هاتبووگۆڕ بیروبۆچوونی بیکر و دەوروبەری هەموو بەتیکڕایی بۆ لای اپیریل گلاسی دەچوو، بەلام ئەو لە ئاخافتنی خەڵکانێک جێ نەدەبۆوە کە مرۆڤ بە باشی نیشان بدەن.)
لە ڕاستیدا دەم ودەزگای دەوڵەتی ئامریکا بەتێکڕایی و بیکر و کۆڕی دەرونی وی بەتایبەت بایی نەبوونی لێڕوانێنی بەوردی زەینیان دەدا کە زۆرلەمێژ بوو لە سەریەک کە ڵەکەی کردبووە، مرشتەببوو. لەو سەردەمەی کە ئینقلابیۆنی ئیسلامی سەفارەتی ئامریکای لە نوامبەری 1979 لەتاران دەست بە سەرداگرت و دێپلۆماتەکانی وی بە ماوای 444ڕۆژ بەدیل گرتبوون گەلێک لە سەرۆکانی (نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەلاتی نزیک و باکووری ئاسیا) و،ولاتات بە شیوەیەکی گشتی، ئیحساساتی زیدی ئێرانیان هەبوو. بووش لە ئاوینەی بالانوێنی هەرجۆرە کردەوەی سیاسی کە لەوانەبوو لە وێ بۆ هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕژیمی دەمارگرژی تاران شی بکرێتەوە خۆفی دەکرد، و بێزاریەکی زۆری لە ئامریکائیەکان لە ئێران بەبێزاری لە هەرجۆرەشێعەیەک کارتێکەربوو-ئیدی وازلەمەبێنین کە شێعەکانی ئێراق لە ڕژیمی سەلتەنەتی بە ڕادەیەک لە دین نێوانیان گرتبوو کە زۆرینەی ئەندامانی حیزبی کموونیستی ئێراق لە ڕیزی وی هەستابوونەوە. خومەینی هەنۆکە ئیرانی بەتایبەت و شێعەکانی بە گشتی بە هۆکارو هەوینی بێزاری تایبەتی ئامریکائیەکان ئاسایی گۆڕیبوو. لە سیاسەتی ناوخۆی ئامریکا شتێک بە ناوێ شێعەی باش جەستەی نەبوو.
مەگین هەرئەم ئێرانیانە نەبوون کە دەوڵەتی ڕۆناڵدڕێگانیان لە ماوەی شەڕی خۆیان لەگەڵ ئیراق لە نێوەڕاستی ساڵەکانی 1980 لە جەرەیانی بەرنامەی (چەک و چۆڵ لە بەرامبەربارمتە)کلاولە سەردانان؟ تەنیا خۆشەویستی و مەحبوبیەتی مەزنی ڕێگان بوو کە سەرکۆماری وی لە تەنگەژەیەک کە(ئیران-

کنترا)ناودێربوو نەجات دا. شووڕای ئەمنیەتی مللی و(سیا) و ئیسرائیل ئەم گەڵاڵە بێ مێشکانەیان پێکهێنابوو، کە بە پێی وی قەراربوو لە بەرامبەر تەحویلی چەک و کەل و پەلی یەدەگی ئاتاجی شەڕ بەئیران و بارمەتەکانی کە هاودەستانی ئێران لەلبنانیان بەدیل گرتبوون ئازادبکرین، و قازانجێک کەلەم مامەلە دەکەوێتەوە(بەپێچەوانەی قانوونی پەسەندکراو)بۆ دابین کردنی دەرکەوتەکانی(کنترا)یەکان بگات، کە لەگەڵ حکوومەتی مارکسیستی نیکاراگوئە شەڕیان دەکرد.
کردەوەیەکی ئەوها شێتانە تەنیا دەیتوانی بە قازانجی ئێراق بێت. لە دوای وەدەرکەوتنی دەریاوان جان پوئین دکستر و سەرهەنگ اولیورنورث لە شووڕای ئەمنیەتی مللی، بۆ دورست کردنەوەی خەراویەکان کارزانانی پسپۆرو ئەزموونی کاروباری دەرەکیان بۆ شووڕای ئەمنیەت گەڕاندنەوە. دەوڵەت بەم ئاکامە گەیشت کە دەبێ چاوپۆشیەک سەبارەت بە بەغدا بکات. هەڵکردن و هەڵدانی بەیداخی ئەستێرە نیشانی ئامریکا لە 1987 لە سەرنەوت کێشەکانی کەوەیت بزوتنەوەیەکی ئاشکراو دژی ئێرانی لە موافیقەت لەگەڵ ئیراق بە تۆڵەی کردەوو جۆلانەوەی ئێران لە مەسەلەی(ئیڕان کنترا) بوو. بەم شێوەیە واشنگتۆن سیاسەتی نزیک بوونی هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ سەدام گرتەبەر. دووساڵ لە دوای هێرشی سەدام حوسین بۆ سەرئێران لە 1980 ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە سیاسەتی بێ لایانەی خۆی دەستی کێشابۆوە و ئیحتوبارێکی بە شەڕایتەکی هاسان بۆ کڕینی غەلەو حاسلاتی کەشاوەرزی بەئیراق دابوو،پاشان لە ساڵی 1983 بەربەرەکانی بۆ ڕیگری چەک و تەقەمەنی دژی ئێران دەست پێکرد،لەساڵی 1984 پەیوەندی دیپلۆماتیک لەگەڵ ئیراق گرتەبەر،و ساڵی دواتر دەوڵەتی ڕیگان لە پەیوەندی خۆی مافی پێشکەوتنی بە ئێراق دا. هەنوکە،لە خولێ کۆتایی شەڕ،دەوڵەتی ڕیگان لە گەڵ هاوپەیمانانی ئۆروپایی خۆی هەروا توندتر لە بەرێ حەزی لە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا بووـ هەموو ئەم شتانە بە مەبەستی ڕێگری لە ئینقلابی ئیسلامی لە دەست وێراگەین بەهەرجۆرە سەرکەوتنێک بوو،چونکە ئینقلابی ئیسلامی خەریکی ڕوخانی ڕژیمەکانی ناتوندڕەو و سەر وەئامریکا،و هێرش بۆ سەر ئیسرائیل بوو. واشنگتۆن وردە وردە ئەو وێنانەی کە ماهوارەکانی جاسووسی ئامریکا لە سەنگەرەکانی هێزەکانی ئێرانیان هەڵدەگرتەوە لە ئیختیاری ئێراقی دەنا،و ئێراق لەم ئیتلاعاتە کە بە وردی ئامانجەکانی دیاری دەکرد بە جۆرێکی کارتێکەر لە شەڕشارەکاندا کەلکی وەرگرت: ئەم شەڕە هێرشی موشەکی بوو، بە موشەکەکانی (اسکاد) کەلە ئاکامدا بەتێشکانی ئێڕان لە بە هاری 1988 یارمەتی کرد. ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا هەتا لەکۆتایی شەڕی ئیران و ئێراق بە دڵ ساویلکەیی تەواو، لە ئێراق بە ناوی بە هێزترین قودڕەتی نیزامی لە ناوچەی کەنداوی فارس، پشتیوانی کرد.
سیاسەتمەدارانی واشنگتۆن بەخۆیان قەبووڵ کردبوو کە سەدام حوسین پەرژینێک لە بەرامبەر ئێران دبێت، کە کەوەیت،عەرەبستانی سعودی و وڵاتەکانی دیکەی خاوەن نەوتی عەرەب ئاتاجیان بەوی هەبوو. بەڵام تەنگەژەی بنەڕەتی لەمە دابوو کە سەدام حوسین کە دەرچەی لێدابوو، و بەڵام میلیارها دۆلاری خەرجی نوێکردنەوەی کەل و پەلی هێزەکانی چەکداری دەکرد، ئەم پشتیوانیە لە دوای شەڕی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکای وەکوو بانگێشتن بە ئاقل ئازانتی نەدەکرد. لە بەرامبەر ئەوی ئەوها لێکداداوە کە

ئەگەرهاتوو دەست بەسەرکەوەیت دابگریَ بە زۆرەملی لە مەعرەکە دەربازی دەبێت،و ئامریکا بە لێکدانەوەی خۆی حەزناکات گیانی 10/000 ئامریکایی لە ئولکەی شەڕ بەخت بکات،دەترسێ و ئیدی هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵنائێنێت.
ئەمجۆرە شاخ تیژکردنە شیوە ئەزموونی سەدام حوسین بوو،و نەدەبوایە جێگای سەرسوڕمان بوایە. لەگەڵ ئەمە هەموو دەوڵەتی بووش بەڕەواڵەت فکری دەکرد کە سەدام حوسین لەوانەیە لەم کردەوە پەژیوان بێتەوە، هەربەمجۆرەی کەلە ساڵەکانی دەیەی 1970 ببوو. ئەو لەو ساڵاندا وڵاتانی عەڕەبی کە هەنۆکە بەڕەزایەتی واشنگتۆن کە سپریان بوو هەڕەشە لێکردبوو و وەدلهورەخستبوو. لەڕاستیدا سەدام هیچ کات ئەم تاکتیکەی دەست لێ بەرنەدابوو،چونکە لە جەرەیانی شەڕی ئیڕاق و ئیران کە ئەو بێراوێژکردن لەگەڵ واشنگتۆن یان ئاگاداری وی دەست پێکردبوو،ئەم وڵاتانەی عارەبی بە باشی دۆشیبوو، وکاتێک شەڕ کۆتایی پێهات بە توڕەیی لە دانەوەی ئەم پارانە کەبەتۆبزی لەم وإتانەی وەرگرتبوو،بەم دەلیلە کەئەوانی لە نابوودی بەدەست ئیڕان پارازتووە و نەجات داوە، قەرزەکانی نەدانەوە.
جگەلەمەش لە واشنگتۆن هیچ کەس شک وگومانی سەبارەت بە چلۆنایەتی ناڕۆکی سەرەڕۆیی ڕژیمی بەعسی ئیڕاق نەبوو. مەسەلەیەک کە لەبەردەست بوو کەلک وەرگرتن لەم ڕژیمەی ئانیسان کوژی بەغدا دژی ڕژیمی دیکەی تاران بوو. ڕابردووی حکوومەتی ئێڕاق لە شکانی ئیکجارزۆرو وەحشیانەی مافی بەشە و زۆریکردن لە وڵاتانی دیکەی عەڕەبی هاوسەنگی ڕابردووی شکاندنی حقوقی بەشەر لەئیران، و بڕیاری ڕاگەیاندنی وی بەبێ ئیحتوبارکردنی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا و ناردنی ئینقلابی دەمارگرژی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دیکە بوو. ئەم سیاسەتە بەهەرحال لە جەنگەی شەڕی ئێران وئێڕاق ڕاست و لە بەر چاوبوو، بەڵام لەدوای ئەمە کە خۆمەینی ڕایگەیاند کە مەجبوور بووە (جامی ژەهربخواتەوە) وسەدام حەسینی لەقودرەت ڕاگریَ،بەسەرداچوونەوەی بەسەردانەکرا.ئەم دەستەواژەیەی ڕەنگین کە بۆ شی کردنەوەو قەبووڵی ئاگربڕ لە 20ی ئەوتی 1988، کەلکی لێ وەرگیرا،کارتێکەر بە خەیاڵی ناردنی ئینقلاب کۆتایی هێنا-و ئەمە بابیەک بوو کە خومەینی دەبوایە بۆ پاراستنی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆی وڵات دابوایە.
کۆتایی شەڕی ئیران و ئێڕاق سیاسەتمەدارانی ئامریکای هێناسەرئەم بیرو بۆچوونە کە لێڕوانینێک بۆ بەرداچوونەوە لە سیاسەتی ئامریکادا بکەن. هەڵبەتە نەبێ لەحەق تێپەڕین کەسەدام حوسین پێشەکی ئەم کاری وەدەست دا: چوار ڕۆژ لەدوای بەڕیوەبردنی ئاگربڕ،هێزەکانی ئاسمانی و هیزەکانی هەردی ئیڕاق لە عەمەلیاتێک کە بە وردەی گەڵاڵەی داڕێژرابوو لە چەکەکانی شیمایی دژی کوردەکان بەرفرەوانی کەلک لێ وەرگرت،ودەیان هەزارکەسیان بۆ تورکیە دەرپەڕاند،وژمارەیەکی زۆریان کوشتن. کەلک وەرگرتن لە گازەکانی شیمیایی(سەرکۆنەی توند بەڵام زوو تێپەڕیوو) لە وەزیری دەرەوەی کاتی، جۆرج شولتس،بەدوادا هەبوو. قسەکەرێکی وەزارەتی دەرەکی کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی وەکوو کارێکی(نادورست و پیس تف لێکراو، قەبووڵ نەبوو بۆ دنیای پێشکەوتوو)ی مەحکووم کرد. لەو کاتاندا ئەمن لە هاتنی پەنابەرەکانی ڕەنگ بزرکاوی ترس ڕێنیشتوو وسامداگرتووکە لە کوردستانی

تورکیە دەهاتن گوزارشتم حازردەکرد، و لەبیرمە دەیان قەرەپۆلم لە تەلەفونی باجەیی کەلە عجایبی ڕۆژگار لە قیتەکی ئەم چیایە وەک ئاڵا هەلدرابوو هاویشت هەتا لەگەڵ یەکێک لە هاڤاڵانم لە واشنگتۆن قسەبکەم ولەوی بخوازم لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە پەیوەندی بگریّ: ئاخۆ ئەم مسیبەتەی کە یەخەی کوردەکانی گرت بۆ دەوڵەت هەلەکی ڕەخساو نەبوو کەلە سەدام حوسین دووری بکات و سیاسەتێکی بەئینسافانە و بێ لایانە سەبارەت بەئیراق بگرێتەبەر؟ (چەند ساڵ دوایی کە پارسەنگی ڕۆژهەلاتی ناوەراست گۆڕابوو،دەوڵەتی کلینتۆن بۆ مابەین گرتن لەم دوو ڕژیمی بەڵەعنەت کراوی بەغداو تاران سیاسەتی لغاوکردنی دوولایانەی گرت. ئەگەرئەم سیاسەتە لە 1988 بەڕیوە چووبوایە لەوانەبوو لە شەڕی کەوەیت پێشگیری کردبوایە بەڵام لە نێوەڕاستی ساڵەکانی دەیەی 1990 مانایەکی هێندەی نەبوو، و لە گرێپووچکەی سیاسەتی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکای زێدەکرد.)
ئەم پەیوەندیە لەگەڵ واشنگتۆن ئەگەر چ هەتا ڕادەیەک قازانجی هەبوو بەڵام ئاکامێکی هەست پێکراوی لێ نەکەوتەوە، دەجا نەدەبوایە خوم ماندو کردبوایە- هەرچەند لەم بارەوە خۆشحاڵ بووم کە ئەوهەی بینیم گێڕامەوەو نووسیم. بەڵام کۆتایی شەڕی ئێران و ئێراق ئەگەربەرهەمی هەبوو ئەمە بوو کە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوای بە هومیدی گرێدانی بەڵێنامە وقەراردادی گەورە بۆ نوێکردنەوەی ئیراق بە ئیشق ئیلاقەو ڕیایی و دووڕوویی و پێ هەڵاگوتن بە سەدام حوسین وڕووژاند. ئەم نەوس و تەماعە شێتانە هەتا ڕووکردن بەم مەتڵەبە سادەنییە کە سەدام حوسین چل،(بە بۆچوونی هێندەیک کەس هەشتا)میلیارد دۆلار، لە سەریەک بە عارەب و یەکیەتی شوورەوی وڵاتەکانی ڕۆژئاوا قەرزدار بوو. ناردراوەی ئامریکاش بۆ ئێراق کەم کەم دەستی پیکرا، لە1989 دەوڵەتی بووش بە فەرمی بە بەخشینی یارمەتیەکانی زۆرتر بەئیراق ڕوی خۆشی نیشاندا، و لە مەحروم بوونەی کە لە جەرەیانی شەڕی ئێران وئێراق لەسەر ناردراوەکان بەڕیوەچووبوو کەم کراوە،هەروەک دوایەکان بێ ئابڕوویی فرۆشتنی بەدزی و نهێنی چەک و چۆڵ و تەقەمەنی لەلایان ئامریکاو فرانسەو بریتانیا،ئەم جەرەیانەی بە ڕوونی نیشاندا.

چەند ڕۆژ لەپاش کەلک وەرگرتنی ئێراق لە چەکەکانی شیمیایی، سەنای ئامریکا بەهۆی شکانی قەوڵنامەی ساڵی 1925 ژنێو،سەبارەت بە ڕێگری کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی بە زۆرینەی نزیک بەکۆ دەنگیان بە ڕێگری توندی ئابووری ئێراق دا. تێکۆشەرانی مافی بەشەریش کەم کەم داواکانی کوردەکانیان لە مەڕ ئەمە کە قوربانی سیاسەتی ڕەچەڵە کوژی بوونە، و لێی نەکۆڵدرابۆوە لە بەدواچونیدا بەردەوام بوون. بەڵام ئەم لایحەی سەنا بەهۆکاری دەمە تەقەیەک کەلە کۆنگرە لە سەر(ڕادەی ئیختیاراتی قانوونی) لە جەرەیاندابوو نەزوک ماوە. واسیتەکانی بە قودڕەتی فرۆشتنی گەنم و برینج کەلەگەڵ سەدام حەسین مامەلەیان هەبوو دەستیان تێوەردابوو. دوڵەت زۆر شەنگوڵ بوو کە بازاڕەکەی ئەوها پڕ قازانجی بۆ حاسڵاتی کشت وکاڵ دۆزیوەتەوە، و نیگەرانیەکی سەبارەت بە

بەرئاقڵانە بوون یان نەبوونی دەست تێوەردانی ئەم واسیتانە لە داسەپانی سیاسەتی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتێک کە ئەو هەمووە سەبارەت بە وی قسەیان هەبوو دەرنەبڕی.

هیچ کەس لە دەوڵەتی کۆماریخوازان دڵەڕاوکەی لەم مەسەلە نەبوو کە سەدام حوسین ئەم سەخاوەتیەیی چلوون ممکینە لێکداتەوە-هەتا چەندساڵ دوایی ئەوکات کە ڕۆلی ئێراق لە فەسادوگەندەڵی لکی اتلانتای بانک ئاشکرابوو. و هیچ کارگیرو دەسەڵاتداری ئامریکایی لەم بابەتە سەرسوڕمانی دەرنەبڕی کە بۆچ ئەم وڵاتەی عەڕەبی کە سروشتیە  لە مەڕ کشت وکاڵ بەشی خۆی هەبوو دەیەوی کە بایی میلیاردیان و کوللووران دۆلار، دانەویڵەی کشت وکاڵ لە دەرەوە وارد بکات. پەرسڤ بەم پرسیارە سادە بوو: بەرهەمی نەوتی ئێڕاق و ئیحتوبارە سانایییەی ئامریکا، بە ئێراقی ئیمکان دەدا کەلە کەلک وەرگرتنی زەویەکانی بەپیت و بەرەکەتی کوردستان، کە هەنۆکە بە مەبەستی سزای خەڵکی ئاسایی و پێشمەرگەکان لە خەڵک بەتاڵ و چۆل بووەنە چاوبپۆشن. ڕژیمی ئیڕاق بە ڕادەیەک لە ڕەوانگەی لە دەست دانی متمانەی هەرزانی ئەم دانەویڵەیە ناراحەت بوو کە خۆپێشاندانی(خۆکوژی) لە دەرەوەی باڵویزی ئامریکا لە بەغدا سازمان دا. لەوکاتدا سەرچاوەی بانکی ناوەندی ئیراق نهێنی)بە دەستەیەکی گوتبوو کە خەزینەی وڵات بەڕادەیەک بەتاڵ بووە کە ئێراق هەتا لە بەرامبەر ڕێگریەکی(تەحریمە)کی کورتیش زەبری وێدەکەوێت.

شکانی تەحریم،پێشنیاری(نووسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئاسیای) هەتا ڕادەیەک دل حەساوەکرد. ئەم نووسینگە هیچ کات دژایەتی خۆی لەگەڵ ئەم مەسەلە نەشاردبۆوە، بەمجۆرەی کە یەکێک لە دۆستانی لەمێژینەم لەم نوسینگەیە لە 1991 بەمنی گوت دەترسا کە(ئۆڕوپایەکان شتانەی دەزۆرتریان پێ بفرۆشن وشوین تێکەری ئێمە لەناوبەرن.)دۆستم گوتی:(لەو حاڵدا سەدامی واداربەکارێک دەکرد)کە دووساڵ پێش کردی-یانی هێرش بۆسەرکەوێت. (فکرن دەکرد دەبێ پەیوەندیمان لەگەڵ ئێڕاق کە قودرەتێکی نیزامی ناوچەبوو وەکوو دیوێک لەکەنداوی فارس دەسەڵاتی داسپاند بوو بپارێزین،هەتا بتوانین سەدام حوسینی لە کێشەهەڵایسەری نیزامی زۆرتر هەس دینەوە،و لە دنەدانی هەستی گواوی وی خۆمان دورە پەرێزکین.)کە بەئاکام نەگەیی ،چونکە (شێتایەتی و سەرەڕۆیی سەدام حوسینمان  حیساب بۆ نەکردبوو)بەڵام مەگین مەکروحیلەی شیمیایی سەدام حوسین بۆ کوردەکان-ئەویش هاووڵاتی ئاسایی و نانیزامی خودی ئیڕاق- بۆ وەڕاست گەڕانی شیت و ماخۆلیایی سەدام بەس نەبوو؟ ئەم جەرەیانە لە دوای ئاگربڕ قەومابوو و کارێکی بە ئاشکرا تۆڵە ئەستاندنەوەبوو وبڕیاریەک نەبوو کە بڵێین لە جەنگەی شەڕدا گیراوە.
جیالە سەردەمێکی کورت کەلەماوەی وی شک و دوودڵی بۆ داڕیرژراوانی گەڵاڵە نانیزامی ڕوویدا،  و بە خێرایی حاشایان لە وی کرد. هەتا بەهاری ساڵی 1990 تەنیا کارگێری فەرمی ئامریکا کە سەدام حوسینی لە دوای ئاگربڕی ساڵی 1988  بە ناوی باجگرو شەڕ لە تانێک لێکداوە، ژەنەڕاڵ شوارتسکف بوو،کە لە

ئەم 1988 لە هاوینی ساڵی 1991 بە فەرماندەری سوپاکانی (بەرە) کە کەوەیت یان ئازادکرد دانرا. لە هاوینی ساڵی 1988 ئەم ژەنەراڵەی ئاشنا و ئاگادار بەسیاسەت، (فەرماندەری ناوەندی ئەرتەشی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا)ی وەسوکر گرت، کەلە ساڵی 1983 بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەی کەنداوی فارس لەلای یەکیەتی شووڕەوی پێکهاتبوو. ئەو ئەم گەلاڵەنەی کەلە 1947 بەم لاوە بۆ ناردنی هێز بۆ باشووری ئێڕاق حازرو ئامادەکرابوو، وەکوو(بختک لوژیستیکی) وەلابرد. خولاسە شەڕی سارد دەهات وردە وردە کۆتایی پیدەهات. بەڵام شوارتسکف لەم پۆستەدا ڕووی لە شتانی باشترکرد: ئەو بە دیاریکردنی وردو بەدیقەت و دورستی ئاگربڕی ئێران و ئێراق بەم ئاکامە گەیشت کە ئێراق ئەم شەڕەی لە حالێکدا تەواوکرد کە یەک میلیون سوپای چەکداری هەیە و ئابووریەکەی لاوازتر لە مەیە کە بتوانێ ئەم هەموو سەربازەی بۆ ژیانی نانیزامی بگەڕینەتەوە.

هەڵبەتە وەزارەتی دەرەوە لەکارکردنی چەکەکانی شیمیایی، کە هیندێک کەڕەت لەجەرەیانی شەڕی ئێران وئێراق ئیدانەو مەحکووم کردبوو، وتەنیا وەزارەتی دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوون کە کەلک وەرگرتنی ئێڕاق لە چەکاکانی شیمایی لە ئەوتی 1988 دژی کوردەکان بە ئاشکرا مەحکووم کرد ولە دەوڵەتی ئێڕاقی قەل وەرگرت کە ئیدی جارێکیتر لە چەکەکانی شیمایی کەلک وەرنەگرێ. بەڵام حکوومەتی بەعس بە شکانی قەول قەرار دەنگین خاس وعام بوو، وخولاسە قەولنامەی ژنۆش کەلک وەرگرتنی لەچەکەکانی شیمایی لە لایان دەوڵەتان دژی هاووڵاتیان خۆی نەدەگرتەوە. کاتێک ئێراق لە ئاکامدا ڕازیبوونی بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانس دەربڕی کە لە ژانویەی بەدوای لەکارکردن لە چەکەکانی شیمیایی لەلایان قودرەتانی ڕۆژئاوا لەپاریس بەرپاکرا، وبە مەبەستی پەسەند و دووپاتکردنەوە ڕێگری کەلک وەرگرتن لەم چەکانە بوو،بەغدا ئەم بانگێشتنەی تەنیا سەردەمێک قەبووڵ کرد کە دەوڵەتی فرانسە قەولی دا لە کوردەکان هەتا بە ناوی چاولێکەرو خاوەن نەزەریش بانگێشتن بۆ بەشداری لە کونفڕانس نەکات.

لە پاییزی ساڵی 1990(نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئاسیا) کەلە سیاسەتی خۆی لە بەرتەسک کردنی سەدام حوسین ناسەرکەوتوبوو تووشی ئالۆزی وگرژی کێشەی سازمانیش بوو،کە لە مێژووی ژیانیدا ڕابردووی نەبوو، و ئەم ئالۆزیە ئەوی ئیکجارلاواز کرد. لەو لۆچێک خەڵکە(جێگای متمانەوباوەڕ) کە بیکر،بەیارمەتی ئەوان وەزارەتی دەروەی هەڵدەسووڕاند کەسێک گرینگتر لە دنیس راس نەبوو، کە یەکێک لە دانراوانی سیاسی دەوڵەتی ڕیگان بوو، و هەنۆکە بەرپرسی(گروپی بەرنامە دارێژی) بوو،کە ئاچەری گرێکردنەوەی وەزارەتی دەرەوە بوو- هەرچەند تەقریبەن قورسایی و کەسایەتی کەمترلە (نوسینگە) بوو: بەڵام لە وەزارەتی بێکر، لە قەبێکی هیندەگرینگی نەبوو. شوین تێکەری (راس)بە

تایبەت دەینداری دەست وێراگەین سەهل و ئاسان بە بووش بوو،چونکە لە جەرەیانی خەبات و شێلگێڕی دەنگدانی سالی 1988 لە مەڕ سیاسەتی دەرەکی، ڕاویکەر بوو. ئەو کە لە ( محافیزەکارانی نوێ ) بوو، قەت ئیلاقەی خۆی بە ئیسڕائیل نەدەشاردەوە، و بڕیارگر بوو لە سەرئەمە کە پەڕوباڵی (نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئاسیا)ی کە سروشتیە یەکێک لە دروشاوەترین ئۆرگانی وەزاڕەتی دەرەکی بوو،ڕەدیف کات.

چاخێک بیکر و دارودەستەکەی لە(شۆڵ)ی نوسینگە تەواو بوون ودەستیان کێشاوە (نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئاسیا) ئیدی وە یەکێک لە(ماشینە قورمیشیەکانی ڕۆب گلدبرگ) دەچوو،-ماشینێک کەکارەکانی سادە بە عەمەلیاتی چەتوون ئەنجامدەدا- بەرپسیارەتی مەسەلەی تەژی لە دەردەسەری ئیسڕائیل و عاڕەب بە دانیل کورتسر ئاسپاردرا بوو کە دێپلۆماتێک بوو بە توانا و زیخ و لە قاهیڕە و تڵ ئاویو،خزمەتی کردبوو. سەیرئەمە کە کورتسر وەکوو یاریدەری جێگری نوسینگە، لە جیاتی بەرپرسی ڕاستەوخۆ، وەڵامدەری بەرپرسی(بەرنامەداڕێژی سیاسی) بوو. پەیوەندی نیوان بیست میلیون مللەتی عەڕەب بۆ (نوسینگە) ئاسپاردرابوو،بەڵام بیکربۆ ئەمە کە سوکایەتی لە سەرئەزیەت و ئازاری زێدەکردبێت جان کلی بە مەزنی وێ دانا،کە بە بۆچوون وئاقیدەی هەموان بێ کارتێکەرترین و دووزمانترین و شەڕهەڵایسانەترین بەرپرسێک بوو(کە نوسینگەی کاروباری دەرەکی ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئاسیا) بەخۆیەوە بینیبوو. لە ڕابردوو ئەم پۆستە بە کارشوناسانی ئاشنا بەکاروباری دنیایی عەرەب دەدرا،کە ڕابردووی کردەوەیەکی دوورو درێژیان لە ئەزموونا هەبوو، وەکوو جێگری دایمی وی،ڕیچارد مورفی،یان بە کارشوناسانی وارد بە ناوچە،کەسانێکی وەکوو ئالفردلوروی ئاترتن،بوروکراتەکانی بەتوانای وەکوو خوزف سیسکۆ. بەڵام تەنیا ئەزموونی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست بالوێزخانەی ئامریکا لە لبنان یان بە دەستەواژەیەکی دیکە (مارونستان) یانی هەرئەوقەبرە بێ گۆڕیچەیی بڕاوی مەسیحی نشین بووکە لەماوەی خول وسوڕوگەڕانی لە ساڵەکانی نێوەڕاستی دەیەی 1980 بە دێپلۆماتی ئامریکایی ئەمین تەشخیس درابوو. سەرجەم پیاوێکی تورەوتۆسن و لووت بەرزو بەئیفادەو خۆ پەسەند بوو وهاوکارەکانی بەسەرجەم دەیانبوغزاند،هەموو لێی بێزاربوون،توانی نوسینگەکەی کە لەمێژبوو بەردەوامترین لەکاری ئیداری کارتێکەرترین دەفتەری وەزارەتی دەرەکی بوو بەتەواوی دەڵسارد بکات. (نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئاسیا)بەرلە وی هیچ کات لە مێژووی پڕ لە شەڕوشوری خۆی کەلە ماوەی ویدا پسپۆڕانی دنیای عەڕەب بەردەوام لە سیرەی تۆمەتبار واسیتەکانی سهیونیستەکاندا بوون، ئەمجۆرە لە هێز بەتاڵ نەببوو. ئەم عەمرە ئارەزوی شۆڵی گەورەکارکەرەکانی سهیونیست بوو،و سەرئانجام کارەساتی لێکەوتەوە.

بە هێرش و هجومی ئێراق بۆ سەرکەوەیت(نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئاسیا) کە ئیحتوبارو، ورەیەکی لە بۆ نەمابۆوە، دەستی لە سەردەست دانا، و مەیل و حەزێکی ئەو هێندەی لە خۆیدا

نەبینی کە دانیشێت و خەریکی(خۆتۆژینەو)بێت کە مەبەست لە وی وەدەرخستن ودەرهێنانی فکری نوێ لە وێرانە و کاولەکانی سیاسەتی بێ ئابڕویی ڕابردووە. یەکێک لەو دێپلۆماتانەی کە ئەوکات بەتوندی تووشی بەرنامە دارێژان بوو گوتی:(لە ڕاستیدا نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئاسیا ) ئەو هێندە بێ پێزو بوو،گیانی لەسەرکەپۆی بوو هەتا حەوسەلەی قسەکردنی نەبوو. کەسیش بیروڕای لێ پرسیارنەکرد.) هەرئەم دێپلۆماتە گوتی: بریاری سیاسی جیا لە لایانی تەواو نیزامی وی،کۆشکی سپی و شووڕای ئەمنیەتی مللی دەیگرت،کە بە بوونی هاس هێزی پسپۆری لەکاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێنەبوو.
ڕەخنەگرانی وەزارەتی دەرەکی ئامریکا و، وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا، یان کوردەکان، کارەکیان بەم دەستەوپەیوەندو کەم وکوڕی نەبوو. ئەمانە ئاقیدە و بۆچونیان ئەوهابووکە ڕووگەی مەیلی ئەم پسپۆرانەی دنیایی عارەب بەتەواوی پاراستنی شوین تێکەری و بەلێننامەو قەراردادەکان بە قازانج لە وڵاتانی خاوەن نەوتی ناوچە بووە و سەردەمیکە کە ڕژیمەکانی سەرەڕۆ وهەتا ئەوانەی کە ناحەزترین ڕابردوویان لە مەڕ لەبەرچاوگرتنی حقووقی بەشەر هەبووە وەبەرلوتف ومحیبەت کەوتوونە.
چونکە لەکۆتایی دا چ کەسێک ماددەی شیمیایی و زانیاری پسپۆری و هەتا زوربەی ئەندازیارو تکنیسن فاکتۆریەکانی شیمیایی ئێراقیان دابین کرد،کە بەرهەمەکانیان ئەو هەموو کوردانەیان کوشتن؟ کوردەکان ڕۆژنامەکانی ئۆروپایان دەخوێندەوە و دەیانتوانی نوسینی گەلێک زۆر سەبارەت بە بنکە و دامەزراوەکانی ئۆروپایی کە لە جەنگەی جنایات کردن، لە جەرەیانی ئەم بازرگانیەی گوماناوی گیریان کردبوو، بۆتانی نەقڵکەن-ئەم بارزگانیەی کە سەردەمێک بوو دەوڵەتەکانیان چاویان لێ چووقاندبوو. لە ناوەندی ئەم ڕەخنانە ئاقیدە لە سەرئەمە بوو کە بەرپسیارانی پسپۆری دنیایی عەرەب (لە وەزارەتخانەکانی دەرەوە) یان بە ئەنقەست خۆیان لە نەزانی بێ خەبەری و نائاگایی کەرۆگیژی دەدا، و یان خەڵکانیکن ئیخلاقەن نزیک بین- یان هەر دوو،ئەویش نەک بەم هۆکارە کە سروشتی سەرەڕۆیی زورتری سیستەمی دەولەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڕیوەبردنی ئەرکەکانی دێپلۆماتیەکەیان،کە ئاشنا بوون لەگەڵ خەڵک لە جەرەیانی کار یان دوایی تەوابوونی شۆڵ بێت،لەگەڵ دژواری ڕوو بەڕوو دەکات، بەڵکوو بەم هۆکارە کە،بە بۆچوونی ڕەخنەگران، دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵات جیا لەو دژواریانەی کەلە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ژێردەستی ئەم حکوومەتانە هەیانە،زۆرتر ئەمەیان پێخۆشەکە (مجیزی) حوکمڕانیەکانیان بێژن.
لە بەرگری لەم دەسەڵاتدارو کارگێرانە پێویستە بگوترێ کە ئەم دیپلۆماتانەی ئامریکایی سەردەمێکی دوورودرێژ لەگەڵ بەعسی ئێراق ڕوو بەڕوو ببوون، پەیوەندی دێپلۆماتیک نێوان ئێراق و ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە سالەکانی 1967 و 84،هەڵبڕابوو، و تەنیا پەیوەندی ئامریکا لەگەڵ بەغدا نووسینگە یەکی گچکەبوو کە قازانجی هاووڵاتی ئامریکای دەپاراست.
تێبینی1-خولاسە لەمێژ بوو کە فکری لێدەکرا کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا وبریتانیا لەگەڵ کودتای ئەوەڵی بەعس لە 1963 و کودتای دیکە لە 1968 بیروبۆچوونی باشیان هەبووە، چونکە بەعسیەکان لەگەڵ کمونیستەکان و ناسریەکان کە دەیانەویست دەسەڵات بەدەست بگرن دژایەتیان دەکرد.

زۆرپێشتر لە هێرشی سەدام حوسین بۆ کەوەیت دەزگای پۆلیسی وی ئەوها بەسەر وەزیەتدا زاڵ ببوو و دیپلۆماتەکان بە ڕادەیەک لێک لاتەریک و بەتاک مابوونەوە و خەڵک بەئەندازەیەک ترسیان ڕێنیشتبوو کە باڵویزخانەی ئامریکا،یان هەر نوێنەرێکی سیاسی دیکە، کەمترین ئاگاداری سەبارەت بە حاکم و مەحکووم نەبوو. دیوید نیوتن،باڵوێزی پێشووی ئامریکا دەیگوت:(شۆڵی ئێمە شایەتیەک) بوو، سەرچاوەکانی خەربەری ئێمە ئیکجار بەرتەسک بوو. ئێمە هیچ چاخ بەڕاستی نەماندەزانی لە وڵات چ ڕوو دەدا. تەنیا دەنگۆ بوو. ئەوهەی ئێمە(تیلگرافی) گیانمان ناو بەسەردابڕیبوو)ئەوها بوو کە وەکوو، وەی کامووسی لە ناوچوونی دەم و دەزگای سەلتەنەتی ئێران-کە نائاگاداری دەزگای دەوڵەتی لە هێزەکانی دژی ئێران بەڕوونی نیشاندابوو- لێرە دوو پات دەکراوە. لە هەردوو بابەت پسپۆرانی ڕۆژئاوا مەجبوربوون وێنەی(نویگرای)و (مەسڵەحەتیک) کە ماشینەکانی پڕوپاگەندە لە سەدام حوسین یان شا-ی ئێرانیان دەکرد و بە ئەوانیان نیشاندەدا بە بایی ناوێک قەبووڵ بکەن.

لەم بابەتەوە دیپلۆماتەکانی ڕۆژئاوا تەوفیرەێکی هێندەیان لەگەڵ ڕەچەڵەی بەرلەخۆیان نەبوو. دیپلۆماتەکانی ڕەچەڵەی بەرێ لە ئەوانیش بە دڵنیایی لە ئاتاتورک لە تورکیەو ڕەزاشا لە ئێڕان پشتیوانی کردبوون: ئەو دووە نیزامی دە خوینخۆرو سەرەڕۆبوون کە دەسەڵاتی خۆیان بەناوی (پێشکەوتووخوازی) لەوڵاتانی کەونارا لە سەربناخەی ناوەندی گرایی ناسیونالیسم-ی ئۆڕوپایی،
بە ڕەنگ کردنی دێموکراسی-دێموکراتیەکانی سەرەڕۆ لە شۆڕشی سالی 1879ی فرانسە-شی یان دەکردەوە. هەر دوو ڕژیم کەمایەتیەکانی قەومی ناوخۆی وڵاتیان نیست و نابوود کرد. بەرلە هیرشی ئێڕاق بۆ سەرکەوەیت، کوردەکان و بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیونی ئێڕاق فکریان دەکردەوە کە ڕۆژئاوایەکان ئەوانیان بەڕاست وەرنەگرتووە. لە دوای هێرشی ئیڕاق بۆ سەرکەوەیت پسپۆرانی ئامریکایی کاروباری دنیای عەرەب بۆخۆیان توورەبوون و لە ناوەندی دەزگای سیاسەتمەداری ئامریکا نەبوون.

ئەندامی زانستگاکانی مەتەبی(نویگەرا)-کەسانێکی وەکوو (مار) و کریستین موس هلمز- کەلە ڕابردوو لە تاریف کەرانی بەعسیەکانی بەغدابوون- لەو کەسانە بوون کە دەوڵەتی بووش لە بابەت ئەمەکە لەگەڵ ئێڕاقی دوایی شەڕ چ دەبێ بکات لەگەڵ ئەوان ڕاویژی دەکرد. هەروەک دەکرا چاوەنوار بکرێ ئەم گروپە لە ترسی ئەمە کە ئێڕاق بەهۆی کارتێکەری بەربڵاوی سەرلەنوێی قودرەت لە بەریەک هەڵبوەشێت، بە باشتردەزانی-ڕژیم هەرچەند بێ سەدام حوسین- بمێنیتەوە،و ئەمە ڕاسپاردەیەک بوو(لێهاتوو)کە ئاکامی وی پاراستنی چاکتری و دەسەڵاتی جەماوەری سوننە مەزەب بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵێک هەر لەو تیرەو تایفە،و بە وێچوون یەکێک لە خزم وکەس وکاری تەکریتی سەدام حوسین دەبوو. بەڵام دوایی ئەو هوموو ترس و لەرزەو ئەوهەمووساڵە حکوومەتی سەرەڕۆیی،ئەم ڕەوشت و قاعیدەیە تەنیا لەسەر قاقەز ڕێگا چارەی شیاوی دەوامی دەنواند. لەم سەرمەشقەدا سەرنج بۆ لای زوڵم وزوڵمکاری و توندوتیژی ڕۆژ لەڕۆژ

زێدەتر نەدەکرا کەبۆ پاراستنی هەبوونی ئیراق بەڕیوەدەچوو،کەبۆخۆی وڵاتێکی ڕوکش و دورست کراوبوو کە بریتانیا لەدوای شەڕی یەکەمی دنیاگر لە پاڕیزگاکانی ڕابردووی عوسمانی بەسەریەکی وەنابوون و بەپینەوپەڕۆ سازیدابوو. گرینگترینی ئەم پاڕێزگایانە مووسڵ بوو،کە کوردنشین بوو-لەگەڵ نەوتەکەی،دوایی بەسرە،کە ناوەندی شێحەکانی وڵاتی تازەپێکهاتوو بوو، وپاشان بەغدا پایتەخت و ناوەندی کەمایەتی عەرەبی حوکمڕان. مەسەلەی لەبەریەک هەڵوەشانی حیزبی بەعس-یش لە گوڕی نەبوو:دێپلۆماتی ئامریکایی لە ژانویەی 1991 لە بالویزخانەی لەندەن کە بەرپسیاری پەیوەندی لەگەڵ جەرەیانەکانی ڕۆژهەڵاتێ ناوەڕاست بوو بەشێوەیەکی تاتبەتی بەمنی گوت کە بەم هۆکارە کە ویستویەتی لەگەڵ یەکێک لە ڕێبەرانی نەتەوەیی کورد کەلە ئینگلیستان سەردان دەکات چاوپێکەوتنی هەبێت،هێندەنەمابوو لەسێدارەی بدەن.

(نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەلاتی نزیک و باکووری ئاسیا)هەتا ئەگەر چلۆنایەتی و ناوبانگی باشتریشی هەبوایە،ئاخۆ دەیتوانی لەسەر ڕوداوکان کارتێکەربێت؟ بووش هەرلە سپتامبەری 1990 حەزی لە چ کردەوەیەک نەدەکرد کە ئەوی لە بڕیار بەشەڕ،کە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەهێزدەبوو،هەس داتەوە- ئەمە بوو تەنگەژەی بووش(بێ بوخارو بێ بڕیار)دەیەویست کە خۆی بنوێنیت، بەقەولی یەکێک لە خۆیان،بە شیوازێکی ئالۆزو بێ گەلاڵەو بەرنامەو نەخشەی کۆشکی سپی. بەو قسانەی کە دەکرا لە سەر ئەمە کە ئازادی کەوەیت لەوانەیە یارمەتی بکات بە ئالیکاری وی بتوانرێ هەتا ڕادەیەک لە ترس و لەرزی کۆمەڵگای ئێراق کەم بکرێتەوە و تەقسیماتێکی بە ئینسافانەتری لە دەسەڵات لە نێو جەماوەری پێکهاتووی حکوومەت دابەش و بەرقەرابکرێ، ڕووبەڕووبوون موافیقی نەدەکرد. لە واشنگتۆن بە ڕەواڵەت دورشم ئەمە بوو:(بێ خەبەری باشترلەپڕخەبەریە)بووش خۆی لە چوارچیوەی تەنگی ڕێگاچارەی نیزامی زیندانی کردبوو-زۆرتر لە سەربناخەی ئەو مەرجەی کە پاول بۆ ئەم مەسەلەی دیاری دەکرد(بەتامتر ئەمە کەقودڕەتی نیزامی ئیکجاربەهێزی کە پاوەل لە هێزەکانی هاوپەیمانانی کەڵەکە کردبوو تەنیا لە ژمارەی ئەو پرسیارانەی زێدەکرد کە دنیای عەبەساو لە بەرامبەر گنخاندنی ئامریکا لە دەربڕینی دژکردەوە لە بەرانبەرشۆڕشەکانی ئێڕاق کردی)کاری دیپلۆماسی ئەمەبوو کەهەتا ئەوجیگایە کە لەکردنهاتووە و ئیمکانی هەبوو یەکگرتووی زۆرتر کۆکاتەوە. بیکر،لەم بارەوە ئەندامانی دەزگای خۆی و دنیای دەرەکی تووشی سەرسوڕمانکرد: ئەو بۆ بێ بەشکردنی سەدام لەداکۆکی شووڕەوی،کە لە بیروبۆچوونی سەدام کارێکی ئۆتماتیکی بوو،لە دۆستایەتیەک کە لە جەرەیان و مەسەلەی ئەمنییەتی ئۆڕوپا لەگەڵ ئەدوارد نادزە وەزیری کاروباری دەرەوەی شووڕەوی سازدرابوو کەلکی وەرگرت. ئەم شاکارە بۆ بیکری ئەم هەلەرەخساند کە (بەرە)ی لەگەڵ ڕازابوونی نەتەوەیەکگرتووەکان پێکەوگرێدا و لەم ڕاستاییە تیگەینی قوڵتری بووشی لە سیاسەت لەگەڵ توانایەکانی خۆی لە مامەلە کردن بەهیزو کامل کرد.

بەڵام لەو (بەرەیەی) ممبارک،ئەم جەرەیانە-ش لەسەر بناخەی گچکەترین لاباجەی هاوبەش سەریگرت:بۆ نموونە،ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بە بەشداری میسروفرانسە لەم جەرەیانەدا ئاتاجی هەبوو: یەکەمی بەم هۆکارە کە شەڕاکەتی پڕئاپۆرەترین وڵاتی عەرەبی لاقی لە سەرئەمە دادەگرت کە هاوپەیمانان

شەڕێکی خاچ پەڕەستی دیکەیان دژی وڵاتێکی گرینگی ڕۆژئاوایی کە نیگەرانی ئاوینەی باڵنوینی شەڕ لەسەر وڵاتانی ژێردەستی ڕابردووی لەئافریقای باشووری بوو،کەلە بیروڕای هەستی جامینخوازیان بەعاڕەب بۆلای خۆی ڕابکێشێت. پاریس وقاهیرە لەترسی عاڕەبی دەمارگرژ کە هەرئێستا دەنگیان دەربڕیبوو نەیاندەویست کە سوپایەکانی پاوپەیمانی وی ئەوهەموو ڕێگایە هەتا بەغدا ببڕێت وسەرۆکی دەوڵەتێکی عەڕەبی لە تەختی دەسەڵات بێنیتە خوار-ئەمەش بەنۆرەی خۆی لێهاتووی چلۆنایەتی شیاولەباری واشنگتۆن بوو.

بووش لەگەڵ ئەم هەمووە ئەوشتانەی کەسەبارەت بەسەدام حوسین دەگوت وئەوی لەگەڵ هێتلەرهەڵدەسەنگاند ولەسەردێموکڕاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاوقی دادەگرت، لەبارەی دەستێوەردانی حکوومەتی لۆچێک کەمایەتی سوننە و دەرگیربوون لەگەڵ ئەوان وشیاری ڕەچاودەکرد. هەتا ئەگەر وەسوەسەی کردەوەیەکی ئەوهای بەدڵدا هاتبوایە، دەزگای دەوڵەت بێ بەشداری تێکۆشەرو چالاکانەی(نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و خاوەری ئاسیا )ئەو زانیاریەی نەبووکە بتوانێت لە چوارچیوەیەکی ڕەخساودا بۆ دامەزرانی حکوومەتی نوێ لەبەغدا ئامادە بکات. بەڵام دەست لەسەردەست دانان وچ کارێک نەکردنیش دەیتوانی کارەساتی لێ بکەوێتەوە،هەروەک لێیکەوتەوە. ئەم عەمرە پێشبینی نەدەکرا. لەبەر ئەمە کاری لەگوێچکەسریواندنی ئەم خاڵە کە هەرکات عەمەلیاتی نیزامی نیوەکارە بمێنێتەوە و بەعس هەروا لەسەرکارودەسەڵات بێت دەستەبەری مەترسێک دەبێت، لەسەرسوکری ویلیام ایگلتن دەنرا،کەلە پسپۆرانی بەئەزموونی کاروباری کوردستان بوو و هەنۆکە خانەنشین بوو. ایگلتن زۆرپێشتر لەمە کە بووش عەمەلیاتی هەردی لەدوای سەت کات ژمێر لەنەکاو ڕابگرێ، بە ڕودانی کارەساتەکەی ئاگاداربببوو. ئەو تێگەیبوو کە سەدام حوسین هەموو هێزەکانی پاڕێزگاردی کۆماری کە نزیک بەبیست و چەند لەشکر بوو وهەروا دەزگای پۆلیسی نهێنی کە ئەرکی دەزۆریان بەڕیوەدەبردن تووشی شەڕ نەکردبوو: ئەم هێزانە بوون کە بەعسیان لە سەر دەسەڵات و قودرەت ڕاگرتبوو. ایگلتن ئەم شەهامەتەی هەبوو کە هەموو ئەم شتانە دەیانجار بە هاوکارانی لە(نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک وباکووری ئاسیا )لەگویچەیان بسریوێنێت. لەدوای ئەوەی بڕیاری لەنەکاوی واشنگتۆن بەکۆتایی هێنان بەشەڕ لە 28ی فوریە بۆ کوردەکان و شێعەکان بەکارەسات تەواوبووو، دەسەڵدارێکی مەزنی (پینتاگوم) ڕاگرتنی سەدامی لە سەرقودرەت بەمجۆرە کورت کردەوە:(ئیدی هەڕەشەیەک بۆ ئێمە نەبوو،هەڕەشەکەی بۆ خەڵکی وڵاتەکەی لە هەمبانەی ئێمە حیساب نەکرابوو)

بەشێک لە دەلیل وبەڵگەی دەوڵەتی کۆماریخوازان ئاوینەی باڵنوێنەی لێکدانەوە ئازانتی ئاسایی واشنگتۆن لە ژئوپولیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت ژئوپولتیکی یەکگرتووی گرینگی وی لە کەنداوبووـیانی عەڕەبستانی سعوودی. واشنگتۆن ئیقناع ببوو بەمە کە عەڕەبستانی سعوودی لەفکری دێموکڕاسی بەمانای (هەرکەسە دەنگێک) بیزارە، لەمە دەترسێ کەلەم حاڵەدا زۆرینەی خەڵکی شێعەی ئێڕاق کۆپی دووەمی حکوومەتی ئیسلامی ئێران پێکبێنن،کە تەنیا وڵاتێکی شێعەمەزەبی دنیایە: حیسابی تەواو ڕیازی بوو عادەتی مێژوویی خەڵکی شێعەی ئێڕاقی کە دایم ودەرهەم سەربەخۆ لەئیران بوون،

لەدرێژایی شەڕی 1980-1988 ئێران وئێراق بێ خوارەپێچە سەبارەت بەحکوومەتی بەغدا وەفادار مابوونەوە لە بەرچاو دوور دەکرد. بەڵام بنەماڵەی سەلتەنەتی سعوودی کەلەسەر گەورەترین سەرچاوەی نەوتی دنیا دانیشتوە،وئەمە وڵاتێک بووە کەئی هۆزەکانی شێعەمەزەبی پاریزگای ڕۆژهەڵاتی وڵاتی سعوودییە،دژایەتی هەرجۆرو مەترسی خۆ بەدەستەودان بە قەزاوقەدەر بوو. لەڕاستیدا ناردنی هێزەکانی ئامریکا بۆ کەنداوی فارس لە 1990 نەک بە مەبەستی ئازادی کوەیت بەڵکوو بە ئامانجی داکۆکی لە نەوتی سعوودی بوو( لە حالێکدا ئێران و کوەیت و عەرەبستانی سعودی، و لە ڕاستیدا هەموو وڵاتانی ناوچە، لە بێزاری لە حکوومەتەکانی دێموکرات لەگەڵ یەکتری بەشداری هەست و ئیحساسیان هەبوو- ئەمە شیوەی هزری ئاسایی ناوچە بوو.)

لە ماوەی مانگەکانی پێش ئازادی کوەیت، بریتانیا و فرانسە و ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بە جۆرێکی جیاواز لێکۆڵینەوەکیان لەم بوارە دا ئەنجامدا. سەیرئەمەکە هیچ یەک لەم وڵاتانە فکری نەدەکردکە سەدام حوسین بتوانێ لەم شەڕەگیانی سەلامەت بەرێتەدەر، چ بگا بەمە هەتا بتوانێ بە سەرکوتکردنی جەماوەری شێعە مەزەب و کوردەکان خەریک بێت. ئاکامێک کە لەم لێکۆلێنەوانە وەدەست هات جۆرە تەمرێمێکی خۆشخیاڵی بوو: زورتر هومێد لە واشنگتۆن لە سەرئەمە هەڵچنرابوو کە بە قەولی (مار)(ئەگەرشانس و بەخت یار بوایە، خودی سوپای ئێراق وەڕێدەکەوت و سەدامی حوسینی دەکوشت)لەگەڵ ئەم هەمووە ئەم سێ دەوڵەتەی ڕۆژئاوا لە عەینی حاڵدا فکریان دەکرد کە ئەگەر سەدام لە شەڕی کوەیت بەساخ و سەلامەت دەرچێت، دیسان لەمپەرو پەرژین و پاردەیەک لە بەرامبەر ئێران دەبێت،هەرچەند یش کە کزو لاواز ببێت- خولاسە وەکوو پێشگرو ڕێگرێک سودی لێدەکەوێتەوە، قازانجی دەبێت.
ئەم شێوە فکرکردنەوەی ئاڵۆز،لەم نێوەدا دوو ئاکامی بەڕەواڵەت تەواو دژی یەکی لەبەرچاو بوو: سەدام حوسین لاواز دەبێت بەڵام لەسەرکارو قودرەت دەمێنیتەوە،یان لەماوەی ئاڵۆزی و پشێوی شێعەکان وکوردەکان سەرنخوندەبەن، بەڵام فەرماندەرانی نیزامی سوننە مەزەب لەئاکامدا لەسەر ئەوی و بەسەر شورشگێراندا زاڵ دەبن. تەنیا خاڵی هاوبەش لەم (گەمە)یەئاقیدە بە پێویستی ڕاگرتنی کەمایەتی عارەبی سوننە مەزەب لەسەر پاڵنگدانی دەسەڵات بوو. (خەبەر)ی نەگوتراوی ئەم(سەرەتا)یە ئاقیدە بەبناخەو بنەڕەتی بەم عەمرە بوو کە ئێراق هەروا دورستکراوەیەکی دەستکردییە وبە ڕادەیەک لە عارەبی سوننە مەزەب زوڵمی چێژتووە،کەئەگەر زۆرایەتی شێعەمەزەبان و کوردەکان ڕاتڵەکانێکی توند و بەقوەت بەحکوومەت بدەن وڵات لەبەریەک هەڵدەوەشێ. بەڵام ئەم مەسەلە شتێک نەبوو کە لەپێشدا دیاری کرابێت، و پێشەکیەکەی پێکهاتبێت. بە ڕوانین و چاولێکردن لە ڕابردووی ناسکی ئیراق لە ماوەی حەفتاساڵ بوونی وی، بڕیاربە مانەوەی بە چەشنی مەوجودییەتەکی تەنیا،حیکایەت لە دڵ بەستنێکی کویلەیی بە پاراستنی سنوورەکانی(ناسراوی)نەتەوەیەکگرتوەکان هەبوو،کە شتێک بوو ناڕاست بێن-جگەلە

پێویستی بوونی پارسەنگێک لەبەرامبەر ئێران،هەتا لەحاڵ وئەحواڵیکدا کەئیران بەهۆی شەڕگەلێک لاواز ببوو، زێدەلەم بڕیارە لەبەر دڵی هاوسایەکان شەقەکیش لە ئێڕاق بدرێت.

ئێران وسووربیەو تورکیە بەردەوام ئیلاقەی خۆیان بە پاراستنی حاکمیەت و تەواوەتی سەرزەمینی ئێراق چەند پات دەکردنەوە،بەڵام ئەم شتانە (ڕەمزو ڕازی) دێپلۆماتیک بوو بی دەربڕینی دژایەتی لەگەڵ هەرشت کە لەسەرسەربەخۆیی کوردەکان بەڵگەهێنەرو ڕێنوێنیکەربیت- ئەم عەمرەهەتا خودموختاریش کە سەدام حوسین لە 1970 بەکوردەکانی دابوو دەباوەش دەگرت. ئەمەش شتێکی تازەو نوێ نەبوو: ئەم داخۆیانە چەندپات کردنەوەی ناوەڕۆکی پەیمانی سەعەدئاباد بوو،کە لەساڵی 1937 لەکۆشکێک بەم ناوە لەتاران گریدراو،کە ئەفغانستان و ئێران وئێڕاق و تورکیەیی دەستەبەر دەکرد کەلە سەرکوت ودنەدانێک وەکوو ڕوخاندنی حکوومەتەکانی هاوپەیمانی هەبوو هاوکاروئالیکاری بکەن. جگەلەئەفغانستان،نیگەرانی ودەڵەڕاوکەی وڵاتانی دیکەی هاو پەیمان، ناسیونالیسم-ی کورد بوو،کە نەخۆشیەک بوو کە لێکتریان دەگرتەوە، دەجا بۆ وڵاتانی هاوپەیمان کە ئەوچاخ خەریکی دامەزراندن وپێکهێنانی حکوومەتەکانی زۆر کەڵەکە وسەقامگیر بە وێنە وشێوەی ڕۆژئاو بوون بەشک وگومان ودوودڵی حیساب دەکرا. نوسلێک دوایی ئەم نێگەرانیانە لە( پەیمانی بەغدا) بۆخچەی کراوە کەلە سالەکانی دەیەی 1950 گریدرا،ولەدوای وەدەرکەوتنی ئێڕاق لە وی لەساڵی 1958 بە( بنکەی پەیمانی ناوەندی) نادێربوو.

سیاسەتمەدارانی دەوڵەتی بووش ئەم بابەتەیان بە ناوی ئەسلی بیروبۆچوون و ئاقیدەی خۆ، بەخۆیان قەبوڵکرد بوو کە(ئۆپۆزیسیون)ی ئیڕاق ناساندن و نوێنەرایەتی شتێک جیا لە لۆچێک بووکە بارانە، لاق لە شانۆی تیاترو دانان نییە، کە وەرگێڕکەی دەستی ئیران و سووربیە قەراریان گرتووە. ئەمە ڕاستە کە پەیوەندی سووربیە لەگەڵ ئۆپۆزیسیونی ئیڕاق، پەیوەنەیکە تەمەن درێژ،هەروا پەیوەندی ئیران- هەرچەند لەگەڵ گروپەکانی ڕەقیب. (کارگیڕان ودەسەڵاتدارانی عەرەبی سعوودی بەڕادەیەک لە چەقەو کیشەکە، دوور و هەڵبڕاوبوون کەلە پاییزی ساڵی 1990 لەو کەسایەتیانەیان لە ئۆپۆزیسیوندا قسەیان دەکرد کە سەردەمێک بوو مردبوون)ئێران جێگای متمانە نەبوو- ئەمە عەمرەێکی لازم بوو،سوربیەش بە پێچەوانەی بەشداریەکەی لە (بەرە)لە واشنگتۆن قورسایی ڕووتێکردنی نەبوو،چونکە سەرکۆماری کەلەشەقی وێ- حافزئەسەد-لەگەڵ سیاسەتەکانی جێگە داکۆکی ئامریکا- لە ئاشتی جیاوازیانەی لبنان و (جۆلەکە) ئیسڕائیل لەساڵەکانی ناوەڕاستی دەیەی 1980 بگرە هەتا تۆمەتبارکردنی وڵاتەکەی لەلایان واشنگتۆن بە پشتیوانی لە تڕوریسم، دژایەتیان کردبوو. لەم نێوەدا دەوڵەتی بووش بەردەوام نیگەرانی ئەمە بوو کە مەبادا جینارەکانی ئێڕاق پەیوەندی ئامریکای لەگەڵ ئۆپۆزیسیونی ئێڕاقی ناحەز لێک بدەنەوەو ئازانتی بکەن و بەم پەڵپ و بیانووە لە (بەرە) وەدەر کەون.

ئەمەی بۆ بووش گرینگایەتی هەبوو تورکیە بوو،کە تەنیا یەکگرتوی(ناتۆ)ی واشنگتۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. لە ماوەی ئەوڕژیمە زۆرانەی کە لە چوارمانگی دەیەی ڕابردوو لە ئانکارا هەودای دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتبوو،قایل ڕاگەتنی تورکیە زۆرتر مەسەلەیەکی ئیکجار زریف وگرینگ بوو، و

ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا هەموو تێکۆشانێکی کردبوو کەلە هەرجۆرە کردەوەیەک کە لە وی بە جۆرێک ئاوڕدانەوە لە ئارزوەکانی نەتەوەی کورد-لە هەرشوێنێک لە دەڤەر-لێکبدرێتەوە دووری بکات. تورکیە بەکۆتایی هێنانی شەڕی سارد،کەلە جەرەیانی وی ئەرکەکەی داکۆکی باڵی باکووری ناتۆ، لە بەرامبەر یەکیەتی شووڕەوی بوو، سەبارەت بە قازانج هەبوونی لەدوارۆژ،بۆ هاوبەشەکان ڕۆژئاوا تووشی ترس و نیگەرانی بوو. داگیرکردنی کوەیت لەلایان سەدام بۆ ئانکارا نیعمەتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو،بەڵام لە شانس و بەختی نەحس،ئەو کێشەکێشمە ڕووی ئاپۆرەی بۆ سەرمەسەلەی کوردەکانی خۆی وەرگێڕا،کە ساڵهابوو ببوو بە (تبو) - یانی بەتوندی قەدەغەو مەمنوع و یاساخ کرابوو باسکردنی باسی سەربوو- هاوبەشەکانی ناتوو بۆ ماوەی نزیک بە چل ساڵ لە سەر زۆری شکانی ماقی بەشەر لەتورکیە و کەم وکورەیەکانی دیکەی کاری دێموکراسی وی،بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ کوردستان،چاوپۆشیان کردبوو. ئانکارا هەرلە سەرەتای دامەزراندنی کۆمار لە 1923 بەزانین و هەڵسەنگان لە ترسی شوجاعەتی کەمایەتی بەرفرەوانی کوردی ناوەخۆی، لە پەیوەندی بنەڕەتی لەگەڵ کوردەکانی ئێڕاق دووری کردبوو. تورکیە لە 1984 بەم لاوە لەگەڵ شەڕی ناوخۆ لەکوردستان خۆی دەرگیربوو،کە تازە وەسەرپێ دەکەوت، و هەنۆکە لە ئاخرین پەڕی ناڕاحەتی ئاگاداردەبوو کە پەیوەندی لەگەڵ کوردەکان و پاشمەندی (ئۆپۆزیسیون) نیتی،و لەهەڵسەنگان لەگەڵ ئێران و سوورییە کە لە وەزیەتێکی ناجۆرداما‌بۆوە.

بەڵام سەرکۆمار ئۆزەل-یش بە شێوەی خۆی هەروەک ئاتاتورک خووخدەشکێن بوو. ئۆزەل، بەپێچەوانەی بێزاری و بێزلێهەستانێکی حیسابکراو کە ئاتاتورک لەپەیوەندی نزیک لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نائۆروپایی دەربیڕیبوو،لەگەڵ ئێران وئیراق-لەماوەی شەڕ-اردی هەودایەکی لێهاتووی قازانجی ئابووری بوو. سەدام حوسین لەسەرەتای ساڵی 1982لەحاڵێکدا کەهێزەکانی لەبەرامبەر هێزەکانی ئێران لەهەرد بزمارکوت ببوو بەهێزەکانی تورکی ئیجازەدا کەکوردەکانی شووڕشی تورکیەی کە لەناوچەکانی سنوور باشووری ئیراق وەکوو بنکە دژی ئانکارا کەلک وەردەگرت لەجەرەیانی بەدواداچوون هەتا ناوخاکی ئیڕاق وەدویان بکەوێت. لەگەڵ ئەم هەموو تورکیە سەبارەت بەهەرجۆرە ئاوڕدانەوەیەک کەلە دەرەوە بەکوردەکانی خۆی دەردبڕا، ئیکجار دوودڵ بوو. هەتا پێناسی ئەم کوردانەی لەلایان حکوومەتی حاشا کرابوو،هەتا بەو ڕادەیەکە دەسەڵاتدارانی تورک، لە بنەبانی گەران وسەرگەرمی وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوانیان بە ناوی (تورکەکانی کیوی) ناو دەبرد.
تورکیە بەڕادەیەک سەبارەت بە پەیوەندی ئەجنەبیەکان لەگەڵ کوردەکان-هەرکوردیک-لەشک وگوماندابوو کە کاتێک کە یەکێک لە دەسەڵاتدارانی مام ناوەندی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە ژوئینی 1988 تاڵەبانی قەبوول کرد هەتا سکالاکانی سەبارەت بە لەکارکردنی چەکەکانی شیمیایی ئێڕاق لەهەڵەبجە گوێچکە لێبگرێ،لەئامریکای گلەیەی وگازەندەکرد. مەبەست لە چاوپێکەوتنی تاڵەبانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەرەکی ئامریکا ئەمە بوو کە ئامریکا پەیامێکی ڕەخنەگرانەی وتوندی سەبارەت بەکەلک وەرگرتنی ئیراق لەچەکەکانی شیمایی بۆ وڵاتی ناوبراوبنێرێت- چاوەنواردەکرا کە ئامریکا کردەوەی

ئیراقی بە توندی ئیدانەو مەحکووم کات. ئەم کارگێڕەش نەزانین وناشارەزایی و نەفامی بەخەرج دا،هەروا بەدشانسی هێنا. تاڵەبانی کە ئینسانێکی زارهاوەڵایە، بۆخۆشی بەمە دەمدادێنێ،بۆ وتووێژ لەگەڵ چاپەمەنیەکانی چ کاتی لەدەست نەدا(ئەم کارەی تاڵەبانی بە ڕوو ڕێکردنی لە سیاسەتی هەڵسەنگاوی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە بەرتەسک کردنەوەیەکی توند بۆ دانی ویزا بە ڕێبەرانی کورد دەرک دەکرا)ناڵەباری کارئەمە بوو کە دەسەڵاتداری ئامریکایی ئاگای لەمە نەبوو و پێ نەحەسیابوو کە سەرکۆمار کەنعان ئورن-یش لە واشنگتۆنە.( اوران) سروشتیە لەم جەرەیان دڵ ئێش بوو.
جورج شولتن وەزیری دەرەوەی کاتی -ش لەم بابەتە ناراحەت بوو: ئەو پێیخۆش نەبوو بەتایبەت کاتێک لاقی یەککرتوەکی ئامریکایی لە ناتۆ لەنێودایە کارەکی ئەوها بکرێت. ئەو بە توندوتیژی و ناراحەتی حاشای لە بوونی دەسەڵاتداریکی ئەوها و چاوپێکەوتنی لە تاڵەبانی کرد. ئەوهەی لە بیروڕادابوو ئەمە بوو کە وەبیرهێنانەوەیەک بە ئیراق بێت هەنۆکە تەلاسابوو و ئاکامی بەپێچەوانە لێ کەوتەوە، و ئێراق لە ئەوتی ئەوساڵیدا دیسان لە کۆمایەکی زۆری گازی شیمیایی دژی پێشمەرگەکان و ناچەکداریانی خەڵکی ئاسایی کورد کەلک وەرگرت. هێندەێک لە کارگێڕانی وەزارەتی دەرەکی ئاقیدەو بۆچوونیان ئەوها بوو کە ئەم ڕووداوەی سەدام حوسینی ئیقناع کرد بەمە کە هەر کارەێکی کە بکات بێ ئارەقە لە مەعرەکە ڕزگاری دەبێت- و هێرش بۆ سەرکوەیت و داگیرکردنی وێ لە چواردەمانگی دوایی یەکێک لەم کردەوانە بوو.

تێبینی:چاخێک لەساڵەکانی دەیەی 1960 تورکیە سەبارەت بەرنامەی کوردی کەلە ڕادیوی(صوت العرب) بلاودەبۆوە(وئەم ڕادیویە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لایانگروجامینخوازی هەبوو) گلەیی کرد، وناسر چوو ناوقسەکانی دیپلۆماتی تورک و لێی پرسیارکرد( مەگین ئێوە لە وڵاتەکەتان کوردتان هەیە؟) کاتێک دیپلۆماتی تورک گوتی کە فەرمی کوردی لینین،ناسر گوتی :( کە وایە بۆچ گلە وگازەندە دەکەن؟)
گلەیی وگازەندەی تورکیە بێ گومان لە وەزارەتی دەرووەوە گویچکەی لێ هەڵنەخرا. هەربەمجۆرەی دیپلۆماتێکی ئامریکایی دواییەکان گوتی(پەیوەندی فەرمی لەگەڵ کوردەکان دایم ودەرهەم مەسەلەی وڕووژاو کەربوو) و هەنۆکە چ کەسێک خوازیاربەم کارەنەبوو، وچاخێک هەڵ و مەرج لەنباخەوە گۆڕانکاری بەسەرداکات دیسان ئەم مەیلە لەگۆڕێ نەبوو. لە ماوەی هەڵاو بەزم و چەقەو گوڕەی کوەیت سەرچاوەکانی گەورەی ئیستخباڕاتی کورد و سەرچاوەکانی دیکەی خەبەری بەڕادەیەک لەم هەلس وکەوت و ڕەفتاری وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا گێژوسەرسام و عەبەساو بوون کە دەنگۆیەک کە لەسەرزوانان بوو باوەڕیان دەکرد: ئەم دەنگۆیە دەیگوت: سەرکۆمار فەرمانی داوە کەتەنیا دەست و پەیوەندی ئیستخباراتی ئیجازەیان هەیە لەگەڵ ئۆپۆزیسیونی ئێراق لە پەیوەندی دابن.

تێبینی:1-ڕێبەرانی کورد بە ڕادەیەک(ناویستراو)بوون کە بازیک لە باڵویزخانەکانی ئامریکا- هی وەکوو باڵوێزخانەی ئامریکا لە دێمشق-کە لە نەزەر دێپلۆماتیک زۆرکارتێکەربوو و دێمشق شارێک بوو کە دەویدا

کوردەکانی ئێراق و هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیون نوسینگەیان هەبوو، لە پویوەندی لەگەڵ وان دووریان دەکرد. دەسەڵاتدارانی (نوسینگەی کارو باری ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئاسیا) پێداگر بوون لە سەرئەمە کە سیاسەتێکی ئەوها لە ئارادا نەبووە، بەڵام لە ڕاستیدا هەروەک بۆهەر پەیوەندی گرتنێک لە سەر بناخەی (هەنگاو بەهەنگاو و مەتڵەب بە مەتڵەب) بڕیاردەگیرا، ئەم کارە لە مانادا شتێک جیالەمە نەبوو،ڕیبەرانی کوردی کەلە پاریس تێدەپەڕین بۆ دەست وێراگەین بە باڵۆیزخانەی ئامریکا مەجبوور بوون دەبوایە بەکەسانیکی وەک نووسەری ئەم کتێبە دەستەودامین ببوان... وەرگرتنی ویزای وارد بوون بە ئامریکا ئیدی جێگای خۆی هەبوو.

لە ئەوتی 1990 کاتێک عەرەبستانی سعوودی بوونی هێزەکانی ئامریکایی لە خاکی خۆی قەبووڵ کرد،بەدڵگەرمی سەرکۆمار ئۆزەل،تورکەکان ئەوەڵین کەسانێک بوون کە بە (بەرە)لەژێر ڕێبەری ئامریکا لکان،سەرکۆمارئۆزەل دەست و جێ شالوولەیەکی کە نەوتی ئێڕاقی لەخاکی تورکیە بە مەدیترانە دەگەیاند،بست-کە ئەمە بۆخۆی بڕیارێکی گرینگ بوو، ئەگەر چ تورکیە مەجبووربوو بە ڕێگری نەتەوەیەکگرتوەکان دژی ئێڕاق هاوهەنگاوی بکەن، بەڵام ئەم دەنگدانە لەم چرکە دا واشنگتۆنی لە هێنانەدی هاوپێمانان ئیکجارئالیکاری کرد. ئۆزەل بۆ ناردنی ژمارەیەک لەهێزەکانی بەرگری دژی ئاسمانی ناتۆ،بۆ تورکیە پێی دادەگرت،وهیزەکانی تورکی کەلەبەرامبەریەکیەتی شووڕەوی نشتەجێ ببوون بۆ سنووری ئێراق نارد وبۆ هاسانکاری عەمەلیاتی ئاسمانی دژی ئیراق بە هێزەکانی ئامریکای ئیجازەدا لە بنکەی (ئەنجیرلیک) کەلک وەرگریت. ئەوهەتا قایل بە ناردنی هێزەکانی تورکیە بەعەرەبستانی سعوودی و بەشداری ئەم کەرتانە لەشەڕی هەردی بوو وتەنیا دەست تێوەردانی ستادی ئەرتەشی تورکیە،کەهێزێکی زۆری وڵاتە،ئەوی لەم کارە گیراوە. بەمجۆرە دووری لە دەرگیری لەکاروباری پارێزگاکانی پێشو ئەمپەڕاتوری عوسمانی، کە بۆ بنکەکانی نیزامی و نانیزامی وڵات ڕوخساری ئەسلی ممبارکی بەخۆوەگرتبوو بە ئەنقەست پێ شیل کرد.  بنچینەیەکیش کە ئاتاتورک لەبابەت بڕیارگرتنی بێ لایان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربڕیبوو لە زبڵدانی مێژوو هاویشت: یانی ئەسل(ئاشتی لەناوخۆ و ئاشتی لەگەڵ دنیا)تورکەکان ئەم کەمتەرخەمیان سەبارەت بە جینارەکان باکووری لە چوارچیوەی دەستەواژەی لاواز(عارەبی مارماتیلکەخۆر) دەردەبڕین.

لەگەڵ ئەم هەموو لەحالێکدا کە واشنگتۆن لە ترسی لالووتی تورکیە لە هەرجۆرە پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی ئێراق خۆی دەپاڕاست،ئۆزەل بۆخۆی لە فکری وەدیهێنانی پەیوەندی لەگەڵ ئەوان بوو. لە چ خولێک چ دەوڵەتێکی ڕۆژئاوا  ڕووی لەم خاڵە نەکرد، کە ئەو ئۆزەلەی کە ڕەچەی ممبارکی ئاتاتورکی بە قازانجی بەرە شکاند بوو لەوانەیە بتوانێت(تبو)یەکیش  لە پەیوەندی لەگەڵ کوردەکان تیک بشکێنێت، بەڵام ئەمە بەوردی هەرئەوکارەیە کە ئۆزەل کردی.

ئۆزەل مرۆڤێکی ئیکجار دەماوەرو قسەبرژاو بوو. ئەو هەرلەسەرەتای ئالۆزی و پشیوی کوەیت ڕایگەیاند کە سەدام حوسین دەبێ لە دەسەڵات بهێنرێتەخوار. تورکیە وەکوو تەنیا جیناری ئێراق کە پەیوەندی لە گەڵ ئۆپۆزیسیون نەبوو بەچەتوونی دەیتوانی ڕوو بەڕووبونەوەیەکی گۆشەگیرانەو ئاویتە بە بێ بایەخی واشنگۆن لاسابکاتەوە و لە سیاسەتی ئیراق بێ ئاگادار بمێنێتەوە. ئیراق بی سەدام حوسین دەرگای ئیمکاناتی زۆری بەڕووی تورکیە دا دەکردەوە: یەکێک لە بەدواچوونی ئەم جەرەیانە ئەمە بوو کەلەگەڵ هەرکەس کە لەم 206 میل سنوور لەولات ئەمنیەت باشتربکات،باشترین پەیوەندی هەبێت، و ئەم وێچوونە ئامازە بە کوردەکانی ئێراق، بەتایبەت مەسعوودبارزانی و پارتی دێموکراتی کوردستانی ئەو بوو. و ئەمە بۆخۆی بەمانای ئیلاقە بوون بە چاوپیکەوتن لەگەڵ لێژنەی ڕیبەری کوردەکانی ئیراق بوو.

لە کۆتایی ژانوییەی 1991 ئەمن بەنەزانین لەم بڕیاری ڕوخسار شکەنانەی ئۆزەل بەشیکم بەڕیوەبرد. ئۆزول عادەتی بوو نیوساعات زێدەتر لەگەڵ هاواڵدەران وتووێژی نەدەکرد،و لەم وتووێژەش کارگێرانی ئیستخباڕات یەک بەدوای یەک وەک خەتی زنجیرەی فاکتۆڕی، دەچوونە ژوور-بەمجۆرە زورترینی ئاخافتن هەربۆخۆی دەیکرد و کاتی بۆ پرسیارکردن و کێشانەدەری بابەتەکان نەدەهێشتەوە، ولەم بارەوە ئەم جۆرە وتووێژانە بەپێچەوانەی وتووێژەکانی جەماوەری کە جێی خۆشحاڵی چاپەمەنیەکانی تورک بوو، شتێکی ئەوهای بەرهەم لێنەدەکەوتەوە. لە ماوەی یەکێک لەم وتووێژانەی بەتاڵوکە ئەمن لەگەڵ سەرجەمی ئەم هەڵ ومەرجە بوخچەی پرسیارەکم کردەوە: لەویم پرسیارکرد کەبۆچ بەردەوام دووپات دەکاتەوە کە تورکیەکوردستانی سەربەخۆ لەباشووری ئێراق قەبووڵ ناکات؟ تازە لەدێمشق گەڕابوومەوە،لەوێ کە تاڵەبانی و کوردەکانی دیکەی ئێراق بە تووڕەوتۆسنی شتێکی ئەوهایان حاشا دەکرد، ولاقیان لەسەرئەمەدادەگرت کە دەزانن خودموختاری لەچوارچیوەی ئیراقی دێموکراتیک ئاخرین شتێکە کەدەتوانێت هیوای گەیشتن بەویان هەبێت. لە ئۆزەلم پرسیارکرد، ئەگەرکوردەکانی ئێراق بتوانن خودموختاریە کەیان بە دەوڵەتی ناوەندی لە دوایی سەدام لەسەرکورسی دابنیشینن، وسنوورەکانی بەباشی گرێبدەن،بۆچ دەبێ ئەو لەگەڵ شتێکی ئەوها دژایەتی نیشان بدات؟ ئۆزەل بەدەربڕین وگوتنی بابەتێکی نارِوون سەبارەت بە پێکهێنانی فیدڕاسیونێک لەگەڵ کوردەکانی ئێراق بە پرسیارەکەمی وەڵام داوە، بەڵام کاتی دیاریکراو کۆتایی پێهاتبوو ناچار لە هۆدە هاتمەدەر.

ڕۆژی دوایی کایاتۆپڕی،قسەکەری ئۆزەل و بەرپرسی پێشووی ئیدارەی چاپەمەنیەکانی وەزارەتی دەرەکی ئەمنی دۆزیەوە وبە شێوەیەک کە هاواڵدەرێک ئارەزوبکات محیبەتی کرد، وگوتی: (پرسیارەکانی تۆ دڵرکێشتر لە وڵامەکانی سەرکۆمار بوو. ئێوەفکردەکەن کە باشتربێت کە ئێمە لەگەڵ کوردەکانی ئیراق وتووێژ بکەین؟ گوتم (ئەمن هاواڵدەرم...نەک دیپلۆمات) باشم دەزانی کە هەتا دۆستی تێگەیوی وەک تۆپڕی سەبارەت بە هاواڵدەرانی دەرەکی دوور لە شک وگومان و دوو دڵی نییە کە لەسەر زارو زوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێی کردۆتەوە:

ئەم خەڵکە هاواڵدەریان سەروە جێگایەک دەزانن. بەشێوەیەک کە وەدیهێنانی چ جۆرە دەستەبەرێک بە کەسینی خۆم نەکات گوتم چاوپێکەوتنێکی ئەوها ڕەنگە پێویست نەبێت، و لە ڕاستیدا لەوانەیە بە

قازانجیشی بێت. لەگەڕانەوە بۆ ئۆڕوپا،کە هەرئەوهێندە ڕەخسا بوو لە فڕۆکەخانە فڕۆکەبۆ چوونە تاران بگۆڕم، خاڵەکانی گرینگی پەیامی پەیوەندار بە بابەتەکانی گشتی قسەکانی تۆپڕیم بە پەیام وەرگری تەلەفونی یەکێک لەنوێنەرانی کوردەکانی ئێراق لە لەندەن ڕاگەیاند. هۆکاری گەورەی کە حەوتوویەک بارزانی ئەمنی لە چیاکانی(رایان) قەبووڵ کرت، بە مەبەستی دووپات کردنەوەی ئەم خەبەرە بوو کە حیزبەکەی سنووری بە ڕادەیەک ئارام کردبوو کەلە شۆرشی ساڵی 1961 باوکی بەم لاوە ڕابردووی نەببوو.

ئەمەکە ئاخۆ ئۆزەل کاتێک دەستی بەکردەوە کرد ئاخافتنەکانی دەست و پێ شکاوی بارزانی لە واشنگتۆن پۆست بڵاو بۆوە،جێگای باس و قسەلەسەرکردنە. (هەتا ئەگەر ئەوهاش بووبێت. بەدوای ئەمە کە ئۆزەل بۆخۆی لە 11ی مارس لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کوردەکان پەردەی لادا، دیسان ڕۆژنامەکانی تورکیە کە لە گەڕان بەدوای ڕاستی تەنگ وچەڵەمەیان نەدەناسی نووسیان کە ڕۆژنامە نووسێکی ئامریکایی کە پەیوەندی لەگەڵ (سیا) هەیە ڕۆڵێکی گرینگی لەمەسەلەکەدا گیڕاوە. بەخۆشیەوە ناوی منیان نەهێنابووە). بەڵام لەحەوتووی دوایی کەهێشتا حەوتووەک لەشەڕی هەردی تێپەرنەببوو ئۆزەل بە واسیتەی دوو ڕۆژنامەنووس تەکانێکی بە ڕووداوەکە دا، کە بوو بەهۆی بانگێشتن لە ڕیبەرانی کورد، کە بەنهێنی سەردانی ئانکاڕابکەن،ئۆزەل بۆ وتوویژو چاوپێکەوتن ئامادەیەکی تەواوی هەبوو. زۆرپێشتر لەگەیشتنی کوردەکان بەئانکاڕا بە وەزارەتی دەرەوە و تۆپزی عەمرکردبوو کە بەڵگەو دیکۆمەند پەیوەندار لە ئارشیڤی دەوڵەتی بێنیەدەر. دوایەکان بەمنی گوت:(سیسەت چوارسەت لاپەڕەم خویندەوە، لە لە بەڵگەوسەندو ڕۆمان بگرەهەتا ڕابردووی عوسمانی، و وتوویژی کۆمەڵگای نیودەوڵەتی و پەیماننامەی (لۆزان) هەروەک پێشتر گوتم لەهی دوایەکەی یانی پەیماننامەی لۆزان، بە فەرمانی ئاتاتورک ناوێک لەکوردان نەبردرا،وکوردەکان لەو کات فەرمی لە بەرنەزەر فەرامۆوش بوونە و لەبیرچوونەوە.

یەکێک لەو دوو هاواڵدەرەانە کە گوتم (گنجیرچاندار) بوو،کە لەکاتی نشتەجێ بوون لە بێروت لە ساڵەکانی دەیەی 1970 بە چلۆنایەتی دونیای عەرەب ئاشنایی وئاگاداریەکی نزیکی پەیداکردبوو. هێندیک لەدوای داگیرکردنی کەوەیت لەلایان ئێراق ئۆزەل وچاندار کە بەرێ یەکتریان دەناسی لەگەڵ یەکدی چاوپێکەوتنیان کرد، ئەم چاوپێکەوتنە چەندپات کراوە. لەم سەردانانە سەرکۆمار بەشێوەیەکی تایبەتی بەچانداری گوت کە بەڕەواڵەت ئەوشتێک دەنوسێ کە ئەو،یانی ئۆزەل،هەیشتا فکری لەوان نەکردۆتەوە. ئەم دووە بەتایبەت لەبابەت پێویستی فڕیدانی میراتی ممبارەک بڵام ڕزیوی ئاتاتورک وچارەسەری مەسەلەی خودی تورکیە، و لێکدانەوەوبەسەرداچوونەوەی سەرلەنویی پەیوەندی لەگەڵ جینارەکانی عاڕەب، پێکەوە بیروبۆچونێکی هاوبەشیان هەبوو.

چاندارهەروا دەیتوانی وەرگرتن و هەڵبژاردنی جێ نشینێک بەوێچوون بۆ سەدام حوسین،قازانجی هەبێت،و ئەم بەرنامەیە بەمانای وتوویژ لەگەڵ کوردەکانی ئێراق بوو. زۆرتر بەم هۆکارە کە سەرکۆمار ئۆزەل بە هۆی دڵ پیوە بوونی پاکانەی وەزارەتی دەرەوە بە بەرنامەی ئاتاتورک، متمانەی بە وەزارەتخانەی ناوبراو نەبوو، چاندار بە پەسەندکردنی وی ئیجازەی وەرگرت لەکوردەکانی ئێراق لە لەندەن سەبارەت بە هاتنیان بۆ ئانکارا بۆ وتوویژ لەبارەی(داهاتوو) قسەیان لێ وەربگرێ. و ئەم فیڵەی قەدیمی لەگەمەی هاواڵدەری، کارتێکەر بوو. چاندارکەسێکی لە لەندەن نەدەناسی، بەڵام لە16ی فۆریە سەرکەوتوو بوو لەگەڵ یەکێک لە ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیونی ئیراق، بەناوی ئەحمەد چەڵەبی چاوپێکەوتنی هەبێت: چەڵەبی بانکداری شێعە مەزەب و لە سەردەمی لاوی لە دەیەی 1970 لە لە ماوای ویدا ژەنەراڵ بارزانی لە کڕینی چەک و چۆڵ و تەقەمەنی یارمەتی دابوو لە دۆستانی پاک وبێ گرێوگۆڵ و بەوەفای کوردەکان بوو.
کاتێک چاندار مەسەلەکەی لە گەڵ چەڵەبی هێنا گۆڕ، چەڵەبی تەلەفوونی بۆ تاڵەبانی کرد، کە ئەزقەزا ئەوکات لە لەندەن بوو. ڕۆژی دواتر چاندار لەگەڵ تاڵەبانی و موحسین دزەیی، نوێنەری بارزانی لە لەندەن، چاوپێکەوتنی پێکهینا. لەسەردانی ناهیواداری مانگی ئەوتی ڕابردوو تاڵەبانی لە واشنگتۆن، ڕیبەرانی کورد بە ڕادەیەک لە بابەت دژایەتی تورکیە لەگەل خۆیان لێ یەقین بوو کە خۆیان لە پەیوەندی لەگەڵ ئۆزەل ماندو نەکردبوو. بەڵام لە حاڵێکدا کە شەڕی هەردی لە حاڵێکدا دەستی پێکردبوو تاڵەبانی و دزەیی پێخۆش بوونی خۆیان بو سەردان لە تورکیەدەربڕی.
ئەم وەرچەرخانە جێگای سەرسوڕمان نەبوو. شەوی پێشتر کامران قەرەداغی لە ئەستانبۆڵ بۆ تاڵەبانی تەلەفوون کردبوو. کامران قەرەداغی لە کوردەکانی ئێڕاق سەرنووسەری دەرەکی ئەلحیات بوو،کە ڕۆژنامەیەکە هی سعودیەکان لەلبنان بوو، وتازە لە وتوویژیەکی نەوەد دەقیقەیی لەگەڵ ئۆزەل تەواو ببوو- ئەم وتوویژەی نەوەد دەقیقەیی شتێکی زێدەپاروو بوو. قەرەداغی بە سەرسوڕمانەوە بە پرسیاریک لەلایان ئۆزەل ڕوو بەڕوو بوو. لەم وتوویژە ئۆزەل بە کاوەخۆ بۆ پرسیارەکانی گوێچکە هەڵخستبوو، وزۆرکەمی قسەی دەکرد، ولە ئاگاداری خەبەرەکانی دەستی ئەوەڵی قەرەداغی کەلک وەردەگرت، وپرسیارەکانی سەبارەت بەکوردەکانی ئێڕاق و ڕێبەرانییان باس لێوەدەکرد، وئەمە کە ناوچەی دانیشتنیان لەکوێیە- وبەم مەبەستە نەخشەیەکی (لە کشوی میزەکەی) دەرکێشا. ئۆزەل پێی سەیربوو لەم بارەوە کە کوردەکانی ئێڕاق ئیجازەیان هەیە لە زوانی خۆیان کەڵک وەرگرن، و بە زوانی خۆیان بنوسن، و زانستگای خۆیان هەبێت.
ئۆزەل بەقەرەداغی گوت: تورکیە دەتوانێت پشتیوانێکی باش بۆ کوردەکان بێت، و ئەمەی لێ زێدەکرد: (داواتان لێدەکەم بە کوردەکان بلێن بە من متمانە بکەن) لەم نێوەدا دەزاری دەرپەڕی کە نەنکی کورد بووە و لەبیرو رایٚ دایە بەخێرا (ئەوقانوونە) بەدناوەی کە کەلک وەرگرتن لەزبانی کوردی یاساخ کردووە ومیراتی ڕژیمی نیزامی ساڵەکانی 1980- 1983یە باتڵ وبێ بایەخ ڕاگەێنێت. کاتێک ئۆزەل لەپەیوەندی نێوان کوردەکانی ئێڕاق و حیزبی کریکاری کوردی تورکیە(پ.ک.ک.) پرسیاری کرد، قەرەداغی بە ئیشتای

خۆی وەڵام داوە:( ئاغای سەرکۆمار ئێوەبۆچ لەگەڵ ڕیبەرانی پێشمەرگە وتوویژ ناکەن؟ ئەمن لیّم یەقینە کە ئەوان پێیانخۆشە دەست وجێ لەگەڵ ئێوە چاویان پێک بکەوێ.)
ئۆزەل شتێکی نەگوت، بەڵام بێ گومان بەلێڕوانین بە ئەنجامدانی شتێکی بێ وێنەی چاندار چاوەکی ماناداری لەتوپڕی کرد، کە لە وتوویژ یاد دداشتی هەڵدەگرت. جیالە مەتڵەبی ئاسایی و ڕۆژانە ئەومەتالیبەی پەیوەندار بە وتوویژ لەگەڵ کوردەکان لەلیستی وتوویژ سترپیبۆوە. قەرەداغی لەمانگی دیکە لە مانگی ئۆکتۆبەر لەگەڵ ئۆزەل چاوپێکەوتنی ئەنجام دابوو، و ڕێبەرانی کوردی ڕاسپاردبوو لەگەڵ ئانکاڕاپەیوەندی بگرن،بەڵام ڕیەرانی کورد بەم بیروبۆچوون وئاقیدەیە کە تورکیە دوژمنەکی سەرسەخت و نەرم نەبووە، کاری نەکردبوو، کاتێک ئەم وتوویژەی دووەم کۆتایی هات قەرەداغی یەکسەرە بۆ مێوانخانەگەڕاوە وبۆ تاڵەبنی لە لەندەن تەلەفون کرد،وگوتی:(لە (ئۆزەل )م ویستوە لەگەڵ ئێوە پەیوەندی بگرێ- ئاخۆ قایلن؟)-هەڵبەتە کە قایل بوون. تاڵەبانی بەقەرەداغی گوت کەفەرمی بەئۆزەل بڵێ کە ئەو وبارزانی پێیانخۆشە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە چاویان پێک بکەوێت(کەدوایی لەجیاتی بارزانی موحسین دزەیی چوو، کە کەسایەتیەکی جێگا ئیحتوباری ئەو بوو). قەرەداغی ڕۆژی دوایی بەرلە هەڵفڕین بۆ لەندەن بە توپری تەلەفوون لێدا هەتا پەیامەکەی بە وی ڕابگەێنێت،بەڵام توپری لەماڵ هاتبوودەر. وئەمەی لەپاش حەوت دەیە یەکەمین پەیوەندی کوردەکان لەگەڵ تورکیە حیساب دەکرا یادداشتێکی کورت بوو بە زبانی ئینگلیزی کە قەرەداغی لە پاکەتێک بە ناوی(تایبەتی ونهینی) بۆ توپری دانابوو.
حەوتووەک تێپەڕ بوو هەتا توپڕی بە قەرەداغی ڕاگەیاند کە دەوڵەتی تورکیە حەزدەکات لەگەڵ کوردەکانی ئێراق، ئەگەر لەکردنهاتووبێ لەلەندەن یان ئیستیکهۆڵم دانیشتنی هەبێت،بەڵام خولاسە بەرلەیازدەی مارس، کەئۆزەل خەریکی سەردان بۆ مەسکۆ بوو. هەردوولا لەئاکامدا لەسەرچاوپێکەوتنێک لە ڕۆژەکانی 8و9ی مارس لە ئانکارا ڕیککەوتن. ڕەوشوین وابوو دەبوایە کوردەکان بە مەبەستی ئالیکاری ئۆزەل بۆ وەدەست وێڕاگەین بە واشنگتۆن لەسەرئەنجامی چاوپێکەوتنێکی دەست بەجێ لاقیان قرساندبوایە، چونکە متمانەی پەسەندکردنی ئامریکا بۆ قەبووڵ ئەوان لەلایان کۆمەڵگای نێونەتەوەیی عەمرێکی بنەڕەتی بوو. ئەگەر توندوبەتاڵوکەتر جۆلابانەوە و بزوتبوان ڕەنگە توانیبوایان بەرلە دەست پێکردنی(ڕاپەڕین) لە پێنجەمی مارس،لەگەل ئۆزەل یەکتربدینن، وبەم شیوازە لە زۆرتری لێک حالی نەبوون و گێرەشیوێنی دووری دەکرا. لە بەرامبەرئەم کارە تاڵەبانی سەرەتا بۆ واشنگتۆن چوو،بەم هیوایە کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکای ئیقناع بە هەڵگرتنی ئەم ناڕەواکردنە بکات کەلە سەرپەیوندی کوردەکان دانرابوو،و ڕێگای پەیوەندی و ئامۆشۆ لەگەڵ ئانکارا بکرێتتەوە. هەروەک چاوەڕوان دەکرا کە کوردەکان جارێکتر ڕیگا بە پێچەوانە ڕۆیبوون. ڕیبەرانی کورد هیچ کات بەم عەمرە هەڵنەستان کە شۆڕشی کاتێک وەڕێبخەن کە شەڕی زەمینی لەگەڵ ئیراق هێشتا لە جەرەیان دابوو، کارەکی ئەوها جەسوورانە،هەروەک یەکێک لە دیپلۆماتەکان بە ئەزموون ئامریکا گوتی، لەوانە بوو بە قازانجیان تەوابێت: لەو حاڵیدا(یەکەکانی ئیراقی دژی کوردەکان واردی ئۆلکەی کردەوە دەبوون، و بەمجۆرە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەوان بۆ شوارتسکف کارێکی سروشتی و ڕەوا بوو،ئەوکات بە پەسەندکردنی

دەسەڵاتدارانی باڵا ئاتاجی نەبوو، هیزەکانی ئاسمانیش حەزی دەکرد و بە خۆشحاڵیەوە کارەکەی ئەنجام دەدا)دێپلۆماتی ناوبراو لە بەردەوامی قسەکانی دەگوتی:(ئەگەرکوردەکان زانیبوایان ئێمە چ دەکەین، دنیا هەڵبەتە ئیدی گیروگرفت و تەنگ وچەڵەمەی نەدەبوو) بەڵام سەرلادان و جواب نەدانەوەی ئامریکا لە پەیوەندی لە گەڵ کوردەکان پێشگیری لە گەیشتن بە ئاکامەکی ئەوهابوو. بەمجۆرە هەل و شانس وەدیهێنانی ئاڵەگۆڕ لە ئیراق لە دەست ڕۆیی.
لە نەبوونی ئەم ڕووداوە، دەوڵەتی بووش هەروا بە بیروبۆچوون وئاقیدەی ڕزیوەی خۆی وەنووسابوو- وئەم مەسەلە بە پێچەوانەی ڕاگەیاندنی ئاگاداریەک بوو کەلە چرکەکانی دوایین سەری هەڵدا. ئابراموتیس کاتێک کە هەستی کرد لە ئانکارا چ ڕوودەدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی تێلگراف لێدا کە چاخی ئەوەهاتوە کە لە گەڵ کوردەکانی ئیراق وتوویژ بکرێ،بەتایبەت ئەگەر بەشیک لە گشت لێژنەی نوێنەرایەتی بن،کە هەموو ئۆپوزیسیونی ئیراق لەباوش دەگرێ،و هەڵبەتە پیشتر جەرەیان بەم ڕێووشوێنە بە ئاگاداری تورکیە ڕاگەیاندرابوو. ئابراموتیس، دوایەکان گوتی کە دەسەڵاتدارانی وەزارتی دەرەوە کە ئەم وتوویژی لەگەڵ ئەوان هەبوە، بەسەرنج بەمە کە ئەو لە ڕابردوو لە ترسی دل ئێشی تورکیە لەگەڵ ئەنجامدانی ئەم پەیوەندیانە دژایەتی کردوە، پێکەنیون و پرسیاریان کردوە(ئەتوو چیت لێهاتووە؟)ئەم نەبوونی حساسیەت، یەکێک لەم هۆکارەبوو کەلە واشنگتۆن بە گنخاندن لە دەربڕینی دژکردەوە لەبەرامبەر ئاڵوزیەک کە دەهات وەسەر پێ دەکەوت ئالیکاری کرد.
کاتێک لەڕۆژەکانی نۆ هەم و دەهەمی مارس تونگای ئۆزچری،جێگری وەزارەتی دەرەوەی تورکیە،تاڵەبانی وموحسین دزەیی لەمیوانخانەی سازمانی ئیستخباراتی تورکیە وەرگرت،کوردەکان وتورکەکان هیچ کامیان کەمتری ئاگاداریان لەمە کە بزوتنەوە لە سەردەرانەی هەرس هێنانە،نەبوو،ئوزچری لەو جەنگەیی کە لە قسەکانی ڕیبەرانی کوردی گوێچکە هەڵخستبوو،کە بە شایەلەخانە لە دوایین دەسکەوتەکانی پێشمەرگەکانیان لە ئیراق دەئاخافتن، ولە هاوکاری لەگەڵ تورکیە قسەیان دەخویی وەردەدا،(ئاگاداری مەسەلە)بوو: کوردەکان خوازیاری یارمەتی تورکیە لە کۆمەڵگای نیودەوڵەتی، بەتایبەت ئیقناع کردنی ئامریکا بە هەڵگرتنی تەحریمی وتوویژ لەگەڵ ئەوان بوون. شکاندنی(تبۆی) ئاتاتورک کە شەڕی سارد کۆتایی هاتبوو وتورکەکان لەگەڵ دوژمنانی دیکەیان لە ئەرمەنستان خەریکی وتوویژبوون، بەرئاقڵانەی دەنواند. ئۆزچری بە ڕاسپاردنی ئۆزەل بە دێپلۆماتەکانی هاوکاری- کە ئاقیدەیان بەم جەرەیانە نەبوو- موافیق بوو: ئۆزەل گوتبووی:( لەسەردەمێکدا کەهەموو پێکەوە وتوویژ دەکەن ئێوەش دەبێ لە شانەی خۆتان بێنەدەر.)
ئۆزەل لە دوای یەکەمین چاوپێکەوتن ئۆزچری لەگەڵ کوردەکان دانیشتنێکی لە ئەندامانی ئەسلی کابینە لەگەڵ بەشداری کردنی سوپاسالاری ئەرتەش پێکهینا، و ئەوانی لە جەرەیانی ئەم ماسەلەی باس هەڵگر، ئاگادارکرد. ئەو لەم دانیشتنەدا کاریکی کرد کە سەرەتا ئەوان بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕن،کاتێک بەپەسەندکردنی فکرەکەی یارمەتی دەربوو: ئەو بەم بەڵگەو دەلیلە کە تورکیە هەروەک لە داکۆکی لە کەمایەتیەکانی تورکی بوڵغارستان یان قبرس قازانجی هەیە لە داکۆکی لە خزماتی کوردەکانی خۆی

لەئیراق قازانجی هەیە، ناسیونالیستەکانی دەمارگرژی کەلەگەڵ ئەم جەرەیانە دژیایەتیان دەکرد چەک کرد. لەگەڵ ئەم هەمووە چاخێک کە ئەوهەنگاوی کە هەڵیگرتبوو ئاشکرای کرد، دەزگای کاتی دەوڵەتی تورکیە و چاپەمەنیەکانی تورک هەستیان بەمەترسی کرد. بەڵام لە سەرئەمەش لە دوای یەک دوو حەوتوو ئۆزەل دیسان بەڕاشکاوی و ئاشکرا ڕیبەرانی کوردی ئێراقی بۆ دانیشتن قەبوول کرد- ئەندامەنی دەیکەی دەوڵەتی تورکیە و سیاسەتمەدارانی(ئۆپوزیسیون) یش ئەوهایان کرد. ئۆزەل بە وادەو قەولی خۆی وەفاکرد، دەست و جێ دەوڵەتی بووشی ڕاسپارد کەلەگەڵ کوردەکان وتوویژ بکات.

ئابراموتیس لەگەڵ ئەو هەمو ئاگاداری و زانیاریەی کە پێشتر لە مەڕ ئەم مەسەلە هەیبوو، سەرکەوتوو بە دۆزینەوەی ناوەڕۆکی ئەم هەنگاوە نەبوو کە ئۆزەل لەم بەرنامەدا کردی. ئەو کەلەم بابەتە کە ئۆزەل ئەوی لە پێشدا ئاگادار نەکردوە دل ئێش بوو،لە ڕیگای چاپەمەنیەکان لە چاوپێکەوتنی دزەیی و تاڵەبانی ئاگاداربوو. وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە ڕاستیدا لە شەرمەگیلاخەی ئەم جەرەیانە دا نەبوو: دژکردەوە سەر ڕاستەکەی بەبێ مەیلی بوو کە پنتاگۆن لە بەرامبەر ئاگاداریەکای تاکتیکی دەردەبڕی کە کوردەکان لە ماوەی شەڕ لە بەردەستیان دادەنا، بەم هۆیەوە کوردەکان ئەم ئاگاداریەیان سەرەتا بۆ یەکێک لەکوردەکانی خەڵکی ئامریکا کە لە میشیگان دەژی دەناردن، و ئەو ئەم ئاگاداریە وەرگرتووانەی بە پیترگالبریت لە سەنا دەدا، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی لە بەردەستی پنتاگۆنی دادەنا.
لە28ی فۆربیە، یانی ڕۆژێک کە شەڕ لە نەکاو کۆتایی پێکهات، دەسەڵادارانی فەرمی ئامریکا لە وەرگرتنی لێژنەکی پێکهاتوو لە ێبەرانی کورد کەلە واشنگتۆن بوون،ڕووی وەرگیڕا. ئەم ڕێبەرانە کە بەبانگێشتن سەناتۆڕ کلی بورن پل، سناتۆڕی دێموکرات لە ڕودئایلند، وبەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندی دەرەکی سەنا بۆ ئامریکا هاتبوون، لە تووێژکانی فەرمی و نافەرمی خۆی مەسەلەی وێچوونی بزوتنەوەی هەموانی لە دواڕۆژێکی نزیکدا پرێسکە کردوە، و لە سەر ئیحساساتی دژی سەدام و ڕەزامەندی ئامریکا لەئیراق لاقیان قرساند. هیچ دەسەڵادارێکی مەزن خۆشی لە گوێبیس بوونی ئەم شتانە نەبوو. هەتا ڕیچارد شیفتر، جێگری وەزارەتی دەرەکی لەکاروباری ئینساندۆستانە، لەئاخرین چرکەی جێژوانی پێشوو چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ لێژنە بەتاڵ و بێ ئیحتوبارکرد: کاتێک سێ ئەندامی لێژنەی نوێنەرانی کورد بۆ حزور لەم سەردانە گەینە ڕێڕەوی وەزارەتی دەرەوە،لەگەڵ یەکێک لەکارگێڕانی دەرەجە سێ ڕووبەڕوو بوون کەلەوان بانگێشتن کردلە دەرەوەی باڵەخانە پێکەوە قاوەیەک بخۆنەوە- ئەم کارە بێ ئیحتڕامیەکی دیپلۆماتیک بوو، کەکوردەکان لەگەڵ ئەم هەڵس وکەوتە ئاشنا بوون. لە ڕابردوو دەسەڵاتدارانی(نوسینگەی ڕۆژهەڵاتی نزیک و باکووری ئاسیا) بەلانی کەم قەبووڵیان دەکرد کە ڕابردوی ئێڕاق لە مەڕ حقوقی بەشەر لانی کەم هەڵدەگرێ لەگەڵ ئەم خەڵکەش ڕاوێژ بکرێ، و دوایی ئەوان بەکەسێک لەدەزگای شیفتر حەواڵە دەدان. پێامێکی حێکایەتکەر لە بێ موبالاتی و بێ بایەخ لەمە ڕووناکتر ئیمکانی نەبوو.

لە بەشی ڕیوەبەری تەنیا(زال وی خالدزە)کەیەکێک لەبەرنامە داڕێژراوانی پنتاگۆن بوو لەگەڵ ئەم هەڵ و مەرجە بەدژایەتی قیت بۆوە. لە ماوەی سەردانی ناقایلان لە واشنگتۆن یەکێک لەکارگێڕانی نوسینگەی کوردەکانی لە بنکەی بروکینگزبینی، جێ ژوان لەگەڵ ئەوان دیاری کرد. کاتێک بەم کەسینە گوترا کەمە عەمرە پێویست بە دەربڕینی ڕازی بوون تەسدیق کردنی(نوسینگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک وباکووری ئاسیا) یە، داوای وەرگرتنی ئیجازەی کرد،بەڵام بە داوایەکەی ڕەزامەندی دەرنەبڕدرا. ئەوگوتی:(هەر ڕووتێکردنەکیش کە بەر لە ئازادکردنی کوەیت بۆ سیاسەتێکی ئەوها لەگۆڕێ بوو، فکرم نەدەکرد کە سنورداریەکی ئەوها لە پاش شەڕیش دەبێ بەردەوام بێت. مات و سەرگەردان بووم.)

کاتێک چەند ڕۆژدوایی بزوتنەوە لە کوردستان هەڵایسا،دواڕۆژی ئەم نزیک بینی سیاسی ئاشکرا بوو. یەکێک لە ئەندامانی شوڕای ئەمنیەتی مللی لە سەرەتای مارس گوتی:(سیاسەتی ئێمە ڕزگاربوون لە بەڵای سەدام حوسینە نەک ڕێژیمەکەی)ئەمە،بەڕەواڵەت(کاکڵ و جەوهەری) ئامانجی سیاسەتی واشنگتۆن لە ئێراق بوو. و ئەم سیاسەتە حکوومەتی سەدام حوسین و ڕژیمەکەی بۆ دواڕۆژێکی پێشبینی کراو لە سەرقەلاندۆشی کۆمەڵگای نێودەولەتی و خەڵکی ئیراق باقی هێشتەوە، و سیاسەتی کەمتەرخەمی ئاشکرا بە ناقایلان بە بێ ئاگاداری بەوڕژیمی ئالیکاری کرد کە بەڕەواڵەت جێگای لوتفی( شووڕای ئەمنیەتی مللی)بوو. ئەو دەستە لە ڕیبەرانی نیزامی ئێراق کە لەوانە بوو دژی سەدام حوسین وارد کاربن،چ ئاگاداریەکیان لە وەی کە واشنگتۆن دەیەویست نەبوو: ناوەڕۆک و چلۆنایەتی ڕژیمەکانی سەرەڕۆ ئەوهایە: ناڕازیانی نیزامی بە دەسەڵات،ئاتاجیان بە وەرگرتنی(ڕینوێنی و نیشانەیەک)ی ئاشکرا لەلایان ڕیبەری هێزەکانی هاوپەیمان بوو. بە بەرفرەوان بوونەوەی شۆڕش، گەورە پیاوانی نیزامی ئیراق کە خەریکی پەیوەندی لەگەڵ(ئۆپۆزیسیون) بوون، بە هەست کردن بە بێ مەیلی ئامریکا بەخۆیانداهاتنەوە، و دەستیان ڕاگرت.
ئەم ڕوو لێوەرگێڕانە لە وتووێژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیون خیرا هەودایەکی لە مەسەلە و تەنگەژەکان بەکردەوەی هێنادی،کە زۆرتر بەم هۆکارە ترسەنۆک بوون کە ئامریکایەکان بە ئەنقەست نەیانویستبوو ئەوان پشبینی بکەن. ئەم خەڵکە ماوەی مانگێکی تەواو دانیشتبوون و دەستیان لەسەردەست دانابوو،وەکوو وەی ڕوداوی ئیراق چ پەیوەندی بەوانەوەنەبێت-تەنیا لەئاوریل بوو کە زەنگەکانی مەترسی لێدران،و ئەمەکاتێک بوو کەکوردەکان سەت سەت لە شاخاوەیەکان دەمردن. پاشان ئاڵۆزی کێشەی پەنابەرەکان ئەوانی غافڵگیرکرد- ئەم پێشویەی کە بەلەز داهات بەربەرین دەبوو لە مێژوو بێ وێنە بوو. (فردریک کونی) گوتی: لە ڕۆژەکانی سەرەتای ئاوریل واشنگتۆن تووشی سەرلێشیواوی بێ قیدوشەرت بوو. لە وەزارەتی دەرەوە هیچ کەس نەیدەزانی چ دەبێت بکات، و هەرکەس فکری دەکردەوە بەرپسیارەتی بەدواداچوون وخەریک بوونی ئەم قەیرانە بەرپسیارەتی و ئەرکی هی دیکەیە.)

(کوونی) ئەم عەمرەی پێ سەیرنەبوو. ئەو کە مرۆڤێکی Maverick-(ماوریک)گاودارێکی خاوەن بڕیاری خۆی بوو- لە خەڵکی تکزاس بوو و بە هۆی بەدواداچوون لە زەوقی خۆی پسپۆری لەکارەباری خەڵکی چارەڕەش پەیداکردبوو و چەندین دەیە بوو کە شیوازەکانی توندو بێ وێنەی هۆی ناڕاحەتی(قاقەزبازان) مەحتەلکردنی خەڵک،بە ئەزموون بوو، لە مانگی دسامبەر ئەم(سناریو)ی بۆ (نوسینگەی کاروباری پەنابەران) نووسی بوو: بزوتنەوەی گشتی و خۆ جۆش و وەکولْهاتووی کوردەکان، شکانی بزوتنەوە هەموانی، کۆچکردنی بەکۆمەڵی کوردەکان. ئەو لەوکاتیدا حکوومەت لە (تەبعید)ی کوەیت-ی ڕێنوێنی دەکرد کەلە دوای ئازادی کوەیت چ کارەکی بکات،و بە تایبەت چ کارەکی نەکات. لە پشت میزدانیشتوانی کاروباری دەرەوە، بۆ قسەکانیان گوێ هەڵدەخست،بەڵام بەکردەوە هەنگاوەکیان هەڵنەگرت: بەرنامەدارێژان بۆ بەربەرەکانی بەوێچوون لە پەیوەندی لەگەڵ کوردەکان دەیانتوانی بەمانای دڵگەرمی ئەوان بەشۆڕش و لە بەریەک چوون و هەڵتەکانی ئێراق بێت! کوونی، سەردەمێک بەر لەمە کە بەرپسیارەتی لە پەیوەندی لەگەڵ ئازادی کوەیت دەستەبەر بکات، لە پشت سەری باسی خەراپەیان دەکرد، و ئەو لە حالێکدا کە کاتەکەی بەخۆشی ڕادەبوارد چاوی لە ڕیگای ڕوداوێکی دڵتەزین بوو کەپێشبینی کردبوو و هەروا دەم و دەزگاکەی پاشملە سەرکۆنەیان دەکرد.

لەگەڵ ئەمە لە پشت کورسی دانیشتوان بەڕاستی لە بەرفرەوانی و بڵاوبوونەوە بەلەز بوونی شۆڕشی کوردەکان لەکوردستان و شێعەکان لە باکووری ئیراق(ئەوجیگایەی کە هێزەکانی ئامریکایی بەکردەوە چاولێکەری سەرکوتی شۆڕش بوون) واقیان وڕماو تەکانیان خوارد. وەزارەتی دەرەکی ئامریکا چاوەڕوانی زێدە لە پەنجا هەتا سەت هەزار پەنابەری نەکردبوو، و بە دەم پێداهێنانی خۆدی وی کێشمەکیشم و ڕوو بەڕوو بوونێکی ئەوهاپانوو بەرینی لەمێشکیدا نەگورابوو- ئیدی چ بگا بە کۆچ وکۆچبارەکی ئەوها گەورە و عەزیم. جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر پلاندارێژەرانی دەوڵەتی بە سەرنج بە تەحریمێک کەلە سەر وتوویژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیون بەرقەرارکرابوو لە وتوویژەکانی دوایی بەردەوام بەم عەمرە ئامازەیان دەکرد کە ئاگاداریەک کە خەیاڵ و لێکدانەوەی ئەوانی لە سەر دانابوو ئیکجار ناڕوون بوڵیلاوی بووە.

یەکێک لە زانستگادیوەکان کە لە بیری بوو کەلە ساڵی 1975 کەم نەبوون کوردەکانی شارنشێن کە بە کۆچەران لکاندرابوون کە بۆ ئێران پەنایان برد و لە بیری چوو بوو کەسەدام حوسین بە چ شێوەیەکی تەکۆز لەسەربناخەی قاعیدە بەلە ناوچوونی کۆمەڵگای دیهاتی کوردستان خەریک بوو،گوتی:(پێمان سەیربوو ئەمە کە دەمان بینی شارنشینەکانیش بەکۆچەرەکان لکاون.) کوردەکان لە هەربارەوە لێت ڕوانییبوایە هەموو بەکردەوە شارنشین بوون: یان بۆخویان لە شارەکان دەژیان یان سەدام بەزۆرەملی ئەوانی لەوکۆمەڵە باڵەخانانەی کە لە کەل و پەلی هەرزان پێکهینابوو و بەمەبەستی هاسانکاری (چاولەسەربوون) لە قەراخ جادەکان سازدرابوون نشتەجێ کردبوو، هەموو دەترسان لەمە کە سەدام بە

چەکەکانی شیمیایی لە ئەوان تۆڵە بستینێتەوە، خولاسە لەساڵی 1988 ئەم کارەی کردبوو. یەکێک لە دەسەڵاتدارانی وەزارەتی دەرەوە زۆر رەپ و ڕاست گوت :(لە راسیتدا نەماندەزانی.)

هەروەک زۆرجار کەلە دەیەی 1980 ڕوویدا، تەنیا سەرگەردانیەک بوو کە دەوڵەتی، کە ئیکجار لە تەنگەژە کەوتبوو مەجبورکرد کەلە سەرشک و گومان و دوو دڵی خۆی زاڵ بکات و بەنابەدڵی بە(کونی) مەعموریەت بدا هەتا بەم بەدنیوبوونە پەیوەندار بەکوردکان خەریک بیت. هەتا کونیش کەلە نێوەڕاستی ئاوریل بۆ کوردستان چوو لە(نائاگاداریەکی بەتەواوی) دەسەڵاتدارانی ئامریکایی- بریتی لە نیزامی و نانیزامی واقی وڕما (هیچ کەس لەمە کە لەگەڵ چ کەسێکی دەبێ وتووێژ بکات کەمترین خەیاڵێکی نەبوو،و هەتا کەسێک نەیدزانی کە کوردەکان کێن.)کاتێک ژەنەڕاڵ جی ام،گارنڕ،بوو بە بەرپرسی پۆستی فەرماندەری هیزەکانی هاوپەیمان لە ناو ئێڕاق،و بۆ ناوچە هات وکورتە گوزارشتی ویست، هیچ کەس نەیدەتوانی بە پرسیارەکانی سەبارەت بە بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد،سازمان، وئارەزوەکان و تاسەو ئامالەکانی وی پەرسڤ بداتەوە. (ئەومەتڵەبەی کە لەکتێبخانەی ئیتلاعات-کتیبچەی ڕێنوێنی-نوسرابوو بە گەمە دەچوو،هەتا ڕیبەرانی حیزبی و دەستەوپێیەکانیان پێکەو تیکەڵ کردبوو. دوو مانگ لە بڵاوکردنەوەکەی تێپەڕ نەببوو،لە سەرئەمەش کە نادورست و ناڕاست بوو)خولاسە ئەگەرکەسێک شیاوی سەرکۆنەبوو کۆماریخوازان بوون: دەوڵەتی ڕیگان زاناو پسپۆرانی شوێنەکانی دووری وەکوو کوردستانی بژارکردبوو. بە بەرەکەتی پەیوەندیەکانی کە دەوڵەتی بریتانیا لەگەڵ ئۆپۆزیسیونی ئێڕاقی هەبوو، هێزەکانی دەریایی سەڵتەنەتی ئەفسەرانی عەرەب زوانی پایەبەرزی نارد کە ئاگاداریەکی بەرفرەوان سەبارەت بەهێزەکانی پێشمەرگە و ڕیکخستنەکانی تایفەیی و چلۆنایەتی کوردەکانیان هەبوو. هێزەکانی دەریایی هوڵەندیش لاوانی کوردیان لەگەڵ خۆ هێنابوو کە لە هوڵەند بەوانیان پەنابەری بەخشیبوو، و هەنۆکە لە جل و بەرگی هێزەکانی هولەندی وەکوو ڕێنوێن و دیلمانج خزمەتیان دەکرد.

لە مەڕسیاسی ساویلکەکارەکانی دەزگای دەوڵەت سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بازیک بە هۆکاری (نیشانەکانی) ناڕوون و بوڵێڵ و تێکەڵاویی و ئاڵۆزی خودی واشنگتۆن لە هەیکەڵ و قەڵافەت و ڕوخسار وەدەر دەکەون. بۆ نموونە،سعودەیەکان بەلانی کەم لە بەرچاوی خەڵک وایان دەنواند کە ترسەکیان لە دێموکراسی و خەرابکاری شێعەکان نییە. دەست و پیی ئاچەری شێعەکان لە ئۆپۆزیسیونی ئێڕاق،بە تایبەی(ئەلدەعوە) سعودیەکانی دڵنیاکردبوو کە مەبەست و نیەتێکی ناڕاحەت کەری لە بابەت چالاوەکانی نەوتی پاریزگای ڕۆژهەڵات نییە. لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکەی سەنادا هاتبوو کە(لەجەرەیانی شۆڕش، دەسەڵاتدارانی سعودی پێشنیاریان کرد کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا و عەرەبستانی سعودی پێکەوە شورشگیڕانی کوردو شێعە لە مەڕ نیزامی ئالیکاری بکەن)- ئەم پێشنیارە پەیوندی بە(ڕایەڵ وپۆیە)کانی دەزگای ئیستخباڕاتی سەرکۆماربوو، کە ڕاست بەرلە دەست پێکردنی شەڕ لە ژانویە وادەی یارمەتی بە ئۆپۆزیسیونی ئێڕاق دەدا.

دەوڵەت خۆی لە بەرامبەر ئەو زیانەی لەوانەیە لێی بکەوێتەوە، بیمە (گەرەنتی) کرد :(ئەم کەڕەت،دابین کردنی دەرچوون لە سەرسوکری (کوەیت)یەکان و سعودەیەکان بوو، و لە ئاکامدا ئەم دووە تووشی ترس بوون،لەم بابەتە کەنەک تەنیا ئێراق بەڵکوو ئێران و سووریيە و تورکیە تووشی نائارامی بوون: ئەمە وتەی یەکێک لە ئەفسەرانی ئیستخبارات بوو(لەبەرئەمە بڕیاریان گرت بەدوای مەسەلەکە دانەچن) سعودیەکان دەبوایە لەخۆیان پرسیارکردبوایە کە مەبەستی ئامریکا چییە،چونکە دەوڵەتی ئامریکاهەتا کۆتایی مارس-یش وەڵامی بەپێشنیاری یارمەتی نیزامی نەدابۆوە. لەگەڵ ئەم هەمووە لە حەوتووی سیوەمی مارس سعودەیەکان هوشیارزێباری، یەکێک لە هاودەستانی گرینگی بارزانی یان بۆ ڕیاز داواکرد و لە بابەت(عەمەلیاتی تەواوعەیار) بوخچەی هیندیک پێشنیاریان کردوە. پاشان برنت اسکۆکرافت و پسپۆری ڕۆژهەڵاتی وی، ڕیچاردهاس،لەنەکاو بە بەڕیوەبردنی ڕاسپارەیەک گەینە واشنگتۆن. سعودیەکان لە مەسەلەکە گەیشتن،کوردەکانیش. لەدوای ئەمەی کە اسکوکرافت وهاس عەرەبستانیان بەجێ هێشت بیتاقەی فڕۆکەیەکیان بۆ لەندن بەهوشیارزێباریدا و گوتیان کە ئیدی پێویست نییە زێدەترلەمە بميننەوە.

مەعمووریتی اسکوکرافت،کە دوایی چاوپێکەوتنی بووش لە26ی مارس لەگەڵ ڕاوێژکاری پایەبەرزی، بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ناردرا چارەنووسی بزوتنەوەی کوردانی خەت لێدا. هەموو قەبووڵیان بوو کە ئیراق هەرەشەکانی پەیوەندار بە کەلک وەرنەگرتن لەکۆپتەرەکانی تۆپداری لە شەر لەگەڵ شۆرشگیران بەهێندە هەڵنەگرتووە، بەڵام بڕیارلە سەرئەمەگیرا کەبۆ پێشگیری لەم جەرەیانە کارێک نەکرێ. شۆڕشی باکوور سەرکوت کرابوو، و ئەم مەسەلە بازیک بە هۆی سستی و تەنبەڵی و بێ جۆڵانەوەی هێزەکانی هاوپەیمان بوو. بە سەروژێر بوونەوەی هێزەکانی پاریزگاردی کۆماری، کۆپتەرەکان، هێزەکانی نیزامی، و هیزەکانی زریپۆشی مەجاهیدینی خەڵق-ئەم داروەستەییەی دژی ئیرانی بەکرێکیراوچڵکاوخوری سەدام حوسین-بۆ کەرکووک، لەئاکامدا ئەم جەرەیانە بڕیارگیری کیسەڵ وێنەی واشنگتۆن(ئاکام لێکەوتوە). کوردەکان جیا لە کەمۆکەیەک چەکەی دژی فڕۆکە و دژی تانگیان نەبوو، و بەڕادەیەکی پێویست دەسەڵاتی خۆیان لەناوچە دانەمەزراندبوو. قسەکەرانی دەوڵەت داوایان دەکرد کەلە هەڵ و مەرجێکی ئەوهادا قەبووڵ کردنی داوای کوردەکان بۆ لەبین بردنی کۆپتەرەکانی تۆپداری ئێراقی کردەوەیەکی بەرچاوی نیوئاخن بەتاڵ وێوەتر نەدەبوو، لەوانەبوو کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکای و هاوپەیمانانی لە جەرەیانێکی بێ دوایی پێهاتن گرفتاردەکرد. یەکێک لە کارگێڕانی لەکۆتایی یەکێک لە دانیشتنەکانی گرینگ لە حالێکدا کە دیسان بانگهێشتنی بووش شۆڕش و جامینخوازانی وی نەبینینیو دەگرت،گوتی:(ئێمەهیچ کات وادەیەکمان بەم خەڵکە نەدا. (بەرە)،ئیدی حەزلێکردنێکی بە بەردەوامی عەمەلیاتی نیزامی نییە) هەرچەند کە هاوپەیمانەکان زۆرتر دەستیان لە سەردەست دادەنا و کارێکی نەدەکرد ئەم داوایە کە ئیدی کاری کوردەکانی کراوە، دەست تێوەردانی هاوپەیمانان تەنیا ڕووادانی ڕووداوێکی وەپاش دەدات، ڕاستترنمودی دەدا.

لە ماوەی ڕۆژەکان و حەوتووەکان دەوڵەتی بووش زنجیرەیەک ئاخافتن و دەم پێداهێنانی ئاشکرای لە خۆی بەجێ هێشت کە بڕیاری حیساب کراوی بەمە کە بهێڵێت پاشمەنەی ئەرتەشی سەدام شوڕشەکانی باشوورو باکوورتیک بشکێنێت،وەڕاست دەگەڕاند. بە دەم پێداهێنانی خودی ژەنەڕاڵ تسکف یەکەمین هەڵە لەلایان وی لە دانیشتنی سیوەمی مارس لە(صفوان)بوو کەلە ماوەی ویدا ئاگربڕبە ئەرتەشی شکەست خواردوی ئیراق ڕاگەیاندرا: لەم جەلەسەیە دا ئەو بە داوای سەرلەشکر سوڵتان هاشم ئەحمەد لە سەرئیجازەدانی کۆپتەرەکان( ئەویش کۆپتەری تۆپدار)ی یاساخ کراوە لە سەر فڕینی فڕۆکەکان قایل بوو،کە(دەبوایە ئەمنی بەفکرلێکردنەوە پال پێونابوایە)چونکە خێرا تێگەیی کە(حەرامزادە فریویداوە)و بەپێچەوانەی ئەوهەی گوتبووی لەم کۆپتەرانە بۆ گوێزتنەوەی بەرپرسیان و بەرپسیاران بۆ ئەم لا ئەولای ولات کەلک وەردەگیرێ، لە ئەوان بۆ(سەرکوتی شورشەکان) کەلک وەرگیرا. لەگەڵ ئەوەش کە بیکر بە وردی دوو حەوتوو دوایی گوتی: کە هێزەکانی ئێراق لە هەڵ و مەرجێکی ئەوها دابوون کە (دەمانتوانی هەتا نێوەڕاستی بەغدای بچین) بەلام نە ئەو، نە شوارتسکف و نە هیچ کەسی دیکە بەدەوڵەتی ئیراقی فەرمان نەدا کە فڕینی کۆپتەرەکان دەست و جێ ڕاگیرێن. لە ڕاستیدا شوارتسکف بەرپسیارەتی لە سەرخۆی ڕاکرد و لە سەرشانی ئیدی هاویشت:(ئەوکات)یانی ئەوچاخ کە تیگەیی لەکۆپتەرەکان کەلکی نابەجێ دەکرێ(ئەمە لە سەرئەستۆی کۆشکی سپی بوو کە بڕیاربگرێت ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا هەتا چ ڕادەیەک دەیەوێ لەکاروباری ناوخۆی ئیراق دەست تێوەربدات)

لە واشنگتۆن هەموو ڕۆژێ ناڕوونی و بولێلیەکی تازە سەری هەڵدەدا.کە هێندێک جار بە هۆی زەختی تووڕە بوونی گشتی خەڵک(ڕێک وپێک) دەکرا، بەلام بەدوای ویدا شتێکی تازە قەڵشی تێدەکرد. لە 9ی مارس بیکر،بەدەوڵەتی ئیراق دژی کەلک وەرگرتن لە چەکەکانی شیمیایی لەبەربەرەکانی لەگەڵ شۆڕشگیران زەنگی مەترسی لێدا،ڕۆژی دوایی ژەنەڕاڵێکی پنتاگۆن ڕایگەیاند کە (بەرە)سنووردارییەک بە کەلک وەرگرتن لە زێدەترلە 130 فڕۆکە کە ئیراق بۆ پێشگیری لە ناوبردنیان بۆ ئێران ناردوە بەڕیوەنابات- یانی ئەگەربێتوو ئیران ئەوان بۆ ئێراق بگەڕێنێتەوە،کە فکری بۆ نەدەچوو. یەکێک لەدەسەلاتدارانی پلەبەرزی ئامریکا ئەم دەستەواژەیی ڕزیوی جێ ئیلاقەی قاقەز بازانی دووپات کردەوە کە بەڵێ(بەڕەو ڕوو بوون لەگەڵ سەدام حوسینێکی ملکەچ و سەربەڕێگا،سادەترلە هەڵس وکەوت لەگەڵ کەمایەتیەکی نەناسراوە دەبێت.)

بەلام هەراوهوریاو وهاوار داد وفغانی تووڕەبوونی خەڵک ئەوهابوو وهێندە بەرز دەبۆوە کەلە 13ی مارس بووش لە کونفرانسێکی خەبەری لە(ئەوتاوا)گوتی:(بۆ شەڕلە ناوە خۆی ئێراق نابێت لەکۆپتەری تۆپدار کەلک وەرگیرێت)و کەلک وەرگرتن لەوان دژی شۆڕشگیران هۆی شکانی ڕیککەوتنی هیزەکانی هاوپەیمان

یان بەغدا دەبێت. یەکێک لەئەفسەرانی پایەبەرزلە17ی مارس لە چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوتای ئێراقی خۆی لەسەفەوان هۆشداری دا کە بەردەوام بوون و کەلک وەرگرتن لە کۆپتەرەکانی تۆپدار بەناوی(هەڕەشە دژی هێزەکانی هاوپەیمان) حیساب دەکرێ. بەڵام بەپێچەوانەی ئەم زەنگی مەترسیانەی هاوپەیمانان کە بۆ لاق قرسانی یاساخ کردنی لە سەرفڕینی فڕۆکەکانی ئێراقی بەڕێوەیان بردبوو دوو جێتی ئێراقیان بەردانەوە،هیچ کات هەتا کۆپتەرەکیان بەرنەداوە.

ماوەی چەند ڕۆژی داوایی ئاخرین حەول وتەقەلای خۆڕاگری شیعەکان لە باکوور تیک شکاندرا. بەڵام کوردەکان لەبیستەمی مارس کەرکووک یان داگیرکرد-و ئەمە سەرکەوتنێکی گوماناوی و پڕمەترسی بوو، و بەڕەواڵەت لاسکی تەرازوی لە واشنگتۆن بە زەرەری وان قورس کرد. لە 26ی مارس سیاسەتی نوێی واشنگتۆن ئەمە بوو کە(کۆپتەرەکانی کاتێک سەراونخون دەکرین کە هەڕەشەیەک بۆ هێزەکانی هاوپەیمان وەدینێنن)-مارلین فیتس واتر،قسەکەری کۆشکی سپی، کە تێدەکۆشا ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئەم سوکباریەی ئیخلاقی نیشان بدا،گوتی ئەو تەرتیباتەی سەرەتای کەشوارتسکف لە(سفوان) داویە(شتێکی سەرزارەکی بووە،شتێک لە سەرقاقەز نەنووسراوە.)یەکێک لە دەسەڵاتدارانی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا،کە لەناو بردنی دووری کراوە،گوتی: بڕیارگیرەکان لە واشنگتۆن لەگەڵ ئەوهەی سەدام حوسین دەیکات(قایل نین، بەڵام پێشیان ناخۆش نییە ببینن لەم جەرەیاناتە حەزنالێکردوو ئاسودە بێت)

کریستین موس هلمز بەڕادەیەک لە تۆمەتباربوونی هاوپەیمانان بە هاندانی شەڕی ناوخۆ لەئێراق نیگەران بوو کە بە هێزەکانی هاوپەیمانان دژی(کردنەوەی سندوقۆڵەی پاندورا)زەنگی مەترسی لێدا. یەکی دیکە لە دەسەڵاتدارانی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بە ڕاشکاوی کە گومناوبوونی ئیمکانی وی وەدەست دەدات گوتی:ڕەپ وڕاست بڵێم،ئێمە دەمانەویست ئەم شەڕەی ناوخۆ تەوابیت، هەتا لە تەداخولمان نەک بەبەڕیار بەیارمەتی بە شورشگێڕان بەڵکوو بە دابین کردنە یارمەتیەکانی ئینسان دۆستانە لێکبدرێتەوە) ڕۆژێک لەدوای داگیرکردنی سەرلەنویی کەرکووک لەلایان هێزەکانی ئێراق لەو ناوچانەی کە کۆچەری دەستی پێکردبوو بارزانی و تاڵەبانی بەپێی داواکاریەکی مێهرەبانانە لە بووش بۆ یارمەتی، گوتیان:(ئەتۆ بۆخۆت کەسینی لە خەڵکت ویست کە دژی دیکتاتوری سەدام حوسین ڕاپەڕن. پاشان بەرهەڵڵات کردن و بە شەوی ڕەشی قولەزەنگی و سەرەڕۆیی سەدام حوسێنی زاڵمەت ئەسپاردن.)

1-بە نەزانین کارکردن و تەنگەژە وەدیهینان:(چیرۆکەکانی یۆنان) سندوقۆڵەیەکی پڕلە تەواوی خەراپەکان و فەسادی بەشەری کە ئێپیمتە ئەوی لە ڕووی نەزانین کردەدو. بەشیوەیەکی دیکە دەڵێت: کە ئەم سندوقۆڵەیە تەژی لە نیعمەت و بەرەکەتی خوای بوو کە خودایان بە پاندورایان خەڵات کردبوو...کە کاتێک کرایەوە هەموو لە سندوقۆڵەکەی هەڵاتن،جیالە هیوا کە لە بنی سندوقۆڵەکەدا مابۆوە.

هەرلەو شەوی ڕەش وتاریک هێزەکانی پێشمەرگە لەبەریەک بڵا بوون، و پیشمەرگەکان لە تێشکانێکی مێژوویی ڕێبەرەکانیان بەرەڵڵا کردن. بارزانی و تاڵەبانی بە شێوەیەکی جیاواز بەربەرەکانیان بەردەوام کرد، بڕیارگر بەمە بوون کە بمێننەوە و لە شەڕدا بکوژرێن بەڵام هەڵنەین. تاڵەبانی و خیزانی هێرۆ، وگروپێکی گچکە لە دۆستانیان لە حالێکدا لە پێج جەنگاوەر زێدەتریان نەبوو لە خالێکی هەڵکەوتوو لە چەند کێلۆمێتری ڕۆژهەلاتی سولیمانیە بنکەیەکیان پێکهێنا، و بێ وڵامدانەوە بەم داواکاریانەی کە لە وانیان دەویست کە بۆ شوێنی دوورترو ئەمینتربچن،لە شوینی خۆیان مانەوە. ئەم کردەوە هێندێک هێزەی لە دەورە کۆکردنەوە، کە توانی لە ڕیگایەکی تاکتیکی پێشی عەمەلیاتی ئێڕاقیەکان بگرێت.
لەباشوور،بارزانی-ش کەهێزەکانی ئەویان بەجێهێشتبوو،نیوەی بە هەڕەشە ونیوەی بە هاندان و دڵگەرمی ئەو ژمارەیەیی کەلە پارێزگاردەکانی و دەستەیەک لەوانەی کە مرۆڤی بەئەزموون بوون کەلە 1947 لە ڕێبرینەکەی مێژوویی باوکی لە مەهاباد-بارزان-بۆ لای یەکیەتی سۆڤیت بەشداریان هەبوو و ساڵەکانی دوورخراوەیی لەگەڵ ژەنەراڵ بارزانی دابوون، بۆ بەربەرەکانی وخۆڕاگری وروژاوکرد (هەتاچەندساڵ دوایی ئەو زرێپۆش و ماشینی شکاندراوی ستونەکانی ئیراقی لە سەرڕێگای شاخاوی نێوان سەلاح ئەدین و شەقلاوە شایەتی لە سەر غێروت و جەسووری و شەهامەتی مەسعودبارزانی دەدا کە هێرشی بەرەو پێشچوونی هێزەکانی ئیڕاقی بزمارکوت کرد. لە فەرهەنگەکانی وڵاتان ئاساییە ئەم کەل وپەلی دەست بەسەرداگرتوو ڕادەگرن،پێتاپەیتا رەنگیان دەکەن و بەبیرەوەری سەرکەوتن هەردەمێننەوە. بەڵام ئەمن هەرکات لە(بەندخورە)لەم پاشمەنانەی هێزەکانی تێکشکاوی زرێهی تێدەپەڕیم کەل و پەلی کەمترم لێدەدەین : کەل و پەلی ماشین و ڕەبیپۆشەکان، یان بەتەواوی لە بەریەک هەڵوەشاندبوو، ودابەزاندبوو، یان هەرشوێنەواریان نەمابوو مەفعیان کردبوونەوە. قارمانەتی دە ئەوها خولاسە بەدەگمەن دەبن)

لە جەرەیانی شۆڕش، دکتۆرێکی پێشمەرگە،لاویک بەناوی سەبریخان گرینگ،بەڕیوەبەری نەخۆشخانەی کەرکووکی وەسوکرگرتبوو کاتێک ئەمن لەگەڵ وی وتووێژم دەکرد تۆپخانەی ئەرتەشی ئیڕاق بنای نەخۆشخانەی بەردەوام تۆپباران دەکرد. بەیانی 28ی مارس ئەوهێشتا هەرلەوێ بوو: چاخێک لەپەنجەرە چاوی لەدەرەوەکرد بەحاڵیکی مەترسیدارچوار تانگی ئیڕاقی بینی کە کەبەبێ چ ئاگاداری و خەبەریک باڵەخانەی نەخۆشخانەیان گەمارۆدابوو: ڕەهێڵەی گوللە کە بەدوای یەکدا بە نەخوشخانە دەهاویژرا. ئەو پێشمەرگەی پاریزگارد تێگەین کە هەنۆکە هجۆمیان بۆسەردەکرێت-کۆڵەپشتیان قایم کردن. پێشمەرگەکانی بریندار بەپاڕانەوە داوایان دەکرد کە بەرهەڵڵایان نەکەن بەجێیان نەهێڵن. یەکێک لەوان کە لاقێکی پەڕیبوو خۆی لەناو جێوبان دەرکێشا، وبۆ پێشگیری لە هەڵاتن دەستی بە داوینی وی گرت. گوتی: یارمەتیم کە!
گرینگ دەستی وی وەلابرد:(ئەمن بۆ خۆم ئەوە ماوەتمەوە،چلۆن دەتوانم یارمەتی بەتۆبکەم؟) گرینگ، دکتۆریکی کورد کە بزرکابوو بە لێدانی زلەیەک لە ڕوومەتی هێناوە سەرحاڵ، و ئەم دوو لە حالێکدا کە پەرستاری دەعاڕەب لە ڕەوانگەی دەسەڵات سەرلە نوێی بەغدا بە سەرشار، شایلەخانەیان دەکرد، پێکەوە

هەڵاتن. لە حاڵێکدا کە هەڵدەهاتن گوڵلەیەک وەنەخۆشخانە کەوت و کەوانەی کرد،بە وێڕەویڕ بە بەرگویچکەیان دا تێپەڕی.
گرینگ ئەم چرۆکەیەی لە ڕانیە بۆ گیرامەوە. مانگێک داوایی کە بە نائاسایی بۆ کوردستانی ئیراق گەڕامەوە،ئەزقەزا دیسان ئەوم بینی. ئەوکات دەنگوباسی پەیوەنددار بە بارودۆخ، بەداخەوە ناخۆشی کوردستانی ئیراقم لەو بەری سنوور، لەناوئێران، گوزارشت دەدکرد،کە سەدان هەزار پەنابەر هێشتا چاوەڕوانیان دەکرد هەتا بەنزیکەی میلیونیک کەسی کە پێشتر پەنابەری ئیران ببوون،بلکێن. هۆکاری گەڕانەوەم ئەمە بووکە سەرنووسەری ڕۆژنامەم لەمنی ویستبوو بۆ ئیراق بگەڕێنەوە و لێی بکۆلێنەوە کە بۆچ،لەبنەبانی سەرسوڕمانی دنیای دەرەکی،کوردەکان خەریکی وتوویژ لەگەڵ بەغدان وبەتایبەت بۆچ تاڵەبانی بەباشی زانیوە کەلەبەرچاوی خەڵکی دنیا،لەبەرچاوی دووربینەکانی تەلەفزیونی سەدام حوسینی دەباوش گرت وماچی کرد.

ئەم داوایە ڕەنگەلە واشنگتۆن عەمرێکی ئاسایی بێ بایەخ بێت،بەڵام ئەمن دڵنیا نەبووم بتوانم بۆ کوردستانی ئێراق بگەڕیمەوە. پێویستم بە پەیوەندی لەگەڵ نوێنەرانی کورد لەئۆڕوپا هەبوو،کە هەنۆکە لە واشنگتۆن ئاوارەبوون و دۆزینەوەیان دژواربوو. ئەمانەبوون کە دەبوایە بە ڕێبەرانی پێشمەرگەی ئیراقیان خەبەردابوایە کە دەخوازم برۆم. خولاسە هەتا ئەو ڕادەلەگەڵ نیگهبانەکانی سنووری ئێران ئاشنابووم کە هەتا فکرم لەمە نەکردەوە کە ئاخۆ ئیجازە دەدەن بێگانەیەک ئەویش هاواڵدەرێکی ئامریکایی- لە کەوشەن تێپەڕی و پێ لە خاکی ئیراق بنێت، و نەشم دەویست خۆم لە مەترسی باویژم و بە نائاسایی لە سنوور ئاوابم. هەرچەند لە بەر ڕووبەڕوو نەبوون لەگەڵ (قاقەزبازیەکان)ی ئیران، دەبوایە کارێکم کردبوایە کە پاسەپۆرتەکەم مۆری وەدەرکەوتنی لێنەدرێ. وەرگرتنی ویزا لە ئیران چەتوون بوو،و ئەمن نەمدەویرا کارێکی بکەم کە ناوی ڕۆژنامەیەکم بچێتەناولیستی ڕەش.

تەنگ و چەڵەمەی سەرتایم ئەمە بوو کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی بەهەرکەسێک کەدەیەویست لەڕێگای زەمینی لەئیران دەربچێت مەشکووک و زەنین بوون. بەمنیان گوت باشترە هەربەمجۆرەی کەهاتبوین وەکوو هاوکارەکانی دیکەم لە فرۆکەخانەی تاران، لەئیران دەرچین. بەڵام ئەمن دەمەویست ئیجازەوەرگرم لە سنووری تورکیە وئیران ئاوابم. بەمجۆرە دەمتوانی ڕیگایەکم خوارکەمەوە و لە ڕێگای ناوچەی شاخاوی و هەڵەمووت وچەخت ولێژوهەوراز کە دەویدا تخووبەکانی تورکیە وئیراق ویکدەکەونەوە بگەڕیمەوە: هیواداربووم بتوانم ڕێگاکەم بکەمەوە و لە گەڵ بارزانی ڕێبەرانی دیکەی کورد چاوپێکەوتنم هەبێت. هیواداربووم کردەوەی باش لە یارمەتیەکانی ئینساندۆستانەی هاوپەیمانان بتوانێ ئالیکاریم بکات وبشێم بە شیوەیەک لەتووشبوون لەگەڵ چاتمەکانی ئارینەروبەدگومانی تورکیە کە ئاگاداری کەوشنن کە لە سەریەک گاڵەیە، بەپێدزەلێیدەرچم.

به تایبەت،دەمەویست لە فڕین لە تاران  بۆ ئوڕوپا دووری بکەم: چونکە لەو حاڵەدا دەبوایە بە فڕۆکە تەواوی درێژایی تورکیەم هەتا(وان)بڕیبوایە ولەم حاڵەدا سروشتیەحزوری سەرلەنوێم ماوەی دوو مانگ لەوانەبوو زەنگەکانی مەترسیدار سەبارەت بەمەبەست و شوێنم هەتا بۆ بێ شعورترین پۆلیسی تورک وەدەنگ بخات. لە تاران ڕوژەها، بەبۆڵەبۆڵ ئاکامی داوە: ئیڕانیەکان ئیجازەیان دا کەلە ڕێگای سنووری زەمینی وڵات وەدەرکەوم. لەبەرئەمە سەرم لە ورمێ دا، ،بۆ نوسینگەی نوێنەرایەتی بارزانی چووم، چاوەنوارمام. لەدوای سەردەمێک گنخاندنی شێتانە پسولەیەکیان بەناوی کەسانێک لە (یوکساوا) بەمن دا،کە یارمەتیم بکەن. (یوکساوا)هەرئەوشارەیە کە پیی دەلێن(گەوەڕ) لە مەڕ شتوومەکی قاچاغ بەناوبانگە،ئەو جێگایەیە، کەلە فۆرییەی ڕابردوو توانیم لەگەڵ پێشمەرگان پەیوەندی بگرم.
ئەوجار ئەوانەی پەیوەندار بەبارزانی بوون بەڕەواڵەت بۆ پۆلیسی تورکیەکاریان دەکرد. چ یارمەتیەکی منیان نەدا: هاتن قاقەزەکەیان خویندەوە،خۆیان لێم ون کرد ئیدی نەهاتنەوە ونە بەتەلەفوون پەیوندیان لەگەڵ گرتم. ڕۆژی داوتر بۆ حەکاری ڕۆیشتم،کە شارۆچکەیە خەماویی و دەست بەسەرداگرتووی نیزامی تورک. لەم شارە ترس لە شۆڕشگیڕانی کورد ئەوهێندەبوو کە هەتا لە باشترین وەختەکانیش کە دەنگ و باسێک نەبوو پۆلیس و کۆماندۆکانی ئەڕتەش و هیزەکانی تایبەتی ژاندارم و(فەرماندەرانی ئاسایی) شەوڕۆژ لە کۆڵان وشەقامەکانی کیشکیان دەدا.

بەلوتفی دۆستانی کوردی کە تووشیان بووم دوو ڕۆژدوایی لەشارداری(بەلەدیە) دانیشبووم ولەگەڵ یەکێک لە کارگێڕانی شار چاییم دەخوار. ئەم دەسەڵاتدارە هەلی بۆ ڕەخساندم کە تونیم لەگەڵ نوێنەری بارزانی لە واشنگتۆن پەیوەندی بگرم. قەرارمان دانا نوینەرای بارزانی بەمەبەستی(دەستەبەری)من لەکاتی دیاری کراو بە ژمارەتەلەفونێک لەشار لەگەڵ ئەو فەرماندەرە پەیوەندی بگرێ. ئەمن لەمە مەسەلە ڕەش بین بووم، لێم یەقین بوو کە بەفریوو چوومە،بەڵام لەسەرئەمەش بەخۆم دەگوت دیسان کە بۆخچەی قسەکانم بۆ دەسەڵاتدارێکی تورکیە کردۆتەوە  بۆخۆی ماجەرایەکە...خولاسە لەمە زێدەتر چارەیەکم نەبوو.

پاش نیوڕۆیەکی درەنگ وەختان بۆ شارداری گەڕامەوە. لەدوایی چایەکی زورکەخوراوەگوتیان کە یارمەتیم دەکەن. هەرئەوشەوی بەرلەوەی ئەم کارفەرمایە بڕیاری خۆی بگۆڕێ بۆ (گەوەڕ) گەڕامەوە، پاشان بۆ (سەمەدیەنلی) چووم کەلە سنوور نزیکتر بوو، وشەوم لە گەڵ تاریف کەرانی بارزانی تێپەڕکرد. ئەوجۆرەی کە دیاریدەدا ئەم خەڵکە لە هەمووشت خەبەریان هەبوو. ڕۆژی داویی لەدوای بڕینی ڕێگایەکی پڕ لە کەندو قوڵک بە توندڕۆیشتنێکی سەیروسەمەرە لە بەردەمی بنکەکانی نیزامی تورکەکان داتێپەڕ بوین،لەحالێکدا کە سەگی دە شینگورک کە زنجیر کرابوون پرخەیان دەهات.

لە یەکێک لە ئۆردوگاکانی چادری نزیک سنوور(ڕێنوێنی کەریکم) دۆزیەوە کە بەزوانی ئینگلیزی قسەی دەکرد. گومانم لەوە دا نییە کە چاتمەکانی سنوور دەیانزانی کەئەمن هاواڵدەرم، بەڵام خۆم لەلاڵی دا- و

شانسم هینا. بەبوونی هیمدادگەران نیودەوڵەتی فەرمانبەرانی تێکۆشەرو بەئەزموون وابەستە بە هێزەکانی ئاسمانی بریتانیا و خەڵکی دیکەی هەموو ڕەنگە کەلەئالۆزی وپشیوی کەلکیان لێ وەردەگیرا، ئەمن تەنیا بیانیەک نەبووم کە سنوورم دەپەڕاند، و کەسیک لە منی داوای پاسەپۆرت نەکرد هەتا مۆری بکات(و ئەم عەمرە هەروا مەسەلەی گەڕانەوەم بۆ تورکیە لە حالێکدا کە پاسپۆرتیم مۆری وەدەرکەوتنی لێنەدرابوو بێ چارەسەردەهێشتەوە.)

لە ئاخرین گوندێکی تورک بۆ هەڵگرتنی ئەوکەل وپەل کەپێم بوو هەسپێکم بە کرێ گرت. کاتێک ڕێنوینی چێیەکەم بەوکەسی کە هەسپەکەی لێ بەکرێ گرتبوو گوتی بۆچاوپێکەوتن بارزانی دەچم خاوەن هەسپ پارەکەی وەرنەگرت. ڕێنوینی کەرپێاوەکی پشووسوارو نەقۆڵا بوو خێرا لە کاروان بەجێما،و بە داوای من سواری هەسپ بوو. چوارکات ژمێرلە داوینی ترۆپەکان کە یەک لە ئەوی دیکە سەری بلیندکردبوو، هێندیک هێشتا داپۆشراو لەبەفر بوون ڕێگامان بڕی و لەو لێوارانە تیپەڕمان کرد کە ڕازاوە بە گوڵی سوسن ڕەنگاوڕەنگ ولالەی سووری شێوە خەشخاش، و شەقایقی سورو سپی کە چاوی مرۆی سەرسام دەکرد. ڕێپێوانێکی خۆشبوو،هەوا ڕووی گرژ بوو بەڵام نەدەباری گەرمیش نەبوو،کاتیک ڕێگای خاکیمان بەجێهێشت و لە پاش نیوەڕۆ درەنگان گەینە ڕێگایەکی ئیسفالتەی زۆر کۆن، کە هەربەشێکی مابوو،بە هەڵکەوت بارزانی چاوەڕوانی منی دەکرد.

ڕۆژی دواتر بارزانی ئەمنی بۆ چاوپێکەوتنی تالەبانی بە ئۆتومبێل بۆ ڕانیە نارد. ئەو بە هۆی ماچ کردنی سەدام حوسین کە لە تەلەفزیون بڵاوبۆوە، لەحالاتی دیفاع لەخۆکردن بوو. گوتی کە هەتا خێزانیشی لە وی سوالْ جواب کردوە کە چلۆن توانیویەتی شانۆیەکی ئەوها خەماوی بەدنیای دەرەکی نیشان بدا،ئەویش لەحالێکدا کە ئەم دنیای دەرەکی چەند لەمەوپێش- ئەویش بەهەڵکەوت-کوردەکانی دۆزیوەتەوە و بە بەرگری لەوان قیت بۆتەوە؟ ئەگەر وتوویژ لەگەڵ ئێراق پیویستی هەبوایە بۆچ ئەم وتوویژە دەبوایە لە خاکی ولاتێکی بێ لایان بەڵکوو لەبەغدا ئەنجامی دەگرت، و خولاسە بۆچ بەبێ بوونی بینەران نیو نەتەوەیی یان لە ژێرچاوەدێری سازمانی نیودەوڵەتی؟ ئیدی لەکۆمیتەی هاوبەشی ئۆپۆزیسیونی ئیراق،کە لە دسامبەری ڕابردوو بەم هەموو کویرەوەریە پێک وەنرابوو، چ شت باقی مابۆوە.؟
تالەبانی لە جوولانەوەیەکی ناشیانە کەلە سەرانسەری دنیا بیندرا،وێنەیەک کەلە خاویی و نەکوڵیوی سیاسەتمەدارانی کورد نیشان دەدرا و ئەوانی وەکوو کەسانێکی دەناساند کە ئەو هەلە ڕەخساوانەی کە مێژوو پێی پێشکیش کردبوون ڕزاندبوویان، بە هێزە و پەسەندکرد. هەتا مرقی وەک فرانسۆ میتراں کە حەزێکی قایل بوونی سەبارەت بە ئیراق هەبوو، نزان کەندالْ،بەرپرسی ئنیستۆی کورد(پاریس)ی سەرکۆنەکردبوو کە بۆچ گزنگی بینینی کوردان بەخودموختاری بەرتەسک دەکات)گوتبووی: (ئەرکی ئێوە ئەمەیە کەلەمافی مللەتی کورد بەبوونی وڵاتی خۆیان دیفاع و بەرگری بکەن) و هەنۆکە کوردەکانی ئێڕاق

باشترین هەلی ڕەخساوکە لە زەمانی لە بەریەک هەڵوەشانی ئەمپەڕاتووری عوسمانی بەم لاوە بەدەست هێنابوو، فڕێیاندابوو.

خولاسە،تاڵەبانی گوتی دەوڵەتی بووش کوردەکانی هاندا: واشنگتۆن سەرەتا ئەوانی بۆ شۆڕش وورووژاوکرد و پاشان بە نەپێکانی کۆپتەرەکانی تۆپداری ئیراقی بە سەدام حوسین چرای کەسک نیشاندا کە بۆ کوردستان هێرش بکات.
ئەگەر مەسەلە ئەمە بوو ئاخۆ ئەم شۆرشە،لەگەڵ ئەو هەموو کۆچ وکۆچبارو هەتڵەو هەڵوەدایی، و ئەو هەمووە تەلەفیاتە، ئەوکوێرەوەریەی دەهێنا- ئەویش بۆ دەزگای ڕێبەری کە بەریش لەم بابەتە دەرگیری لە شەڕئیران و ئێراق لە سێرەی سەرکۆنەی خەلک دابوو؟
تاڵەبانی گوتی:(بەڵێ، هەتا دەتوانین بڵێین ئەم هەموو کوێرەوەری وعەزابەی دەهێنا. هەست وسۆزی بەتینی خەڵکی دنیا بۆ دەوڵەتەکانی نێو نەتەوەیی ڕۆژئاوا فشار هێنا. بۆ یەکەمین کەڕەت مەسەلەی کورد لە دەستووری ڕۆژی نەتەوەیەکگرتووەکان قەراری گرت. بەڵێنامەی 688ی شوورائەمنیەت بنکەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەکوردەکانی بەناو بیرلێوەکرد- ولەماوەی حەفتاساڵ ئەمە یەکەمین جارە کە ئەم ناوە لە سەندەکی سازمانی ملل دەنوسرێ. هەتا وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا گوتی کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی (بەشەردۆستانە)نییە بەڵکوو مەسەلەی نیشاندانی مافی سیاسی لەچوارچیوەی ئیراق دایە. بۆ یەکەمین جار تورکیە لێژنەکانی نوێنەرایەتی کوردی قەبووڵ کرد. و وادەی پشتیوانی دا. بۆ هەوەڵین جار کۆمەلگای ئۆڕوپا ...)

تاڵەبانی بەپێچەوانەی ئاسایی لە قسەکردن ڕاوەستا،لە ڕووی کامپیوتێریک کە لە سەروی بابەتەکانم یاد داشت دەکردن، سەرم هەڵێنا. تاڵەبانی دەرگای کامیترێکەی بەستم،کە ئیدی شتیکی دیکە نەنووسم،و گوتی:(نایەوی یادداشت بکەی...بۆخۆمانین، کەسی دیکە لێرەنییە. پارەمان نییە، تەقەمەنیمان نییە، چەکی دژی تانگمان نییە،چەکی زیدی فڕۆکەمان نییە. هیچ کەسێک لەئێمە داکۆکی ناکات. بەبێ یارمەتی دەرەکی چلۆن دەتوانین پێشمەرگەکان تیرکەین؟ ئیرانیەکانی ئەو یارمەتیانەی کە بۆمان دەنێرن قوت دەدەن، ماشینەکانمان دەدزن،لە سنوورچەکەکانمان لێ دەستێنن.)

ئەم شتانەی کە بەرگری لەخۆی گوتی بابەتی دەزۆر ڕاست بوون لەگەڵ واقعیەت دەهاتەوە. لاقی واشنگتۆن و شەریکەکانی ئۆڕوپایی لە دەرگیری لە(عەمەلیاتی ئاسایش)ی هەتا ڕادەیەکی زۆر بۆ ناو دەکیشا. دەوڵەتی بووش دەیەویست بەلانی کەم کارێکی بۆ دابین کردنی ئاسایشی پەنابەرانی کۆ بۆوە لە سنووری تورکیە ئەنجام بدات ودوایی بەلەز خۆی بۆ قەراخ بکێشێتەوە، وکوردەکان بەچارەنووسی خۆی بەرڵلا بکات. ئاکامی عەمەلیات بەم مەبەستە بوو کەگەڕانەوەی پەنابەران بە لانی کەمی زەرەر بەرەوکۆتایی ببردرێ، عەمەلیات بە وردیی بە پێچەوانەی بازیک ڕەخنەگران-هەتابەڕادەیەکی نیگەران

لە لایان واشنگتۆن بەرتەسک کرابۆوە،ناوچەیەکی تەقریبەن گچکەی(ئەمین) کە هاوپەیمانان دیاریان کردبوو هەتا شاری دهۆک، یانی ئەوەلێ سێ قولینچکەکەی کە شوینی دانیشتنی نزیکەی بە کۆی پەنابەران بوو دەبەرنەدەگرت: کونی، بەبەرەکەتی سەرئەژمێریەک کە بەئالیکاری هێزەکانی تایبەت لە کوردەکانی کۆکراوە لە تخووبی تورکیە کرابوو لە مەسەلە ئاگاداربوو.

گەلێک لەپەنابەران هەتا کاتێک کەهیزەکانی هاوپەیمان لاقیان لەشاری دهۆک ،ناوەندی پاریزگا،نەنا بوو، لە هاتنەخوار لەشاخاوەیەکان دودڵ بوون: ناوەندی پۆلیس نهێنی و زیندانیەکانی وێ بۆ ئەوان جێگا سەرهەڵدانی سەرکوتی بەعس بوو. ئینگلیزیەکان و فڕانسەویەکان بە دلتەنگی ئاگاداربوون کە ژەنەڕاڵ پاول دژی حزوری هێزەکانی هاوپەیمان لە دهۆکە،لەترسی ئەمە مەبادا بوونیان لەناوچە هۆی سەرلەنوێی شەڕ ببێت. هێزەکانی ئیراقی لە ترسی فڕۆکەکانی 10- A وەحشەت لە دەنگیک کەلە ئاکامی شکاندنی دیواری دەنگ، دهۆکیان بەتاڵ کرد، بەڵام دوایی گەڕانەوە.
لەئاکامدا بەشێکی گچکە لە سەربازانی ئامریکایی و موستەشارانی نانیزامی، ناچار بە دەستەوداوین بە مکرو دوز وحیلە(بەپێچەوانەی کارگیڕانی بەئیحتیات خۆپاریزی واشنگتۆن)بەنوێنەرایەتی هاوپەیمانان بۆ کاتێکی بەرتەسک واردی دهۆک بوون. یەکێک لەوان گوتی:( ئەوێ، لەواشنگتۆن، لەئێمەیان چاوەنواردەکرد بەپێی ڕێ وڕەوشتی کوئیزبری گەمەبکەین، بەڵام سەدام ئاغایی پێخۆش نەبوو، ئێمە مەجبووربووین شیرەمان لەسەری ئەوو، واشنگتۆن هەڵسووت)

سەرهەنگ ڕیچارد ناب،ئەفسەری پەیونداری ئامریکایی کەلە جەرەیانی پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی شووڕەوی ئاڵمانی ڕۆژهەڵات فێڵ و فەند فیر ببوو سەرەتا بە گەف وگوڕ هاوتای ئیڕاقی خۆی وادارکرد بەمە کە ژمارەیەکی کەم لە هیزی ناچەکداری ئامریکایی بانگیشتن بۆ دهۆک بکات- ئەمە دۆزو کەلەکەک بوو کە ئەو ئەوی بە(مامەلە)لەگەڵ هێتلێەر دەشوباند. دوایی ئامریکایەکان گەڕانەوە و بە واشنگتۆنیان گوت کە دڵنیان کە لە ئامریکایەکان بانگیشتن دەکەن کە واردی ناوەندی پارێزگا،ببن کەلە مەڕ لەشکرکێشی ئیکجارگرنگ بوو. ئەم جەرەیانە بەڕادەیەک سەیر بوو کەهاوکارانی واشنگتۆن گوتیان: (باشە، ئەگەردەتوانن کاریک بکەن کە ئیراقیەکان ئێوە بۆ دەهۆک ڕێبدەن،هەنۆکە کە دەست بەکاربوونە بۆچی بۆ بەغداناچن؟)کار وەرێکەوت. هێزەکانی عەمەلیاتی وڵات و تێکۆشەرانی بنکەکانی تایبەتی هیمداد واردی دهۆک بوون، و هیزەکانی ئیڕاقی پاشەکشەیان کرد. واشنگتۆن لەم بابەتەوە تووڕەبوو... هەتاکوو پەیامی دەپیرۆزبایی ئەمجار لە لایان دەوڵەتانی هاوپەیمان بەکۆشکی سپی و پنتاگۆن گەییشت.
لە30ی مانگی مەی پاول بە فرۆکە بۆ(زاخۆ) چوو هەتاڕابگەیەنێت کە هێزەکانی هاوپەیمانان(زووتر لە ئەمەی ئێمە فکرمان لێدەکردەوە)ناوچە تەرک دەکەن-تەنیا هەشت هەزارپەنابەر لەسنووری تورکیەمابوونەوە. بەڵام ئەم قسانە کوردەکان و فڕەنسەویەکان و ئینگلیزیەکانیان ئیکجار ناراحەت کرد. ئەگەر سەدام حوسین کاتێک ویستبووی وتوویژەکی مجد لەگەڵ کوردەکان بکات هەنۆکە پاول هۆکاری

تەواوی بەوی دەدا کە لەم کارە دەست ڕابگرێ. لەندەن وپاریس هیواداربوون کە بوونی هێزەکانی ئۆروپایی هۆکاری پێکهێنانی وتوویژ بێت،و بەدوای ویدا هیزەکانی ئیراقی بەشێوەیەکی ئابرومەندانە لە دەڤەر وەدەرکەون. بەڵام تەنیا کارێکی کەتوانیان کەبیکەن ئەمەبوو کەبۆ ئابڕوڕاگرتن دوو حەوتوو لەواشنگتۆن مۆڵەت وەربگرن. لە15ی ژوئیە دوایین بەش لە هیزەکان کە بریتی لە3170کەس بوولەگەڵ ژەنەڕاڵ گارنر، فەرماندەری هێز، لە سنوورئاوابوون و بۆ ناو خاکی تورکیە چوون. ژەنەڕاڵ گارنر، بە کوردەکان کە سەبارەت بەم کارە لەشک وگومان و دوو دڵی دابوون متمانەدا:( لەسەت هەنگاوی ئیوین، بەسە تەلەفونێک بکەن) ولە بابەتێک ڕاستی دەگوت. فڕۆکەکانی شەڕکەری ئامریکا وبریتانیا وفڕەنسە کەلە مۆڵگەی تورکیە نشتەجێ بوون هەروا، بەداکۆکی لەکوردەکانی دەرەکی لە ناوچەی ئەمین،لە باشوری مەداری 36 دەرەجە خول و سوڕیان دەدا.

(یەکگرتووەکان)بەکوردەکانیان هوشداردابوو کە ئەگەرتەنگەژە بۆ ئیراق سازکەن و تووشی تەنگ و چەڵەمە بن یارمەتیان نادرێ. بەڵام چەند ڕۆژ کە تێپەر بوو پێشمەرگەکانی کورد لە زنجیرە عەمەلیاتێک لەگەڵ کەرتەکانی ورە لە دەست داوی ئێراق دەرگیربوون. لە مانگی ئۆکتۆبەر شەڕی دەتوندوتیژ ڕوویاندا وکوردەکان بە سانایی سولیمانیە و هەولیر(ئەربیل)یان گرتەوە، لە حالێکدا کە هەزاران سەربازی بێ حال و بێ ئیلاقەی ئێراقی لە جیاتی شەڕکردن چەکەکانی خۆیان داناو خۆیان بەدەستەوە دا. سەدام حوسین تێمابوو. بە تۆڵەی ئەم کردەوە لە کۆتایی ئۆکتۆبەر مووچەی کارگیڕانی کوردستانی ڕاگرت، و لە میزانی خواردەمەنی و سوتەمەنی زۆری کەم کردەوە، و دوو بەرامبەر لەسەر تەحریمی نەتەوەیەکگرتوەکان کە تەوای وڵاتی دەبەردەگرت تەحریمەکی تایبەتی لە سەردەڤەرەکانی کوردنشین بەڕیوەبرد. واشنگتۆن لە ترسی ئەمە کە بەغدا لەلابردنی هەریەک لەم تەحڕیمانە وەکوو بەڵگەیەک دژی تەحریمی نەتەوەیەکگرتوەکان کەلک وەرگرێت، داوای پەیتاپەیتای کوردەکانی بۆ هەڵگرتنی تەحریم لە سەر واردکردنی کەڵ و پەلی یەدەگی وی چەند فاکتۆڕی کەم کە خەریک بوون و ڕەنگە دەرئامەدەکیان دابین دەکرد و هەتا پارەشیان ئامادە دەکرد،ڕەت کرد. لەبەرامبەر یائالاتی یەکگرتووی ئامریکا و هاوپەیمانانی هەنوکە سەدان میلیون دۆلار وەکوو یارمەتی خەرجیان دەکرد هەتا بتوانن کوردەکان زیندو ڕاگرن. هەرواناعێلاج بوون تیکۆشانی نەوت کێشەکانی تورکیە(لەیلان) کە ئەم تەحریمەیان پێشێل دەکرد و سوتەمنی دزیلی ئیراقیان لە ناوچەی کوردنشین دەبرد،نەدیتوو بگرن. ئەم سوتەمەنیە بە بایەکی ئیکجارهەرزان دەفرۆشرا، بەڵام بەهەرحاڵ دابین کەری ئەرزەکی موعتەبەر بوو کە بەغدا ئیکجار ئاتاج بەوی بوو. ئەم جەرەیانە بەسەرچاوەی دەرئامەدەکی گرنگ بۆ کوردەکان گۆڕا، لە ڕاستیدا وەکووڕەگی چۆڵەمەی ژیانی ناوچەبوو، و لەم نێوەدا گیانێکی نوێی لە ئابووری ناوچەیی تورکیە دەفاند، کە کاتێک برەوەی هەبوو، و هەنوکە بەهۆکاری پێشگیری هاتوو چۆی دوو لای سنوور ڕاوستابوو. بەپێچەوانەی ئاڵۆزی و پشیویەکان و جەرەیانی تەژی لە خوارەپێچە وتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێگای خۆی دۆزیبۆوە و دەوری باگوردانی گرتبوو.

دەسەڵاتدارانی ناوچەیی و ڕۆژئاوا بە ڕادەیەک بڕیارگر بە سنوردارکردنی داوینی تێکۆشانی کوردەکان بوون کە دژکردەوەکانیان لەبەرامبەر بەڕیوەبردنی تەحریم ئێڕاق ناحەزلێکدەداوە-سەدام حوسینیش ئەم هەڵەیەی دەکرد،ئەم ڕێگریە لە جیاتی ئەمە ورەی کوردان تێک بشکێنێ ئاکامەکی بەپێچەوانەی داوە. هەتا مەسعودبارزانی کە هەتا نیوەڕاستی نوامبەربەتوندی لە وتوویژلەگەڵ بەغدای بەردەوام بوو،بەم ئاکامە گەیی کە وتوویژ لەگەڵ بەغدا ئیدی فایدەی و کەلکی نییە،و بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی ناوچەیی داوای بەڕیوەبردنی دەنگدان لە ناوچەی خودموختارپێشوو کرد. بەدوای ویدا لە مەنگی مەی لە بنەبانی قەلس بوون وناراحەتی بەغدا وئانکاڕا و دیمشق وتاران،کە هەموو لە ناسیونالیسمی کورد بەهەر وێنەو شکل بیزاربوون و دەترسان،کوردەکانی ئێڕاق یەکەمین دەنگدانی ئازادی خۆیان بەرپاکرد وپارلەمانی ناوچەیی خۆیان هەڵبژارد.

واشنگتۆن بەخۆشی یان ناخۆشی لاقی بۆ ناو گیروگرفتەکەی کیشرا،ئیستا ناعیلاج بەگرتنی بریاری سیاسی نوێ بوو،کە لە دەوڵەتی کلینتۆن بخشینی لانی کەمی یارمەتی بە ئۆپۆزیسیونی ئیراقی، بە مەبەستی پیشگیری هیزەکانی ئێراقی لێکەوتەوە. رێبەرانی کورد وئۆپۆزیسیون ئیراق هەنۆکە ئیدی شتێکی بەدرد نەخۆر نەبوون. بەڵام بام مانایە نەبوو کەواشنگتۆن بەپیی سیاسەتێکی مەیو،و ڕاست ودورست و مەحکەم فکری دەکردەوە،شتێک کەلەو نێوانە دا دیاری نەکرابوو ئەمە بوو کە واشنگتۆن مادام کەسەدام حوسین لە سەرکاربێت یانی جلەوی دەسەڵاتی لەدەست دابیت لەگەڵ هەڵگرتنی گەمارۆیەکان دژایەتی دەکات. هەروەک یەکێک لە کارگیڕانی سیاسەتزانی ئامریکا سالەکانی دوایی دەمی پێداهێنا: واشنگتۆن بە بڕیارگرتنی سیاسەتی ناڕیک نابەرئاقڵانە کە(پێویستی بە بەرپرسایەتیەکی بەردەوام و دەکارکردنی هێزینەیەکی زۆر،ئەویش نەک بەمەبەستی سانایی وهاسانکاری کارەکان بەڵکوو پشیویوو ئاڵۆزی لەگۆڕێدابوو،کە دەستەوەستان مابۆوە گیری خواردبوو. کوردەکانی ئیراق لەو ناوسیاسەتی لاسەنگ و پرخەرجی ئامریکا کە ئەوانی بی پارە هێشتبۆوەو پێشگیری لە خۆ بەخیوکردنی ئابووری ناوچە دەکرد و هۆکاری کۆچەری دەستەی ڕۆشنبیر و مام ناوەندیان بوو،باسی خەراپەیان دەکرد. لەگەڵ ئەم هەمووە،ولەگەڵ ئەم گویچکە لێ ئاخنینانە وریزلێ نەگرتنە ودەست تیوەردانی نهینی،هەتا بۆ ماوەیەکی کورت،هەر وا لە سەر پانەگوڕای شەترنجی دنیا مابوونەوە.

یەکێک لە ئەندامانی(نوسینگەی کاروباری خاوەری نزیک یانی(وڵاتانی تورکیەو سوریيەولبنان واسڕائیل وئۆردن جاروەبوو میسریشیان ڕەگەڵ دەخست، وباکووری آسیا)لە شی کردنەوەی هەڵەکانی ساڵی 1991ی زایینی زنجیرەیەک هۆکاری هەڵدەبژارد،کەلە14ساعەت ئیشی ڕۆژانە بەمەبەستی حازربوون بۆ شەڕ وگەیشتن بەئامانجەکانی وی هەتا پەیامەکانی خەراب لێکدراوە وتاییەت نەبوونی ئاگادارکردنەوە لە ناو دەم ودەزگای سیاسەتی دەرەکی یان چاپەمەنیەکان یان کارگیڕانی زانستگایەکانی دەباوەش دەگرت. ئەم

کەسینە لەکاتی شی کردنووەوەو ئازانتی بابەتەکەی دەیگوت: (لەشەڕیکورە،بەم لاوە هەتا شەڕی کەنداوی فارس-و بەتاییەت لە بیست ساڵی رابردوو،لە شەڕی ویتنام بام لاوەقسەو لێکدانەوەی زوربەی چاپەمەنیەکان و ئاخافتنی پسپۆران ئەمە بووە کە (ڕادەی خۆتان بزانن)یانی لاقتان بە قەت بڕەی خۆتان ڕاکێشن!

لەگەڵ ئەم هەموو جەرەیانە، هەتا هەنۆکە مسیبەتەکە کامڵ نەببوو. بە تێپەڕینی زەمان قسەکانی (شیتانەی)تاڵەبانی ئیدی سووت لێدان بۆ ورە بەرز کردنەوەنەی خۆی نەبوو. لە ئاکامدا بارزانی و تاڵەبانی لێک وەباکەوتن،و شەرەکەیان بە بایی گیانی هەزاران کەس تەواو بوو. ئەو پیک وەربوونە بیزاری و تووڕەیەکی توندی لە کوردەکان ودۆستانی دەرەکی بەرزکردەوە. لەگەڵ ئەمە کوردەکان ئێستا هەریەک بەشە سەرزەمینەکیان لە بەر دەست بوو کە لە مەر پان وبەرینی وبەرفرەوانی زیدەتر لەو پانەگۆڕاییەی بوو کە لە مێژوونوێ حوکماتیان لە سەرکردبوو. لە ژوئین 1991لە یەکێک لەبیانیەکانی ئاگادار بە کاروباری ناوچە کە لە پاش نیوڕۆی ڕۆژیک لە دانیشتنیکدا کەلەگەڵ ڕیبەرانی ناوچەیی لە دهۆک هەیبوو دێتەدەر،لیم پرسیارکرد: لە پاشەکشەی هێزەکانی یەکگرتوو تووڕەبوو؟ ئەگەرپێشنیارک بکات دیسان بەرەو چیاکان تیدەکشین؟) گوتی: نا، بەهیچ شیوەیەک) پێم سەیربوو.

لیی بنوڕن، ئەمانە فکریان نەدەکردەوە لە دوایی مسیبەت زیندی بمیننەوە. جورێکە کە دەڵێی مردوونەو بەرەوبەعەشت چوونە.) لەم سەدەدا بۆ هەوڵین کەرەت لە مێژووی ژیانی میللەتی کورد،دەسەڵاتدارانی دەرەکی لە داکۆکی لە ئەوان تداخولیان لە کوردستان داکردبوو.

یەکێک لەدیپلۆماتەکانی بریتانیایی لە وت ویژێکدا لە12ی فۆریەی 1991 ڕادەی تەلەفیاتی بە/2000کەس تەخمین کردبوو. سەرئەژمیریەکی باوەرپێکراوە لەدەست دانیە،(عافوی نیودەوڵەتی)کەلە مانگی ئۆکتۆبری 1994 لەکوردستانی ئێراق بەکۆکردنەوەی ئاگاداری سەرقاڵ بوو ژمارەی کوژراوەکانی نیزامی و خەلکی ئاسایی بەتیکەلاوی /لەنێوان /1600هەتا/ 2000 بەر ئاورد کردبوو. بەڵام لەدوایدا شەڕی دەتوند قەومان. هەتالەسازمانیکدا بەرئاوردەکان تەوفیریان هەبوو. هوشیارزێباری لەحیزبی پارتی دێموکراتی کوردستان ڕادەی کوژراوان بە /3000کەس لەقەڵەم دەدا،لەحالێکدا کە سامی عەبدولرحمان لەم حیزبە ژمارەی کوژراوان بە/2000کەس تەخمین دەکات کە زوربەی پێشمەرگە بوون.

پاژی (5)

ئەو ئاڵتونانەی کە بەگۆرئاسن گۆڕدران!

لەساڵی 1993 وێنەی پێنج شەش کەسایەتی لەوکوردانەی کەلە ماوەی خەباتی نەتەوەیی لەم سەدەدا کەسینی و کەسایەتیەکی بەرچاویان وەدەست هێنابوو لە ئولکەی گشتی شاری سلیمانیە لە سەر دیوار بەڕوکاری مەیدان،بۆ تەماشا دانرابوون. ئەمانە شهیدانیک بوون کەلە ڕاپەڕینەکانی کوردستان گیانی خۆیان لە ڕێگای مافی نەتەوەیی بەخت کردبوو. ئەم پیاوانە ئەم سەردارانە سەردەمێک لە قوبڵەی سیاسی نەتەوەخوازی چارەڕەشی کورد ڕێزوحوڕمەت و ئیحتڕامیان هەبوو. زوربەی ئەم کەسایەتیانە لەگۆڕەپانی خەبات گیانیان بەخت کردبوو: هەموویان بایی ڕاپەڕین لە ئێران و ئێراق و تورکیە، گیانی خۆیان بەخشیبوو. ئەم ڕیزڵینانە شتێکی لاساکردنەوە لە کردەوەی سەدام حوسین نەبوو کە وێنەکانی خۆی بە هەموو جورە جل وبەرگ لە دەرودیواری وڵات قایم کردبوو. وێنەکانی سەدام لە هەموو شوینک وەبەرچاو دەکەوت، ئەمانە بەرهەمی هونەری مامەلە بوون بە زەڕەق وبەرقی تایبەت ڕازاندرابوونەوە. بەڵام وێنەی ئەم کوردانە کە زوربەی خاوو وێنەچوو بە نوسخەی حەسل بوون بەشیک لە ئاداب و ئاقیدەی کۆن وێنەی دونیای سیوەم بوون، کە مێژوو ڕابردووی وی بۆ ڕۆژگارەکانی بەرلە سەرهەڵدانی وێنەی چوار ڕەنگ و وێنەی تەلەفزیونی دەگەڕاوە.

ساکاری ئەم ڕێزلێنانەی ڕابردو،لەنەکاو بەفیرۆدان وبەربادکردنی پسپۆری ولێزانی لە بەستینی دیکە لە بەرچاوڕادەگرت و شکل پیدەدا. بەڵام شتیک کەگرینگ بوو ئەمە بوو کە بۆ ئەوڵین جار لە تەواوی درێژایی مێژوێک کە کۆمەڵگای کوردوەبیریان بوو،کوردەکان دەیانتوانی ڕێبەرانی بێ شانسی خۆیان لە شوێنێک،بە ئازادی،چاولێبکەن،وتێبگەن نەتەوەخوازانی کوردسنوورەکانی ڕووکش ودەستکرد،کە وڵاتانی ناوچە بە سەرئەوانیاندا سپاندوە لەپشت سەربەجێهیشتووە. کەسایەتیەکانی ناوبەدەری ودەنگین اين گروپە کارتێکەری خۆیان بۆ ئەولاتری دەڤەری لی لەدایکبونیان بەرفرەوان کردۆتەوە، وهەتا سیلەچاوی دەمی وساتی زلهێزانیان بۆ لای خۆیان ڕەکێش کردبوو، کەهەڵبەتە ئەگرئەمەبەردی بناخەبوایە خۆشحاڵ دەبوون،کەدوژمنەکانیان کە هەرشتیکی ڕەنگ وبۆنی کوردی دابوایە دەیانویست نەیبینن،ئەمەئیستا بەبەرەکەتی داکۆکی بەکردەوەی ڕۆژئاوا لە باشوورئیراق وێنەکان بۆ تەماشای خەڵک دانرابوون.

لەومەزن وگەورەپیاوانەی کورد کە لەوان ڕیزوحوڕمەت دەگیرا ئەم کەساتیانە وەبەرچاو دەکەون:شیخ سعید پیران،ازپیشەوایەکانی مەزەبی،کەڕاپەڕینەتەمەن کورتەکەی لە1925(لەتورکیە)ڕێبەری کرد کە بەهەڵاوەسینی وی بەسێدارە دوایی هات،قاضی محەممەد،کەسایەتیەکی مەزەبی، کە محەمەدڕەزاشاپەهلەوی ئەوی لە1947 بەتاوانی پێکهێنانی کۆماری تەمەن کورتی مەهاباد لە سیدارەدا،و نەمرعەبدولڕحمان قاسملو،کەلەساڵی 1989 لەوێن بەدەستی دارودەستەی ئیتلاعاتی نهێنی کۆماری ئیسلامی ئیران شەهیدکرا. وێنەی مەلامستەفابارزانیان هەموو ئەمانەی لە نمود دەخست، کە ژیانی لەگەڵ گۆڕانکانی وکیشەومەعرکەی نیوسەدە نەتەوەخوازی کورد تیکەڵ کردبوو. شوینیکی سەربەرزی وئیفتخار،کە بۆ وی پاوان و تایبەت کرابوو جێگایەکی(بەرێزوئاکابرانە)بوو، هەرچەند هەڵەکانی ئیکجارزوربوون.

لەنیو قارەمانەکانی شهید،وێنەی بارزانی لەهەمووشوین دەکرابیبینن-لەماڵەکانی گچکەی خەڵکی ئاسایی کوردی تورکیە یان ئازەربایجان بگرە هەتا دەفتەرونوسینگەی ڕۆژنامەنوسانی نێوبەدەر لەواشنگتۆن. ژیانی دورو درێژی بارزانی هەوێنی چیرۆک وگەلێک داستان بوو: لە هەرشوێنێک کە کوردەکان دەژیان،تەو عەملیاتی شەڕەکانی سەدان جارگوترابوو دیسان دەگوتراوە.... ئەم چێرۆکانە هۆی سەربەرزی و ئیفتخارو شانازین،و لە ماوەی دەیەکانی زۆر هزروفکری نەتەوەخوازی کورد زیندو ڕاگرتووە. ئەولێهاتوو شایستەی ئەم هەستەی پیویست و بنەڕەتی بۆ ڕێبەری بوو کە لە سەرهەست وسۆزی خەڵک کارتێکەربوو، و جەماوەربریتی لە پیاوژنی ئەوها ورۆژاودەکرد کە هەموو کاری خۆیان دەست لێبەردەداو بەپێچەوانەی ناپشودریژی بەدوای دەکەوتن وسەربەفرمانی بوون.

ئەو لە سەردەمی دەسەڵاتداری خۆی،جەنگاوەرانی بی سیواد عەشایەری وهەزاران دوکتور وپاریزەر مامۆستای مدرسەو پۆلیسی کە لە ژیانێکی تەژی لە خوشی شاری دابوون،ژیانی بەچتوونی چیایان هەڵبژاردبوو،پێکەوە یەکگرتوودەکرد. لە سەرئەمەشرادایم دەرهەم مجبووربوو لەگەڵ عەشایەرکانی دوژمن وهێزەکانی سیاسی، یانی جاشەکان،کە بەهۆکاری تاوانەکانی کۆن ونوێ کە لە بەرامبەر پارە، چەکیان لە حکوومەت وەردەگرت،شەڕ بکات وبجنگێ. ئەو لە ناحەزترین شیوە،مرۆڤێک بوو یەک دەندەو یەک قسە وسەررۆ! بەکەمێک خویندن،کە نەدەویست دەسەڵات لەگەڵ ڕۆشنبیران دابەش بکات،توانی خەباتگێڕانی کوردی ئیران بە دوژمنەکانیان(ئیران) تەسلیم بکات،و بە هیواداری بەدەرەکی بزوتنەوەی کوردی بە بەڵاومسیبەت ڕوو بە ڕووبکات! ئەم نەسازان ودژکاریە،قولینچکی تیژی کەسایەتی پیاوک نیشاندەدا کە لە هەڵسوران،نێوان دو دونیا دەگیر کەوتبوو: یەک دونیای ڕزگاربوون لە پۆلیسی دورانی لاوی ودونیای زلهێزەکانی تێکدەری وڵاتێک بە توندوتیژی جێگری پۆلیسی،یانی وڵاتیک کە ئەو وەکوو ڕێبەرێکی ناسراوجێگای خۆی تیداکردبووەو لەگەڵی دەست بەیەخە بوو.

سەرەتای دەست پێکردن،بارزانی هێندە کارتێکەر لە خۆشەویستیەکانی عەشایەری وفئوداڵی بوو کە هاتەسەرئەم بڕیارە ڕێگری و سنورداری دەوڵەتی ناوندی لەلایک دابنێت- ئەم سەرگەرمیە خووخوسڵەتی گەلیک لەچیانشینانی شوینەکانی دیکەشە: ئەو هێندەشوێن تێکەرلەم مەسەلە بوو،ئاقیدەی بەپێویستی کاری سازمانی نەبوو،کەهەم پیوستی بەحوسلە هەیە وهەرواپیویستی سەرکەوتنی هەربزوتنەوەیەک ئازادی خوازی نەتەوەییە. بەڵام کاتک هەل ومەرج شێوا،بارزانی یەکڕاست ئاغای کوردستان یانی یەکەمین فەرماندەری نویی نیزامی بوو کە هەتا وێچوویەکی دەوری بە(سەلاح ئەدینی مەزن) هەبوو، کە وەکوو فەرماندەیەکی لەشکری ئیسلام خاچ پەرستانی شکست دا،وئەم وێچوویەی بارزانی بە وی لە هەرکوردێکی دیکە زێدەتر و پتربوو. کاتیک بارودۆخ گۆڕا هەتا یەکێک لەکوڕەکانی خۆی-عەبەیدوڵڵا-هۆگربوونی وی سەبارەت بەخودموختاری کە بارزانی بۆخۆی وەکوو ئامانجی نەتەوەیی ڕاگەیاندبوو،بۆبن پرسیاربرد. عەبەیدولا داواکاربوو کە ئەگەرسەرکەوتن بەمانای بەخت کردنی دەسەڵات و شیاوتری فئوداڵی بێت ولە

وی ڕادەست پێبکات،هۆگر بە خۆدموختاری نییە. پسپۆرانی کورد و بیانییەک کە ئێکجارەکی بارزانیان لە بەر چاوبوو(دژی یەکتربوون ونەسازانی ناوندی)لە نەتەوەخوازی کورد دەبینن.

یەکێک لە خاوەن نەزەران دەنوسێت: (خەباتی نەتەوەیی خەڵکی کورد لەماوەی سەدەی بیستەم تەنیا خەبات نیوان کورەکان وحوکمڕانانی ناکورد نەبوو،بەڵکوو لەعەینی حاڵدا خەباتێک بوو نێوان مفهومی حکوومەتی عەشایەری و دەوڵەتی نوێ: خەبات لە مابینی سەرزەمینەکانی چەڵاخ و سەرزەمینەکانی دەستەمۆ،پەیکاری چیانشینان لەگەڵ خەڵکی دەستەمۆ لە دەشتەکان-پەیکارێک کە بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە بەریەک جیاکردەوەو کزو لاواز کردوە)نەتەوەخوازی کوردهێشتا،هەرچەند بەشێوەوشێوازەکان ڕەنگی جوراجور هەروا دوو لەت ماوەتەوە.

مەلامستەفا کەلە ساڵی 1904 لە دایک ببوو،ئیلهامی سەرەتای خۆی لە بارودۆخ و هەڵکەوتێک وەرگرت کە بنەماڵەکەی بە ناوی(ئاغای)خاوەن مڵک و شێخ هەیبوو- کە هەردوو لە کوردستانی دێهاتی سەرچاوەی دەسەڵات بوون. بارزانی لەسەردەمێک کەلە1979 وەکوو دوورخراوە لە ئامریکا وەفاتی کرد،گشت هەنگاوەکانی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی هەتاقولایی ڕۆیبوو، و توانابیەکانی وی لەئەزموون دابوو، وئەوی هەتا ئاخرەکە لێ بەردەوام ببوو: بزوتنەوەیەک کە تێدەکۆشا لە چوارچیوەی ئەو دەوڵەتانەی کە هیچ کات دەستیان لەخوێن ڕژانی نەدەلەرزی، مانەوەی خۆیان بەردەوام کەن. لە سەردەمێکدا کە بارزانی دەورانی سەردەمی خۆی تێدەپەڕاند بارزانیەکانیان بە چەڵاخ ترین عەشایەری ئەشقی و سەربزیوی کوردستان دەزانین. ئەم عەشایەرە کەبریتی لە(750)بنەماڵەی هەژاربوو لە دەڤەرەکی ڕەق و تەق و بێ دەرئامەد وحاسڵات،لە باشوورترین بەشی مەڵبەندێکی کە بە ئێراقی ئەمڕۆ لکاوە،بڵاوببوون: ئەم خەڵکە لەم بارەوە کەلەبەرامبەردوژمنانی بەهێزتر لە خۆی ترسێکی بەخۆ ڕێگانادەن،نابانگیان دەرکردبوو. لە سەردەمی حکومەتی عوسمانی بەهۆکاری خووخدەی شەڕی وبەهۆی شوێن تێکەر لەتەریقەتی نەخشبەندی ناو ناوبانگیان هەبووە. ئەوکات هێشتاسەردەمی خێڵاتی بوو، و بارزان-ناوەندی ئەم بنەماڵە-کەشارۆچکەیەک بوو لە بادینان-قولینچکەکی ئەشقی و سەبزیوو بوو لە ئەمپەراتوری عوسمانی، ونزیک بەچیاکانی حەکاری کە خەتی سنووری نیوان ئیراق ئەمڕۆو تورکیەیە. ئەم شوێنە وەکوو (مدینەفاضلە) ناوبانگی هەبوو،کە وەرزێرانی عەشیرەیی و پەنابەرانی مەسیحی و موسڵمان بۆ خۆی ڕادەکیشا. عوسمانیەکانی باپیرەگەورەو برای مەلامستەفایان بەهۆکاری سەربزیوو ڕاپەرینی دەزۆر لە سیدارە دان، و مەلامستەفا شانازی بەمەدەکرد کە بە زارۆکی کە شیری دەخوارد زیندانی بووە. لەراستیدا نۆمانگانەبوو کە لە گەڵ بنەماڵەکەی لە موسڵ زیندانی کرا. لە سەرئەم حاڵەش وەکوو برایەکی بچکۆڵە،لە کۆمەڵگایەک کە حوکمڕانی مافی کوڕی گەورەیە، شتیک ئەوی ئامادەی ڕیبەری نەدەکرد.
مەلامستەفا کە ناوی مەلایەتی وی پەیوەندی بە روتبەی مەلایەتی ئیسلامی نییە)لەلای براگەورەی خۆی یانی شیخ ئەحمەد راهێنرا،کە گەڵیک کارتێکەری لە سەر وی هەبوو،و سێزدەساڵ لە وی بەتەمەنتربوو. لە

نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بەشداری پاپیرەگەورەیان لە تەریقەتی نەخشبەندی هۆكاری ناوبانگی عەشایرەی بارزان و پڕبوونەوەی بەتاڵابییەك بوو كە لە دوایی لە بەریەك هەڵتەكانی ئەمیرنشینەكانی كوردئاكامی وەرگرتبوو. شیخ ئەحمەدڕێبەری مەزەبی جێگای ئیحترام و ڕیزلێنان بوو،هەرچەندهێندە لە خەتی ڕێبەرانی مەزەبی سوننە نەبوو، ئیكجارلایانگری پاریزراوی ئاقارومەڵبەندی ژیان بوو.ڕاوی كەوو مەڕو بڕانی كیوەی یاساخ كردو(ڕەنگە بە سیلەچاوێك لە ئاقیدەی بەرلەئیسلام)بڕینی داروجەبگەڵیشی یاساخ كرد. دوژمنانی دەیانگوت  كە خوتبەی نویژی هەینی بە دستوری وی بە ناوی وییان دەخویندرا،ومریدانی لە جیاتی مەكە بارزانیان بە قوبڵە دازانی،خواردنی گۆشتی بەرزاو خواردنەوەی شەرابی حەڵال ڕاگەیاندوە،ئەویندارى ئازاد ڕەوا دەزانێت. ئەم چیڕۆكەراست یان ناڕاست،بەناوبانگی شێخ ئەحمەد لەم بارەوە كە پیاوەكە گۆڕانكاری بەسەرداهاتووە یارمەتی داوە. مەلامستەفا كە پاشان نابانگ ودەنگینی ناوبەدەری بنەماڵەكەی لە پشتسەری بەجێهیشت،بەهۆی ڕێزگرتن لەبراگەورەی لەحزوری وی هەمێشە لە سەرپیا رادەوەستا،یانی لەكن وی دانەدەنیشت،لە سەر ئەمە پێداگر بوو كە تەحام بۆشیخ بەرلە هەمووان دابنرێت.

بنەماڵەی شێخ خۆیان پاك داوین وپیاوخودا دەزانی، و گەڵیك لە كوردان ئاقیدەیان وابوو كە دەستێكی نهێنی دایم ودەرهەم لە كاتی ڕوداو بارزانیەكان ئالیكاری دەكات. بارزانیەكان وێدەچێت بەم هۆیەوە كە زەویووزاریكی زۆریان نەبوو و ئەوەی هەشیان بوو بە پیت وبەركەت نەبوو،لە راستیدا خەڵكانێك نبوون كە لە ئاكامی شەڕ شتێك لە دەست بدەن. مەسەلەیەكی كوردی دەلیت:(شەرباشترە لەبێكاری) ئیدی كەدەلێن؛(بەرخی نێربۆ سەربڕین چاكە)بارزانیەكان بەلەبەرچاوگرتنی لە ڕێكی وپێكی ولانەدان لە فەرمان لەكاتی شەر دەنگین بوون. لە ئاویتەكردن و پێكەوەولكاندنی شوێن تێكردن سروشتی وڕەگەزی دەروونی بەوەدی هێنانی شێوەی دورستكردنی فەرماندەری گەلێك ئالیكاری كرد. زورجاربەسەردانەكانی دەرەكی وبیانی دەگوترا كەفەمانبردنی ئەم خەڵكە لەشێخ بەڕادەیەكە، كەئەگەربەئەوان بێژێ وفەرمان بدات بێ ئەم لا ئەولا خۆیان لەبەرزایی چیا هەڵدەدێرن.
مەلامستەفا پیاوەكی  كورت باڵا و لەگەل بیچمەكی دیاری وبرۆی پڕموو،وئیكجاربە هێزوتوانا،بەچاوی دەڕەش وكارتێكەر كە مرۆڤی بەڕیز لێگرتن وادارەكرد. هێزی كەسایەتیەكەی ئەوها بوو كەكوردەكان دەیانگوت: كە شوێن تێكردنیان لە دوروە هەست پێدەكرد. یەكێك لە فەرماندەرەكانی هاوسەنگەری دەیگوت:(هەركام لەبنەملەكەی بارزانی خۆیان بەئەمیردەزانن)ئەم كابرایە لە قسە دەخویی وەردان لەڕابردوی سەردەمی گەنجی مەلامستەفا وساڵەكانی سەرەتای لاوی لە بارزان دەڵیت: لەوچیایانە و لەبن سیبەری ئەو دارە بەڕوانە، مرۆڤ دەشێت هەموو جۆرە خەیاڵێك بكات. ئینسان دەتوانێت بەتەواوی لە ڕاستی خۆی دووركات. بەڵام خەیاڵ و فكروهزری وی وەڕاست گەڕا)بەڵام ئەم گۆڕانكاریە كاتی كیشا. مەلامستەفا جارێك بە یەكێك لە نزیكانی گوت: كە بیست وشەش ساڵەبووە كە هەستی پێكردوە كە دەبێت ڕۆڵی ڕێبەری بەڕیوەبەرێت- ئەمە لە سەرەتای یەكەمین ڕاپەرینی  مەزنی وی بوو.

مەلامستەفا ئەنگراوی تێگەینی دەست وجێ و توانایی لێک جیاکردنەوە بوو کە زۆرترپاڵپشت بە خووخدەی سروشتی بوو هەتا لێک دابەشکردنی وشیکردنەوەی مەسەلە- ئەمەش هۆو ئاکامی کەم خویندنی بوو: شەش سال خویندنی تایبەت و چوارساڵ پەروەردەو فیرکردن لە مەکتەبی یەکێک لە گوندەکانی لاتەریک.(سەیرئەمەیە چینی ئاغاوەتی کورد- کەبارزانی لەوسەردەمدا چاوی بدینا هەڵێنابوو- وهەر وا دژمنانی ئەم چینە،یانی حکومەت،هەر دوو،سەردەمێکی دوورودرێژ لە شک و گومان بە مەسەلەی پەروەردەو فیرکردن و شوێنەواری ئازادکردنی وی لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵک و چین و توێژی هەژارو بەلەنگاز،شەریک بوون).ئەو جگە لە زوانی کوردی کرمانجی کە زوانی دایکی بوو زبانەکانی عەڕەبی و فارسی و رووسی بە باشی قسە پێدەکرد. ئەو ئاخافتنەکانی بە وتەی ئیخلاقی، کە کەسایەتیەکان دەعبابوون، دەڕازاندەوە. لە سالهای تەمەنی بە گوێچکەڕاگرتن بە دەنگوباس کە بەزوانی عەڕەبی لە رادیویەکانی مارک براوان ئاڵمانی بڵاودەکراوە ئاگاداری ڕووداوی دونیابوو- ئەم رادیویە یەکێک لە وسایلی پێویستی وی بوو.

مەلامستەفا لە تاریف کردن پێداهەڵاگوتن قینی هەڵدەستاو، وفریوو گزەو فێڵی زوو دەزانی. هەر وەک گەلیک لە ڕێبەرانی دونیای سیوەم ڕەقیبی خۆی خۆش نەدەویست کسێک لە بەرامبەریدا داوای گەورەیی بکات. مرۆڤێکی دێموکراس نەبوو. لە دونیای ویدا ڕێبەری هەمووشت بوو- یانی ئەگەربکرێ ئەو لەبزەی لە پەیوەندی لە گەڵ عادەت سادەی وی بکاربببین. خەنجەرەکی درێژو خواری لە بەر پشتیندەی ڕۆدەکرد، پانتۆڵێکی فشوفۆڵی لەبەر دەکرد،جغارەی دەست پێچراوی توتنی کوردی دەکێشا،جغارەی بەدارجغارەیەکی دریژ کە لە داری ئاڵوباڵوی چیا دەتراشی،دەکیشا. و کاتێک کە مێوان دەهاتن لە سەرچۆک دادەنیشت و شولکی دەتاشی. چای بە شیوەی ئیرانیان بە دیشلمە دەخواردەوە. زورجار بە شترنج ماندوبوونی لەلەش دەردەکرد خۆی دەحساندەوە. بارودۆخ هەرچەند ئاسایی بوایە ئەو بۆ قبول کردنی میوانان لەبیانی و دەرەکی هەتا کوردەکان لە هەر چین وتویژ،لە پێشمەرگەی سادە بگرە هەتا فەرماندەرەکانی نیزامی، دەبوایەچاوەروانی کاتیان کردبوایە،نۆبەبڕی نەبوو.

بی تەشریفات وبینەوبەرە سەفەری دەکرد. ئەزموون فێری وی کردبوو کە هەموو شەوێک جێ خەوتنی خۆی بگۆڕێت، لە گەڵ کیشک چێ وپاریزگادەکانی ئەم دێ ئەو دێ بکات- و ئەمە بەهۆی بێ شوێن کردنی پیلانی دوژمن و هەڵسوڕانی سیخورانی حکوومەت بوو کە ئاقیدەی وابوو سێبەری جۆڵانەوەی لە نزیکەوە دەخەنە بەرچاوەدێری. بەڵی ئەوهایە میراتی جێ کەوتووی خەیانەت لە کۆمەڵگای کوردی. کەل وپەلی شروشاڵاتی سەفەری ئەوهێندە سووک و سادەبوو کە شوێنیکی بۆ تاپۆ وزوت کردنی ڕوداو لە پاش خۆی بەجێ نەدەهێشت،بەڵام قەندو چایی و برینجیان لە گەڵیک ئەشکەفتاندا کە کوردەکان لەوانیان وەکوو

پەناگاوحاشارگا لە بەرامبەرهێرشی فڕۆکەکان کەلک لێ وەردەگرت دەشاردەوە. ئەو لەژیانی ئاسایی و ساکاری پێشمەرگەکانی هاوبەش دەبوو،و لە هوای ئازاد دەخەوت. ئەگەرچی ئەمە قسەی سەرزوانی تورکانە کە دەلێن: (کوردتەنیا لەهەڵسەنگان لەگەڵ گاور موسڵمان بەحیساب دێت) مەلامستەفا ئەگەر چ پینج فەرز نویژی نەدەکرد بەڵام قەت نویژی بەیانی و نوێژی خەتنانی نەدەچوو. کەڵە پیاوێکی بەغیرەت و جەسورو چاونەترس بوو، لەم بارەوە کە لە کاتی بۆمباردومانی توندوتیژ قەت تێکنەدەچوو وکرویشک و گنجی لەنێوچاوان نەدەکەوت لە سەرزارو زوانان بوو. وەرگرتنی بڕیارەکانی تاکتێکی بەفەرماندەرەکانی دەسپارد،کە کەسانێک بوون لە عەشیرەی خۆی،کە زورجارسەبارەت بەوان دەیگوت: (بە1500بارزانی دەتوانم مەملەکەتی بشێوێنم)جاروابوو نەتەوەخوازانی کوردی بەم هستە تاڵە بەجێدەهێشت،کە بۆ وی بارزانی بوون گرینک تر لە کوردبوون بوو.

ئەو لایەنی بێ بەرهەم وبیسودیشی هەبوو،بەم هۆیە، مارگرت جورجی، لە بەرچاوان کەوت،تێگەیی. مارگرت جورج لە ژنانی کوردی مەسیحی بوو،کێژیکی ئیکجارجندی و جوانچاک بوو،وبەناوبانگ وئاوازە. لە سالەکانی دەیەی 1960بەفرماندەوسەرپەلی دەستەیەک کە هەموویان مێربوون لە شەڕێکدا سەرکەوتووبوو وەک ئەستیرەیەک گەشیاوە و ناوی دەرکردو ناسراوبوو. هێندەیک لە خاوەن پڕوپاگەندەی کورد ئەویان بەکۆپی کوردی ژاندارک لێکداوە،وپێشمەرگەکانی کورد وێنەی وییان وەکوو قارەمانێک لەگەڵ خۆ بەئولکەی شەڕ دەبرد. بەڵام پیروزی وسەرکەوتن لە خۆبایی و سەرخۆشی کرد داوای مافی دەنگدان لەشورای بەرزی سیاسی بوو. ئەم مەسەلە هۆکاری لە ناوچوونی بوو،جگە لەوەش هێندێک شتیان سەبارەت بەوی کەلەگەڵ عەبەیدوللای کوڕی گەورەی بارزانی گویا نێوانی هەیە لە سەر زارو زوانان بوو. داوییەکان کاتێک رۆژنامەوانان و هاواڵدەرانی بیانی کە سەردانی کوردستانیان دەکرد داوای وتوویژی لەگەڵ دەکەن بەڵام پییان دەگوترێ کە توشی نەخۆشی گولی بوو بۆ گوند گەڕاوەتەوە. بەلآم راستێەکەی ئەمەیە مەلامستەفا بۆخۆی بەوردی دەێروانی گیانی چ پێشمەرگەیەک بەهەدەر نەڕوات،دەستوری کوشتنی دابوو.

ئەو بەسەبروحوسەلە مدارائی ڕێوو ڕەسم و داب و نەریتی عەشیرەیی ئیکجار دلبندبوو،ئەفسەرێکی ئیسڕائیلی مەسەلەی کیشەونێوان ناخۆشی لەگەڵ پێشمەرگەیەک دەگێڕاوە کە بە جەرەیانی ئاشتی یان (خوێنبایی) بۆ پێکهاتن حازرنەبوو و کابرای کوشتبوو بارزانی کەل و پەلی کاری نوسینگەی لەبن پەتوو دەرهێنا و چاویلکەکانی لە چاوکردو قەڵمی نوک زێڕی بە دەست گرت و نوسی : کابرای پیاوکوژ زندانی بکرێت، دادگەیی بکرێت،مەحکووم بەئیعدام بکرێت، و ئیعدام بکرێت!- هەموئەم کارانە بەر لە کازیوەدان ئەنجام بدرێن. کاتێک ئەفسەری ئیسڕائیلی پرسیاری کرد بۆ زەحمەتی ئەوهەموو کاعەزبازیەت بەخوت دا،بارزانی بەشیوەیەوکی توند گوتی ئەگەروانەکەین ئەرکی عەدالەت چ دەبێت؟

(زەرفیان) بەبێزکاری بە ڕێگایەک ئامازە دەکات کە بارزانی لەهەڵکەوتی سەرۆک عەشیرەیەک هەتا ڕێبەری نەتەوەیەک ڕێگای بڕیوە. کاتیک بارزانی لە دایک بوو هزری نەتەوەخوازی بە زەحەمەت ئەگەر بوونی هەبوو،وبە لێکدانەوەو بۆچوونی گەلیک لە مێژوونوسانی کورد نەتەوەخوازی پێشکەتوو تەنیابەبەرەوپێشچوونی لایانەکانی ڕۆشنبیری پەروەردەکراوی خەڵکی شارنشین پێکهات وشکلی گرت،وکوردستان یەکیک لە دوبین داگیرکراوە زەوت کراوەکانی عوسمانی بوو کەلەم جەریانەی هەنگاونا. (بابی عالی)لەهەڵس وکەوت لەگەڵ عەشایەری کورد ئەوانی دیکە کەلەگەڵ وی دژایەتی هەڵدەستانەوە ئەزموونی زۆربوو: ئەوانی یان دەکوشت، یان زیندانی دەکرد،یان بەدادنی زێدەپاروو شیاوتری دەکرِی.

لە سەرەتای سەدەی نۆزەدەهەم کوردەکان دەیان جارتێکۆشابوون لە بەرامبەرحکوومەتی راستەخۆی عوسامانی بەربەرەکانی بکەن وپارچەکانی دیکەی کوردستان پێکەو گرێدەنەوە یەکگرتووبکەن. هۆکاری سەرهەڵدانەی ئەم ڕاپەڕینانە زۆرترعوسانیەکان بوون: عوسمانیەکانی لە حەول وتەقەلادابوون پیشی لە ناوچوونی خۆیان،کە لە دوایی ناسەرکەوتن لە دەست بەسەرداگرتنی وین لە1683بەسەرهەڵدانی ڕاپەڕینی جۆراوجۆر لە نەکاو پرتاوی گرتبوو،بگرن و لەو نیوەشدا ترسیان لە دەستدێژی رووسیە ڕێکەتبوو،حەلیان دەدا هەر چ زووتر داسپانی حکوومەت قایم بکەن،وبەم بۆنەوەهەنگاویان بە دەستەمۆ کردنی ئاماڕات و سنجاقەکانی زۆری خودموختاری کوردستان کردن.

ئامانجی ڕیکوپێکی قانوونی سالی 1839،ناسراو بەتەنزیمات،دوایی هینان بەسێ سەدە حکوومەتی نانشتەجێ کە میراتی سەرکەوتنی سوڵتان سەلیمی سفاک لە (شاسمایلی سەفەوی) لەشەڕی چالدران بوو(1514). لەم شەڕەدا زوربەی عەشایری کورد بەسولتانیان ئالیکاری کردبوو. تەنیا لە 1639 بوو کە عەسمانیەکان وئیرانیەکان ئەم سنوورانەیان دانان کە کوردستانی باشووری دابەش دەکرد وخەتێکی وەدی دەهێنا،کە ئەمڕۆکانە تخوب و سنووری فەرمی وڵاتانی تورکیەو ئیران و ئیراقە. دەوڵەتی عوسمانی بە دەستخۆشانەی ئەمەگناسی و پەیمانی فەرمی کوردەکان، شازدە بنکەی ئیداری پێکهێنا کەلە بەرامبەردانی باج و پێتاک و دانی سەرباز لە کاتی پیویست، و پاریزگاری بەلانی کەم تەکووزی،لەئازادی کردەوەکی زۆر کەلک وەرگربوون. لەماوەی مەسەلەیەک کەچل سال بەردەوام بوو زوربەی کورستان بەهۆی شوێن تێکەری عەمەلیاتی سزایی و لەشکر کێشیەکانی پیتاپیتاو بەدوای یەکدا کە مەبەست لەئەوان دوایی هێنان بەتەمەنی ئەم ئاماڕاتانە بوو کە سەرۆکانی کورد دەیانەویست شیاوتریەکان دە ئەواندا ئیکجارەکی بکەن، سەری دانواند. هێندیک کەرەت کوردەکانی عوسمانی و ئیران دژی فەرماندەرو ودەسەلاتدارانی ئاستانبۆل وتاران یەکگرتوو دەبوون،بەڵام زۆرکات لەشەڕەکانی عوسمانی وڕووس لایانی عوسمانیان دەگرت،لە حالیکدا ئەوانی دیکە تێدەکۆشان بێ لایان بمێننەوە. هێندیک جار هۆزەکانی مەسیحی بەشۆرشەکان دڵکان وجاریش وابوو وەفاداردەمانەوە. عوسمانیەکان دایم دەرهەم دەیانتوانی دەستەیەک لەکوردەکان دژی شوڕشگێران کە خەرێکی وەرگرتنی یارمەتی لەڕووسیە یان بریتانیا بوون –

زورجاریش ئالێکاری دەکران- بۆلای خۆیان ڕاکیشن. توانین وئامادەگی فریودان وەتەماح خستنی عوسمانیان ئەوهێندەبوو کە هەتا کاتیک کوردەکان لە ئولکە شەڕ پیرۆزدەبوون بەدوای ویدا فریووی ئەوانیان دەخوارد،کە ئاکامەکای دوورخستنەوەو زیندان و کوشتن و بەتلانی لێدەکەوتەوە.

هەر ڕادە کەکوردەکان سادەو ساویلکە بوون،ڕەقیبیان ئەوەندە ناقۆلابوون. لە1885ئەمیرنیزام،یەکێک لە فەرماندەرەکانی ئێرانی،یەکێک لە سەرۆکانی عەشایری کوردی بەناوی هەمزەئاگای مەنگوور، بەفریوو درۆو دەلەسەو گزەو فێل بۆ چادری خوی میوان کرد: و بەڵێنی پێدا(مادام کە لە سەر ڕووی هەردە رووداوێکی بۆ نایێتە پێش) کاتێک هەمز ئاغا چوو ناو ڕەشاڵەکەی فرماندەری ئێرانی دەستوری بەو سەربازانەدا کە خۆیان وەشاردبۆوە، ئەوان میوانیان وەبەر ڕەگبارداو کوشتیان. بەڵام ئەمیر نیزام دەیگوت ئەو بە قەولی خۆی وەفا کردوە: پیشدا دەستووری دابوو بن چادریان کۆڵیبوو فرشیان لێ ڕاخستبوو، سەربازەکان لە وێ پەناگایان گرتبوو کە هەمزئاغا لاقی دەزۆر ناوە تەقەیان کردوە،ئەمە لە سەر هەرد نەبووە لە بن هەردبووە! کوردەکان دەیانتوانی ئەمجۆرە زاڵم و غەدارو بێڕوحم و درۆزن بن: سمایل ئاغای سمکۆ کە سێ دەیەی سەرەتای سەدەی حازر یەکێک لە سەرۆکانی عەشایری شکاک بوو،خۆ بە دەستەوەدانی هێندیک لە دۆستانی خۆی قەبووڵ کردو بەئەوانی وادەدا کە گیانیان لە ئەمان دادەبێت وئازاددەکرێن. ئەوکات خولامەکانی جمگەی دەستی مێوانیان شکاندن و گردنیان شکاندن و ئازادیان کردن –لە حالیکدا کە سەریان بە سەرشانیاندا شۆڕ ببۆوە.

تێبینی: ئەم چیرۆکە ئەوڵین جارەدەبیسین بێگومان درۆیە،سمایل ئاغا قەت کاری ئەوهای نەکردوە،مەعلووم نییە نووسەر لەکو یی راهێناوە دەبوایە ناوی ئەوکەسەی نوسیبوایە،ئەوانە ئەفسانەی چڵکاوخۆرانی حکوومەتی داگیرکەرانن. وەرگیر

نێشانەگەڵیک لە(نەتەوەخوازی کوردی)لەسەرتای چەقەرەدان،هەر چەندجار وەبەرچاو دەکەوێت. شێخ عەبەیدولای شەمزینان دوو سال بەر لە ڕاپەڕینی کەلە1880لەنزیک سنووری ئێران و عوسمانی دژی دەوڵەتی ئێران وەرێخست و لە سەرەتا لەگەڵ لەسەرکەوتن نزیکەی کردبوو،لە قاقەزێک بەناوی جێگری کۆنسۆل دانیشتووی بریتانیا لەناوچە،نوسی: (نەتەوەی کورد،نەتەوەیەکی جیایە. مەزەبی جیایە و یاساو داب ونەریتی بەپیچەوانە لەئەوانە) ودەیگوت:(سەرۆکان ودەسەڵاتدارانی کوردستان، چ هاووڵاتی عوسمانی و چ هاووڵاتی ئێران، و خەڵکی کوردستان، بەگشتی یەکدل و یەک پارچە یەکدەنگ ویەک بەڵین و یەک قەولن لە سەرئەمە کە لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتە ناتوانن پێکەوەبژین وپێکەوەبن.)

ڕاپەڕینی شێخ عەبەیدوڵلا بەئالیکاری ئەرتەشی ئیران وعوسمانی دامرکاندرا: ئەمە نموونەی سەرەتایی هۆگریاتی و خۆڕاگری زلهێزەکان بەهاوکاری لە بەستێنی سەرکوتی شوێن پێیەک لە نەتەوەخوازی

کوردییە کە هەڕەشەی بۆ سەرجەمی خاکی ئەوان بەحیساب دێت. لە سەدەی ئەوچاخ ئەو (سەینەوبەینەیە)ڕێگری لەمە نەبووە کە لەم قاعیدەیە ( لەڕادەتێپەڕی) بکرێت: لەبابەتێک کە ولاَتانی ناوچە بۆ شوێن تێکردن لە سیاسەتەکانی ولاَتانی جێنار زوربە لە دنەدانی کوردەکان وپالْ پێوەنانیان بەڕاپەڕین لە بەرامبەر دەولْەتانی خۆیان دەستیان هەبووە. حکوومەتەکانی ناوچە لەبابەت خۆتێهەلْقوتاندنی جندی لەم مەسەلە-لە چاوداپۆشین لە سنوورئاوابوون هەتا ئالیکاری ئابووری ونیزامی-لێزان و پسپۆرن. کوردەکانی ولاَتێکی تایبەتیش فیربوون کەلەوبنکە جیا بە یەک ولاَتی ناوچە متمانە نەکەن. ئاکامەکەی ئەم مەسەلە ئەمە بوو کە زۆرجار بەداکۆکی ولاَتێکی ناوچە یان بێ لایانی وی ئاتاج بوو.
بەبوڕیوەبردنی چاکسازی وگونجاندنی یاسای(ڕێکوپێکی خەملْیوی)هاوسەنگی داب ونەریت تێکچوو،وشوێنی وی عەشایرەکان وهۆزەکانی ناحەجمیوو بەدعات داگیری کرد، کە ئەستێرەی بەخت ودەولەتیان جار ڕوناک وشەبەقدارو  جار لە کوژانەوە دابوو. هەودای نەزم وڕێکوپێکی لەبەریەک هەلْپچڕاو قەتیا،ئەبەمجۆرە کە لەدەرەوەی شارەکانی مەزن جگە لە ناوێک لە وێ نەماوە. ئەم پشیوەییو بێسەروبەریە لەگەلْ بوونی تەریقەتی نەخشبەندی و قادری لە کزی دەدا،چونکە ئەم دوو تەریقەتە ئەو عەشایرەو هۆزانەی پێکەوە دەوژمنداریان هەبوو لەگەلْ  یەکتر یەکگرتوو دەکرد. بەلاَم لەسەریەک کۆمەلْگای کورد لەحالْی لە ناو چوون بوو: ڕێبەرانیان دوورخراوەبوون،یان بۆخۆیان دەست نیشاندەی ئاستانبۆلْ بوون. نەتەوەخوازی تازەسەرهەلْدراوی کورد هاوتەریب لەگەلْ نەتەوەخوازی گروپەکانی دیکەی (هاوفکر)ی عوسمانی لە عەڕەبستان و بالکان چەقەریاندا،کە دوایی لە لایان (تورکەکانی جوان) کەلە 1908بەدەسەلاَت گەیبوون سەرکوت کرا.

ئەم لەناوچوون و پەریشانی و پشێوی لە کاتێکی خەراو ڕوویدا: کەشەڕی دنیاگری ئەولْ ئەمپەراتوورەکانی عوسمانی وئوتریش وهنگری وڕووسیەی ماشت،و لە دلْی نەتەوەکانی کۆیلەی داگیرکەرانی عوسمانی هیواو تاسەی زۆری خولْقاند. کوردەکان کە لە کوشتاری سالْی 1915هاوسایی ئەرمەنیەکانیان بەشداریان کردبوو،بۆ خۆیان بایی ئەم کارە دزێوەیان بە حکوومەتی عوسمانی داوە: ئەوانیان وەکوو ئەرمەنیەکان لە ترسی ئەمە بەرووس بلێکن لە دەڤەری باشووری ڕۆژهەلاَتی ولاَت دەرپەڕاندن،و لە ماوەی ئەم کۆچبارییەی زستانی سالْی 1916دەیان هەزارکەس لەبەربی ئەنوایی لەناوچوون.

بەجۆرە کوردەکان بۆ کەلک وەرگرتن لەم هەلە کەبۆ سەربەخۆیی وەدەست هاتبوو ئامادەگیان نەبوو. برگەی دوازدەهەم لە دەستووری چواردەبڕگەیی(وودرویلسن)سەرکۆماری ئامریکا،بە دیاریکردنی بە کەمایەتیەکانی ناتورکی عوسمانی دلْنیایی و باوەڕ پێدەبەخشی کە لەمە بەدوا دەتوانن(بێ دەستدرێژی تورکیە لە خودموختاری وسەربەخۆیی وبەرەوپێشچوونی تەواو کەلک وەرگرن.)بەلاَم بریتانیا وفڕانسە و

ڕووسیەی تەزاری ئیمزاکەرانی پەیماننامەی ناسراو بەسایکس- پیکو کەلە1916واژۆکرابوو-ڕەزامەندیان دەربڕیبوو ئەمپەراتوری عوسمانی لە نیوان خۆیان دابەش بکەن.

لەم خولە گروپەکانی جۆربەجۆری کورد خوازیاری سەربەخۆییەکی تەوابوون،لە حالیکدا کە دەستەیەکی دیکە دەیانەویست کەلەناوحکوومەتی عوسمانی بمێننەوە،کە خولاسەکرابوو بەئاناتۆلی- بەڵێ،مەلاکانی مەزەبی و زنجیرەکانی داب ونەریت لە گەڵ خەلیفایەتی هەتا بەم شکلەبوو. شێخەکان وئاغاکانیش کەحوکماتیان لەدەڤەردەکرد وترسیان ڕینێشتبوولەمە کە ڕوناکبیرانی شاری کە هەوای دەست تێوردانیان لەکەللەی دابوو لایانگری سەربەخۆیی بوون، داوئین دەسەڵاتیان لێ بەرتەسک بکەنەوە. (لردکرزن) بەرپرسی لێژنەی نوێنەرایەتی بریتانیا لەکۆنفرانسی ئاشتی پاریس،سەرگەردان مابۆوە،ونەیدەزانی کە(کوردەکان چیان دەویت)ئەوگوتی: (لەدوایی لێکۆڵینەوەیەکی ئیکجار زۆرکە لە قوستەنتەنیەو بەغداو شوێنەکانی دیکەکردوومە نەمتوانیوە کەسێک بدۆزمەوە کە نوێنەری خەڵکی کوردبێت...هیچ کوردێک زاهیرن جگەلەخۆی وهۆزەکەی نوێنەری کەسی دیکە نییە.)

لە سەرئەمەشرا وتوێژێک کە بۆ دابەشکردنی عوسمانی لە نێوان یەکگرتوەکان پێکهات بۆ کوردان(نیشانەیەکەی)دیاری کراو ئاشکرابوو(ڕووسیەلە1917لە داواکاری تەزاری چاوپۆشیبوو). بۆ هەوەڵین جار بە فەرمی ماڤی گەلی کورد دەمی پێداهاتبوو. ئەم مافە لە بەڵگەیەکدا قۆڵی لە سەرکێشراو پەسەندو تەسدیق و واژو سەلماندرا کە لە شارۆچکەی (Sevres )هەڵکەوتوو لەناوچەی پاریس،کە بەکەل وپەلی چینی ناوبەدەرە، بەئیمزا گەیشت،و پاشان دیاریدا کە ئەم نوسراوەیەش لە شکاندا کمترلەکەل وپەلی چینی نییە! ئەم پەیمانە کەلە 10ی ئەوتی 1920بەسترا،سێ ساڵ دوایی ئیمزاکردنی(بەڵگەیەکی مردو بوو).بەڵام خەڵکی کورد نەسلەهایە کە بەبڕگەکانی 62و63و64بەشی سیوەمی وی وەکوو بەڵگەیەکی سەلماندراوی ماڤی خۆیان لە یاسایەکانی نیونەتەوەیی، و سەنەدی خەیانەتی زلهێزەکان بەشاهیدی دێنێتەوە!

بڕگەی 62،کمیسیونێکی بڕیار لە سەردەدا کە بۆ بناخە دانانی خودموختاری کورد لە ژێرچاوەدێری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەسەرڕابگات،بەڵام ئەم دەڤەرەی خودموختار بەشەکانی شاخاوی کوردستان لە باوەش ناگرن کە ئەمڕۆ لە باکووری تورکیە،لە ڕۆژهەڵاتی چەمی فەڕات هەڵکەوتوون. بەشەکی هەراو لە کوردستان هەڵکەتوو لە ڕۆژ ئاوای چەمی ئاماژەپێکراوە لەم مەسەلە جیاکرابوونەوە. فرانسەوبریتانیا نەیاندەویست لە سەرپەرشتی لە سەرئەو دەڤەران لە کوردستان کە پاشان ئەوبەشانەی ئیراق و سورییەیان پێکهێنا،چاوبپۆشن. قەرار بوو دیاریکردنی سنووری کوردستانی باشوور،کە سەربەخۆ

دەبوو،پەیرۆی سنووری وڵاتی ئەرمەنی بێت. بەپێچەوانەی قسەکانی چەوروشیرین کە ویلسن،سەبارەت بەهۆگری خۆی بەسەربەخۆیی نەتەوەکان دەریدەبڕی،ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە ڕاستیدا بەهزری قبوڵی سەرپەرشتی ئەم دوو وڵاتەی کوردو ئەرمەنی (لەڕۆژهەڵاتی تورکیەی هەنۆکە)گەمەی دەکرد. بەڵام ئەم نەخشانە بەدەنگێک کە سەنای ئامریکا دای و بەپێی وی بەشداری و هاوبەشی ئامریکای لەکۆمەڵگای نێونەتەوەیی جڵەوگرت،تیکدا.
بڕگەی 63ی پەیمانی(سڤر)ڕژیمی عوسمانی دەستەبەر دەکردبەمە کە بەدەست هێناوەکانی کمیسیون قەبوول بکات. بڕگەی 64شاکاری(بەقونداخستنێکی) سیاسی بوو: ئەم ماددەیە دەیگوت: هەرکات داوایی سالێک لە بەڕیوەبردنی دەستوورەکانی پەیمانی سور کوردەکان بەدەلیل وبەڵگەنیشاندەن کە(زۆرایەتی خەڵکی ئەم دەڤەرە پێیانخۆشە لەتورکیەی عوسمانی جیاببنەوەو سەربەخۆبن، وئەگەر(شوڕای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی)ئەوکات ئەم راستەیی بۆ ئاشکرابوو کە خەلکی کورد لێهاتوویی ئەم سەربەخۆییەیان هەیە،ئەوکات تورکییەی عوسمانی هەر لە ئەلحان را ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێ وئەم ڕاسپاردەیە قەبووڵ دەکات و لە هەموو ماڤ و شیاوتری خوی لەو دەڤەراندا چاوپۆشی بکات.)بەڵام ئەم بڕگەیە ئەوهاش بڕیاردەربوو:( هەرکات ئەو کوردانەی کە لەم دەڤەرە لەکوردستان ژیان تێپەڕ دەکەن ونشتەجێن کە هەنۆکە بەشێک لە پارێزگای موسڵە بیانهەوێ ببن بەهاووڵاتی وڵاتی تازەبناغەداڕیژراوی کورد، زلهێزەکانی یەکگرتوو ڕەخنەلەم مەسەلە ناگرن)ئەم ئەگەرانە بەڕادەو لە جێگای دووری ئەم وێچوونە بوو کە کوردستان ڕۆژێک بەسەربەخۆیی دەگات.
مومکین بوونی سەربەخۆیی کوردستانێکی بەقازانج- یانی پارێزگای نەوت لێهەڵقوڵیوی موسڵ،لەگەڵ چاڵاوەکانی نەوتی نزیک کەرکووک- پابەند بەبوونی وڵاتێکی کوردی ببوو کەلەدواڕۆژدا لەتورکیە دادەمەزرا. مانای ئەم مەسەلە بەڕادەیەکی تەواو ڕوون و دوور لە تارمایی بوو: ئینگلیزەکان کە پارێزگای موسڵ یان چوارڕۆژ بەر لە دوایی پێهاتنی فەرمی شەڕ لەئوکتوبەی 1918 دەست
بەسەرداگرتبوو، بڕیاریانگرتبوو کە بەکردەوە ئەم پارێزگاییەی و سەرچاوەکانی هیشتانەوت لێ وەدەرنەکەوتووی لە ژیر حوکمی خۆیان بێڵنەوە. (هەمووپارێزگاکە لەڕاستیدا بەفرانسە درابوو،بەڵام پاریس لەبەرامبەر وەرگرتنی23/5لە سەت لە نەوتی کەرکووک لەم داوایە چاوپۆشی کرد)ڕستەبەندی وزوانی بڕگەی 64بەکردەوە دەستەبەری دەکرد کە شوڕای کۆمەڵگای نێونەتوەیی لەبریتانیا داوادەکات کە سەرپەرشتی لە سەر موسڵ و نەوتەکەی بە سوکر بگرێت.

لە ساڵەکانی دوایی بریتانیا لە مەڕ سیاسی وای بە بەرژەوەندی زانی کە شەرێکەکانی نەوتی هولەندی و فرانسوی و ئامریکاییش لەم نەوتەدابەشداری بکەن. بەڵگەنامەیەک کەلە (سیا)لەبڵویزیخانەی ئامریکا،لە تاران وەدەست خوێنکارانی ئینقلابی کەوت وبڵاوبۆوە بەزوانێکی دوور لە تارمایی دەیگوت:( دۆزینەوەی نەوت لە1927 لەنزک کەرکووک وبەشداری شەریکەکانی ئامریکایی وئوروپایی لەبەرهەمی وی

هۆکاری کەمتەرخەمی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە بزوتنەوەی سەربەخۆیخوازانی کوردان بوو.) ئەم چاڵاوانەی نەوتی کورکووک و شوێنەکانی دیکە کە لەو دەڤەرن کە کوردەکان بەحەق بەئی خۆی دەزانن،لە نیوەڕاستی دەیەی 1970 حفتاو پێنج لە سەدی نەوتی ئیراقیان بەروبوو دەهێنا.

پەیمانی سور هیچ کات(بەڕاست نەزانرا): ئاکامەکەی ئەمە بوو کە کوردەکان بەکردەوە تەنیا هاووڵاتی عوسمانی بوون کە نەک تەنیا نەیانتوانی زێدی خۆیان بنیات بنێن بەڵکوو لە ناوئێراق و سورییە و تورکییە دابەشکران،و هەتا هەنوکەش هەروا ماوەتنەوە. چارەنووسی کوردەکان،مستەفاکەمال ئاتاتورک قەڵمی لێدا،کەسەرەتا ئەوانی فریودا وبەئالیکاری لەگەڵ خۆی،و لە ناو بردنی ئەوانی مسوەگەرکرد. ئەو سەرەتا بۆ خۆڕزگارکردن لە بەڵای دژمنانی- یانی هێزەکانی داگیرکەری فرانسەو یۆنان لە ڕۆژئاوا،و هێزەکانی ئەرمەنی لە باشووری ڕۆژهەڵات- ئەوانی (وەکووبراو بەرانبەرو هاوبەش) بەهاوکاری دنەدا. وکاتێک کەلە 1922بەئامانجی پێکا،ئەوجار بەیەکگرتووانی کورد وتاسە وئارەزوی نەتەوەیی(برایان) خەریک بوو. بریتانیاو فرانسەئەوهالەشەڕوپەیکارماندو ببوون کەهیچ کات حازرنەبوون پارەو نەفەراد بەبۆنەی خەڵکی کوردی تورکیە لەشەڕلەگەڵ مستەفاکەمال بەکاربرێت،بەم هۆیەوە خوشحاڵ بوون کە(مستملکاتی) عەڕەبی عوسانی و بۆخۆیان ڕاگرن،وتورکییەی لەبەرامبەر گف وگوڕوهەڕەشە وددەست اندازیەکانی خەیاڵی وێچوونی (شوورەوی) بپارێزیت.

نزان کەنداڵ،مێژوونووسی کورد دەڵێت: پەیمانی سور بۆ خەڵکی تورک سووک وچروک و بۆ نەتەوەی کوردئیکجارناعادلانە بوو) پیمان لۆزان کەلە24ی ژوئیەی 1923 ئیمزاکرا،وڵاتی نوێی تورکییەی بە حیسابی کوردەکان،کە بە وتەی کەنداڵ،ئەوانی بە(خولەکی تازە لەکویلەتی مەحکووم کرد.) بەفەرمی ناسی.
لە پەیمانی لۆزان ناوێک لەکوردان و ماقی نەتەوەیی ئەوان نەبردرابوو،هەرچەند دەستەبەری بە کەمایەتیەکانی ناموسڵمان وەکوو جولەکە و مەسیحیەکان ارتدکس یونانی دا. چەند مانگ دوایی وی ئاتاتورک تەمەنی ئەمپەراتووری بە قازانجی کۆماری کۆتایی پێهێنا. ساڵێک دوایی خەلافەتی باتڵ ڕاگەیاند،کە هاووڵاتی سوڵتانی لەمەر روحانی وسیاسی پێکەوەگرێدەدا. هەروەک بینیمان زوان وجل و بەرگی کوردی قوتابخانە و ئەنجمەنەکان و بڵاوکراوەی کوردی و تەریقەتەکانی یاساخ کرد، هەتا (هزروفکری کوردبوون)ی لەناوهەڵگرت. ئەوکەڕەت کوردەکان بە(تورکی کیوی) گوڕدران. ئەم دورشمەی کەمالیستی بە پیتی زۆرگەورە لەسەرتۆپۆڵک ودەرگاو دیوارەکان نەخشیان بەست.( خۆش بەحاڵی ئەوکەسەی کەدەتوانی خۆی بەتورک بزانێت)!!

ڕاتڵەکانێک کەلە ئاکامی ئەم مەسەلە بە سەرکوردان هات،لە سەریەک تەقینەوەیەک بوو.لەسەرەتای ساڵی 1925 شێخ سەعید پیران بەناوی نەتەوەخوازی کورد و ڕەخنە لە باتڵ بوونی خەلافەت،شوڕشێکی تەمەن کورتی لەکوردستانی تورکیە وەڕێخست،کە لە کاتی ئەوپەڕی دەسەلاتی خۆی یەک سیوەمی دەڤەر دەباوەش گرت،بەڵام حکوومەتی ئانکاڕا بە هاسانی ئەوی تێک وەرپێچاو دوایی پێهێنا ودامرکاند.

کۆماری ساوای تورکیە دەست وجێ بە وەی کە بنەچەکەی عوسمانی وی لە ماوەی سەدان شۆرش،خۆی بەدەم پێداهێنان بەوی ڕازی نەدەکرد،دەمی پێداهێنا: کوردەکان داواکاریان وڵاتێکی سەربەخۆیە. دادستانی نیزامی دیاربەکر لەداگەی تایبەتی سەربەخۆیی،کە بەتوندی تیژی کردەوە دەنگین بوو،رووی لەشێخ سەعید وچل وپێنج کەس لەهاودەستانی گوتی: (هەمووتان لەبابەتێک شەرێک تاوانن، وئەو پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆیە کە ئیلهامی ئێوەبوو،کە تاوانەکەی لە سەرسیدارە دەدەنەوە،-ودایانەوە. بەرلەهەلوەشانەوەی (دادگاکانی تایبەتی ئیستقلال)لەدوو ساڵ دوایی،7440 کورد دەست بەسەرکران و660کەس ئیعدام کران، سەتان گوند ئاگریان تێبەردرا،لەنیوان 40/000 هەتا25/000وەرزێرلەم ڕوداوی عەمەلیاتی ئارامی)بەردوایی شۆڕش دا لەناوچوون. لەماوەی 12سال نزیکەی یەک میلیون ژن ومنداڵ وپیاو زارۆکی کورد لە زێدی خویان هەڵقەنداران وهەتڵەکران و بۆ ئاناتۆلی گویزرانەوە دوورخراوەکران.

لە ماوەی یەک دەیەونیو دوایی شانزدەشۆڕشی دیکە لە چیاکانی تورکیە ڕوویدا،وهەموویان بەتوندی سەرکوت کران. گیان فیداکەرانی شۆرشی شێخ سەعید تەنیاکورد نەبوون. ئاتاتورک لەم هەلە بۆ کوژانەوەی گڕی دژایەتی کە لە نیو خودی تورکەکان و هاواڵدەران لە حاڵی بڵیسەدان بوو کەلکی وەرگرت-و ئەمە شتێک بوو کە دەیەونێوەک دوایی سەری هەلداوە.

بریتانیا و تورکیە لە مەڕ نەوتی موسڵ پێکەوە بەناکۆکی ڕاستبوونەوە: هەریەک لەم دووە بە سیلەچاو لە داخوازی ئاشکراو بێ پەردەی کوردەکان کە داواکاری وڵاتێکی سەربەخۆ بوون،خۆیان بەداکۆکی کەرو پشتیوانی پارێزگا بەحیساب دەهێنا. لە1921ئینگلیزیەکان دەنگدانێکیان بۆ هەڵبژاردنی ئەمیرفەیسەل بەناوی پادشای ئێراق بەڕێوەبرد. ئەمیرفەیسەل هاوقەتاری لورنسی عەرەبستان لە ماوەی شۆرشی عەرەب،بۆ سەردەمێکی کورت پاڵشای سورییە بوو، کە فرانسویەکان لە1920ئەویان لە تەخت هێناخوار. بەڵام هەستی کوردەکان دژی لکان بەوڵاتی عەرەبی بەڕادەیەک بەهێزبوو کەکوردەکانی دەڤەری سلیمانیە

دەنگدانیان بەرلێگرت، کوردەکانی ناوچەی کەرکووک وەرگرتنی بڕیاریان سەبارەت بەمە وەدواخست، و تەنیا موسڵ وهەولێر بۆ هەڵبژاردنی فەیسەل دەنگیان دا.

لە مەڕ سیاسی،بریتانیاش وەکوو عوسمانیەکان بەر لە خۆی کەمایەتی عەرەبی سوننە مەزەبی لەسەر زۆرایەتی عەرەبی شێعە شیاوتر دەزانی،کە55/لەسەتی جەماوەروڵاتی دەباوەش دەگرت،(کوردەکانی)ش 23/لەسەتی ئاپۆرە بوون. لە سەرئەمەش لە نێوان سەرجەمی ئاپۆرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،کوردەکانی ئێراق- لەجەماوەرەکی بەرچاو خووخدەی جەنگاوەری و چلۆنایەتی جوغرافیایی خۆیان- بۆ وەدەست هێنانی ئامانجەکانی سیاسی- بەلانی کەم لە سەرکاغەز- باشترین شانسیان هەبوو. یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی ئیستخباراتی بریتانیا لە1945بەروون بوونەوەی ئەم مانایە ئالیکاری دەکات کە(بوچ چاوپۆشینی سالەکانی زور نیشاندەدا کە کوردەکانی ئێراق هیچکات لەحکوومەت وئەربابەکانی خۆیان ڕازی نەبوونە،و نیشانەیەک لەدەست دانییە کە ئەم خوو خدەوی نەتەوەیی گۆڕانی بەسەرداهاتبێت. بە دەگمەنن، وڵاتانێک کە لە باشترین هەڵ ومەرج لە مەسەلەی ئەمنیەتی تەنگەژەی زێدەترلەئێراقیان هەبووبێت: ئێراق تەنگەژەی قەومی و تایفەیی هەیە. پاراستنی ئەمنییەت لەگەل ئەم هەمووە هۆکار وگیروگرفتی سیاسی نە تەنیا لە ئێراق بەڵکوو لەوڵاتەکی پێشکەوتووش مومکین نییە.)

ئینگلیزەکان توندوتیژی فیربببوون، بەڵام لەسەرئەمەش ڕاهەستیان گوناح و تاوان دەکرد، لەم بارەوە کە کوردەکانیان تەکووز بەوڵاتێکی داتاشراو دورستکراوو دەسکرد کردبوو کە بۆخۆیان بەناوی ئێراق،لە ژێرچاوەدیری کۆمەڵگای نێونەتەوەیان دانابوو. هەرکات کەگیروگرفتیان بۆ سازدەبوو دەکەوتنە ئەوفکرە کە بە داواکاری کوردەکان ڕەزایت دەربڕن: بەلانی کەم لە دەکارکردنی زوانی کوردی لەدەم ودەسگاکانی ئیداری یانی کردەوەیەک کە حکوومەتەکەی هەڕشەلێنەدەکرد: لەڕاستیداڕێگایەکی تریان نەبوو، چونکە بیروباوڕیان ئەوهابوو بەبێ لەکارکردنی پارەیەکی کاروباری وڵات هەڵسورینن،ولەجیاتی هێزەکانی ئیشکائی کە ڕاگرتنیان پێویست بە دەرچوونێکی زۆربوو زۆرتر لەهێزی ئاسمانیان کەلک وەردەگرن. لەسەرەتای دەستپێکردن چەند بۆمب کە ئامانجیان دەپێکا،بۆ بڵاوکردنی وەی تۆی ترس ودلهرە لە ناوکوردەکان و کۆتایی هێنان بەڕاپەڕین بەس بوو.

لە 1922بریتانیا کەبەداواکاری سەرسختانەی تورکیە لەمەڕ موسل وبوونی بنکەکانی نیزامی تورک لە(ڕەواندز) هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای ئێراق ڕووبەڕوو ببوو،بەئامانجی بەهیزکردنی داواکاری خۆی بەم هۆیەوە کە کوردەکان خوازیار بەحکومەتی تورکان نین،شێخ مەحموودبەرزنجیبیان لە دوورخراوەیی گەڕاندەوە. سێ ساڵ بەرلەوی هەرئەم ئینگلیزیانە ئەویان بەحکوومەتی سلیمانیەدانابوو،بەڵام دوایی

لەوبڕیارە هەستیان بەپەشیمانی کرد،چونکە شێخ لەسەرەتای ئاوریلی 1919 بەیداخی کوردستانی- کە مانگی سووری لەسەرتەختی کەوە بوو- هەڵدابوو وداوای سەربەخۆیی کردبوو. هێزەکانی ئەرتەش کەبۆ سەرکوتی وی ناردرابوون تێکشکاندراو تارومارببوون،تەنیابۆمبەکانی هیزی ئاسمانی سەلتەنەتی بوون کە ئەویان ناچار بە خۆبەدەستەوەدان کرد،ئەوبە ئیعدام مەحکووم بوو،بەڵام ئینگلیزەکان حوکمی دادگەیان بەتەبعید گوڕاندوئەویان بۆ هندوستان دوورخستەوە. ئێستائەویان بۆسلیمانیە هێناوەتەوە،و ئەو دەست وجێ دوایی واردبوون بو سولیمانە لە حوکم و دەستووری ئینگلیزان سەری لادا،خۆی بەمەلیک مەحموود یەکەم،پاڵشای کوردستان ناوبرد. دەوڵەتێکی بریتی لە هەشت وەزیر پێکهینا،تەمری پۆستی چاپ کرد،باج و پیتاک حەواریزی دیاری کرد،وڕۆژنامەیەکی بەناوی (ڕۆژی کوردستان)خستەکار کە ماقی نەتەوەی گەورەی کورد لە ژیانکردن،بە هەبوونی وڵاتێ خۆی)ڕاگەیاند.

حکوومەتەکانی بریتانیا و ئێراق لە داخۆیانێک بە ڕێکەوتی 22ی دسامبەر بەناوی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دەیانگوت کە(ماقی کوردەکانی کەلەچوارچیوەی سنوورەکانی ئێراق ژیان تێپەڕ دەکەن بە پێکهێنانی دەوڵەتێک لەچوارچیوەی تخووبەکانی ئاماژەپێکراو دەم پێدادێنن وهیوادارن کەچین وتویژی جۆراوجۆری کورد خێراهەرچی خیراتر لە ناوە خۆیاندا سەبارەت بەهەیکەلێک کەداخوازن ئەم دەوڵەتە بە خۆوە بگرێ و ئەوسنوورانەی کە دەیانەوێ ئەم دەوڵەتە لە چوارچیوەی وی بەرفرەوان بێت و ڕیشە باژوات، پێکەوە ریکبکەون و پیکبێن و نوێنەرانی بەرپسیاری خۆیان بۆ گفتوگۆ سەبارەت بەپەیوەندی سیاسی و ئابووری خۆیان لەگەڵ دەوڵەتانی بریتانیا و ئێراق بۆ بەغدا بنێرن.)
ئەم داخۆیانە پشێوی و ئاڵۆزی دامرکاند. لەبەهاری ساڵی 1923 تورکەکان لە(ڕەواندز) ڕاونران، بەلام دوایی ئینگلیزیەکان شێخ مەحموودیان لەگەڵ ڕێبەرانی کوردی موسڵ و کەرکووک کە لە داواکاری وی بەرێبەرایەتی ڕازی نەبوون دەگیانی یەک بەردان! کاتێک شێخ مەحموود لەفەرمانی دەوڵەت بۆ چوون بۆ بەغدا جواب جەنگی کرد،جارێکی دیکە هێزەکانی پیادەی ئینگلیز بۆ ئامبەڵۆزی وی ناردران،وجارێکی دیکەهێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەت،هێزەکانی ویان بۆمباردمان کرد. شیخ مەحموود لە سیوەمی مانگی مارسی 1923 بۆکوردستانی ئێران پەنای برد،بەڵام دوایی سەردەمیک بۆ ئێراق گەڕاوە،بەڵام بەئالیکاری بۆمباردومانەکانی پەیتا پەیتا و دانانی پادگانێک کە دەوڵەتی ئێراق لەناوچە دایناببوو،ئیدی لە هاتنی وی بۆ سولیمانیە ڕێگری کرا.

بەڵام لەوکاتدا کە ئاتاتورک سەرگەرمی بەڕیوەبردنی وتوویژ بوو، کە گرێدانی پەیمانی لۆزانی لێکەوتەوە،حاشای لە هەرجۆرە ماقێک بۆ کوردەکانی تورکیەکرد،وبڕگەی نوسراو لە پەیمانی (سور) کە بە بریتانیای ئیجازەدەدا وەکوو دەوڵەتێکی سەرپەرشت لە مومکین بوونی لکانی کورەکانی پارێزگای موسڵی

بەوڵاتی کوردی کە لە تورکیە دادەمەزرێ دەستی هاوەڵا کاتەوە، ڕەتی کردەوە. بەم هەنگاوەی تورکیە، لە حاڵێکدا لەشێخ مەحموودیش لە سەر ڕێگای هەڵگیرابوو،داخۆیانی دەوڵەت و وادەکانی دوورودرێژی کە سەبارت بە(خودموختاری ناوچەیی)بەکوردەکانی دەدا،بەسانایی لە دڵ وهزری ئینگلیزیەکان فەرامۆش کرا. گزیری پایەبەرزی بریتانیا(لەئێراق) گوتی: بەلێڕوانین لە بەرتەسکی داوێنی ئەم داخۆیانە،فکر ناکەم ئیدی جاریکی دیکە قسە لە سەر وی بکرێت)ئاقیدەی وابوو کە ئەگەر ڕۆژێک کوردەکان ئەوی بە بەڵگە بێنەوە پێویستە بە ئەوان بگوترێ کە ئەم مەسەلە ئیدی(بەیەکلاداکەوتووە)

کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەتا 16ی دسامبەر بڕیارێکی لەم بابەتەوەنەگرت. لەم ڕێکەوتە بوو کە دەنگ بە سەرپەرشتی25ساڵەی بریتانیا لە سەرئیراق دا. پارێزگای موسڵ بەفەرمی بەخاکی حکوومەتی بەغدا لکاندرا. حەوت مانگ دوایی ئاتاتورک بە گرێدانی پەیمانێک لەگەل بریتانیا لە بەرامبەروەرگرتنی 10/سەتی بەش لە شەریکەی نەوتی ئێراق (کە دووبارە ناوی لێنرابۆوە)وادەی بریتانیای بە لە خۆ کێشانەوە لە دنەی کوردو وئەرمەنیان لە داوای تورکیە چاوپۆشی کرد.

کمیسیونێک کەلەلایان کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ڕاسپێراوی لێکۆلینەوە لە مەسەلەی موسڵ ببوو، لەسەرئەم بنچینە کە کوردەکان بەلانی کەم پێنج هەشتەم،وبەحیساب هێنانی کوردەکانی یەزیدی وجەماعەتی تورکمانی کە لەگەڵ ئەوان هاودەنگن وهیچ چەشنە ڕزایەتەکیان  بە لکان بەوڵاتی ئێراق نییە،حەوت هەشتەم جەماوەرپارێزگای پێکدێنن،بەقازانجی سەربەخۆیی کوردەکانی بیروباوەڕیان دەبڕیبوو. لەسەرئەمەش را(شوورایکۆمەڵگای نێونەتەوەیی)دەلیلی بریتانیای لەسەرئەوبناغەیە کەئەم پارێزگایە تەنیا بەهۆکارو دەلیلی ئابووری پێویستە بەئێراق بلکێت،قەبووڵ کرد،وتەنیابەمەی دوایی هیناکە زوانی کوردی لە قوتابخانەکان بخویندرێت وزبانی دەم ودەزگای ناوچەیی بێت. ئیدی ئەم وادەیەش بەسەرگرانی وەرگیرا- بۆ نموونە،پەروەردەوفێرکردن زبانی کوردی بەرتەسک بەقوتابخانەی سەرەتایی پارێزگای سلیمانیە و هێندیک بەش لە پاریزگای هەولێربوو. لە جەرەیانی ئەم پەیمان شکێنی ودرۆو دەلەسانە تەنیاخاڵێکی ڕووناک، هشدارێکە کە سەرۆک وەزیرانی ئێراق،عەبدولمحسن السعدون،لە قسەکانی لە1926،بەرلەڕاگەیاندی وازهێنانی لەسەرۆک وەزیران،دەربیبڕی(چارەنووسی تورکیە پێوستە دەرسێکی ئەزموون بۆ ئێمەبێت...ئێمەدەبێ ماقی کوردەکان بدەین) بەلام گوێ بەم نەسیحەتە نەدرا،وبریتانا کە بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆی پشت و پەنای گەورەی بەچەند فرۆکەی کۆن وچەند دەبابە و هێندێک لە هێزەکانی ناوچەیی بوو،پەیتا پەیتا ئەم ڕاسپاردەییەی لەگوێچکەی دەوڵەتەکانی بەغدا دەسریواند. بەلام ئەم دەوڵەتانە هیچ کات لەم ڕاپەڕینانەی بەربڵاو کە لە ماوای سالها لە وڵات سەریان هەڵدابوو دەرسی

عیبرەتیان وەرنەگرت. لە کۆتایی ئەودەیەیی بەرپسیارانی ئینگلیزی سکالایان هەبوو لەمە کە (ئێراق هێشتائیستلاحییێکی جوغرافیایی وێوەتر نییە)

لە ژوئنی 1930لە گەڵ پەیمانێک کە لە پرتسموث بەئیمزاگەیشت، بریتانیا لە نەکاو بەسەرپەرشتی خۆی کۆتایی هێنا وبەئێراق سەربەخۆیی ڕەواڵەتی دا، کە ماوای دووساڵ بەڕیوەی بەرێ. لەم پەیمانەش وەکوو پەیمانی لۆزان ناوێک لە کوردەکان و ماقی چارەنووسی وان نەبردرا. دەوڵەتانی بریتانیا وئێراق هەرجار زێدەتر سکالاکەرانی کوردیان لە کۆڵەخۆیان دەکردەوە. ڕاپۆرتێک لەلایان ئینگلیزەکان دەیگوت: (کوردەکان بە سەرجەم لە دەستداوی ئەو یەکگرتوویی سیاسین کە پیویستی حکوومەتێکی سەربەخۆیە) ولیی زیاد دەکرد: دەبێ بەم سکالادەرانە بگوترێت: (کە شتێک بەناوی پێکهێنانی وڵاتی کورد بەجیاواز لە ئێراق،لە ژێر چاوەدێری وداکۆکی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی،ناکرێ بێتە ئارا)

شێخ مەحموود بۆ سێوەمین کەڕەت لە 1918 بەم لاوە شۆڕشێکی وەڕێخست. ئەو لەقاقەزێکدا بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەیگوت: کەکۆتایی پێهێنانی سەرپەرشتی ئینگلیستان (لۆژین و ئاقلانەیە دەبێت بەمانای ئازادی بۆ کوردەکانی(پارێزگا، بێت) وداوای دەکرد کە(سەرجەمی پەیوەندیەکان لەگەل بەغدا هەڵببڕێن و هەڵبڕێن. دەیگوت: ئێمە ناتوانین وئەم پشوودرێژیەن نییە باشار ناکین و تاقەت ناهێنین کە ماقی سەربەخۆییێەک کە لە نەتەوەی سەرەتایی ئافریقایی وەکوو(لیبریا)قسورنەکراوە لە نەتەوەیی ئیمە قسووربکرێت..ئەگەردەوڵەتی عەرەبی ئیراق پشت گەرم بە پشتیوانی فرۆکەولەشکروهێزەی دەوڵەتی ئینگلیز نەبوایە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەرپەڕشتی ئەم وڵاتەی بەوی ئەسپارد، هەتا ئەوان بەناوی وی بەڕیوەبەرن،دووپات بوونەوەی مێژوو وهێرش بۆ بەغدا وداگیرکردنی وێ بۆ کوردەکان هەرشۆڵی چەند ڕۆژان بوو.)

هەر وەک شیخ مەحموود پێشبینی کردبوو فرۆکەکانی هێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی هەر وەک پیشوو لە دامرکاندنی شۆرش،هێزەکانی ئێراقیان ئالیکاری کرد- بەڵام بەرلەوی مانگرتنێک لەسلیمانیە وەڕێخرا، کە سەرمەشقێکی بۆ دواڕۆژ وەدەست دا: لەم مانگرتنەدا هەموو چین وتویژی خەڵک،یانی کرێکاران وبازرگانان وخەڵکی ئاسایی بەشداریان کردبوو، وبۆ هەولێن کەڕەت هەستی نەتەوایەتی خۆیان دەربڕی. لە سەرئەمەش ڕا کاتێک کە ئەم شۆرشەی شەش مانگە لەئاوریل 1931 کۆتایی پێهات،شۆڕشێکی دیکە دەستی پێکرد- بەڵام ئەمجار لە بادینان سەر رەقی وتوڕەیی: لێرە هەموو کوردەکان لەمەڕ چوونی ئیڕاق بۆ ناو کۆمەڵگای نیونەتەوەیی رەخنەیان گرت وناڕەزایەتیان دەربڕی. هۆکاری زوڵمێکراوی ولێقوماویی

بەخترەشی و سکالای ناوچەیی هەست پێکەرترو دیاری دراوترشیان هەبوو: دژی پیلان ونەخشەی دەولەت بوون کە دەیەویست مەسیحیان و نستوریان کە لە حەکاری هەلکەوتوو لە قەراخ سنووری تورکیە ڕاونرابوون و وەکوو جاش بۆ ئینگلیزیان خزمەت دەکرد،دەیانجار ئامبەلۆزی کوردەکان ببوون و شەڕیان لەگەڵ کردبوون،لەم ناوچەیە نشتەجێ بکەن. ئەم خەلکە بوونی پێگەکانی ژاندارم و بوونی کارگێرانی باج و پێتاکیشان خۆش نەدەویست.

لە بەهاری ساڵی 1932 ئەم شۆڕشەش بە ئالیکاری هێزەکانی ئاسمانی سەلتەنەتی بریتانیا دامرکاندرا. بەڵام ئەم ڕاپەڕینە سەرهەڵدانەی شیخ ئەحمەدبارزانی وبراکەی مەلامستەفای لە گۆرەپانی سیاسەت ڕاگەیاند، کە شوێن پێی لاقی بارزانیانی پێشوو بوو کە دژی حکوومەتی ناوەندی عوسمانی هەڵگەڕابوونەوە. دوو برا بۆ تورکیە ڕایانکرت،لە وێ گیران و دەست بەسەرکران و بەکارگێرانی ئێراق تەسلیم کرانەوە. جارێکی دیکە حکووتەکانی ناوچە وایان بەباش زانی کەلە هەل ومەرجی پەیوەند بەکوردستان هاوکاری بکەن. دوو برا مەشمول سزای دوورخراوە بوون: دوورخراوە بۆ ناوچەکانی عەرەب نشینی باکوور. پاش سەردەمێک بۆ سلیمانیە گوێزرانەوە،و لە وێ لە ماڵەکانی خۆیان دەست بەسەر لە ژێرچاوەدیری دابوون. لە سلیمانیە- ناوەندی فەرهەنگی کوردستانی ئێراق بود،کە گۆڕانکاری هێدی هێدی مەلامستەفای لە ئەشقی وسەربزێوێکی چیانشین بە ڕێبەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد،ئاوەژوکرد. لەو ماوەییەی کە مەلامستەفا لە سلیمانیە بوو هەردوو سێ ساڵ جارێک شۆڕشی بەربڵاو جۆراوجۆر لە کوردستانی ئیراق هەڵدایسان،وسەرکوت دەکران.

نەتەوەخوازانی کورد کە لە سلیمانیە ئەویان دەناسی دەیانگوت: کە جەرەیانی گۆڕانکاری بەسەرویدا،یانی مەلامستەفا ئیکجارهیدی و لە سەرخۆو تەدریجی و دژواربوو. ئەمانە چەپەکانی شاری بوون- کوردەکان لە حیزبی کمونیست و حیزەکانی نەتەوەیی وگروپەکانی سیاسی نهێنی چالاک و هەڵسورو بژاردە بوون. لە سەرەتا ئەویان ئیکجار کۆنەپەرست هەڵسەنگاند. بەڵام ئەو دایم ودەرهەم ڕێزی لە زانست و زانیاری دەگرت،وردە وردە بە بیروڕای سیاسی و دنیابینی و نیشتمان دۆستی وان حەزی نیشاندا. بەڵام ئەم پەیوەندییە دایم تێکەڵ بەچەتوونی بوو. کاتێک باس دەکەوتە سەرمەسەلەی زانیاری وسیاسەت،ئەم پیاوە یەکدەندەو سەرەڕۆیە نەخوێندەوارە لەم بارەوە لە ڕەخ ئەم ڕۆشنبیرو زانایانی شار کە لە قوتابخانەو زانستگاکانی ئێراق لە ژێرسەرپەرشتی راهێنرابوون هەستی بەناڕەحەتی دەکرد. ئەمانە لەگەڵ ئینگلیستان بەتوندی دژکاربوون و دژایەتی خۆیان بەئازادی دەردەبڕی. یەکیک لە پسپۆران دەڵێت: (کاتێک کە ئەم بارزانیانەی کێوو چیانشین و مالک و مەسلەک بەپێشڕەوان وپێشەوایانی نەتەوەخوازی

لایانگرانی چەپی کورد گۆڕاون،بۆخۆی یەکیک لە گەمەکانی مێژووە،چونکە نەتەوەخوازەکانی شاری لە ژیانی عەشیرەیی بیزار بوون و داوای لە ناوچوونی سیستەمی فئودالیان دەکرد.) بەڵام ئەم کوردانەی شاری دەیان بینی کە بۆخۆیان مرۆڤی چەکداریان نییە،وتەنیا بارزانیەکان و شوێن تێکەرێک کەلەمەڕ هۆزەکان هەیانە دەشێن هێزێکی کۆکەنەوە کە خەیاڵ وخەونی پێکهێنانی کوردستانێکی خودموختار(ئیدی بگوزەرێن لەکوردستانی سەربەخۆ) وەدیبێنن وبڕوێنن. بزوتنەوەی نەتەوەی کورد بە ئێراق دەیان کەرەت بۆ هۆی بەرەنگاری دەسەڵات لەنیوان لایانەکانی بنچینە وتەنگەژەی وی کزولەڕ بووە. سەیرئەمە کە شوێن تێکەری وئیختیداری مەلامستەفا هیچ کات بەڕادەی ئەوکاتانەی کە دەرگیری شەڕ لەگەڵ دەوڵەت بوو بەهێزونەبووە: لەم جۆرە کاتانەدا هەزاران کەس لەکوردەکانی ڕاهێنراو،لەترسی سەرکوت وبەمەبەستی هەڵاتن لەخزمەتی قازاخی لەشوێنەکانی دووری وەک بەغدا بۆ چیاتێخزابوون و بەخەباتی نەتەوەیی دەلکان.

مەلامستەفا لەدوایی 10سال دوورخراوەیی و زیندانی ژێرچاوەدێری لەئاکامدا لە1943 بەکەلک وەرگرتن لە کەم بوونەوەی چاوەدێری ئینگلیزەکان بەهۆکاری پێویستی شەڕی دنیاگری دووەم لە حەپس هەڵات. چێڕۆکێکی تەسدیق نەکراو دەلێت: بەم هۆیەوە بۆ چیاکانی شوێنی لەدایکبووی خۆی ڕۆیی،کە ئەو مووچەیەی کە دەوڵەت بۆی بڕیبۆوە بەهۆی (تورم)گرانی شتوومەک ئیدی بەشی دابین کردنی ژیانی بنەماڵەنەدەکرد. دەڵێن: ئەوکاتێک ئاگاداری بارودۆخی نالەباری بنەماڵەکەی بوو دەستی بەسەری خێزانی داهێنا،وبینی لە جیاتی ئەو زێڕوزەنبەرەی کە بۆ ڕۆژی تەنگانە دەویدادەشاردوە،بینی نالی داناوە: خێزانی مەجبوور ببوو زێڕەکان خوردکاتەوە. ئەو لەم مەسەلە ئیکجارتووڕە ببوو هەڵات،سەرەتاخۆی گەیاندخاکی ئیران،دوایی بۆ کوردستانی ئیراق گەڕاوە و ڕێگای بارزانی گرتەبەر. کاتێک گەیشتەوە بارزان، عەشیرەتەکانی دۆڵەمەری،شێروانی،مزوری،باروشی، کە هەموو بارزانی بوون،پێکەوەی یەکگرتووکردن وشۆرشی وەرێخست. سەرەتا دژی هۆزەکانی دوژمن کە جاشی حکوومەت بوون لە مێژ ساڵ بوو بەبارزانیان خەیانەت کردبوو، وئەوهێزانەی کە هێشتا ڕانەهێنرابوون ودەوڵەت بۆرامکردنی وسەربەفەرمانی وی ناردبوونی بە سەرنەویایەتی لە ئولکەی ڕاونان.

دەسەلاتدارانی گەورەی ئینگلیز دەست وجێ لەدوای ئاگاداری لە مەسەلەکە،لەم سەرۆک عەشیرەیەی چەڵاخ و داودۆز و ناسازگار زوانیان بە گلەو گازندەکردەوە: ئەم دەسەڵاتدارانە زوربە ئەویان بەسیفەتی تاڵانچی ودیکتاتۆڕ باس لێوەدەکرد. ڕاپۆرتێکی ئیستخباراتی دەیگوت(وانیشاندەدەن کە ناسێنەرو نوێنەری نەتەوەخوازی کوردە،بەڵام لەڕاستیدا دەیەوێ بە تاڵان و ڕاوڕووت بە شێوازی پێشوو ئازادی کردەوە پەیدا بکات.)سرکیان کوردنوالس،گزیری پایەبەرزی بریتانیا لە بەغدا، پۆشکابوو دەیگوت: ئەم تەنگەژەیەکە کە دەوڵەتی بەغدابۆخۆی بەوجودی هێناوە: (بە قەول وبەڵێنەکانی) جلی کردەوە لەبەرنەکرد) وچاوخشاندن بەسکالایاکانی بەحەقی) بۆ جێبەجێکردنیانی گنخاند. ئەودەیگوت: (بەچۆک داهێنانی مەلامستەفا

هۆکاری بەرز بوونەوەی کەرامەتی دەبێت، و شەهیدیک لە وی دەنێتە کایە!)چونکە هێز یان فرۆکە لە بەردەست دانەبوو، سەرۆک وەزیرانی ئێراق،نووری سەعید،کە بۆ خۆی کوردێکی بە زەرو مزور بوو کە لە مکتەبی ئەرتەشی عوسمانی پەروەردەکرابوو بڕیاری بەئاشتی گرت. مەلامستەفاو هەموو تێکدەرانی کوردی لە ئاوریلی 1945 عافووکردن. مەلامستەفا ئەم هەنگاوەی بەکزی دەوڵەت ناوبرد.

یەکێک لە رەخنەگروعەیبگرانی ئامریکایی کە بەبێنەزەیەکی زۆرتر لەم بارەوە بیروباوەری خۆی دەردەبرێ،لە شک وگومانی ئینگلیزیەکان لە بەتەوەخوازی بوونی مەلامستەفا شەریک نییە.

ئەودەڵێت: (مەلامستەفا هەرچەند پەیکەری غیرەت وخۆراگری وتاقەتهێنان بوو لەعینی حاڵیشدا تایبەتمەندیەکی دەردەبری کە هێندە جێگای تاریف و پێهەڵاگوتن نەبێت: خۆ بە زۆرزانی و بە ئیفادە، هەڵپەرست،نزیک بین و چاوتەنگ ولاساری)کەم بوو ژمارەی کوردەکانی کە ئەوهایان هەست پێکردبێت. بەپێچەوانە،مەلامستەفا ئەوانی راچڵەکاند و شڵەژاند. موحسین دزەیی کە سەرجەمی دەورانی لاوەتی لە تەک بارزانی بوو لە شڵەژانێکی بێ وێنە بیردەکاتەوە کەلە 1943ئەوکات کە قوتابی سەرەتایی بوو گوێبیس بوو کە مەلامستەفا لە سلیمانیە فیراری کردوە،هەستی پێکرد وگوتی: هەستی نەتەوەیی لە رادەبەدەر توندوتیژ بوو،هەتالە نێو ئێمە قوتابیان) نزیکەی ساڵێک پاش،بارزانی لە حاڵیکدا کە دوازدە پارێزگاردی تایبەتی نوقمی قەتارەی فێشنگدان و چکداربەتفەنگی برنۆی ساختی چکوسلۆاکی بە ئاغابانووی دەرێرێی سوروسپی تایبەتی بارزانیەکان ئیسکۆرتیان دەکرد واردی شاری هەولێربوو. دزەیی دەڵێت: (ئێمەهەموومان بۆ بینینی لە قوتابخانە بۆ دەرەوەرامانکرد- مرۆڤێکی بەقەڵافەت و بیچم هەیکەل نەبوو،بەڵام لەبەرچاوی ئێمەبەجل و بەرگی کوردی دێویک بوو)نەسلێک دواتر،یەکێک لە نزیکانی دوارۆژ وەبیردێنیتەوە کە لە رۆژێکی بەهار کە بۆ یەکەمین جار مەلامستەفای بینی کە سواری ئەسپێکی سپی لەگەڵ گروپێک لەپارێزگاردەکانی بەجەلال وشەوکەت لە ناوکێڵگەیەکی گوڵەبەرۆژە پیدابوو،دڵی بەتوندی دەستی بەلێدان کرد.

لەمانگی ئەوتی 1945دورست ئەوکات کە شەری دووەمی دنیاگر کۆتایی پێهات،مەلامستەفا دیسان راپەری،وداوای راپەرینی سەرانسەری کرد. بەڵام دوایی سەرکەوتنەکانی سەرەتایی کە لە ئولکە لەگەڵ هێزەکانی رانەهینراوی دەوڵەتی وەدستی هێنا،وەزیری ناوەخۆی ئێراق پارەیەکی زۆروزەوەندی لەمابەینی دوژمنانی وی داروبەش کرد-ئەوانیش خۆشحال لەم بارەوە کە بۆ بەرەنگاری لەگەڵ دوژمن و نەیاری کۆنیان پوڵ وچەک و چۆڵێکی زۆریان لە دەوڵەت وەرگرت و دەست بەکاربوون،هێندەی پێنەچوو کە بارزانیەکان مەجبوور بەخۆ دەربازکردن بوون،و بارزانی لە نێوەراستی ئۆکتۆبەرلەگەڵ دەهەزار کەس،کە یەک سیوەمی ئەوان شەرکەربوون و بە گشتی لە هۆزی بارزان بوون ئاوای سنوورئێران بوو. ئاوابوون لە

سنوور بە بێ تەنگەژە ئەنجامی گرت: تخووب کراوەبوو، بارزانی وهۆزەکانی لە لایان کوردی کوردستانی ڕۆژهەلاتی ئیران و کۆماری تازە بنیات نراو هەڵکەوتوو لە مەهاباد پێشوازیەکی گەرمیان لێکرا. چ هێزەک لەئەرتەشی ئیران لە چوونەژووری وان بۆ خاکی ئیران بەرگری نەکرد،چونکە زوربەی خاکی کوردستانی ڕۆژهەلات(ناوچەی پاردە)ی نێوان هێزەکانی داگیرکەری شوورەوی وئی.نگلیز بوو. ڕابردووی بوونی ئەرتەشی سوور لەم مەڵەبەند و نەبوونی دەم و دەزگایەکی دەوڵەتی ناوەندی لە دەڤەر بۆ ساڵی 1941دەگەڕاوە، کە ئینگلیستان ویەکیەتی شوورەوی لە ترسی جامینخوازی ڕەزاشا لە ئاڵمانیە،ئێرانیان داگیرکردو ئەویان لە سەرتەختی پاشایی هێنایەخوارو بۆ دوورخراوەیان نارد. دوو دەوڵەت بۆ ئاگا لە خۆبوون و ڕیگری لە تێک هەڵەنگوتن، ناوچەیەکی پەرژینیان لەنیوان هێزەکانیان وەدیهێنا- دوو دەوڵەت ئیکجاردەرگیری ناردنی چەک وچۆڵ لەلایان یەکگرتوو لەکەنداوی فارس-لەخاکی کوردستان- بەسنووری یەکیەتی سۆڤیت بوون: شووڕەوی لەمەر چەک وتەقەمەنی ئیکجار شپرزەبوو لە سەخڵەتی دابوو.

کوردەکانی ئێران وشوورەوی لەم بەتالاییەی دەسەلات کەلکیان وەرگرت. کوردەکان هەلەکی باشقەیان وەدەست هێنابوو کە لەو سەردەمی کە دەوڵەتی ئێران لە1878ئاماراتی ئەردەلانیان لە ناوهەڵگرت،هەتا ئەو کات هەڵنەسورابوو. ژەنەڕاڵی ڕووسی کە لە تخووب لەگەڵ وی وتووێژ کردبوو هێزەکانی بارزانی لە بەردەست قازی محەمەد نا. قازی محەمەد مەلایەکی پەنجاەساڵە بوو خەڵک زۆرقەدرو حورمەتیان دەگرت وڕێزیان بۆ دادەنا،وئیمام جومعەی شهرمەهابادبوو. ئەو بەئاڵیکاری شووڕەویەکان کۆماری بەسەرپەرستی خۆی بنیات نا،کەلەدواییدا بە(کۆماری مەهاباد)ناودێربوو. ئەو لە بنەماڵەیەکی ناوبەدەرو دەنگینی مەهابادو بۆخۆی پیاوەکی بەلایانگر و خۆشەویست وقازیەکی کارڕاپەڕی ناوچەبوو. هاتنی بارزانیەکان بۆ وی نیعمەتێکی خودادادی و چاوەروان نەکراوبوو،چونکە قازی چەکداری نەبوو وهەتا ئەوکات تەنیاخاڵی هیواداری و ئالیکاری ئەمەگناسی خەڵکی مەهاباد و هێندێک کەمایەتی لە عەشیرە بوون. بارزانیەکان کە خودای معرکەو و پسپۆری پەیکاری چریکی لە چیاکان بوون،هێزەکی چالاک و لێهاتوو زەبر وەشێن و بە ورەیان لە ئیختیاردانا.

کۆماری مەهاباد کۆپی دووەم، بەلام ڕەنگ وڕوو پەڕێوی کۆماری ئازەربایجان بوو، کە لایانگرانی شووڕەوی بە ئالیکاری ئەرتەشی سوور لە دەسامبەری 1944لەدوای دەست بەسەرداگرتنی تەورێز بنیاتیان نابوو. قازی محەممەد بەناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لە شانزدەی ئەوتی 1945 بەچراسەوزی ڕووسەکان دامەزراندرا،هەرچەند بەنابەدڵی، لە ئازەربایجان پەیرەوی لێکرد و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەی کوردی لە22ی ژانویەی 1946 لەئولکەی (چوارچرای) مەهاباد ڕاگەیاند.(چوارچرا)مەیدانێک بووکەدەویدا تەنیا دوو شەقامی قیرکراوی شاری یەکتریان دوایی پێدێنا.)

(تێبینی: مەهاباد ئەوکات  چ شەقامی قیرکراوی نەبوو)
قازی لە بەرامبەرجەماوەرێک کەلە مەیدان حزوریان هەبووبریتی لە: سەرۆکانی عەشایەرو دەسەلاتدارانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سێ ئەفسەری شوورەوی ومەلامستەفابارزانی بوو،بەیداخی کوردستانی هەلدا. سێ ئەفسەری شوورەوی،رەشاش بەدەست لە رەخ ئاپۆرەی خەلک لە ناوئوتومبێلەکی جیپ دانیشتبوون. لەدوایی ویدابووکە بارزانی بەجل وبەرگی ژەنەرالی بەشێوەی شورەویەکان- بەچکمەی لاسک درێژ وسەرشانی شەق ودەق نەشکاو-لەناوخەلک زاهیربوو.

چ بنیاتنانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وچ راگەیاندنی دەولەت ئاکامی سەفەر بۆ (باکۆ) بوو کە رووسەکان لە دسامبەری 1945 بۆ قازی محەممەد هێندیک لەسەرۆکانی عەشایر رێکیانخستبوو. ئیستالین بە هزری لکانی باشووری ئێران بە شوورەوی پۆزی لێدەدا،وکوردەکان بەشێک لەپیلان ونەخشەکەی بوون. لە(باکوو) بەکوردەکانیان وادەی پارەو چاپخانەیەک وچەک وچۆلی قورس و بۆرسی خویندن لە قوتابخانەکانی نیزامی دا. حیزبی دیموکرات بەرەوالەت لە جیاتی سەربەخۆیی خوازیاری(خودموختاری) لەچوارچیوەی ولاتی ئێران بوو،وهەتائەمرۆش لایانگران وجامینخوازانی وی،وهەتاژمارەیەک لەمێژوونوسان لە شک ودوودلیدان کە کۆمار لە راستیدامەبەست و ئامانجی سەربەخۆیی بێت. ئالای کۆمار،سووروسپی و سەوزو کۆپی قەلبی بەیداخی ئیران بوو، وەک ئەوەی بوو کە بلێی: کوردەکان نەیانتوانیبوو خۆیان بەجیاوازیخواز رازی بکەن. بەلام ئەوجوریە مەزبووتی و وریایی و وشیاری و پسپۆریە بۆدەولەتی کزی ئێران و دۆستانی ئینگلیزی وئامریکایی لەوچاخدا تەفاوەتێکی نەبوو کەهەلتۆقیتەوەو سەرنجیان بۆلای خۆی راکیشێت. محەممەد رەزاشا،لاوێکی بێ ئەزموون بوو کە لە شوێن باوکی لە سەرتەختی طاووس پالی دابۆوە،وبەم خالە سەرنج راکێش بوو کە کوردەکان و بلوچەکان وئازەریەکان وتورکمانەکان و عارەبەکان زێدەتر لەنیوەی ئاپورەی ولات پێکدێنن وهەتا هەبوونی خودموختاریەکی ئارام،هەرەشەیەکی پرمەترسی بۆ دەسەلاتی ناوەندی دەبێت. یەکگرتووەکان لە بەشداری کوردەکان لە نەخشەکانی شوورەوی ئیکجار نیگەران بوون. ئەم مەسەلە خێرا بە یەکەمین کێشمەکێشمی(شەری سارد ) گۆردرا.

رووسەکان هەر لە سەرەتای دەستپێکی لە گەل سەرۆکانی کۆنەپەرستی عەشایەری کورد،وکەسانێکی وەک قازی محەممەد لە پەیوەندی لە گەل دارودەستەی سازمانەکانی پێکهاتووی حیزبی دیموکراتی کوردستان (بریتی لە نەتەوەخوازانی ناسراو وناوبەدەر و کۆمەلەی ژیانەوەی کوردو چەند کمونیست،و نوێنەری ناوچەیی حیزبی نهێنی کوردەکانی ئێراق بەناوی (هیوا) شیاوتردەزانێ. کۆمەلە کەسازمانێکی نهێنی بوو ولە1942 بنیات نرابوو خێرا نووسینگەی لە هەولێر وکەرکووک و رەواندزو شەقلاوە و سلیمانیە،وهەروا لە سورییەو تورکییە کردەوە. شورەویەکان کە لە سەرشیووازی دیموکراتیک وکرداری وی بەچاوی شک ودوودلی

وگوماناویان دەڕوانێ، لاقیان چەقاند کە قازی محەمەدی کە کەسایەتیەکی بەهێزبوو،هەرچەند لە ئاخافتن نەرم وحەلیم بوو،بەئەندام وەربگیرێت. قازی محەمەد لەئاوریلی 1945 بەکۆمەڵەلکا،و بەئەندام وەرگیرا.

دەسەڵاتی کۆماری مەهاباد هیچ کات زێدە لە یەک سیوەمی دەڤەرەکانی کوردنشینی ئێرانی دەباوەش نەگرت،وبەستێنەکەی شیست میل دەوروپشتی مەهاباد کەبۆخۆی بەشێک لەناوچەی پاردەی هێزەکانی یەکەیەتی سۆڤیەت بوو بەرفرەوانتر نەبوو. بەڵام بۆ کوردەکانی هەموووڵات بەتایبەت لاوانی ناڕازی کەلە تیکشانی حیزبەکانی پێشوو ناهومید ببوون وەکوو مقناتیس بوو. ئەولێژنانەی نوێنەرانی کورد لەسورییە وتورکیە وئێراق پێشوازیان لێکرا. کۆماری مەهاباد بەپێچەوانەی داکۆکی ئاشکرای شوورەویەکان-وبەپێچەوانەی ڕژیمی جیناری باشووری وی،یانی ئازەربایجان، کەسەرکوتگەربوو- بەجۆرێکی بەرچاو ئازادو کراوەبوو: لەڕاهێنانی مارکسیستی وپۆلیسی نهێنی و دابەشکردنی زەویوزار بەشێوەیەکی چالاکانە قسەیەک لەگۆڕی نەبوو: بەبەرەکەتی بوونی  ئەوچاپەمەنیەی کە شوورەویەکان وادەیان پێدابوون و ئەرتەشی سوور تەسلیمی کردن،چەند کتێبی دەرسی، ڕۆژنامەیەک، و مانگنامەیەکی سیاسی و دوو گۆڤاری ئەدەبی بڵاوبۆوە. کۆماری مەهاباد لە ماوەی ژیانی تەمەنی کورتی خۆی هیواداربوو لە شوێنی(ناوەندی فەرهەنگ و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد) لە گەل دێمشق و سلیمانیە کێ بەرکێ بکات.

بەڵام چاخێک دۆستانی شوورەوی دەستیان لێ بەردا تەمەنی کۆماری مەهاباد بەدوایی گەیشت. زەختی بەردەوامی بریتانیاو بەتایبەت ئامریکا،ئیستالینی مەجبوورکرد ڕێز لە دەستەبەری سەردەمی شەڕ بگری،ولەمەی 1946 بەبوونی نیزامی خۆی لەناوخاکی ئێران کۆتایی بێنێت. وادەی ئێران بەدانی شیاوتری بەرهەمی نەوت،ترشڕوویی وەدەرکەوتنی ئەرتەشی سووری لە ئێران وەرگرت- ئەم وادەدانەی ئیمتیازی نەوت،وەشەوق هێنانەکی تەواو بوو هەتا شوورەویەکان سێبەرنشێنانی ئازەربایجان وکوردەکان پشت چۆل بکەن ودەستیان لێ بەردەن،(یانی بەگورگیان بسپێرن،وەرگێڕ) کاتێک شوورەویەکان خاکی ئێرانیان بەجێهیشت ،ئێران کەژاوەی بۆ تێکدانی مامەلەکە دۆزیەوە)کوردەکان وئێرانیەکان خێراتێگەین کە ئەرتەشی سوورئیدی ناگەڕێتەوە. چونکە ئەم مەتڵەبە حاڵی ببوون،کۆماری مەهاباد وەکوو مێوەیەکی گەییو کەوتەخوار. کوردەکان کە بەپێی داب ونەریت لە هەموو حکوومەتەکانیان بە چاوی شک ودوو دڵی دەڕوانی لەوەرگرتنی ئەم بابەتە تێمابوون، کە ئەمجارکوردەکانی هاوڕەچڵەی خۆیانن کە حکوومەتیان لە سەر دەکەن و پیویستە کە لە ئەوان بەرگری بکەن،بەڵام بەپێچەوانە لە قازی محەمەدیان نیوبڕی دایە،

چونکە پەیوەندی لە گەڵ شوورەوییەکان وەبیرهێنانەوەی کوژران و تاڵانێک بوو کە ئەرتەشی ڕوسیەی تەزاری لە ماوەی شەڕی دونیاگری ئەوەڵ لەکوردستان کردبووی.

قازی محەمەد کە ڕوو بەڕوو لەگەڵ هێزەکانی تواناکراوی ئەرتەشی ئێران بوو ناچار لە دوایین برِست لێبڕان دەستی یارمەتی بۆ سەرۆک عەشایر دەرێژ کرد. زۆربەی ئەم سەرۆک هۆزانە ئینسانی هەلپەرست وبێ تایبەتمەندو ئاژاوەساز بوون،جگە لە هێزەکانی بارزانی تەنیا یەکیک لەعەشایری مەهاباد وبەشێک لەهۆزەکانی دیکە بەوی ئەمەگناس مانەوە. قازی محەمەد چەندجار لە بارزانیەکانی لەسەرکوتی نەیارانی ئاشکرای هۆزەکان وشەر لەگەڵ ئازەریەکان وئەرتش کەلک وەرگرتبوو. تانگ و تۆپخانەو ڕەشاشەکان وچەک وچۆڵی دیکە کەشوورەوی وادەی پیدابوون هیچ کات نەگەیشت. قازی محەمەد ڕاستایی دەم ودەزگا ودەوڵەتی خۆی نزم کرد: خودی وی وەکوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان قانع بوو،وەزیرەکانی بە سرۆکی ئیدارە هاتنەخوار،وقازی هەروا لە چاوپێکەوتن لەگەڵ هاواڵدەران بەدەلیل دەیسەلماند کەئامانجی ئەوەڵ وئاخری خودموختاریە. ئەو حەولیدەدا کارگێرانی بەرپسیاری ئێران بەمە قانع بکات کەئەوی بەپایزگاری پارێزگایەکی مەزن وبەرفرە! کەلە سنووری شوورەوی هەتاباکووری کرمانشای دەباوەش بگرێ دابنێن- بەدەرجەیەک لەخودموختاری نێوەخۆ. بەڵام ئەم پلانە بەئاکام نەگەیشت.

(تێبینی: مەسەلەی خۆ بەدەستەوەدانی قازی محەمەد،مەسەلەیەکی سیاسی و پەیوەندی بە قەراردادی دادگەی لاهەو بەتاڵ کردنی هێزەکان لە ئێران بوو هەروادەست لێبەردانی شوورەوی لە کوردو ئازەریەکان،دەنا قەت ئەرتەشی ئێران ئەوندەبەهیز نەبوو کە قازی محەممەد لە دەستی جاربێت،ئەو جار عەشایەر هەموویان لە گەڵ قازی دابوون وئەمەگناس بەکۆماری مەهاباد بوون هەتا قازی بە پیی هەڵ و مەرج خۆی بە ژەنەراڵ هومایونی تەسلیم نەکردو،زوربەی عەشایەر هەر لە ژیرئەمرو فەرمانی سەرکۆمار دابوون،بل لەوانە قەت قازی محەمەد بۆ شەڕ لەگەڵ خەڵکی ئاسایی وئازەریان لە هیزی بارزانی کەلک وەرنەگرتووە ،هەرشتێکی وا لە سەردەمی کۆماری مەهاباد نەبووە  بەڵکوو ئازەری تەوریز لە گەڵ کوردەکان هاوپەیمان بوون،ئازەری وەرمیش حکوومەتی مەهابادیان هەڵدەبژاردنەک هی تەوریز. ئەوجار ئەو داستانەی کە نوسەر دیگێڕێتەوە لە پەیوەندی لەگەل گوڕانکاری وپارێزگاری لەپارێزگا، ئەمە پەیوەندی بە قازی محەمەدنییە ئەمە حکوومەتی تەوریزبوو کە بەپیچەوانەی پەیمانەنامەی دووقوڵی نیووان تەوریز ومەهاباد لەگەڵ تاران ڕێکەوتبوو ئەوجۆرەشتانە نوسیبوو. مەعلووم نییەنوسەری بەڕێز ئەوشتانەی لە کوێ کۆکردۆتەو کە زوربەی لە ڕاستی بەدوورن. وەرگێڕی کوردی.)

لەمانگی مەی،کاتێک کەهێزەکانی شوورەوی خەریکی پاشەکشە بۆ لای سنووربوون هێندیک تەقەولێکدانی پچڕ پچڕ قەوما،لەجبهەی ناوخۆ مامەلە لەگەڵ پاشمەنەی ئێران قەتیابوو،تەنیابەرهەمی پارە دەرهێنەر لە ناوچە،تووتن بوو،ئەویش نەفرۆشابوو،خەڵک غمناک بوو. خواردەمەنی کەم بوو،زۆرتر لەم بارەوە کە هێزەکانی بارزانیش(کەلەماوەی دوورودرێژی مانەوەیان حەوسەلەی خانەخۆێیان وەتەنگ هێنابوو)
دەبوایە بەرێچووبانە. بارزانی ئاقیدەیەکی هێندەی بەخانەخوێ نەبوو. سالەکانی دوایی بەخەراپەباسی قازی محەمەدی دەکرد- بەناوی مرۆڤێک کە ئامانجی(پڕکردنی گیرفانی خۆی بوو) ئەوی بەخەیانەتێکی دیاری نەکراوتۆمەتباردەکرد- ئەوی تۆمەتباردەکرد بەمە کەبە(کوردستانی توجارەت) دەکرد،هەرچەند قەبووڵی دەکرد کە هێزەکانی 1250تفەنگ و30رەشاشیان لەوی وەرگرتبوو.

لە10ی دسامبەری 1946 هێزەکانی ئێرانی ڕاڕەوەکی گرینگیان کەلە دەستی دێموکراتەکانی ئازربایجان دابوو هێرش کردەسەر، کە لەدوایی 24 ساعەت بەربەرەکانی تێکشکاند بەتێکشکان،بەربەرەکانی وخۆراگری کۆماری ئازەربایجان روخاندرا.
(لەقافلانکوە هیچ بەرەنگاریەک نەکرا،تەنیالەپل دوختەر بوو کەدێموکڕاتەکان پاشەکشەیان کرد،وبێ بەربەرەکانی تەقاندیانەوە.وەرگێری فارسی.

قازی محەمەدیش دەست وجێ خۆی بەدەستەوەدا. ئەو بەپێچەوانەی ڕێبەرانی ئازەربایجان کە بۆ شوورەوی بازرەبوون، لە مەهاباد ماوە ودوارۆژی کردەوەی خۆی قەبووڵ کرد. ئەو بەپێچەوانەی نەریتی کوردەواری هەنگاوی بۆ شەڕ هەڵنەهێناو خۆ بەدەستەوەدانی بێ شەرت و شروت قەبوول کرد،ودوایی سەبارەت بەم هەڵویستە بەتوندی کەوتە بەر ڕەهێلەی سەرکۆنەو ڕەخنەی نەتەوەخوازانی لاوی کرد.
ئەوهەتا لە27ی دسامبەر،بێ تەقاندنی گوللەیەک،لەواردبووونی ئەرتەشی ئێرانی پێشوازی کرد. دووڕۆژ دوایی لە لایان حکوومەت دەست بەسەرکرا. بۆخۆیوو برای وکوڕی مامی لەساعاتی سێی سبەینەی ڕۆژی 31ی مارسی 1947 لە مەیدانی( چوارچرا ) لەسیدارەدران. گروپێکی دیکەش لەشارەکانی دیکەی کوردستان ئیعدام کران. بەمجۆرەتەنیا ولاتی سەربەخۆی کورد لەسەدەی بیستەم ڕوخاندرا.

بارزانی کە دەرەجەی ژەنەراڵی لە قازی محەممە وەریگرتبوو ماڤی خۆی بوو: بەتێپەڕینی هەرمانگ،کۆمار زێدەتر لە بەرێ بە هێزەکانی وی پشت گەرم دەبوو،چونکە داکۆکی عەشیرەتەکان هەلپەرەستی کوردی مەهاباد بە کات لە کەمی دەدا.مەسەلەو تەنگەژەی قازی نموونەی کۆن وچەرمەسەری ڕوناکبیرێکی سیاسی شاری، لەگەڵ هێزەکانی عەشیرەیی ڕووبەرووە،کەلەکاری سیاسەت سەرەدەری دەرناکەن وریزبۆ

ڕێبەرانی سیاسی دانانین. زوربەی عەشایری کوردی ئێران کە بە جمهوری مەهاباد وەفاداربوون بەپەلە ڕێگای خۆیان گۆری هەودای کردەوی ڕابردویان بەدست گرت کە بریتی بوو لە ڕاوڕوتی مسافیران و دۆشینی وەرزێران.

(تێبینی: نازانم نووسەرمەبەستی لە ڕاو ڕووت کردنی مسافران لەگەڵ دۆشینی وەرزێران چییە؟ ئەودوو دەستەواژە بۆ کن یەک نابن،لە مەرئاغاوت دۆشینی وەرزیران بەسەبکی کمونیستی دورستە بەلام ڕاو رووتی مسافیران چ پیوەندی بەمەهەیە،وادیارە لەم نوسینانەدا کە کوردهمیشە بەتالانچی دادەنێن دەستی نەیارو خۆفرۆشانی تێدا دەبینرێت بۆیە هێندێک زۆرتر وەبۆختان دەچن.وەرگێڕی کوردی)

بارزانی هیچ کات هەستی سوکایەتی و بەسووک چاولێکردنی خود سەبارەت بەکوردەکانی ئێران نەشاردەوە، ئەم مەسەلە سالانی ساڵ پەیوەندی وی لەگەڵ کوردەکانی ئێران بولێڵ کرد. ئەو بەڕەواڵەت لەمەر مەترسی پاڵپشتی کوردەکان بەزلهێزێکی دەرەکی تأخیر نەکرد،وبەودەرسە ڕۆناکەی کە کۆماری مەهاباد دایبوو باشی لێنەڕوانی وبەهێندی نەگرت بەڵکوو ئەزموونی مەهاباد ئەوی لەم بارەوە کە لە کوردی پارچەکانی دیکە داوابکات کە ڕێبەرایەتی وی بێ ئەولا ئەملاقەبوول بکەن بەهێزیش کرد. پەیوەندەکانی کە دوایی لەگەڵ شای ئیرانی گرێدا،بەحیسابی کوردەکانی ئێران بوو: ئەو دەیان کەڕەت بە چەند پات بوونەوە ئەم خاڵەی ڕووناکی بخشی: کە بەرەنگاری وخەباتی کوردەکانی ئێراق لە پلەی یەکەمی گرینگایەتی دایە. ئەوهیچ کات لە مەرئەم ئاقیدەو ئەوبۆچونە کەکوردەکانی ئێران- هەرواکوردی پارچەکانی سورییەو تورکییە- دەبیت تاسەو ئارەزوی خۆیان بەختی ئاوات وخۆزیا وبریای، وی بکەن،شک ودوودلی بەخۆی ڕێگا نەدا.

لە1968کاتێک گروپێک لەکوردەکانی ئێران بەپێچەوانەی فرمان وئەمری توندوتیژی وی شۆڕشێکیان ڕێکخست،بارزانی یەکێک لە ڕێبەرانی وانی بەناوی سلیمان موعینی، کەبۆ کوردستانی ئێراق پەنابەرببوو ئیعدام کرد،وتەرمەکەی بە چلکاوخۆرانی شا،تەحویل داوە کە ئەویان لە شارەکانی ئێران بۆ نمایش دانابوو.بەلانی کەم 43کەسی دیکە لەئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەلەنیوان سالەکانی 1961و1975پەنابەری کوردستانی ئیراق ببوون بەئەمری ڕاستەوخۆی بارزانی تەسلیم کوژران،یان گرتنیان وتەسلیم بەدەوڵەتی ئێرانیان کردنەوە.

(تێبینی: تەرمی شەهیدکاک سلیمان موعینی دوایی ئەوەی کە بازانی تەسلیمی بەساواکی ئیران کردەوە،بەهۆی تورەبوونی خەڵکی کوردستان تایبەت مەهاباد لەلایان ژاندارمەری تەسلیم بەبنەماڵەکەی کراوە وبەڕیزوئیحترام بەخاک ئەسپاردرا و لە سەر پێشنیاری کاک جەلیل گادانی، مامۆستامەلاعزەدین

حوسێنی ئیمام جومعەی کاتی مەهاباد بەکوردی تەڵقین دا.بەڵی ئەوزلکاوەی کە بارزانی بەئەمری شا وساواک گرتبویەوە هەرچەند دەیان خەباتگێری کوردی ڕۆژهەڵاتی لەناوبردن بەڵام وەک بێنینمان دوایی شۆرشەکەی خۆشی تێدانوقم بوو ناوی ئاش بەتاڵی لێکەوتەوە،بەڵام بەداخەوە ئەمەش نەبوو بە بەعیبرەت،هەنۆکەش هەرئەوتاس وحەمام لەگوڕێیە!

کاتێک بارزانی ئاتاجی بەیارمەتی بوو،کوردەکانی ئێران کزترولاوازترو تورەتر لەمە بوون کە کەلکی بەقازانجیان لێ وەربگیرێت. هەڵچوون لەنیوان کوردەکانی ئێراق و ئێران وتورکییەهەروابەردەوام ماوە. نەسلێک دواتر کوردەکانی ئێراق کە بەسەرجەم بۆ دەست وێراگەین بەدونیای دەرەکی هیوایان لە سەرتورکییە هەڵچنیبوو، کارەیان بەمە گەیشت کەلە ڕووی برایانی کوردی تورکییە کە ئاقیدەیان وابووخەباتەکەیان شیاوتری زۆرتری هەیە،بەگژیانداچوون و ڕاویان لێدبەشین.

(تێبینی: بەپێچەوانە ئەوکاتی کە بازانی دەستی لە شەر کێشاوەوئاش بەتاڵی ڕاگەیاند، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،بەچاوپۆشی لە هەڵەکانی سیاسی وی،ئامادەگی خۆی بۆ هەموو جۆرەهەنگاویکی چەکدارانەهەڵینا بەلام سەرکردەکانی بارزانی وشۆرشی ئیلول خۆیان لەتاران پەستاوت وولامیان نەداوە،2- بەلام شەر لەگەل پ.ک.ک. ئیدی ئەمە بداخەوەمیراتە بۆ پارتی دێموکرات کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی ماوەتەوە کە بۆ داگیرکەران لەکاتی پیویست ڕاوی کوردەکانی ئیران وتورکییە دەکەن،پێم وابێت ئیستاش چ لەم بارودۆخە نەگۆڕاوە،سەرۆکانی هەریم هەنۆکەش ئامادەی هەرجۆرەخزمەت بەئیران وتورکیەن.!

پێویستە بە قازانجی بارزانی ئاماژەبەم خالە بکەین: هەتا لە حالێکدا کە عەشایری کوردی ئیران قازیان لە ئولکەتەنیا بەجێهیشت بارزانی بە وی و کۆماری مەهاباد وەفادارماوە، بەلام ناچاربوو دەبوایەشوێنیک بۆ خۆی بدۆزێتەوە،کاتێک کوتیک گوتی: کوردەکان لە ئەرتەشی ئیران تێنەشکان،بەڵکوئەمە یەکیەتی سوڤێەت بوو کە لە ئامریکا و بریتانیای مەزن شکەستی خواردبوو.)چەندرۆزلەدوای هەرس هینانی کۆماری مەهاباد بۆ خاوکردەوەی گرژیەکان و هیوراندن بۆتاران چوو،زیدەلە مانگیک لە تاران ماوە. هەروالەم نیوەدا تیداکۆشا دەستەبەرێک لە بریتانیا وەربگرێت هەتا بۆ بارزان بگەرێتەوە،یان ئامریکا بە وی پەنابەری سیاسی بدات- بەڵام لەم کارەسەرکەوتنی وەدەست نەهێنا. شا،پێشنیاری کرد کە بارزانیەکان لە هەمەدان،هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران نشتەجێ بن. بەلاّم هەمەدان لە بارزان دوور بوو،ومەلامستەفا فکری لێدەکردەوە کە شا،دەیەوێ ئەوو ئەوانی لە گەڵیدان بۆلای خۆی ڕەکێش بکات.

بەڵام مەلامستەفا وای دەنواند کە ئەم پێشنیارەی ڕەت نەکردۆتەوە،و هەتا وای خۆهەلیخست کەقەبووڵی کردوە. لەڕاستیدا پێویستی بەکات بوو: لەم زستانەدا کە بەفرهەموو جێگایەکی داپۆشیبوو،بۆ بارزانیەکان لە(نەغەدە)کات غەنیمەت بوو. ئیستا خۆی بەباشترین چەک وچۆڵی کۆمارپۆشتەکردبوو: 3000تفەنگ، 120ڕەشاش،دوو تۆپی سارایی ژمارەیەک نارنجۆک. لە ئاکامدا کاسکی سەبروحەوسلەی ئەرتەشی ئیران لێی ڕژا،وئەرتەش بەرەکێشکردنی عەشایەر کە هەتا ئیستا لایانگری بارزانی بوون، بە وادەی عافوو، وەدوای بارزانیەکان کەوت. بارزانیەکان لە پاشەکشەی دلێری وئازایەتی کردنی خۆیان کە لە گەڵیک پێکهەڵچوون هاتەکایە، ولە11ی مارس دەستیپێکرد، نیشانیاندا کە نەیارێکی تەیارو چالاک و ڕیک وپێک و بەدەستەوەو فێڵەزان وپسپۆرن. هەل ومەرج دەناسن،لەو هەردەی کە ویستبوایان پەیکاریان دەکرد،و ئەگەربۆخۆیان ویستبوایان شەڕبەسەردوژمندابسەپێنن،دەیانسەپاند. لەو تەقەولێکدانانەی کە هەمووڕۆژێ دەقەوما،تەلفیاتێکی پتر لە وەی کە بۆخۆیان هەیانبوو بەدوژمنیان دەگەیاند، بەڵام بۆمبارانی بەردەوام کە دە دوازدەفڕۆکەی قەدیمی ئەنجامیان دەدا،و زەختی هیزەکانی هەردی وردە وردە لە ورەی ژن و پیاو منالان کارتێکەربوو. بارزانی هیزەکانی خۆی بەچەند دەستەدابەشکرد. لەسەرەتای ئاوریل شێخ ئەحمەد و چوار ئەفسەری فیراری ئەرتەشی ئیراق و زوربەی پیاوەکان لە گەڵ بنەماڵەکانیان هاتنەسەرئەم بڕیارە کە هەر چ دەبت بابیێت بۆ ئێراق بگەڕێنەوە. ئەم گروپە لە سنوورخۆیان بە هێزەکانی ئێراقی بەدەستەوەدا. شیخ ئەحمەد ماوەی 11سال لە زیندان ماوە،وزوربەی هاوڕێانی بۆ باکووری ئێراق دوور خرانەوە. مەلامستەفا کەچی بە چوارئەفسەری ئاگاداری دابوو کە ئەگەرخۆیان تەسلیم بکەن چارەنووسیان چ دەبێت،ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو، هەرچوار لە سیدارە دران.

لە 13ی ئاوریل مەلامستەفا لەگەل هێزەکانی جەنگاوەری کە بریتی لە483کەس بوو لەڕێگایەک کەمتر لە سێرەی بینین بوو لە چاخی شەو لە حالیکدا کە هێزەکانی ئێران بەیەخەیان وەنووسابوون بۆئێراق گەڕاوە و ڕیگای چیاکانی دووری باشووری بارزانی گرتەبەر. بەڵام دوو حەوتوو دوایی سەرلەنوێ کەوتەوە ڕێ: نەیتوانی بوو لەدەولەتی ئێراق متمانە وەربگرێ، لەئێرانیان وتورکان چاوەڕوانیەکی ئاماندان وپەنادانی نەبوو. هەموو هاوڕێیانی کۆکردەوە هەتا شیکاتەوە کەبۆچی تەنیاڕێگایەکی کەلەبەریتی ڕۆین بەرەو سنووری یەکیەتی سۆڤیەتە. گوتی:(ماندوودەبن،برسی دەبن،پێخواس دەبن،) بێ ئەمەبۆیان ڕوونکاتەوە کە بۆ کوێ،وچلۆن! گوتی: ئەمن لەگەڵ ڕووسەکانم پەیوەندی گرتووە.گوتوویانە لەوانەیە،کە قبوڵمان کەن.)بەوجۆرەی کە هەموو دەڵێن مەلامستەفالەم بارەوە خۆی بەقەزاوقەدەرسپارد کە ڕێگای دیکەی نەبوو. بارزانی لەم پاشەکشەی سێ حەوتوویی خۆی،لە27ی مەبۆماوەیەکی کورت لە ئێراق لاقی دەخاکی تورکیەنا،پاشان دوو ڕۆژدوایی لە ئیران سەری وەدەرنا،لە حالێکدا کە بەرەوباشوور دەرۆیی. لە

خاڵێک،دیسان بۆ ماوەیەکی کورت گەراوە جارێکی دیکە واردی خاکی تورکییە بوو،پاشان بۆ ئێران گەڕاوە،لە حالێکدا کە دوو گردان لە هێزەکانی ئێرانی بە دوایان وەبوون. بارزانیەکان تەنیا چەند یستریان هەبوو کە لێفەشرە و بریندارەکانیان لێباردەکردن. بەم جۆرە بارزانی و جەنگاوەرانی بە هیزو هەرەکەتی تەواوی ئەم دوسەت وبیست میلیان لە زاگروس تێک وەرپیچا،لە حالێکدا کە هەرداپۆشرا لە بەفر بوو لە هێندێک شوێن بەرزایی بەفر دەگەیشتە 12پێ.

تێبینی: ئەوانەی لەگەڵ بارزانی بوون ژمارەیان( 520)کەس بوو،2-شا قەت چەکی بەبارزانی نەدا.

ئانارادە دۆلەمەری، لە پارێزگاردەکانی بارزانی کە لە1991لە خزمەت برایانی بارزانی بوو، لە کەسانێک بوو کە لەم ڕێ بریندەدا مابوونەوە. ئەوگوتی: مەلامستەفا پیاوێکی زۆرسادە بوو،کە نەیدەهێشت چ کەس کەل وپەلی وی هەڵگرێ. دایم و دەرهەم گەمەی دەکرد، تێدەکۆشا لە ناوەندی دەرگیریەکاندابێت) ئەو بەشانازی دەیگوت: (ئەمن هەرچەند پەیکارم کردوە نەک بەهۆی کوردستان بەڵکوو بەهۆی کەسینی مەلامستەفا بووە.)

پێشمەرگەکانی بارزانی بۆ هەڵفرێواندنی نەیار بە شەو لە چیاکان ڕێگایان دەبری- پێڵاوەکانیان لە جیرێ تەکەری ماشین دورستکردبوو. ئەم پێڵاوانە ئیکجار باشبوون،دەنگیان نەدەهات) مرۆفەکان چەکەکانی خۆیان فرێدا چونکەقورس بوون ولەوتفەنگانەی برنۆ کە(شا) لەو ڕۆژانەی پەیوەندی لەگەل هەبوون پێدابون، کەلکیان وەردەگرت. هەرجەنگاوەرێک (500)گوللەی ویدرابوو. کوردەکانی ناوچە کەئەم گرۆپە توشیان دەبوون هێندەیان لیدەترسان کە نەدەوێران نانیان بدەنێ، بەم هۆیەوە پێشمەرگەکانی بارزانی بەدەگمەن لە گوندەکان دەڕازان،لەناو ڕازەبەرد، یان لە سەربەفر خۆیان دەحەساندەوە. تەنگەژەیان بێ ئاوی بوو( لەتەواوی ڕێبڕین لە تونیان دەخنکاین)جل وبەرگمان هەموو هەڵدڕابوو،چونکە بۆ وەی کە نمانبینن لە سەرهەرد خزیبووین،لەهێندێن شوێن هەرد ئیکجارهەڵمووت ورژد بووکەهەتا ئێسترنەیدەتوانی پێداوەسەرکەوێت) مەجبووردەبووین بریندارەکانمان بەجێبهێڵین) بارزانی لەماوەی ڕێگابرێنەکەی 28 پێشمەرگەی لەجەرەیانی تەقەولێکدان شەهید دا،بیست کەسیش بۆهۆی کاریگەری برینەکانیان مردن: سێ دەرگیری توندو پێنج شەش تەقەولێکدانی دیکەیان لەپشت خۆبەجێهێشت،بەڵام هێزەکانی ئێران هیچ کات سەرکەوتوو بەتێشکانی ئەوان نەبوو.

(تێبینی: شای ئێران قەت چەکی بەبارزانیەکان نەداوە،چەکەکانیان هی کۆماری کوردستان بوون ،خەڵکیش لە بارزانیان نەدەترسان،بەپێچەوانە هاوکاریان دەکردن.

هۆکاری ئەم بابەتە دوایی چل وچوارساڵ تێگەییم: لەکاتی هەڵاتنم لەدەست هێزەکانی ئێراقی لەسنووری ئێراق وتورکیە شوێنەکیان پێنیشاندام کەبارزانی وپێشمەرگەکانی لەوشوێن لە شەقەجۆیەکیان دابوو کەبەهۆی تووانەوەی بەفرەکان هەڵمسابوو. بەڕەواڵەت شتێک ئەم خاڵەی لەشوێنەکانی شەقەجۆ جیاواز نەدەکرد. ئەوجۆرەی کەبەمنیان گوت: لە وەرزی بەهارئەم شوێنە تەنیا شوێنێک بووکەلە درێژایی میلەهان دەکرابەکەلک وەرگرتن لەوی لەشەقەجۆ بپەڕنەوە. بارزانی خۆڵ وگیاو گیان لە بەرانی ناوچەی باش دەناسی، ودەیگوت: ئەوڕێگاو ڕێبازو بواری کەئەسکەندەری مەقدونی بۆ هیندڕۆیووە بەوردی دەناسێت. تەمەنێک ئاگاداری بەهەرد بەوی ئالیکاری کردهەتا ئەوانەی بدوای کەوتوون فریوو بدات. هەڵبەتە ئێرانیەکان لەئاکامدا لە18ی ژوئن لەقەراخەکانی ئەرس،کە سنووری ئێران وئەرمەنستانیان پێکدێنا،(گەیشتنەئەوان)-ئەوهەی کەچاوەڕوانیان نەدەکرد تەرمی دوو پێشمەرگەبوو کەلەکاتی پەڕینەوە لەچەم خنکا بوون،هێندیک تەقەمەنی وچەند تفەنگی بێ کەلک. بارزانی وهاوڕێیانی هەشت ڕۆژ پێشترگەیبوونە 25میلی باکۆری ڕۆژهەلاتی چیایی ئاگری، کەلە هەتەری چاودابوو،ونۆکە چیا داپۆشراولەبەفربوو: دووکەسیان بۆ وتوویژ لەگەڵ شووررویەکان ناردبوون. لە25ی ژوئن لەچەم پەڕینەوە. دووری لەنیشتمان زێدەلە11ساڵی کیشا.

یەکیەتی سوڤیەت،کوردەکانی بەگروپی گچکە دابەشکرد،ئەوانی لەم وڵاتە پانوبەرینە بڵاوکردەوە: ئەم شێوەنشتەجێکردنە،بیروڕای ئیستالین لە توشبوون لەگەڵ کەمایەتیەکانی قومی بوو. لەزستانی ساڵی 1949 -50بارزانی بەقبوڵ نەکردنی بەرپرسایەتی حکوومەت لە دوورخراوەیدا،کە ڕووسەکان لەبیروڕایاندابوو بەناوی سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنەوەی ئینقلابی کورد پێکبێنن،شووڕەویەکانی تووڕەکرد. ئەم لۆیستەی کە گرتی هەڵویستێکی (ئیدولۆژیک) نەبوو،بەڵکوو هەڵویستێک بووکەسینی. بێزاری لەقازی محەمەد بەڕادەیەک بوو کەلە پێداگرتنی شوورەویەکان کەڕەحیم،کوڕەمامی قازی شەهید،وەزیری دەرەکی بێت،ناراحەت بوو. ئاکاری مەلامستەفا بەکەیفی شووڕەویەکان نەبوو: دەست بەسەرو دوورخراوکرا: لە (باکو) بۆ(تاشکەند) و لەتاشکەند بۆ (مەسکۆ)...هەتادۆزینەوەی ئیشێکی چەتوون ودژوار بوو. جەلال تاڵەبانی کەلە مەتحکاروحەمدویژی وی بوو هاتەسەرئەم بڕیارە کە(بۆتی) خۆی بدۆزێتەوە. وەبیرەخۆی هێناوە کە بە گزەوفێڵ بانگهێشتنێک بۆ بەشداری لەفیستیوال ساڵی 1957 لاوانی کمونیست کەلە مەسکۆ پێکدێت وەدەست هێنا،و توانی چاوەدێرانی خۆی بغافلێنێ،لەدوایی حەول وتەقەلایەکی زۆر،بارزانی لە یەکێک لە ئاپارتومانەکانی گچکەی مەسکۆ بدۆزیتەوە. لەم چاوپێکەوتنە،ئەو دەنگووباسی بنەماڵەی پێ ڕاگەیاند. لەدوایی وی ئیدی گفتگۆی لەمەڕ دواڕۆژی کوردستان لەگەڵ وی هێناگۆڕ. تاڵەبانی ئەوکات مارکسیستێکی پاکژوئەمین بوو،بەڵام خێراتێگەیی کە بارزانی ئەوهانییە(بارزانی روک وڕاست دەیگوت کە ئیلاقەمەندی بەمارکسیست بەڕادەیەکی بەرتەسک بووە کە قوتابخانەی حیزبی کمونیستی بەدوای ئەو ئەزموونەدابەجێهێشت،ولەم ئەزموونەی لەبیرکراو کە لەلاپەڕەی ئیمتحانێک لە لێنن بەناوی بنیات دانەری وڵاتی شوورەوی یادبکات.)

بەڵام ئەم کارە ڕێگری ئەمە نەبوو کە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئایالاتی یەکگرتووئامریکا ئەوی لە پێرستی بۆکەبارانەی یەکیەتی سوڤیەت حیساب نەکەن. بۆ نموونە لە1941ڕاپۆرتێک کە ڕاوێژکاری سەرۆک کۆمار لە ئەمنییەتی مللی ئامادەی کردبوو دەیسەلماند کە شووڕەویەکان(لەبەرامبەر وادەی خودموختاری لوتفێکی تایبەتیان لەڕێگای داردەستی خۆ،بارزانی،کە ئێستا لە شووڕەویە بەکوردەکان کردوە. بەکوردەکان لە بەرامبەر ئالیکاری لە گەڵ شووڕەوی،وادەی خودموختاریان پێداوە) ئەم بەراوردو تەخمینە لەدوو بابەت نادورست بوو: بارزانی نەتەوەخوازترلەمە بوو کە فریوی سیستەمی شووڕەوی بخوات و دەستەمۆبێت، لە لایەکی دیکەش کرملێنش عادەتی نەبوو بەوکەسانەی کە پەنایان دەدا،بەڵێنیەکیان پێبدا کە ئیجباری بێت. دوایی بارزانی لەم دابەی چاپەمەنیەکانی ڕۆژئاوا، کە ئەوی بەمەلای(سور)ناودەبرد ئیکجارناراحەت بوو- وئەمە ناسناوێک بوو لە دوو بابەتەوە نادورست بوو، وبۆخۆی بەردەوام لەچاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوایەکان دەیگوت: ئەمن کمونیست نیم. کاتێک بۆ ڕووسیەم پەنابرد ڕیگایەکی دیکەم نەبوو.)

دوایی سالها بۆ گوێگرانی دەگێڕاوە کە مانەوەی لە شووڕەوی دلڕاکێشی ودلڕفێنەکی ئەوهای بۆ وی نەبوو، وئەم داوایەی شێ دەکردەو. ڕەشبینان وبەرچاوتەنگان بەڵگەیان دێناوە کەباشە،ئێستا کەبەختی خۆی بەئێران وئیسڕائیل(لەدەیەی شیست) وئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا(لەدوای 1972) گرێداوە،پێویستە ئەوهابلێت. لەڕاستیدا ئەو ئەم خوازیارییەی سالها پێش دەربڕیبوو: لە دەیەیەک کە ئابڕو کەڕامەتی ئامریکا بۆهۆی شەڕی ویتنام بەتوندی ڕەنگ ورووی تێکدەچوو، بەچاوپێکەوتونی پرووزکاوی ڕۆژئاوای گوتبوو کە دلی دەییەوێ کوردستان پارێزگای پێنجاویەکەمی ئامریکا بێت: خول وسوڕدان لەم زلهیزی شەڕی ساردبۆ ئەم زلهێز لەڕاستیدا نموونەی شۆڵی ڕێبەرانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی وڵاتانی دونیای سێوەم بوو. بارزانی لەونێوەدا بەشێوەی فئودالی کاردەکرد: ئەوشتانەی بەمیوانان دەگوت کەپێیان خۆشبێت. تالەبانی دەیگێڕاوە کە ڕۆژیک لە سەرەتای شیست کە بارزانی دەستەیەک هاوڵدەری ئیجازەدابوون بە جیا سەردانی بکەن ئەو دیلمانجی بووە،بە هاواڵدەرێکی ئامریکای گوت: دلی دەیەوێ کە کوردستانی ئێراق پەنجاویەکەمین پارێزگای ئامریکا بێت،بە هاواڵدەری ڕووسی گوت: دەیەوێ شانزدەهەمین پارێزگای شووڕوی بێت)بەڕەواڵەت بارزانی هیواداربوو شەڕی سارد ڕێگری لەمە دەکات کە هاواڵدەران قسەکانی خۆیان پیکدری بلێن. لە سەرئەمەش کەسانێک کە ئەویان دەناسی بەو زوان چەورییەی کە بە مەبەستی بردنە پێشی کاری بزوتنەوە،کوردستانی بە سەخاوەتەوە بەو بەم دەبخشی بەچاوی شک وگومان لێیڕادەمان.

جان فوستراس،وەزیری دەرەوەی ئامریکا لەساڵەکانی 1952-1960،سەبارەت بە هەرڕێبەریک کە بە تەواوی لە ئوردوگای ڕۆژئاو نەبوایە لێی دودڵ بوو. بەڵام هەربەمجۆرەی کە جەمال عەبدولناسر بە ڕوونی بە هەموانی نیشاندا،ڕێبەرانی دونیای سیوەم فکریان دەکردەوە کە لەم گەمە دا،نەتەوەکان لەهەل و مەرجێکی هێندەشپرزەو ڕەزالەت ڕووبەروون کە بۆ پێکانی ئامانجی خۆیان حازرن لەگەڵ شەیتانیش هاوپەیمان بن. و بارزانی لەم دایرەدا جیا نەبوو. بەڵام ئەم پیاوە کە بە ئاشکرا بە بێ شیکردنەوە ولێکدانەوە و ئازانتی ئاشق و شیت و شێدای ئامریکابوو دەیتوانی جارو بار سناریویەکی بەدڵی شوورەوی بێنێتەکایە. تەنیا خاڵ و بنکەی رووتێکردن و تاسەی کوردستان بوو، هەرچەند رەخنەگرانی ئاقیدەیان وابوو کەکوردستان لەگەل هۆزی خۆی بەرامبەرناکات. پێشکێشی مالالتجارەی کوردستان، یەک لەوان نەوتی کەرکووک ،یەکێک لەو تیرانەی بوو کە لە تیرکێشی بە تاڵی دا بوو

وای فکربۆدەچێ کە لە ڕووسیە جیالە خویندنی زوانی ڕووسی کارێکی دیکەی نکردبوو: لەگەڵ هاڤالانی دوورخراوەو مێوانانی رووسی بەم زوانەی قسەدەکرد،بە تایبەت کاتێک کە نەدەویست ئەندامی بنەماڵەی یان خەڵکی تر کە لە گەڵیان شۆڵ دەکرد لە مەسەلەی تووێژەکانی حاڵی بن. بەر لە خواردنەوەی شەراب ڕوونی کەرەی لە نانی هەڵدەسوت و دیخوارد،کە خمارشکێنە! ئەمە شتێک بوو کە لە کاتی مانەوەی لە شوورەوی فێری ببوو. پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شوورەوی هەتا1972ڕاگرتبوو،لەوساڵیدابوو کە یەکیەتی سوڤیەت سەرکەوتوو بوو پەیمانی دۆستی و ئالیکاری 15ساڵە لە گەڵ بەعسی ئیراق ئیمزابکات. ئەو پێمان کە هەتا ئەوچاخ گەورەترین کودتای کرملین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو،شوورەوی سوسیالیستی لە ناخی دۆڵ و گەڵی زلهێزی بەگەورەترین وەدەرنانی نەوت قەراردا و بازارێکی بەرفرەوانی لە ڕووی چەک و چۆڵ و ڕاوێژکەرانی نیزامی و نانیزامی ڕووسی کردەوە. بەم کارە دەسبازیەکانی پێشتری شوورەوی لەگەڵ کوردەکانی ئیراق بۆ دوا گەراندەوە(بۆ نموونە،لە1963شوورەوی بە ئاشکرا لە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی، ئەوهەی کەبۆخۆی(سیاسەتی ڕەگەزبرپینەوەی)ئیراق لەبەرامبەر کوردەکانی ناولێدەبردبوو مەحکووم کردو لە کوردەکان بۆ هێنان وبردنی رژیمی جۆراجۆر لەئیراق کەلکی وەرگرتبوو) بەقازانجی شوورەوی ئەم خاڵەش زیدەکەین کە لە1974 بۆ پێشگیری لەسەرهەڵدانەوەی شەڕ لە نیوان ئیراق وکوردەکان تێکۆشانێکی دڵپاکانە کرد کە ئاکامی نەبوو.

لەسەرەوەش را شوورەویەکان بێشک ودوودڵی کاتێک لەئۆکتۆبەی 1958 لەدوای ڕووخانی دەم ودەزگای پاشایەتی بنەماڵەی هاشمی ژێرداکۆکی بریتانیا،مەلامستەفایان دڵگەرم بەگەڕانەوە بۆ ئێراق

کرد،ئامانجیان ئەمە بوو کە چۆماخێکی ئاژاوە واردی وڵات بکەن. گەڕانەوەی مەلامستەفا بۆ ئێراق بڕیارێک بوو کە لەجۆری خۆیدا ئەو شوێنەواری لێدەکەوتەوە کە بڕیاری ئاڵمانیەکان لە ماوەی شەڕی ئەوەڵی دونیاگر بەناردنەوەی لێنین بۆ ڕووسیە لە شەمەندەفەریکی دەرگا گاڵە دراو و دواڕۆژی ئەم کردەوە بۆ ئینقلاب،ویەکچوونی هەبوو.

ئێراق وکوردستان لە پاشملەی مەلامستەفا و لەحکوومەتی نووری سەعید- بە بەکارهێنانی ئەودەرسانەی کەلەشۆل لەگەڵ عوسمانی فیربوو- لە سەردەمێک لە ئارام و چوزەدان کەلکی وەردەگرد. لەماوەی ئەم دەورە دووکەس لە سەرۆکانی ستادی ئەرتەش- یەک لە دوای یەک- و فەرماندەری هێزی ئاسمانی ئیراق کوردبوون. زۆرتری نەفەرات یەکیک لەم دوو هەنگەی حازر سوپای ئێراق کوردەکان پێکیان دەهێنا. زوربەی سەرۆکانی عەشایر لە ئالیکاری لەگەڵ حکوومەت ڕازی بوون،ئەگەرخوازیاری خۆدموختاریش بوون یان هەستیان پێدەکرد کە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری وبەرفرەوانی دەزگای ئیداری پێچکی دەسەڵاتیان لێژدەکات و لە ناو دەبات دەریان نەدەبڕی. دیپلۆماتەمانی دەرەکی بێ پارێزگارد بۆ دورترین چیاکانی ئیراق سەفەریان دەکرد. بەڵام گەڕانەوەی بارزانی ئینقلابێکی بەڕاستی لەیەکیک لە شاخاوی وهەڵەمووترین دەڤەرەکانی دونیای وەڕیخست. لە ماوەی حەفدەساڵ پێنج شەڕ دژی کوردەکان کرا،کەخاپوور وێرانی وکوژرانی بێ لینگەی لەگەڵ دابوو.

لە ئەکەمین ڕۆژەکانی سەرکەوتن،عەبدولکەریم قاسم،ڕێبەری نویی ئیراق،کە دایکی کورد بوو (چارەنووسی) نەتەوەی کوردی بەفەرمی ناسی، وئەوانی بەناوی (شەریک) ناوەخۆی وڵاتی ئێراق ناساند. لە ماوەی دەورانی حکوومەتی وی بیداخی ئێراق بەنیشانەی ئەم شەرێکایەتی و پشکە برایەتییە، بە نەخشی گزنگی ڕۆژ وبەحەوت پرشەنگی سوور،کە دورشمی تایبەتی کوردەکانە،ڕازاندراو. شێخ ئەحمەد کەلە 1947 لە زیندان بوو ئیکجار کزوبێ تاقەت ببوو لە زیندان ئازادکرا: وەک دەڵین قسەی وی لە دڵگەرمی قاسم بە بانگهێشتن لە مەلامستەفا بۆ گەڕانەوە بۆ وڵات کارتێکەربوو. مەسکۆ بۆ وەی مانەوەی درێژخایەنی بارزانی لە یەکیەتی شووڕەوی لە بەرچاو گچکە بنوینێت- مەلامستەفای بۆ پەڕاگ ولەوێرا بۆ قاهیرەنارد. کوردەکان کە بۆ پێشوازی لە مەلامستەفا لە فرۆکەخانەی بەغدا کۆببۆنەوە هێستاش لەو پێشوازیەی تەژی لە وروژاو نوقمی شایی یاد دەکەن کە لە وی کرا. چەند دوایی پاپۆرێکی شووڕەوی لە بەندەری بەسرە لەنگەری گرت،و هاڤالانی بارزانی لە(ئودسا)بۆ وڵات گەڕاندەوە.

کاتێک سەرخۆشی سەرەتایی ئینقلاب تێپەڕی،قاسم تێگەیی کە هینچ پێگەیەکی دەسەلاتی قایمی دەسەڵاتداری نییە، و تێکۆشا بە دەگژ یەک ڕۆ کردنی حیزەکانی سیاسی ڕەقیب،لە سەردەسەڵات بمێنێتەوە. دەسەڵات لەڕاستدا لەکۆچەو شەقام بوو. دەیەیەک ئاژاوە و پشێوی لەبەغدا هەرلەسەرەتا کوردەکانی تووش کرد. قاسم هەتا چرکەیەک کە لە کۆدتاییەکی خوێناوی بەعس کە فۆرییەی 1963 لە نووسینگەی خۆی وەبەررەگباری گوڵلە درا،تێکۆشا لە ماوەی زنجیرە عەمەلیاتێکی سەرئێشە هێنەر نەیاران ودژکارانی غافڵگیربکات. لە پانزدەمانگی سەرتایی حکوومەتەکەی بارزانی کار تێکەرو شوێن تێکەرترین لایانگرو یەکگرتووی کردەوەی بیروباوەڕی بوو.

لە 1959 هۆزەکانی بارزانی هیزی زەبر وەشین بوون کە دژی ئاغاوەت کە لەگەڵ یاسای دابەشکردنی زیووزار قاسم،دژایەتیان دەکرد بەگژیاندا دەچوونەوە(زوربەی خاوەن ملّک سەرۆک هۆز بوون کە لە سەردەمی سیستەمی سەلتەنەتی لە گەڵ بارزانی بە شەڕهاتبوون)دیسان هەرلەو ساڵیدا (1959) بارزانیەکان شۆرشێک کە نەتەوەخوازانی عەرەب لەموسڵ وەڕێیانخستبوو دامرکاند،و لە گەڵ کمونیستەکانیان لەکەرکووک تورکمونەکانیان سەرکوت کردن. پاشان بارزانیەکان بەئاماژەی قاسم کەوتنە گیانی کمونیست وبەعسیەکان، و بەعسیەکان قەت ئەم جەرەیانەیان لەبیرنەکردوبارزانیان نەبەخشی! بەچاکەی ئەم هەنگاوە قاسم لەژانوییەی 1960 حیزبی دێموکراتی کورستانی دەیەیەک دوایی یاساخ کردن لەلایان ڕژیمی سەلەتەنەتی بەپێی قانوون بەفەڕمی ناسی. ئەمە ئەوپەڕی نیوانخۆشی پەیوەندی نیوان قاسم وبارزانی بوو. بارزانی لەم تێکەولێکەیەدا نەیاری کۆنی خۆی یانی سەرۆکی هۆزی زێباری کوشت. قاسم کە تێگەیی (بارزانی)لەسەریەکیک لە سازمانەکانی سیاسی وقانوونی وڵات حاکمڕانی دەکات کە دەتوانی هەڕەشە لە ویش بکات،لە گەڕانەوەی ئەو سەرۆک عەشێرەتانەی کە بەرێ بە دەستی بارزانی لەئێراق دەرپەڕاندڕابوون و بۆ ئیران هەڵاتبوون پێشوازی کرد.

بۆ بارزانی مەسەلەی گرینگتر لە گەڕانەوەی دوو بارەی دەسەلات و شوێن تێکەری لە باشوور،دەستەچین کردنی جامینخوازانی سیاسی لەم هەودا ئاڵۆزەی نەتەوەخوازانی شاری بوو کە لە ماوەی پاشملەی وی لە وڵات،ژمارەیان لە زێدەیی دابوو. هەروا لە ماوەیی نەبوونی وی لە ئێراق، گەلێک لەکوردەکانی شارنشین ئەندامەتی حیزبی کموونیستیان قەبووڵ کردبوو، کە بەشێکی تایبەت بەکوردیان پێکهێنابوو کە خۆشەویستیەکەی گەلێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان زورتربوو،کە لە ئەساسنامەکانیان،حیزبی مارکسیست- لێنینیست نوسرابوو. هەتا لە ناخی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش(پارتی)توی دژایەتی دوارۆژ و مانەوە،چاندرابوو.

برایم ئەحمەد،سکرتیری گشتی حیزب،لە کاتێک کە بارزانی لە یەکیەتی شوورەوی بوو جگە لە دەستەیەکی کەم لە ئەندامانی وەفادار،هەموو ئەویان لە بیرکردبوو، ئەوحیزبی زیندوڕاگرتبوو. برایم ئەحمەد کە قازی بوو،ئێستا لە بەرامبەر مەلامستەفا کە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی بە دەرسخوێنانی شاری ڕەوا نەدەزانی،بەرەنگاری دەکرد و بە هەموو داواکانی وی بەڵێ نەدەگوت. مەلامستەفا سەبارەت بەم کردەوە ئەوی لێخست و بە دانانی هەمزە عەولا لە شوێن وی دژکردەوی نیشاندا،کە کمونیستێکی پێشووبوو،کە برایم لە کاتێک کە بارزانی لەشوورەوی بوو ئەوی لەحیزب دەرکردبوو. بەڵام بارزانی خێرا بیروباوەڕی خۆی گۆڕی،و پێشمەرگەکانی بۆ مەقەڕی حیزب نارد و هەمزەعەولا ولایانگرانی دەرکردن. سیاسەت وکەسایەتی هەردوو لەم نیوە دا ڕۆڵیان هەبوو.

هەمزەعەولا دەیەویست لەگەڵ عەشایرەکانی کۆنەپاریزی کورد دەست بەمامەلە بکات لێیان نزیک بێتەوە لە گەڵیان ڕێکبکەوێ،چونکە دەیزانی هێزێکی زەنگینن کە نەتەوەخوازان ئاتاجیان پی هەیە، بەڵام برایم ئەحمەد دەنگی زۆرتر بۆ ڕاهاتوانی شارنشین دەویست،وبارزانی لە کاکە و برالەی یەکیەتی کمونیستەکان و هەمزەعەولا لە شک وگومان ودوو دڵی دابوو. خوێندنەوەی ناحەزو کاڵ کەحیزبی دێموکراتی پارتی بەختی (ئامپەرالیسم و فئودالەکان) وبورژوازی ئەوسالانی دەکرد،بارودۆخی سالەکانی دەیەی 1950ی بەروونی وەبیردێنێتەوە،ونیشانی دەدا کە ئەم پەیامانە بۆ گەڵیک لەکوردان،بەتایبەت خەڵکی بیسیواد وچیانشین، لێی تێنەدەگەیون و لە ڕادەی زەین و حاڵیبوون و فامکردنیان نەبووە.

پەیوەندی بەڕادەیەک ترش وتاڵ ونالەبارو بۆڵێل بوو کە چاخێک لە دسامبەری 1961شەڕ بەوێنەی مجد لە نیوان هێزەکانی حکوومەت و بارزانی لە باشوور دەستی پیکرد،حیزبی دێموکراتی کوردستان(پارتی) و برایم ئەحمەد تێکۆشان بێ لانی هەڵبژێرن. کوردەکان و دەوڵەت هەتا1975 هەروا لەشەڕ دابوون، بە نێوبرێک لە ئاگربڕ کە درێژ دەکراوە.کاتێک قاسم لە دسامبەری 1961حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناقانوونی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند،حیزب بەهەویستن ونەویستن بۆ ناوشەڕکێشرا. ئەوکات برایم ئەحمەد و زاوای لوت بەرزی وی-یانی(جەلال تالەبانی)-هێزەکەی جیاوازیان لە باکوورو ڕۆژهەلات ڕێکخست کە دەوروبەری سلیمانیە هەتا سنووری ئێرانی لە ژیردەسەلات دابوو. ئەمەپێشەنگ و قەرەوڵی جیاخوازی و ئینشعاب وجیایی نانەوەو دوو بەرەکایەتی لە ڕیزی کوردەکان بوو-چونکە بارزانی و برایم ئەحمەد هەریەک خوی بەڕێبەری ڕاستەقینەی بزوتنەوەی کورد دەزانی.

ئەم رووداوە هەرچەند لێکهالاو بەگرێووگۆڵ بوو بەڵام مەسەلەی ناوەندی- وساکار-مەسەلە بۆ کوردەکان ونەیارانیان گۆڕانی بەسەردانەهاتبوو: لەوچرکەیەی کەلە ئەوتی 1946 لکی ئیراقی حیزبی دیموکراتی پارتی بنیات نرا،ئامانجەکانی بنەڕەتی سیاسی ئاشکرای بارزانی بی گۆڕانکاری مانەوە: کوردەکان نەک داوای سەربەخۆیی بەڵکوو داوای(دێموکراسی بۆ ئێراق و خودموختاری بۆ کوردستان) بوون. ئەم داوایە لە سەرقاقەز بەتەواوی بەرئاقلانەبوو. بەڵام دژکارانی بارزانی لە بەغدا-یانی سەلتەنەتخوازەکان، نەتەوەخوازان ودەمارگرژانەی عەڕەب، بەعسیەکان وکمونیستەکان- قسەکانیان باوەڕنەدەکرد. ئەم قسە سادەو ساکارەو بی پەردەو پەرژین و پاردە ئەمربوو.

بەم گومانی ئەم دژکارانە کوردەکان دەیانەویست بەشێک لەئێراق جیابکەنەوە- بەشێک کەبەحەق بە ماڵی خۆیان دەزانی(وئەگەرتوانیبوایان پارچەکانی کوردی ئێران وتورکیە وسورییەیش) وئەگەر سەرکەوتووبەکارێکی ئەوها ببوان،ئەم مەسەلە لەبەرچاو دژکاران بەمانای تێکدانی بنچینەی موجودیەتی شکاندراوی ئیراق بوو: ئەم لێکدانەوەیە بەگشتی بۆخۆی لێکدانەوەیەکی نادورست نەبوو:لەدوایی دەستپێکردنی پەکار لە1961زوربە لەکوردەکانی ئێراق بەڕاستی فکریان دەکردەوە کەهەنۆکە بە بارودۆخێکیان دەست وێراگەیووە کەدەتوانن(هەل ومەرج وهەڵکەوت)ی تایبەت بۆ خۆیان بپارێزن- وبۆچ ئەم هەڵ ومەرج وهەڵکەوتەی ناخازا،سەربەخۆیی نەبێت؟ یەکیک لەهاڤالانی نزیکی بارزانی دەیگوت: (ئێمەهەتا ئەوکات دەمانزانی کە ئەو بۆپێکهێنانی وڵاتێکی کورد تێدەکۆشێ.)

لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست،بەتایبەت لە وێ کە یۆنانیەکان یەکەمین کەس بوون کەبە دووچۆمانیان ناوبرد،دەسەلات هەمێشە شتێکە وەکوو(کۆی سفرەکان)ئێوە یان بڕشت و توانایتان هەیە یان نیتانە. ئەگرئێوەنەتانبێت،یەکی دیکە هەیەتی- کەسێک کە بە لانی کەم لە مەڕ توانایی وەک ئێوە فکردەکاتەوە. بەمجۆرەنابێت توانایی دابەشبکرێت. ئەم قاعیدەیە لە هیچ کوێ بەڕادەی ئێراقی نوێ وەڕاست ناگەرێت. کەشتێک بوو دەستکرد،کە ئینگلیزەکان بە بەرژەوەندی لەکەل وپەلی جۆراوجۆر لەوسەرزەمینانانەیان پێکیانهێنا بوو کەلە سەردەمی کۆنەناسی هەتائێستا مێژووکەیان لەگەڵ مێژووی زوڵم وزۆریی سەرەڕۆیی پێکەوەتێکەڵ بووە. سیلەچاوێک لە پەیکەرەکانی نەقۆڵاو بەهەیبەتی پاڵشایانی ئاشۆڕ لە مووزەکانی لوور،پاریس ومووزەی بریتانیا لەلەندەن وموزەی متروپۆلتین نێورک بۆ سترینەوەی هەرجۆرە شک و گومانێک لەم بارەوە بەسە و دەریدێنێ. خولاسەهیچ کام لەزلهێزەکانی سەدەی بیستەم لەبۆچوونی

دانەبوو کەلە سەربەخۆیی کوردستان داکۆکی بکات،یان بزاوتنێک هەتا بەپشتیوانی لە(خودموختاری) لەخۆی نیشان بدات،هەتا چ بگات بەسەربەخۆیی،و لە ناورۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێراق بەم هۆیەوە کەبڕیک لە جێنارەکانی وەپێشترکەوتووە کوردەکانی تاقەت هێناو وبەئەوانی ئیجازەی داوە جل وبەرگی کوردی لە بەرکەن و لە قوتابخانە ودەم ودەزگا وچاپەمەنیەکان وکتێب لەزوانی کوردی کەلک وەرگرن،بەچاوی شک وگومانیان لێدەڕوانێن.

(ئەمەئێراق ئیجازەی نەدابوو کوردەکان لەدوای سالهاخەبات وەدەستیان هێنابوو.

ئەم بێباوەڕیە و نامتمانەیە بنەڕەتی فەرمی لە پەیمانی سەعەد ئابادرووناکی دەرخست کەلە1937 بەئیمزاگەیی و بە هۆی وی وڵاتانی ئێران وئێراق و تورکیە دەستەبەردەبوون کە پێکەوە بەهاوبەشی وشەریکایەتی یەککرتووی دژی کوردەکان هەنگاو لەبەستێنی کردەوە هەڵبێنن، پاشان لە پەیمانی بەغدا،کە لە ساڵی 1955 دەوڵەتانی بریتانیا وئایالاتی یەککرتووی ئامریکا،بەرەوالەت لەلێژنەی خەبات لەگەڵ کمونیست،بە سەرشانی وڵاتانی ناوچەی داسپاندبوو ئاشکرو خۆیاکرد. لە بەسەرداچونەوەی ساکاردا دەکرێ داوابکەی کە ئەوتاکتیکانەی کە بارزانی بۆ فیزراندن لە بەر گەمەی مەنتیق(کۆمای سفرەکان)رایدەگەیاند هەر لە سەرەتا مەحکووم بەتێشکان بوونە. کوردەکان چ بەرلە بارزانی و چ دوایی وی بدورستی ئاقیدەیان ئەوهابوو کە دەستێک ناتوانێ دەوڵەت بروخێنێ،- بەقولی کوردی پەنجەیەک چەپڵەلێنادا- هەربەمجۆرەی کە دەوڵەت ناتونێت نەتەوەخوازی کوردی ڕیشەکیشی بکات. لەسەرئەوەش ارا ڕژیمەکانی کەیەک بەدوای یەکدا لەبەغدا دەهاتنەسەرکار هەرچرکە توندوتیژتروبێ بەزەتروسەرەڕۆ تر و زاڵم تردەبوون،و بە بەرەکەتی بەرهەمی نەوتی کە زوربەی لە چاڵاوەکانی کەرکووک هەڵدێنجرا، لە مانادا دزیکردن لە سامانی کوردان بوو،ڕۆژ بەڕۆژ پۆشتەتر دەبوو. زوربەی سەرکەوتنەکانی بارزانی،هەتا ئەو کات کە لەو پەڕی پیرۆزی دابوو وکوردەکانی هەمووپارچەکان گویچکەیان لەماڵپەڕی دەنگی شەپۆلی کورت و تەژی لە(پارازێتی) کوردستان دەگرت کە سەرکەوتنەکانی دەهێنانەئەژمار،دەیندازی داکۆکی دەمدەمی دەرەکی بوو. وئەم هۆکارە وایدەکرد کە بەغدا لە داخان وەک شێت کەف هەڵبدا.

هاسانە ودیسان دەکرێت بەسانایی بارزانی لەم بابەتەوە کە ئەمەی لەئولکەی پەیکار بەدەستی دەهێنا، بەسانایی لە پشت میزی وتویژ دەیدۆڕاند سەرکۆنەبکەی. ئەم شیوازە،سەردەمیکی درێژە کە خاڵی لاوازی کوردەکان بووە. ئەو،بارزانی،هێندیکجار هۆگر بەخۆهەڵدانەوە گەف وگور لە مەڕڕوخانی دەولەتەکانی بەغدا دەبوو ئەمما ئیلاقەمەند بە سەبرو فکرکردنەوەسەبارەت بەمە نەبوو کە بۆچ هەل ومەرجی خەڵاتی خودموختاری بەرتەسک وسنووردار وەکوو هەنگاوی سەرتایی لەجیاتی شیاوتری زۆرتر رەت دەکرد. بەم هەمووە چاخێک لە دوورخراوەیی گەڕایەوە هیچ کس هەتا لە خەونیش نەیاندەبینی کە نەیارانی خەلکی کورد بەشیوازی ترسینەروتۆقین دەستەوداوین بن،کە لە ئاکامدا دەستەوداوینی بوون! هێشتاساڵی

1961وەرنەگەڕابوو کە هێزەکانی ئاسمانی قاسم 1270گوندی کوردیان خاپوورکرد- ئەمە سزایەک بوو کەلە چوار چیوەکی (جێگاقەبووڵ)حیساب دەکرا.

لەدونیا وقامووسی بارزانی دەستەواژەی(زلهێزەکانی)بەمانای چاوەدێری لەسەر هێندیک کاروکردەوەی سنووردار، لە سەر حکوومەتەکان بوو. ئەومرۆڤێکی خاوەن ئابڕوو هێژابوو، کەبەبەڵێنی وقەول ووادی خۆی وەفا دەکرد، بە قەولی خەڵکی دیکەشی باوەڕدەکرد. ئەو لەدونیان تایبەت بەخۆی فکری دەکردەوە پێی وابوو شانسی ئەهەی هەیە کە ئەم ئاقیدە وقول پتوونی وراستی ودورستی کوردی کەلەگەڵ خەڵکی دیکەیان تەوفیرهەیە- عارەب نین، فارس نین، وتورک نین- ولێهاتوویی ئاکاری باشترن بپارێزێت. ئەو دونیای بایەخداری خۆی گووڕیبوو قانوونی(گرشامی) دەکاردەکرد.دایم ودەرهەم بەحیسابی کوردەکان لە نەتەوەکانی دیکە لەبایەخی ئیخلاقی کەمدەکرد.(تامس گرشامgreshamپسۆپری مالییە لەخەڵکی ئینگلیستان لە1519و79.

یەکەمین شەڕی کوردستان بەکوژرانی قاسم بەدەستی بەعسیەکان لەفۆرییەی 1963راگیرا. بەعسیەکان دەست بەجێ بەکوژرانی هەزاران کمونیست بە دنەی ئالایاتی یەکگرتووی ئامریکا،کە پییخوشبوو لەمە کە هەلێکی ئەوهارەخساوە هەتاگەورەترین حیزبی کمونیستی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لاواز بکات،ئیلاقەی و ئارەزوی خۆی بەناڕازی نیشاندەدا. وتویژی بەربلاودەست پێکرا. ئەم وتویژەش وەکوو گەلێک لە دانیشتنەکان دوایی لە سەرداوای لایانەکان لە سەرکەرکووک بەتێشکان داوایی هات. ئەو دەوڵەتانەی کەلە بەغدا بەدوای یەکدیدا دەهاتن داوای کوردەکانیان لەمەڕ کەرکووک و نەوتەکەی ڕەت کردنەوە،بەم دەلیلە کە کەرکووک لە سەرەتای سەدەی حازر،بەرلەبەرهەم لێهەلگرتن لە چالاوەکانی نەوتی،لە بنەڕەتدا شارێکی تورکمان نشین بووە،و بە جەماوەرێکی زۆر لە کوردو عارەب. لەمانگی ژوئن بەعسیەکان شەڕیان دەست پێکردەوە. سالح مێهدی عەماش،وەزیری بەرگری،پۆزی دەفرۆشت کە ئەمجار ئەرتەش ئامادەیە،وعەمەلیات لەڕاستیدا(خۆپێشاندانێکی نیزامی) زێدەترنابێت- لەڕاستیدا_ سیرانێکی ساکاری چیاکان- بەلام ئەرتەش جارێکی دیکە کوژراوێکی زۆری دا. لە18ی نەوامبەری ئەوساڵی بەعسیەکان لە دەسەلات هێنرانەخوار، وعەبدولسەلام عارف جلەوی کاروباری مەملەکەتی بەچەنگ وەگرت. وتووێژیکی دیکە لەدەهەمی فۆرییەی 1964 هۆکاری ئاگربڕی هێنادی.

شەڕی دووهەمی کوردستان بە لەت بوونی حیزبەکانی کورد بە دوو باڵ کۆتایی پێهات: ئەحمەدتاڵەبانی ڕایگەیاند کەقەبووڵ کردنی ئاگربڕ لەلایان بارزانی خەیانەت بەخەڵکی کورد بووە،زۆرتر بەم هۆکارە کە

نوسینگەی سیاسی حیزب کەئەوان لە ئەندامی وی بوون هەتا ڕاوێژیشی پێنەکراوە. بارزانی لەمانگی ژوئیە بەناردن هێزو ڕاونانی وان لە سنوور دژکردەوی نیشاندا،گروپی ئەحمەدتاڵەبانی لە ژمارەیەکی نزیک بەچوار هەزارکەس بۆ ئیرانیان پەنابرد. دەولەتی ئیراق دڵخۆشی دانەوەو ئەوانی بەئیراق گەڕاندەوە،وەکووچاش بۆ شەڕلەگەڵ بارزانی کەلکی لێ وەرگرتن. ئەم کێ بەرکێیە،هێزەکانی بارزانی هەڵتاواند. ئێستائیدی بارزانی لە دەکارکردنی ناوی تاڵەبانی،کە ڕەقیبی لاو وئامادەو لەمەڕ نیزامی هاوسەنگی خۆی بوو،بە ئاشکراتووڕەبوو.

(ئەمەجەلاڵ تاڵەبانیە نەک ئەحمەدتاڵەبانی! بەڵێ تاڵەبانی جاشی 66 بوو گەلێک خەیانەتی بەخەباتی کوردکرد،قەتیش هاوسەنگی بارزانی نەبوو کابرایەکی دووڕوە،کاری نووکەری وخۆفرۆشی خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستانە، هەنۆکەش کە سەرکۆمارە لە خزمەت بەداگیرکەران بەتایبەت تیران وتورکیە، تۆزەقاڵێک لە خۆفرۆشیەکەی پاشگەزنییە،هاقاڵ وهاوکاسەی بکوژانی ئیرانە،ئەو کادیروئەندامانەی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران کە لەماوەی ئەم چەندساڵە بەدەستی کۆماری جەهاڵەت وخەڕافاتی ئیران، لە سلیمانیەوشارەکانی دیکە تڕۆرکراون جێ پەنجەی نگریسی جەلاڵ تاڵەبانی پێوە دیارە.

لە مانگی مارسی 1965 شەڕی زۆرتر لە کوردستان ڕوویاندا. عارف لە کەوتنەخواری فڕۆکە کوژرا،براکەی عەبدولرحمان عارف لە شوێنی دانیشت. لە مانگی مەی 1966 ئێراقیەکان دەستیان بەهێرشێکی قورس کرد،کە ئامانج وی قەڵش و کەلین تێخستن لە جبهەی کوردەکان و دابەشکردنی ئەوان بوو،کە بەدووبەش و بێبەشکردنی بارزانی لە دەست وێرانەگەین بە چەک وچۆڵ لەئیران بوو،کە زۆر گرنگ بوو. بەڵام بەپێچەوانەی ئالیکاری (جاشەکانی 66)ی تاڵەبانی تێشکانێکی بێ ئابڕوییەیان خوارد. هەڵبەتە لە چیای هیندرین کە دەڕوانێتە سەر ڕەواندز. بارزانی گرینگترین سەرکەوتنی وەدەست هێنا،مانگی دوایی عەبدولڕحمان بزاز،سەرۆک وزێرانی نانیزامی ئێراق،یەکێک لە گرینگ ومەزنترین داواکاریەکانی کوردانی قەبووڵ کرد و بە فەرمی بە برابەشی دوو نەتەوەیی کوردوعەرەب دەمی پێداهێنا. بەڵام ئەرتەشی ئێراق بە وتووێژ لەگەڵ تاڵەبانی ،بەر لە دانیشتن لە گەڵ بارزانی، لەم کارەدا نەمامی کرد. بارزانی تووڕەبوو،و ڕایگەیاند کە تاڵەبانی خائینە،ئەگەرئەو لە هەرئاشتیەکدابەشداری بکات ئەمن حازرنیم تیدابەشداری بکەم ولەگەڵ چ کەسێک دانیشتنم هەبێت! ) گوتی : تاڵەبانی نۆکەر هەمووکەسە. لایانگرانی بارزانی هەتائیستاش گروپی جەلال تاڵەبانی بە(جاش 66)ناولێدەبەن. خولاسە لەجیاتی ئاشتی بە ئاگربڕ ڕەزایەتیان دەربڕی.

حیزبی بەعس لە ژوئیەی 1968 دیسان دەسەڵاتیان وەدەست گرت، و سەدام حوسین وەکوو یەکەمین مرۆی بە هێزی ئێراق بۆگۆڕەپانی ئولکە هات،سەرۆک کۆمار حەسەن ئەلبەکری، لە نموود خست. بەعسیەکان سەرەتا لە ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ کوردەکان خۆیان پاراست و بە چاوەروانکردنی هەلی ڕەخساودانیشتن. دەرگیری خاوینکردنەوەی ڕیزی سوپادابوون هەل وکاتی بۆ خەریک بوونیان بەمەسەلەی بارزانی نەبوو. لەجیات وان(جاشەکانی 66)بوون کەبەجێگری ئەوان لە شەڕبەردەوام بوون. وکاتێک لە مانگی ئاوریلی 1969 شەڕ بەشکڵیکی مجد دەستی پیکردەوە،سوپای ئێراق ئەوهێندەی گوژراوی قورس دا کەلە ژانویە لە دوایی ئەمە سەدام حوسین بۆ وتوویژ لەگەڵ بارزانی بۆ کوردستان چوو ولە 11ی مارسی 1969 سەرکۆمار حەسەن ئەلبەکر بەشی، ئاشکرای پێکهاتن وڕیککەوتنی نیوان بارزانی وسەدام حوسینی لەڕادیو خوێندەوە: ئەم ڕێککەتننامە هەبوونی نەتەوەیی کورد )ی دەم پێدادەهێنا،وپێشمەرگەکانی بەگاردی سنووری دەگۆڕی وماقی پەروەردەوفیرکردنی بەزوانی کوردی ودەکارکردنی زبانی کوردی لەدەم ودەزگاکانی حکوومەت، وپێکهێنان ودامەزراندنی دەڤەری خودموختاری کە ناوەندییەکەی شاری هەولێربوو قەبووڵ دەکرد، وبڕیاردەر بوو کە یەکێک لە جێگرانی سەرکۆمار کوردبێت، وکوردەکان وەزیریان لەدەوڵەتی ناوەندی هەبێت،کوردەکان هەتائەمڕۆش لە چوارساڵ بەدواچوونی ئەم ڕیککەوتنە بەناوی سەردەمی زێراوی ئاشتی وئارامیش و پەرە پێدانی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی لە وی یاد دەکەن.

بەلام جارێکی دیکە دیسان وەکوو وەی کە کوردەکان فریوویان خواردبوو: بارزانی سەرکەوتوو نەبوو دەولەتی ئێراق بە ڕەزامەندی سەبارەت بەمەسەلەی بنەڕەتی،یانی شاری کەرکووک، وسنوورەکانی جوغرافیایی ناوچەی خودموختار وشەرت وشروت وهەل ومەرج وکاتی بەڕیوەبردنی سەرئەژمێری بەوردی کە بۆ سەلماندن داوای کوردەکان(بەکوردنشین بوونی کەرکووک)پێویستی هەبوو قانع وڕازی بکات- وبەم ڕێککەتننامەیەی ناروون دەم پێدابێنی کە بۆ دیاری کردنی سنووری ناوچەی خودموختارداوای ئەنجامدانی سەرئەژمێری لە ماوەی یک ساڵداکردبوو. ئەمە بەم مانایە بوو کە هەتا ڕاگەیاندنی خودموختاریەکی تەواو لەماوەی چوارساڵ ناوەڕۆکی ئەم پێکهاتننامەیە ڕیزی لێدەگیراو بەڕیوەدەچوو.
کوەدەکانی ئێراق لەسەرئەم خاڵە لاقیان دەقرساند کە گنخاندن ولاڕێ ڕۆیشتن وخوارەپێچە و گزەوفێلی دەوڵەت بەتێکڕایی ئەم خاڵەی دەپێکا کەسەرئەژمێری هیچ کات نەکرێت. لەم نێودا سیاسەتی(دەرکردن وگوێزتنەوەیان) لەدەڤەرەکانی کوردنشین وناوشاری کەرکووک وناوچەکانی نەوت خولْقین بە لەزو تاڵوکەو بە پەلە بەردەوام بوو. هەمووکرێکارانی کورد لە چاڵاوەکانی نەوتی کەرکووک دەرکران.پسپۆرانی کورد حیسابیان کردوە کەلە ماوەی دەورەی(هەلاتن)یان گویزتنەوە تەنیا 7هەتا 12لەسەت بودجەی ئاوەدانکردنەوەی ئێراق بۆ دەڤەری خودموختارتەرخان کرا، و تەنیاچوارگەڵاڵەی ئاوەدانکردنەوە لەکوردستان بەڕیوەچووە. دەرسەدی پێدەرانی بەڵگەی نرخداری خویندن بەخوێنکارانی کورد لە

زانستگاکانی ئێراق و وەرگرتنی خوێنکارانی کورد لە بەشێک لە زانکۆ(کالێج)ی ئەفسەری ئێراق لەمەش کەمتر بوو.

لە حاڵێکدا کە وتوێژ لێرەو لە وێ هەروابەردەوام بوو بەغدا ڕایگەیاند کە شیوەی خودموختاری خوازیاری خۆیان بەجۆرێکی یەک لایانە لە چوارمین ساڵهات ئیمزای قەراردادی یازدەی مارسی 1970بەڕیوەی دەبات. بە لێڕوانین لە هەل ومەرجی نامتمانە کە بە هۆی وێککەوتنی چەکدارانە کە جاروبارتوندوتیژیش دەبوو ئەمجۆرە وێک کەفتنانەی لەنەکاو لەگەڵ قەزیە بە مانای ئەمە بوو کە کاسکی سەبروحوسەلەی بەعسیەکان لێێدەڕژێ وبڕیارپیانگرتوو کە هەرکات کوردەکان ئەم بارودۆخە قەبووڵ نەکەن- کەپێشبینی دەکرا قەبووڵ نەکەن- شەڕدەست پێ بکاتەوە. وبەڵام بەشێک لەکوردەکان لەشک وگوماندان کەبارزانی ئەم قەراردادەی بەڕاست وەرگرتبێت(بارزانی بۆخۆی بەگوتنی ئەم قەرارداده لەڕاستیدا گزەیەک بوو،وئەوبەرلەئیمزای وی دەیزانی کە ئەوهایە،بەم لێکدانەوەیەیی یارمەتی دەکرد.)
یەکێک لەو کەسانەی کە لە نییەتی بارزانی شک وگومانیان هەبوو کوڕی گەورەی عەبەیدولا بوو،کەبۆ بەغدا هەڵات،وڕایگەیاند کە باوکی(نایەوێ خودموختاری بەڕێوەبچێت،هەتا ئەگەر کەرکووک وهەموو نەوتەکەی بەوی بدەن. قبوولی قانوونی خودموختاری هەموو شتێک لەوێ وەردەگرتەوە،چونکە ئەو دەیەوێ هەروا فرمانڕوایەکی سەربەخۆو گەڵلایی بمێنیتەوە)خولاسە مەسەلە بەهرلەونێک کەبێت،دورست سێ رۆژ بەر لە ساڵهاتی ئیمزای موافیقەتنامەی مارس(کەدواییین موڵەتی قەبووڵی هەل ومەرج بوو)سەدام حوسین پێشنیاری کرد کەرکووک نیوەبەنێوە بە شبکرێت. بارزانی ئەم پێشنیارەی ڕەت کرد،کە لە ڕوانینی هەوڵ بە ڕادەیەکی تەواو بۆ تێگەیشتن دەبێت: لە دوای ئەو هەموو زوڵم وزۆری –یەک لەوان چەندپیلان داڕژتن بۆ کوشتنی بارزانی – هیچ کام لە دوو لایان بە یەکدریان متمانە نەبوو، لە بە سەردا چوونەوەدا، موافیقەتنامەی 11ی مارس شتێک زێدەتر لە هەلێک نەبوو کە بە لایانەکانی ئەم ئیمکانە دەدا بەر لە دەست پێکردنەوەی شەڕ پشوەکی ئاسودەهەڵکیشن.

عەبدولرحمان قاسملو،ڕێبەری کورەکانی ئێران،کە بۆ خستنە ژێر پرسیاری ڕێبەرانی بارزانی بەڵگەو هۆکاری تەواوی هەبوو،لەم کردەوەی بارزانی،یانی رەتی پێشنیار پەیوەند بە کەرکووک،ئیکجارناراحەت بوو. قاسملو لە قسەکانی کە دەیەیەک دوایی دەرێبڕی گوتی جێگای داخ بوو کە ئەم ڕێگا چارەیە کە قازانجی زۆری بۆ کوردان هەبوو قەبووڵ نەکراوە- ئەو بارزانی لەم بارەوە تاوانباردەزانی. قاسملو ئاقیدەی وابوو کە بڕیاری بارزانی هەڵەیەکی گەورە بووە- ئەویش نەک بەم هۆکارە کە بەغدا ئەوی،قاسملوی ئالیکاری دەکرد. دەیگوت: (کوردەکانی ئێراق هەتا ئیرەشتێکیان وەدەست نەهێناوە، چونکە لە سیاسەتدا زورتر لایانی ئیحساس وهەستیان گرت هەتائاقل وئاوەز: ئەوان یان هەمووشتیکیان دەویست

یان هیچ شتێکیان نەدەویست،هەموو شتیکیان ڕەش ڕەش دەدی یان سپی سپی. ئەمەی ئەمرۆمومکینە سبەینی مومکین نییە،ئەمن وافکر دەکەم بارزانی دەبوایە مامەلەی کەرکووکی قەبووڵ کردبوایە، خودموختاریەکی بنچینەدادەرشت،و لە داهاتوودا بۆباقیەکەی شەری دەکرد: خەیاڵەکەی لەبەرچاوتان ڕاگرن: ئەگەرخودموختاری هەبوایە هێزەکانی سەربەمۆردەمانەوە،کاتێک لە1979 ئینقلاب ئیران ڕوویداچ هەلێکی ڕەخساو بۆ کوردەکانی ئێران بوو.)

خولاسە،لە11ی مارسی 1974 بەغدا ناوچەی خودموختاری ڕاگەیاند کە کەمێک لەنیوەلە29000میل چوارقولینچک بوو کەکوردەکان دەیانگوت: کەرکووک لەمەجێاکرابۆوە،شەر سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە-بۆکەس جێگای سەرسوڕمان نەبوو. بارزانی زۆردڵنیابوو : کوردەکان/40000پێشمەرگەیان هەبوو هەروا/60000هێزی بەرگری داکۆکیان لێدەکرد. لەناوچەکانی هەرەدوور،هەتابەغدا،خەڵکیکی زۆربەوان لکابوون: 60دکتور،4500مامۆستا،5000پۆلیس وژاندارم،160مهندیس،و/100ئەفسەر. لەگەڵ ئەمە شەر ئیکجار وێرانکەربوو،ورەی کزکردبوو بەلام هەستی تۆڵە ئەستاندنەوەیەکی توندی لە نەتەوەخوازانی ورۆژاندبوو. هەرلەسەرەتا پێشمەرگەکانی بارزانی جێگایان بەتاڵ کرد،ولەماوەی 6مانگ هێندیک ناوچەیان بەجێهێشت لێێ داماڵان کەلە1961 بەم لاوە لە ژێرحوکم ودەسەلاتی میری نەبوو. زەمانێک بەرلەبارینی بەفر،دەڤەری شوێنی نەتەوەخوازان بەباریکەیەکی گچکە بەرتەسک ببوو کەبەباشووری ڕۆژئاوای خاکی ئیران پالدەداوە. لێرەتۆپخانە دوورهەتەر و موشکەکانی هەرد بە هەوای ئێران لەوانی داکۆکی دەکرد. لە راستیدا بە ڕادەیەک بە پاشای ئیران پەیوەندار بوون کە دەوڵەتەکەی هەتا خۆراک وجغارەی ئامریکایەکانیشی دابین دەکرد،هەتابەم ڕادەیە کە ئیدی کشت و کاڵی خواردەمەنیان نەدەچاند. پاشان لە6ی مارسی 1975 شاە لە نەکاو یارمەتیەکانی لێبڕین. بارزانی هیچ کات لەو ڕاتڵەکانە وەخۆ نەهاتەوە. ئالۆزی جۆرێک بوو کە ئاش بەتاڵی ڕاگەیاند- بڕیارێک کە نەتەوەخوازی کوردی لە بنچینەوە لەرزاند- بەم بەڵگەودەلیلە کە بەردەوامی شەڕ لەگەڵ ئێران وئێراق دەبوو بەهۆی قەتلوعامی نەتەوەکەی!

بەهەرحاڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان پارتی، ڕایگەیاند کە دوو هەزارپێشمەرگە لە ڕووداوی شەڕ کوژراون: کوژراوی کوردەکان، هەتابێهێنانەحیسابی نانیزامی وخەڵکی ئاسایی،بەوێچوون لەمە زورترو قورستر بوو. یەکیک لە نەتەوەخوازانی کە ئەو کات بیست سالە دەبوو دوایی رژانی ئەسرین لە چاوەکانی لەم بڕیارەی بارزانی بیردەکردوە: بارانی بۆ ئێمە لە جیگای شیوە خودایەک بوو- ئەو ئێمەی بەدونیا ناساند. ئەگەر خەباتی بەردەوام کردبوایە وەکوو لێنین بۆ شوورەویەکان و جورج واشنگتن بۆ ئامریکایەکان) ئەم ڕاتڵەکانەی زەین وخەیاڵ و لێکدانەوەی سەرجەمی کوردەکانی- لەهەرچین وتویژ- کە

دژی سەرکوتکەرانیان یەکگرتوو ببوون بە تەواویی تیک وپێکدا. گەلیک لە کوردەکان کە لە بارزانیان بەخەراپەباس دەکرد- بەتایبەت لاوان- لێیان یوقین بوو کە بارزانی پێی شیاوتر بووە کە شۆرش تێک بشکێنێ و ریبەرایەتی وەدەستی ئیدیکە نەکەوێ. جارێکی دیکە نەتەوەخوازان دەگیانی یەک بەربوون. زێدەتر لە دەیەک تێپەڕی هەتا توانیان ڕیزو سەفی خۆیان تیکسڕماوترو تەنگتربکەن ودیسان دژی سەدام حوسین ڕاپەڕن.

بەلام ژەنەڕال بارزانی- سالەکانی داویینی تەمەنی بەکلۆڵ وزەبوونی لە دوورخراوەیی ئێران و ئامریکا، یانی  ئەو دوو ولاتانە تێپەڕ کرد کە بە وی خەیانەتیان کردبوو. ئەو لەو سەردەمەدا کاتی تەواوی هەبوو هەتا نەک تەنیا بۆ بەرئاقلانە بوونی رەدی پێشنیاری سەدام حوسین بۆ دابەشکردنی کەرکووک بەلکوو بۆ نائاقلانە بوونی متمانە بەبیانیەکان کەلە گرتنی ئەم بڕیارە کارتێکەربوون،فکر بکاتەوە. پشت پێبەستن و متمانەیەکی ئەوها نەریتی لە مێژینەبوو،مەسەلە دووروردرێژ بوو.  کە دوایی گەڕانەوەی لە دوورخراوەیی سەرتا بە ناقایلی و پاشان بە سانایەکی ئەوها و خۆشخیالی بە دوایداچووبوو کە ڕەخنەگران و حەنەک هەلسەنگانانی هەتا بەشک ودوو دلی لە هستی لێحالیبوون و بیروبۆچوونی نەتەوەخوازی وی ورۆژاو کردبوو.

پاژی شەشم

**کیسنجەر: ئیشی پروپاگەندە لەنیو هۆزێکی چیانشین)**

هەلفڕین لە مەسکۆو هەنگاو نان لە تاران لە 30ی مەی 1972 بۆ سەرۆک کۆمار ڕیچارد ام. نیکسون ئارامیشی دل و خۆشحالیک بوو. بەقەولی دوکتۆر هنری کیسینجەر،ڕاوێژکاری ئەمنیەتی نەتەوەیی وی،ڕزگاربوون لە(بەستێن وچەنبەرێکی تەنگ و دەرگا گالەدراو)هەشت ڕۆژی لە کرملێن تێپەڕکردبوو کە نیکسون بۆخۆی ئەوی بە(کورێرەوریوو عەزابیکی سەنگی محەک)ناودەبرد،و لە ماوەی  وی بە حەول وتەقلایەکی زۆر کاری وتوویژی سەبارەت بە پەیمانی سالت 1-2 لە بابەت چەک وچۆلی ئیستراتژیک بەقوەت وتوانایی وێرانیەکی بەرفرەوان بەئاکام گەیاند.(1-بانگێشتن: کاری لێژنەکانی مەزەبی لەنیو جەماوەرێکی کەتێدەکۆشان بەئایینی خۆیان بلکێن.SALT-2،پەیمان بەرتەسک کردنی چەکەکانی ئیستراتژیک،Strartegic Arms Limitaion Tratly. بهاری غەمگین،بەلام سەرکەوتووانەبوو، کەڕوودای ئاشکرای وی دەستدرێژی هێزەکانی ویتنامی باشووری لە ویتنامی باکوری لە جەرەیانی جەژنی (پاک)وراگرتنی بەهۆی بۆمباردومانەکانی قورسی ئامریکا، ومین دانانەوەی بەندەری ویتنامی باشووری لەلایان ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بوو. بڕیاری نیکسۆنی سەبارەت بەویتنامی باشووری ئیکجار بەهات

وهاوار ودوان يوخڵەمەو هەلكەوشاندن بوو،وبۆ يەكيەتی شوورەوی-پشتیوانی مەزنی وێتنامی باشووری- بەرادەیەک سووکی و بێفەڕی بوو کە سەفەری نیکسۆنی بۆ یەکیەتی شوورەوی هەتاچرکەی دوایی بەتاڵەمویەک هەلاوەسرابوو.

لە تەخمین لەگەڵ مانەوە لە مەسكۆ،مانەوەی 24ساعاتە لەتاران بەچاوهەتەرکەری بەدواکەفتنی ئاخافتنی چەندین لکەی کەکیسینجەر سەبارەت بەسیاسەت بەشیوەی گشتی لەگەڵ محەمەدرەزاشا پەهلەوی لێی بەردەوام بوو،و لەم شۆڵە حەزی دەکردو لەزەتی دەبرد،بە ئیلاقە بە وتوویژی مەسكۆ،بۆ ئامریکایەکان شتێکی ئازادو بەردراو لەبەند بوو. بەلام لەبۆ ( شا ) ئەوها نەبوو. شا ئەوچاوپێکەوتنەی بەمێرخاسی و چاکە بە پەرچەنگ وپەیکارێکی نیزامی گەورە ڕیک وپیک کردبوو کە هەڵیدەگرت سەبارەت بەچلۆنایەتی وی بتۆژرێتەو. دوو دەوری وتوویژ- جیالەنانی شێوانی فەرمی بەکورتی-بەباشی بەرێوەچوو. نیکسۆن و(شا)،هەردووک دەیانزانی چیان دەوێت،وداخوازیەکانیان لە سەریەک لۆژین بوو: نیکسۆن بڕیارگربوو کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکای لەشەڕی هندو چین دوورەپەرێزبکات، ودەیەویست لە توانایی ناوچەیی ئاسیا کە قەوی بەبەرگری لەخۆیان- وواشنگتۆنن- لەبەرامبەرکمونیسم داکۆکی بکات،بەڵام بێ هەبوونی نیزامی ئامریکا لە دەڤەر.

ئەوهەی دواییەکان بە ئائینی(دکترین)ی نیکسۆن ناودێر بوو دورست ئەوشتە بوو کە پەیوەندی چلۆنایەتی (شا) بوو. ئێستا کە بریتانیای مەزن بەهۆی پاشکەوتکەری و لەخەرجی گێڕانەوە لە دەرچوونەکان بوحزوری مێژووی خۆی لە ڕۆژهەلاتی سویسی کۆتایی پێهێنا بوو، ئێران خۆی بە بەتوانای ناوچەو ڕەوا دەزانی کە دەبوایە ئەم بەتالایەی دەسەلات و توانایی پڕبکاتەوە وئارامی کەنداوی فارس کە دووسیوەمی نەوتی دونیا بەوێدا تێدەپەڕی دابین بکات وئارام رابگرێت. بەکردەوەئەسپاردنی ئەرکەکی ئەوها بەئێران بەیەقین عەرەبستانی سعودی کە مەزنترین بەرهەمدەری نەوتی کەنداوی فارس بوو،هەروا ئێراق کە ولاتێکی لە خۆ ڕازی و دەمارگرژ بوو و دووەمین سەرچاوەی گەورەی نەوتی ناوچەی هەبوو وداوای ڕێبەرایەتی دەکرد،ناراحەت دەکرد.(هەرچی (شا)دەیەوێ پێی بدەن)هەروەک وتارێک لەسەرئەم مەسەلە لەگۆڤاری(هارپر)پێشبینی دەکرد بەمانای ئەوشتانە بەشا بوو کە دەولەتەکانی بەئیحتیات وبەپارێزتری ئامریکا لێی وەچاوبوون: ئازادی کردەوەکی تەواو لە کڕینی تازەترین کەل وپەلی نیزامی کەلک وەرگرتن لە زانیاری وپسپۆرانی ئامریکا. بایی نەوتی خاو کە سەردەمیک بوو لە خوارەوە بووئێستابەرەو زێدەبوون بوو و(شا)بۆ ڕازی کردنی هەواو هەوەسەکانی نیزامی خۆی پارەی تەواوی لە بەردەست داهەبوو.

کاتێک ئەمیرئەرسەلان ئەفشار،باڵویزی ئیران لە واشنگتۆن، لەشای پرسیارکرد کەئاخۆ سەرکۆمارنیکسۆن لە جەرەیانی سەردان لە ئێران ئەوەی کە ئەو ویستویەتی بە وی داوە؟ وڵامێک کە (شا) بە ویداوە ئەمە بوو: (بەڵی- زێدە لەمەی ئەمن دەمخواست، زۆرتر لە مەی کە ئەمن چاوەڕوانم دەکرد.)لەڕاستیدا ئەم چاوپێکەوتنە لیپاولیپ بۆ شا و مەلامستەفا بارزانی و نموونە همان چێرۆکە کە مەترسی پارانەوی قبووڵ بوو دێنێتەوە بیر: نیکسۆن بەنائاگاداری لە روخانی ڕژیمی شا، بە پەشیویەکی توندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئالیکاری کرد: بە دنەو دڵگەرمکردنی لایانەکان ولایەنی خۆبینی و زاڵمانەو سەررۆیانەی کەسینی شا و ئیشتیاکانی ناتیربووی بەوەدەست هێنانی چەک وچۆڵی نیزامی ئامریکا،بەوی یارمەتی کرد هەتا ئابووری ئێران لە ناوبەرێ و متمانەی لەرزۆک بکات،بەم وەسیلەیە ڕیگای بۆ ئینقلابی ئیسلامی ئایەتوڵلا روح ڵلا خومەینی لە پێنج شەش سال دواتر تەخت بکات.

سەرکۆمار بێ تأخیر دورست لەمەڕ ئەم بەدواهاتنانە و بەسەرهات وچۆرتمی وێچوونی ئەم مەسەلە هاتە سەرئەم بڕیارە کە شای لە وەی کە بووە ڕازی بکات. نیکسۆن ڕەزامەندی دەربڕی کە بەشێکی کەم لە سەرجەمی گشتی خەرج و دەرچوونەکانی شەڕ لە بەردەوامی شەڕی بارزانی لەگەڵ دەوڵەتی ئیڕاق دابین بکات. ئەم بریارەی سەرسوڕماو کە بەمانای دەست کێشانەوە لە سیاسەتێک بوو کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا سەردەمێک بوو کەللەڕەقانە لەوی بەرگری کردبوو،کوردەکانی مەحکووم بەیەکیک لە دوایی پێهاتن و تێشکانەکانی مێژووی پەرچەنگ و پەیکار و خەباتی خۆی کردو بەساڵها دەروەست هاتن وتاقەت پێشکانی بارزانی لە بزوتنەوەی نەتەوەخوازی کورد کۆتایی هێنا.

کەسێک کە(مکانیسم)ی ئەم دوو ئافات وکارەساتەی پێشتر تێگەیبوو(جۆرج دابلیو.بال)جێگری پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بوو. کەلە 1978 کۆشکی سپی لە حەول وتەقەلای یازدە کات ژمێر ناسەرکەوتنی وی راگەیاند هەتاکوو (شا)ی لە ئاستەنگ ودەردی سەری کە ئاکامی ئاقلسوکی وبێئاوەزی دەبەنگی خۆدی وی بوو ڕزگار کات. باڵ،لە یەکێک لەراپۆرتەکانی خۆی نووسی: (کاتێک شامان بەناوی داکۆکی لەقازانجی خۆی لەکەنداوی فارس قبووڵ کرد، پێوەبەستراو بوین... کارەکانمان جۆرێک بوو کە دەتگوت: ئەو دەسەڵاداریکە وەکوو ئامریکا.) لەڕاستیدا(ڕادەی شوێن تێکەری ئەم یەکگرتووە، لە سەرسیاسەتی ئامریکا ئەوهێندەبوو کە(شا) زەحمەتی وەبەرەخوی نەدا کە شەرێکی ئامریکایی گچکەی خۆی ئاگادارکات کە کۆتایی بەرنامە نزیکە.) ئەمە دەستەواژەیەک بوو کە کۆمیتەی هەڵبژێردراوی سەنای ئامریکا،بە بەرپەسایەتی سەناتۆڕی دێموکڕات (اوتیس جی.پایک) لەنیورک، لەساڵی 1975 لە جەرەیانی بەسەرداچوونەوە بە بەڵگەی نهێنی پەیوەندار بەعەمەلیاتی نهێنی(سیا)دەکاری کردبوو- ئەم کۆمیتەی لێکۆڵینەوە لە دوای مەسەلەی (واترگێت) پێکهات کە نیکسۆنی لە ئەوتی 1974 مەجبور بەوازهێناکرد.

ڕاپۆرتی نهێنی کۆمیتەی پایک دورودرێژی لە عەمەلیاتی نهێنی(سیا)ی لە ئانگۆلا بگرە هەتاکوردستان نیشاندەدا. ئەم ڕاپۆرتە کەلە 1976 بە چاپەمەنیەکان قەڵشت کرد نیشانی دەدا کەچتۆ (شا) بەڕزامەندی لەگەڵ ئامریکا،سەرەتا بارزانی بەنوێکردنەوەی دوژمنداری لەگەڵ ئێراق دنەدا وپاشان چتۆ لە1975 بەمەی کە دەیەویست گەیشت(بێ ئەمە گچکەترین ئاگاداری بە واشنگتۆن بدات) لەنەکاو کوردەکانی بەرەڵلاکرد وئەوانی بەئامانی بەغدائاسپارد. ڕاپۆرت دەیگوت کە بۆ تاران وواشنگتۆن کوردەکان شتێک زێدەتر لە(ژتۆنی قومار)نەبوون. کەل وپەلێکی ئیکجاربەقازانج بوونە کە بۆ لاوازی بنیەی ئێراق ڕێگری لە درو شەڕانی وی کەلکیان لێ وەرگیرا) ئەم ڕاپۆرتە لەسەرئەو هەموو ڕاتڵەکانە وسەرسوڕمان کە ئاشکراکردنی وی هۆکاربوو لاق لەقولایی مەسەلەی دەجێا وزوربە پێچەوانە پێکتر ولێک حاڵی نەبوون و حیساب کتابێک نەدەبوو کە ئەم پەیوەندییەی لەگەڵ کوردەکان بەوێنەی کتێبێک سەرجەم خەیانەت و زوڵم و گزوفێڵ نیشانی بدابوایە.

ئەوبڕیارە بنەڕەتیەی کە نێکسۆن لە ماوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ شا ومانەوەی لە ئێران گرتی دژیایەتی لەگەڵ سیاسەتی ئامریکا بوو. دایم ودەرهەم چەندپات دەکراوە ولاقی لە سەردەقرساندرا کە نابێت بە بەرزەفڕیەکانی نیزامی و ژئوپولتیکی(شا) پڕوباڵ بدرێت. شا، لە ئاوەژوو بەرەوپێشت وسەرنخون کردنی بەرهەڵست بوونی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە ئالیکاری بە بارزانی دژی دەوڵەتی (ئێراقی)ش سەرکەوتوو بوو. لە هیچ جێگایەک لەو ڕاپۆرتەی چل وسێ لاپەڕەیی وەزاڕەتی دەرەوەی ئامریکا کە تەژی لە خاڵی گوێقیت مەسەلەکانی وتووێژ نیکسۆن لەماوەی سەردانی لە تاران بوو ئاماژەیەک بەیارمەتی بەبارزانی تێدا نەبوو.(کیسینجەر بەوێچوونی زۆر لەم بابەتە ئاگاداری بە(ویلیام راجرز) وەزیری دەرەوەی ئامریکا،نەدەدا،چونکەهەمێشە بن پێی دەکۆڵی،و لەئاکامدا سالّی دوایی لەشوێنی دانیشت)کیسینجەر بە شیوازی نهێنیکاری هەڵپێچراوەی خۆی هیچ کات نەیگوت: کە بەوردی چ کات کەوتە بەرئەم فکرە کەئایالاتی یەکگرتووی ئامریکادەبێت لەکوردەکان داکۆکی بکات. (داوید کیمچە)لەکارگێرانی گرنگی ئیستخباراتی ئیسڕائیل، بەپێچ وپەناوە دەنووسێ: کە کسینجەر بەرلەوەی ڕازی بێت بەمە بەپێچەوانەی بەرهەڵستکاری وەزاڕەتی دەرەوە بە(تێکۆشانەکانی ئێمە)ئێران وئیسڕائیل) لەدڵگرمی و بەهێزکردنی بارزانی بلکێت دائیم لە جەرەیانی ئەم تێکۆشانانە(دابوو)ئەمەی بەڵگەکانی فەرمی ئارشیفی گشتی نیشانی دەدەن ئەمەیە کە(شا) لە نیکسۆن وکیسینجەر داوای کرد کەلەگەڵ بارزانی پەیوەندی بگرن، وئەوان ئەوهایان کرد. مەسەلە ئەوها بەسانایی دەستیپیکرا. گۆڕینی سیاسەت بەڕادەی گشتی بوو کەکیسینجەر ئەم عەمەلیاتەی لە پەردەیەکی لەنهێنی پێچاوە،وهەتاوەزاڕەتی دەرەوی ئاگادارنەکرد. ماوەی سێ ساڵ وەزارەتی دەرەوە و(سیا)دژی یارمەتی دانی نهێنی بەکوردەکان کە لەسەرداواکاری ئێران

وئیسرائیل بوو لێکیاندابۆوە(لەراستیداسێ مانگ بەرلەمەلاقاتی تاران،کیسینجەربۆخۆی لەبەرهەڵست لەگەڵ بەرنامەیەکی ئەوها لەگەڵ بڕیاری وەزارەتی دەروەو ڕێککەوتبوو) بارزانی لەنوامبەری 1971 سەرکەوتووببوو لەگەڵ (تامس کارولان) کارگێری بەرزی سیاسی باڵوێزی ئامریکا لەبێروت،پەیوەندی بگرێت،بەڵام واشنگتۆن پیی قرساند بوو کە(کارولان)پەیوەندی خۆی سنووردار بەگوێچکە هەڵێخستن لەقسەکانی کوردان بکات وڕاسپاردەیەک بەئەوان نەکات- چ بگات بەوادەی ئالیکاری ویارمەتی. پەیوەندی بێروت هەروا پاراسترا، ولەدوای ڕەزامەندی دەربرینی تاران ئیدی سەرجەم لەگرنگایەتی کەوت. گوڕانی هەڵویستی نیکسۆن بە ڕادەیەک نهێنی ڕاگیرا، کەلە ئەوتی 1972 (ڕیچارد هلمز)بەرپسیاری(سیا) بەسەرپەستی(سیا) بەرپسیار لەتاران- آرترکالاهان- ئەمری کرد بە(جوزف فارلند،وەزیری دەرەوە، لە ئاگادار لەمەسەلەکە نەببوو.

بناخەی ئەم سیاسەتەی نویی ئامریکا وەرگرتنی ئێراق وەکووولاتێکی (دەستکرد)بوو: بریتانیا لەدوایی شەڕی یەکەمی دونیاگر بەلەبەرچاوگرتنی نەوتەکەی،پارێزگای زوربە کوردنشینی موسڵی بە بەشی عەرەب نشین وپرجەماوەرتری باکوور لکاندبوو وولاتی ئامازەپێکراوی وەدێهێنا بوو. ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە سەرەتا ئەم ولاتەی تازەبنیات نراوی کە دورستکەری بریتانیا بوو بەفەرمی نەناسیبوو، وتەنیا کاتێک ڕەزامەندی بەناسینی وی دەربڕی کە بریتانیا دەیەک دوایی شەریکەکانی نەوتی ئامریکایی لەچاڵاوەکانی نەوتی کەرکووک شەریک کرد. لەمە بەدوا ڕیزگرتن لەسنوورەکانی نیونەتەوەیی لەناوەندی بەڕاستی جێگای خۆی کردەوە کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە سەربەخۆیی وحوکمڕانی تەواوەتی خاکی ولاتان لەژێر ڕێنوێنی خۆی ڕیز کردبوو. ئەم مەسەلە بۆ کوردەکانی هەموو پارچەکان بەمانای ئەمە بوو کە هەرشتێک کە بۆنی خودموختاری بدات لە بەرچاوی واشنگتۆن جێگای شک ودوو دڵیو وگومانە. واشنگتۆن بەردەوام لەبەرامبەر کوردەکان لە ئێران وئێراقی داکۆکی دەکرد،وحەول وتەقەلای بێ وچانی ئەوانی لەبەرامبەر سیاسەتی (تواندنەوەی) کوردەکان نەدیتوو دەگرت.(قاقەزگۆڕینەوەی وەزارەتی دەرەوەش بەم مەسەلەی یارمەتی کرد: بۆ نموونە وەزارەتی دەرەوە هیچ کات سیاسەتێکی نەگرتەبەر کە هەموو کوردەکان دەباوەش بگرێت یا ئەوانی بەناوی گروپی قەومی یا جەماوەرێکی بەرچاو بەحیساب بێنێت. وەزارەتی ئامریکا وولاتانی دیکەی ڕۆژئاوا، تورکییەیان بەشیک لەئوروپا وئێران وئێراقیان بەشێک لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بەحیساب دێنا، وبۆ کوردەکانی ئەو ولاتانە بەچاوی شتێک جیا لەخەلکێکی زوڵم لێکراو یان ئێسکی ناوبرین وچلومل چاولێنەدەکرد)

ئەمە ئاخۆ نیکسۆن بەر لە دەرچوون لەم سیاسەتەی نەریتی چ ڕادە لەو مەسەلەی زانێوە هەتا ئێستاش لە توێکڵ وداپۆشراوی دایە. ئاخافتنەکانی کیمچە قوڵ لە سەرئەمە دەکیشێ کە بەرلە سەردانی تاران

لەمەی 1972 تاران  بۆ ئەوەی کە ئاکامەکەی لە جەرەیان وەدەست بێنیت زۆریان فکرکردۆتەوە. هەتائێستا بەڵگەیەک سەبارت بەوتووێژەکانی سەرکۆمار نیکسۆن و شا،بڵاونەبۆتەوە. ئەوەی نیکسۆن وکیسینجەر سەبارەت بەکوردەکان دەیانزانی_ ئەگەرزانیبوایان_ یان وردەترم گوتبێت،ئیلاقەیان پێهەبوو نزانن، هێشتا جێگای بەدواداگەڕان وشیکردنەوەو پرسیارە.  دوو دەیە دوایی کیسنجەر لە قسەکانیدا کە دەکرێ ئەوی بە حیسابی بەداخ بوون یان دەم پێداهێنان بە کەمتەرخەمی دابنین،وەڕاست گەڕاند: (شتێکی ئەوهامان سەبارەت بەکوردان نەدەزانی... فکرمان دەکردەوە جۆرە هۆزێکی چیانشینن.)بەڵام ئەم بەراوردو تەخمینە لە سەرقسەی(هلمز) کەلەدوایی ئەمەی کە نیکسۆن ئەوی ازبەرپرسایەتی (سیا) هەڵگرت باڵوێزی مەزنی ئامریکا لە تاران بوو،بەتاڵ لە ڕاستییە: هلمز قۆڵ لەسەردەکێشێت: (بەبەرەکەتی بوونی بازرگانی،بەرپرسی بەشی(سیا)ی تاران،کە پسپۆڕانی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو ئاگاداری زۆرمان سەبارەت بەکوردەکان هەبوو) قسووری سەرۆک کۆمار لەکەلک وەرگرتن لەراپۆرتەکانی ئیستخباراتی، تەنگەژەی داب ونەریتی ئەم پۆست و مقامە،بەڵام لەگەڵ ئەمە هلمزبیروبۆچوونی ئەوها بوو کە خاڵی بنەڕەتی ئەمە بوو کە(ئامانج سەرکۆمار و کیسینجەر ئەمەبوو کە شای ڕازی بکەن،زۆریان لە بابەت ئەم مەسەلە فکرنەدەکردەوە) لەبەرچاوی موریس درپیر_کارگێرێک کەئەوکات کاروباری پەیوەندار بەئێراقی لەبەردەست دابوو_کوردەکان بۆ(هنری) بەشێک لە مامەلەی چەک و چۆڵ بوون.)

سێ ڕووداو سەری هەوداکانیان بۆ ڕێگابردن بە گۆڕینی سیاسەتی ئامریکا وەدەست دەدەن. یەکیک موافیقەتنامەی ڕێکەوت 11ی مارسی 1970ی بارزانی و سەدام حوسین بوو، کە بۆ یەکەمین جار لەمێژووی هاوچەرخ بە کۆردەکانی خودموختاری دا، و بە9ساڵ شەڕی لێرەولەوێی کۆتایی هێنا. ئەمە شتیک بوو کە شای ئیکجار تووڕەکرد. ئەو سەردەمێک بوو یارمەتی بارزانی دەدا،بەم ئامانجە کە حکوومەتی ئێراق لاواز بکات،بەڵام هەنۆکە لەبەرامبەر لە کودتایەکی  ناهەڵسەنگاوی داکۆکی دەکرد کە بە کارەسات دوایی هات. هەڵبەتە سەبارەت بەم مەسەلە بە فەرمی لە گەڵ وی ڕاویژ نەکرابوو،بەڵام لە سەریەک شتێکی لە نەکاو غافڵگیرانەش نەبوو،هەتا بەر لە ئیمزای ئەم قەرارادە،شا بەوەزیری بارەگاکەی، کە ئەسەدوڵلا عەلەم بوو گوتبوو: مەترسی هەیە(ئێراق هێزەکانی لە سنوور لە گەڵ ئێران جێگربکات)

تێبینی: ناوبژی ئەم مامەلەیە یەکیەتی شوورەوی بوو،کەلە ئۆکتۆبەری 1969 داراتۆفیقی کە لەکوردەکانی چەپ بوو لەپڕاک بۆ لای بازرانی ناردو پێی ئاسپاردبوو کەلەگەڵ بەغدا وتوویژ بکات. بارزانی دەست وجێ مەسەلەکەی بەئاگاداری ژەنەڕاڵ نیعمەت اللە نەسیری بەرپرسی ساواکی ئێران ڕاگەیاند، ونەسیری لەگەڵ بارزانی چاوپێکەوتنی کرد. بارزانی  بەوی گوت: ئەگەرشا،یارمەتیەکی نەزۆرزێدەش بەوی بکات، ئەو ئەم پیشنیارە ڕەد دەکاتەوە. ئێران قەولی یارمەتی دا،بەڵام یارمەتی نەکرد. چونکە شا بێ ئاگاداری کوردەکان، لەکۆدتایەکی داکۆکی دەکرد کە قەرار بوو حکوومەتی بەغدا بڕوخێنێ. دەست وپێی حکوومەت

له ناو کودتاچیان قه‌ڵشت کردبوو، و کاره‌ساتێکی به‌وجودهێنا: له‌20ی ژانویه‌ی 1970 نزیکه‌ی حه‌فتاکه‌س له ئه‌فسه‌رانی ره‌ده‌بالآی ئه‌رته‌شی ئێراق ئیعدام کران. ئه‌وکات بوو که وتوویژ په‌یوه‌ندار به‌خودموختاری به‌شیوه‌یه‌کی راست ده‌ستی پێکرد.

ئاشکراو بێ پێچ وپه‌نایه (شا)به دنه‌دانی بارزانی به‌ده‌ست پێکردنه‌وه‌ی شه‌ر به‌مه‌به‌ستی گه‌یشتن به‌خودموختاریه‌کی به‌ر ده‌واو و پایه‌دار،ئاره‌زوێکی وێکچوون وپره‌ترسی له‌کورده‌کانی ئێران و تورکیه ورۆژاوکرد. ئه‌م  په‌رده‌ی به‌سه‌ر ئه‌م دژ به‌یه‌کتربوونه ده‌کێشا،وده‌لیلی ده‌هێناوه که به یارمه‌تی به بارزانی کورده‌کانی خۆی رازی راده‌گرێت و ئه‌م کاره به ئارام وئه‌منیه‌ت یارمه‌تی ده‌کات. له‌راستیدا ئه‌و ساف وساده ده‌یه‌ویست بۆ نه‌یاری حه‌سلی خۆی،یانی ئێراق، ببێته‌ئێسکی ناوگۆشت موصل _ وکورده‌کانی ئێراق موره‌ی گه‌مه‌ی ده‌ست وێراگه‌ین به‌م مه‌به‌سته بوون. (شا)به‌دیاریکراوی ده‌یه‌ویست کورده‌کانی ئێراق لاواز بکات، وکورده‌کانیش زۆرتر به سیله‌چاوی نیکسۆن وکیسینجه‌ر،له‌مارسی 1974 ئه‌وهایان کرد.

(ئیسرائیلی)ش له‌م مامه‌له‌یه له‌گه‌ڵ (شا) شه‌ریک بوو،برپیاروعزم وجه‌زمی ئه‌مه بوو که رووی ئێراق به جۆرێک له کێشمه‌کێشی عاره‌ب وئیسرائیل به دوورڕابگرێ. به‌ڵام (شا) ئه‌مه‌ی ده‌زانی که بارزانی، وه‌کوو ناسراوه‌کی له‌مێژینه،به ئێرانی متمانه نییه،هه‌رهیچ نه‌بێت (شا)ی ئێران کۆماری ته‌مه‌ن کوردی مه‌هابادی که بارزانی له‌وی به‌رگری ده‌کرد روخاند بوو، وله جه‌ره‌یانی رێبرینی به‌ناوبانگی ،له‌ئێران وئێراق وتورکیه بۆ یه‌کیه‌تی سۆڤیه‌ت،ده‌ردسه‌ریه‌کی زۆری بۆ هینابووپێش. شا که له متمانه‌ی کوێرانه‌ی بارزانی به ئامریکا ئاگاداربوو،هیواداربوو به‌ره‌کێش کردنی داکۆکی ئامریکا له شۆرشی کورده‌کان له‌مه‌ر ئه‌م نامتمانییه‌ی بارزانی سه‌باره‌ت به نییه‌ت ومه‌به‌ستی ئێران سه‌رکه‌وتووبێت. به‌ڵام چه‌ژگه، بارزانی بۆخۆی له ته‌ڵه‌ی داناوه: شا،ئیسرائیلی ماندووکرد که ریگایه‌ک بکاته‌وه که کورده‌کان بتوانن له‌گه‌ڵ ده‌سه‌ڵاتدارانی ئامریکا په‌یوه‌ندی بگرن. به‌پێچه‌وانه‌ی ره‌دکردنه‌وه‌ی چه‌ندپات، (شا) هیچ کات ده‌ستی له مه‌به‌ستی خۆی هه‌ڵنه‌گرت.

هه‌ر له‌وساڵیدا یانی 1946 داکۆکی ئامریکا له‌(شا)پێشی به‌رزه‌فری شووره‌وی له ئاسیایی ناوه‌ندی گرتبوو،وبه‌شای یارمه‌تی کردبوو که حوکم وشوێن تێکه‌ری خۆی بۆ سه‌رئازه‌ربایجان وکوردستانی ئێران بگه‌رینه‌ته‌وه. ئێستا جارێکی دیکه شه‌ری سارد به‌ئالیکاری (شا) هات. دووه‌مین رووداوی گرنگ که‌گۆرانی سیاسه‌تی ئامریکای هۆکاربوو به‌ستنی په‌یمانی پازده‌ساڵه‌ی دۆستی و هاوکاری ئێراق ویه‌کیه‌تی شووره‌وی بوو که له‌9ی ئاوریلی 1972 له به‌غداد به ئیمزاگه‌یی. و ئێستا له نه‌کاو (شا)توانی(کارتی زلهیزی) واردی گه‌مه بکات،به تایبه‌ت که یه‌کیه‌تی شوره‌وی په‌یمانه‌کانی ویه‌کچووی له‌گه‌ل میسر و سورییه گرێدابوو. واشنگتۆن که نیگه‌رانه که شووره‌وی مومکینه ولآتی که‌م جه‌ماوه‌ری سعودی و ئه‌میرنشینه‌کانی نه‌وت لێ

هەڵقوڵیوو بێ بەرگری کەنداوی فارس لە ژێر زەخت قەراربدات،بە مەسلەحەتی بینی کە بە دەلیل هینانەوەی( شا ) لە مەڕ شەڕی سارد هاوهەنگاو بێت.

ڕۆژێک لەدوای ڕۆێنەوەی نیکسۆن لە تاران، شا بەعەلەمی گوت: کیسینجەر ئاقیدەی وایە کە ڕووسەکان لە پەیوەندیان لە گەڵ ئێراق زێدەڕۆییان کردوە ) وگوتی(دەبێ کارێکی بکەین پێشی ئەم فەسادە بگرین)
کیسینجەر بۆخۆی سالها دوایی گوتی: (ئیستراتژی تەواو ڕووناکی ئیمەکزو لاوازکردنێ هەروڵاتێک بوو کە پەیوەندیدار بە ڕووسیە بوو. چونکە ئەوکات شوورەویەکان لەگەڵ ئێراق پەیوەندی نیزامیان دارشتبوو، ئێمەش لەبابەت یارمەتی بەکوردەکان ڕووی خۆشمان نیشاندا.)

ئەمە بە وردی هەمان شت بوو کە(شا ) دەیەویست. یارمەتیەکانی نهێنی کە لە ماوەی دەیەیەک لەڕێگای (موساد )(دەزگای ئیستخباراتی ئیسرائیل) بەبارزانی کردبوو،بەگرێدانی پەیمانی دۆستی ئێراق و شوورەوی ئالیکاری کرد. لەم بارودۆخەدا خاتوون گولدەمایر،سەرۆک وەزیرانی (ئیسرائیلی)ش کە بەهۆی دەلیل ولایانی تایبەت بە خۆی ئیکجارگیرۆدەی یارمەتی بەبارزانی بوو،لە ماوەی سەفەرە گەرۆکەی خۆی بە جۆرێکی ناشناس بۆ تاران چوو ولەم بینەوبەرەیەدا لەگەڵ (شا)دیداری کرد_ ئەم سەفەرە هەڵبەتە پێشهاتی و بەدەگمەن نەبوو. مەسکۆش بەپێچەوانەی پێشوو لە نەکاو داکۆکی خۆی لە خودموختاری کوردەکان کە ئەو کات بەڕاشکاوی ڕایدەگەیاند،راگرت_ (شا) لەم کارەش ناڕاستەوخۆ کەلکی وەرگرتبوو) بەڵام هەنۆکە(شا)دڵەراوکەی بەدواکەفتنی پەیمانی بەغدا بوو: وێچوونییەکانی نیوان ئەم پەیمانەوشوێن تێکەری ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لەئێران و،بوونی هەزاران ڕاوێژکارو تکنیسینی ئامریکایی لەوڵات دەبینی،وئێستا جێگای باوەڕ بوو کە ژمارەیەکی گەورە لە ڕاوێژکاران وشوێن تێکەرانی شوورەوی بۆ وڵاتی جیناریان دێن.

لە ماوەی شەڕی سارد،سەردەمی ئەم سەرمەستیەی ئیسرائیل هیچ کات خۆشتر لەچاخێک نەبوو کە دوو زلهێز زۆرەوانیان دەگرت. بۆ نیکسۆن وکیسینجەر هاوهەنگاوی لەگەڵ (شا) مانای ئەمە بوو کە(دکترین نیکسۆن)دەتوانێد لەم دەقەرەی جەلال خەلیج بە ڕاست بگۆڕێ_ بل لەمەش میلیاردها دۆلارچەک وچۆڵ بەئێران دەفرۆشرا. تەوای خەرج ودەرچوون کە یارمەتی بەکوردەکان لە ماوەی ساڵەکانی 1972_ 1975 بۆ ئامریکا هەبوو تەنیا16میلیون دۆلاربوو، کە ئەویش زۆربەی بایی کڕینی چەک وچۆڵ تەرخان کرابوو کە ئیسرائیل لەشەڕی شەش ڕۆژەی 1967 لە عارەبانی بەمفتە وەچەنگ کەوتبوو. مووچەی مانگانە

بەکوردەکان بەناوبژیکاری ساواک بەڕیوە دەچوو،کە یارمەتی بە بارزانی بە وردبینیەکەی ئەوها کۆنترۆڵ دەکرا کەهەتامووچەی پێشمەرگەکان بەقڕان دەدرا.

ڕێبەرانی کوردی ئێراق، ژەنەڕاڵ نیعمەوللەنەسیری،بەرپرسی ساواک،ئەفسەرەکانی دیکەی پایەبەرزو نەوسنی ئێرانیان تاوانبار دەکرد کە دەرسەدی ئەم یارمەتیانە کە بۆ ئەوان لەئێران تەرخان کرابوو دەدزن. بەڵام بەهەرحال یارمەتی ئامریکا بەشۆرش کوردەکان سەرمایەدانان وپۆلتێرژتنێکی بەرچاونەبوو، لە ڕاستیدا لە هەڵسەنگان لە گەل دەستەبەری شا_پول،خواردەمەنی،کەل وپەلی هێزەکانی پێشمەرگە نموودێکی ئەوهای نەبوو. و بەڵام بۆ بەهێزکردنی وەهم وخەیاڵی بە زەڕو ئیکجارپڕمەترسی بارزانی_یانی دەستەبەری ئامریکایەکان لە یارمەتی بەکوردەکان_ئیکجارگرینگ بوو.

ڕووداوێکی گرنگی دیکە ڕۆژێک قەوما،کە نیکسۆن وکیسینجەرتارانیان بەنییەتی واشنگتۆن بەجێهێشت: ئەورۆژی ئێراق(شەریکەکانی نەوتی ئیراقی) کە سەردەمێک بوو پێوەلکاوبەشەریکەکانی نەوتی بریتانیا وهولەندو فرانسەو ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بوو،هەرخۆیی کرد. ئەم ڕووداوەگرنگ بوو، ولەدەیەیەک کە پیتی هەولّی ناوی سازمانی ولاتانی دەرکردەی نەوت(اوپک) لەسەرانسەری دونیا ناوێکی ئاشناوناسراو بوو،ودەویدا ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست سەرپەڕشتی ڕۆژئاوایان فڕیدەدا،خالّیکی دیاریکراوو گرنگ بوو. وهەرخۆیی کردنی(شەریکەکانی نەوتی ئێراق) بۆئێران وبارزانی وئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بۆخۆی هۆکارو بەڵگەیەکی دیکە بوو هەتالەسەر بناخەوبنچینەی (مامەلەیەک) خۆیان ڕوونکەنەوە،چونکە هەریەک لەئەوان هۆکارودەلیک وبەڵگەی بۆ ترس لە بازتابەکان وبدواکەفتنی شوێن تێکەری شووڕەوی لەم ولاتەی نەوت لێ هەڵقولاو مەزنی ڕوژهەلاتی ناوەڕاست هەبوو.

لە سەرئەمەش، ئەم سیاسەتەی نوێ بەڕادەیەک ئاخافتن و بەدواکەفتنی لێکەوتبۆوە کە بەرهەڵستکارانی موجود لە دەزگای دەوڵەت_ بە وێوچوونێکی زۆر لە وەزاڕەتی دەرەوە_ خێرامەسەلەی یارمەتی ئامریکای بە چاپەمەنیەکان ڕاگەیاند.(ئەمە ڕێگری لەوە نەکرد کە وەزاڕەتی دەرەوە بوونی هەرجۆرە پەیوەندی لە گەڵ کوردەکان لە بەرامبەردیپلوماتەکانی سەرلێشیواو ئالّۆزکار، حاشالێبکات. بۆ نموونە،واشنگتۆن،تامس کاولان،کارگێری پلەبەرزی بالّویخانەی لە بێروت بەتەواوی گێژ کردبوو، چونکە سەرچاوەکانی ئاگاداری وی بەردەوام شایەد وبەڵگەی لەمەڕ دەرگیری(سیا)لەپەیوەندی لەگەڵ کوردان لەتاران بەوی نیشاندەدا وئەویان لە مەسەلەکە باخەبەردەکرد)ئیلاقەمەندی ودڵپێوەبوونی نیکسۆن بە سڕیات وەشێران ئەو هێندەبوو کە بۆ ئەوەی بە(شا) متمانە بدات کە بەرنامە توشی گلّۆزانەوە بووە(جان بی کانالی)وەزیری

خەزێنەی بەشێوەیەکی نەناسراو بۆ تاران نارد. ئەم چاوپێکەوتنە لەنیوان (شا) و کانالی،لەمانگی ژوئن،بەئیستلاحی(ڕاپۆرتی کۆمیتەی پایک)سەردانی(کەسایەتی نەوتی لەگەڵ کەسایەتی نەوتی دیکە) بوو، تەنیا دوایی گەڕانەوەی کانالی بۆ ئامریکا بوو کە(کۆمیتەی چل)_ ئەوی هەتا بەشێوازی هاسانگرتوانە خودی کۆمیتە_ بەشێوەکەی سەرسەری ڕاسپاردەکانی گوت. ئەم کۆمیتەی چل) گرووپێک بوون کە لە سەرعەمەلیات نهێنی چاوەدێریان دەکرد. لەم کۆمیتە ئاخافتنیکی مجد نەهاتەگۆڕ،ئیدی چ بگات بە دەنگ وەرگرتن. یادنامەی ڕوونکردنەوی سادەش کە لە سێ لاپەڕەی عەمەلیات وهەنگاوەکانی بە بانگ هیشتن دەردەبڕی بەئەنداما‌ن نەدرا. لە بەرامبەر هەر بەمجۆرەی کە(ڕاپۆرتی پایک)دەیگوت بەئەوان گوترا وەگرتنی_کورتەی عەمەلیاتێک) کە بندیک زێدەتر نەبوو ڕاگەیینن. تەنیاچوارساڵ دوایی بوو کە کارگێرانی لێکۆڵیبەوەی کۆنگرە لە ناو بەسەرداچوونەوە لە ڕابردوو بەیادنامەیەکی (تەواونهێنی) بەئیمزای کیسینجەریان دەست وێڕاگەیشت.

تێبینی: سکاڵای کوردەکان لە(دەست کەچی)ئێرانیەکان سکاڵایەکی بەردەوام بوو. ئەم سکاڵایانە لەبەهاری 1991نوێ کراوە: ڕێبەرانی پێشمەرگە،کارگێرانی ئێرانیان تاوانباردەکرد بەمە کەخۆراردەمەنی وپەتووجل وبەرگ وهەمووکەل وپەلی پێشکێشی سازمانەکانی نێونەتەوەیی بۆ خۆیان دەگێرنەوە،وکەل وپەلی دەستی دووەم وکۆنەیان لەشوێن دادەنێن ودەدەن بەئەوان.

بارزانی هەرئەوکات دەیەویست بۆ ڕوونکردنەوەی کەم وزۆری مەسەلەکە بۆ واشنگتۆن بڕوات. ئەو ئاقیدەیەکی کوێرانەی بە ئایالاتی ئامریکا هەبوو،بەڵام بەڕادەیەک بەداب ونەریتی دونیائاشنا بوو کە بیهەوێ کەسینی لایانی مامەلە بۆخۆی هەڵسەنگێنێ وداوەری بکات. کیسینجەر بەهاتنی وی بۆ ئامریکا بەرهەڵستکاری کرد،و ئەمە نەک جاری هەوڵ چەندین کەڕەت بوو شێروڕیویان بۆ دێناوە
: کە بەم دەلیلە کە ئەگەر لە هاتنی بۆ واشنگتۆن ئاگاداربن عەمەلیات تووشی مەترسی دەبێت،لەئاکامدا ویزای پێنەدرا. بارزانی لە مێژ بوو بە مەسەلەی نهێنیکاری و مەحرەمانەی عادەت گرتبوو،لاقی لە سەر تەکەبوری دانا وقبولی کرد. لە مانگی ژوئیە ئیدریسی کوڕی و دکتۆرمەحموودعوسمانی بۆ واشنگتۆن نارد_دکتۆرمەحموودعوسمان لە مانادا وەزیری دەرەوەی بوو و لە دووروڵات لە بنەماڵەی نزیکترین هاوکار وی بوو.ئەم دووە لە ناوەندی(سیا) لە لایان ڕیچاردهلمز،ژەنەراڵ ئالکساندر ام.هیگ(کوری بەرپرسی کۆشکی سپی، وسەرهەنگ ڕیچارد کندی،جێگری یەکەمی کیسینجەر لەشوورای ئەمنیتی مللی وەرگیران.

دکتۆر مەحمود عوسمان دەڵێت: (هلمزتێکەڵ پێکەڵی دەکرد(بەئێمەی گوت کەئێمە بەم هۆیە ئێوەمان وەرگرت کە(شا) دەیەوێ دەوڵەتی ئامریکا بەئێوەئالیکاری بکات. ویارمەتی واشنگتۆن تەنیا بەم دەلیلەیە. هەتاهەرکات کە(شا) ئەم سیاسەتەی بەردەوام کات،ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا یارمەتیتان دەات.)ئەمن بۆخۆم هەستم بەڕاحەتی نەکرد. ئەمن بەم هۆیە بۆ واشنگتۆن چووم کە بارزانی گوتی بچم. ئەرکی خۆم بەجێهێنا،بەلاّم فکرم نەدەکرد ئەم پەیوەندیە بۆ ئێمە پەیوەندیەکی بەڕاستی و مجد بێت، چونکەدەمزانی مەسەلەی بنەڕەتی بۆ ئامریکا خودی (شا)یە. ئامریکایەکان بەتەواوی دەرگیری ڕوودا و بوون. دەستەبەرێکێش لەگۆڕێ نەبوو. ئەمن زۆر خۆشبین نەبووم.)

بەلاّم بارزانی خۆشبین بوو لانی کەم لە سەرەتا. ئەو لە دوایی تێپەڕینی دەیەیەک کەلەماوی ویدا وای فکردەکردەوە کە هەر ئامریکایەکی دەبینی_هەتاهاوالّدەران_ کارگێرانیکن بەجل وبەرگی هاوالّدەری،لە ئاکام هەنگاوی کردەوی لە پەیوەندی لەگەڵ ئامریکا نابوو. هەڵبەتە لە بابەت ئەم کارگێرانەی بەجل وبەرگی هاوالّدەری زۆریش لاڕێ نەڕوییبوو: چونکە بە هەرحال،هەرڕادە کزو زەریف،پەیوەندیەکان مەوجود بوون. هاوالّدەرانی ڕۆژئاوا وکەسانی تر کە لە ڕۆژئاوا لەگەڵ بارزانیان وتوویژ یان سەردانیان دەکرد ئەوهایان لێکدەداوە کە بارزانی نیگەرانی ئەمە نییە کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە زەل و باتلاخی شەرێکی ئیدولوژیک لە ویتنام ئەوە پەلەقاژەدەکات لە ئاویلکەدایە_ ئەمەشەڕیک بووهۆی لەناوچونی گەلێک لەناسیولیستەکانی دونیای سیوەم وزوربەی ئامریکایەکان بوو. دکتۆرسامی عەبدولڕحمان،یەکێک هاوکارانی گرنگی بارزانی،دەیگوت: (بارزانی ئامریکایەکانی بەدل خۆشدەویست)ئەمە ئاقیدەیەک بوو کە لە سێ دەیە پێشتر،یانی ئەوکات دەستی پێکرا کە لە ڕۆژی جەژنی ساڵی 1947 لەتاران لەگەڵ آرچی ڕوزولت)جێگری پەیوەنداری نیزامی باڵوێزخانەی ئامریکای سەردان کرد.کوردەکان هەتائەمرۆژ لەگەڵ مەسەلەیەک دەست بەیەخەنە کە لەو کات هەتا ئێستاهۆکاری دڵ ئێشاویان بووە: بۆچ بارزانی ئەو هەموو ئیلاقەی بە ئامریکابوو،هەتا بەم ڕادە کە بە خۆی و بە موللەتەی قبوڵ کرد کە ئامریکائەم پیلانەی شای،بە پێچەوانەی شایەدی زیدەی ڕۆژ کە پیچەوانەی وی مەوجود بوو،بەڕاست دەستەبەرکردوە؟

تێبینی:3- شک وگومانی بارزانی لەم باباتە بێ بناخە نەبوو. ئیسرائیلیەکان لەدەیەی 1960 هاوالّدەرێکیان مەعمووری دستپێکردنی پەیوەندی لەگەڵ بازرانی کرد. جگەلەوە(سیا)لەپەیوەندی لەگەل کوردەکانی ئێران لە هاوالّدەران_ چ ئامریکایی چ نائامریکایی کەلک وەردەگرت.

ئاشکراو بێپێچو پەنایە،کە بارزانی فیدای سنووردارییەکانی خۆی بوو: مرۆڤێک بووکەم سیواد،ڕۆناهی فکری کەم هەتەر بوو، هێندەی کە ئاقیدەی خۆشەویستی و ئاشنایی خۆی لە نەتەوەیەک لە بەرامبەر بێ بەرپرسیارەتی زلهێزیک دانا کە دەیەویست بە حیسابی وی سیلە چاو لوتفیک بە یەکێک لە وڵاتانی

سێبەرنشینی خۆی بکات_ئەویش لە دوایی گنخاندن و شک و دوو دڵی.تورکەکان و ئینگلیزیەکان و عارەبەکان،کە ئەو ساڵها لە گەڵ ئەوان سەروکەللەی لێکدابوو، چاوپۆشی لە عەیبەکانی دیکەیان کە هەیانبوو،بی دەستەبەری ئامریکایەکان نەبوون، کە ئەو لە مێژساڵ بوو لە زەینی خۆیداهۆکاری باشی لێکدابۆوە. لەم گۆشەرائەگەر لێیّ بروانین بارزانی توشی گوناحیکی سیاسی بووە کە بۆ چاولێپۆشین نابێت،و ئاکامی کەم چەقەرەدان و نەبوونی وردبینی یە. چونکە بە هەر حاڵ کیسینجەر لە1968، Real Politik(یاسیاستی ڕاستبینی)خۆی ڕاگەیاند بوو،کە مشتری خۆی دەبێت(ئاگاداری خۆی بێت...)

لە سەرئەوش سەرسوڕماویی وعەپەساوی بارزانی لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتە نهێنیەی کەزلهێزەکانی پێکەوە دەلکاند وسروشتیە دەستەبەری مەترسیش بوو، بەکارێکی بەرفرەوان ناسرابوو. لە قسە لەبارزانی ئەزموونەو کەسینی وی بوو کە سەرەگێژی دەهێنا، چونکە خەلک فکریان دەکرد کە بیّ گۆمان هۆو واسیتەوی ئامریکای لەم یارمەتیە لە بەرچاو دوورنەکردوە. ئەدی چلۆن بوو کە ڕێبەری کارزان و بە ئەزموون کە ئەو ژیان و ئەو شەپۆلانە و دوورخراوەیی لە پشت سەربەجێهێشتووە زیندی لەگێچڵ ڕەزگاری بووە،بەم ساویلکایەتیە بە زلهێزیکی متمانە دەکرد و هیچ فکری نەدەکرد کە ئەم زلهێزە لەوانەیە بە دڵڕەقیەوە بە دوای بەرژەوەندی و قازانجی خۆی بێت؟ دەرەکیەکان کە بارزانیان دەناسی ولەگەڵ وی سەردان وچاوپێکەوتنیان کردبوو باوەڕیان نەدەکرد کە ئەو هەتا ئەم ڕادەیە ساویلکە بێت کە بۆخۆی دەیگوت. فکریان دەکردەوە کە بۆ نموونە: کاتێک پێشنیاردەکات کە کوردستانی ئیراق پارێزگای پەنجاویەکی ئامریکابێت یان پیشنیاردەکات کە شەریکەکانی نەوتی ئامریکایی نێوەی چاڵاواکانی نەوتی کەرکووکیان لە بەر دەست دابێت،ئەمە کارێکی تاکتیکییە. ڕاستە ئەو جگە نشتەجیّ لەشووڕەوی وسەردانی لە ئێران وئیسرائیل ورۆمانی جێگەی دیکەی نەدیبوو تەعلیم وڕاهێنان وفیرکردنی لە بەستینی ژئوپولیتیک نەبوو،بەڵام ئەو دەرەکەیانەی کەلەگەڵ وی چاوپێکەوتنیان دەکرد ولەتوویژی لەگەڵ وی بەم بیروبۆچونە دەهاتنەدەر کە ئەو یەکێک لە سەرڕەقترین ڕێبەرانی نەتەوەییە کە دیویانە،پیاوەکی هاوگفتاری خانم مایر،وەکوو وی هەل ومەرج ووزعێکی دژوارو دوژمندارانەی بۆ سەردەمێکی زێدەتر لە نیوسەدە لە پشت سەربەجێهیشتووە.

بارزانی ئەگەر تازە باشتروکارامەتر بە کۆنەکاری هەنگاوی دانابوولە1972 ئیدی چارەی بێچاربوو جگەلەمە کەڕێگایەکی ئەوهای بڕیبوو دەبوایە لێی بەردەوام بێت. ئەوسەرخۆشی ومەستیەی سەرهەڵداو لە ئیمزای موافیقەتنامەی خودموختاری شتێکی تەمەن کورت بوو. لەبەهاری سالی 1972 بەدووجارپیلانی تڕور کە بەگیانی بارزانی کرا،ویەقین بارزانی بەمە کە حیزبی بەعس نایەوێ بەخەڵات وبەخشینی خودموختاری لەگەڵ بارودۆخێک کەبۆ وی جێگای قبوول بێت ڕەزامەندی دەببڕێت،پەیوەندی لەگەڵ

دەوڵەتی ئێراق بولێڵ بوو. بەغدالەجیاتی بەڕێوەبردنی سەرژمێری کە ڕیککەوتنامەی ئاماژە پێکراو بڕیاردەری بوو، کوردەکانی لە کەرکووک وشوێنیکانی دیکەی سەرینچاوی نەوتی دەرکردن وعارەبی کە شوین دانان_ لە چاڵاوەکانی نەوتی وهەروا لە سەرزمینەکانی بە پێت و بەرکەتی کشت وکاڵ ڕاو نان،عارەبی لە شوێنەکانی دیکە هێنان لە کوردستانی نشتەجێکردن!

لێک تێگەیشتن لەگەڵ شا وئامریکائەکان بێ شک وگومان لەسەردژکردەوەی وی لە بەرامبەرپێشنیاری ئێراق لە 1973 سەبارەت بەدابەشکردنی کورکووک وبەرهەمی نەوتی وی،کارتێکەربوو. بارزانی دەست بەجێ ئەم پێشنیارەی رەت نەکرد. هێندیک لە کوردەکان لەگەڵی لە باسکردن دابوون،ئاقیدەیان وابوو کە دەبێ لەم هەلە کەلک وەرگرن و پێشنیارەکەی قەبوول بکەن_ هەرئەم گروپە داویی دەمیان پێداهێنا کە قبووڵ کردنی ئەم پێشنیارە لەسەرئەو هەموو کەم وکورپیە، کوردەکانی لەشکانی مارسی 1975 دوور ڕادەگرت و ئیمکانی بەئەوان دەدا لە شەڕی ئێران و ئێراق بەدوور بمیننەوە. بەڵام بارزانی لەلایان شا)لە ژێرزەخت قەراری گرت کە پێشنیاری ئیراق کەبە داواکانی چاوپێداخشاندراوەی کوردەکان موافیقەت کرابوو رەت کاتەوە. بارزانی دورست هەتاچرکەی دوایین لە شک و گوماندابوو،بەڵام کاتێک لە مارسی 1974 دەوڵەتی ئێراق دیسان لە بەرفرەوانی خودموختاری ساڵی 1870ی کەمکردەوە وڕایگەیاند کە وێنەی بەرتەسک وسنووورداری خودموختاری،بەیانهەوێ یان نەیانهەوێ،ماوەی دوو حەوتوو دادەبەزیندرێ،ئیدی چارەنووسی کارمەعلووم کرا. هەنۆکە هەر دوو لایان دەیانزانی کە شەڕدەست پێدەکرێتەوە.

بارزانی هیچ کام لەکوردەکانی دیکەی چ لەجەرەیانی شۆرش وچ دەست وجێ لەدوای ئاش بەتاڵ لە1975 لە بڕیارگرتن هاوبەش نەکرد. تەنیا لە دوای دەستپێکردنی دەوڵەتی سەرۆک جیمی کارتر لەژانویەی 1977 بوو کە بارزانی بەسەرکۆت وزنجیری زەینی خۆیدا زاڵ بوو و بەهیوای ڕەکێش کردنی داکۆکی دەوڵەتی نوێ هاتەسەرئەم بڕیارە کە لە مەڕ مەسەلەو تەنگەژەی خۆی بەڕاشکاوی قسەبکات. بارزانی ئیستا کە مرۆڤێکی بێ ڕیزو بێ دەسەڵات وتووشی نەخوشی سەرەتانی ڕێخۆڵە بووە لەنزیک واشنگتۆن بەچەشنی دوورخراوەیی کاتی تێپەڕ دەکرد لە فۆرییەی ئەوساڵیدا لە قاقەزێکدا بۆ ناوی نوێنەرانی کۆنگرە وسەناتوڕەکان داوای کرد کە هەرکات لە گزوفێلی نامرۆڤانەی کەلەسەرەتا،لە1972،دەکاردابوو ئاگادار کرابوایە(یان لەگەڵ وی بەهەڵستکاریان دەکرد_وئێمەیان لە هەڵبژاردنی ڕێگاچارەیەک کە ئەو چاخ لە بەردەست بووئازاد دەکرد_بێ ئەوە زەرەرێک وەئێمەبکەوێت_یان لەوبەرنامەیان داکۆکی دەکرد وڕێگر لە خەیانەت بە کوردەکان دەبوون)لەنامەیەک بۆ کارتێتر لەومانگیدادەیگوت: کە تەنیا وادەکانی ئامریکا لە 1972 ئەوی بەڕێککەتن لەگەڵ ئیراق کە(دژایەتی لەگەڵ قازانجی ئامریکا زەڕە بەحاڵی دەراوسیەکانی ئێراق هەبوو)ڕێگربوو... ودەیگوت: (ئەمن ئەگەر وادەکانی ئامریکام بەتەواوی باوەڕ نەکردبوایە دەمتوانی لە مسیبەتێک کە بەرۆکی خەڵکی گرتبوو ڕێگری بکەم.)لەقسەکانی بەردەوام دەبوو

دەیگوت: متمانەکانی کەپلەبەرزترین کارگێرانی ئامریکایی  بەوییان دابوو ئەویان قانع وڕازی کردبووبەمە کە هاوکاری لەگەڵ ئێران وئایالاتی یەکگرتووی ئامریکابە دابین کردنی خودموختاری کوردەکان ودێموکراسی ئێراق یارمەتی و ئالیکاری دەکات. ئەم ئاخافتنانەی بارزانی،حق یان ناحەق،بەتێپەر بوونی زەمان لەنەزەر زوربەی کوردەکانی ئێراق رەنگ وڕووی ڕاستی بەخۆوەگرت وبەراست وەرگیراوە.

وابەنەزەردەگات کە لەم نێوەدا پەیمانی دۆستی شوورەوی و ئێراق لە1972 ڕۆڵێکی  بەبڕشتی لەم ئولکەیە گێرا. بۆ هەوەڵین کەڕەت ئێراق بەتوانایی نیزامی دەست وەڕاگەیی کە دەخەونی نەدەهات، و بارزانی بۆ لای تەڵەیەک بەڕێکرا کە شاو واشنگتۆن لە سەر ڕیگایان دانابۆوە. کاتێک پەیمان واژۆکرا، مەسکۆ یارمەتی کوردەکان ڕاوەستاند،و مهیماتێکی  بێ ڕەزاو زۆری لەچەک وچۆڵ بگرە هەتا تەقە مەنی و کەل و پەلی نیزامی بۆ ئێراق دەستپێکرد. بریتی لە: فرۆکەکانی جێتی شەڕکەر_ بۆمب هاویژەکان، تۆپخانە دوورە هەتر،هێلیکۆپتەر وچەکی نوێی پێشکەوتوو. لەساڵی 1963شوورەوی یەکگرتوو هەڕەشەی کردبوو کە مەسەلەی ڕەگەزبڕینەوە کوردەکانی لەکۆمەڵگای نێونەتەوەیی هێنابووگۆڕ،بەڵام ئێستا کە پەیوەندی باشی لەگەڵ عارەب بەتایبەت لەگەڵ وڵاتانی نەوت لێ هەڵقوڵیو وحکوومەتی نامەزەبی وەک ئێراق شیاوتردەزانی. کمونیستەکانی ئێراق کە ژمارەیەکی زێدەکوردیان لەناو بوو لە حکوومەتیان داکۆکی دەکرد،ئەم مەسەلە  بارزانی لاتەریک و تەنیاتردەکرد. هەروا بەهاتنی هێلیکۆپتەرەکانی جێگاباوەڕ لە ئولکە،سەردەمی چلچلە،دەورەی شەڕەکانی چریکیش بەکۆتایی خۆی نزیک دەبوو.

لە بارودۆخێکی ئەوهادابەشداری ئامریکا لەم مەسەلە سروشتیە باشتر لەمتمانە بە(شا) بوو. وزۆرتر بە بەرەکەتی یارمەتیەکانی ئێران بوو کە بارزانی توانێبووی لە1961 بەم لاوە لە سەر بەشەکی بەرفرەوانی کوردستانی ئێراق حوکمڕانی بکات،وبەقەولی خۆی پێنج ڕژیم و حەوت دەوڵەتی لە بەغدا لەقەبرنابوو. ژمارەیەک لەکوردەکان بیروبۆچوونیان وابوو کە لایانی گەمەومەترسی کەسایەتی بارزانی دەزانی کەلەم قومارە ئەم چەلەی دوایین نۆرەی (طاس تێکردنی) وێیە. ئەوچاخ بارزانی شیست وهەشت سالە و لە مەڕ لەش بە هێزوتواناو لە نەزەرهۆش وشیاربوو. ئەگەر وابوایە لەم حاڵەدا بارزانی دەبوایە لە پاڵ خۆیدا حیسابی کردبوایە کە ئەوسیاسەتی ناتەواوی کە دکتۆرمەحموود عوسمان لەژوئیەی 1972 لەواشنگتۆن دۆزیەوە دەتوانێ لە دواڕۆژ بە قازانجی کوردەکان باشتربکات. بارزانی لە1973 بە(جیم گلند) لە واشنگتۆن پۆست،گوت: (ئێمە بە شامان متمانەنییە،بە ئامریکامان متمانەهەیە. ئەمریکامەزنتر لە مەیە کەبە(مللەت)ی گچکەی کورد خەیانەت بکات.)

لە مارسی 1975 کە بارزانی بەرهەمی هەموو تەمەنی لی ببوو بەخۆڵەمێش،بە ڕەواڵەت ئاگاداری سنوورداری هەڵەی حیسابەکەی خۆی بوو. بە(هۆگلند)ی کە بۆ ئامادەکردنی ڕاپوردەکەی لە دوایی لە بەریەک هەڵوەشانی بزوتنەوە بۆکوردستان چوو بوو گوتی: (دەوڵەتی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکاهیچ جۆرە دەستەبەرێکی بەئێمەندا،بەڵام ئێمەفکرمان دەکرد کە چ کاتێک دەست لە ئێمەبەرنادات. ئێستا دەبینم کە ئیشتابام دەکرد.) بەڵام ئیمانی بارزانی بە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە عەینی حاڵدا دەژکردەوەیەک بوو کە لە دوایی ئەوهەموە بێبەشیانە و ئەو رەنج وکویرەوەریانەی کەلە جەرەیانی دوورخراوەیی لە شوڕەوی کیشا بووی لە بەرامبەر ناهۆمێدی لە هەرچی رووسی بوو دەردەبڕی. لەونیوەدا شێخ ئەحمەد براگەورەی کە سالها شوێن تێکەری لە سەروی هەبوو ئەوی ڕاسپاردبوو کە پەیوەندی لەگەڵ ئامریکا هەروابەردەوام بکات. موحسین دزەیی کە یەکێک لە هاوکارانی پلەبەرزی بوو دەیگوت:(بارزانی ئاقیدەی وابوو کە چ شۆڵیک لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وزوربەی دەڤەرەکانی دونیا بەبێ پشتیوانی ئامریکا سەرناگرێ.) دوکتۆر مەحموود عوسمان دەڵێت:(بارزانی هەروافکری دەکردکە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا زلهێزی یەکەمە،داویی مەعلووم بوو کە لەم جێگایە هەتلە لە(ئوردگا)ی کوردەکان بەشێکی وردی پەیوەند بە ڕادەی دەستەبەری ئامریکا،لە هەوەڵ هەتابەئاخر،جگەلە ئەندامانی نادابڕاوی بنەماڵەی بارزانی وچەند کەسێک لەهاوڕێی پلەبەرزی،لە پاشمەنە دەشاردراوە.

لەگەڵ ئەم هەمووە بوونی چۆنیەتی پەیوەندی لەگەڵ ئامریکای هەموو بەکاریکی مسوەگەرفکرلێدەکردەوە. یەکیک لە مێژوونووسانی کورد دەنوسێ: (لەڕاستدا بۆهەرکەس لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە زەینی سیاسی هەبوو جێگای باوەڕ نەبوو کە(شا)بێ ڕاوێژکردن لەگەڵ دەوڵەتی واشنگتۆن بەهەنگاوێکی ئەوهای ئابووری ونیزامی مەزن هەنگاوهەڵبێنێت) لە سەردەرانەی دوژمنداری نیوان کوردەکان وئێراقیەکان لەمارسی 1974 کادیرەکانی پلەبەرز و پارێزکار لە بارزانی و(مجلس تایبەتی و ئاگاداری وی) سەبارەت بە دەستە بەرەکانی پەیوەندار بەیارمەتیەکانی دەرەکی پرسیارەگەلێکیان کرد،وئاخافتن هەتا بەری بەیانی بەردەوام بوو. بارزانی وئیدریس ودکتۆرمەحموود عوسمان بی ئەمە کە بچنە ناو ناخی مەسەلەکە گوتیان کە دەستەبەری پێویست لەم بەستێنە هەیە. بەڵام گوێچکەی هیچ کس بیستنی دەنگی بەرزی ئەو هوشیاری نەبوو. هەتا کوو ئیدی وەدرەنگی کەوتبوو،وهەتا چرکەی دوایینیش بارزانی لە بیروبۆچوونی دابوو کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا(وەکوو زلهێزێک کاتێک ڕەزامەندی بەوەدیهێنانی پەیوەندی لەگەڵ ئێمەکردوە کوردەکان دەست لێبەرنادو بەرەڵڵا ناکات.) بەڵام هەر ئەو لەنامەی خۆیدا بۆ کارتیر بەڕاشکاوی دان پێدادێنێت کە دەستەبەر بەنووسراو لە مابینیان نەبوو،ئەمەی لێ زێدەدەکات:(کوردەکان

بەدەستەبەری قسەی ئامریکا متمانەیان کردەوە.) وکوردەکان بەدڵ وگیان باوەڕیان پێبوو کە دەستەبەری ئامریکا،چ بەقسە و چ بە نوسین نوقسان هەڵناگرێت.)

لەگەڵ ئەمە ئەمجۆرەی کە بارزانی باش دەیزانی دەستەبەری قسە،یان بە نووسین تەوفیری هەیە. لە کۆمەڵگایەکی وەک ئامریکا کە خەڵکەکەی(زەینی حقوقیان)هەیە،دەستەبەری بەنووسین دەیتوانی، هەرچەند بەهۆی مەترسی ئاشکراکردن و چل ومل لێکەوتنەوە لەوی،دەوڵەتی وادارێکات بەدەستەبەریەکی داویە بێهێنێتەدی. بەڵام لاق لە بازنەی ئینساف وەدەرنەخین،لەم سەدەیەی کە بینیومانە پیاوێکی بەدەسەڵات قانوونی ترین پەیمانی دڕاندووەو فرێداوە،ئاخۆ پەیماننامەیەکی فەرمیش دەیتوانی (شا)ی لە خەیانەت بە کوردەکان بگەڕێنێتەوە؟ نەبوونی هەرجۆرە بەڵگەوسەندی دەستەبەری لەم بەستێنە، ئارەزوو خوازیاری کیسینجەری بەداپۆشین و شاردنەوەی شوێنی کردەوە هیواداری بارزانی لەبەبن بەست ترین چارەرەشی نیشاندات. بارزانی هەڵەی کرد،وزیندی ماوە هەتا بە ڕاستترین حیسابێکی نارێک تەواوی درێژایی ژیانی دەم پێدابێنێت_ زەلیل وزەلالەت بێڕێزی توندوتیژی وی زورترلەم بابەتەیە کە ساڵەکانی تەمەنی لە دوورخراوەیی ئێران و ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا تێپەڕکرد،لە حاڵێکدا کە دەمیان بەستبوو کە هەتا نەتوانێت لە مەحکومیەتی ئەوکەسان کە بە وی خەیانەتیان کردوە شتێک بڵێت. لە ئاخری ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانی بە گەمە دەیگوت: (هیوادارم دواڕۆژم بە پەکن بکشێ،کە لە وێ بتوانم ئەوهەی کە دەمەوێ سەبارەت بە شوورەوییەکان و ئامریکایەکان بڵێم.)خولاسە لە کتێبێک وەکوو کتێبی (ڕکۆردشکێنانی گێنس)_سەبارەت بە دونیای سیوەم_ بە ناوی تەنیا ڕێبەریک کە بە ماوەی زێدە لە دەیەیەک تەمەنی لە یەکیەتی شوورەوی تێپەڕکرد،و لە پێرستی مووچەخۆرانی(سیا) بوو،وستالین وشای ئیران لە ویان کەلک وەرگرت،و پاشان ئەویان بەرڵلاکرد،(کسێکی وەکوو بارزانی )ڕکۆردار دەبوو.

تێبینی: Guiness Book Of Records،کتێبێکە کەناوی ڕکۆرد داران یان ڕکۆردشکێنانی دونیا: بەژن بەرزترین مرۆڤی دونیا،بەژن کورت ترین مرۆڤی دونیا،زۆرخۆرترین و قەڵەو ترین...
(ئەمن پێم وایە بارزانی قەت موچەخۆری سازمانی(سیا ) وئیستالین وشای ئیران نەبوو،ئەمەبوختانە،بەڵام فریووی ئامریکاو شای ئیرانی خوارد،خۆیی بەبێگانەفروشت،کە هەڵەیەکی مەزن بوو بەڵام هەڵەوخەیانەت لە تەرازوێکدا بۆ هەڵناشەندن نابن! وەرگێڕی کوەردی)

بەلام مەتەڵی کەسایەتی بارزانی_ و ئەمە ئەو دەوڵەتانەی کە ئەویان سووک دەکرد چ قەزاوەتیەکیان سەبارەت بەوی هەبوو_ لەو سکڵدان ئەمجۆرە نموونە بابەتی ئاموژگاری لێوەرگرتن حاشاردراوە کەچلۆن زلهێزێک هەتا کەمایەتیەکی دوورخراوەو تاق و تەنیا و ناهومید سووک دەکات. ساکاری وساویلکەیەکەی

لە باوەڕو ئیمان بە ئامریکا جورێک بوو کە هۆکاربوو ئامریکایەکان لە وی بەچاوی(زەنین)یان بێ ئاوەز لیی بڕوانن. بیست ساڵ دوایی کیسینجەر کە لە هەڵویستی بەرگریکارانە بوو،بەمنی گوت:(تازەئەگەر ئاگاداری هەستی موافیقی بارزانی سەبارەت بەئامریکا دەبوو_ کە ئەو نەببوو_(چ تەوفیری دەکرد.) هلمز، ڕەنگە بەم دەلیلە لە سەرەتا هەستی پێدەکرد لە شیکردنەوەی سنوورداری ڕۆڵی ئامریکا لەگەڵ کوردەکان ڕووڕاست بووە،دەیگوت: هەموو ئەوانەی کە لەم مەسەلەی کوردەکان خۆتێهەڵقوتانیان هەبو، لە بارزانیان لە دوایی تەمەنێک پلان و شۆڕش،بەچاوی (منالێکی ڕیشدار)یان لێدەڕوانی. بەڵام نەتەوەخوازانی کورد (جگە لە ئەندامانی ئەو کۆڕەی ناوەخۆ کە ئاگاداری زۆرتریان هەبوو)فکریان دەکردەوە کە بە بێ دەستەبەری فەرمی ئامریکا ڕێبەرانیان چ کاتێک لەمارسی 1974شەڕیان دەست پێنەدەکرد،بەڵام ئەو دەستەبەرە ئەگەر زۆریش قورس و بەجەم بوایە،دیسان کەم و کوڕی تێدادەبوو.

بەلام لە سەریەک ڕێگایەک بۆ ڕێگری وگەڕانەوەی بارزانی لە هەنگاو هەڵێنان بۆ شەڕ وجودی نەبوو. ژەنەڕاڵ (آندریی گرچکو)وەزیری بەرگری شووڕەوی کە بارزانی لە سەردەمی دوورخراوەیی لە شووڕەوی دەناسی،کاتێک هەستی پێکرد کە شەڕ لە نیوان کوردەکان و بەعسیەکان کارەسات دەخولقێنێ،بۆ یارمەتی بەدەست وێڕاگەین بە ئاشتی لە نێوان لایانەکان بۆ بەغداچوو. بارزانی بەدنەی تاران و واشنگتۆن ئەم داوایەی ڕەت کرد. لە سەردەرانەی دەست پێکردنەوەی شەڕ و دوژمنداری،لە چاوپێکەوتن لە بەغدا سەدام حوسین دیسان بوخچەی پێشنیاری دابەشکردنی کەرکووک ونەوتی وێی کردەوە،بەڵام ئیدریس کوڕی بارزانی پیشنیارەکی ڕەت کرد. گوتی:( بەهێزتر لەوەین کە ئێوە فکردەکەنەوە_ و ئێوەمەجبووردەکەین کە داواکانی ئێمە قبوڵ بکەن.)سەدام حوسین، کەسێک نەبوو کەلە بەرامبەرهەڕەشە جێگا بەتاڵ بکات،ولامەکەی بە هەڕەشەداود، و گوتی:( ئەگەرشەڕ دەست پێبکاتەوە ئێمەسەرکەوتوو دەبین.) ئەو ئیستانەک تەنیا چەک وتەقەمەنی شووڕەوی لە بەردەست دابوو بەڵکوو دەیزانی کە پشتیوانی بارزانی بە(شا)یە کە بڕیارگرە کۆنترۆڵی بەشێک لە ئەروەند ڕودێ_ ڕێگائاوێک کە کەنداوی فارس بە لەنگەرگای نەوتی ئابادان و بەسرە گرێدەدا_ لە چەنگ ئێراق دەربێنێت.

لە ساڵی 1937 ئینگلیزیەکان کە وەکوو جێگری عوسمانی تەواوی ڕیگا ئاوەکانیان لە ژێرچاوەدێری وحوکم دابوو،دەوڵەتی ئێراقیان ئیقناع کردبەمە کە لە خورمشار وئابادان ماڤێکی کەم بەئێران بدات: لێرا پاپۆڕەکانی کە لەنگریان گرتبوو لەمە دەوا بەێداخی ئێرانیان هەڵدەدا. ئینگلیزیەکان لەمە دەترسان هەرجۆرە بیروڕاگۆڕین لەم چاوەدێریە لە تێپەڕین لەڕێگا ئاو بە مەقسەدی(نەوت پاڵیوکەیان) لەئابادان وبەسرە خلال وەدیبێنن. هەتاساڵی 1969 ڕێنوێنی کردنی پاپۆڕەکان کەلە( ئەروند ڕود) واردی پەسارگەکانی ئێران دەبوو کەشتی وانەکانی ئێراقی لێیاندەخوڕین_ ئەمە شێوەیەک بوو کە(شا) لەوی

بەبێ ڕێزی بێ حەڕمەتی لێکدەداوە وئاقیدەی وابوو بەسەرباوکی داسەپاندراوە،چونکە ئێران ناچاربوو سنووری نێو نەتەوەیی لە ڕەخ ئاوڕێگای پێوەلکاو بەئێرانە قبول بکات،و ڕەزامەندی دەرببڕێ کە ئەوپاپۆڕانەی کە لە یەکاو هاتوو چوو دەکەن ئاڵای ئێران هەڵبدەن. سەدام حوسین هشداری دا:(ئەگەر توشی تەنگەژەبین و مەجبووربین یان لەنیوی یەکاوی عارەبان چاوپۆشی بکەین یان سەرجەمی ئێراق لەدەست بدێن،لەم حاڵەدا لە یەکاوی عارەبان دەست هەڵدەگرین هەتا هەموو ئێراق وەک بۆخۆمان دەزانین بپارێزین.

چەندمانگ دوایی سەدام دیسان لەگەڵ ئەم گەلاڵەیەی کە بۆخۆی دایڕشبوو تەفرەڕۆیی: بەشێوەیەک کە(سیا)تێگەیی ڕابردووی ئەم مەسەلە بۆ ئۆکتۆبەی سالی 1972 دەگەڕاوە. یەکاوی عارەبان لەناوگۆڕکی وتوێژ بوو کە لە مانگی ئەوت نیوان وەزێرانی دەرەوەی ئێران و ئێراق لە ئاستانبۆڵ بەڕیوەچوو،ئەم چاوپێکەوتنە بەداوای ئێران و نێوبژی ئەلجەزایەر پێکهات بوو کە بڕیاردەربوو بۆ موحکەم و بەهێزکردنی(اوپک)بەم کێشمەکێشمە کۆتایی بێنێت. ئەم گفتوگۆیە خێرا بەکوچکاوری ڕووتێکردنی بارزانی گۆڕا. ئەو وێچوونی ئاشتی لە نیوان ئێران وئێراقی چەندین کەڕەت لەگەڵ(کۆڕی ناخی)خۆی دابەرلێکۆڵینەوە بەلام(لەتێگەین وئاکامەکەی سەرەدەری بۆ دەرنەکرا) یان بڵین لەدوارۆژی قەومانەکەی سەرگەردان ماوە)ئەو لەتێگەینی ئەمە کە(شا)سەرجەم یارمەتیەکانی لەوی ببڕیتەو وهەتا لە وادارکردنی کوردەکان بەخۆ بەدەستەوەدان ئالیکاری بکات لە گێژاوە داماوە. هەرکات کە بارزانی ئەم خاڵەی سەرهەڵدەداوە ئێرانیەکان دەیانگوت کەفکری ئەمجورە شتە مەکەوە: بەلام شک وگومانی کوردەکان قاعیدەتەن دەبوایە دوایەکان لەوهاوێنی زۆرتربەهێزبوایە: ئەمە کاتێک بووکە(اریک رولو،)سەرنووسەری بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی(لۆموند)بەئەوانی گوت کە شاە لە ئاخرین وتوویژی گوتی: کە بوونی ئەوان پەیوەندی بەشێرێک هەیە،کە ئەو دەتوانێت ئەوی هەرکات کە بیهەوێ بەربدا یان ببستێتەوە! رولو سەری سورما لەمە کە کوردەکان گرنگایەتیان بەگوێهەلێنان ناهەم ئاهەنگی (شا)نەداوە،بگرە دواکەفتنەکانی وییان بەبێ تاقەتی لە کۆڵە خۆ کردۆتەوە. بەم ئاکامە گەیشت کە ئەمانە_کوردەکان_ قووەی لێک جیاکردنەوە ولێکدانەوەو ئازانتی ڕووداوانیان نییە. دەڵیت(کاتیک بینیم ئەم خەبەرە چاووگوێچکەی ئەوانی نەکردەوە،ئەم جەرەیانەم لە تاوتۆێکردن لە بێ ئەزموونی وان لە بارودۆخی دونیا کرد)لە ڕاستیدا زوربەی ڕێبەران حیزبی پارتی دێموکراتی کوردستان،بەتایبەت دەوروبەری بارزانی، بەخۆیان سەلماندبوو کە ئێران هیچ کات لەگەڵ ئیراق مامەلە ناکات_ چاخێک وەخۆ هاتنەوە کە ئیدی کات بەفیرۆچوو بوو. بەلام بەلۆژین،واشنگتۆن چتۆ دەشیا،(شا)ی لە بەرێوەبردنی ئەم مامەلەیە _ ئەگەرویستبوای_ بگێڕێتەوە؟ ئەم مەتەڵە هەروا نەکراوەماوە.

دەکرێ ئەوەندە بگوترێ کە ئەم سەربادانی کوردان لە قبوڵ نەکردنی شوێنپێیەکانی نەحس کە هەر چرکە زێدەتر لە سەریەک کەڵەکە دەبوو،ماددەیەکی ناهومێدی هەبوو. ئەمانە بەخۆیان سەلماندبوو لە لەگەڵ خودموختاری_ لە ڕاستیدا سەربەخۆیی_ چەندساڵیک یان هەتاچەند مانگیک زێدە مەعبەینیان نییە. کەسانێک کە بە ئیلاقە ودەڵگرمیەکی کەمتر لە مەسەلەکەیان دەڕوانی دەیانتوانێ بەبەرز کردنەوەی هینانەوەی بەڵگە وهۆکاری خەبەردەر ئەم شایلەخانەیە بێننەوە سەردۆخی ناونجی. بەڵام کوردەکان وەکوو سەرچاوەیەکی ئاقیدەوئیمان وباوەڕ پێبوو لەسەرئەم بیروبۆچوونە سووروکۆک بوون کە ئەوهەی کەپێویستە سەبارەت بەئێرانیەکان بزانن،دەزانن_وەکوو ئەوەی بڵێی کە ڕەش بینی سەبارەت بەتاران از تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئەم خەڵکە بوو. ڕەنگەهەرئەو ڕەشبینیە توندوتیژیە بوو کە ئەوانی خاوکردو لەفکرلێکردنەوە لەم بارەوە ڕێگر بوو،وڕێگری لەمەکرد دەلیل وبەڵگە ونیشانەکانی کە جۆخینەیان کردبوو لەقەراخ دابنێن و لەگشتی مەسەلەکەبڕوانن،. هەتادواییەکان،کەئیدی درەنگ ببوو. بارزانی هیچ کات حاڵی نەبوو کە(شا) بەچ لێزانی هەلەکان دەقۆزێتەوە،وهەتاچ ڕادەیەک ئاشقی توندوتیژییە کە بە سەبروحەوسلە بەڕیوەی دەبات،وهەتا چ ڕادە بێڕوحم و بێ بەزەیە. ئەم کارە لە سەرتا هەتائاخرەکەی گەمە بوو تەنیا و تەنیا گەمەی کەسینی (شا) بوو.

سەرنجڕاکیش ئەمەیە کە لە مەڕ نیزامی کوردەکان ئامادەگی ڕووبەڕووبونیان لەگەڵ هێرشی ئێراق کە گەلێک بەهێزببوو نەبوو. لە سەرکاغەزکوردەکان هیچ کات بەم ڕادەیە بەهێزنەبوون: بەهۆی ڕاوێژکەرانی نیزامی ئامریکا و ئیسرائیل و ئێران ڕاهینرابوون،و ئەمجار بەپێچەوانەی ساڵەکانی دەیەی 1960 کە تەنیا پیادەنیزامی بە چەکی سووک و،قودرەتی ئاگری تۆپخانەی خۆیان هەبوو. وچەک وچۆڵی نوێی پیادەنیزامیان هەبوو. لە سەریەک هەمووچەک وچۆڵیان ڕووسی بوو(ئەوچەکانە بوون کەیان ئامریکایەکان لە ویتنام بەمفتەیان لە سەربازانی ویتنامی هاتبوودەست یانئیسڕائیل لەشەڕی 6ڕۆژە لەعارەبەکانی گرتبوو.(1- تێبینی: لەدوای هێرشی مەلیک حوسین بەفەلەستینەکان پێنج تیپ،وتێکشکانی وهەڵاتنی فەلەستینەکان،مەلیک حوسێن لەسەفەر بەتاران بە(شا)ی دەڵیت: چەک وچۆڵێکی ڕووسیمان لەزەخیرەی فەلەستینیەکان وەدەست هێناوە کە بەکارئەرتەشی ئوردن نایە. ئێوەدەتوانن ئەم چەک وچۆڵەی بە کوردەکانی بارزانی لە ئێراق بدەن. (شا) لەم پێشنیارە پێشوازی دەکات وبە14جاربەوەسیلەی فرۆکەکانی هرگول سی 130چەکەکانی ئامازەپێکراویان لە عمان بۆ شارەکانی توریز_سنە وکرمانشا،دەنێرن و بە بارزانی تەحویل دەکات) بەنەقل لەبیرەوەریەکانی تایپ کراوی سەرتیپ قدر لەواشنگتۆن،مهری 1374_یادنامەکانی سرتیپ قدربالۆیزی ئێران لە(عومان)م

ئەمە مشورلێخواردن وپێشبینییەک بوو کە بۆ یارمەتیدەرانی دەرخساند کە بەشێوازەکی دورست و بەڵگەدار وقابێلی قبوول،خۆتێهەلقوتان ودەست تێوردانی خۆیان حاشابکەن. دواییەکان کوردەکانی ناوئێراق بەهۆی دووگوردان ونیو تۆپخانەی دوورهەتەر_بریتی لەزێدەترسەت دانەتۆپ وموشەکەکانی هەردبەئاسمان ئینگلیزی(راپیر) کەلە سنوورنشتەجێ ببوون و کارپێکەرەکانیان مرۆی تەقاوی ئەرتەشی ئینگلیستان پێکیان دەهێنا پشتیوانی دەکران. لەگەڵ ئەوهەمووە پەیتاپەیتا بۆچیاکان پاشەکشەیان دەکرد،وهەتا لەناوسەنگەرەکانی خۆیان تەنیا بەبەرەکەتی پشتیوانی تۆپخانەی ئێران بوو کە توانیان بەرەنگاری بکەن. تەنگەژەی کوردەکان ئەمە بوو داکۆکی کەرانی دەرەکی و بیانی ئەوانیان ئیقناع کردبوو بەمە کە تاکتیکەکانی شەر وفیزراندنی چرێکی کە لەبەکارهێنانیان پسپوریەکی زۆریان هەبوو دەست لێ بەردەن،بەشیوی شەری جبهەیی بەربەرەکانی بکەن،کە پێشمەرگەکان نەبۆ ئەمجۆرەشەرە زانیاریان هەبوو نەبۆ ئەوجورەشەرە راهینرابوون.

لەمە کاولتر،ئەوگۆرانی تاکتیک کوردەکانی زێدەتر لە بەرێ بە پشتیوانانی بیانی،بەتایبەت (شا) پەیوەندارکرد. بارزانی لەنامەکەی بۆ(کارتر) سکاڵادەکات لەمە کە (بەدرەنگەوە تێگەیشتین... کاتێک حاڵیبووین کە لەگەڵ هەشت لەشکری ئێراق،سەدان تانگ وزێدەتر لە سەد فرۆکەی پێشکەوتە روو بەروو بوین،کە زۆرتری فرۆکەوانیان رووسی وهیندی بوون..ئەویارمەتیەی کە دۆستان بە ئێمەیان دەکردچ لە بابەت رادە و چ لە باری چلۆنایەتی زۆرخوارەوەتر(لەچەک وچۆلی ئەرتەشی ئێراق)بوو ئێران ئەمەی کردبوو بەپیشە: کە ناردنی تەدارکاتی لە کاتێکدا کە کوردەکان لە پێشرەوی دابوون رادەگرت،وچاخێک لە پاشەکشەدەبوون حالێتێکی بەرگریان بەخۆوەدەگرت لە ناردن بەردەوام دەبوو،بەشێوەکی باو،تێدەفکری کە کوردەکان هیچ کات زێدە لە سێ رۆژ مهیماتی تۆپخانەیان پاشەکەوت نەبێت. لە سەریەک کوردەکان تێگەیبوون کە ئەرکێکی کە یەکگرتووانیان بۆیان رەدیف کردبوون ئەمەیە کە ئەرتەشی ئیراق لە هەرد بزمارکوت کەن، نەک بە سەریدا غاڵب و پیرۆز و زاڵ بن!

لە بەسەرداچوونەوەدا وانیشاندەدا کە کوردەکان خەڵکانێک بوونە یان کەم زەین وهۆش یان قەدەری،بەڵام لە بەرگری لە بارانی دەبێ بگوترێ کە کوردەکانی ئیراق بەرێوەبردنی رۆڵی مۆمڵیان بە تەواوی دوور لە ئاقڵ و بێ کەلک دەزانی. ئەوان بۆخۆیان دایم و دەرهەم بیروبۆچوونیان ئەمە بوو ودەیانگوت: کە دەتوانن حکوومەتی ئێراق نا ئارام و پشیو رابگرن بەڵام هیچ چاخ ناتوانن بە سەربەغدا دا زاڵ بن ودەستی بەسەردابگرن و بۆخۆیان جڵەوی کاروباری بە دەست بگرن. لە 1961 بەم لاوە توانیبوویان زۆرو کەم بە سەرکەوتن لە بەرەنگاریدا خۆیان راگرن.

هەتا سپتامبەری 1974 ئێراقیەکان پێشڕەویەکی بەرچاویان کردبوو حال وئەحواڵی کوردەکان هێندە شپڕێو بوو کە ئێران بەئەوانی تۆپخانەی دوورهەتەرو موشکەکانی دژی تانگ دا: لەگەڵ ئەمە لە وەرگەرانی ساڵی تازە،وەزعی کوردەکان بەشێوەیەکی پڕمەترسی ئارووشەو ئاڵۆز بوو. عەلەم وەزیری بارەگای (شا) لە دەفتەری ڕۆژانەی کە لە دوایی مردنی وی بڵاوکراوە لە سێوەمی ژانویە دەنوسێ: کە(شا) لەوراپۆرتانەی کە لەکردەوەی هێزەکانی ئێرانی پێ گەیبوو کە دەیگوت: (وەک شیر بەشەڕهاتوون ڕێگریان لە تێشکانی کوردان کردوە و بەرەنگاری وخۆڕاگری ئەوانیان بەهێزکردوە)ئیکجارخۆشحاڵ بوو. بە پێچەوانەی شایی ومەغرورییەک کە(شا) لە(تێشکانی لە ڕادەبەدەر) کە لە ئێراق درابوو هەست پێدەکرد،بارزانی بەئاشکرا لە دڵەڕاوکە کەوتبوو.چەندین حەوتوو ئەویان بەهیوای چوونە لای (شا) هەرکەڕەت بە لەونێک وەدوا دەخست، لەتاران سەرگەردان مابۆوە. دەنگۆیەک سەبارەت بەلاق دەنیونانی ئوردۆنیەکان و ئەلجەزایەریەکان بۆ کردنەوەی گرێپوچکەی نێوان ئێران و ئیڕاق بە حیسابی کوردەکان،هەرکات بەهێزتر دەبوو. بارزانی لە نامەی ڕێکەوت 1977خۆی بۆکارتر دەڵێت: کە ئێراق(ناڕاستەوخۆ)بەواشنگتۆنی عەلامەت دابووکە حیکایەتی لەمە دەکرد کە ئامادەیە لەحاڵێکدا کە(شا) کوردەکان بەرەڵلا بکات لەگەرمی پەیوەندیەکانی لەگەڵ شوورەوی کەمکاتەوە. بەڵام ئەم خاڵە جێگای شک وگومان بوو کە بارزانی ئەوچاخ لەم مەسەلە ئاگاداری هەبووبێت. خولاسە بارزانی لە دواییین چرکە،بۆخۆی مامەلەی بەسەدام پێشنیارکرد کە سەدام ئەوی ڕەت کرد،چونکە وتووێژی خودی وی لەگەڵ (شا) بەئاکام گەیبوو کە ئیدی گەڕانەوە لەوی ئیمکانی نەبوو.

(شا)مرۆڤێکی ئیکجاربێبەخت ودوو ڕوو نامتمانە بوو بۆ باوەرپێکردن نەدەبوو،ئەو کوردەکانی بەدوای نۆکی ڕەش نارد! کە بچن لەگەڵ مەلیک حوسین پادشای ئوردن سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەت لە دوورخراویی لەگەڵ گروپەکانی دیکە ئوپوزیسیونی ئیڕاق لەگەڵ وی ڕاوێژبکەن. ناردراوەکان لەژانویە گەینە عومان،ئەوانیان حەوتوویەک لەوی ڕاگرتن،ولەئاکام مەلیک حوسینیش ئەوانی وەرنەگرت. دوایی لە فۆرییە،سەرۆک ئەنوەرسادات لە بارزانی ویست کە سامی عەبدولڕحمانی بۆ قاهیرەبنێرێت. لەم چاوپێکەوتنە سادات،سامی عەبدولڕحمانی  بۆ ڕێ لێونکردن هەڵفریواند،کە ڕەزامەندی دەرببڕیت کە میسر پێشنیاری ئاشتی لە لای کوردەکان بە دەدام حوسین بدات، بێزانین و ئاگاداری کوردەکان دەستووریدا لە وتوویژەکەیان نوارگرت،نوارەکەی بۆ(شا)ی نارد_ و(شا) ئیکجارتووڕەبوو.

جێگای سەرسوڕمان نییە کە بارزانی جارێکی دیکە خەریک بێت بچێتەواشنگتۆن و کارێکی بکات کە ئامریکایەکان بۆ ئەهونکردنەوەی ئەم بارودۆخەی نیزامی وسیاسی،کە ئیکجار ورروشە ببوو،کارێکی

بکەن_ کە بەئاکام نەگەیی. ئەوهیوادداربوو بتوانیٚ لە ڕیگایەکی دیکە لە کارگێرانی ئامریکا نزیک بێتەوە وسەرنجیان بۆ لای مەسەلەکە ڕاکێشێت،سی قالیچە،بەشێوەی کادۆ،و پاشان گەردەنبەندێکی مرواریدی بە بۆنەی ڕۆژی مارەکردنی بە(نانسی ماگینز)بۆکیسینجەرنارد. بەلاّم ئەم ئیلاقەی نزیکایش ئاکامی نەدا. کیسینجەرهەنۆکە وەزیری دەرەوە بوو لە1973 بەم لاوەلە یارمەتیەکانی ئامریکا بەکوردەکانی کەم کردبووە. لەگەڵ ئەوهەمووە بارزانی لە نامەیەکدا بەڕێکەوتی 22ی ژانویەی 1975 دیسان مەسەلەی سەردان لەواشنگتۆنی پرێسکەکردەوە. هەروەک دکتۆرمەحموود عوسمان دواییەکان گوتی(کیسینجەرلەمێژ بوو لە چلۆنایەتی مەسەلەکە ئاگادار بوو. مانگەکی کێشا هەتا کیسینجەر بە(ژەنەڕاڵ)ی عەزیزی وەلاّمداوە وئەوی لە(ڕێز گرتن وئیحتڕامی ئێمە سەبارەت بە کەسینی ئێوەوملل‌ەتی ئێوە وئەوحەول وتەقەلایانەی پیاوانەوجسوورانەی کە هەنگاوتان بۆ هەڵیناون)متمانەدایە،ولەناو ئەم قسە چەورو شێنرنانە و زارو تەکلیف خۆشانەی داواکەی رەت کرد، تەنگەژەکانی کە ئێوە لەگەڵیان دەست بەبەرۆک بوونە لە ڕادە بەدەر قورس و گران و بەسامن) نامەدیگوت:

لەبەرچاوگرتنی بەراوردو تەخمینێک کەلەهەل و مەرجی نیزامی وسیاسی وەدەستیان هێناوە زۆرخۆشحاڵ بووم. باوەڕومتمانەتان هەبێت کە پەیامەکانی ئێوە بە هۆی گرنگایەتێک کە بۆ ئەوان ڕێزدادەنێم دەخرێنە بەرئامانجی مجدترین ڕووگەی پلەبەرزترین ڕاستایی حکوومەتی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا.

ئەگەر بتانهەویٚ بۆ دانی ئاگاەداری زورتر، بە دەوڵەتی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا سەبارەت بەبارو دۆخ،ناردراوەکی جێگامتمانە بۆ واشنگتۆن بنێرن بە شانازی وخۆشحاڵی ئەوی وەردەگرین. ئەمن بیروبۆچوونم ئەوەیە کە لە بەرچاوگرتنی نهێنکاریەکی تەواو لە دابین کردنی توانایی ئێمە بەڕیوەبردنی ئەمەی هەتا ئێستاکردومانە مزیاروکاربینیکی گرنگ بووە. تەنیا بەم هۆیە_ونیگەرانی سەبارەت بە پارێزگاری کەسینی ئێوەیە_ کە ئەمن داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسینی ئێوەبکەم شک وگومان دەکەم. بە ئیلاقە هیوادارم هەر چ زۆتر خەجەری زۆرتر لە ئێوەگوێبیس بم.ڕجایە ئارەزوی باش وئیحتڕامی ئێمەقبوڵ بکەن.

لەڕاستیدا هەروەک لەکۆڵەخۆی بکاتەوە_ ئەویش بەشێوازێکی وشک وناشایست_نیشانی دەدا کیسینجەر بەچ لەونێک(ئیلاقەمەند) نەبوو کە شتێکی لە بارزانی گویٚ لێبێت. بەلاّم پەیامەکانی تەژی لە دڵەڕاوکە بەر دەوام لەڕێگای (کالاّهان) بەرپرسی(سیا)ی تاران دەگەیی،ڕێکەوتی یەکەمین پەیام دوو حەوتوو لە دوایی نامەی ئامازەپێکراو،بەدوای ڕێکەوتنێک دابوو کە(شا)لەکاتژمێر دووسی دقیقەی ڕۆژی شەشمی مارس لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی لە قەراخ وتوویژەکانی جەلەسەی سەرۆکانی (اوپک)لەگەڵ سەدام

حوسین کردبووی. شا،لەبەرامبەر وەرگرتنی حاکمییەتی نێوە لە یەکاوی عارەبان وچاوپۆشی ئێراق لە داوای خۆی لەمەڕ خوزستان_ نەوت هەڵقونترین پارێزگای ئیران_ وکۆتایی هێنان بەتێکدەری لە بلوجستانی ئێران،لە نەکاوکوردەکانی بەرەڵاکرد(ساڵهابوو کە ئێراق لەخوزستان،یان بەقولی خۆی،عەرەبستان، کەداواکاربوو بەناحەق لەمللەتی عەڕەب جیاکراوەتەوە،بەتیکدەرانی یارمەتی دەکرد.)

کیسینجەر،هلمز، ویلیا، ای. کلبی_ بەرپرسی (سیا)_ وکارگێڕانی دیکەی ئاگاداری مەسەلەکە،هەموویان داواکاربوون کەلە هەڵبژاردنی زەمانی ڕووداو_ ئەگەرنا ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایەر_ بەڕاستی سەرسورماون. ئەوجۆرەی کە کلبی دەیگوت سیائەم جەرەیانەی(ماف وئیختیاری شا،دازانی)لەگەڵ ئەم هەمووە بەپێچەوانەی داواکاریەکانی ناهومێدانەو پەیتاپەیتای کوردەکان دەوڵەت کارێکی نەکرد، کلبی، لە دواییەکانداگوتی: (چێڕۆک کارەسات هێنەر بوو داستانێکی جوان نەبوو. بەڵام لەوبەهاریدا چەندین چێرۆکی کارەساتاوی دیکەش لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیامان هەبوو،کە لەمە بەپلە گرنگتر بوون.) مەبەستی لەبەریەک بڵاوبوونی کامبۆج، ویتنام، بوو.

هەرچەند ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا هێشتا زلهێزک بوو_هەرچەند زەبر وێکەوتوو_ کیسێنجەر لەوبەهار لەجەرەیانی وتوێژ پەیوەند بەجیاکردنەوەی هێزەکانی میسر وئیسرائیل قسەی بەدەم دادرابۆوە،باشانیش بە ڕەزێلی لە هندوچین ڕوو بەڕوو بوو. دەوڵەتی ئامریکا_ بەپێچەوانەی ئیسرائیل_ بینووبەهانەی دەست پێوەگرتنی نەبوو کە بڵێت دەوڵەتێکی گچکە بووە ونەیتوانیوە دەنگ بە بەرگری لە یەکگرتووی دەست لێبەردراو)بەرزبکات. بەڵگەیەک هەتا هەنۆکە بڵاونەکراوەتەوە کە نیشان بدات دەوڵەتی فورد هەتا بە پەڵپێکی ئەوهای فکرکردبێتەوە. هەر وەک هلمزسالها لە دوای وی سەبارەت بە دژکردەوەی لە مەڕ مامەلەی ئەلجەزایەر گوتی:( ئەمن فکرم دەکرد واشنگتۆن خۆشحاڵ دەبێت)چونکە بەهەر حاڵ ئێران کە هاوپەیمانی ئامریکا بوو ئێراقی کە دۆستی شوورەوی بوو (شکەست) دابوو. هەر بەمجۆرەی کەکیسینجەر لە بیرەوەریەکانیدا نووسی:(شا)بۆ ئێمە یەکێک لە رێبەران ویەکگرتووی دەگمەن وگرنگ بوو کە لە وەرگرتن لە بارودۆخ و چۆنیەتی دونیا لە زانیاری ئێمەی زێدە کرد.)

لەگەڵ ئەمە،وەرگرتنی واشنگۆن لەجەرەیان ئەمە بوو کە(شا) لە بڕگەکانی پێکهاتنی ساڵی 1972 کەلەگەڵ کیسینجەر بەعەمەل هێنابوو هەڵگەڕابۆوە،تیلگرفێک لە(سیا) لەڕیکەوتی 22ی مارسی 1974 کەلە1976 لە(ڕاپۆرتی پایک)ئاشکراکرا،جەرەیانەکەی بەکورتی دەگێڕێتەوە: ئێران، وەکوو ئێمە، قازانجی(لەبەدیهێنانی شێوازێکی تێشکان و نە پیرۆزی دەبێنێت) _ هیچ کام نامانەوێ بدینین کەمەسەلە

به هیکەلێک جێبەجێ بووە. بەڵام ئێستا (شا)بەئیختیاری خۆی بەم بارودۆخەی (نەبردنەوە نەدۆڕان) کۆتایی هێنابوو،وکیشمەکێشمی بێ ئاگاداری کوردەکان،بە ڕەواڵەت هەتا ئامریکایەکان،جێبەجێ کردبووـ یانی ئەگەر بتوانین بە ئاخافتنەکانی کارگێرانی ئەم دەوڵەتانە متمانەبکەین.کیسینجەر لە دوایەکاندا گوتی: کاتێک لەڕێککەوتنامەی ئەلجەزایەر ئاگادار بووەسەری سوڕماوە وریگای خواركردۆتەوە بۆزۆریخ چووە، کە لەگەڵ شا،کە بۆ ئێران دەگەڕاوە چاوپێکەوتن بکات. کیسینجەر بەزوانێک کە بۆنی خەجاڵەتی دەدا، گوتی:(بیروڕای ئێمەی نەپرسی.) بەلام لێرە حافیزەی کیسینجەر گزەی پێدەکات: لەم وتووێژە لەگەڵ (شا) لە زوریخ بەر لە جەرەیانی ئەلجەزایەر بوو، هەرچەند(شا) بێ پێچوپەناو ڕاشکاوی بەوی نەگوتبوو،بەڵام قاعیدەتەن دەیزانی چ ڕوودەدات.

تێبینی: 1-ئەحمەدچڵەبی،لەشێعەکانی دوورخراوەی ئێراق،کەئەوکات جحێڵ بوو پایەگایەکەی لەبێروت بوو (بۆنی مەسەلەکەی کردبوو) ودورست بەر لە دانیشتنی ئەلجەزایەر بەفرۆکە بۆتاران دەچێت وبارزانی لەجەرەیان ئاگاداردەکات. شتێک کە چەڵەبی ئاگاداری مەسەلەکرد نەک تەنیا چاوپێکەوتنی زوریخ بەڵکوو خوارکردنەوەی ڕێگا لەلای شا،بۆلەجەرەیان دانانی کارگێرانی گرنگ بەرلەدانشتنی ئەلجەزایەر بوو. سادات ومەلیک حوسین هەردوو لەم مامەلەیە کە (شا)خەریکی ئەنجامدانی بوو،ئاگاداربوون. نەسیری بەچەلەبی دەستووردا کە دەست بەجێ بۆ ،بێروت بگەڕێتەوە: (ئەگەرخیرومەسڵەحەتی خۆی دەوێ) ـلەگەڵ ئەمەش چەڵەبی سەرکەوتوو بوو کە چاوی بەبارزانی بکەوێت،لە ماڵەکەی ئەمین کەلە بارزانی بانگهێشتن کرد. لە ماڵەکە کەل وپەلی زبتیان دابوو لە بەرئەمە گفتگۆ لە باغ ئەنجامی گرت. بارزانی ئاخەکی هەڵکێشا،و لەعنەتی لە کارگێرانی ساolواک کرد کەرێگریان کرد کە بۆخۆی چاوی بە(شا)بکەوێت.

لە مەڕ Realitik،(شا) ئەم شۆڵەی نەک بەم هۆکارە کرد کە لە سەردەرانەی تێشکانی نیزامی بوو،کەچی هێزەکانی لە هەرد بزمارکوت کرابوون و خۆڕاگری وبەربەرەکانی کوردەکان بەکردەوە لە ماوەی مانگەکان کول و لە سەرخۆو هێدی وەرزی زستان کۆتایی پێهێنابوو. ئێراقیەکان بۆ ئەولێن کەرەت لە چیاکان مابوونەوە و بۆ شوێنی پێگەکانی زستانی خۆیان نەگەڕابوونەوە. وەرزی شەڕەکانی بەهاری لەگەڵ مەترسی پێشبینی نەکراو نزیک دەبوو. بەڵام(شا) لە ڕاسیتدابەم مەبەستە ئەم کارەی کرد کە بە قازانجی بوو،هەروا بەم هۆیەوە کە شەریکەکانی دەرەکی نەیانویست یان نەیانتوانی ڕێگری لێبکەن وپێشی بگرن. ئەوەی دیپلۆماتەکانی کۆنەکار بەتایبەی دەیانەویست بزانن ئەمە بوو کە سەدام حوسین لەچ قسمەت لە یەکاوێ عارەبان،کە جەغزی سنوورئێستا(لەجامع المیا)ی وی تێدەپەڕی،چاوپۆشی کردو ئاخۆ ئەم چاوپۆشیە نێوڕاستی کانالێش دەگرێتەوەیان نا_ و ئەمە شتێک بوو بە هۆی تاکتیکی و بنەماڵەیەی و کەسینی و مەبەست و نەزەری (شا) بوو.

هەتا ساڵی 1991 کیسینجەر ئازانتی وشێکردنەوەی سەبارەت بەهەموو مەسەلەکان بە بەشێک لە بیرەوەریەکانی فەرمی و بارستای خۆی سنووردارکرد،جگە لەمە کە جێگای سەرسوڕمانە لەم بەشە ناوێک لە یەکاوی عاڕەبان نەبردرابوو، وادەی دەدا کە لە بەشەکانی دیکەی بیرەوەیەکانیدا بە(مەسەلەی کارەساتاوی)کوردەکان ودواڕۆژی وی) ئاماژەبکات وبنوسێت_ کە هیچ کات بەوادەکانی خۆی وەفا نەکرد. لەم پێش نویسیەدا کە هۆکارو مەبەستی وی بە ڕەواڵەت ئازانتی کردەوەی (شا) یە،دەڵێت کە(بڕیاری شا لە سەربنچێنە وبناخەی ئەم لێکدانەوەیە نزیک بەڕاست وەرگەڕان بوو کە کوردەکان لەسەردەرانەی تێشکانن، بێ دستتێوەردانی دوولەشکری ئێرانی و300میلیون دۆلاریارمەتی ناکرێ ڕزگارین کەن ونەجاتیاندەن.) ئاخۆ هێزەکانی بارزانی هەتاچ ڕادە لەسەردەرانەی تیشکان دابوون هەتا دەگاتە ئەمڕۆش مەسەلە فکرو گومان لێکردنە! دورست بەرلە وتووێژی ئەلجەزایەر،ئەوکات کە چەڵەبی بارزانی لە مەسەلە ئاگادارکرد(ئەوی غەمگین بینی،ئەوسکالای هەبوو لەمە کە تەنیا سێ لە سەدی هێزەکانی پێشمەرگەی لەشەڕدان) لەگەڵ ئەم هەموەکوردەکانی ئێراق هەرواپێیانوابوو کە (شا) بە لانی کەم لەوانیە هەل ومەرجێکی ئابڕومەندانە بۆ ئەوان لە ئەلجەزیەر وەربگرێت. کیسینجەر لە بیرەوەریەکانیدا شی ناکاتەوە کە لە سەرچ هیم وبناخە حوکم دەکات کە(کردەوەی (شا)زوروکەم دورست بووە)وبەچ حیسابێک بەڕەقەمی/300میلیون دۆلارگەیوە،وبۆچ لە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا کە سالها ڕەقەمێکی کەم بەنیشانەی توشبوون لەم بەسەرهات وپێشهاتە دەدرا،چاوڕوان دەکرا کە ئەم پارچەقاقەزە بدات. کیسینجەر بە بی چ عیب و ڕخنەلێگرتن ئەم کردەو یەک لایانە تەنیا دەیگوت کە بەرەڵلا کردنی کوردەکان(بڕیارێک بوو کە(شا)دەبوایەگرتبوای)ئەم شەڕە لە سەرەتا هەتا کۆتایی پێهێنان لە بناخەڕا شەری (شا) بوو نەک واشنگتۆن. لەگەڵ ئەمە کوردەکان ئەم(پێشەکیەی کسینجەریان بە چاوی شک و گومان و دوودڵی لێدڕوانی،و ئەویان بە(بەرگری لە خۆی) لێکدەداوە.

کیسینجەر لە ژێرزەخت،ئەویش لە 1992،لە وتوویژیەکی چاپەمەنی و هاواڵدەری دەمی پێداهێنا کە(چوار،یان شەش حەوتوو)بەرلە دانیشتنی سەران لە ئەلجەزایەر(شا) لەبابەت/300میلیون دۆلار لەگەڵ وی پەیوەندی گرتووە، و دەمی پێداهێنا کە ڕەنگە(شا) بە بوخچەکرانەوەی ئەم پارەیە،پێشەکی مامەلەی یەک لایانەی ئامادە کردبێت، هەتا دەستگرەیەکی بۆ ئەم شۆڵە یەک لایانەی خۆی بدۆزیوەتەوە. بەڵام دەمی پێدانەهێنا کە ئاخۆ ئەو، ئەوچاخ بۆنێکی لەم جەرەیانە کردبوو یان نا. بەلام هێنانەگۆڕی ئەم دراوەی بەرچاو بە ئاشکرا ئاماژەیەکی ڕوون بوو. وای نیشاندەدا کە(شا) لە داکۆکی لە کوردان ماندو بووە،خەرێکی دەستگریەک بوو کە دەست لەکوردەکان بەردات و تاوانی ئەم کردەوەی لە سوکری دیکە،یانی ئامریکا،باوێژێت.

هێنانەگۆڕی /300میلیون دۆلار بەمانا بەردهاوێژتنە بەر پێ بوو. (شا) کە بە وردی واشنگتۆنی لە ژێر چاوەدێر گرتبوو، باشتر لە هەر کەسی دیکە دەیزانی کە لە ساڵی 1975چرۆچاوبیچمی)کیسینجەر تاڵ بووە، و لە نموود کەوتووە،و عەمەلیاتی شاراوەی وی کە ئەو لە گەڵێک لە قارەکان لە ئەوانی پستیوانی دەکرد بۆتە تاوان: لە ویتنام بارو دۆخ لە سەردەرانەی لە بەر یەک ترازان وتیک تەپین بوو، و ئیسرائیلیەکان دەیانەویست وتوویژ لە گەڵ میسر سەبارەت بە پاشەکشە لە (سینا) ڕابگرن. (شا)ش وەک هەمووان دەیتوانی ببینی کە کیسینجەر ناتوانێ هەتا کۆنگرەی ئیقناع بکات بەمە کە پارە بۆ نەجاتی سایگۆن لە ڕووخان تەرخان بکات،ئیدی چ بگا بە پەسەند کردن و دەنگ وەرگرتنی/300میلیون دۆلار بۆ کوردەکان. بەپێچەوانە (شا) کە چوار بەرابەر بوونی بەرهەمی نەوت غلووری کردبوو،و بە وی یارمەتی دابوو کە لە دوای شەڕی ساڵی 1973ی عارەب و ئیسرائیل بە مێشکی خودان هزری (اوپک) بگۆڕدرێت، لە مەسائلی ئابووری بە گیروگرفتی سنوورداری قانوونی ڕووبەڕوو نەبوو. بۆ(شا)ی پارە، وەسیلەیەکی چارەنووس ساز نەبوو.

بارزانی لە پەیامی ڕێکەوت 10ی مارسی خۆی بەکیسینجەر_ یانی لە دوای ڕێککەوتنامەی ئەلجەزایەر،بەروبوخچەی گیانی قسەی کردەوە: لە دڵی ئێمەخۆێناو دەتکێتەوە کە دەبینین یەکێک لە ئاکامی بێ هەڵبڕینەوەی ڕێککەوتنیان لە ئەلجەزایەر لە ناوچوونی خەڵکی بێدیفاع وئاسایی ئێمە بە شێوازێکە کە لە لەهەل ومەرج وبارودۆخێکدا کە ئێران سنوورەکانی خۆی سەرجەم لە ڕووی ئێمە گاڵەداوە، ئێراق گەورەترینی هیرش و دەستدرێژی خۆی دەستپێکردوە،کە هەروا بەردەوامە. بزوتنەوەی ئێمە و خەڵکی ئیمە بە شێوەیەکی باوەڕ نەکراو لە ناودەچن ودەڕوخێندرێن، و کەس دەنگ ناکات! ڕێزدار،ئێمە هەست پێدەکەین کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا لە بەرامبەر مللەتی ئێمە،کە خۆی پەیوەندار بە سیاسەتی وڵاتی ئێوە کردوە،بەرپرسیارەتی ئیخلاقی و سیاسی هەیە... جەنابی وەزیر،ئێمە بە دڵەڕاوکەو نیگەرانی، چاوەڕوانی پەرسڤی ئێوین.

دوازدە ڕۆژ دوایی (کالاهان)،لە تاران،تێلگرافێکی بۆ(کلبی) بەرپرسی(سیا)نارد، وگوتی کە کیسینجەر هەتائێستا وەرامی نەداوەتەوە،وهشداری دا کە(ئەگەرواشنگتۆن لە بیروبووچوونی دایە پێشی کوشت و کوشتار بگرێ دەبێت دەست و جێ لە لای (شا)ناوبژیکەری بکات)شتێک لەم بارەوە نەگوترا،بەکردەوەش نەدیترا،هەر لەو وەرزی بەهار دا،کیسینجەر لەگەڵ داواکاریەکانی پەیتاپەیتا کە بۆ یارمەتی ئینسانی، بە مەبەستی حازرو ئامادەکردنی خێوەت وهتد...بۆ هەزاران پەنابەری کورد،کرابوو بەتوندی بەرهەڵستکاری کرد، ولەبەرامبەردا(ئەمرێکی) ساردوسڕی دەرچواند کە پێیوەدیاربوو دواییەکان زۆری بۆ

بەداخ بووە: لەم ئەمرەدادەیگوت:(عەمەلیاتی نهێنی نابێت لەگەڵ شۆڵی پڕوپاگەندە تاگۆڕ وەربگێرێ.)ئەم (دیفاعییە)(ڕاپۆرتی پایک)گێڕایەوە،ڕاپۆرت لە کیسینجەری ناو نەدەهێنا،و لە وی بە ناوی بەرپرسیاری پلەبەرزی دەوڵەتی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا یاد لێدەکرد.

بارزانی هیچ کات داوای نەکردبوو کە کوردەکان دەستەبەری بەنوسینیان لەئامریکا وەرگرتووە، هەڕەشەشیان نەکردبوو کە ئەم هەتکی ئیحتڕامە لە ئیختیاری چاپەمەنیەکان وهاواڵدەراەکان دەنێ. کزولاوزی هەڵویستی دیارو ئاشکرابوو،وهەرجۆرە تۆمەتی زێدەتر،بەیەقین هۆکاردەبوو کە(شا) سنوورەکانی توندترگاڵەبدات. بەڵام (کالاهان)لە دەڵەڕاوکەدابوو لەم بابەتە کە کوردەکان مومکینەسکاڵاکانیان بە بەرفرەوانی ناوشوورەو پاردە سنووردارنەکەن، و ئەم تۆمەتانە لە سەرانسەری دونیابڵاکەنەوە.کالاهان پرسیاری کرد:ئاخۆ ئیدارەی ناوەندی(سیا) سەبارەت بەمە لەگەڵ کیسینجەر پەیوەندی هەیە، ئەگەردەوڵەتی ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا،ئەم مەسەلە بە پسپۆری وکارزانی بەشێوەیەک جێبەجێ نەکات کە ڕێگری لەمە بکات کە کوردەکان خیاڵبکەن بەرەڵلامان کردونە،دوور نییە مەسەلەکە بدرکێنن. کردەوەی ئێران نەک تەنیا هیوایەکانی سیاسی وانی وەبەر با دا بەڵکوو گیانی هەزاران کەسی لە مەترسی هاویشت.

پەیامەکانی پەیتاپەیتای بارزانی بۆ(سیا)،سەرکۆمارجرالدفورد، وکیسینجەر لەبەهاری ئەوساڵیدا بێ وەرام مانەوە. لە تەواوی ئەم شتانەی کە(ڕاپۆرتی پایک) پەردەی سەرلادەبردن،ئەم بێدەنگیە لەدوای ڕێککەوتنامەی ئەلجەزایەر وێدەچێت لەهەموان غەماویتربێت. ئەم ڕاپۆرتە کەسەرەتا وەسیلەی دانیل چور،ڕاپەرتگەری کارزان و بەئەزموونی سی.بی.اس،کەلێنی تێکرد، وپاشان ناوەڕۆکی بەتەواوی وی لەژمارەی تایبەتی فورییەی 1976 (دەنگی دەهکدە)بڵاوبۆوە کەحەوتونامەیەکە لیبراڵ، ویلیام سافایر،وتارنووسی کۆنەپارێزی نێویورک تایمز،بەتوندی ڕاتڵەکاند. سافایر،کە هیچ کات لەبەرگری ڕیزوحورمەت گرانەی لەکوردەکان لاڕێ نەڕوییبووە،ئەم(هەراجی بێ ویژدانانەی)بارزانی مەحکووم کرد ولەفوردی داواکرد کەکیسینجەری بەهۆی داسەپاندنی(ئەم کردەوە ناحەزوبێشەرەفانە بەدەوڵەت) لە کابینەی خۆی دەربکات.

سافایر،لەم کەمتەرخەمی وقسووری دەوڵەت کە نە تەنیا زەختی لە سەر(شا)دانە نا بوو کە(هەنگاوێکی لیبراوانەو لێهاتوو سەبارەت بە دابین کردنی خودموختاری(بۆکوردەکان) لە ئیراق ئەنجام بدات بەڵکوو هەتا دۆلاریک(یارمەتیەکانی ئینسانی) لە بەردەست نەنابوون ئیکجارناراحەت بوو.(ڕاپۆرتی پایک)

ئاکامی وەردەگرت کە لە سەرەتاوە: سەرکۆمارو دکتۆرکیسینجەر و(شا) هیواداربوون کە سیبەرنشینان ئێمە)یانی(کوردەکانی بارزانی) سەرکەوتوو نەبن. لە جیاتی وی بە شیاوتریان دەزانی کە شۆڕشگێران دوژمنداری لەڕاستایەک بەردەوامکەن کەبۆ هەڵتاواندنی(دەسکاری)وڵاتی جیناروهاوپەیمانی ئێمە(یانی ئیراق) بەس بێت. ئەم سیاسەتەی سیبەرنشینانی بەئێمەنەگوترا،کە دەڵگەرم دەکرین هەروا لە شەڕبەر دەوام بن. کردەوەی ئێمە هەتا لە چوارچیوەی عەمەلیاتی(نهێنی) کارێکی دوورلە هەست وئیحساس بوو.

زێدە لەمە (ڕاپۆرتی پایک) دەیگوت کە(: بەڵگەیەک کە لە ئیختیاری کۆمیتە نراوە)لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بەردەوامی زەمانێک نیشاندەدا کە چ جۆر دەوڵەتی ئامریکا،وەکوو شەرێکیکی بن دەستی (شا)لەگەڵ ئەم نەخشە هاوکاریکردوە،و لە ڕاستیدا وەکوو دەستەبەریک کاریکردوە کە(شا)گروپی شۆڕشی)یانی کوردەکانی) لە نەکاو بەرهەڵا نەکات) بەپێچەوانەی ئەم دەستەبەرانەی ناوئاخنی(شا)کوردەکانی لە دوایی سێ ساڵ و دانی هەزاران کوژراو ودەرچوونی 16میلیون دۆلاری ئامریکا،لە نەکاو دەست لێبەرداوبەرەڵلاکردوە) (ڕاپۆرتی پایک) لە ئاکامگیری لە شکلی وتارو وشەکان و لەبزەکان مشەو دانەپۆشراو دەیگوت:(ئەمە بەنەزەر دەگات، هەرکات ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا(دنەدانی)شای قۆڵ لە سەر نەکێشابوایە و تەسدیقی نەکردبوایە،لەوانە بوو کوردەکان لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی (ئیراق)دستیان و ئاشتی و ڕێککەوتن کەوتبوایە و پێکهاتبوان، بەمجۆرە بە لانی کەمەوە دەرەجە یەکیان لە خودموختاری وەچەنگ هێنابوایە، و لە خوینرێژی زۆرتر ڕێگری کرابوایە. لە بەرامبەردا کوردەکان شەڕیان بەردەوام کرد،هەزاران کەسیان کوژراودا،و/200000کەس تەوەلاوهەڵوەداو پەنابەربوون.)

ڕاپۆرتی پایک،وێدەچێت لە بابەت وێچوون و ئیمکانی ئاشتی ڕێگای پێوەنانی گرتبێتەبەر،بەڵام دەستپێکردنەوەی شەڕ لە1972 گومان و دوو دڵی تێدانییە کە دەڤەری دە زۆری لە کوردستانی ئێراق وێران وخاپوورکرد،وبەنەتەوەخوازی کوردی زەرەرو موزەرد گەیاند. ئەمەی لێرەدا ڕاست وبێپێچوپەنابوو شایی وخۆشی وسەرمەستی و شایلەخانەی (شا)لە1975 بوو.

لەگەڕانەوە لەئەلجەزایەر دڵ ئاسودەیی تێکەڵ بەهەست وئیحساس لەم گزوفێل و بێ ویژدانی لە دوو ڕوویی کە بەحیسابی بارزانی کردبووی حدودو تخووب وسنووری نەدەناسی. عەلەم وەزیری بارەگای محەمەدرەزاشا،لەو شایلەخانەوکەیف خۆشییەی (شا) یاد دەکات، کە بە وی گوت:(سەفەری ئەلجەزایەری (سەرکەوتوانەترین)پیروزیەکانی دەورانی ژیانی بووە. شا،هەستی پێدەکرد کە(دوو ئاڕووشەو ئاستەم دەردەسەری پڕ لە گێرەوکێشەم کە لە بابم بە(میرات) بۆمابۆوە) لە بەرپێ هەڵگرت: یەکێک سەرشۆڕی

وسووکی بە تۆبزی وەرگیراو لەقبوولکردنی فەرمانەکانی شەریکەی نەوتی ئینگلیزوئێران، وئەوی دیکە پێویران ودەروێستهاتن و تاقەت پێشکانی ئیراق لە سەریەکاوی عارەبان. کاتێک لە وی لەمەڕ چارەنووسی کوردەکان پرسیاری کرا،بە پشوو لە سەرخۆیی وەلامی داوە کە خودموختاریەکەیان لە سەرەتاوە شتێکی لە خۆراو نیوئاخن بەتاڵ بوو. بەلام ئەم(پالشایەیی)کە بەم لەبزەی قسەدەکرد،هێشتائیجازەی نەدابوو کە بارزانی چاوی پێ بکەوێت، بە بیروبوچوونی عەلەم ئەوا گەیشت کە(نیگەران)ی وسروشتیە نیسکۆلەیەکیش ناراحەتە، لەم بارەوە، کە لە گەڵ ئەم مرۆڤە ڕووبەڕوو بێت.
(شا)بە شێوەیەک وەکوو بیهەوێ، کردەوەکەی خۆی بە شتێکی باش لێکداتەوە، بەعەلەمی گوت: کوردەکان بەدوایکدا تێدەشکان،(بەبێ پشتیوانی وداکۆکی ئێمە دەڕۆژ نەیاندەتوانی خۆیان لەبەرامبەر ولە قەپانی هێزەکانی ئێراقیەکان ڕابگرن.)لە سەدام حوسینی نەقڵ دەکرد کە لە ئەلجەزایەر دەمی پێداهێنا وە کە(چەندین کەڕەت شتێک کە ئیراقیەکانی لە دەست وێراگەین بە پیروزی وسەرکەوتن گێڕاوەتەوە، هێزەکان وتۆپخانەی ئێمەبووە.) عەلەم دەنووسی کەلە 1971 تەنیا خۆتێهەڵقولانی (شا) بوو کە هۆکاربوو بارزانی پێشنیاری ئێراق کە ویست و داخوازی کوردەکانی قبووڵ کردبوو ڕەت بکاتەوە. (هەردوولایان دەیانزانی کە ئێراق نایەوێ بە قەول وبەڵێنەکانی ئیحتڕام دابنێت) عەلەم لە بیرەوەریەکانیدانەقڵ دەکات کە(شا) گوتی:(زۆرتر گزەوفێڵەکی بێ بایی بوو هەتا بەڵینی، و وادەیەک.) چ ئەم جەرەیانە گزەوفێڵ بێت یان نا،کوردەکان سەرتا بەبی گوێچکە زرینگانەوەی بەرێ،لە شەوی شەشمی مارس لە ڕێککەوتنی ئەلجەزایەر ئاگاداربوون: لە میوانسەرای ساواک،کە بارزانی لە تاران لە وێ دەماوە،خەریک بوون لە دەنگوباسی عەرەبی وفارسی بی.بی.سی.گوێچکە هەلخەن(بارزانی وموحسین دزەیی و دۆکتۆرمەحموودعوسمان بەوخت گوێیان لەدەنگ وباسی بی.بی.سی.دەگرت) دزەیی گوتی : کارمانکرا،) دکتۆرمەحموودعوسمان خەبەرەکەی وەک (گەمەی دیپلوماتیک) لەکۆڵ خۆکردەوە. بارزانی شەمزا بوو بەلام هیچی نەگوت. ئەو شەوی تەلەزیونی ئێران،(شا)ی لەکاتی هاتنەخوار لەفرۆکەخانە نیشاندا. (شا)ماندو بەلام بەکەیف بوو،و جیا لە بەرپرسی ستادی هاوبەش لەگەڵ کەسی دیکەقسەی نەکرد. دزەیی دەلێت گویم لێ نەدەبوو چ گوت،بەلام بینیمان. ئەمن گوتم فکر دەکەم ئەم ئاخافتنە پەیوەندی بەئێمە هەبێت.)دیسان *دکتۆرعوسمان* قبووڵی نەکرد و دیسان بارزانی هیچی نەگوت.

ڕۆژی دوایی لە دوای نانی سبینە،نوێنەری کوردەکان لەتاران بەو خەبەرەتاڵ وناخۆشانەی کەسەرەتای شەو لە ئیدریسی لە کوردستانی ئێراق وەرگرتبوو هات: خەبەرەکە دەیگوت کە هێزەکانی ئێرانی لەگەڵ تۆپخانە وتەقەمەنی وهەتا خواردەمەنی بێ ئاگاداری پێشوو لە سنوورئاوابوونەوبۆئێران گەڕاوەتنەوە، ودورست ئەوکات کە ئەوان ڕویشتوون،ئیراقیەکان هێرشێکی گەورەو بێرەزایان دەستپێکردوە. دزەیی بە دکتۆرعوسمانی گوت:(دوێنی شەوێ بەتۆم گوت کە ئاخاتنەکانی پەیوەند بەئێمەبوو.)سەرلەشکرعەبدولعلی مەنسوورپوور کەبۆخۆی لەکوردەکانی ئیران و لە ئەفسەرانی ستادی نەسیری بەرپرسی ساواک بوو

بەتوندی هەرجۆرەخەیانەتێکی وەدرۆدەخستەوە و لاقی دەقرساند کە(شا)هیچ کات ئێوەبەرەڵلاناکات.) داویی ڕوویی، و لە پاش دەمێک بە بیچمەکی پۆنگژاو وڕوخسارێکی شەمزاە گەڕاو،مەترسی نیگەرانیەکانی هەموو تەسدیق کرد. بارزانی بۆ قراخێک جیاکردوە_ چەنددەقیقە دوایی کەڕۆیی دەگریا. بەڵام دوایی تەلەفونی لێدا ولەوانی داواکرد لە گریانەکەی بەکەس نەڵێن!

(شا) کاری ئامادەکردنی کوردەکانی بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ خۆی بە نەسیری ئەسپارد. هەردەلیل و بەڵگەیەک کە پەردەی بە خوو خدو خەسڵەت و سیفەتی و حشی و دڕندانەی (شا) هەڵدەکێشا،بە دردخۆربوو. نەسیری بە لێژنەی کوردی گوت: کاسێتێک کە (سادات)ی دوو ڕوو بۆ تارانی ناردوە(شا)ی ئەوها تووڕە کرد کە هەنگاو بۆ ئەم ڕێککەوتننامە هەڵبگرێت. نەسیری گوتی: کە(شا) لە لای سادات و ئامریکایەکان و ئیدیکە کە دەیانەویست (شا)ی لە بەرامبەر پێشنیاری سەدام حوسین بە دژایەتی لەگەڵ شووڕەوی بۆجوانی پەیوەند لە گەڵ ئێران لە کوردەکان دەست بەردا لە ژێر زەخت خستبوو، و داکۆکی ئێران لە کوردەکان تەنیا ڕێگری لە بەرامبەر کۆتایی پێهێنان بە پاڵپشتی سەدام حوسین بەشووڕەوی بووە.

دزەیی دەڵێت: (بارزانی بە ڕادەیەک تووڕە بوو کە دەخۆیداپاپۆکەی خواردبوو. لە بەرپرسی ساواکی پرسی:(بۆچ پێشتر ئێمەتان ئاگادارنەکرد؟ چلۆن دەتوانن بەسەدام حوسین متمانە بکەن،کە کاتیک لەکاری شۆڕشی کوردەکان ڕزگاری هات و ورەی بەرزبۆوە بیروباوەڕی خۆی نەگۆڕیٚ؟ لەم ئێشە پەژیوان دەبنەوە.) نەسیری گوتی: کوردەکان ئازادن لە شەڕبەردەوام بن،بەڵام بەبێ داکۆکی وپشتیوانی ئێران، وئەگەر بتانەوێ پەنابەری ئێران بن،ئێران بە باوەش ئاوەڵایی دیسان ئەوان وەردەگرێت. دزەیی دەست وجێ_بۆ کوردستانی ئێراق ناردراوە هەتا بارودۆخ هەڵسەنگێنێت_ ئەو لە دوایی بەبارزانی ڕاپۆرت دا کە ڕێبەری پارتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وفەرماندەری نیزامی هەرچەند گەلێک ناڕەحەت وناهومێدن بەڵام دەیانەوێ لەشەڕ بەردەوام بن. (شا) لەئەلجەزایەر دەستەبەری نهێنی دیکەشی بەسەدام حوسین دابوو،بە ڕەواڵەت وای بەمەسلەحەت بینی کە کوردەکان هیورهێور بە مەسەلە ئاشنا بکات.

(شا) چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزانی هەتا11ی مارس گنخاند. بە بیروبۆچوونی گروپێک لە کوردەکان بەم مەبەستە کە لە گەڵ وەک یەکهاتنەوەی ئەم ڕێکەوتە لە گەڵ ڕێکەوتی ئیمزای موافیقەتنامەی خودموختاری،تاڵی وسووکایەتی جەرەیانیان بۆ کوردەکان کە بە بەرهەڵستکاری بایەخ نەدابوو و ڕێککەوتنامەیان واژۆکردبوو،زێدەتربکەن.
چاوپێکەوتنی کۆشکی نەیاوەران،نموونەیەکی ئاشکرا گەمەی بەهەڵەبردن بوو،کە بارزانی لەژێرپەردەی داپۆشراوی وی_ لە داسەپاندنی سووک وچرۆکی بەکوردەکان_ دەماری لە حەسانەوی دل بینی. (شا)گوتی کوردەکان جیالەخۆیان نابێت کەسێکی هۆکار بزانن و سەرکۆنەوبکەن وپلارو توانجی تێبگرن،ساڵێک لە

دوایی دەستپێکردنەوەی شەڕ ئەوان نەک تەنیا نەیانتوانی ڕژیمی سەدام حوسین بڕوخێنن، بەڵکوو ئەوهێندە لە پاشەکشەدابوون کە ئیران مەجبوور بوو تەواوی هیزی زۆرتر واردی ئولکە بکات، کەبۆخوی لە حوکمی شتێکی وەکوو شەڕێکی جەبهەیی تەواوعەیار لەگەڵ ئێراق بووە. وبەهێندیک کیشدان بەمەسەلەکر هەمان بەڵگەو دەلیلەکانی نەسیری لە دوودا،کە یەکگرتووەکانی ئێران هەنۆکە تاوانی ڕووتێکردنی ئیراقی بۆ مەسکۆ لە وی دەزانن.

بارزانی مەسەلەکەی بۆ بازنەی ئیخلاق گەڕاندەو، وگوتی: (ئێمەدەستمان لە دەستی تۆنا. ئێمەچاوەڕوانی ئەمەمان نەدەکرد کە دەستمان ببڕێتەوە.)دکتۆر مەحموود عوسمان پرسیاری کرد: (ئێمە بە ئیرانمان متمانەکرد ئێستاچ بە خەڵکەکەمان بڵێین؟ (شا) دەرهەڵبوو،و کوردەکانی لەم بارەوە کە زۆر قسەدەکەن سەرکۆنەکرد. دزەیی: هێنایەوە بیری کە کوردەکان ئەزموونی زۆریان لە مەڕ سەدام حوسین هەیە کە بەقەول و بەلێنەکانی ئیحترام دانانێت و وەفا ناکات،و کاتێک بە توانابوو بە ئێوەخەیانەت دەکات.)ئەو بە ئاماژە بە سەردەمێک بۆ خۆی باڵوێزی ئیراق بوو گوتی: (ئەمن دەزانم،چونکە بەڵگەی فەرمی ئیراقم سەبارەت بەکەنداو، و خوزستان بینیوە(ایرداتیسم) یانی:گەڕاندنەوەی سەرزەمینەکانی عەرەبی زبان بەوڵاتانی عەرەب)یان لە ناومللەتی عارەب زوان پڕوپاگەندو دەکەن و هانیان دەدەن.)

(شا) دوپاتی کردەوە کوردەکان دەتوانن لە شەڕبەردەوام بن،بەڵام بێ داکۆکی وی وئێران. هەتا ئەو پەنابەرانەی کە بیانەوێ دواییەکان لە دوو حەوتو مۆڵەتی دیاریکراوی ئاگربڕ، کە سەرەتای ئاوریل کۆتایی پێدێت کەلک وەرگرن و بۆ ئیراق بگەڕینەوە،بە باوەش هاوەڵایی وەریاندەگرن(کەهەڵبەتە ئیراق خێرا ئەم وادەیەشی نەبردەسەر)بەڵام بەمجۆرەی کە عەلەم دەنووسی: (شا) سەبارەت بەو ڕەخنانەی کە لە دەرەوە سەبارەت بەو کارەی کە لە گەڵ کوردەکانی کردبوو لێی دەگیرا،ناراحەت بوو. گوتی: (کۆمەڵگای دونیا ئێمەی بەخەیانەت بەکوردەکان تاوانباردەکات) بەڵام بە هەرحاڵ کوردستانی سەربەخۆش بە وێچوون هیچ کات بۆ ئێمە قازانجی نەدەبوو) لە20ی مارس عەلەم لە کارەساتێک کەب بەرۆکی دەیان هەزار پەنابەری کوردی گرتبوو کارتێکەرببوو زگی پێدەسووتان، ئەو لە سەرداواکاری بارزانیەکان بۆ مۆڵەتێک بۆ دەربازی بنەماڵە پێشمەرگەکان لە سنوور ئاماژەدەکات_ پەنابەری تەنیا تایبەت و سنووردار بە جەنگاوەران کرابوو،بەم هیوایە کە ئیراق کاری بە ژن ومندالاندانییە. عەلەم دەنووسی: (ئەمن وەرامم داوە هەرچەند لە گوێنە قسەی ئیراق ڕاست بێت بەڵام چەتوونە بتوانی چاوەڕوان بکەی کە کوردەکان ئەم وادەیە باوەڕ بکەن، یان ژن و منداڵەکانیان بەرەڵلابکەن)تەنیا دژکردەوەی (شا) ئەمە بوو کە پیشنیار بکات کۆمیتەی خاچی سووری جیهانی لە بنەماڵەکانی بەرەهەڵلاکراو داکۆکی بکات. ئەمە بە ڕەواڵەت تەنیا حەول و تەقەلای گرنگی واشنگتۆن لە بەرامبەر ڕەجاو پاڕانەوەی بارزانی بوو.

بارزانی لە12ی مارس بۆ حاجی ئۆمەران هەلکەوتوو لە قەراخ سنووری ئێران و ئیراق گەڕاوە، هەڵکەوشاندن و سەنگو سووژندانی ڕێبەری هیزەکانی پێشمەرگە هەتا بەتلێک شەو بەردەوام بوو،و ڕۆژی دوایی،قسەکانی بارزانی بە تەواوی لە تەسدیق قسەکانی ئەو کەسانە بوو کە_ وەلەو بەهێزێکی کەمتر_ داخوازی بەردەوام کردنی خۆراگری وبەربەرەکانی بوون. پاشان سەرلەشکرمەنسوور هات،کە(شا) ئەوی ناردبوو. ئەو هەڵگری خەبەری دەناخۆش بوو: (شا) ئیستا وەبیرەخۆی هێنابۆوە کەلە ئەلجەزیرە(بەسەدام حوسین)ی قەول دابوو کە بەردەوامبوونی شەڕ لە لایان کوردەکان چاو لێدانەپۆشێ،و بە مەبەستی بەڕیوەبردنی ئەم وادەیە، بە ئیراقیەکانی ئیجازەدابوو لە سنوور ئاوا بن و هێزەکانیان واردی خاکی ئیران بکەن،بۆ مۆڵەتی فەرمی(هەرچەند بولێڵ)دوو بارە کردنەوەی ئاگربڕ لەکاردانابێت، کە هەتا بە کوردەکانی بادینان،هەڵکەوتوو لە بنەوابانی باشووری ئیراق،هەل برخسێنێ کە بە پێی پیادە ئەوهەموو ڕێگایە هەتا خاکی ئێران ببڕن. مەنسوور پوور گوتی: (دەتوانن یان خۆتان بەئیراق بە دەستەوەبدەن یان بەئێمە. ڕێگایەکی دیکەتان نییە!)

بارزانی کەبەمجۆرە لە تەنگەژە کەوتبوو بە یەکچەلی ناهومێدبوو، تێلگرافێکی بۆ ئیراق کرد وپیشنیاری وتوویژی سەرلەنویی کرد. بەغدا هەر ئەو شەوی ئەم پێشنیارەی بە تەواوی ڕەت کرد. بارزانی هەر ئەو شەوی کە گروپێک لە حقوق زانان بۆ گوێ هەڵێخستن لە قسەکانی کۆ ببونەوە لە دوایی بەسەرداچوونەو بە سەرمێژووی خەباتی خۆیی و ئەم خەیانەتانەی کە بە وی کرابوون(کە بۆخۆی بۆنیماڵئاوایی دەدا) لە نەکاو فەرمانی ئاش بەتاڵی ڕاگەیاند. لە گرتنی ئەم بڕیارە،جگە لە ئەندامی بنەماڵەی و(ئەوانەی نێوەخۆی)لەگەڵ کەسی ڕاوێژ نەکرد_بەدڵنیا لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی ودفتەری سیاسی پارتی دێموکڕاتی کوردستان هیچ پرس وڕاو ڕاوێژی نەکرد . بارزانی گوتی کە زەرەری شەڕنەکرتن ودەست لە خەبات هەڵگرتن لە شەڕکردن و بەردەوام بوون لە شۆڕش کەمترە،هەر کەس دەیەوێ دەتوانێ بڕوات. کوردەکان ڕەجایان لێکرد سەبارەت بە هەل ومەرج و باردۆخ وچلۆنایەتیک کە تێیداقەراری گرتبوو(بەهۆی پیری) یەکدەنگی لێک تێگەیشتنیان دەربڕی، وبە ڕەجا داوایان لێکرد: یەکێک لە کورەکانی لە شوین خۆی دابنیت وئیجازەبدات خەبات بەردەوام کات. )ڕۆژی دوایی کادیرەکانی پلەبەرز مەقەڕەی فەرماندەری چەندپاتیان دەکردەوە: (شۆرش دوایی هاتووە)!

ئەم بڕیاری لەنەکاوی بارزانی هەتا هەنۆکەش هۆکاری تووڕەبوون ودوو دڵی خەڵک، وئاڵۆزی بزوتنەوەی کورد، لێڵ وشلوێ وناسافی ڕوخساروبیچمی بارزانییە. زۆرایەتی خەڵکانێک کەلە بەستێنی جەرەیان نائاگاداربوون ئەویان وەکوو بروسکێک بینی کە لە تەشقی ئاسمانی ڕووناک ڕاخۆشیبوو. بۆ پەژیوان بونەوەی لەم بڕیارە حەوڵ وتەقەلای دیکەش دران،بەڵام (لەخۆڕا) سامی عەبدولڕحمان دەڵێت: (لەبیرتان

بێت،بارزانی لەم سەردەمدا نیمچە خودایەک بوو. ئەمن وافکردەکەم ئەگەر بۆخۆی گەنج ترو بنەماڵەکەی هەژارتر بوایە لە شەڕ بەردەوام دەبوو. بەڵام پیر ببوو،وئێرانییەکان ملیون میلیونیان پارەدابۆیە.)(ڕەخنەگرانی دەڵێن: بارزانی بە(70)میلیون پارە کوردستانی بەجێهێشت.لەداکۆکی ئامریکاش(کەکۆڕی ناوەخۆی)بەوی ئاماژەدەکرد شوێن نەبوو. بەتێپەڕبوونی هەرڕۆژێک هەستی ئاڵۆزی و(خەیانەت) ونامتمانەیی زورترسەبارەت بەساویلکەیی لێژنەی ڕێبەرایەتی کورد_لەهەرتویژوچین_ دەهاتەگۆڕ. پێشمەرگەکانی بارزانی کەبریتی لە/50هەزار جەنگاوەربوو ماوەی دوو حەوتوو ئەمری بارزانیان لەبییک گوت، و شوێنك لەشوێنەواریان نەما. هەتا کەسێکی وەک دزەیی کەبەرئەمری بارزانی بوو،ئەوکات وای فکرلێدەکردەوە: (ئەم مەسەلە بارزانی لەناودەبات)هێدیک هەتابەم رادەیە سەبارت بەوی ئیخلاس وڕیزلێدانانیان نەبوو. یەکیک لە کادیرەکانی کۆنەکار وبەئەزموون دەیگوت: ئەگەربارزانی مابوایە شەڕی ڕیبەریدەکرد،یان خۆی دەکوشت،هەتا دنیا هەبوو قارەمان بوو،هیچ کەسێک دەخۆی ڕانەدەدی سەرکۆنەی بکات.)

بەر لە وەی کە بارزانی بۆ دوایین کەڕەت لە سنوورئاوابێت لە شکڵ و بیچمی مرۆیەکی شەمزاو تیکشیندراو ونەخۆش لاقی لە ئیران نا، لێمشتی ناخۆشیەکانی کەڵەکە کراو لە ناخی دڵاندا سەبارەت بە ڕێبەرایەتی مشتاو مشت بوو: بە خەراپە باس لێکردنی پاشملە هەموو شتێکی دەئامێز دەگرت: لە گیرۆدەیی بە بنەملّەکەی خۆی هەتا ئیلاقە بە نهێنکاری و سڕیات شاردنەوە،سەرەڕۆیی و گەللایی ویەکدەندەو، ومتمانە بیروباوەڕ بە یەکگرتووانی دەرەکی. لە نەکاو خەڵکی ئاسایی تێگەیین کە وای،ڕێبەرەکەیان چ ڕادە پیاوێکی ناهەڵسەنگاو خاوو خۆبین فکرکورت بووە کە چارەنووسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بەفریوو درۆ دەلەسە و گزەو فێلی (شا) ئەسپاردوە،کە دەیان جارو سەدانجار فریوو وی لە بەردی محەک و ئەزموون دابوو، یان بە داکۆکی زلهێزیك متمانە کردبوو کە ڕابردوی دوژمنایەتی لەگەڵ تاسەو ئارەزو خوازیاری نەتەوەی کورد وەکوو ڕۆژی ڕوون ئاشکرا بوو. تاڵی ئەم بەکەم زانینە لە سەردەمێکدا کە هێشتا تەژی لە ئیدولۆژی چەپ بوو گەلێک زۆرتر لە ڕادەی ڕاستی هەست پێدەکرا. ئابڕوی ئامریکا بە هۆی تێشکان لە ویتنام بە توندی زەبری ویکەوتبوو،و کوردەکان خۆیان بە تاوانکاردەزانی لەم بابەتە کە نەیانتوانیوە کۆگای هزری خەڵکی دونیای سیوەم بۆ لای خۆیان ڕەکێش بکەن وبە ئەزیت کەرانی خۆیان هەڵ ڕەخساند کە لە ژێرچەتری داکۆکی(ئوردوگای سوسیالیستی) وهێزەکانی پیشکەوتووخواز خۆیان حاشاردەن. هێندیک ئاقیدەیان وابوو کە ئارووشەی بارزانی نەک لە خەشیم و ناشارازایی لایانگرانی کۆنەپارێز بەڵکوو بە هۆی ناوبانگێک بووە کە بە(مەلای سوور) هەیبوو،کە لە قەبێک بوو کە چاپەمەنیەکانی بریتانیا لە دوای مانەوەی دورو درێژ لە شوورەوی بەویان دابوو.

کوردەکان هەنۆکە لە بنەبانی مەترسیدا تێگەین کە ئەگەر بیانەوی بۆخۆیان بە تەنیا لە شەڕیکی چریکی دوورودرێژ بەردەوام بن، چەک وچۆل وتەقەمەنیان بەم رادە نییە. بەڵام تێشکانی نیزامی بۆ ئەو خەڵکەی چیانشین و شەرکەرو لە خۆبایی لە مەش دەردهێنەرتر بوو. کوردەکان پەیوەندار بەتۆپخانەی(شا) بوون،و(شا)ئیستا لە نەکاو بەرەڵلای کردبوون،بارزانی بۆ سەرمەستی ودڵخۆشی (شا) ڕێبەرانی کوردی ئیرانی کە لە کوردستانی باشووری ئیراق خۆیان حاشاردابوو،بە(شا)ی تەسلیم کردبوونەوە. (شۆڕشی کوردان)لە ماوەی دوو حەوتوو،بە سانایی لێک تەفرو تونابوو! یەکێک لە مێژوونوسانی کورد لەم بارەوە سکاڵادەکات، ودەڵێت: ( ئەمن بابەتێک ونموونەیەکی دیکەم لە شەڕی نەتەوەیەک نایتەبیر کە بەم شیوەو شیوازەو دڵ پێ سوتاویە  بە دوای ئەمرێکی ڕێبەری کۆتایی بەشۆڕش هێنابێت،ئەویش لەحاڵێکدا کەخەڵک هێشتا بڕیارگربوون کە لە شەڕبەردەوام بن، و ئامێرو ئامرازو کەرەسەو دەستگیرەی ئەم کارەیان هەبوو.) کوردەکان لەڕووی نەزانی لەجیاتی ئەوەی خەریکی کشت وکاڵ بن،هەتا بۆ خوواردەمەنی خۆیان پەیوەندار بەخۆراگێک کردبوو  کە ئیران بە کامیون بۆی دەناردن. ئەوها بوون بابەتەکانی گرنگی توژینەوە کەلە کوردستانی ئیراق لەسەرزاروزوانان بوو،وبزوتنەوەی نەتەوەیی کوردی دیسان زۆرتر بەرەو هەلتاواندن برد. ئەم مەسەلە هەنۆکەش بەچەشنێک لەسەرزاروزوانانە. سروشتییە وەکووعادەتە دەوڵەتانی دراوسی پێی کەیف خۆش وخۆشحاڵ بوون.

لەو چاخیدا زوربەی کوردەکانی ئێراق ئەمری بارزانیان قبووڵ کرد،وەلو بەم هۆیە کە دەویدا ترس وپۆشەکاوی وڕێگایەکی دیکەیان لە ڕوو نەبینی. چ پیمان خۆش بێ وچ ناخۆش،ئەم قسەی (شا)راست بوو کە(ئێران تەنیا پەنجەرەی کوردەکان بۆ دونیای دەرەوەیە) و ئێستا(شا) ئەو پەنجەرەییەی گاڵەدەدا. هێندیک لەپێشمەرگەکانی لەمەری بارزانیان لادا لەشەڕبەردەوام بوون، گروپێک خۆیان کوشت،ودیسان دەستەیەک بەرلەوەی بەپیی پەتی وپێخاس ڕێگاکانی قوڕوچڵپاوی گرتووی شاخاوەیەکاندا لەو سەرماو سەهۆڵبندان بگرنەبەر هەتا لە سنوورئاوابن و بە زێدەترلە/250000هەزارپەنابەری بلکێن کەپێشترلەو وڵاتی پەنابەربوون و کەل و پەل و شڕوشاڵاتی خۆیان شکاندن و ماڵەکانیان ئاگرتێبەردان. ئەمە،پاشەکشەیەکی ڕیکوپێک بوو،دەیان هەزارکەس خەڵکانێک کە زۆریان پی خاس بوون وجگەلە جلی نازگ لۆکە یان نایلۆنی شتێکیان لەبەردانەبوو کەوتنەڕێگا... خولاسە هەرچە بووپاشەکشەبوو. تورکیەهەربەو(بیانوەی) پیشوو کەجگەلە ئورۆپاییەکان پەنابەردیکە وەرناگرێ،سنوورەکانی لەڕووی کوردان نەکردەوە.

بارزانی زۆر حەولیدابوو داکۆکی ئامریکا و ئیران بۆ نوێکردنەوەی ئاگربڕ ڕەکیش کات هەتائەو پێسمەرگانەی کەلە بنکەکانیان دوور بوون بتوانن لەگەڵ بنەماڵەکانیان بەپەنابەران بلکێن و لە ڕق و

تووڕەیی سەدام بپارێزرین،بەڵام ئاکامەکەی لەم تێکۆشانانە وەرنەگرت. تەنیا کارێک کەتوانی بکات ئەمە بوو کە ماشێنێکی بۆ هێنانی عیسێ سوار،فەرماندەری کۆنەکاروبەئەزموونی پیشمەرگەکانی بادینان وماڵ ومنداڵەکانی نارد. بەڵام پێشمەرگەکان کە بەمەسەلەکە حەسیان کە دەیەوێ ئەوان بەجێ هێڵێ، بە تۆڵە ئەمە ئەویان کوشت. ئەم پیشمەرگانە باش دەیانزانی کەلەجەرەیانی تۆڵەوەرگرتنەوەکانی سەدام چ چارەنووسێک چاوەڕوانیان دەکات. لەراستیدا هەزاران کورد،کە زۆرایەتی خەڵکی ئاسایی بوون، لەم کارەساتەدا گیانیان دۆڕاند،و دەیان هەزارکەس بۆ ئیران تێیانتەقاند.

زۆرایەتیەکی لێمشتی ئەم خەڵکە کە لەخۆڕایی بوونی، خەباتی چەکدارانە متمانەیان بەدەست هێنابوو خێرالە(لێبوردنی گشتی) ئیراق کەلکیان وەرگرت وماوەی چەند مانگ بۆ ئیراق گەڕانەوە. گروپێکی دیکەش کە ئیرانییەکان ئیجازەی سنووڕپەڕاندنیان نەدان. پاشان بەغدا وەکوو بەشێک لەسیاسەت کەکوردەکانی بە ناوی نەیارانی هیچ کات شیاوی چاک کردنەوەنین بەیاندەکرد،دەستی بەڕەگەزبڕینەوەی کوردەکان کرد. نزیکەێ/120000هەتا/300000کوردی کەبەپیی فەرمانی عافۆ لەئێران گەڕابوونەوە،بۆناوەند و باکووری ئیراق دوور خراوکرد،و نزیکەی ساڵیک ئەوانی لەوێ ڕاگرت. لە نێو وانداخوینکاران ومامۆستایانی قوتابخانەکانی بۆ تۆڵە لێوەرگرتنەوە هەڵبژارد، و ئەوانی یان بۆ بەندیخانەنارد یان لەدوای گەلێک ئەشکەنجەو جەزرەبە ئیعدام کرد.

چەند دوایی ئێراق بۆ هەڵبڕینی پەیوەندی کوردەکانی ئیراق لەگەڵ هاو ڕەچەڵەکانیان لە وڵاتانی دەراوسی خۆی نەوارێکی پارێزگاردی و هێمنایەتی بە قولایی پێنج هەتا پازدەمیل و بەدرێژایی نزیکەی /600میل لە کێش ودرێژبونەوەی سنوورەکانی خۆی لە گەڵ ئێران و تورکییەو سوورییە بەوجودهێنا. نزیکەی/1500گوندی هەڵکەوتوو لە بازنەی ئەم پشتیندەی خاترجەمی، بە دینامێت تەقاندەوە وبەبۆڵدزیر تەخت کرد./750000کەسی دانیشتوانی ئەم گوندانەی بۆخانوبەرکانی تازەدورست کراو بە ناوی (شهرەکەکانی پیرۆزی) دوورخراوکرد،کە بۆ هاسانکاری و چاو لە سەر بوون لە رەخ پێگەو بنکەکانی ئەرتەش و ژاندارمەری سازدابوون. عەڕەبەکانی هاندەدا کە ملّک وماڵی کوردەکان بەناوی ئیستراتیژی حیزبی بەعس دەست بەسەردابگرن: ئەم ئیستراتێژیە،کوردەکانی لە دەڤەری سنوورو زێووزارەکانی پڕپێتی وڵات و هەر وا لە کەرکووک و شوێنەکانی تری نەوت لێهەڵقولێو و ناکۆکی لە سەر،هەڵقەندو هەتڵەو هەڵوەداکرد: ئەمانە تۆوێک بوون کە ڕشاندران و چاندران بە(ژنوسایدی فەرهەنگی) دەنگین بوو: (یانی ڕیشەکێشی ورەگەز بڕینەوەی هێورهێوری ژیانی گوندەیەکانی خەڵکی کورد،کە دڵ وناوەندی کۆمەڵگای داب ونەریتی نەتەوەی کورد بوو. لە کۆتایی پاییزی ساڵی 1975 هەوەڵین ڕاپۆرت پڕ کاکڵ لە زنجیرە

ڕاپۆرتەکانی تیروتەسەل،گەلێک لە بەستێنی خەوشەداربوون و کەمایەسی تێکەوتنی حقوقی بەشەر لە ئیراق، لە پەیوەندی لەگەڵ کوردەکان،لە لایان(کۆمەڵگای نێونەتەوەیی)بڵاوکراوە،کە دەویدا دەگوترا:389ژن ومنداڵی کورد بەم تاوانە کە میرد یان باوکیان لە ڕێزی تێکۆشانی چریکین،لە ئیراق زیندانین.

لەگەڵ ئەم هەموە کالاهان،بەرپرسی(سیا)ی تاران پێشنیاری کردبوو کە(کەمکردنەوە لە دەردو کوێرەوەی کوردەکان باشترین شۆڵ دەبێت کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا دەبێ بیکات.)ئێستا بە لانی کەمەوە لە بابەتێکی گرنگی دیکە نیگەران بوو.لە ئاوریل زەنگی ئاگاداری لێدابوو کە(ئەگەر کارگێڕانی پایە بەرزی ئامریکایی،کەسانیکی وەک کیسینجەر،کارێکی بۆ یارمەتی کوردەکان نەکات،دەتوانین بەیەقینی بزانین کە ئەوانیش دەم گرێنەدەن و چێرۆکەکە بۆ دونیا بگێڕنەوە.)بەڵام سالهای کێشاهەتا بارزانی لەم بارەوە وەقسەکات،و ئیدی ئەو چاخیش هیچی نەگوت. بیدەنگی کوردکان و دەرەکیەکانی هەر دوو،وەک یەک سەرسوڕماو تاساند.لەگەڵ ئەم هەمووە ئەم خۆپاراسین و قایمکاریە لە پەیوەند لەگەڵ شۆرشگێریکی بە ئەزموون کە لە ماوەی سالهاڕەنج و کویرەوەری و ئەشکەنجەو بەدشانسی و چەرمەسەری فیربببوو کە نابێت دواڕۆژ بە ئاخافتنی عاتفی کە بارودۆخ و هەڵکەوت و مەوقعیەتی لاوازتر دەکەن بولێل کات،بەتاڵ لەمانا وکاکڵ نەبوو.دەیزانی کە نابێت لە(شا) چاوەڕوانێ بکرێ،بەڵام هێشتا بە داکۆکی ئامریکای هیوا هەبوو.چەند حەوتوو لەپاش ڕێککەوتنامەی ئەلجەزایەر لە کۆنفرانسێکی هاوالدەری لە مانگی مارس،لە حاجی ئۆمەران،جیم هۆگلند ڕۆژنامەان کە پێشتر دەیناسی و لاقی دەقرساندبەپێچەوانەی حاشاکردنی وی،لەماوەی دووچاوپێکەوتن،ئەوی بەیەکێک لەکارگێرانی ئامریکادەزانی،بۆ لایەک کیشا.ئێستابارزانی لە وی ویست کە پەیامی تایبەتی وی بۆ بەخشینی پەنابەری سیاسی،بە کەسینی وی، و داکۆکی لە نەتەوەی کورد،بە دەولەتی ئامریکاڕابگەیەنێت.

بارزانی کە بەگەنجی سیگارکێش بوو،زۆری جغارە دەکێشا،ئێستا ئێشێکی لە بن ئیسقەکانی لای چۆڵەمەی سینگی هەست پێدەکرد،کەدوایەکان دیاریدا تووشی سەرەتانی ڕیخۆڵەبووە_قەڵافەتی تیکچوو.دەیەویست هەم بەمەبەستی دەرمانکردن وهەروا بۆ پارێزراوی بۆ ئامریکا بڕوات.بەڕووتێکردن ئیراق بەتووڕەوتۆسنی وگڕگری و تۆڵە وەرگرتنەوە،کە دەیانجار وەڕاست گەرابوو،دەلیل وهۆکاری تەواوی هەبوو کەلەگیانی خۆی ئەمین نەبێت،و دەیزانی مادام کە لە تاران بمێنێتەوە لەگەمارۆی ساواک دادەبێت، وساواک هەرنەبێت بەهۆی یارمەتی بەپەنابەران دەمی دەبەستێت،و بە تەنیای دیلێتەوە.بەم دەلیلە لە قسەکردن لەگەڵ (هووگلند وهاوالدەرەکانی تر،بۆ پارازستن بەلەبزەی زۆربەکاکڵ لەخەیانەت ئاخافت.بەنهێنی بەوی گوت کە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا،ئەوانی بەرهەڵلا کرد،هەتالەگەڵ شەڕیکی(ڕەگەزبڕینەوە) رووبەڕووبن. (ئێران ئێمەی بۆ ئەم کارە دنەوهاندا،وگەلیک وادەی بە ئێمەدا کە بە هیچ کام لە ئەوانی وەفانەکرد.

بەئیمەیان گوت لەهەربارەوە بەئێوەیارمەتی وپشتیوانی وداکۆکی دەکەین) پرسیارەکی پڕلەسکالای کەلەم بەستینە بوخچەکردەوە ئیکجاربەجێبوو: (ئاخۆ  خەڵکی کورد جنایەتێکی ئەوهایان کردبوو کەخەڵکی دونیا دژیان بن؟)

ئێشی سینگی بەڕادەیەک توند بووکەلەژوئن 1975 ئیجازەی وەرگرت بۆ دەرمانکردن بۆ ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکابچێت. یەکیک لەکارگێڕانی ساواکیان ڕەگەڵ خست،ئەو لەم بابەتەئیکجارتوڕەبوو. کاتێکێش لە فرۆکەخانەی (کندی)نیویورک ساواکییەک لە(سیا) وموریس درپیر،بەرپرسی نوسینگەی کاروباری ئیراق لە وەزارەتی دەرەوەی بەچاوەڕوانی خۆی بینی،حاڵ وخولٛقی باشترنەبوو. ئەم دووە،لە فرۆکەدا ئەویان هەتا(کلینیک مایو) لەروچستر، مینەسوتا،بەڕی کرد. سەرەتانی ڕێخۆڵەی بارزانی عیلاج نەکراوە نەزەردرا،وگوتیان زێدەلەشەش مانگ ناکیشێ.

دەیەویست ڕاستەوخۆ بۆ واشنگتۆن بڕوات،لە وێ کە محەمەد دوسکی دیپلۆماتی پێشوی ئیراق،کە دوایەکان نوینەری بارزانی لە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکابوو، بیروڕای باشی سەناتورهنری ام. جکس و سەناتور ریچارد استون،هەروا جورج مینی،بەرپرسی(فدراسیون کاری ئامریکاو کۆنگرەی سازمانەکانی سەنحەتی ئامریکا)ی سەبارەت بەبزوتنەوەی کورد ڕەکێش کردبوو. بارزانی هیواداربوو ئەم دۆستانە بتوانن لەپشت پەردە،بێ بەبێ دەنگی کارتێکەربن.  لە خولێک هەتا کەوتە بەرئەم فکرە کەلە(مینی)داوابکات فرۆکەیەکی گچکە بەکرێ وەرگرێ وئەوی (بفڕینێ) وبۆ واشنگتۆنی برێت،بەڵام پارێزگاردەکانی پیلانێکی تریان هەبوو. لەحالێکدا کە دوسکی سەری سوڕمابوو لەمە کەچلون بوو کەبارزانی وگروپەگچکەکەی نەگەینێ،بارزانی وهاڤڕێیانی لە ئامریکا دەگەران،لە لێک تائو،و کالیفرنیا،سەردانیان دەکرد. ئەم سەردانە مانگێکی درێژە هەبوو،وبەم مەبەستە بوو کە دوور لە هەتەری چاوبێت.

Mayo
Rochester
Minnesota
Dosky
Henry
Richard
George
AFL-CIO

Lake Tahoe

لەئاکامدا یەکیک لە یاریدە دەرو ئالیکاری بارزانی بە بەیانووەکی نهێنی لە مالێکی ئەمین، هەڵکەوتوو لە(مک لین،ویرجینیا،کە بارزانی لە وێ دەست بەسەر بوو و پەیوەندی لەگەڵ دونیای دەرەوە هەڵبڕابوو هات و تەلەفونی بۆ دۆسکی کرد. یەک دوو جار لە سویسی قسەکرد،کە بە بۆچوونی مەسعود کوڕی بارزانی باشتر لە(زیندانێک) بوو کە لە ئامریکا بە سەرویدا سەپاند بوو. دوسکی بە جۆرێک ڕەنگی گۆڕاکەلە دەستووری بارزانی سەبارەت بە دووری لە چاپەمەنی سەری لادا. ئەو بڕیارگر بەمە بوو کە دەوڵەتی وادار بە ئاکارێکی باشترلە گەڵ وی بکات،لە گەڵ دانیل چور لە توڕی سی بی اس پەیوەندی گرت. چۆر دەیەویست بارزانی بۆ تەلەفزیون بێنێت هەتا قسەی خەیانەتی ئامریکا بە کوردەکان بگێڕێتەوە، بەڵام بازرانی قەبووڵی نەکرد: ئەو دەیەویست لە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بمێنیتەوە و لە باردووۆخ و هەڵکەوتێکی ئەوها دانەبوو کە بارودۆخێک، وەکوو مێوان هەیبوو لە مەترسی بخات.

بارزانی لەم نیوەدا وای هەست پێدەکرد کە بە نزیک بوونەوە لە دەستپێکردنی هەڵبژاردن، دەوڵەتی فۆرد دەیەوێ ئەوی بۆ ئێران بگەڕێنێتەوە. لە نەوامبەری 1975،پۆشتە بە دەرمانی ئاتاج بۆ شەش مانگ و بەو متمانەیە کە دکتۆرەکانی ئیرانی لە لێهاتووی دختۆرانی کلینیک مایو،بەرهەم وەرگرن بۆ تاران گەڕاندراوە. (درپیر)کە وەکوو گەلێک لە کەسانی دیکە هۆگری بارزانی ببوو لە بینینی ڕەنگ و ڕووی تیکچوو وزۆری کارتێکرد،راستی فکر بۆچوبوو. هەوەڵین جار کە ڕاسپاردەی پەیوەندی لە گەڵ بارزانی ببوو بەویان گوتبوو کە سەبارەت بەم وێچوونە کە لە ڕاگەیاندراوەکاندا بۆ دەوڵەت ئارووشە بکا، لێکۆڵینەوە بکات، بەڵام ئەو لەو بیروبۆچوونە دابوو کە ئارووشە پیکناهێنێت،لێکدانەوەکەی دورست ئامانجی پێکا.

خێرا لەجێگای بارزانی کۆنگرە شۆڵی بەدوا کەفتن بە(ئابڕوچوونی) وەسوکر، گرت. کاتێک کە ئەو لەئێران بوو(ڕاپۆرتی پایک) بەچاپەمەنیەمانی ئامریکا قەڵشت کرد. لەگەل ئەم هەمووە بارزانی دیسان بێ دەنگی هەڵبژارد. کلبی دەڵێت: (بەرێ وەسوەسە ببوو کەحاڵ وحیکایت بگێڕێتەوە بێ گومان بۆ ڕێگری کە(لەقاودان) حەول وتەقەلامان دەدا- و(ئاگالێبوون) لەبارزانی لەماوەی شەش مانگی مانەوەی لەئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بەم مەبەست بوو. لەبەهاری ساڵی 1976ئێمە لە کۆنگرە هەتا قڕقرۆچکە نوقمی لێکۆڵینەوە بوون.) سالهاپێچوو کەکلبی ئەم قسانەی دەربڕی،بەڕەوالەت ئامازەیەکە بەلێکۆلینەوەیەک کە سەبارەت بە تێکۆشانەکانی نهینی (سیا) لەئانگۆلا و تێشکانی هیندوچین لەکاردەکرا.کلبی گوتی: (نەماندویست بەتومەتەکانی بارزانی ڕوو بەڕوو بین) وگوتی: (هەر چەند تەنگەژەیەکیشی وەدینەدەهێنا.)

خەولاسە دەوڵەتی فۆرد لەوساڵیدا کە دەنگدان بەڕیوەدەچوو بەچ لەونێک نەیدەویست خۆی بەپێشهات و وێچون بسپێرێت. بارزانی کە توشی ئێشێکی گەلێک زۆر ببوو وبە هۆی(شیمی دەرمانی)کزوبێ تاقەت وببوو،دەرمانەکانیشی بەدوایی گەیبوون،دەیەویست بۆ (چک آب)بۆ ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکابگەڕێتەوە بەڕێگری ڕوو بەڕوو بوو. دوسکی بەدەلیل وهۆکاری دختۆری لە نوسینگەی جوزف سیسکو،جێگریوەزارەتی دەرەکی لەکاروباری سیاسی،داوای ویزای کرد_ بەڵام ئەوی بەتووڕەیی لەکۆڵەخۆی کردەوە. لە دوایی گنخاندنێکی زۆرلەئاکامدا یەکێک لە یاریدەرانی سیسکۆ،ئەوی قبووڵ کرد. پێی گوت کە ناتوانێت کاریکی لەدەست نایە،چونکەبارزانی بەپاسپۆرتی ئێرانی سەفەردەکات وتاران داواکەی ڕەت کردۆتەوە. دوسکی بەقەڵسەوە واشنگتۆنی تۆمەتبارکرد بەمە کەلەخۆیان بەبرپسیارنازانن: (ئێوەبازانیتان لەمەڕسیاسی کوشت،هەنوکە دەتانەوێ لە مەڕلەش و تەنانی ئەوی بکوژن.)

لەئاکامدا دوسکی سرکەوتوو بوو وەزارەتی دەرەوە ڕازی بکات بەمە کە بە بارزانی ویزابدات،هەرچەند ئیدی تازە دردێکی بۆ دەرمان نەدەکرد،چونکە ئێرانیەکان ئیدی جارێکی تر ئیجازەی چوونەوەدەریان لە ئیران بەوی نەدەدا. دوسکی لەحەول وتەقەلای وەزارەتی دەرەوە بەمەکە خۆی لەژێر تەشک وداوێنی (شا)ی بشارێتەوە ئەوندەتووڕەبوو کەفی هەڵدابوو وهەڕەشەی کرد کە ئێستا ئیدی بارزانی لەوانەیە،چیرۆکەکەی بۆ دونیابگێڕێتەوە لە قاودات. ئەم هەڕەشەیە وەزارەتی دەرەوەی هێناوە سەرەخۆ. لەدۆسکی بانگیشتن کرابۆ وتوویژ سەبارەت بەهەل ومەرجێک کە بەپێی وی بارزانی لە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بمێنێتەوە بۆوەزارەتی دەرەوەبێت: بەڵام بەهۆکاری پەرچەنگی وپەیکاری دەنگدان وهەڵبژاردن نابێ لەگەڵ چاپەمەنی و هاواڵدەران ئاخافتنی هەبێت،و بە پێچەوانەی جاری هەوڵ کە دەرچوونی لە نەخۆشخانە لەلایان(سیا) درابوو،ئەوجاربۆخۆی خەرج و دەرچوونەکان وەسوکر،بگرێت، هەرچەند ئایالاتی یەکگرتوونی ئامریکاپارێزگاردی لە بەردەست دادەنێت. لەبەرامبەردا دوسکی لاقی قراساند کە بارزانی ئازادبێت و بتونێت بی پاریزگارد سەفەربکات ولەگەڵ هەرکەس کە ویستی سەردان وچاوپێکەوتن بکات.

بەڵام کاتێک بارزانی لەژوئنی 1976 لاقی لە فڕۆکەخانەی(کندی نیو یورک نا،کارگێرانی ساواک ودرپیر، وکارگێرێک لە(سیا)گروپێکی گچکە بۆکلینیک مایو ڕەگەڵ کەوتن. لەدوای بەڕیوەبردنی فەحس وبەوردی لێروانینی پزشکی لە واشنگتۆن سەقامگیربوو،لەهوتێل بۆ ئاپاڕتمان گویزراوە و لە وێ بەرلەمە کەلە ماڵەکەی(مستعمراتی)پێنج خەوە لە(مک لین نەشتەجی بێت بۆ ماڵێک لە ناوشار هات. ئێشی سینگی هێندێکجار بەرزدەبوو وجاردادەبەزی، بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ دختۆران بە فرۆکەی یکجێ(دەربست)بۆ

مینەسوتا،دەچوو: زوربە لەگەڵ ئێشێکی توند دست بەبەرۆک بوو،بەڵام پیاوانە خۆی لەبەرئێشەکەی ڕادەگرت،تەنیا بیچمی هەڵۆیانەی بوو کە توندوتیژی و قوسایی ئێشەکەی بەرچاو دەکرد.

ئەوبیانیانەی کە بارزانیان دەناسی لە بینینی ئەم بارودۆجە لە مەترسی دەکەوتن...هۆگلند کە وێنەی بارزانی لە یەکەمین چاوپێکەوتن لەگەڵ وی لە نوسیگەی کاری راگرتبوو،چەند کەڕەت پێشنیاری لایانگرانی بارزانی بەسەردان لەوی ڕەت کرد. گوتی: (ناتوانم بەخۆم قوەتی قەلب بدەم کە ئەم هەڵۆیە لە قەفس داببینم_ لە ڕستیدا هەستم، ئیحساسم قبووڵ ناکات.)حئیم لەواکف،لە کارگێرانی پێشووی موساد،لە کوردستان،ویستبووی کە بارزانی ئەوکات لە ماڵ دەست بەسەربوو ببینی،بەڵام ئامریکایەکان ڕێگایان پێنەدا. ئەو کارگێڕەی ئیسرائیلی دەیگوت: ئەگەر ئەمنی بینی بوایە دەیگوت: (وەرە باپێکەوە بمرین.) بارزانی هەروا بە ڕووگەشی مانەوەی خۆی لە واشنگتۆن قبووڵ دەکرد.

ئەو کە نەیدەویست کە قبووڵ بکات کە لە دوورخراوەی دایە،بڕیارگربوو لە سەرئەمە کە ئامریکایەکان بە جۆڕیک بێنێتەوەسەرچەقەڕێ، زوربە بەمیوانی کردن دەیەویست پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەتی ئامریکا بپارێزێت. بەڵام ئاڕووشەی زوانی دەست وپێی گاڵە دابوو، بەپێچەوانەی تێکۆشانەکانی جوامیرانەو جەسورانەی  کە بەیارمەتی و شەدانێکی دوو زوانە لە کاری دەکرد هیچ کات لەسنووری رستەودستەواژەی زۆر سەرەتایی، رستەی وەکوو(زوربەتام)... سوپاس... مەمنونم)بەرفرەوانتر نەڕۆیی. لە ناو فراوین و شێوخواردنانە کە لەگەڵ سناتورجکس وسناتوراستون ودرپیر وهاواڵدەرانی وەک جک اندرسن واسمیث همپتن،بەباشی قسەدەکرد،بەڵام بەپێچەوانەی حەول و تەقەلای ئیکجار زور دۆستانی  و پێشنیارەکانیان لە وی کە بیرەوەریەکانی لە سەرنەوارزەبت کات و لە نوسینی بیرەوەریەکانی ئەوی ئالیکاری بکەن،هیچ کات ڕازی بەمکارە نەبوو. بەبۆچوونی درپیر،بارزانی ئاقیدەی وابوو کە نوسینی بیرەوەریەکان،مردنی وەپەلە دەخەن.

ئیحتیاتی بارزانی ڕەنگە لەم بارەوە دورست بوو،چونکەحەولدانێکی دیکەش بۆ گەڕانەوەی بۆ ئێران کرا. لە سەرەتای پاییز،بە وێچوونێکی زۆر بەپیشنیاری ئامریکا،(شا) بەتیلگراف لە بارزانی داواکرد بۆ تاران بگەڕێتەوە: ئەم کارە بەوێچوونێکی زۆر بەمەبەستی هەسانەوەی دەوڵەتی بۆش سەبارەت بەدڵەخورپەی لە هەڵچوون وبەرزبوونەوەی چرکەکانی دوایین،لە مانگەکانی کۆتایی پەرچەنگی دەنگدان بوو. بەڵام ئەوکەڕەت بارزانی لەگەڕانەوە بۆ ئیران جواب جەنگی کرد. دەیزانی کە هەنۆکە دەتوانێت بەداکۆکی دۆستانی خۆی لە سەنا وبزوتنەوەی کرێکاری پشت ببەستێت. بارزانی چیڕۆکی باوەرنەکردنی ژیانی خۆی بۆ ئامریکایەکانی کە بە چێشتی کوردی مێوانی دەکردن دەگێڕاوە: بەوخەیانەتانی چەندپات کراوەی

ئێران وئیراق و تورکییە ویەکیەتی سوڤیەت، وئیسڕائیل_ وهەنوکە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا_ لە حالیکدا کە لەگەڵ هەل ومەرجێکی ناهومیدانە ڕوو بەڕوو بوو ودایم ودەرهەمیش لەحاڵی شەڕ دابوو. درپیر،دەیگوت: (جۆڕیک بووکە چینیەکان چێروکەکانی(ڕێگابڕینی گەورەیان دەگێڕاوە) بارزانی زۆر بەسانایی بە هەڵەی لێکدانەوەکانی خۆی دەم پێدا دەهێنا. لەگەڵ ئەم هەمووە لە شیاوتریەکانی سیاسی ئامریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست ،بە هۆگریەک کە بە کێشمەکێشمەی عارەب و جولەکە هەیبوو، سەری هەودای بۆ نەدەدۆزراوە. شوێن تێکەریەک کە (درپیر) لە وی وەدەست هێنابوو ئەمە بوو:

( مرۆڤیک بوو لە دوایی ئەم هەمووە چەق و تەف و گیژاوو خول و سوڕو، ئەو هەمووە شەپۆل و تۆفانانە، لە سەریەک و بە تەواوی پاریزکارو کۆنەپارێزو قایم کارو لە سەرهەست و وریا بوو. پیاوێک بووئیکجارخۆگر ومەتین و ڕاست گۆو قسەپتوون راست بڕیار...ئەمن لەگەڵ وی گەلێک دانیشتم وئاخافتم...ئەو گەرئامریکایەکان رەزامەندی خۆیان بۆ وی دەرنەبڕێبوایە ئەو هیچ کات بەجەرەیانی 1972 نەدەلکا. بارزانی ئێرانیەکانی خەراپتر لە ئێراقیەکان دەزانی،بە تۆرکەکانی هیچ جۆرەمتمانە نەبوو.

بارزانی بەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە ئامانجی وەدەست هێنانی(خودموختاریەکی سنووردار) بوو،کە ئەو ئەوی بەناوی هۆکاری پارێزەری زبان و فەرهەنگی کوردی لێکدەداوە،و بەشێکی بە ئینساف وعادلانە لە بەرهەمی نەوت. درپیر،دەیگوت: ( ئەمن هەموو ئەم شتانەم دەنوسین،و بە دڵپاکی و ڕاستی و دورستی گوزارشت دەکرد. بەڵام بۆ هنری(کیسینجەر) کە لە نەهومی حەوتەمی وەزارەتی دەرەوە،بە تەواویی مەعلووم بوو کە ئەم جەرەیانە لە سەر ئێشەیەک زێدەتر نییە.) لە ڕاستیدا کیسینجەر ئەوها بڕیارگر بەپاراستنی پەیوەندی لەگەڵ ئێران بوو کە بۆخۆی و(شا) لە کۆشکی کوێستانی سەلتەنەتی لە قەراخ دەریای خزر لە هەرلەو مانگی ئەوت ماوەی وتوویژیکی دورو درێژ(ڕاپۆرت پایک)یان بە ناگرنگ بی بایەخ لەقەڵەمدا.

فروشتنی چەک وچۆڵی ئامریکایی بەقەتارەو خێرا وبەلەز ببوو،و(شا) بەئیفادەو بەپۆزو بادیهەوایی وتەکەبور دەیگوت: (مەگین ڕیگایەکی دیکەتان هەیە؟) لەم نێوە قسەکانی کە کیسینجەر بۆخۆی پێی ☹خۆشبوو دووپاتیان کاتەوە،ئەمەشی دەگوت: ئەگەرئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا نەدۆستانی یارمەتی نەکات،ئەوکات تەنیا ڕیگایەک کەدەمێنێ کوشتارێکی ناوەکیە، ویتنامەکانی دیکە. )

هەنۆکە بە ڕوونیی و بێپێچوپەنا تێدەگەین کە کیسینجەر کوردەکانی لە ڕیزی دوستان دانەناوە. بەپێچەوانە ،کوردەکان بۆخۆیان بەتاڵی لەم جەرەیانە لەزەت دەبن لەمە کە دووپات کردنەوەی ناویان ئەوی کەف پێ هەڵدەداو جندار دەکات. لە وەزارەتی دەرەوە دەنگۆ بوو کە هەرکەس لە لای کیسینجەر لە کوردەکان ناوبهێنێ مەترسی وەلانان و دەرکردن لە سەرشۆڵ، بۆ خۆی کڕیوە!

بارزانی لە سەرکەوتنی کارترو تێشکانی فورد لە ئینتخاباتی مانگی نوامبەری سەرکۆماری وکۆتایی هێنان بەکاری کیسینجەر کەیف خۆش بوو. بە شیاوتریەک کەکارتر لە ڕێکوپێکی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بۆ(مافی بەشەر)ئاخافتبوو،هیوای بارزانی بە گرتنی سیاسەتێکی باشتر سەبارەت بەکوردەکانی ئیراق،بەرزبوو_ بەڵام ئەم هیوایە خێرابەناهومێدی گۆڕا. ئەو بۆ دانیشتنێکی فورمەلیتە وتەشریفاتی بۆ چایی خواردنەوەو دەربڕینی هاودەردی ،لە وەزارەتی دەرەوە بانگێشتن کرا،و لەم دانیشتنەدا بەوی گوترا کەگۆڕانکاریەک لە سیاسەتی ئامریکا لە ئارادانابێت،ئیدی چ بگات بەچاوپیکەوتنی لەگەڵ سەرکۆمار. بەلێ گرنگایەتی (شا) بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە بەدوای یەکدادەهاتن هەتابەم بەرزایەتیە بوو. بارزانی بەناعیلاجی چارەنووسی قبووڵ کرد. دریپر،دەڵیت: (دۆستی لەسەناو چاپەمەنیەکان هەبوو،بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەبوو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پایەبەرز لە دەوڵەت پەیوەندی بگرێت. ئەمن زۆر ڕوک بەکوردەکانم گوت کە شتێکی ئەوها ڕوونادات) بارزانی هەرکات کە دەرەکیەکانی بۆلای خۆی وەردەگرت لە بنەبانی قورسی ڕیزوئیحتڕام وئەدەب، وسەرهەودای بە دەماربوونی ئەم ناهومیدی وبڕست لێبڕاوی تووربوونی لە دەست دەگرت. لە نێوەڕاستی ژانویەی 1979 ئەوکات کە(شا)ی سەرەتانی کە هیزەکانی ئینقلاب بۆ دوورخراوەی فندورو دەرپەڕاندبوو ڕاونابوو،لە تەلەفزیۆن بەڕووگەشی خۆشحاڵی گوتی: چاولێکەن چاولێبکەن ئەوکاورایەی کە ئێمەی ئیغفاڵ کرد تووشی چ ڕۆژێکی بووە!)

بارزانی ئەوکات بەلەز کزولاوازو داڵگۆشت وبێ هیز وپێز دەبوو. درپیر،کە ئیدی نەیدەتوانی ئەودیمەنە تاقەت بێنێ، بەدەم پێداهێنانی خۆی(خۆی لێدوور کرد)و لەجیاتی خۆی (ماری آن کیسی) بۆ سەردانی ئەوڕێبەری شکەست خواردو نارد کە ئیکجارجێگای ڕیزوئیحتڕامی وی بوو. ماری آن کیسی یەکێک لەبەرپسیارانی(نوسینگەی کاروباری ئیراق) بوو. کاتێک(ماری آن)گەیشتە وێ،بارزانی بەتوندی تووشی بین تەنگی ببوو، پشووی هەڵدەمالا،بەلام چونکە هەستی پێدەکرد ئەمە دوایین هەلە کە دەتوانی دەردو کوێرەوەریەکانی کە لە ناخی دلدایە لە سەر یەکیک لە کارگێرانی ئامریکای بەتاڵ کات،زوانی بەخەراپە لە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا کردەوە،و بە تێروتەسەلی و دوورودرێژی و دل پڕبوون ئیحساس و هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر لە گوتنیان خۆی لێ لادابوون گوت،و شتێکی نەگوتراو نەهێشتەوە: زولم و زۆریەک کە هەستی پێدەکرد،خەیانەتەکان،نامتمانەبوون و جێی باوەڕپێنەکردنی ئامریکا. دوسکی دەڵێت:

هەنگاوبەهەنگاوی قسەو ئاخافتنەکانی پشووی بەهێزبوو،وەک وی کە دیزانی ئیدی دەمرێت.)کیسی هەتاهەنۆکەش شتێکی سەبارەت بەم چاوپێکەتنە نەدرکاندوە.

لە کۆتایی ڕۆژەکانی فۆرییەی 1979 بارزانی بێ هۆش وبێ حەوسەلە لە نەخۆشخانەی زانستگای جورج تاون،لە ناو جێوباندا بوو.بنەماڵەکەی،بیست و چوارساعەت،بە نۆبە لە ڕەخ جێوبانی وی کیشکیان دەدا. دەیەویست لە گوندکەی بارزان،تەسلیم بە خاکی بکەن،کە لەمێژ بوو لە لایان هێزەکانی تولە ئەستێنی ئیراق، کە بڕیارگربوون بەردەکیان بۆ لە سەربەردەکی دانەنین،وێران و خاپوورکرابوو،خولاسەئیراقیش لەوهەلومەرجەدا نەبوو کە لەم بەستینە هاوکاری بکات. هەڵبژاردنی دووەمی شاری شنۆ هەڵکەوتوو لە کوردستانی ئیران بوو_ لەوێ سێ دەیە پێشتر لە کۆماری مەهابادی بەرگری کردبوو. بەڵام بەهەرحاڵ دەیەویست لە کوردستان،لە باوەش بنەماڵەکەی بە خاک بسپێردرێ. نەخۆشترلەمە بوو کە بە فڕۆکەی ئاسایی و کۆمەڵایەتی سەفەر بکات،لە بەر ئەمە فڕۆکەکی یکجێ(دربست)مان گرت،پۆشتە بەکپسول اکسیژن،هەتا دووی مارس ئەوی بۆ تاران برێت. لە یەکی مارس بارزانی گوتی دەیەوێ دابنیشێ. دوسکی ڕابوو هەتا بالنج بێنێت،بەڵام بارزانی گوتی نا،دەیەوێ لە سەر کورسی دابنیشێ. دوسکی دەڵێت:(سەری بۆ پێشەوە خواربووە_ وەفاتی کردبوو.

بارزانی سی ودووساڵ بەرلەو لە تاران لەگەڵ(آرچی روزلت)چاویان پیکترکەوتبوو: ئەویان بۆ تاران بانگێشتن کردبوو هەتا بەتاوانی بەرگری کردنی لە کۆماری مەهاباد کە تازە هەرەسی هێنابوو سزابدەن. بارزانی بەم یەکەمین کەسینی پلەبەرزی ئامریکایی کە چاوی پێکەوت گوتی: ئەمن لەمردن ناترسم. ئەمن تەنیا دووشتم پێ گرنگن و پێوەبەستراوەتمەو: شەڕافتم و قەولم.) هەتائەو دووانەشیان لێوەچاو، بوو.
داوای بارزانی بەڕیوەچوو،لەکوردستان تەسلیم بەخاک کرا_ بەڵام ئەم جەرەیانە ڕووداوێکی تاڵی بەدوا وەبوو: تابووتیان بە فڕۆکە بۆ تاران و لەوێرا بەبەرەکەتی دەوڵەتی ئینقلابی ئیران بۆ ورمێ برد. لەڕاستیدا بەرنامەئەمە بوو کە تەرمی بارزانی بە پێی تەشریفاتێکی فەرمی لە ورمێ بەماشین بۆ شنۆ بەرن: بەڵام لەکۆتایی چرکەکاندا کارگرانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بڕیارەکەیان گوڕی، وبۆ قایمکاری وتێبینی،ونیگەران لەسەرهەڵدانی نیواناخۆشی لە نیوان لایانگرانی بارزانی و گەلێک لە کوردەکانی ئێران کە ئەویان سەبارەت بە گرتن وئیعدام کردنی ڕێبەرانیان بەهۆی خۆشحالی (شا)نەبەخشیبوو، تەرمەکەیان بە هێلیکۆپتەر بۆ شنۆبرد.

لەشنۆ تەرمی بارزانی بەڕەگەڵ بوونی دەیان هەزارکەس کە لە شوێنەکانی دووری وەک سنە(سەنندەج)، هەڵکەوتوو لە باکووری کوردستانی ئیران،و بادینان هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئیران

هاتبوون،وەڕێخراو  بە خاک ئەسپاردرا. هیچ شتکی ناحەز نەقەوما. لە سەرتای سالی 1980 مارکسیستەکانی توندڕۆی کورد حورمەتی گڵکۆی ساکاری وبیان نەگرت وتەرمەکەیان ڕفاند. بارزانیەکان تەرمەکەیان دۆزیەوە،و ئەویان سەر لە نوێ لە قەڵایچەی شاخاوی خۆی،رایان کەلکاوبەسنووری ئیرانەبەخاک ئەسپارد. لەپاییزی سالی 1993تەرمەکەیان بەهێلیکۆپتەر بۆ تخوب بردولەوێ لەڕێگای هەردبۆ بارزانیان وەڕیخست: یەکێک لەوەڕێکەوتوانەی تەرمەکەی جەلال تالەبانی بوو،کەسەرەتاقوتابی ومریدی وی بووپاشان لێی هەڵگەراوە بوو بەدوژمن...ومەسعودی کوڕی. ئەو وەکوو خواست بووی لەبارزان لە بەخاک ئەسپاردا.دووهلیکۆپتەری ئامریکایی لەسەروەی گڵکۆی خول وسوڕیان دەدا، و دووفرۆکەی جێتی شەڕکەری اف شازدەدووجار بۆ ڕیزلێگرتن وئیحترام،لەبەرزایی بەسەرگڵکۆی ڕاخوشین: یائالاتی یەکگرتووی ئامریکا لەئاکامداخەریکی تێهەڵهێنانەوەو قەرەبۆکردنەوەی خەیانەتی سالی 1975بوو.

ئامریکایەکان یەکێک لە دەرکییەکان بوون کە بە لکەدار کردنی شەڕەف و قەولی بارزانی ئالیکاریان کرد.ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا بەر لە بڕیاری کیسینجەر لە1972 بەئالیکاری (شا)یەک چوارم سەدە بوو کەلەگەڵ جەرەیان ئەنباز بوو. زۆرپێشتر،یانی لە1947،آرچی روزلت،ئەوڕادەیە تێگەینهوشیاری و لێزانی هەبوو کە ئارەزو تاسەی نەتەوەیی کۆماری مەهابادحالێ بێت. زوربەی خاوەن نەزەران تەنیا بە(دەستپێکردنی) شەڕی ساردیان دەڕوانی: کەلەماوەی ویدامەسکۆ لەکوردەکان وئازەربایجانیەکان لەبەرامبەر(شا)سەرکەوتنێک کە ئامانجی داکۆکی بریتانیا وئایالاتی یەکگرتووی ئامریکابوو پشتیوانی دەکرد. روزلت بەگوێبیس بوونی ئەمە کەلە 23ی ژانویە ئەوساڵی بەسێ کەس لەڕێبەرانی پلەیەکەمی کۆماری مەهاباد حوکمی ئیعدام دراوە،بالویزی کبیر،جورج آلن،وادارکرد کەلەلای (شا) لەوان داوای لێبوردەن بکات. دەلیل هێنانەوەسەلماندن بەبەڵگەی روزلت ئەمە بوو(ئەگرئەوان ئیعدام بکرێن نەتەوەخوازانی کورد لەهەمووشووێن ئێمەبەشەرێکی تاوان دەزانن)(شا) دەست بەجێ جورج آلنیبۆلای خۆی ویست، وبەبزەلەوی پرسیارکرد: لەمەدەترسی تیرەبارانیان کەم؟ ئەگەروایە،دڵنیابە کەکارێکی ئەوها ناکام)(شا) بەشێوازی سەرسورمانی ئیرانی بەقەولی خۆی وەفاکرد: تیرەبارانی نەکردن، لەسێدارەی دان!

(تێبینی: هیچ کام لەکوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئیران  بێ حورمەتی بەگڵکۆی بارزانی نەکرد، ئەمە پێلانی چەوتی خوێنڕیژی کۆماری ئیسلامی بوو کە بەدەستی کارگێرانی خۆفروشی وی گورابوو، هەتاکوردەکان بکەنەدوژمنی قەستەسەری یەکتر، لە ڕاستیدا تەرمی بارزانی  نەڕفاندراوبوو بارزانێ قارەمانێکی نەتەوەیی خۆشەویستی گەلی کوردبوو. ئەوجارگڵکۆی بارزانی لە شنۆ لە دوایێنی گوندی سێبیان ابوو دەورەی تیل دڕو بوو، کیشکچی هەبوو. تابووتی بارزانی بە دەستی خۆماڵی لە قەبر هێنرابۆدەر لە قەراخ گڵکۆ دانرابوو، و مەبەست لەم کارە چەوتە، کوردبە یدکدی بە کوژدان بوو. ،ئەوکاتیش حیزبی دیموکرات بەڕاشکاوی گوتی: لەکیشکچیەکان پرسیارکەن با مەسەلە ڕاست ودرۆی

دەرکەوێ بەڵام بەداخەوە سەرۆکانی بارزانی لە جیاتی لێکۆڵینەوە پیلانی کۆماری ئیسلامیان بەڕیوەبرد،کە شەڕی خۆ بەخۆیی و شەهیدی لە هەر دوو لا لێکەوتووە. وەرگێری کوردی)

(تێبینی: لەڕاستیدا تەرمی بارزانی بەهێلکۆپتەر بۆ شنۆ هێنراوە لەئولکەی فۆتباڵ هێلی کۆپتەر نیشت،وەک وەبیرم بێت کاک ئیدریس وکاک مەسعود و مامۆستاهەژار لەگەڵ تەرمەکەدابوون، مامۆستا شێعریکی خویندەوە کەلەئاخرەکە هاتبوو:(ئەوەی بەئاسمان دەوەڕن – لەئاست لۆمەی ویژدان کەڕن. ولەلایان کۆمیتەی شاری شنۆ هەمووچەکدارەکان بەنیشانەی تازی وپرسەی وەفاتی نەمربارزانی پارچەی ڕەشیان لەلوولەی تفەنگەکانیان هاڵاندبوو وبۆڕیزوحورمەت تفەنگەکانیان سەروژێرلەشانی کردبوو،تەرمی نەمربارزانی بەحورمەت وعیزت ڕێزلێگرتنێکی تەواو بەتەشریفات لەگەڵ ئەوهەمووخەڵکەی کە لە سەرانسەری کوردستانی ڕۆژهەڵات هاتبوون بەرەوقەبرستانی سێبیان پشت چەقەجۆی شنۆ نزیکەی کیلۆمیتریک لەسەردەستان بردرا،ئینتزامات کوردکان بەوشیوەیەکەباسم کرد لەگەڵ بوو،هەتا کاک مەسعودلە سەرگڵکۆی بارزانی گوتی: ئەمن قەت چاکەی خەڵکی شنۆم لەبیرناچێ بەقولی کوردی مەگین بیانکوژین، بداخەوەحامیدئەفندی دوایی چل ڕۆژ لەخۆپیشاندانێک کەدژی کۆماری ئیسلامی وەرێخرابوو بەماشێنی لەندەویر لەپێشیان ڕاوەستا وتەقەی لێکردن ونزیکەی 7کەس لەلاوان ومناڵانی شنۆی شەهیدکرد!! و ئەو هەموو میوانە کە لە شارەکانی کوردستان ڕاهاتبوون لە شنۆ بوون هەمووخەڵکی شنۆ سێ ڕۆژ دەرگایان بۆ هەموو میوانان کراوەبوو. ئەمە بۆ مێژوو دەگێڕمەوە؛ وەرگیڕی کردی)

بەم شێوەیە پێشبینی روزلت سەبارەت بە نامتمانەیی کوردەکان بە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا،هیور هێورگورا. بارزانی لە ماوەی دەورانی دوورخراویی لە واشنگتۆن ئەم مەسەلەی بەداب ونەریتی لەمێژینەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەلک وپۆپی زورتر ڕازاندوە،و وردە وردە بەکمگرتنی هەڵەکانی خۆی لە تەخمین و بەراوردی بارودۆخ، قورسایی باری تاوانی یکجێ لە سەرشانی دەرەکیەکانی مزور و بە زەڕ بارکرد. بارزانی لە نامەی ڕێکەوت 1977خۆی بۆ کارتر،کە کاکلی لێقوماوی و زلمیکراوی ئەوە،نوسی:( دوژمنان،ئێمەیان لە مەڕ نیزامی شکەست نەدا،دۆستەکانمان ئێمەیان لە ناو برد)پاشان پرسیاری کرد: ئاخۆ مللەتێکی گەورەی وەکووئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا کە بنەڕەت ڕاگەیاندراوەی شەرەف ودورستی و ئازادی و دێموکراسی بۆ هەموو نەتەوەکانە دەتوانیت لەمە بەدوا ڕۆڵیک کە لە ناوچون وچارەڕەشی نەتەوەی کورد بەڕیوەی برد سەری بەرز کات؟)

چاردەساڵ دوایی وی جگە لە لۆچیک لە کارگێرانی وەزارەتی دەرەوە و(سیا) کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردەکان پەیوەندیان هەبوو، و هەستیان بە نارحەتی ویژدانی دەکرد،دەوڵەتەکانی کە لە ئامریکا دەهاتنەسەرکار،بەڕەواڵەت هیچ نیگەرانی ئەمە نەبوون کە چە ڕوویداوە. واشنگتۆن لە دوایین چرکەی دەوری ئیران و ئێراق لە بەرامبەر کەلک وەرگرتنی ئیراق لە گازەکانی شیمیایی لە مارسی 1988 هەزاران

کەس لە خەڵکی ئاساییان لە هەڵبجەی کوشت،گچکەترین هەنگاوی سزاییان دژی ئیراق هەڵنەهێنا، هەزارانی کەسی دیکە لە مانگەکانی کۆتایی شەڕ بەهۆی کەلک وەرگرتن لە چەک وچۆڵی شیمیایی لە ناوچوون،ودیسان هەزاران کەسی دیکە هەتا لەدوایی ئاگربڕی 20ی ئاوت کە شەڕی کۆتایی پێهێنا،گیانیان لەدەست دا. لە فورییەی 1991 سەرۆک بووش کوردەکانی دژی سەدام حوسین بە ڕاپەڕین دنەدا، پاشان کە شۆڕش،بەم هۆیە کە دەوڵەتی خۆی هلیکۆپتەرەکانی ئیراقیان کە لە باشوور کارەساتیان بەرپادەکرد تەقەلێنەدەکرد،تیکشکاندرا،حەولیدا تەواوی مەسەلەکە وەپشت گوێ دا. تەنیا وینەکانی تەلەفزیونی کە کوردەکانی لە حالێکدانیشان دەدا کە لە شاخاویەکان لە سەرما ڕەقهەڵدەهاتن ئەوی مەجبوور بەداکۆکی وهەنگاوهەڵێنان کرد.

ئەم دێمانانە بوون کە لەئاکامدا کیسینجەریان والێکرد کە بەشێوەی خۆی، بە بەرپسیارەتی بەشێک لە نامتمانەیی کوردەکان سەبارەت بە ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا(بێنەپێش) لە5ی مەی 1991 لە وتاریک لە بەرامبەر وەرگرتنی پارە،لە یەکێک لە ڕۆژنامەکان نوسی:(هەرکەس کە ئەم دێمنانەی دڵ بریندار دەبێنێ کە لە سنوورەکانی تورکیەو ئیران وئیراق دەقومێن،ناتوانێت لە هەرجۆرە هەنگاوێکی کە ڕێگری لە سەرهەڵدانەی کارەساتێک لە نیو کوردەکان وادە بدات پێشوازی لێنەکات.) ئەو لەساڵی 1975 لەبینینی دێمەنی دەئەها دڵی نەچرژابوو،کاری تێنەکردبوو وزگی پێنەسوتابوو بەزەیی پێ نەهاتبوو،کەهەتائەوڕادە غەماوی بوون،هەرچەند بەکردەوە لە سەرشاشەی تەلەفزیون دوورمابوونەوە. هەربەمجۆرەی کەلە(ڕاپۆرتی پایک) هاتبوو ئەوکات هەتا بۆ دابین کردن یارمەتیەکانی ئینساندۆستانە بە پەنابەرەکانی کورد هیچ کارێکی نەکرد. کیسینجەر هەنۆکە بۆ یەکەمین جار دەیگوت: (بۆ ئێمە کەلە دەوڵەت دابووین ئەو بڕیار بڕیارێکی دەردهێنەروهەتا دڵ بریندارbوو) ئەو کە هەر وا بە(سیاسەتی ڕاستبینانەی خۆی موکوڕ بوو،دەیگوت: (دەرسێک کە دەبێت لەم ڕووداوە وەربگیرێ پەیوەندی بە(دەستەبەر)ی سەرتاییە،نەک ئاکامی کۆتایی. ئایالاتی یەکگرتووی ئامریکا دەبێ لە سەرەتا دیاری کردبوایە کە لە یارمەتی بە کوردەکان هەتا چ ڕادە دەیەوێ بچێتەپێش،و بەر لە پیشکیش کردنی هەرجۆرە یارمەتییەک دەبوایە ڕادەو سنووری ئەم جەرەیانەی بەبێ چ بولێڵی وشلوێی وتاریکان دیاری بکردبوایە.)

لە ئەوتی 1991لێژنەکی کورد کەلە واشنگتۆن سەردانی دەکرد پێشقەدەم بوو وکارسازی چاوپێکەوتنی کسینجەری دا. ئەم جوڵانەوە بەئاشکرا بەم مانایە بوو کە ئەوان تاوانەکەی_ ئەگەرنا بەرپسیاریەکەیان لە جەرەیانی 1975 خستۆتە بەر لێبوردن. یەکێک لە بەشداران لەم جەلەسە لە شێکردنەوەی ئەم مەسەلە گوتی: (ئێمە بە هەر دۆستێک کە بتوانین پیدابکەین ئاتاجیمان هەیە.)

ساڵی دوایی چاخێک ئەمن ڕەزایەت دەربڕینی کیسینجەرم بۆ چاوپێکەوتن بۆ قسە دەخوێ وەردان سەبارەت بەکوردەکان ڕەکێش کرد، ئەم پسپۆرەی سیاسەتی دەرەوە کە ئاساییە ئارامی ڕەواڵەتی

دەپارێزێ،بەئاشکرا قەڵس بوو. پەیتا پەیتا لەبارەی کات و چرکەی چاوپێکەوتن گەمەی دەردەهێنا و لە ئاکامدا کاتەکەی جۆرێک دیاری کرد کە بەرلە ڕوین بۆ فرۆکەخانە،زمان لە20دەقیقەتێنەدەپەڕی. لەماوی تەواوی زمانی دیاریکراوی چاوپێکەوتن، بەردەوام چاوی لە ساعەت دەکرد. بەڵام پەرسەڤەکانی تەژی لە دەستەواژی ئەوهابوون: (ئەگەرخۆم شیاوی سەرکۆنەبزانم) و(لەبەسەرداچوونەودا(هەست پێدەکەم) دەبوایە وردبینترم لێڕونی بوایە.)و(بارودۆخم بەوردبینییەکی تەواو دابدشکردباو ئازانتی وشێکردبواوە.) دەی باشە،لە مەڕ ئاکارو کردەوەی (شا) سەبارەت بەکوردەکان چلۆن فکردەکەیەوە؟

کیسینجەر لەوەڕامدا گوتی: (فکرم دەکرد گەمەیەکی زۆرو شوێن تێکەر دەکات،ڕەفتاروئاکاری لەگەڵ ئەوان ئیکجار نالەباربوو...) وبە شیوەیەک کە بۆنی خەجاڵەتی لێدەهات بە بیچمێکی تاوانکارانە گوتی: ئەمما ئاخۆ ئەو قاقەزەی کە نوسیبوی(وئێستالە بەردەست دوسکی یە) و لە ماوەی ئەو چاوپێکەوتن بارزانی کە نیگەران بوو، ودەیەویست لە ژانویەی 1975 کەسینی بۆ وتوویژ بۆ واشنگتۆن بێت و ئەوهاتنی وەدواخست بوو،لەبیرە؟
وەبیری نەدەهات،بەڵام فکری دەکرد کە هێنانەی ئەم فکرە بۆسەر کاغەز کارێکی(دور لەدوورەپاریزی وئیحتیات)بووە_یانی ئەگەر ئەوای کردبێت.
ئەو بابەتەی کە لە(ڕاپۆرتی پایک) لە وی دووپاتەکرابۆوە کە گوتبووی عەمەلیاتی نهێنی لەگەڵ شۆڵی (لێژنەکانی پڕوپاگەندە)تەوفیری هەیە،چلۆن؟ ئەم قسەیە پویوەندیدار بە وییە؟
گوتی وێدەچێت کەشتێکی ئەوهای گوتبێت:(بەڵێ،مومکینە گوتبم) بەڵام( لە ڕاستیدا شتێکی ئەوهام گوتوە؟)
بەبیروبۆچوونی وی لەدوای تێپەڕینی ئەوهەمووسالە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کوردەکان چ شتێک لە هەمووان گرنگتر بوو؟
پەرسەڤی داوە: (دەمەویست بەپێچ و پەنا بە ئەوان بڵێم کە ئەمن کارێکم کرد کە بە ئەرکی خۆم دەزانی.). بەشی یەکەم: 2008/3/9ی میلادی ئوستەڕالیاسیدنی وەرگێڕی کوردی.

بیروهای کەدرجریان عقب نشینی بارزانیها ازعراق
بەارس دەعملیات مشارکت داشتند.

1-نیروهای متمرکز درخط دفاعی خوی_ قتور
الف- 4- گردان پیادە شامل:
گردان 3 هنگ 10

گردان 2 هنگ بهادر
گردان 2هنگ 32
گردان 3 هنگ آهن
ب- یک آتشبار توپ 75کوهستانی شامل 4قبضه
ج-ارابه جنگی 4 دستگاه
د- بی سیم 1 دەستگاه

2- نیروهای تعقیب کننده ازستون ترگور شامل:
الف- گردان اصفهان
ب- گردان 3آذرپاد
ج-تۆپ 75 کوهستانی 2قبضه
د-ارابه جنگی 2دەستگاه
ه-بی سیم 1دستگاه
3-نیروهای احتیاط وذخیره مستقر درشاگپور(سلماس)
-4ستون ماکو شامل:
الف- گردان 1 هنگ 12 کرمانشاه
ب-گردان 2 هنگ 27
ج- یک دستەخمپارەانداز شامل:
د-یک آتشبار توپ 75 کوهستانی شامڵ 4قبضه
هـ- بی سیم 1 دستگاه
5-سیەچشمه شمل:
الف- یک گردان لەهنگ بهادر
ب-بی سیم 1دستگاه
6-قرەضیاءالدین شامل
الف- گردان 3 هنگ 12

7-خوی
الف- هنگ سواره کردستان منهای یکااسواران

8- جمع کل واحدهای اعزامی بەجبهه:
الف- 10 گردان پیاده(بدون ذکر ادوات ترفیقی)

ب-دو هنگ سوارمنهای 2اسواران
ج- 14قبصه توپ 75 کوهستانی
د-6ارابه‌جنگی
ه-2قبضه خمپاره انداز
و- 5دستگاه بی سیم

9-بعلاوه:
الف- هواپیماهای مستقر درفرودگاه‌های تبریز وڕضائیه وماکو
ب- جاش های مسلح شکاک به‌فرماندهی سرگرد صلح جو- جاش های مسلح رشیدبیگ هرکی به‌فرماندهی سروانضرابی ومزدوران مسلح رؤسای عشآیرماکو به‌فرماندهی سرهنگ زالتاش
ج- نیروهای ژاندارمری
به‌نقل ازصفحات 83و84 ازکردستان عراق تاآن سویارس،گزارش سرهنگ ستاد فیوضی،رئیس ستاد لشکر 4آذربایجان.
2-به نقل از کتاب(ازکردستان عراق تاآن سوی ارس)نوشته مرتضی زربخ(نشرشیرازه)

داداشت ها
فصل 1
7- قتل رهبران کرد درایران،نگاه‌کنید به‌سیامند عثمان: مطاڵعه درتاریخ حزب دموکرات کردستان عراق 1946- 1970،رساله منتشرنشده دوره دکتری مدرسه‌عالی مطالعات اجتماعی پاریس 1985،نیویورک 1989 صفحه422.

فصل 2
17-هزاران آه...:رنه‌موریه،یامرگ کردستان،پاریس 1967،صفحه1
22-ارقام رشد جمعیت:دیویدمک داول،تاریخ،معاصرکورد،لندن،صفحه441
22-به‌اوردها معرف متوسط ارقامی است که‌ازدولتهای مختلف ومنابع ملی کرد کسب شده. این ارقام را باید با احتیاط تلقی کرد. من باب مقایسه جامعه‌ملل در1925 جمعیت کردستان راسه میلیون نفر تخمین زده که‌نیمی ازاین عده درترکیه700000نفردرایران،500000درعراق و300000نفر درسوریه می زیستند. بیست ساڵ بعد به‌همراه‌نقشه‌ای که‌درسانفرانسیسکو به‌سازمان ملل متحد ارائه شدرقم 9میلیون جمعیت عنوان شد، که‌بێ شک رقم باڵابود. درمیان کسانی که‌حداقل راارائه‌میکردند ویلیام لین وسترمان بود که‌دراثر خود بناماموخارجه (ژوئیه1946)جمعیت کردها راتنها/2419000برآوردمیکرد بدین قرار: ترکیه‌وایران

هریک700000،عراق 419000،شووروی/125000 وسوریه100000 مارتین وان نروئین سن،صاحبنظر درمسائل کرد در1970 جمعیت کردستان را بەاین شرح برآوردمیکند: ترکیه 7/5میلیون،ایران 4 تا5میلیون،عراق 2تا2/5میلیون،سوریه 50000 ق60000تا1000000نفردراتحاد شوروی. دیودمک داول دراثرخود باعنوان کردها: ملتی محروم ازحقوق(لندن 1992صفحه12)جمعیت کل کردها را22میلیون نفرذکر می کند ازاین قرار: ترکیه10/8میلیون،یا 19%جمعیت 57 میلیون نفری کشور،عراق 4/1میلیون نفریا23%جمعیت 18میلیونی کشور،ایران5/5میلیون یا 10%جمعیت 55میلیونی کشور،سوریه1میلیون،یا 12/5%8میلیونی کشور،نیم میلیون دراتحادشورویسابق و/700000نفردرسایرجاها،بطورعمده اروپای غربی.

نگاکنید بەکتاب کردها نوشته مهردادایزدی, Mountainaus irrelevancy،
واشنگتۆن ولندن 1992
صفحه41
عدەمردگان،حدود4000نفر-همان.
26-700000کەبەتقریب نیمی ازاین عده تلف شدند: ثریابدرخان(دعوی کردها علیه ترکیه)پرینتس،صفحەهای 33-34،بەنقل از(کردها وکردستان)نوشتەسفراستیان،لندن 1948 صفحه76، منابع دیگر تلفات کردها رادرطی جنگ بە/700000نفربراورد می کند. نگاەکنید بەنوشته کندال (درمردم بدون دولت)(ژرار شالیان)
26-کردستان سرزمین بود: ایزدی،کردها،صفحه 59
26-بازسازی تاریخ کردی؛ همان صفحه 23
27-کردها می توانند...راارائه کنند: وسترمان. امورخارجه(ژوئیه1946)
28-گزنفون،اناباسیس (لشکرکشی ناموفق)
35-شمارشان درحال کاهش است؛ ایزدی، کردها،صفحەهای 145-58
38- دشمنی های خانوادگی،مارتین وان بروئین سن، مجلەگزارش خاورمیانه(ژوئیه- اوت 1986)

فصل 3
45- مالرو: گردوبن های آلتبنرک،پاریس 1945
53-اگر فرانوش کردەاید واشینگتن پست، 25ژانویه 1991
55- حدود/400عامل بعثی،مصاحبه باهشیارزێباری،صلاح الدین،20فوریه 1992. کنعان مکیه درناشته خودبنام قساوت وسکوت،جنگ،استبداد،شورش وجهان حرب رقمی بزرگ ترازاین یعنی 700 نفررااذکرمی کند.
55-درحلبجه چەکردند،بەنقل ازقساوت وسکوت نوشتەمکیه،صفحه89

56-حدود 3000نفر: مصاحبه‌بانوشیوان مصطفی امین،لندن،23ی نوامبه‌ر 1981
56-یک ثانیه،گوین رابرتس(فیلم مستند تلویزیونی) رۆیایی که‌به‌آن خیانت شد،آوریل 1991،کانال 4 لندن،به‌نقل ازمکیه درقساوت وسکوت،صفحه 89
56-نتیجه‌هفتادسال مبارزه: کنفرانس مطبوعاتی، اربیل،24مارس 1991،بگاه‌کنید به‌شماره 27مارس 1991 واسنگتن پست.
63-من هیچ گکر نمیکردم: مصاحبه بانوشیروان مصطفی امین لندن،23 نوامبر 1991
64-شماره‌تانگ های عراقی : شماره 25ی مارس 1991 نیویورک تایمز.
64- من توانستم داشته‌باشم: نیویورک تایمز،25 مارس 1991.
65- قابل بحث؛ گزارش در ایندپندنت یکشنبه‌ها مورخ 8 دسامبر 1991 جان لاک از ژنرال کالین پاول رئیس ستاد مشترک نقل می کند که در25 اوت 1991 به‌یکی از ژنرالهایش گفت: من فقط به‌پایان بازی می اندیشم. ماسرانجام باعراق چه می کنیم؟ مانمیتوانیم چیزی رابرایشان بگذاریم. برای حفظ موازنه با ایران چێز ده‌اختیارنداریم. به‌نظرمن بهتر است به‌آنها اجازه‌ده‌هیم ارتشی/100000 نفری باحدود.1000تانگ داشته باشند.
66- پینج سال بعد: مصاحبه بنگاه سخن پراکنی پابلیک برود کستینگ کورپوریش بادیود فراست،به‌نقل لوس آنجلس تایمز،باچاپ مجدد درشماره 16ژانویه 1996 اینترنشنل هرالد تریبون: بوش گفت بایدفکربرداشتن صدام کرد...من درست محاسبه نکرده‌بودم. فکرمیکردم خواهد رفت.
72-صدها هزارنفر ازکردهای ترکیه:سرهنگ فرانسوابوک والتر،وابسته‌سابق نظامی فرانسه درترکیه برآورد کرد /400000تا /700000کردگریختند. مصاحبه بانویسنده،پاریس، 11 نوامبر1991.

## فصل 4

80-تعجب کیکرد،چرا یه‌ن همه مردم برای کوردها جوش میزنند: مصاحبه بایکی ازمقامات کاخ الیزه که مصر بودبه‌این که به‌نام ازاو یادنشود.
80-عقده گناه‌تاریخی: مصاحبه‌بادیود گوربوث،ازاداره امورخارجه ومشترک المنافع،لندن، 28نوامبر 1991.
81-بچه‌هازیباهستند: مصاحبه تلفنی باآلن پیری،رم 14 ژانویه 1991.
81-اریک رولو: مصاحبه بارولو.پاریس،16 ژوئن 1994.
83- گروش جت های هانتز،مصاحبه باسفیر(برناردورن)،سفارت فرانسه،لندن،27نوامبر 1991.
84-فرارگالبریث دریکشنبه عیدپاک: مصاحبه باپیتر،واشنگتن دی سی،29ژانویه 1991.
85-درحکم خودکشی سیاسی می بود: مصاحبه‌تلفنی باسفیر ئامریکا(مورتن آبراموویتس) واشنگتن دی سی 8 اوت 1991.
85-کلام سحرآمیز: مصاحبه باۆاتریش پائولی،وزارت خارجه،پاریس،2نوامبر 1991.

58-تهدیدصلح وامنیت جهانی: مصاحبه باتونگای اوزچری سفیرترکیه- مقرناتو،بروکسل، 22اکتبر 1991.
، Refoulement,85،(بازگردانیدن پناهنده‌به‌کشور زادبوم):پنج سال متعاقب بازگردانیدن اجبار هوتوها زئر

به‌موطنشان(رواندا) یکی ازکارشناس سان امور پناهندگی ازتصمیمی یادکرد که‌بنابرآن مقررشده‌بود در1991،کردهارابه‌عوض ورود به‌خاک ترکیه وبه‌عنوان مقدمه وآغازی برای پایان دادن به‌پناهندگی سیاسی به‌نحوی که‌دربخش بیشتر نیمه‌دوم این سده ازاین لفظ استنباط می شود،درخاک عراق نگه‌دارند. اما این منعکس کننده برداشتی بود که‌ازپایان جنگ جهانی دوم به‌این سو وطی دوران جنگ سرد حاکم بود. درطی این دوره به‌عوض تامین حمایت وکمک به‌این گونه پناهندگان درکشورهای زادبومی خود ازانها درکشورهای ثالث به‌عنوان اتباع جهانی پذیرایی می شد.
86-ناخشنودی اولیه دولت بوش ازطرح منطقه امن: مصاحبه با اوچری، 22اکتبر. اوزچری گفت: وقتی اوزال اول بار اندیشه منطقه امن رابابیکر درمیان گذاشت،بیکرمات ماند، وگفت که‌دولت ئامریکابااین اندیشه که‌به‌نظر او خطرناک وغیرعادی بود موافقت نخواهدکرد،وافزود واشبگتن می خواهد نیروهایش راهرچه‌زودتر ازاین معرکه بیرون ببرد نه‌این که آنها را درشمال ئێراق درگیرکند.
87-درمورد ارسال کمکهای بشردوستانه: ماریوبتانی،استادامورخارجه،دانشگاه پاری سو،درمقاله شماره مورخ 14 آوریل 1991 واشنگتن پست.
87- نفوذ رولو بوآبراموویتیس،واعزام دیپلمات های ئامریکایی به‌مرز. مصاحبه بامارک گروسمن،سفارت ئامریکا درآنکارا، 2 اکتبر 1991،
88- چند دانه‌ذرت جلو یک گله‌کبوتر بپاشی: آن دو روی ومولی مور. واشنگتن پست،چاپ مجدد درشماره مورخ 5آوریل 1991 اینترنشنل هرالدتریبون.
89- اهمیت دیدار بیر: مصاحبه باآبراموویتس، 8 اوت 1991.
89- شایدبهترین دوازده دقیقه‌ای که‌صرف شد: به‌نقل ازدان کروم،مسئول امورپناهندگان،وابسته به‌سفارت ئامریکا درآنکارا،درمصاحبه بانوسینده،ژنو، 31 اکتبر 1991.
90- تنها عملیات نظامی: مصاحبه باجین هووارد،اداره‌امورخارجه ومشترک المنافع ،لندن، 21 ژوئیه 1991.
91-استفاده‌ازهواپیمای سی-130: ویکتورتاتر. عملیات بێ مانند،درس هایی که‌له در1991 آموختم،گزارش اینترتکت،فردریک کنی،که‌درطی عملیات تامین رفاه به‌نیروهای مسلح ئامریکامشورت می داد.
92-هفته‌های وحشتناکی که‌کسی پای تلفن نبود: مصاحبه باگوربوث، 28 نوامبر 1991.
92- ارقام مربوط به‌تلفات: مراکزکنترل بیماریها ومرگ ومیر، 5ی ژوئیه 1991.
جله40،شماره26برای مکزترکیه،مصاحبه تلفنی باکمسیاریای عالی سازمان ملل متحد درامور پناهندگان،ژنو، 14 دسامبر1993. برای ارقام مربوط به‌ایران اعلام خطرعمده رایک مقام ئامریکایی دراوایل آوریل به‌مطبوعات کرد: روزی 1000نفر می میرند ومارامسئول می دانند،ونیزیکی ازمقامات سازمان ملل

درایران،کەکەاظهارداشت روزانە/2000تن درایران تلف می شوند. نرخ مرگ ومیر بنابر گزارش مرکزکنترل بیماری ها،کاهش پذیرفت،زیرا دو گروبسیارآسیب پذیر جمعیت،یعنی کودکان وسالخوردگان،بەسرعت تلف شدند،ونیز بەبرکت مداخلەسریع پزشکان کلاەآبی درمرزترکیە، کەبە سرعت وضع بهداشت رابهبود بخشیدند،آب نیالودەفراهم کردند، ونمک های مخصوص تصفیەآب را دراختیارمردم گذاشتند.

93-نەحتێ یک دلار: مصاحبە باجلال طالبانی،اربیل،12 فوریە 1996.

93-فرصتی راازدست نمیدهد... دیوید برودر،ازواشنگتن پست درااینترنشنل هرالد تریبیون،مورخ 10آوریل 1991.

93-94-...ویلیام سافایر،ازنیویورک تایمز،درااینترنشنل پست هرالدتریبیون مورخ 2آوریل 1991.

96-مقامات انگلیسی معتقد نبەدند...مصاحبە بادیپلمات های انگلیسی کەخواستند بەنام ازآنها یادنشود- امورخارجە ومشترک المنافع، 23 ژوئیە 1991.

97-بەآرامی سربرداشت...: مصاحبە باریچارد هاس،واشبگتن دی.سی.19دسامبر1991.هاس پینج سال بعد ازخدمت لنارگرفت. وقتی کردها بەکوەزدند،او وضع رادرنیافت ودولت رابەاین پا وآن پاکردن تشویق کرد. بەشیوەای کەشنونده راخلع سلاح می کرد، گفت: اشتباەکردم.

98-بامامشورت نەکردند...: مصاحبە بایکی ازپشت میزنشینان،کەعلاقەمند بودناشناس بماند،وزارت خارجە،واشنگتن دی.سی.28 ژوئیە 1991.

98-خصومت مردم: مصاحبە بافیبی مار،واشنگتن دی.سی. 28 ژوئیە 1991.

102-درمحل های خۆدجاگیرشدەبودند: دو روی و مور،واشنگتن پست،وچاپ مجدد دراینترنشنل هرالدتریبیون،15آوریل 1991،گزارش کرد کەتصمیمات مزبور درپائیز 1990 اتخاذشد.

102-اگربابیکرحرف می زدی: مصاحبە با یک دیپلمات ارشد ئامریکا کەبابیکرمربوط بودموبەاین شرط حاضربەمصاحبە شد کەبانام ازاویادنشود.

105- 10000تن: دراین جنگ بنابرگفتەژنرال اچ. نورمن. شوارتسکف 28 تن ازنیروهای موئلف کشتەشدند(جایی برای قهرمان شدن نمی ماند،نیویورک ولندن، 1992،صفحە564) تلفات امریکایی ها عبارت بوداز 148کشتە: ازاین عدە بنابرادعای تئودور درپیر 38 تن باآتش نیروهای خودی کشتەشدند،بررسی کتاب نیویورک،30ژانویە 1992،صفحە42.

107- یک رشتە رسوایی: آژانس بین المللی انرژی اتمی درفوریە 1996،گفت کەبیش ازدوازدە مؤسسە اروپایی درتخهیز عراق بەسلاح های اتمی باهم مسابقە گذاشتەاند،سلاح هایی کەاحتمالا درسال 1991 علیە نیروهای غربی بکاررفت. اعلام این امر درست پیش ازانتشار گزارش اسکات بود کەبە اهمال تعمدی بریتانیا،درگزارش امربەپارلمان،پس ازجنگ ایران وعراق،رسیدگی می کرد،زیرا دولت بیمناک بود ازاین کەاین گونە معاملات ازلحاظ سیاسی ایجاد دردسرکند. نیز در1992 کمیسیون تحقیق امور مربوط بەانرژی وتجارت مجلس گواهی کارکنان دولت رادرمورد سیاست امریکا نسبت بەعراق شنید: نیویورک تاییمز در 8ی مارس 1992 بەنقل ازگاری میلولین،مدیر پروژەکنترل سلاح های اتمی ویسکانسین ناشت: بین سال های

1985 و1990 وزارت بازرگانی ایالات متحد امریکا پروانه صدور وسایل ومواد حساس استراتژیک بەارزش 1/5 میلیارد دلار رابەعراق تصویب کرد. بسیاری ازاین موادو وسایل مستقیما درساختن سلاح های اتمی وشیمیایی وپایگاەهای پرتاب موشک بکارمی رفت. این مطالب عینا درشماره 250 میدل ایست اینترنشنل مورخ 1مارس 1996 نیز آمدەاست.

108- یکی ازمنابع بانک مرکزی عراق: این اطلاعات رایکی ازتبعیدیان کرد کەمناسبات خۆبی بابانک دارد،بەشرط پنهان ماندن نام،دراختیارگذاشت- مصاحبه بانویسنده،پاریس 25سپتامبر 1988.

108- اروپایی ها چیزهای بئشتری بفروشند: مصاحبه بایکی ازمقامات وزارت خارجەمکه دردهه 1980 درخلیج کارمیکرد ومشروط بەاین که بەنام ازاو یادنشود حاضرشد. 21دسامبر 1991.

109- عراق کەبایک ارتش یک میلیونی ازجنگ درآمده،شوارتسکف: خایی برای قهرمان شدن نمی ماند صفحه346.

110-دفترامورخارجه نزیک آسیا،پاک ازنیروهاتهی شدەبود: مصاحبه بایکی از کارکنان دفتر، مشروط بەپنهان ماندن نام-واشنگتن دی.سی.22دسامبر1993.

112-کارماشهودی بود: رابرت دی،کاپلان: هواداران اعراب: زمانس یکی ازکارکنان ازنخبگان امریکا، نیویورک 1992.صفحه274.

114- بەیک کارشناس بازنشستەامورکردستان محول شد: مصابحەباایگلتن،وین،2ژانویه 1992.

115-تهدیدی برای مانبود: بەنقل ازدو روی مور ازواشنگتن پست در اینترنشنل هرالد تریبیون،15آوریل 1991.

118-طالبانی دروەزارت خارجه: مصاحبەبەیک دیپلمات دردفتر امورخاور نزدیک وجنوب آسیا کەمضربود براین که بنامازاویادنشود،واشنگتن دی.سی.21دسامبر1992.

119-تمایلات مربوط به...دستوراجرایی ازسوی رئیس جمهور: گفتگوی تلفنی باشبلی ملّاط،استاد مدرسه مطالعات خاورمیانه وافریقا،لندن 15 فوریه1995

121-پرسش های شما جالب تربود: گفت گو باکایاتوپری،آنکارا،30 ژانویه 1991.

122-سیصدچهارصد صفحەخواندم: مصاحبەباتورگوت اوزل،کاخ ریاست جمهوری،آنکارا.6ژانویه 1993.

123-چیزهای که هنوزبدانها نیندیشیدەایم: گفت گوی تلفنی باکامران قرەداغی،لندن،2ی فوریه 1994.

123-سفرچاندار بەلندن: مصاحبەتلفنی باچاندار،استانبول،15اکتبر 1991.

125-واحدهای عراقی واردعمل می شوند: مصاحبەباپات تروس،معاون رئیس هیات،سفارت امریکا،عمان،14مەی 1991.

125-26-خنده وپرسیدەاند توجەات شده...: مصاحبه باابراموویتس،8اوت 1991.

126-نخستین دیدار کردها وترکها: بعدهاطالبانی گفت: کەمهمترین نتیجه این دیدار این بود کەترکیه دیگر بەرابطەمستقیم امریکا باکردهااعتراضی نکرد. نگاەکنید بەنوشته مایکل ام. گونتر بەنام کردهای عراق: تراژدی وامید،نیویورک 1992،صفحه51،نیزمصاحبەبااوچری درمقرناتو،بروکسل،24 اکتبر

1991،اوچری بەیادآورد کەستادارتش ترکیەبەدرستی شکست نیروهای سبک اسلحەکرد رادربرابرارتش عراق پیشبینی کردەبود: البتە نەآن طورهم کەعراقی هامی پنداشتند،کەیک گردان زرهی کافی خواهد بود.
127-اطلاعات... برای یک دندانساز کردارسال می شد. مصاحبە باپیترگالبریث،زاگرب،30 ژوئن 1993.
127-ریچارد شیفتر... خودراکنارکشید: مصاحبەبانزان کندال،رئیس انستیوکردپاریس،18 فوریە 1994،نزان درجلسات وزارت خارجە حضورنداشتەبود.
128-هرتوجهی...: ،مصاحبەباتلفنی بازال وی خالدزە،واشنگتن دی.سی،21دسامبر 1993.جان کلی درجلسات کمیتە خارجی سناکەباید انتصاب وی رابەسفارت درفنلاند تأئید می کرد ابتدا گفت کەوزارت خارجە بەرغم سابقە موجود کردها راپذیرفتە وچون ازسوی سناتور کلی بورن پل وسناتور آلن کرانستن با پرسش های دقیق تر مواجە شدناچارمذیرفت کەوزارت خەرجە کردهارا در21آوریل پذیرفتە نەپیشتر. برای اطلاع بیشتر دربارە جزئیات سیاست وزارت خارجە درپیوند بااین امر نگاەکنید بەجنگ داخلی درعراق، کمیتە روابط خارجی،گزارش سنا، مورخ 1991.
128- سیاست ماخلاص شدن ازدست صدام حوسین است: مندرج درجنگ داخلی درعراق.
128-واشنگتن دستخوش آشفتگی ...مطلق بود. مصاحبە بافردریک کنی،پاریس،10 دسامبر 1991.
129- /50000تا/100000پناهندە عراقی: مصاحبەبایکی ازمسئولان دفتر امورخارجە خاورنزدیک وجنوب آسیا،کەبەاین شرط حاضربەمصاحبەشدکەازاوبنام یادبشود. واشنگتن دی،سی، 22دسامبر1993.
131-مقامات سعودی پیشنهاد کردند: جنگ داخلی درعراق،
131- لزومی ندارد بیش ازاین بماند: گفت گوی تلفنی باکامران قرەداغی، 8 فوریە 1994.
132-هرگزچنین وعدەای بەاین مردم ندادیم: بەنقل ازدو روی ومور دراینترنشنل هرالدتریبیون،5آوریل 1991.
132-ملاقات سوم مارس:شوارتسکف،جای برای قهرمان شدن... صفحە600،
صراحتا بگویم...بیکردربرمانەمطالب روزنامەها،17مارس 1991 کەگزارش آن درمطبوعات روز پس از آن منعکس شد.
هیچ موافق کارهایم نیستم کەصدام حوسین میگوید،خوزف-فیچت،بەنقل ازاینترنشنل هرالدترینیون 27مارس 1991.
134-گشودن صندوچەی پاندورا: کریستین موس هلمز،بەنەقل ازاینترنشنل هرالدترینیون،27مارس 1991.
134-راستش می خواستیم صبرکنیم...: بەنقل لە مورو دو روی دراینترانشنل هرالد تریبیون،5آوریل 1991.
134-درآن شب تاریک: روایت فروپاشی، ازبارزانی وطالبانی،کردستان عراق،آوریل 1991.
135- داستان صبراخان گرینگ: مصاحبە باگرینگ رانیە،29 آوریل 1991.
139-وظیفەشما این است کەازحق... مصاحبە بانزان کندال،پاریس،8مارس 1996.
139-آن همەتلفات... مصاحبە باطالبانی،رانیە،کردستان عراق،29آوریل،1991.
140-وقتی بەواشنگتن بازگشتند منتظرماندند...مصاحبەبادادن کروم،ژنو،31 اکتبر1991.

141- اگرمی توانید کاری کنید که‌عراقیها شمارابه‌دهوک راه‌بدهند: مصاحبه باکنی،پاریس،10 دسامبر1991.
143-سیاست مستلزم مدیریت متداوم است...: یکی ازمسئولان دفترامور خاورنزدیک وجنوب آسیا،که‌به‌این شرط حاضر به‌مصاحبه شد که‌ازاوبه‌نام یادنشود- واسنگتن دی سی 22دسامبر 1993.
144-دربیست سال اخیر...همان.
144- ببینید... مصاحبه بایک دیپلمات امریکایی که‌خواست نامش محفوظ بماند. زاخو کردستان عراق،23ژوئن 1991.
144- برآوردهای زیباری وسامی عندالرحمان،مصاحبه بازیباری وسامی عبدالرحمان،صلاحالدین،10ی فوریه 1996.

فصل 5
147-مبارزه ملی کرد: دیوید مک داول.کردها ملت محروم ازحقوق،لندن، 1992،صفحه 20
148-بواسطه داشتن خصائل جنگی: سرمارک سایکسی،قبایل کرد امپراتوری عثمانی،مجله‌مردم شناسی سلطنتی انستیتوی بریتانیای کبیر وایرلند،جلد 28،38،ژانویه 1908.
148-ازشیرخوارگی به‌زندان... داناآدمزاسمیت،سفردرمیان دلیران،بوستن،1956،صفحه138.
149- حتی پرتگاه خودرامی افکنند: مارتین وان برئین سن،آغا،شیخ ودولت،دانشگاه اوترخت 1978،صفحه311.
149-هریک ازافرادخانواده‌بارزانی: مصاحبه‌با سامی عبدالرحمان.رواندز، 10 اکتبر1991.
151-می توانم همه کشوررا... به‌نقل از رنه موریه.کردستان یا مرگ،پاریس 1967،صفحه 158.
152-پس تکلیف عدالت چه‌شود...: مصاحبه با حیمم له‌واکف،تل اویو،اکتبر1919.
153-نیرنگ امیرنظام... بازیل نیکیتین،کردها،بررسی اجتماعی وتاریخی،پاریس 1956،صفحه158.
153-قساوت سمکو،آرچی روزلت،به‌عشق دانستن،خاطرات یک افسراطلاعاتی،بستن 1988،صفحه 251. درطی جنگ جهانی اول سمکوماشمون بنیامین رهبرمذهبی آشوریان راکه‌آن گاه بیش از نود سال داشت به‌کمین انداخت، وپس ازکشتن خونش راخورد. افراط سمکو درادمکشی وظلم وزور کردهاراسخت ناراحت کرد. یکی ازمورخان کرد میگوید: سابقه‌قساوتش وی را درردیف خونخواران تاریخ،کسانی چون آتیلا قرارمی دهد که بااین همه تابه‌امروز به‌قیافه قهرمان برترکان جلوه‌میکند،هرچندتاریخ برای کردها وغربی ها جزاین است. مهرداد ر. ایزدی،کردها،واسنگتن ولندن 1992،صفحه 57.
154-نامه عبیدوالله: کتاب آبی دولت بریتانیا،ترکیه شماره(5) 1881به‌نقل از درک کینان در کردها وکردستان، واشنگتن ولندن،1964،صفحه 24.

154-درخارج ازشهرهای بزرگ یک چیزی صوری بود،الی بانیسترسون،سفربەبین النهرین وکردستان در هێات مبدل، 1946،صفحه 12.
155-لردکرزن،بەنقل ازویلسن ان.هاول،اتحاد شوروی وکردها: بررسی یک اقلیت ملی، رسالەی منتشرنشده،دانشگاه ویرجینیا 1926،صفحه 143.
157-کشف نفت: سنداداره‌اطلاعات مرکزی(سیا)لانەجاسوسی،مساله کرددرآینده،بررسی تحقیقی، 30 ژوئن 1979.
157-جمعیت مختلط کرکوک،کەبەمایەنفاق بدل شده. عده‌ای معتقدند اگرنەجمعیت قریب بەاتفاق کەاکثریت ساکنان این شهرراترکمانان تشکیل می دهند،کردهاهم محلەای ازآن خوددارند،باجماعاتی ازاعراب ومسیحیان ویهودیان.
157-75 درصد نفت عراق: فانیشل تایمز،شماره 20اوت 1974 بەنقل از ژرارشالیان درمردم بدون دولت،لندن، 1980،بروکلینی 1993،صفحه 161. باافزایش بازدهی میدان های نفتی بصره تولید نفت کرکوک بەهمان نسبت کاهش یافته.
158-معاهده‌سورخفت باربود: بەنقل ازشالیان درمردم بدون دولت،صفحه 59.
159-بین 40000تا 250000کشاورز،مک داول،کردها،ملت محروم ازحقوق،صفحه 37.
159-شاید یک میلیون: بازیل نیکیتین مدعی است کەتنها یک میلون کردمتعاقب شکست شیخ سعید تبعید شدند،کردها صفحه 134.
159-احساسات کردها بسیارنیرومند بود: آرنولدویلسن،بین النهرین 1917-1920،بەنقل ازشالیان درمردم بدون دولت،صفحه 191. ویلسن کەآن زمان افسرارشد سیاسی بریتانیا دربغدادبود می گەید: کردها نەمی خواهند زیرحکم عثمانی باشند نەهم تحت حکومت دولت عراق... درکردستان جنوب ازهرپنج نفر چهارنفر ازنقشه شێخ محمود برای تأسیس کردستان مستقل حمایت می کرد.
159-گزارش اطلاعاتی ارتش بریتانیا: اداره‌بایگانی عمومی،کیو،انگلستان 453340،2199،14 ژوئیه 1945.
160-61-دولت محمود ودولت انگلیس،که متعاقب آن منتشر شد: سی جی. ادموندز،کردها،ترک ها وعربها- سیاست،سفر وتحقیق درشمال عراق. 1919-1925،لندن 1957،صفحه 301.
161- کمیسرعالی بریتانیا: درمکاتبه باوزیرمستعمرات بوردلیون،کمیسربریتانیا،درفوریه 1926 همچنین می گوید: من تصدیق می کنم کەتابهار1923 بەنظرمی رسید کەشایدلازم باشد نوعی خودمختاری محلی بەکردستان عراق داد- تخلیەپادگان رواندز ازسوی ترک ها درپایان آوریل 1923 تغییر بزرگی دراوضاع پدید آورد،اداره‌بایگانی عمومی،کیو،ابگلستان،وزارت خارجه 371/11460132112.
161-معامله آتاتورک بابریتانیا: وان بروئین سن. آغا،شیخ ودولت،صفحه 263.
162-هشدارنخست وزیرعراق: مک داول، کردها،مردم محروم ازحقوق،صفحه 84.

162-خشم نومیدی انگلیسی ها: سرانجام مردم انگلیس ازاین که ببینند هواپیماهای انگلیسی برای اجرای برنامه‌های اشتباه آمیزی که‌درقهوه‌خانه‌های بغداد تمهید شده‌اند عشآیر فرات وکردستان رابمباران می کنند به‌خشم خواهند آمد. بایگانی عمومی.کیو، انگلستان،گزارش های محرمانه، گیجه 24/201 نسخه دوم به شماره 338.فوریه 1929.

163-مامه‌مورخ 3مارس 1931 شیخ محمود به‌جامعه‌ملل، به‌نقل ازنیکیتین،کردها،صفحه 300.

164-همین آن که بارزانی های بدوی: ویلیام ایگلتن(پسر) جمهوری کرد سال 1946،لندن، 1963،صفحه 50.

164-هزاران کرد درس خوانده: عصمت شریف وانلی برآورد می کند که‌درفاصله بین 11و 15،مارس 1974 درست پیش ازتجدید مخاصمات صدهزار شهرنشین به‌کردستان آزاد گریختند. نگاه‌کنید بدشالیان، مردم بدون دوله،صفحه 165.

165-مقرری ناچیز حکومتی: اگردولت عراق باقدری گشآده دستی وتفاهم بیشتر درموردملامصطفی عمل کرده‌بود آن همه پول وجان هزاران تن وآبروی حکومت به‌خطرنمی افتاد.

166-منتقدامریکایی: ایگلتن،جمهوری کرد: صفحه‌های 50-54- درباره‌بارزانی وصفحه‌های 102-26 درباره عقب نشینی.

احساس ملی کردها: مصاحبه‌بامحسین دزه‌ای،لندن،28 نوامبر 1991.

166-ازمیان مزرعه آفتابگردان: مصاحبه‌باسامی عبدالرحمان،رواندز،10اکتبر1991.

166-تفاصل مربوط به‌مهاباد: ایگلتن،جمهوری کرد،آرچی روزلت،جمهوری کرد،مجله خاورمیانه،جلد 1،شماره 3،ژوئیه 1947.

170-اتهام خیانت ازسوی بارزانی: مصاحبه‌باعبدالرحمان قاسملو،پاریس،30سپتامبر 1988

172-تحویل اعضای حزب دموکرات کردستان ایران به‌دولت ایران:همان.

172-کردهاشکست نخورده‌اند: به‌نقل ازایگلتن درجمهوری کرد،صفحه113 وصفحات مابعد.

173-جلسه‌بارزانی وسخنان او خطاب به‌افراد: مصاحبه‌باسامی عبدالرحمان رواندز،10اکتبر1991.

174-خاطرات یکی از رزمندگان کهنه‌کارازعقب نشینی: هانژه درMandelsblad,(وابسته‌به‌شورای ملی تحقیقات)21وت 1991. شماره‌دقیق همراهان بارزانی دراین عقب نشینی وطول مدت این عقب نشینی دانسته نیست. بارزانی خود به‌دانا آدامزاسمیت گفت که‌عده‌کسانی که‌دراین عقب نشینی مشارکت داشته‌اند 496 تن وطول مدت عقب نشینی 53 روز بوده.

176-طالبانی وبارزانی درمسکو: مصاحبه‌باطالبانی،اربیل،19ژانویه 1992.

176-گزارشی تهیه‌شده توسط مشاورامنیتی رئیس جمهور: 1951-229،به‌نقل ازلانه‌جاسوسی صفحه 82.

176-من کمونیست نیستم: موریه کردستان صفحه 153،وی در 1962 همین را به‌داناآدامزاسمیت گفت.

177-بارزانی وديداركنندەگان: مصاحبه باطالبانی،اربیل،11فوریه 1996.

178-روزهای آرام: مصاحبه باعصمت شریف وانلی،لوزان،311کتبر مصاحبه‌باعبدالرحمان رواندز،10اکتبر 1991.
183-1270روستاویران شد،رابرت دی.کاپلان: هواداران اعراب: رمانس یکی ازنخبگان امریکا،نیویورک،11991.
183-84-7000کمونیست: ماریون فاروق سلوگلت وپیتروپیترگلت،عراق از1958 به‌این تو: ازانقلاب تادیکتاتوری،لندن 1987،به‌نقل ازجان بولاک وهاروی موریس،دردوستانی نه‌بجز کوهستان،تاریخ فاجعه‌آمیزکردها،نیویورک 1922 صفحه 124.
184-راه‌پیمایی نیزامی: موریه،کردستان،صفحه168.
185-طالبانی خائن است: نگاه‌کنیدبه‌تلگراف ارتش عراق، به‌نقل ازموریه درکردستان،صفحه 141.
185-عامل همه: نگاه‌کنید به‌مساله کرد درعراق،نوشته ادموند غریب،سیراکوز،1981 صفحه 181.
186-اطلاعات اقتصادی: شالیان،مردم بدون دولت،صفحه‌های 159- 160.
186-نیرنگ: ایزدی،کردها،صفحه 68.
186- عبیدالله که‌در19 ژوئیه 1874 به‌غریب اظهارکرد،مندرج درمسأله‌کرد،صفحه 155.عبیدالله دراوایل جنگ ایران وعراق متعاقب مشاجره‌ای باصدام حسین توسط عراقیها به‌قتل رسید: وی دراین مشاجره باگفتن این که ملامصطفی حداقل میدانیست پدرش کیست ازاودفاع کرد(صدام حسین به‌ادعای مخالفانش معلوم نیست پدرش کیست.)
187-کردهای عراق چیزی ندارند: مصاحبه‌با قاسملو،پاریس، 30سپتامبر1988.
187-ارتش کرد: نگاه‌کنید به‌کردها،نوشته مک داول،صفحه 95.
188-بارزانی برای ما چون یک خدایگونه بود: مصاحبه‌بااحمد بامرنی،نماینده طالبانی درپاریس پاریس25سپتامبر 1986.

فصل 6

189- برزخ مطلق: اسدالله علم،شاه ومن،دفتریادداشت روزانه وزیردربار ایران، 1969،-1979،لندن، ونیویورک،1992،صفحه224.
190-وقتی امیراصلان افشار: ویلیام شاکروس،آخرین جولان شاه،سرنوشت یک متحد،نیویورک ولندن،1988،صفحه 164.
191- همین که شاه‌راپذیرفتیم.): جورج دابلیو،پال،مسائل وپی آمدهای بحران ایران)دسامبر 1978.
191-عبارت چنین بود: گزارش کمیته پایک،ناتینگام 1977،صفحه‌های 195-98-212-16.
192-کتابچه توجیهی مشتمل به43صفحه: وزارت خارجه: دیدارریچارد نیکسون ازکشور شاهنشاهی ایران) مه‌ی 1972،بایگانی امنیت ملی، واشنگتن شند شماره 767..-حدود400صفحه ازاین سند سیاه‌شده، سپس

دربعضی جاها باعناوین(محرمانه) و(بسیارمحرمانه) مشخص شده وآن گاه ازسری اسناد طبقه‌بندی شده خارج شده. محتوای سند حاکی ازاین نیست که‌این محذوفات باکردها ارتباط داشته.

192- یکی ازافسران اطلاعاتی مهم اسرائیل: دیوید کیمچه:آخرین انتخاب- پس از ناصر،عرفات وصدام حسین،جست وجوی صلح درخاورمیانه،لندن، 1991،صفحه 194.

183-بارزانی وکارولان؛ مصاحبه‌با احمدچلبی،لندن،اوت 1996.

193-آن همه‌پنهانکاری: نگاه‌کنید به‌توهم قدرت،سیاست خارجی درسالهای ریاست جمهوری نیکسون، نیویورک، 1987،صفحه‌های 582-85.

194-درموردکردها اطلاعاتی چندانی نداشتیم): مصاحبه‌با هنری کیسینجه‌ر،مارتا وینیارد،ماساچوست، 23اوت 1992.

194-اطلاعاتی کافی درباره‌کردها داشتیم): مصاحبه‌باریچارد هلمز،واشنگتن دی.سی. 21دسامبر 1991.

س194- (کردها فقط جزئی از...)مصاحبه‌باموریس درپیر،واشنگتن دی.سی.18ی دسامبر 1911.

194-195-پانوشت: مصاحبه‌باچلبی،اوت 1996.

196- حتی پس از انام معامله :علم،شاه ومن،صفحه 215.

196-روزپس ازپرواز نیکسون به‌امریکا،همان،صفحه 225.

196-0استراتژی بسیارروشن ما): مصاحبه‌باکسینجه‌ر، 23 اوت 1992.

196-گلدامایر... اقدام به‌یکی ازسفرهای ناشناس خود کرد: علم،شاه ومن،صفحه215.

197-کل سرمایه‌گذاری یئایالاتی متحدامریکا 16میلیون دولار بود کیمچه،آخرین انقلاب صفحه 194.

می گوید: (پیوند امریکا باکردها باواسط تهران صورت گرفت،هرچند آن طورنبود که‌ماانتظارداشتیم)

197- مقداری ازکمک رابه‌جیب زدند: نامه‌مورخ 27 ژانویه1993.

198-(واشنگتن دربن بست)؛ مصاحبه‌با تامس کارولان،استانبول، 15 اکتبر1991.

199(لفتش نداد...)مصاحبه‌بامحمودعثمان،سلیمانیه، 9 اکتبر 1991.

199-ازته‌دل...): مصاحبه‌باسامی عبدالرحمان،رواندز، 10اکتبر1991.

200-ملاقات روزلت-بارزانی: آرچی روزلت: می خواستم بدانم: خاطرات یک افسراطلاعاتی،لندن، 1988،صفحه284.

201-کردهای دیکر: مصاحبه‌باعبدالرحمان قاسملو،پاریس، 6ژانویه 1989.

202-(یاباآن به‌مخالفت برمی خواستند...): بارزانی،نامه‌به‌نمایندگان کنگره وسناتورها، 24فوریه 1977.

202-(مغایربامنافع امریکا) نامه‌مورخ 9فوریه 1977 بارزانی به‌پرزیدنت جیمی کارتر.

203-(دولت ئایالات متحده‌امریکا هیچ گونه تضمین رسمی به‌ماناداد): به‌نقل ازمصاحبه باجیم هوگلند، 5نوامبر 1991.

203- بردربزرگش: مصاحبه‌باعبدالرحمان،رواندز، 10اکتبر1991.

204- (کاری صورت نگرفت)مصاحبه‌بامحسن دزه‌ای،لندن، 26 نوامبر1991.

204-(ژنرال بارزانی فقط فکرمی کرد): مصاحبه‌بادکترعثمان،سلیمانیه 12اکتبر 1991.
204-(اخلاقامکلف است)بارزانی،نامه به‌پرزیدنت جیمی کارتر،فوریه 1977.
205- (امیدوارم سرانجام کارم به‌پکن بکشد) به‌نقل ازمصاحبه بامحمددوسکی،واشنگتن دی،سی، 27 ژوئیه 1991.
205-(نمی دانم چه‌فرق می کرد): مصاحبه‌باکیسینجه‌ر، 23اوت 1992.
205-بچه‌ریشدار:مصاحبه‌باهلمز،قاشنگتن دی.سی. 21دسامبر 1991.
205- گرچکودربغداد: نگاه‌کنیدبه‌نوشته ویلیام سافایر،تحت عنوان واشنگتن سافایر،نیویورک 1980،صفحه 85،وی دراین اثر به‌مقاله‌مورخ 12 فوریه 1976 خود درنیویورک بایمزاستشهاد کرده‌است.
206-ماقوی ترازآنیم که‌شماپندارید،واگرجنگی 0 روی دهد) الن سیولینو،دولت قانون شکن: صدام حسین درپی کسب قدرت،وبحران خلیج،نیویورک، 1991،صفحه 277-78.
206- بریتانیا وشط: بریتانیابیم داست ازاین که‌اگرایران درجنگ آینده بیطرف بماند ممکن است مانع ازورود کشتی های جنگی بریتانیا به‌بصره گردد. نگاه‌کنید به‌نوشته کمچه تحت عنوان آخرین انتخاب،صفحه 193.
206-(اگردرتنگناقرارمیگیریم):سیولیو،دولت قانون شکن،صفحه‌های 277-78،
206-(بیش ازیک بار): قره‌داغی،به‌نقل اززرار شالیان،درمردم بدون دولت،صفحه 266.
206-(وجودشان بستگی به‌یک شیردارد): مصاحبه‌بااریک رولو،پاریس، 23اکتبر 1993.
208-موشک های راپیر درمرز،وتوپخانه ایران: علم،شاه ومن،صفحه 418.
208-(دیرمتوجه‌شدیم): نامه‌مورخه 9 فوریه 1977 بارزانی به‌پرزیدنیت کارتر.
209- درسپتامبر 1974:علم،شاه ومن،صفحه‌های 391، 387.
209-(چون شیرجنگیده‌اند): همان صفحه 411.
209-(چندهفته‌نگهش داشتند: مصاحبه‌بادزه‌ای لندن، 28 نوامبر 1991.
210-توطئه‌چینی درعمان وقاهره: مصاحبه‌بادزه‌ای لندن، 28ی نوامبر 1991،وباچلبی در 10 اوت 1996.
210-نامه‌بارزانی به‌کیسینجه‌ر، 22ژانویه 1975: مصاحبه‌بادوسکی،قاشنگتن دی سی، 27ی ژوئیه 1991.
210-کیسینجه‌ر ازمدتهاپیش (همه‌چیزرا)می دانست: مصاحبه‌بامحمودعثمان،سلیمانیه، 9اکتبر 1991.
210- (ژه‌نه‌رال عزیز):نامه: درمصاحبه‌بادوسکی،واشنگتن دی.سی، 27ی ژوئیه 1991.
211-(انتخاباتی برای شاه) وسایرقول ونقلها: مصاحبه‌باویلیام ای. کوکبی،واشنگتن دی.سی، 21دسامبر 1991.
212-(فکرمی کردم واشنگتن خۆشحاڵ خواهد بود):مصاحبه‌باهلمز،واشنگتن دی. سی، 21 دسامبر 1991.
212-( برای مایکی ازنادرترین رهبران بود)کیسینجه‌ر،سالهای کاخ سفید،نیویورک، 1979،صفحه 1261.
212- ایران مانند ما) گزارش کمیته پایک.
212-(شگفت زده‌شد): عقیده‌ونظرمارانپرسید)مصاحبه‌باکیسینجه‌ر، 23اوت 1992.

212-13-مصاحبەباچلبی: لندن،10 اوت1996.
213-شاەودیگران):آنتونی پاسونز،سفرسابق بریتانیا درایران ومعاون وزارت خارجه بریتانیا مسئول امور خاوەرمیانه دردهەهفتاد اظهارداشت کەمقاومت کردها درحقیقت درزمستان 1974- 75 پایان پذیرفتەبود وشاه ناگریز بود تن بەمصالحه دهد یارسما باعراق واردجنگ شود.لندن،21 نوامبر 1991.
213-(مسالەکوردها وپایان غم انگیز آن) کیسینجەر سالهای کاخ سفید،صفحه 1261.
تصمیمات درسال 1975: همان صفحه 1265.
213- وقتی چلبی بەبارزانی هشدار داد: مصاحبه،4دسامبر 1986.
214- (تضمینی بود کەباید شاه می گرفت): کی سینجەر،سالهای کاخ سفید،صفحه 1261.
214-(چهارتاشش هفته): مصاحبەباکی سینجەر،23 اوت 1992.
215-(ازدل ماخونمی چکد): بەنقل ازگزارش کمیته پایک، صفحەهای 215-16.
215(عملیات پنهانی)گزارش کمیتەپایک) صفحه 198.
215(ضعف موضعش): مصاحبەبادزەای لندن، 28 نوامبر 1991.
216(اداره مرکزی... تماس؟): گزارش کمیته پایک.
217-(موفق ترین): علم،شاه ومن،صفحەهای 417-18.
218-(کارماساختەشد):مصاحبەبادزەای،لندن، 28 نوامبر 1991.
218-(بەتندی): مصاحبەبادزەای،لندن 26 نوامبر 1991.
219-(شاەملاقات باوورابەتعویق انداخت): کامران قرەداغی، بەنقل از ژرارشالیان درمردم بدون دولت: کردهاو کردستان،صفحه 215.
220-(حالاما بەمردوممان چەبگویم؟): مصاحبەبامەحمودعثمان،سلیمانیه،9 اکتبر 1991.
220-(من می دانم): برای اینکه اسناد دولەت ایراق رادیدەام): مصاحبەبادزەای،لندن،26 نوامبر 1991.
220-(پاسخ دادم) علم شاەومن،صفحه 419.
221-(شمامی توانید تسلیم بشوید): بەنقل لەمصاحبەباجیم هوگلند،پاریس،5نوامبر 1991.
221-درتنگنا روحیەباخته: عصمت شریف وانلی،بەنقل ازشالیان،مردم بدون دولت،صفحه 173.
221-(بوی خداحافظی): قرەداغی، بەنقل ازشالیان،مردم بدون دولت،صفحه215.
221-(یکی ازپسرانت را): مصاحبەباسامی عبدولرحمان،رواندز،10اکتبر1991.
221-(بیهوده):عصمت شریف وانلی، بەنقل ازشالیان،مردم بدون دولت،کردهاوکردستان،صفحه 198.
221-(این خریان بارزانی راخرد خواهد کرد): مصاحبەبادزەای.لندن،28نوامبر1991.
222-اگربارزانی درمنطقەمیماند: مصاحبەبایکی از رهبران ارشد کرد کەنخواست بەنام ازاویادشود،شقڵاوه، 11اکتبر 1991.
223-(موردومثال دیگری رابەیادندارم): عصمت شریف وانلی،درمردم بدون دولت،صفحه177.
224-مرگ عسی سوار: مصاحبەباهوشیارزیباری،صلاح الدین،18 ژانویه 1992.

224-تفصیل تلافی جویی عراق:قرەداغی، درمردم بدون دولت،صفحه216.
225-(ژنوسید فرهنگی): مصاحبەباویلیام ایگتن 2 ژانویو 1992.
225-(اگرمقامات ارشدآمریکا): بەنقل ازگزارش کمیتەپایک.
225-بەتصوراینکەهۆگلند ازمقامات دولەت آمریکاست: مصاحبەباهۆگلند،پاریس 5 نوامبر 1991.
225-خشنگین بود: مصاحبەبادوسکی، واسنگتن دی.سی، 27 ژوئیه1991.
227-(مسلماکوشش می کردیم): مصاحبەباکولبی،واشنگتن دی.سی، 27 ژوئیه 1991.
228-(شما اورا... کشتید): مصاحبه بادوسکی، واشنگتن دی.سی، 21دسامبر1991.
229-حئیم لەواکف: مصاحبه باحئیم لەواکف،تل آیو،20اکتبر 1991.
229-بەگمان درپیر: مصاحبەبادرپیر،قاشنگتن دی سی، 18 دسامبر1991.
229-شاەفلگرافی فرستاد؛ مصاحبەبادوسکی،27ژوئیه 1991.
230-(انگارماجرایی راپیمایی بزرگ چینی ها...): مصاحبەبادرپیر،واشنگتن دی.سی، 18 نوامبر 1991.
230(کی سینجەر چنان مصمم به...): جیمز ا.بیل. عقاب و شیر،نیوهی ون،کنەتیکت،1988،صفحه219.
230(مگرچاره دیگری هم دارید؟) : کی سینجەر،سالهای کاخ سفید،صفحه 1265.
231-(بارزانی خۆشحال بود):مصاحبەبادزەای،لندن، 28 نوامبر 1991.
231-دوستانی در...داشت)مصاحبەبادرپیر،18 دسامبر 1991.
231-(ببین بەچه روزی افتاده؟) بەنقل ازمصاحبه دوسکی،27 ژوئیه 1991.
232- (من از...نمی ترسم)بەنقل ازروزلت، بەعشق دانستن،صفحه284.
232-(می ترسید...؟): همان صفحه288.
235- کارشناس خونسرد امورخارجه: مصاحبەباکی سینجەر،23 اوت 1992.